# ئەدەبی جیهانی
## چەمک و مێژوو و ئارێشەکان

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

◄ بەڕێوەبەری گشتی ناوەند: حەسەن بورەیی
◄ بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاریز حەسەن
◄ بەرپرسی هونەری: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
◄ ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا

هەولێر - پشت پارێزگا - پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف
07505114142 - 07507476644
Nawendi awer:: ناوەندی ئاوێر
nawendi.awer@yahoo.com

# ئەدەبی جیهانی

## چەمک و مێژوو و ئارێشەکان

هەواڵنامەی کتێب

پ.د.هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم

٢٠٢٠

هەواڵنامەی کتێب


- ئەدەبی جیهانی چەمك و مێژوو و ئارێشەکان
- پ.د.هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم
- دیزاینی بەرگ: ئاکار جەلیل
- چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٢٠
- تیراژ: (١٠٠٠)دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکاندا ژمارە(     ) ساڵی ٢٠٢٠ی دراوەتێ


مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

# پێرست

**بابەت** **لاپەڕە**


چەمکی مێژووی ئەدەبی........................................ ١١
دەروازەیەک بۆ ئەدەبی جیهانی.................................. ٢٥
بە جیهانیبوونی ئەدەب........................................... ٣٢
پەلاماری کلتوری................................................ ٣٢
لێکتێگەیشتنی کلتوری........................................... ٣٨
چەمک و هۆکارەکانی بەجیهانیبوون.............................. ٤٦
وەرگێڕان.......................................................... ٤٧
کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی....................................... ٥٠
جەنگ و شەڕوشۆڕ................................................ ٥٢
کۆچ و نالەباری ئابووری......................................... ٥٤
داهێنان............................................................. ٥٦
ئەدەبی جیهانی و ژانرە ئەدەبیەکان............................... ٥٩
چۆن ئەدەبی جیهانیی بخوێنینەوە................................ ٨٧
کۆماری جیهانیی ئەدەبی........................................ ١٠١
**ئەدەبی چینی**.................................................. ١٢٣
**ئەدەبی ژاپۆنی**.................................................. ١٣٧
**ئەدەبی کۆری**.................................................. ١٤٦
بزاڤی شانۆیی لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاشیادا.. ١٥٠
**ئەدەبی هیندی**.................................................. ١٨١
ئەدەبی ئیسلامی لە هیندستان.................................. ١٨٨
ئەدەب بە زمانی هیندی........................................ ١٩٠


هەواڵنامەی کتێب

ئەدەب بە زمانی (بەنگالی) لە هیندستان ........................ ١٩١
ئەدەبی نوێی هیندی ........................................ ١٩٢
ئەدەبی نوێی بەنگاڵی ........................................ ١٩٣
**ئەدەبی یۆنانی ............................................ ١٩٩**
سیماکانی ئەدەبی یۆنانی ........................................ ٢٠١
قۆناغەکانی ئەدەبی یۆنانی ........................................ ٢٠٢
ئەدەبی یۆنانی پێش هۆمیرۆس ........................................ ٢٠٢
ئەدەبی نوێی یۆنانی ........................................ ٢٠٦
**ئەدەبی رۆمانی ............................................ ٢٢٥**
**ئەدەبی فارسی ............................................ ٢٣٧**
ئەدەبی کۆن ........................................ ٢٤٠
ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی فارسی ........................................ ٢٤٢
**ئەدەبی عەرەبی ............................................ ٢٦٣**
ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی ........................................ ٢٦٥
ئەدەبی عەرەبی سەردەمی عەبباسییەکان ........................................ ٢٦٧
رەخنەی ئەدەبی لە سەدەمی عەبباسییەکاندا ........................................ ٢٧٠
ئەدەبی نوێی عەرەبی ........................................ ٢٧٤
**ئەدەبی کوردی ............................................ ٢٨٣**
ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی ........................................ ٢٨٥
تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا ........................................ ٢٩٣
سەرەتاکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی ........................................ ٣٠٦
بزووتنەوەی (روانگە) قۆناغێکی نوێی شیعری کوردی.... ٣١٤
هونەری چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا ........................................ ٣٣٠
دەقی شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا ........................................ ٣٣٤

هەواڵنامەی کتێب

رۆمانی کوردی ........................ ٣٤٢
**ئەدەبی رووسی** ........................ ٣٤٧
ئاماژەکانی سەدەی هەژدەهەم ........................ ٣٤٩
پوشکین و رۆمانسیزم ........................ ٣٥٢
ئاماژەکانی سەدەی نۆزدەهەم ........................ ٣٥٤
رۆمانی رووسی ........................ ٣٥٥
شیعری رووسی سەدەی بیستەم ........................ ٣٧٠
نیکۆلای نیکراسۆڤ ........................ ٣٨٦
**ئەدەبی ئینگلیزی** ........................ ٣٩٧
کۆنترین داستانی ئینگلیزی ........................ ٣٩٩
شەکسپیر ئەستێرەی ئەدەبی ئینگلیزی ........................ ٤١٢
رۆمانی ئینگلیزی ........................ ٤٣٦
**ئەدەبی فەرەنسی** ........................ ٤٤٥
لەپلێیاد ........................ ٤٤٩
چارەکی کۆتایی سەدەی شازدەهەم(رێنیسانس) ........................ ٤٥١
سەدەی حەڤدەهەم ........................ ٤٥٢
هونەری شانۆیی ........................ ٤٥٤
سەدەی هەژدەهەم سەدەی عەقڵ ........................ ٤٥٧
سەدەی نۆزدەهەم و رێبازە ئەدەبییەکان ........................ ٤٦٥
رۆمانسیزم و ریالیزم ........................ ٤٦٥
ناتورالیزم ........................ ٤٧٧
سیمبۆلیزم ........................ ٤٧٩
رێبازە فۆرمالیستییەکانی سەدەی بیستەم ........................ ٤٨٦
سوریالییزم ........................ ٤٨٦


هەواڵنامەی کتێب

بوونگەرایی........................................................ ٤٨٧
**ئەدەبی ئەڵمانی**.................................................. ٥٠١
کۆمەڵەی زریان و هەڵچوون........................................ ٥١٣
گۆتە نموونەی بەرزی کلاسیکی هاوچەرخی ئەڵمانی...... ٥١٨
سەردەمی کلاسیکی هاوچەرخ ١٧٨٦-١٨٠٥ ................... ٥٢٣
ماوەی گواستنەوەی نێوان کلاسیزم و رۆمانسیزم.......... ٥٢٩
رۆمانسیزمی ئەڵمانی١٧٩٨-١٨٣٠................................. ٥٣٦
پەیامی کافکا...................................................... ٥٥٣
**ئەدەبی ئیتاڵی**................................................... ٥٨٥
زمانی ئیتاڵی و شێوەزارەکانی...................................... ٥٨٧
سەدەی چواردەهەم و پازدەهەم.................................... ٥٩١
دانتی.................................................................. ٥٩١
پیترارکا.............................................................. ٥٩٧
پۆکاچیۆ............................................................... ٥٩٨
سەردەمی پۆلیتیان.................................................. ٦٠١
سەردەمی بووژانەوە................................................. ٦٠٧
دوای بووژانەوە...................................................... ٦٠٩
ماوەی بارۆک و سەردەمی عەقڵ.................................. ٦٠٩
سەردەمی رۆشنگەری و سەدەی هەژدەهەم...................... ٦١١
سەدەی نۆزدەهەم و وریابوونەوەی نەتەوەیی..................... ٦١٢
سەدەی بیستەم...................................................... ٦١٧
**ئەدەبی ئەمریکای لاتینی**........................................ ٦٢٩
دەروازەیەک........................................................... ٦٣١
ئەدەبی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی.................................... ٦٣٢


هەواڵنامەی کتێب

ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەم........................................... ٦٣٦
ڕێبازی ڕۆمانسییزم................................................... ٦٣٩
ڕێبازی ریالییزم......................................................... ٦٤٤
ئەدەبی نوێخوازی...................................................... ٦٤٧
سەدەی بیستەم......................................................... ٦٥٣
سەرتاکانی سەدەی بیستەم.......................................... ٦٥٣
ناوەڕاستی سەدەی بیستەم........................................... ٦٦٥
گۆڕانکارییە نوێیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.. ٦٧٠
سەرچاوەکان............................................................ ٦٨١

هەواڵنامەی کتێب

# ئاماژەیەك

لە کۆرسەکانی خوێندنی باڵا(دکتۆرا)ی ئەدەبی کوردی ئەم بابەتەم دەوتەوە.گەلەک جاران ئەو پرسیارە دەکرا کتێبێکی گشتگیر بۆ ناساندن و مێژوو و قۆناغەکانی گەشەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی نەتەوە دیارەکانی داهێنانی ئەدەبی لە جیهاندا بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی و نموونە دیار و بەرجەستەکان لەبەر دەستدا نەبوو،بۆیە بیرۆکەی ئامادەکردنی کتێبێکی وەهام لە بیر و زەیندا لەلا گەڵاڵە بوو وەکو سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر بۆ پێداویستییەکانی ئەو خوێندکارانە و پێموایە بۆ ناوەندی ڕۆناکبیریی کوردییش بێ بەها نییە وەکو پانۆرامایەک بۆ مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی.

ئەم دوو زاراوەیە(**ئەدەبی جیهانی**)، لەو ڕۆژەوەی (**گۆتە**) خستویەتیەروو تاوەکو ئەمڕۆیش قسەو باسی زۆی لەبارەوە دەکرێت و تا چەند ئەو بیرۆکەیە شایستەی پیادەکردنە ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. هەروەها (**ئەدەبی جیهان**)،وەکو نووسینەوەی مێژووی نەتەوە جیاوازەکانی دنیا و ئەو پرەنسیپانەی کراونەتە بنەمایەک جۆر و دیسکۆرسی ئەو نووسینەوەیەی لەسەر بنیاتنراوە لەم کتێبەدا ڕاقەی بۆ کراوە.خۆشحاڵم لەگەڵ مامۆستا سەنگەر،کە پێشتر خوێندکاری ماستەری خۆم بووەو لەم دووسێ ساڵەشدا گەلەگ پرۆژەی هاوبەشمان وەرگێڕاوەو لێرەشدا بەهەمان ڕۆحیەتی پێشتر کاری لەگەڵ کردووم..

هەولێر-٢٠٢٠

هەواڵنامەی کتێب

# چەمکی مێژووی ئەدەبی

هەواڵنامەی کتێب

چەمکی مێژووی ئەدەبی بریتییە لە نووسینەوەی مێژووی پێشکەوتنی یان دیاریکردن و پۆلینکردنی قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی نەتەوەیەک، دواتریش دەبێتە هۆی نووسینەوەی بابەتێک لەمێژووی ئەدەبی جیهانی، چونکە یەکێک لە چەمکەکانی ئەدەبی جیهانی بریتییە لە کۆی گشتی ئەدەبی نووسراو یان سەرزارەکی میللەتە جیاوازەکانی جیهان.

لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوودا چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەو تەوەری رۆژنامە و گۆڤارەکان لە هەموو دنیادا بۆ چۆنیەتی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی تەرخان کراوە،لە سەرووی هەموویانەوە گروپی لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی بەراوردکاری،کە دەیانەوێ تیۆری ئەدەبی نوێ هەموو بوارە جیاوازەکانی زمانناسی و کۆمەڵناسی و ئەدەبناسی لە خۆبگرێت. ڕەنگە باشترین تۆژینەوەی تایبەت بە مێژووی ئەدەبی کتێبەکەی **گۆستاڤ لانسۆن** Gustave Lanson ١٨٥٧-١٩٣٤ز بێت بە ناونیشانی (**میتۆدی مێژووی ئەدەبی**).

لەو کتێبەدا زۆربەی بۆچوونە جیاوازەکان لە چوارچێوەی مێژووی شارستانیەتدا جێدەکاتەوە،بەڵام سروشتی ئەدەب جیاوازەو میتۆدی خۆی هەیە.ئەو بۆچوونی وایە مێژووی ئەدەبی واتا نووسینەوەی مێژووی رابردووی ئەدەبیات و لەم بوارەشدا لەگەڵ ئێستادا لەسەر بنەمای خودی و بابەتی جیایان دەکاتەوە.لانسۆن چەندین بنەما و خەسڵەت بۆ دەقی ئەدەبی دادەنێت بۆ جیاکردنەوەیان،کە کامە تاک و کامە گشتییە و کامە ڕەسەنەو کامە لاساییکردنەوەیە،پاشان لەمیانەی ڕێباز و میتۆدی جۆرە ئەدەبییەکاندا کۆیان دەکاتەوە و هەوڵدان بۆ

پەیوەستکردنیان بە لایەنی رەوشتی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە. ئەم پرۆسەیە پێوەندی بە خودی دەقی رەسەنەوە هەیە"کەی نووسراوە و کەی بڵاوکراوەتەوەو چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە و باروودۆخی یان بایۆگرافیای نووسەرەکەی(بەرهەمهێنەرەکەی) تا چەند لەو بەرهەمەدا رەنگی داوەتەوە.


هەواڵنامەی کتێب

**گۆستاف لانسۆن**

مێژووی ئەدەبی هەوڵدەدات ئەو بەرهەمانە ، لەسەر بنەمای لێکچونیان لە رووی شێوەو ناوەرۆکەوە یان لەسەر بنەمای ئەوەی دەکەونە بازنەی یەک رێبازی ئەدەبییەوە پۆلین بکات، یان بازنەی یەک ناوەرۆکی و رەوشتی و ئایدیۆلۆژییەوە.بە گشتی چێژ و زەوقی سەردەم و رۆژگارە جیاوازەکان دەنوێنێ.گوزارشت لە گۆڕانی پیوەندییەکانی نێوانی ئەدەب و ژیان دەکات و پیوەندی بە کۆمەڵناسییەوە دەکات، کە ئەدەب

ئاوێنـــەی کۆمەڵــە، یــان تەواوکــەری کۆمەڵــە، ئیــدی تەواو ئــەوە گفتوگۆ هەڵناگرێ.

لانســۆن لــە وتارێکیــدا بــە ناونیشــانی (**مێـــژووی ئـــەدەبی و کۆمەڵناسی**)دا ئاماژە بەوە دەکات،کە هەرگیز ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێت،کـــە هـــەموو بەرهـــەمێکی ئـــەدەبی دیاردەیـــەکی کۆمەلایـەتییە.کردەوەیـەکی کۆمەلایـەتی تاکە.خەسـلەتی سـەرەکی یان بنەڕەتی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دروستکردنی پیوەندییە لە نیوانی تـاک و جـەماوەرێکی دیاریکراودا. بۆ روونکردنـەوە ئـەوە بە نموونە دەهێنێتەوە،کە نووسـەری ئـەدەبی یادەوەرییـەکانی یان ژیاننامـەی خـۆی دەنووسـێتەوە،بەسـەرهاتێکی کۆمەلایەتییـە.بـە کورتییەکەی ئەو میتۆدە مێژووییەی ئەدەب بۆ تۆژینەوە هەمیشە بە گومانەوە مامەڵە لەگەڵ گێرانەوە ئەدەبییەکاندا دەکات و زۆر کەم بە لای بنیاتی ناوەوەو ئستاتیکای دەقی ئەدەبیدا دەچێت.

لــە دوای ئەمــە و بــە تایبــەت لەگــەڵ دەرکــەوتنی فۆرمالیســتە رووسەکاندا مێژووییەکی تازەی ئەدەبییش دەرکەوت.

هەنــدێک لــەو دەقانــەی **تزیفیتیـــان تـــۆدۆرۆف** Tzvetan Todorov١٩٣٩-٢٠١٧ ز لــە کتێبــی (تیــۆری ئــەدەب) لــە ١٩٦٥دا تەرجەمــەی کردبــوون وەکــو بەڵگەنامەیــەک بــۆ ئــەو هەوڵــە زانســتییەیان دیــاری کرد.ئــەوان ئــەو میتــۆدە باوانــەی لەســەر بنــەمای میتــۆدی مێژوویــی و فیلۆلــۆژی دامــەزرابوون رەتیــان دەکــردەوە. ئــەو میتۆدانــەی لەســەر بنــەمای ســایکۆلۆژی و ژیاننامـەی نووسـەران وەکو رێبازەکـانی رۆمانسیزم و ریالییزم دامەزرابوون پەسەند نەدەکرد.

له پێشـەکی **چەمکی فۆرمالیستانی رووس بـۆ گەشـەی ئـەدەبی** دا جیـاوازی لـە نێـوانی فـۆرم و ئـەرکی ئەدەبیـدا کـراوە.فۆرمـە ئەدەبییـەکان پشـت بـە زمـانی رۆژانـەی خـەڵک دەبەسـتن،بەڵام زمـانێکی بژارکـراو یـان تەتەلەکراو.ئـەو دەلالەتانـە ئـەرکێک لەخۆدەگرن.ئەوەی،کە **تینیانۆڤ** Yury Nikolaevich Tynyanov `` ١٨٩٤-١٩٤٣ز بە **ئەدەبییەت** ناوی دەبات.

ئەو کۆمەڵە بۆچوونە جیاوازنەی لە تیۆری فۆرمالیستەکانەوە کەوتەوە وایکرد تزیفیتان تۆدۆرۆف و ئۆزواڵد دیکرۆ Oswald Ducrot لـە میانـەی کتێبەکەیانـدا (**فەرهـەنگی ئینسـکلۆپیدیای زانستەکانی زمان** *Dictionnaire encyclopédique des sciences du langage* وتارێکیان بە ناونیشـانی (مێژووی ئـەدەب) نووسـیوەو لـەو وتـارەدا دەڵـێن سـەرەتا پێناسـەکە سروشـتێکی نیگـەتیڤی هـەبوو هـەروەکو فۆرمالیسـتەکان دەڵـێن رەگـەزە پێکهێنـەرەکانی دەقی ئـەدەبی لەخۆنەدەگرت.دواتر روویـەکی پۆزەتیڤی وەرگرت کـاتێ تینیـانۆڤ وتـی مێژووی ئـەدەب بریتییـە لـە گۆڕانکـاریی ئەدەبی، گەشـەکردنی فۆرمـە ئەدەبیەکانە.کەواتـە مێژووی ئـەدەب بریتی نییە لە ناوەرۆکی بەرهەمە ئەدەبییـەکان بـەڵکو تۆژینـەوەی دیسکۆرسـی ئـەدەبیی ئـەو بەرهـەمـە ئەدەبییانەیە.هـەر یەکـە **لـە بۆنتییر و تۆماشڤسکی و یۆری لۆتمان و ڤینۆگرادۆڤ** بە شـێوەیەک لـە شـێوەکان بۆچوونـەکانیان لـە یەکـەوە نزیکـە و باسـی گـۆڕینی نەسـەقەکان دەکـەن. شـتێک کـە هـەموو ئـەو بۆچوونـە جیاوازانـە پێکـەوە کۆدەکاتـەوە ئەوەیـە،کـە مێژووی ئـەدەب واتا مێـژووی ژانـرە ئەدەبییـەکان. بـۆ نموونـە **ژێـــرار ژینێـــت** Gérard Genette١٩٣٠-٢٠١٨ز ناوی ناوە مێژووی کۆدە ئەدەبییـەکان و

هەواڵنامەی کتێب

**رێنیە ویلیك و ئۆستن وارین** ناویان ناوە هونەری مێژووی ئەدەب و **لۆسیان گۆڵدمان** ناوی ناوە مێژووی بنیاتگەری پێکهاتەیی. **هانز رۆبێر یاوز** بە مێژووی وەرگری ئەدەبی دەزانێت.

**میکایل ریڤاتێر** Michel Riffaterre ١٩٢٤-٢٠٠٦ز بە مێژووی خوێندنەوەی دەق ناوی دەبات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت،ئەوەیە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن،کە دەبێ گرنگی بە خودی دەق و بەرهەمەکە بدرێت،نەوەکو هەندێ لایەنی ژیاننامەو دەروونی و مێژوویی لە دەرەوەی بەرهەمەکە.پێشتریش (**پۆل ڤالێری**) یەکێک بوو لەوانەی گەڕانەوە بۆ بایۆگرافیای نووسەری رەتکردۆتەوە.

**رۆلان بارت** Roland Barthes ١٩١٥-١٩٨٠ز لە وتارێکیدا (**مێژوو یان ئەدەب**)دا باسی خۆڕاگریی مێژوونووسانی ئەدەب بەرامبەر دەسەڵاتی مێژوونووسان دەکات.ئەدەب هەر خۆی داهێنانێکی ئەدەبییە.هەروەکو مێژوونووسانی ئەدەب دەڵێن دۆخی تایبەتیی خۆی هەیەو نابێتە بەرهەمێکی مێژوویی بەپێی چەمکی زانستی مێژوو. دەقی ئەدەبی پێوەندی بە مێژوو و سەرچاوە و کاریگەرییەکانییەوە نییە.مێژووی ئەدەب کۆکردنەوەی ناوی ئەو نووسەرانە نییە کە ب درێژایی مێژوو ماونەتەوە.بەڵکە دەق خودی خۆی مێژووە،" چونکە رەهەندێکی مێژوویی هەیە بەوەی،کە ئەدەبیات دەزگایەکە رەهەندێکی سایکۆلۆژی هەیەو داهێنانێکی هزرییە.

**ژێرار ژێنیت** لەسەر بنەمای بۆچوونی مێژوونووسانی ئەدەبی بە شێوەیەکی دی پێوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو دەردەبڕێ،مێژوو میتۆدیکە لەگەڵ هەموو بابەتە جیاوازەکاندا

دەگونجێ.تەنانەت لەگەڵ میتۆدی فۆرمالیستەکانیش،کە هەموو هەوڵەکانیان بۆ تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان تەرخان کردووە، ناچار رۆژێک لەگەڵ رەوتە مێژوویەکەدا یەکانگیر دەبن.کەوابێ پرسیاری سەرەکی لەسەر سروشتی پیوەندی نیوان ئەدەب و مێژوو لە نیو خودی دەقەکەدایە،کە بە چ شێوەیەک کارییان لەیەک کردووەو مێژوو چۆن مامەلەی لەگەڵدا کراوە.

زۆربەی مێژوونووسانی ئەدەب لەسەر خەوشەکانی مێژووی ئەدەب کۆکن،بەوەی تەنیا ئاماژەکردنە بە ناوی ئەو نووسەرانەی کەوتوونەتە خانەی لەبیرچوونەوە و لە سەردەمەکانی رابردوودا وەکو پێویست نەناسراون یان جێگەی بایەخ نەبوون یان ناوی کۆمەڵی نووسەری نوێ و هاوچەرخ و ناسراون، وەلێ کێشەکە ئەوەیە زۆر کەم لە مێژووە نووسراوەکانی ئەدەبدا ئاماژە بە داهێنان و هەنگاوەکانی نوێخوازی ئەو نووسەرەو ئەو شێوازەی پێی دەناسریتەوە، یان بە کورتی بڵێین بەهای دەقەکەی ئەومان بۆ روون دەکاتەوە.رەنگە خوێنەر لیرەدا ئەوەی بە بیردا بیت و بلێت ئەمە ئەرکی رەخنەی ئەدەبییە.راستە.بەلام دیسانەوە بۆ جیاکردنەوەی قۆناغەکان لەسەر بنەمای نویخوازیدا جیا دەکرێنەوە.بەداخەوە زۆرجار هەندێ زانیاری لابەلا و بێسوودمان لەبارەی نووسەرەکەوە پیدەدات،وەکو ئەوەی چەندجار سەفەری کردووە یان چەندجار هاوسەرگیری کردووەو چەند منداڵی هەبووە،کە ئەمانە هیچ ناخاتە سەر زانیارییەکانی توێژەری ئەدەبی یان با بڵێین زانیاری لابەلایین.

**ژینیت** دەڵێ کۆمەڵی مۆنۆگرافیای ڕێکخراوە بە پێی زنجیرەی مێژوویی ریزبەندی کراون[1].

هەر لەبەر ئەوەشە بۆ ماوەیەکی زۆر مێژووی ئەدەب بریتی بوو لە خستنەروو و بەرجەستەکردنی ناوی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران نەوەکوبەرهەمە ئەدەبییەکان. زیاتر مەبەست و هۆکاری نووسینەوەی مێژووی ئەدەب بەلای ئەو مێژوونووسانەوە بەرزراگرتنی ناوی ئەو نووسەرانە بووە،کە خزمەتی ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان، لە بزاڤی رزگاریخوازی یان پێشکەوتنی کۆمەڵدا کردووە.

مێژووی ئەدەب هەمیشە مێژووی داهێنانی دەقی ئەدەبی نەتەوەییە.هەر بۆیە هەندێک لە مێژوونووسەکانی ئەدەب رەخنە لەو زاراوانە دەگرن،کە بە هەڵە یان بۆ مەبەستی سیاسی یان ئایینی و شارستانی بەکاردێن.بۆ نموونە مێژووی ئەدەبی ئێرانی،ئەدەبی عێراقی و ئەدەبی ئەمریکی و هەموو ئەو وڵاتانەی فرە نەتەوە و فرەکلتوورن کارێکی نەشیاوە چونکە لە وڵاتە رۆژهەڵاتییەکاندا وەها لێکدەدرێتەوە،کە مێژووی نەتەوەی باڵادەستە و ئەوانی دی پشتگوێ خراون و دانیان پێدانەنراوە.بۆ نموونە، کە دەڵێن ئەدەبی ئێرانی مەبەست لە ئەدەبی فارسییە و ئەو دەقانەی بە زمانی فارسی نووسراون.ئەدەبی عێراقیش هەروا ئەدەبی عەرەبی ئەوانەی بەزمانی عەرەبی نووسراون.هەندێ لە بیرمەندەکانی وەکو **ئارماندۆ نیشی**

[1]: سوود لە زانیارییەکانی نێو ئەم کتێبە وەرگیراوە:کلیمان موازان، ما التاريخ الادبي؟،ترجمة و تقديم و تعليق د.حسن الطالب،دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت،٢٠١٠.

Armando Gnisci و **فرانکا سینۆپۆلی**Franca Sinopoli زاراوە
مێژووی ئەدەبیاتی ئەورووپی رەتدەکەنەوە،لەبەر ئەوەی لە بنەرەتدا بە ئەفسانەو شتیکی پرووپوچی ناودەبەن[1].ئەوان مەبەستیان لە ئەورووپا کیشوەرێکی جوگرافی نییە بەقەد ئەوەی مەبەستیان لە کلتورو شارستانیەتی مەسیحییە. خۆ وڵاتی تورکیا بەشێکی گەورەی خاکەکەی کەوتۆتە نێو ئەورووپاوە، بەڵام ئەدەبی تورکی وەک ئەدەبێکی تورکی سەیر ناکەن، هەرچەندە تورکیا زۆر هەوڵیشیداوە هەر لە سەردەمی مستەفا کەمالەوە خۆی لەگەل کلتوری ئەورووپیدا بگونجێنێ، وەلێ چونکە موسڵمانن، ناکرێ بەشیک بن لە ئەدەبیات ئەورووپی.

مێژووی ئەدەبی ئەو تومار و بەیاننامەو بابەتانە ناگرێتەوە، کە هەر لە سەرەتاوە بۆ گەردوونناسی و بابەتەکانی ژیانی رۆژانەی ئاسایی نووسراونەتەوە. بەڵێ شارستانییەتی هیرۆگلیفی کۆنە، بەڵام نووسراوی ئەدەبی ئەوتویان لە دوای خۆیاندا جێ نەهێشتووە یان چینییەکان لەنێو شارستانی و کۆنفۆشۆسیدا تۆماری مێژووی زۆریان بەجێ هێشتووە، بەڵام ئەمە ناچێتە خانەی مێژووی ئەدەبەوە، بەڵکو کۆنترین دەقی ئەدەبی،کە بەسوودوەرگرتن لەئەفسانەو کڵتوری سۆمەرییەکان وەرگیرا بێت، دەکرێت ئاماژە بۆ داستانی وڵاتی میزۆپۆتامیا بەتایبەتیش داستانی گلگامێش بکەین، کە داستانێکی سۆمەرییە و هەندێک دەڵێن بابلی کۆن.

[1] : فرانكا سينوبولي،الادب الاوروبي من منظور آخر،ترجمة مجدي يوسف و آخرون،المشروع القومي للترجمة،القاهرة،٢٠٠٧،ص ٩٧.

## داستانی گلگامێش نموونەی ئەدەبی بەرزی میزۆپۆتامیا

ئەم داستانە، کە بە زمانی سۆمەری و بە خەتی بزماری نووسراوتەوە لەوە دەچێت، کە بە هەمان شێوەی شیعری ئەو سەردەمە، کە هەر بەیتێک دوو نیوە دێڕ بووە، ئەو دوو نیوە دێرە هێندێجار تەواوکەری یەک بوونە هیندێجاریش هەر دێڕەو واتای تایبەتی خۆی هەبووە واتە کێشی هەبووە، بەڵام سەروای نەبووە، کە ئەمرۆ ئەم فۆرمە پێی دەڵێن پەخشانە شیعر.

گلگامێش پاشای شاری وەرکایە و پاشایەکی ستەمکارو خوێنرێژە، سێ بەشی جەستەی خوداوەندە و بەشێکی جەستەشی مرۆڤە و یەکجار بەهێزو بەتوانایە و خەڵکی لەبەر زوڵم و زۆرداریيەکەی پەنا دەبەنە بەر خواوەندان بۆ ئەوەی تۆڵە لە گلگامێش بکەنەوەو خواوەندانیش (**ئەنکیدۆ**) ی بۆ دەنێرن، کە پیاوێکی بەهێز و کێوییە و لەگەڵ ئاژەڵ و دڕندەکان نان و ئاو دەخوات و دەخواتەوە و لەوکاتەی **گلگامێش** دەیەوێت بچێتە پەرستگای (عەشتار) تاوەکو لەگەڵ خوداوەندی عیشق بخەوێت ئەنکیدۆ پێشی لێدەگرێت و لەگەڵی دەکەوێتە شەڕ و گلگامێش بەسەریدا زاڵ دەبێت و لە ئەرزی دەدات و دایکی گلگامێش بە ئەنکیدۆ دەڵێت (تۆ کوڕی منی، هەر ئەمڕۆ تۆم بووە،من دایکی تۆم و گلگامێش کە لێرەیە برای تۆیە).

ئەم دوە پێکەوە دەبنە هاوڕێ و گلگامێش سیفاتی دەگۆڕێت و دەبێتە کەسێکی چاکەکارو لە پاشان دەستدەکەن بە چەند گەشتێکی ترسناک و بڕیاردەدەن ، کە بچن بۆ کوشتنی (خەمبابا، یا هەمبابا) ی پاسەوانی دارستانی پیرۆز و دەچن دەیکوژن و ئازایەتی گلگامێش دەبێتە هۆی ئەوەی کە (عەشتار)

ی خوداوەنـدی عیشـق عاشـقی بێـت ، بەڵام گلگـامێش گـوێی پێنادات و (**عەشتار**) یش لە تۆڵەی ئەوە (گایەکی) ی ئاسمانی بۆ کوشـــتنی گلگـــامێش و وێرانکردنـــی وەرکـــا دەنێرێـــت ، بەڵام گلگـــامێش و ئەنکیـــدۆ گـــایە ئاســـمانیەکە دەکـــوژن و بەمەش خوداوەندان تورەدەبن و فەرمانی مەرگی ئەنکیدۆ دەردەکەن و بەمەش ئەنکیدۆ نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت.

گلگامێش زۆر غەمبار دەبێت و شـەش شـەو و شـەش ڕۆژ ماتەم بۆ مەرگی هاوڕێکەی دەگێڕێت و ڕۆژی حەوتەم بە خاکی دەسپێرێت و لەشاری وەرکا دەچێتە دەرەوە.

گلگـــامێش لەوەوە زۆر لە مەرگ دەترســـێت و بڕیـــاردەدات بچێتە لای (**ئۆتۆناپشتیم**) بۆ ئەوەی ژیانێکی نەمری بۆ بڕیاربدات (ئۆتۆناپشـــتم) تـــاکە مـــرۆڤێکە ، کە لەدوای تۆفـــان خواوەنـــدان بڕیاریاندا بیکەنە کەسێکی نەمر و لە ریزی خوداوەندانی دابنێن ، گلگامێش لەدوای پەڕینەوە لە تاریکی دەگاتە باخچەی خودایان و بە دوای ئۆتۆناپشـــتیمدا دەگەڕێـــت و پاشـــان بە زەحـــمەت لە دەریای مردن دەپەڕێتەوە و لە کەناردا ئۆتۆناپشتیم دەبینێت و داوای جاویـــدانی لـــێ دەکـــات. ئەویـــش دەڵـــێ ( تـــۆ بەشـــێکی جەســـتەت وەکو هـــی مرۆڤە و بۆیە دەبێت هەر بمریت). پاشـان ئۆتۆناپشتیم چیرۆکی دروستکردنی کەشتیەکە و هاتنی تۆفانەکە و جاویـــدانکردنی لەلایەن خواوەنـــدانەوە بـــۆ دەگێـــڕێتەوە و لەوکاتەی گلگامێش دەیەوێت بگەڕێتەوە ئۆتۆناپشتیم بە هێنـانی گیای نەمری لە قوڵایی دەریا ڕایدەسپێرت و گلگامێشیش گیـاکە بەدەستدەهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دەیەوێت سـەری بشـوات تـا دواتر گیایەکە بخوات، مارێک لێی دەرفێنێت و دەیخوات و نەمر

دەبێت و پاشان گلگامێش زۆر بێ هیوا و غەمبار دەبێت و بڕیار دەدات بچێتە دونیای مردوان،تا لەگەڵ ڕۆحی ئەنکیدۆ قسە بکات لە بارەی نهێنی مردن و ڕۆح. لە پاش ئەم گەشتە دەگەڕێتەوە وەرکا و لەپێش گەیشتنی بۆ ناو شار ئەو دیوارە دەبینێت، کە خۆی دروستی کردووە و تێدەگات لەوەی، کە نەمری لەڕێگەی کار و کردەوەی باش دەبێت. پاشان دەچێتەوە کۆشکەکەی لە وەرکا و سەر دەخاتە سەر زەوی و دەمرێت[1].

ئەم داستانە ئەفسانەییە،دەرس و پەندێکی گەورەیە بۆ مرۆڤ.هەوڵی بێوچانی مرۆڤە بۆ نەمری و لە کۆتاییدا تەنیا کارە جوان و سوودبەخشەکانی مرۆڤە نەمری دەکات و ناوی لە مێژوودا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و ئەو کارانەی گیانێکی مرۆڤدۆستیان هەیە،دەبنە نەمری، چون نەمری لە جەستەو شتە ماتریالییەکاندا نییە،بەڵکولە کار و کردەوەکانە.

هەواڵنامەی کتێب

[1] : د. طه باقر، ملحمة كلكاميش،ط١، بغداد،١٩٦٢.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# دەروازەیەك بۆ ئەدەبی جیهانی

هەواڵنامەی کتێب

بابـەتی ئـەدەبی جیهـانی بابـەتێکی تازەیـە لـە لێکۆڵینـەوە ئەکادیمیەکاندا،بەڵام وەکو بیرۆکە کۆنە. سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەقە ئایینیەکان،کە پەیامیان بۆ هەموو جیهان بووە نەک بۆ تاکە کەس.

**ئەدەب**: بنچینەکەی لە وشەی litras ی یونانییەوە وەرگیراوە.

زیـاتر بـۆ زانسـتی نووسـین بـەکارهاتووە واتـە ئـەو شـتانە ناگرێتەوە، کە زارەکین بە تایبەتیش لە مێژووی ئەدەبیاتدا هێندە شتەکان بە زارەکیبوون بە نووسین نەبوون، بۆیە یەکێک لە کێشـە و گرفتـەکانی ئـەدەبی و لێکۆلینـەوەی ئەدەبییـدا ئەوەیە سـەروەت و سـامانێکی زۆری بیـر و داهێنـانی مروڤایـەتیمان لـە دەست دەچێت، چونکە بەرهەمێکی نەنوسراو بووە.

ئایـا نـاوەروکی هـەموو بەرهـەمەکان دەشـێت بچنـە خانـەی ئەدەبیاتەوە یان ئەو بیرۆکە بزوێنەرانەی،کە راستی (حەقیقەت) و سۆزی مرۆڤایەتی دەجولێنن.

ئـەو زاراوەیـە دواتـر ئـەو بەرهەمانـەی دەگرتـەوە، کـە سـۆزی بەرامبەر یان خوێنەری دەبزواند، هـەروەها راستییەکی پێدەلێت، کـە مـەرج نییـە ئـەو راسـتییە لـە واقیعدا هـەبێت، بـەڵکو تـەنها لـە جیهان یان فەزای دەقی ئەدەبیدا هەیە.

ئـەدەب تاقیکردنەوەیـە، ئەزموونێکـە، جا تاقیکردنـەوەی خـودی یان کۆمەڵگە بێت،دوور بێت یان نزیک، واتە رابردوو یان ئێستا، بەڵام زۆربەی فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە رەگەزێکی تازە دێتە پێشـەوە بێجگە لە نووسـەر و دەق،کە ئەویش خوێنەرە.

هەواڵنامەی کتێب

لە میتۆدە جیاوازەکانی رەخنەییدا هەر میتۆدێکی ئەدەبی لە گوشەنیگای تایبەتی خۆیەوە سەیری دەقی ئەدەبی دەکات.

بە شێوەیەکی گشتی رەخنەگر لە میانی تویژینەوەدا بە شێوەیەکی گونجاو زانستی ئامادەباشی و تێگەیشتنی هونەریی لەنێو ئەو میتۆدانەدا جیادەکاتەوە، ئەوانەی باوەڕیان بە میتودی وەسفی هەیە، ئەو بۆچوونانە دەهێننەوە، کە دەشێ راست بن یان هەڵە بن، پشت بە دیاریکردنی سەرچاوەی دەق و مێژووەکەی دەبەستن.، بەڵام ئەم بۆچوونانە لە میتۆدێکی تری وەک پۆست مۆدێرنیزم و (بونیاتگەری)دا شتێکن، کە جودا لە شیکاری و بەهاداری دەق تەماشا دەکرێت.

(ئایا ئەدەب پێناسە دەکرێت؟ بەتایبەت کاتێک هەر میتۆدێک پیوانەی جودای هەیە. ئایا ئێمە باوەڕ بە کامیان بکەین ئایا خوێندکارێکی زانکۆ دەبێت چۆن بیر بکاتەوە؟ لە نموونەیەکی وەهادا پێویستیمان بەوە دەبێت ئاگامان لە چلۆنایەتی زانکۆ بێت.

هەموو ئەو تیوریانە تەواوکەری یەکترن، بۆ نموونە زۆربەی فەیلەسوفەکان پیناسەی هونەر بە کارێکی بێسوود و بێ کەڵک دەزانن، ئەمەش نەک لەبەر دژواری پێناسەکەی بەڵکو لەبەر ئەوەی هەر پێناسە ناکرێت. بۆ نموونە فەیلەسوفێکی وەک **فیگنشتاین** Ludwig Josef Johann Wittgenstein دەڵێت : ئێمە پێمانوایە بۆ دیاری کردنی چەمکێک دەبێت لە خودی پیناسەکەدا بۆی بگەڕێین، واتە بۆ گەیشتن بە چەمکێکی تایبەت دەبێت شارەزاییمان لە هەموو تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی شتەکانی تردا هەبێت. بە پێی بۆچوونی **فێگنشتاین** دیاریکردنی چەمکێک بە

هەواڵنامەی کتێب

مانای دیاریکردنی پێناسەیەک نییە، بەڵکو بریتییە لە بەکارهێنانێکی زانستی و ناسینی چەمکەکە.

ئەگەر بپرسین وەرزش چییە؟ هەوڵ دەدەین خالی هاوبەشی هەموو جورەکانی وەرزش لە نیو پێناسەکەماندا بیدۆزینەوە راستە ئەو وەرزشانە خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام هەرگیز ناتوانیت یەک پیناسە هەموویان بگرێتەوە کەواتە یەک خاڵی هاوبەش نییە بۆ هەموویان. تەنانەت لە بواری لێکولینەوەی خانەوادەی خێزانی،کە رەنگە کۆدی هاوبەش هەبێت، بەڵام ناکاتە ئەوەی وەکو یەک بن، کەواتە بارودۆخی ئەدەبیاتیش بە هەمان جۆرە، بۆ نموونە ئەگەر ژمارەیەکی زۆر کتێب بخەینە بەردەستی کەسێک لەهەموو بابەتەکاندا فیزیا ،کیمیا، کۆمەڵایەتی، کوردی،عەرەبی....پێی بڵێن کتێبە ئەدەبییەکان جیابکەوە، سەیر دەکەین ئەو کەسە ئەگەر نەشتوانێت پێناسەی ئەدەبمان بۆ بکات، بەڵام دەزانێت ئەو بابەتانەی ئەدەبین لە کتێبەکانی دیکە جیابکاتەوە، بەڵام ئەگەر دیسان داوا لەو کەسە بکەین، کە بە پێی پێناسەی یەکێک لە تیۆرەکانی بۆ نموونە (لاساییکردنەوەی واقع یان ئەو کتێبانە جیا بکەوە، کە یەکیتی ئورگانی تێدایە دکەوێتە گومانەوە کەواتە بە شێوەیەکی گشتی وەک دیاریکردنی پێناسە کارێکی قورسە.هەروا تووشی کومەلێک ئاستەنگی دیکە دەبینەوە ئایا پێوەندی نێوان دەقي ئەدەبی و حەقیقەت چییە؟ ئایا لە دەقێکی ئەدەبیدا هەمان ئەو راستگوییەی،کە لە واقیعدا هەیە لە دەقێکی ئەدەبییشدا هەیە؟ ئایا ئەدەبی جیهانی چەمک و

پێناسەیەکی راستەقینەی هەیە بۆ ئەم زاراوەیە؟)[1] زۆر کەس لەو باوەڕەدان بەرهەمێکی ناسراو و بەناوبانگ لە ئەدەبی نەتەوەیەکدا، کە وەرگێڕدرا راستەوخۆ دەچێتە خانەی ئەدەبی جیهانییەوە، کە بە داخەوە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە زۆر لە توێژەران تێیکەوتوون. بابەتەکە هەروا سووک و ئاسانیش نییە بابەتێکە ڕەگ و ریشەی قووڵی هەیە، کە ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران لە سەرتاسەری جیهاندا باسی ئەم بابەتەیان کردووە. ئەگەر دەقێکی ئەدەبی وەرگێڕدرا بۆ سەر کۆمەڵێ زمان ئایا دەبێتە جیهانی؟ بێگومان نەخێر.

وەک زاراوەی ( ئەدەبی جیهانی) بۆ یەکەمجار شاعیر و فەیلەسوفی ئەلمانی گۆتە لە میانی گفتگویەکی خۆیدا لەگەڵ **(ئیکرمان)**ی هاوڕێی لە ساڵی (١٨٢٧)دا دەڵێ:

**من باوەڕم بەوەیە کەوا خەریکە ئەدەبێکی جیهانی دروست دەبێت و زۆربەی میللەتانی جیهان هزری پێوە دەکەن ئێمە ئێستا هاتووینەتە نێو نەریتێکی جیهانییەوە دەبێت هەموان بەشداری تێدا بکەن بۆ ئەوەی خێراتر ئەو چەمکە خوی تێدا بگرێت و بڵاوبێتەوە.**

ئەم زاراوەیە بەر لە گۆتە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەراست و سەرەتای رینیسانسدا لە بەرهەمەکانی **(دانتی)**دا دەرکەوتووە، کە

[1] : بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: برنا موران،نظريه هاى ادبيات و نقد،ترجمه ناصر داوران، مؤسسه انتشارات نگاه ،تهران،ص٣٥٢.

خاوەنی بەرهەمەکانی (ژیانێکی تازە)[1] و (کومیدیا)[2]یە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵە زمانی لاتینی بۆتە زمانی نووسین ئەی بۆ نابێ نووسەر بە زمانی زگماکیی خۆی یان زمانی دایکی بنووسێ. دانتی ئەو کۆتەی شکاندو سەرکێشی کرد و رووبە رووی پیاوانی ئایینیی سەردەمەکەی خۆی بووەوە. هەروەها چەندین نووسەر و بیرمەند و رۆشنبیری ئەڵمانی،فەرەنسی، باسی ئەزموونی هاوبەشی مرۆڤایەتی دەکەن و باسی ئەو پێکەوە ژیانە دەکەن، بۆ نموونە (**شیلەر** Johann Christoph Friedrich von Schiller)ی ئەڵمانی،کە دۆستێکی نزیکی گۆتەو پشتگیریکەری بۆچوونەکانیشی بوو،لەسەر داوای گۆتە لە زانکۆ بۆتە مامۆستای مێژوو لە زانکۆی یینا، لە ساڵی ١٧٨٧ دا لە یەکەم وانەیدا بە ناوی(واتا وئەرکی تۆژینەوەی مێژووی جیهانی)باسی ئەو بابەتەی کردووە[3] ، یان فەیلەسوفی ئەڵمانی **هیگل** کتێبێکی بە ناونیشانی **گیانی جیهانی** (الروح العالمیة) نووسی. دیارە، کە باسی مێژووی سەرجەم نەتەوەکان یان باسی رۆح دەکرێت وەک مرۆڤێکی نەتەوەیی و تەنانەت **شیلەر** لە کتێبەکەی خۆیدا سەدەی هەژدە بە سەرەتای تێکەڵاوی و ئاوێتەبوونی میللەتە جیاوازەکان لە پێکهاتەی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی هاوبەش دادەنێت، تەنانەت خۆی بە هاوڵاتییەکی جیهانی ناو دەبات. لە بواری ئەدەبییشدا

[1] : دانته آلیگیری، زندگانی نو،ترجمه فریده مهدوی دامغانی،چاپ دوم،مؤسسه نشرتیر، تهران،١٣٨٢

[2]: دانته ، کومدی الهی،ترجمه شجاع الدین شفا،٣جلد، نشر امیر کبیر ،تهران،چاپ چهاردهم ١٣٨٤.

[3]: بڕوانە ویکی پیدیا https://ar.wikipedia.org/wiki/

ڕۆماننووس و شاعیرانی وەکو (**بایرۆن، کیتس، شیللی**) باسی ئەزموونی مرۆڤایەتی دەکەن.

## بە جیهانیبوونی ئەدەب

دەتوانین چەمکی بە جیهانیبوون بەم شێوازەی خوارەوە شی بکەینەوە. میللەتانی دونیا لە هەموو بوارەکانی ئابووری سیاسی و ڕۆشنبیری لە کێبڕکێیەکی دژواردان.

بەر لە هەموو شتێک دەبێ لەسەر دوو چەمک هەڵوەستە بکەین ئەوانیش:

## پەلاماری کلتوری

بە درێژایی مێژوو هەمیشە وڵات و نەتەوە زلهێزەکان بەناوی دلگیرکاری و کۆلۆنالیزمەوە پەلاماری وڵات و نەتەوە بچووکەکانیان داوەو خێرو بێری سامانە سروشتییەکانە شتە ماددییەکانی ئەوانیان تاڵان کردووەو لەپاڵ ئەوەشدا هەژمونی فەرهەنگ و کلتووری بە چەندین شێواز و ڕێگەی تایبەتی بەسەر نەتەوە ژێر دەستەکاندا سەپاندووە.ئەم حاڵتە **ئێدوارد سەعید** لە کتێبی (**ڕۆژهەلاتناسیی**)دا ناوی لێناوە(**ئیمپریالیزمی ڕۆشنبیری**). بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە هەوڵی ئەوەیانداوە تاکی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئاست کلتوری نەتەوەیی خۆیاندا هەستی خۆبەکەمزانینیان هەبێ و پە پێچەوانەوە بە چاوێکی بەرزەوە لە ئەدەبیاتی ئەوانی تر بڕوانن.

کلتور بریتییە لە کۆی گشتی بەها کۆمەلایەتی و بیرو باوەڕ و دابونەریت و هەست و بۆچوون و سیما و خەسڵەتی کەسیەتی و ڕەوشت و کارو کردەوەی هەر نەتەوەیەکە، کەواتە کلتور ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە.

بێگومــان هەنـدێک لــە خەسـڵەتەکانی کلتــوری نەتــەوەیــی مەعنـــەوین و هەندێکیشـــی مـــاددین و ڕەنگدانـــەوەی پیشــــە دەستییەکانن،کە هزری ڕەسەنی ئەو نەتەوەیە دەنوێنن.

زۆرجار بە هەڕمێنکردنی کلتوری ئەوانی تر وا دەکات هـەموو پرەنسیپەکانی ناسیونالیستی پشتگوێ بخەن و بە تەواوی بکەونە ژێر ڕکێفی ئـەوانی باڵادەست بە بیانووی پیرۆزی ئایینی،وەکو ئەوەی بەشێک لە نووسەرانی کورد لـە سـەدەکانی رابردوودا بە کاریگــەریی ئــاییني ئیســلام بــە زمــانی عــەرەبی نووســویانە، کاریگەری مەزهەبی لە کاریگەریی نەتەوەیی بەهێزتر بووە،گوایا زمانی عـەرەبی زمانی قورئانـە و زمـانی کوردی هـەژارەو کورد خوێندەواری نەبووە.هەندێکی دیکەیان لـە ڕۆژگاری نوێدا بـە بێ ویستی خۆیان زمانی دایکی خۆیان لێ قەدەغـەکراوەو بـەناچاری بـە زمـانی وڵاتـە داگیرکـەرەکان خوێندوویانـەو دەنووسن،یەشـار کـەمال بـەو خەفەتـەوە مـرد و دڵـی بـە لاوک دەکرایەوە"سـەلیم بەرەکات و عەلی ئەشرەف دەروێشیان و مەنسوری یاقوتی و ... هەر ئێمە نین، دەیان نووسەری هیندی و پاکستانی و بـەنگالی و نەتەوەکانی باشووری ڕۆژهـەڵاتی ئاسیا بە هـۆی کۆڵۆنیـالیزمی ئینگلیزی بۆ ماوەیەکی زۆر ئـەو کێشـەیان بووە.چەنـدەها وڵاتـانی ئـەفریقیا نەتـەوەکانیان بـە فەرەنسـی خویندوویانـەو دەنووسـن و کەوتوونەتـە ژێـر کارتێکـەریی کلتـور و فەرهـەنگی فەرەنسـی و ئیتاڵی و.... تەنانـەت ئەمازیغییـەکانی سـارای گـەورە و قبتییـەکانی میسر و ... لەو بەڵایە بی بەش نین.



**عەلی ئەشرەف دەروێشیان(١٩٤١-٢٠١٧)**

ئەوەی زەرەرمەندی یەکەمە لەو پرۆسەیەدا میللەتە بچوک و ژێردەستەکانن، کلتورو فەرهەنگی راستەقینەو رەسەنی خۆیان لەدەست دەدەن یان لاواز و بێ نموود دەبێت.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پەلامار و شالاوی کلتوری پێشینەیەکی زۆر کۆنی هەیە و لەوەتەی بنیادەم هەیە و دواتر میللەت و نەتەوەکان بە هێز و بازووی خۆیان خۆیان بەسەر ئەوانی تردا سەپاندووە،زۆربەی کات لە ئەنجامی لاوازی میللەتانی لاواز و بێهێز ئەوە هاتۆتەکایەوەو لە شەڕو شۆڕی نا بەرامبەردا دروست بووە. جارجارەیش شکست و داتەپینی ئابووری و سیاسەت نەبۆتە لەناوچوونی کلتور و فەرهەنگی نەتەوەیەک بەڵکو لەدوای خۆیشیانەوە درێژەی کێشاوە"وەکو ئەوەی، کە رۆمانەکان بە سوود وەرگرتن لە بیرو هزری یۆنانییەکانی پێش خۆیان بەرنامەی رۆشنبیریی خۆیان لەسەر بنیاتی هزری یۆنانی دارشتەوەو کردیان بە بنەما بۆ خۆیان و پێرەویان کرد.بەلام خۆیشیان هەولیانداوە لەگەل رۆح سەردەمی

نوێدا بیگونجێنن.چونکە ناکری کلتورێک،شارستانیەتیک دوورە پەرێز و دابڕاو لە شارستانیەتەکانی دی بێت، دەنا چارەنووسی هەر لەناوچوون و زەرەرمەندی دەبێ.ئەوانەی باوەڕیان بەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەیە،کە خۆسەپاندن و پەلاماری کلتوری سیمایەکی سەردەمیانەیەو لە ئەنجامی هەڵاوسانی ئابووری و توند و تیژی و داناییەوە دروست دەبێت،هەرگیز بیر لە ئاوێتەو تێکەڵاوی و لەیەک نزیکبوونەوەو ئاڵوگۆڕیی رۆشنبیری و کلتووری نێوان شارستانیەتەکاندا نییە و ئایندەی مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێر دەبەن.بۆ ئەنجامدانی پەلاماری رۆشنبیری هەندێجار میللەت باڵادەستەکان سوود لە رۆشنبیرە نەخۆش و خۆفرۆشەکانی نەتەوە ژێردەستەکە وەردەگرن،جا چ لە ڕیگەی ئایینییەوە بێ، یان هاندانی رۆشنبیران بە پارەو پوول یان هەندێ شتی رووکەشانە بێت. **جەواهێر لال نەهرۆ** لە کتێبەکەی خۆیدا(**روانینێک بۆ مێژووی جیهان**)دا ئاماژەی بە رۆلی خراپی پیاوانی ئایینی چینی کردووە لە هاوکاری و چاوساغی بۆ دوژمن و داگیرکاران،بە تایبەتی ئەو کاتەی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٨٤٠دا هێرشیان بردە سەر چینییەکان و ئەو شەڕە بە شەڕی تلیاک بەناوبانگە، ئینگلیزەکان بە زۆر دەیانەویست بەرگری لە بازرگانی تلیاک بگەن بۆ چین و دواتریش هەندێک لەوانەی بە فیتی گروپە مزگێنیدەرەکانی مەسیحی و ئەوانەی دەهاتنە سەر ئەو ئایینە، دەبوایە ئینگلیزەکان و ئەو مسیۆنێرانە بەرگرییان لێبکردنایەو ئیمپراتۆریەتی چین بۆی نەبوو لە ناوەوەی چیندا

دادگاییان بکەن.ئەمەش بە خراپ کەوتەوەو شەڕیکی ناوخۆیی لێکەوتەوەو زیاتر لە بیست ملیۆن کەس بوونە قوربانی.[١]



**ئەدوارد سەعید (١٩٣٥- ٢٠٠٣ز)**

**ئێدوارد سەعید** Edward W. Said لە بەشی سێیەمی کتێبەکەی (**ڕۆژهەلاتناسیی**)دا بابەتی (ڕۆژهەڵاتناسی شاراوەو ئاشکرا)ی خستۆتە بەرباس.بەڵام بەر لەوە ئاماژە بەوە دەکات"کە (ڕۆژهەڵاتناسی لە بنچینەدا تیۆریکی سیاسییە بەسەر ڕۆژهەلاتدا سەپێنراوە)[٢] سەپادنی دەسەڵاتی سیاسی و هۆشیاری ڕۆژئاواییە بەسەر میللەتانی رۆهەڵاتیدا.لەلایەکی دیکەوە تەنانەت هەوڵی زاناکانی ئەو بوارەش بۆ تۆژینەوەی زمان و کلتوری فەرامۆشکرواى نەتەکانی ڕۆژهەڵاتیش بۆ زیاتر ئاشنابوونە بە تایبەتمەندییەکانی ئەوان و ناسینییانە بە

[١] جواهر لعل نهرو، نگاهی به تاریخ جهان،ترجمه محمود تفضلی،بخش دوم،مؤسسه انتشارات امیر کبیر،تهران،١٣٨٦، ص ٨٥٧-٨٦٦.

[٢] ادوارد سعید،شرق شناسی،ترجمه لطفعلی خنجی،مؤسسه انتشارات امیر کبیر،تهران،١٣٨٦،ص٢٩٥-

شـــێوەیەکی چاکتر.ئــەوەی کــە رۆژهەڵاتناســـان و کۆمپانیـــا بازرگـــانی و گەڕیـدەو دەوڵــەتان و لەشکرکێشـــی و خوێنـــەری داستانە عاجباتی و پڕ لـە سـەیر و سـەمەرەو سەرنجڕاکێشـەکان و زانایانی سروشتی و سەردانیکەران هەموویان کۆکن لەسـەر ئەوەی رۆژهەڵات زەمین بریتییە لە جۆرێک لە زانیاری لـەبارەی شوێن و میللەت و شارستانیەتییێکی دیاریکراو.دواتر ئاماژە بـەوە دەکات لـە سـەرتا سـەدەی نۆزدەهەمـەوە شاڵاوێکی نووسـەرانی رۆژئاوایی روویان لە رۆژهەڵات کردووە بە تایبـەتی لـە ١٨٠٠-١٩٠٠ کەچی بە پێچەوانـەوە بە دەگمـەن نووسـەرانی رۆژهەڵاتـە بەروە رۆژئاوا زۆر دەگمەن بووە"ئەگـەر دانـە دانـەیش هـەبووبێ بـەو مەبەسـتە هـاتوون سـوودد لـە کلتورێکی دیـارو بەرجەسـتە وەربگـرن و لـــە بەرامبـــەردا مـــات و دۆشـــداماو بن.ئـــەنجامی ســـەردانی گەڕیـدەکانی بـۆ رۆهــەڵات لــە ١٨٠٠-١٩٥٠ نزیکــەی شەسـت هــەزار کتێبـی لـەبارەی رۆژهــەڵاتی نزیـک( لـە جیهـانی رۆژئاوا) لیکەوتەوە.بە پێچەوانەوە ژمارەی ئەو نووسراوانەی لـە رۆژهەلاتــەوە لــە بــارەی رۆژاوا نوســراون هـــەرگیز بـــەراورد ناکرێن.لـە روونکردنـەوەی چـەمکی یەکـەمیان دا وەهـا روونـی دەکاتەوە: رۆژهەڵاتناسی شاراوە یان پەنهاندا واتـا هـەموو ئـەو تێڕوانیانـەی پێشـتر سـەبارەت بـە زمـان و مێـژوو و کۆمـەڵ و ئەدەبیات و کۆمەلناسی لە رابردوودا و لە نەستی ئەواندا جێگیر بـووە نـەگۆڕە.واتا لـە (١٨٧٠ )ەوە تـاوەکو سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم بارودۆخەکـە وەکـو خـۆی مایەوە.چەنـدین بەرهـەمی سـەدەی نۆزدەیـەم لـە ناوەرۆکـدا بـاس لـە دواکـەوتوویی و داتـەپینیان بە بـەراورد بـە رۆژئـاوا دەکـەن، وەکو بەرهەمەکـەی

(کۆڤیـە) بـە ناونیشـانی فـەرمانرەوایی ئـاژەڵان یـان بەرهـەمی گوبینـوڤ بـە ناونیشـانی پـەیامێک لـەبارەی نابەرابـەری نـژادی مرۆڤایـەتی)و بەهـەمی (**رۆبێـرت نـاکس** ) بـە ناونیشانی( نـژادی مرۆڤـــە رەشـــتاڵەکان) نموونـــەیی دیـــاری رۆژهەتناســـیی شـــاراوەن.بۆچوونی تـــریش هـــەر بـــەو ئاراســـتەیە زیـــادکرا: داروینیزمـــی دەســـتەی دووەم بـــۆ جیاکردنـــەوەی نـــژادی پێشـــکەوتوو لـــە دواکـــەوتوو..... لایـــەنێکی تـــریش هـــەبوو رۆژهەتناسی کۆن یان شاراوە،هەمیشە لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە رۆژهەڵات واتا شارستانیتێکی پیاوانـە یان نێرسالاری و ژن تـەنیا وەک بوونـەوەرێکی رازاوەی دەسـتی خـەیاڵی پیـاو سـەیر دەکا.

## لێکتێگەیشتنی کلتوری

لێکتێگەیشـتنی کلتـوری یـان گفتوگـۆی کلتـوری یـان ئـاڵوگۆڕی کلتـوری، ئـەم چەمکـە بـە تـەواوی پێچەوانـەی چـەمکی یەکەمـەو تەنانـــەت لـــە نـــاوەرۆک و زمـــان و شـــێوازی دەبڕینیشـــەوە جودایە.هـــەر لـــە کۆنـــەوە لـــە ســـەردەمی رۆمانەکانـــەوە (**کویتلیـانۆس**٣٥-١٠٠ز Marcus Fabius Quintilianus)[١] ئـاماژە بەوە دەکات، کە هیچ میللەتێک نیە بتوانێ گۆشـەگیر بێت و بۆ دەوڵەمەندکردن و رۆیشتن لەگەڵ رەوتی کـاروانی پێشکەوتندا ســـوود لـــە ئـــەزموونی نەتـــەوەکانی دەرو دراوســـێی خـــۆی وەرنـەگرێ. بۆیـە ئەمـە حاڵـەتێکی ئاسـاییە هـەر نەتەوەیـەک بـۆ

[١] : لـــەبارەی کوینتلیانۆس(کانتیلیـــان) و بۆچوونـــەکانی بڕوانە:د.عبـــدالمعطی شـــعراوی،النقد الادبـــي عنـــد الاغریـــق و الرومان،مكتبـــة الانجلـــو المصـــرية، القاهرة،١٩٩٩.ص٣٢٢-٣٣٤.

پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی خۆی پەنا بۆ داهێنانی ئەوانی دی دەبات،بەڵام تا ئەو جێگەیەی،کە نەبێتە هۆی لە دەستدانی ڕەسانەیەتی و کلتوری نەتەوەیی.

لە دنیای جەنجاڵی ئەمڕۆدا"شارستانیەتییەکان لە پێکدادان و ململانێیەکی توند دان. تەنانەت **ساموئێل هانتینگتن** وەکو تیۆریستێکی سیاسی ئەمریکی لە کتێبەکەی خۆیدا(**ململانێی شارستانیەتەکان**)[1]دا بنچینەی هەموو ئەو شەڕوشۆڕانەی نێوان وڵاتان دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری جیاوازی ئایینی وەکو فاکتەرێک لە نێو ململانێی شارستانیەتەکاندا. هەر بۆیە شارستانیەتی کۆنفیۆشیۆسی و ئیسلامی لەیەک نزیک دەبنەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری شارستانیەتی مەسیحیی ڕۆژئاواییی ببنەوە.

لێکتێگەیشتنی ڕۆشنبیری و کلتوری بە زمانێک ئەنجامدەدرێت براوەو دۆڕاوی تیانییە بەڵکو ڕێزگرتنە لە خەسڵەتە هاوبەشەکان و کۆکردنەوەی بۆچوون و بەها جوانەکانە بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی بەبێ جیاوازی،ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ کلتورو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی جیهانی.ئەمڕۆ لە سایەی پێشکەوتنی هۆیەکانی گەیاندن و بە تایبەتی سۆشیال میدیاوە ئاسانکاری زۆر بۆ مرۆڤەکان ڕەخساوە تا ئاگاداری هەواڵی یەک بن"ئەمڕۆ سیاسی و هزرمەندو ڕۆشنبیرانی جیهان تۆڕێکی کۆمەڵایەتی گەورەیان پێکهێناوە بۆ گفتوگۆە نێوان کلتورە جیاوازەکان یان

[1] : هانتگتون و منتقدانش، نظریە برخورد تمدن ها ،ترجمە مجتبی امیری وحید،مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجە،تهران.ئەم کتێبە بەندەیش بۆ زمانی کوردیم وەرگێڕاوە،بڕوانە:ساموئێل هانتینگتۆن،ململانێی شارستانیەتییەکان،وەرگێڕانی هیمدادی حوسێن،هەولێر،١٩٩١.

هەندێجار لە نێوانی گرووپە مەزهەبی و فەرهەنگییەکانی یەک نەتەوەو یەک وڵاتیشدا. بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی فرەکلتورن.کەواتە بە پێچەوانەی پەلاماری کلتوری،کە هەوڵدەدات فەرهەنگی نەتەوەیەکی دی ریشەکێش بکات و ملکەچی ویستەکانی خۆی بکات، خۆ ئەگەرچی بە ئەزموونی مرۆڤایەتی دەرکەوتووە زۆر زەحمەتە شارستانیەتێک لەنێوبچێ.هەرگیز بەو رەشبینییەی (**ویلی دۆرانت**Will Durant ١٨٨٥ -١٩٨١ز) ناڕوانینە کۆتایی ژیار و شارستانیەتی مرۆڤایەتی،کە بانگەشەی ئەوە دەکات،هەموو کۆتایی شتێک لەناوچوونە[1].دۆرانت لە ساڵی ١٩٣٥ لە پێشەکی کتێبە بەناوبانگەکەی(**مێژووی شارستانیەت**)دا زۆر راشکاوانە دان بەوەدا دەنێت سەرچاوەی هۆشیاری و رۆشنبیریی رۆژئاوا لە شارستانیەتی نیوان دوو زێ و نیلەوە سەرچاوەی گرتووە و هەوێنی راستەقینەی شارستانیەت و ژیاریی یۆنان و رۆم بووە. تەنانەت دەڵێ سەدەی بیستەم سەدەی بەریەککەوتنی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەبێت.دەڵێت لەماوەی هەشت ساڵ تۆژینەوەدا پێیان دەوتم، کە من بەدوای سەرابەوەم،هەرگیز پیاوێکی رۆژئاوایی ناتوانێ لە رۆژهەڵاتی پڕ لە نهێنی تێبگات[2]. بە کورتی پێیوایە لە کۆتاییدا هیچ حاڵی نابین و و (هیچ) کۆتایی ژیانە.

---

[1]: ویل دورانت،تاریخ تمدن،ترجمه گروه مترجمین، ویرایش دوم،چاپ ششم، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران،١٣٧٨،ص١٤-١٥.

[2]: ویل دورانت،تاریخ تمدن،ترجمه گروه مترجمین، ویرایش دوم،چاپ ششم، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران،١٣٧٨،ص١٤-١٥.



**ویلی دۆرانت١٨٨٥-١٩٨١**

دانوستانی کلتوری گفتوگۆی فەرهەنگ و شارستانیتەکانە. نزیک کردنەوەی رۆحی نەتەوەکانە لە یەکتر.

بە جیهانی بوون هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتوتەوە لە باری ئابووری بلاوبوونەوەی بازار لە رینسانس لە نێوان ئیتالیا و ئاسیا و باکووری ئەفریقادا یان کەشتی بازرگانی بۆ ئەریتریا و عەدەن و ئەو ناوچانە. ئەمە هۆکارێک بووە بۆ تێکەلاوبوونی بەرجەستەبوونی بازرگانی جیهانی و تێکەلاوی میللەتان. ئەو هوکارانەی یارمەتیدەر بوون بۆ بە جیهانی بوون زۆرجار وا دەردکەوێت کە داهێنانی ئەدەبی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەدەبێکی جیهانی بێتە پێشەوە کە هەموو نەتەوەکان بە بێ جیاوازی لە سەری رێک بکەون. ئایا هەموو داهێنانێکی ئەدەبی دەبێتە ئەدەبێکی جیهانی؟ زۆر جار داهێنان لە چوارچێوەی نەتەوەیی و لۆکالی دایە، بۆ نموونە زۆرجار ئێمە لە ئەدەبی کوردیدا بە بەختیار عەلی بلێین داهێنانی لە رۆمانی کوردیدا کردووە ، بەلام ئایا دەکرێت پێی بوترێت داهێنانی لە ئەدەبی جیهانیدا کردووە؟

ڕەنگە نەتوانین بە ڕاشکاوانە ئەمە بڵێین. کەواتە مەرج نییە هەموو داهێنانێکی ئەدەبی دەقێکی جیهانی بێت. بە تایبەتی ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵات ناتوانێت وەک ئەدەبی ئەورووپی کە پڕاوپڕە یان لێوان لێوە لە ڕۆحی مەسیحی یان زۆرجار هێندێ بابەتی ڕەوشتی بە پێی کلتوری جیاوازی میللەتان لە ئەورووپادا بە دەقێکی داهێنەرانە لە قەڵەم دەدرێت،بەلام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە داهێنان چییە؟

داهێنان چەمکی جیاوازی لە خۆ گرتووە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ئەگەر هێندی جاریش خەلات دەدرێت بە هونەرمەنێکی ڕۆژهەڵاتی مەرج نییە ئەوە لەبەر ئەوەبێ داهێنانی کردووە یان سەردەمەکەی خۆی تێپەڕاندووە. ڕەنگە کۆمەڵێ هۆکاری سیاسی لە پشتەوە بێت.

(**د.محمد غنیمی هلال** پێیوایە بە جیهانی بوون ئەدەبی شتێکی ناچیز و خەون و خەیاڵە، بەڵکو ئەدەب سیفەتێکی نەتەوەیی خودیی هەیە[1].

یەکێک لە تویژەر بەناوبانگەکانی فەرەنسی، کە زۆر کاری لەسەر تیوری ئەدەبی بەراوردکاریدا کردووە، **(ڤان تیگەم)** لە کتێبی (گەورە ڕێبازەکانی ئەدەبی لە فەرەنسادا) دا دەڵێ: ئەوەی، کە کاتی خۆی **گۆتە** ناوی ناوە ئەدەبی جیهانی بە تایبەت لە ساڵی (١٨٣٠) دا لەو نامەیەی، کە بۆ **(ئیکرمان)**ی نووسیوە بەو چەمکە مەحالە شتێک بە ناوی ئەدەبیاتی جیهانییەوە هەبێت. ئەدەبیاتێک بتوانێت ڕووی دەمی لە جیهان بێت و هەموو خەڵک قبوڵی بکات، **ڤان تیگەم** وەکو ئەلتەرناتیفێک لە جیاتی ئەوەی

---

١ : د.محمد غنیمی هلال،الادب المقارن، دار نهضة مصر – القاهرة.١٩٥٣.

**گۆتـە،** ئـەو پێشـنیازی ئـەوە دەكـات مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـانی بنووسـرێتەوە بـە نموونـەكانی ئـەدەبیاتی هـەموو نەتـەوەكان دەوڵەمەنـد بكرێـت بـە تایبـەت ئـەو بەرهەمانـەی، كـە ئاسـتێكی بەرزیان هەیە و كاریان لە ئەدەبیاتی نەتەوەكانی تر كردووە بە تایبەت زۆر نموونەی بەرزی ئەدەبیات هەیە بە درێژایي مێژوو بە نەمری ماونەتەوە و پەیامەكانیان بە هەموو میللەتانی دونیادا بڵاوبۆەتـەوە. بـۆ نموونـە وەک بەرهەمـەكانی **هـۆمیرۆس** یـان بەرهەمـەكانی **دانتی** یـان **شكسپیر**، یـان رۆمانـەكانی **گۆتـە** یـان **دۆنكیشوتی سیرفانتێس** یـان **بەهەشـتی ونبـووی جـۆن میلتـۆن** یـان رۆمـانی **دایك**، یـان **تـاوان و سـزا** یـان خوتبـەكانی **شیشـرۆن(٨٢-٤٣پ.ز)**، پشـت بەسـتن بـە سـەردەم و شـوێن هێـز و قـوەت كەماسییە چونكە كەس ناتوانێت بۆمـان دیار بكات بە بێ هیچ هۆیـەک لـەلایـەن تـوێژەران هێنـدێ دەق دەكرێتـە جێـی بایـەخ و هێندێكی تریش پشتگوێ دەخرێت ئەوەی، كە دەخرێتـەروو مـەرج نییـە شـوێن و زمـان و بابەتەكـەی بـەهێزتر بێـت، بۆیـە خرابێتـە روو، بـۆ نموونـە بەرهـەمەكانی (**گابرێـل گارسـیا مـاركیز**)[1] هەڵبژێـردراوە بـۆ خـەلاتی نۆبـڵ، بـەڵام بەرهـەمێكی تـری خەڵـک هەڵنـەبژێردراوە ئەمـە هۆكـاری بێ هێـزی نییـە. مـەرج نییـە هـەر بەرهەمێک خەلات وەرگرێ و ببێتە ئەدەبێكی جیهانی.

[1] : ماركیز( ١٩٢٧-٢٠١٤)، خەڵكی وڵاتی كۆڵۆمبیایە لە ئەمریكای باشوور لە ساڵی خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا.لە رۆمانە بەناوبانگەكانی (سەد ساڵ گۆشەگیری) و( خۆشەویستی لە سەردەمی كۆلێرا دا) و (كۆڵۆنێل كەسی نییە نامەی بۆ بنووسێ) و ( پاییزی پاتریارک) و.....



**گابرێل گارسیا مارکیز**

**کلۆدیۆجان** پێشنیازێکی تری هەیە بۆ لێکۆلینەوە لە ئەدەبیاتی جیهان ئەو دەڵێ ئێمە پێمان باشە لە جیاتی ئەدەبی جیهانی زاراوەی ئەدەبی جیهان بەکار بهێنین ئەوە راستترە واتا دەبێ و دەشێ دەقێک، کە دەنووسیت بۆ جیهان بێت وە دواتر سنووری روانگەی بەرهەمی نەتەوەیی یان ناوچەیی خۆی تێپەرێنێت هەروەها دەشێ بەرهەم گەلێک هەبن بە هۆی داهێنانی خودی خۆی و ئەم گفتوگویانەی لەسەری دروست دەبن لە نێوان رەخنەگران و خوێنەران لە سەرانسەری جیهاندا ببێتە هۆکاری بڵاوبوونەوە، هەروەها هاوکات دەقگەلێکی وامان هەیە، کە گوزارشت لە دونیا یان جیهان دەکات بە ناوی **هیومانیزم هاوبەشەکانی** مرۆڤایەتی دەکەن، بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین، کە گیانێکی ئینسانی و گەردوونییەوە نووسراون و لە سەردەمی خۆیاندا کاریگەری ئەوتۆیان نییە.

هەر لەم روانگەیەوە ئەدەبی جیهانی وەک نموونەیەکی بەرزی دەقی ئەدەبی داهێنان سەیر دەکرێت، کە لە ئامانجی تێکەلاوی و

بە یەکگەیشتنی کلتورە جیاوازەکاندا هاتۆتە پێشەوە، تەنانەت لەلایەن رەخنەگر و توێژەرەکانەوە زاراوەیەکیان بەکاردەهێنا ،کە پێیان دەگوت کوماری ئەدەبی و پێشیان وابوو پایتەختی ئەو کۆمارە ئەدەبییە بێگومان دەبێ پاریس بێت، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پاریس چ لە کۆن و چ لە ئێستادا مەڵبەندێکی گەورەی تیشک هاوێژە نەک بە تەنیا بۆ ئەدەبیات و کلتوری فەرەنسی، بەڵکو بۆ سەرجەم وڵاتانی دونیاش پێگەیەکی گرنگە بۆ ئەدەبیاتی جیهانی، تەنانەت یەکێک لەو کتێبە ناوازانە، کە لە نووسینی **پاسکال کازانۆڤا**یە، کە بروانامەی بەرزی ئەدەبیاتی هەیە کتێبەکەی بەناونیشانی (کۆماری جیهانیی ئەدەبیات)[١]ەو کۆمەڵێ بابەتی گرنگی لە خۆگرتووە، ئەو بابەتانەی، کە ئەو کتێبە زیاتر جەختی لەسەر دەکاتەوە بریتین لە چەمکی ئەدەبی جیهانی، لەسەرەتاشدا ئاماژە بۆ گوڵە رەنگاورەنگەکانی ناو قاڵییەک، بە زاراوە زانستییەکە موتیفەکانی ناو کارێکی ئەدەبی دەکات، کە پێیوایە هەریەکێک لەو وردەکاری و جوانکارییانە تەجروبە و ئەزمونی میللەتێکن، کە هەموویان بە درێژایی مێژوو کۆبوونەتەوە، ئەزموون و جوانکارییەکەیان دروستکردووە، دواتر پرەنسیپەکانی مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی دەخاتەروو، هاووڵاتی جیهانی و فرە زمانی و کلتوری، دواتریش بە ناونیشانێک (پاریس شاری ئەدەب) دواتر باسی خەسلەتی ئەدەبي نەتەوەیی دەکات، هەوڵ دەدات راونینێکی تازە بە دەقی ئەدەبی ببەخشێت پاشان باسی کاریگەری زمان و کلتوری

---

[١]: پاسکال کازانووا،جمهور جهانی ادبیات،ترجمه شاپور اعتماد، نشر مرکز، تهران،١٣٩٣.

فەرەنسی دەکات وەک شۆڕشێکی فەرەنسی بەسەر میللەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ئینجا باسی نژادی زمان و کارەکتەرە ئەدەبییەکان و باسی ئەو ئەدیب و نووسەرانەش دەکات، کە لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا ڕۆلیان هەبوو، بۆ نموونە **جێمس جۆیس**، کە خاوەنی ڕۆمانی(**هونەرمەند لە تافی لاویدا** )یە،کە تەرجەمەی زۆر زمان کراوە لە جیهاندا. باسي شانۆییەکانی پیکیت، بە نموونەیەکی بیری وجودی لە قەلەم دەدرێت. لە کۆتاییدا شۆڕشێکیان کردووە، بە تایبەتیش باسي **دانتی** دەکات لە سەرەتای بزوتنەوەی ڕێنسانسدا باسی ئنگیلیزەکان دەکات، کە کە ساڵانێکی زۆر خەریکی شەڕی ناوخۆیی بوون.

## چەمك و هۆكارەكانی بەجیهانیبوون

دەتوانین چەمکی(بەجیهانیبوون) بەم شێوازانەی خوارەوە شیبکەینەوە:

میللەتانی دنیا لە کتێبەرکێییەکی دژواردان،لە هەموو بوارەکانی ئابووری و سیاسی و هزری و وەرزشی و...هتد.لایەنێکی دی گرنگ جگە لەوانە بابەتی (زمان)ە. بە تایبەتی بۆ ئەمە ئەڵمانەکان دەیانویست لە گۆشەگیرییە دەربچن و لەو نەژادپەرستییە رزگاربن.ناپلیۆن چۆن زمانی لاتینی بە پیرۆزی دەکرد.پێش ئەوانیش دانتی....... بیرۆکەی بەجیهانیبوون،هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە.لە باری ئابوورییەوە،بڵاوبوونەوەی بازاڕ و بازرگانی لە نێوانی ئیتالیاو ڕۆژئاوای ئاسیا و وڵاتانی باکووری ئەفریقیا و بۆ خوارەوە بۆ عەدەن،بۆیە ئەمە ڕەنگە هۆکارێک بێت بۆ ئاوێتەبوونی بازرگانی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری:

لەوەتــەی دنیــا دنیایــە، هەمیشــە بــەهێزەکان غــەدریان لــە بێهێزەکان کردووە،جا بە هەر بڕوبیانوویێکەوە بووبێ.

## یەکەم: وەرگێڕان:

وەرگێــڕان مێژوویــەکــی کــۆن و دێرینــی هەیــە. بەوپێیــەی خواوەند هەر لە سەرتاوە بە پێی دەقە ئایینیە پیرۆزەکان رەنگ روو و زمــانی جیــاوازی بــە مرۆڤــەکان بەخشــیوە،وەرگێڕان کــارێکی حــەتمی بــووە. وەک لــە دۆکیۆمێنتەکانــدا هــاتووە لەسـەردەمی بابلیـەکان لـە پێش زایینـەوە فەرمـەکانی پاشـا بـۆ سـەر زمـانی نەتـەوە ژێـر دەسـتەکانی خۆیـان وەردەگێـڕدران. دواتــریش بــۆ وەرگێــران و راڤــەکردنی دەقــە ئایینییــەکان بـەکارهاتووە، بـە تایبـەتی ئـەو میللەتانـەی ئاینەکـە بـە زمـانی زگمـاکیی خۆیـان نـەبووە بـۆ چەسـپادن و شـیکردنەوەی ئـەو دەقانە بۆ خەڵکانی دی و تێگەیشتنیان ئەم کارە کراوە.لـە ئایینی زەردەشتییەوە،پاشــان بــۆ ئــایینی مەســیحی و ئیســلامەوە.بە تایبەتی لە دوای هێرشی یۆنانییەکان بۆ سـەر دەوڵـەتی میدیا و دواتــریش لەگــەڵ شــەڕی خاچییەکانــەوە بــە شــێکی زۆر لــە دەسنووســەکانی رۆژهــەڵاتیان وەگێڕایــە ســەر زمــانی لاتینــی و بـوو بـە مایـەی سـوود وەرگـرتن و هـەوێنی شـاکاری گـەورەی وەکو (**کۆمیدیای یەزدانی**)ی دانتی ئیتاڵی. لـە بـاری ئەدەبییشـەوە لە رۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاست و سـەردەمی رێنیسانسـەوە بە هۆی گەشەکردنی هزری نەتـەوەیی و دروسـتبوونی وڵاتـانی نەتەوەیی وەرگێڕان زۆرتر بڵاو بووەوە. لە رۆژهەڵاتیشـەوە،بە تایبــەتی لــە ســەردەمی عەبباســیەکانەوە خانــەی تایبــەتییان بــۆ وەرگێــران تــەرخانکردووە و بەشــێکی بیــری نێــو دەقــە

فەلسەفییەکانی ئیفلاتوون و ئەرستۆ و نووسەرانی دیکەیان تەرجەمە کردووە.لە سەردەمی نوێ و بە تایبەتی لە دوای سەدەی هەژدەهەمەوە.چەندین پرۆژەی وەکو ئینسکلۆپیدیای فرەنسی وەکو شۆڕشێکی رۆشنبیری و فەرهەنگی و بە کاریگەی شۆڕشی بۆرژوازی فرەنسی پیویستیی بۆ وەرگێڕان گەشەی کردووە.وەرگێڕانی بەرهەمەکانی **ڤۆلتێر** بۆ شانۆگەرییەکانی **شکسپیر** و رۆڵی **مەدام دی ستایل** بۆ ناساندنی بەرهەمەکانی ئەڵمانی بە ناوەندی رۆشنبیریی فەرەنسی و هەوڵەکانی **شاتۆبریان** بۆ ناساندنی ئەدەبی ئینگلیزی و وەرگێڕانی چوارینەکانی **عومەری خەیام** بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و چەندانی دی نموونەی زیندووی ئەو دەمەن.

کاری وەرگێڕان هەتا ئەمڕۆیشی لەگەڵدا بێت لەلایەن هەندێ کەس و گروپ بە بێبایەخی سەیر دەکرێ و وەکو داهێنان ئاماژەی بۆ ناکرێ،بەڵام خۆی لە راستیدا وەرگێڕانی ئەدەبی بە تایبەتی،چالاکییەکی پەراوێزخراو نییە،بەڵکو پێشتر و ئێستایش هێزێکی گۆڕانکاریی گەورەی گۆڕانکاریی توانایە بۆ دروستکردنی مێژووی رۆشنبیری.

**د.سوزان باسنیت** Susan Bassnett لە کتێبێکی خۆیدا بە ناونیشانی (**ئەدەبی بەراوردکاری پێشەکییەکی رەخنەیی**)، تازەترین بۆچوونانەی خۆی سەبارەت بە گرنگی زمان و وەرگێران لە بابەتەکانی ئەدەبی بەراوردکاری پۆست کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی دەخاتەروو، دەڵێ:ئەدەبی بەراوردکاری وەرگێڕان بە لقێکی بچووکی خۆی دادەنێ،بەڵام ئەم بۆچوونە ئەمڕۆ زۆر پرسیار بەخۆوە هەڵدەگرێ"لە کاری زانایانی وەکو **توری**Touryو

**لامبێرت** Lambert و **هێرمانز** Hermansو **لوفیفێر** Lefevere و هی تریشدا دەرکەوتووە،کە وەرگێڕان بایەخێکی زۆر گەورەی لە سەروبەندی گۆڕانکارییە رۆشنبیرییە گەورەکاندا هەیە.هەروەها ئیڤان زوهار Evan-Zohar گفتوگۆی لەسەر ئەوە کردووە،کاتی رۆشنبیرییەک بە قۆناغی گواستنەوەدا تێدەپەڕێت بەرەو گەشەکردن یان نوێخوازی یان قۆناغی پێش شۆڕش، ئەو کاتەچالاکییەکانی وەرگێڕان زۆرتر دەردەکەوێت.)[١].هەروەها لە فەسڵی حەوتەمدا دەڵێت:( روون و ئاشکرایە"کە ئەدەبی بەراوردکاری لە رۆژئاوا بایەخی خۆی لە دەستداوە و بۆتە تۆژینەوەیەکی تەمومژاوی و سنوورەکانی دیار نییە،بە پێچەوانەی ئەوە تۆژینەوەکانی وەرگێڕان بە قۆناغێکی باشدا تێدەپەڕێت و دەبێ زمانەوانەکان به جددی جارێکی دی بیر لە پێوەندی نێوان وەرگێڕان و سیمیۆلۆژی بکەنەوە.هەروەها ئەدەبی بەراوردکاری بیر لە پێوەندی خۆی و وەرگێڕان بکاتەوە.سیمیۆلۆژی بە لقێکی بچووکی زمانەوانیی دادەنرێ و تازە بەم دواییە دەرکەوتووە.رێک پێچەوانەکەی ئەمە راستە،لە راستیدا زمانەوانی لقێکە لە لقەکانی تۆژینەوەیەکی ئەکادیمیی فراوانتر و گشتگیرتر ناوەکو لە سیمیۆلۆژی.ئەدەبی بەراوردکاری هەمیشە وەرگێڕان بە لقێک لقەکانی خۆی دەزانێ،بەڵام تۆژینەوەکانی وەرگێڕان بۆ بەهێکرنی بنەماکانی خۆی وا خۆی دەنوێنێ،کە لێکۆڵینەوەیەکە بۆ پێوەندی نێوان کلتورە جیاوازەکان و بۆ ئەم مەبەستەش میتۆدێکی ورد

---

[١] : سوزان باسنيت،الادب المقارن مقدمة نقدية، ترجمة اميرة حسن نويرة،المشروع القومي للترجمة ١٢٨، ١٩٩٩، ص١٥.

لەبەرچاو دەگرێ.کەچی ئەدەبی بەراوردکاری لە خودی خۆیدا وەکو لقێکی ئەکادیمی دەرناکەوێت، هێندەی وەکو لقێکی لێکۆڵینەوەیەکی دی دەردەکەوێت. لێرەوە دەکرێ هەست بە تێڕوانینێکی راستەقینەی ئەم کێشەیە بکەین و بە شێوەیەکی یەکجارەکی کۆتایی بەو کێشەو ململانێ درێژخایەنە بێنین،کە تا ئێستا بەبێ چاریسەر ماوەتەوە، ئایا ئەدەبی بەراوردکاری خۆی لە خۆیدا لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییە یان نا؟).[١]

## دووەم: کۆڕ و کووبوونەوەی ئەدەبی

زۆر جار گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی ناسینی خەڵکی تر و ئەدەبناسانی وڵاتانی تر ئەمەش هۆکارێکی باشە. ئەم دیاردەیە پێشتر لە سروشتی ئەدەبیاتی وڵاتانی رۆژئاواییدا بە دیکراوە،نەبوونی سنووری سیاسی قورس و سەفەر و هەندێجار کارەساتی سروشتی و جەنگە گەورەکان بە تایبەتی جەنگی یەکەمی جیهانی یەکەم و دووەم وایکردووە،ژمارەیەکی زۆر ئەدیب و نووسەریش ئاوارە ببن یان خۆیان سەفەریان کردووە بۆ ئەوەی نەبنە سووتەمەنی ئەو شەڕانە،هەروەک ئەوەی ژمارەیەک نووسەری رەچەڵەک جیاواز لە یانەی شەوانەی زیوریخ لە سویسرا کۆدەبوونەوە و باسی ئەدەبیاتی سەردەمیان دەکرد و لەوێدا ئاشنای رەوتی ئەدەبیاتی نەتەوەو زمانە جیاوازەکان دەبوون.

[١] : سوزان باسنیت،الادب المقارن مقدمة نقدیة،ص ١٦.



**مادام دی ستایڵ**

لەپێش ئەوەشدا باس لە سالۆنەکانی فەرەنسی دەکرێ ، کە گوایا مادام دی ستایڵ،کە ژنە نووسەرێکی فەرەنسی بوو،شارەزاییەکی زۆری لە بارودۆخی ئەدەبیاتی ئەڵمانی هەبوو،بە تایبەتیکاریگەری (شیلەر)ی بەسەرەوە بووە.ئەو پێی وابوو ئەدەبیات رەنگدانەوەی کۆمەڵەو هەر بۆیە لە رۆمانی (دۆلفین)دا باسە ژنێک دەکات، کە لەلایەن کۆمەڵەوە پەراوێزخراوەو قوربانی سیاسەتەکانی ناپلیۆنەو هەر بۆیەش لەسەر ئەو بۆچوونە سیاسییانەی چەند جارێک لەلایەن ناپلیۆنەوە نەفیکردوەو هەندێک نووسەر دەڵێن ئەو ژنەی ناپلیۆن لێی دەترسا. لە فەرەنسا  کۆڕو کۆبوونەوەی لە ماڵەکەی خۆی بۆ نووسەرانی ئەوێ رۆژێی فەرەنسی ڕیک دەخست بۆ گفتوگۆ لەسەر رەوتی نوێخوازی،کە بیگومان کاریگەریی زۆری لەسەر دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕێبازی رۆمانسیزمدا هەبوو[١].

[١] : د.سیروس شمیسا،مکتبهای ادبی،چاپ هشتم،نشر قطره،تهران،١٣٩٤.

لە رۆژهەڵاتیشدا بە هۆی نائارامی ناوچەکە لە ئەنجامی شەڕو پەلاماردا یان خراپی باری ئابووری  یان حەزی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان وایکردووە چەندین زانای ئایینی و شاعیرلە کوردستانەوە روو لە ئێران و توران و شام و ئیستەنبوڵ بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئیجازەی مەلایەتی و خوێندن لەو شوێنانەدا لە کۆشک و تەلاری پاشاو سوڵتانان و لە دیوەخانی میران و لە حوجرەی مزگەوتاندا کۆبوونەتەوەو شەڕە شیعریان کردووەو گوێبیستی نموونە بەرزەکانی شیعریی بوون.

ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیاو راگەیاندن دنیای بچووک کردۆتەوەو لە سەرتاسەری دنیا بە جیاوازیی ئایین و رەگەز و تەمەن و رەنگ و رەچەڵەک دەتوانن لە ژوورێکی پاڵتاک یان لە سکایپ یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆببنەوە و بە شێوەی دەنگ و وێنەی زیندوو گفتوگۆ بکەن و ئاشنای دوا گۆڕانکارییەکان و بینینی چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانی یەکتر بن.

## سێیەم:جەنگ و شەڕو شۆڕ

ئەمەش هۆکارێکی ترە، کە میللەتی براوە کلتوری خۆیان فەرز کردووە بەسەر ئەوانی تردا لە کورستان لولوییەکان کە چوونەتە سەر گوتییەکان یان کۆمەڵێک لەو وڵاتە ئەفریقییەکان بۆ هۆی ئەوەی فەرەنسا داگیری کردوون ئەمانە پێیان دەگوترێت(فرانکۆفۆنی) ئەو میللەتانە دەگرێتەوە کە داگیر کراون و وڵاتانی وەک سومال دوو رۆژنامە بە زمانی عەرەبي دەردەچێت ئەوانی تر بە فەرەنسی. ئەم شەر وە شۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە میللەتی باڵا وە بەهێز رۆشنبیریی خۆی بچەسپێنێت دەبێ ئەوەشمان لە یاد بێت کە ئەو دەقەی دەکەوێتە

بازنــەی جیهانییــەوە مانــای ئــەوە نییــە، کــە هەتاهەتایــە لــە چوارچێوەی ئـەدەبیاتی جیهانیـدا دەمێنێتـەوە بۆ نموونـە (نجیب مەحفوز) لـە دواییـدا دەنگـی نـەما یـان لـە کـاتی جـەنگی جیهـانی دووەمـدا (**ئاناتول فرانس**) بە هـەموو دونیـادا بڵاو بـووەوە، بـەڵام دوایی وردە وردە کەوتە خانەی لەبیرچوونـەوە. **نازم حیکمەت** بۆ ماوەیــەکی زۆر راســتەوخو دوای جــەنگی جیهــانی دووەم زۆر جێگـەی بـاس و بایـەخ بـوو، بـەڵام ئێسـتا بـە پێچەوانەوەیـە بـە تایبـەتیش دوای سـاڵی ١٩٩١ هـەڵوەشـانەوەی یـەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەبینین ئێستا کەمتر باس دەکرێت، بەڵام ئێستا کە کـەمتر نــاوی دەهێنــێن بۆیــە دەتــوانین بڵــێن بیــرِ و ئایــدۆلۆژیا لــە سەردەمێکدا رووداوێکی گەرم و جێ بایەخە، بەڵام دواتـر سسـت و خاو دەبێتەوە. هیچ ئەدەبێکی نەتـەوەیی بە بێ سـوودوەرگرتن لــە میللــەتانی دراوســی خــۆی ناتوانێــت خــۆی تــازە بکاتــەوە و هــەنگاو بــەرەو جیهــانی بــوون بنێــت ئەگــەر ســوود لــەوانی تــر وەرنـەگرێ گوشـەگیر بێت ئـەم تیئوریە مێژوویـەکی کـۆنی هـەیە چەنـدین سـەدە پـێش زایـین ئـەدەبی نەتـەوە سـەرەتاییـەکان لـە چیاکـانی زاگـروس و بۆتـان سـوودیان لـە یـەکتر وەرگرتـووە لـە سەردەمی رۆمانییەکاندا یەکێک لەو ئەدیبە بەناوبانگانە (**کانتێلیان**) پێیوایە هیچ میللەتێک ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر لەگەڵ رەوتی کـاروانی پێشکەوتنی میللـەتانی دراوسـی خـۆی نـەڕوات تەنانـەت دەڵـێ هـەتا بکرێـت سـوود لـە زمـانی زگمـاکی دەق وەڕبگیرێـت بۆئەوەی بەها و جوانی و نهێنیەکانی زمانی راستەقینەی دەقەکە ببێتە جیگەی بایەخیان. پێموانییە کەس نکۆلی لەوە کات سوود لە

خەڵکی تر وەرنەگرێت دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانرێت، کە دەبێت ئاگادار بیت و خۆت لە ناو ئەدەبیاتی بێگانەدا ون نەکەیت.

## چوارەم: کۆچ و نالەباری ئابووری[1]

ئەم هۆکارەیش تا راددەیەک پێوەندی بە خاڵەکەی پێش خۆیەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە،کە لە هەر شوێنێک شەڕو ئاژاوە هەبێت"باری ئابووری ئەو شوێنە دادەتەپێ و بێکاری و داهاتی کەس کەم دەبێتەوەو لە ئەنجامدا برسیەتی و نەخۆشی و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی بەر شاڵاوی داگیرکاری یان دەکەونە بەر فەرماڕەوایی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کەسەکان هەوڵدەدەن ئەو شوێنە بەجێبهێڵن و بۆ ژیانێکی باشتر ڕوو لە وڵاتانی تر بکەن. زۆرجار ئەم حاڵەتە ڕوویداوەو ئەدیبان و نووسەرانیش بوونەتە قوربانی ئەو دۆخەو زێد و مەفتەنی خۆیان بە جێ هێشتووەو ڕوویان لە هەندەران و تاراوگە کردووە.دواتر لەگەڵ زمان و کلتوری دووەمدا ڕاهاتوون و بە هەڵمژینی هەوای ڕۆشنبیریی شوێنی دووەم و ئاوێتەکردنی لەگەل کلتوری نەتەوەیی خۆیان داهێنانیان کردووەو بوون بە کەسایەتییەکی دیاری ڕۆشنبیری.

لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا باری ناهەموار و شەری ناوخۆیی لوبنان هەندێک لە ڕۆشنبیرو شاعیران لوبنانیان جێهێشتووە و ڕوویان لە ئەمریکای باکوور کردووە،کە پێیان دەوترێت (شعراء المهجر)، واتا ئەو شاعیرانەی کۆچکردوو یان ئەوانەی کۆچیان کردووەو ڕوویان لە تاراوگە کردووە. دیارترین ئەو شاعیرانە

---

[1]: د.صابر عبدالدایم،ادب المهجر، الطبعة االاولی ،دار المعارف، القاهرة،١٩٩٣ ،ص١٣-١٩.

_میخائیل نعیمەو جوبران خەلیل جوبران و ئیلیا ئەبو مازی و رەشید ئەیوب و....هتد.ئەو شاعیرانە لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا (الرابطة القلمیة)یان پێکهێنا"هەندێکی دیکەشیان "کە روویان لە ئەمریکای باشووركردبوو"وەکو (مێشێل مەعلوف و فەوزی مەعلوف و رەشید سەلیم خوری و ئیلیاس فەرەحات) و....هتد لەوێ (کۆمەڵەی ئەندەلوسیی)یەکانیان پێکهێنا.



**جوبران خەلیل جوبران(١٨٨٣-١٩٣١)**

بێگومان کۆچ مافێکی سەرەتایی مرۆڤە.بەڵام کۆچکردنێک"کە بە حەز و ئارەزووی مرۆڤەکان خۆیان بن جیایە لەگەڵ ئەو کۆچەی بە ناچاری و لە ترسان یان لەبەر بێ نانی و هەژاری و راوەدونانەوە کۆچ دەکەیت.لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان بە هۆی زوڵم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و ئایینی و پاخیبوونی رۆشنبیران لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی هەڵاتن و راوەدونان زۆر بە دی دەکرێت.ژمارەیەکی زۆر نووسەری فارس و عەرەب و تورک و.... بەرەو ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستralia ئاوارەبوون.

لە کوردستانیشدا بە تایبەتی لە سەردەمی رژێمی بەعسدا ودوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٤و لە دوای راپەڕینیش لەگەڵ شەڕی ناوخۆدا بە هۆی نەبوونی ئازادی و نالەباری ئابووری و ململانیی بیری ئایینی و عەلمانیەتەوە چەندین نووسەری کورد روویان لە هەندەران کردووەو ئەمڕۆ دەنگی دیاری ئەدەبی کوردین و بەرهەمەکانیان جێگەیەکی دیارییان هەیە.

## پێنجەم: داهێنان

دەسپێکی قسەکانمان بە پرسیارێک دەست پێدەکەین، ئایا هەموو دەقێکی داهێنان جیهانییە؟مەرج نییە.. چونکە تایبەتی ئەدەبی رۆژهەڵاتی ناتوانێ وەکو ئەدەبی رۆژئاوایی،کە لێوانلێوە لە رۆحی مەسیحییەت لای رۆژئاواییەکان جێگەی پەسەندی بێ و زۆر بابەتی رەوشتیی و نەریت و کلتوری رۆژهەڵاتی  لە کن رۆژئاواییەکان مایەی پەسەندی نییە ،راستە هەندێجار خەڵات دەدرێ بە رۆژهەڵاتییەکان، بەڵام ئەمە هۆکاری تری سیاسی و ئایدیۆلۆژیی لەپشتەوەیە، تەنانەت د.محەمەد غونەیمی هیلال دەڵێ ئەمە خەون و خەیاڵە، ئەدەب سیفەتێکی نەتەوەیی و خودییە[1].هەروەها (ڤان تیگەم ) دەڵێ ئەوەی گۆتە باسی دەکات شتێکی مەحاڵە، ئەدەبیاتێک بتوانێ رووی دەمی لە هەموو جیهان بێت و هەموو خەڵک قبووڵی بکەن،بەڵام لە جیاتی ئەوە دەکرێ مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی بنووسرێتەوەو بە نموونەی ئەدەبیاتی نەتەوەکان، ئەوانەی بە هەرمێن و ئاستێکی بەرزیان هەبێت و کاریان لە ئەدەبیاتەکانی دیکەیش کردووە، دەوڵەمەند

---

[1] : د.محمد غنیمی هلال، الادب المقارن،

بکرێت،چونکـە ئـەو بەرهەمانـەی وەکـو هـۆمیرۆس و دانتـی و شکسـپیر و گۆتـە و سـێرڤانتس و ...بـەهای هـزری و هونـەریی بەرزو باڵایان لە خۆگرتووە.

کێشـەکە ئەوەیـە هەنـدێ نووسـەر لـە دەرەوەی سـنووری ئەدەبی نەتەوەیی خۆیاندا زیاتر ناسراون، یان هەندێجار دوور لە بەهای هونەری، هزری سیاسی و ئایدیۆلۆژی یارمەتیدەرن.

# ئەدەبی جیهانی و ژانرە ئەدەبیەکان

چەمکـی پەرەسـەندن (التطـور) یەکـێکە لە گرینگتـرین ئەو چەمکانەی، کە تیـۆری ژانـرە ئەدەبییەکـان لەمـاوەی دوسـەدەی پەیـدابونییەوە خـۆی پـێ سـەرقاڵ کـردووە، ئەو چەمـکە ئەوە دەگەیەنێت ، کە ئایا شێوە ئەدەبییەکان چۆن پەیدادەبن ؟ ئایا لە خۆوە پەیـدا دەبـن یـا بـارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسی .... لە پشت پەیدابوونی ژانرەکانەوە خۆیـان حەشارداوە ؟ هەروەهـا پرسـیارگەلی دیـکەی وەک : ئایـا ژانـرە نوێیەکـان جۆرێکی پێشکەوتوی ژانرە کۆنەکانن ؟ یا لەنێوان بنیـاتی ژانـرە سـەرزاریەکان و ژانـرە نووسـراوەکاندا هـیچ پێوەنـدییەک هەیە ؟ ئایـا ئەدەب پەرەدەسـێنێت و پـێش دەکەوێـت بە هەمـان ئەو ڕێچکەیەی کە زانسـت پێیدا دەڕوات ، کەی ژانرێک دەگاتە چڵـە پۆپە؟ کەی ژانرێک لەنـاو دەچێت ؟ چەنـدەها پرسـیاری دیـکەی لەو شێوەیە ، کە بەشێوەیەکی گشتی تـایبەتن بە گەشەسـەندن و جوڵەی ژانرەکانەوە .

لە تیـۆری کلاسـیکی ژانرەکانـدا بەتـایبەت لە کارەکـانی ئەرسـتۆدا ، هەرچەنـدە قسـە لەبـارەی پەیـدابوونی شـیعری تراژیدی  و کۆمیدی دەکات و بـاس لەپەرەسـەندییان دەکـات لە شـــێوەیەکی زۆر ســـادە و بەرەو زیـــادکردنی ئەکـــتەرو کەمبوونەوەی ڕۆڵـی کـۆرس، بەڵام ئەو گەشەسـەندنە ڕادەگرێت لە ئاسـتێک کە هیچیتـر گەشـەی نەکـردوە، واتە لە سـەردەمی خۆیدا گەشتۆتە چڵـە پۆپە و ئیتـر واز لە بیـردۆزی پەرەسـەندنی ئەو ژانرانە دێنێت و دەڵێت:(تراجیدی و کۆمێدی و هەردووکیـان لەسـەرەتاوە بە سـەرپێیی دەسـتیان پێکـردوە یەکێکیـان لەگەڵ پێشـــەنگەکان (دیترامـــب) ســـەریهەڵداوە ئەوەیتـــر لەگەڵ

پێشەنگەکانی سترانی (فالّی ) پەیدابوو))[1]. پاش ئەمە ئەرستۆ باسی لەو گۆڕانکاریانەی تراژیدیا دەکات ، کە لەسەر دەستی **سیسبیس**[2] و **ئەسخیلۆس** و **یۆربیدس** بەسەریداهاتووە ، ئیتر ئەم گۆڕانانە دەوەستن ، ئەرستۆ وەکو گەشەی مرۆڤ سەیری ئەو ژانرە ئەدەبیانەی کردووە ، کە تاوەکو تەمەنی بیست و یەک ساڵان لەگەشە دایە ، پاشان گەشەی دەوەستێت ، بەڵام ئەرستۆ بە هیچ کلۆجێک باس لە ڕوخان و لە ناوچونی ئەو ژانرانە ناکات ، لە لایەکیترەوە پەیوەستکردنی شیعر بە لاساییکردنەوە لە خودی خۆیدا ڕەتکردنەوەی گشت گۆرانکارییەکە لە ئەدەبدا . لە دوای ئەرستۆش تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم بەرهەمێکی ئەوتۆ بەرچاوناکەوێت ، کە باس لە پەرەسەندنی ئەدەب و ژانرەکان بکات .

ڤینکلمان لە ساڵی (١٧٦٤) کتێبی (**مێژووی هونەر لە چاخە کۆنەکاندا**) ی بڵاوکردەوە ، ئەو کتێبە یەکەم کتێبێکە لە مێژووی هونەردا، کە شێوەیەکی پەرەسەندنی بەکارهێنابێت، بەپشت بەستن بە سامانێکی گەورەی مەعریفەی توندوتۆڵی ئەو هونەرانەوە. ڤینکلمان لە چوارچێوەیەکی گشتیدا وەسفی گەشەکردن و لەناوچوون دەکات و چوار قۆناغ دیاری دەکات، کە هونەری پەیکەرسازی یۆنان پێیدا تێپەڕیووە، ئەوانیش بریتین لە قۆناغی شێوازی باڵا کە نیشاندەری سەردەمی گەنجێتییە لە قۆناغە بەراییەکاندا و قۆناغی شێوازی پێگەیشتن

---

[1]: ئەرستۆ،هونەری شیعر،و:عەزیز گەردی،٢٠١١،ل٢٣.

[2]: .ئەکتەر و شانۆنامەنووسێکی گریکی بووە و ل سەدەی شەشەمی پێش زایین ژیاوەو ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە گەشەسەندنی درامای یۆنانیدا.

که نیشاندەری سەردەمی **بێرکلی**(چاخی زێرین٤٩٠-٤٢٩پ.ز) له لوتکەی کەماڵیدا،قۆناغی شێوازی داتەپین،که لەگەڵ ( لاساییکەرەوەکان) دەست پێدەکات و قۆناغی (کۆتایی غەمناک)، که هاوتای هێلینیزمە(سەرەتاکانی سەدەی چوارەم تا مردنی ئەسکەندەر٣٢٣پ.ز).

لەپاشاندا  هەریەک له **هێردەر و شلیگل** بەو بیرۆکانه سەرسام بوون و له نووسراوەکانی خۆیاندا چەمکی پەرەسەندنیان بەکارهێناوه[١].

**فریدریك شلیگل** بۆسەلماندنی کاری گەشەسەندنی ژانرەکان بەڵگە به نموونەی شیعری یۆنانی دەهێنێتەوه و وا سەیری شیعر یۆنانی کردووە،که نواندنێکی تەواوه بۆ گشت ژانره ئەدەبییەکان له سیستەمی گەشەسەندنی سروشتیدا،لەمەشدا وەسفی گەشەسەندن دەکات لەسەر بنچینەی ئەوەی،که نەشونما دەکات،بڵاودەبێتەوه، دەردەکەوێت،پێدەگات، هەڵدەواسرێت، دەمرێت،گشت ئەمانەش وەکو چارەنوسێک وان و  قابیلی خۆ لێ لادان نین،واته ناشێ،که ڕوونەدەن،یا دەق خۆپارێزی بکات لێیان ، بەڵام ئەم بازنه داخراوه تەواو نابێت ، تەنیا له یۆنان نەبێت[٢].

(**هیگل**)یش لەڕێگەی (ڕۆحی ڕەها)وه جوڵەی گەشەسەندنی لێکداوەتەوەو بۆ ئەمەش سێ قۆناغی شارستانیەتی مرۆیی،که بریتین له قۆناغی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی کۆن و قۆناغی شارستانیەتی یۆنانی کۆن و قۆناغی شارستانیەتی نوێ بەتایبەتیش ئەڵمانیای نیشتمانی دیاریکردووە،هەروەک چۆن

[١] : رينية ويلك،مفاهيم نقدية،ت:جابر عصفور،ط١،علم المعرفة، الكويت، ١٩٨٧،ص٣١.
[٢] : س.پ،ل٣١.

دیراسـەی ڕۆحـی ڕەهـا دەکـات لە مێـژووی مرۆڤـدا بەهەمـان شـێوەش لە مێژووی هونەردا بە سـێ شـێواز لێکیدەداتەوە، کە هەریەکەیـان هاوتـایە لەگەڵ یەکێـک لە قۆناغەکـانی مێـژووی مرۆڤایەتی:

شێوازی یەکەم بریتییە لە شێوەی ڕەمزی، کە شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتـی کۆن ناسـیویانەو شـێوازی دوەم بریتیە لە هـونەری کلاسیکی،کە شارستانیەتی یۆنانی پێی ئاشنابووە،هی سێیەمیش بـریتیە لە (هـونەری ڕۆمـانتیکی ) کە شارسـتانیەتی نـوێ ناسـیویەتی،جۆرەکانی هـونەرو شـێوەکانی وەرگیـراوە لەم ئاراسـتەوە لەبەرئەوە گەشەسـەندنی هـونەرلە ڕووی شـێوەو جۆرەکـانیەوە ڕوو لە گـوێزانەوە دەکـات لە پەیکەرتاشـییەوە بـۆ نیگارکیشـی و هەر گـوێزانەوەیەک لەم سێ گـوێزانەوەیە بـریتییە لە لێکـدانەوەی و شـیکردنەوەی ئاراسـتەی هـونەری زاڵ و هەرشێوەیەک لەو شێوە هونەرییەش بریتیە لە لێکدەرەوەی ئەو ژانـرە هـونەرییەی کە بـاڵا دەسـت بـووە لە سـێ قۆنـاغەکەی مێـژووی مرۆڤایەتیدا ، هـونەری تەلارسـازی بـریتییە لە نمـونەی شێوازی ڕەمزی لە مێژووی هونەردا و هـونەری شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتـی کـۆن بـووە ، هـونەری پەیکەرتاشـی – هەلکۆڵین – نمـونەی شـێوازی کلاسـیکە لە مێـژووی هـونەردا و هـونەری شارستانیەتی یۆنانی کۆنە ، هونەری نیگارکێشی لەگەڵ مۆسیقا و شیعریش نموونەی شێوازی ڕۆمانتیکییە لە مێژووی هونەردا و یەکێکە لە هونەرە بنەڕەتییەکانی شارستانیەتی نوێ[١].

---

[١] : عبدالمنعم تليمة،مقدمة في نظرية الادب،١٩٧٠،ص١٣٢-١٣٤.

یەکێکی دیکە لەو فەلسەفانەی، کە زۆر کاریگەرییان هەبوە لەسەر پەرەسەندن لە تیۆری ژانرەکاندا فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی (**ئۆگۆست کۆنت** Auguste Comte ١٧٩٨-١٨٥٧ز) بوو ، کۆنت بیرۆکە پۆزەتیفیەکەی گواستەوە بۆ مەیدانی فەلسەفەی هونەر و گەشەسەندنی هونەری وابەستەی سێ قۆناغ کرد:قۆناغی لاهوتی،کە کۆتایی دێت لە کۆتایی سەدەی چوارەمی زایینی،کە کلاورۆژنەی یەکەمە بۆ سەرجەم هونەرەکان،کە تیایدا دەرکەوتون ، قۆناغی میتافیزیکی،کە تێیدا بزوتنەوەی هونەری و کلاسیکی نوێ سەریهەڵداوەو سێیەمیشیان قۆناغی پۆزەتیڤیزم (ڕەوشگەرایی)،کە تێیدا هونەر بەشێوەیەک سەربەخۆبووە بە گەشەکردنێکی تایبەت و دەوڵەمەند بووە بە جۆرەها نوێگەرییەوە،بۆتە ئامرازێکی دەربڕین لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا و ملکەچی پۆشاکەکانی کات و شوێن و بارودۆخی کۆمەڵایەتی بوو[١].

لەم قۆناغەدا زانایانی مێژوو و کەلەپور و هونەرەکان هەوڵیانداوە تیۆری گەشەکردنی ئەندامی بگوازنەوە بۆ نێو مەیدانی کۆمەڵناسی و مرۆڤایەتی و زانستە ئەدەبییەکان و وایان دەبینی، کە یاساکانی گەشەکردنی بایۆلۆجی و جۆرەکانی بوونەوەرە ئەندامییەکان بنەڕەتێکی چاکە و بەهۆیانەوە یاساکانی گەشەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتی و ژانرە هونەری و ئەدەبییەکانی پێ لێکدەدرایەوە. ئەو گۆڕانکارییەش لەگەڵ دەرکەوتنی کتێبی (بنەچەی جۆرەکان ) ی (چارلز داروین)

---

[١] : د.فایز ترحیینی، الدراما و المذاهب الادب،ط١، بیروت، ١٩٨٨، ص٩٦.

سەریهەڵدا و هێندەی نەبرد لە تەواوی ئەوروپادا ئەو بیرۆکەیە لەسەر ئەدەب و هونەرە جوانەکان پەیڕەوکرا.

(**هێربـرت سپنسـەر**Herbert Spencer ١٨٢٠-١٩٠٣ز) لە کتێبی (**گەشەسـەندن، بنەمـاو هۆکارەکـانی ، ١٨٥٧**) یەکەمین کەسێکە لە مێــژووی هــونەردا،کە هەوڵــی جێبەجێکردنــی یاســاکانی گەشەســەندنی بــایۆلۆجی دابێــت لەســەر ئەدەب و هــونەردا. سپنسەر خودی خۆی ئاماژەی بەو خاڵەکردوە،کە چۆن دەشێت وێنای گەشـەکردنی ئەدەب بکرێت بەپێی یاسـای پێشکەوتن لە سادەوە بۆ ئاڵۆز بوون[1].

(سپنسـەر) دوو بۆچوونی دیکەشی خستەسـەر بۆچوونەکان کە بریتی بوون لە :

١- پەرەسەندن لەگەڵ پێشکەوتندا ڕێک دەکەوێت .

٢- پەرەسەندن یاسایەکی گشتیە لە یاسـاکانی سروشت ، بەڵام ئەم دوو جـۆرە بۆچــونە بە شــێوەیەکی گشــتی ڕەتکــرانەوە وەرنەگیران.[2]

یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی لێکدانەوەی پەرەسـەندنی ژانرە ئەدەبییەکان تیۆرییەکەی(**هیبۆلـت تـین** Auguste Comte ١٨٢٣-١٨٩٣ز)ە،کە پشتی بەستووە بە فەلسەفەی ئەزموونی،بە بـاوەڕی **تــین** هـۆی جیـاوازی بەرهەمـی ئەدەبـی و هـونەری بەگشـتی دەگەڕێتەوە بۆسێ هۆکار:

---

[1]:رينية ويلك،مفاهيم نقدية،ت:جابر عصفور،ط١،علم المعرفة ،الكويت، ١٩٨٧،ص٣٢.

[2]: د. شكرى عزيز الماضي،نظرية الادب ، ٢٠١٠، ص١١٨.

١-ڕەگەزو بنەچە (race) بەواتای تایبەتمەندییە خۆڕسکە جێماوە هاوبەشـــەکان لە نێـــوان تاکەکـــانی نەتەوەیەک،کە هەڵقـــوڵاوی ڕەگەزێکی دیاریکراوان .

٢- ژیـــنگە و شـــوێن (milieu) بەواتـــای فەزای جـــوگرافی و ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەدەبدا .

٣- کـات و چەرخ (temps) یـا کۆمەڵێـک بـارودۆخی سیاسـی و ڕۆشنبیری و ئایینی، کە لە توانایاندایە کاریگەریی بکەنە سەر دەق[1].

هەروەها لە وڵاتانی دیکەی وەکو بریتانیا چەند کەسێکی دیکە دەرکەوتـن،کە کـاریگەربوون بەتیـۆری گەشەسـەندنی بـایۆلۆجی داروـیـن(**جـــۆن ئەدگلتـــۆن ســـەمەندەرز**) لە ســاڵی ١٨٨٤ دا بە شێوەیەکی سـەخت و بێبەزەییانە لێکچوونی بایۆلۆجی لەسـەر مێژووی درامای ئەلیزابێسی پەیڕەوکرد،(ریچارد گرین مۆڵتن) یش لە کتێبەکەیدا (**شکسپیر** وەک هونەرمەندێکی درامی) لە ساڵی ١٨٨٥ دا ئەو بیرۆکەیەی جێبەجێ کرد و چەندین جار باوەڕی خۆی بۆ ئەو بیردۆزە دووپات کردۆتەوە، تەنانەت لە کتێبەکەی لەسـاڵی ١٩١٥ یشـدا بە نـاوی(لێکۆڵینەوەیەکی نـوێ بـۆ ئەدەب) جـەختی لەســەر بۆچوونـەکـانی پێشـتری کردۆتـەوە[2].. بەڵام ئـەوەی لە هەمـوو هەوڵەکـان زیـاتر کـاریگەری هەبـووبێ و لە تیـۆری ژانرەکانیشـدا باسـی کرابێـت بـریتییە لە کۆششـەکانی

---

[1] : فضـيلة مـادی، دور عالميـة الادب و مذاهبـة فـی التطـور الادب و ظهـور الاجنـاس الادبية، جزائر، ٢٠١٢،ص٩.

[2] : رينيـة ويلك،مفـاهيم نقديـة، ت: جـابر عصـفور،ط١،علـم المعرفـة، الكويـت ،١٩٨٧، ،ص٣٣.

Brunetire Ferdinand ١٨٤٩-١٩٠٦ز )ی فرەنسی،کە لە ساڵی ١٨٩٠ دا لە کتێبی( le evalution des genres ) گەشەسەندنی ژانرەکان)ی نووسی، لەو کتێبە دا دەڵێت: ژانرەکان زیاتر خۆکارن و خاوەن یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆیانن، تا ئەوەی لە ژێر کاریگەرییە کلتورییەکاندا بن، ئارەزوو و ویستی نووسەر هیچ کاریگەرییەکی لە گۆڕینی ژانرەکاندا نییە[١].

**برۆنتییر** لە کتێبی(پەرەسەندنی شیعری لیریکی لە فەرەنسا) دا دەڵێت :

> **تیۆری پەرەسەندنی ئەدەبی هەوڵنادات ڕابردوو زیندووبکاتەوە، بەڵکو دەیەوێ بیناسێت و یاساکانی هەڵبهێنجێ. دەست بۆ هەمو شتێک نابات،تەنیا ئەوەی گرینگە قەناعەتی پێدەکات، گوێزەرەوە نییە،بەڵکو لێکدەرەوەیە،ئامانجی ڕونکردنەوەی سەدەها هۆکاری یەک لە دوای یەکی قوڵ و شاراوەیە،کە بە هۆی مێژوو و دیاردەگەلی ئەرێنی و نەرێنی هاتونەتەکایەوە،هەروەها ئامانجگەلێک،کە هەریەک لەم هۆکارانە هەڵیانگرتووە[٢].**

برۆنتییر پێیوایە، کە پێویستە لەسەر تیۆری ژانرەکان وەڵامی چەند خاڵێکی وەک ئەمانەی خوارەوە بداتەوە:

- **شێوەی پەیدابوونی ژانرەکان:** ئەمەش چەند پرسیارێک لە خۆی دەگرێت: ئایا کارەکە پەیوەستە بە هەندێک گۆڕانکاری سادەی لە خۆوەیی،یا چۆنایەتییەکی حەقیقی، ئایا ژانرەکان بوونێکیان

---

[١]: د.،سیروس شمیسا انواع ادبی،چاپ چهارم،نشر میترا، تهران،١٣٩٣ ، ص١٨.

[٢]: محمد مندور، المسرح العالمي، دار النهضة مصر لطبع و النشر، القاهرة، ص١٣٥.

لەســەر حەقیقەتــی سروشــت و مێــژوودا هەیە، ئایــا لە خــودی خۆیدا هیچ مەرجێکی هەیە، ئایا ماوەی ژیانیان چەندە، ئایا تـا چ ڕاددەیــەک ســەربەخۆن واتــە ســەربەخۆییان بە پێــی پێویســتی ڕەخنەییە،یا بە پێی ئارەزوی نووسەر و شاعیرانەوە ؟

• **مەسەلەی پێکهــاتە و جیاوازییەکــان**:چۆن ژانرەکان لە پۆشـاکی یەکەمیان ئازاد دەبن؟ چۆن سـەرەتا جیاکاری تێدا سـەرهەڵدەدا بـۆ ئەوەی دابەشـبێت، ئینجـا لە پـاش ئەمە جیـادەبێتەوەو دواتـر ســەربەخۆ دەبێــت؟ برۆنتییێــر ئەمەی وەکــو سیســتمی خێزانــی داناوە،کە چۆن منداڵ لە دایک دەبێت پاشـان ژن دێنێت و ئینجـا لە دایک وباوکی جیادەبێتەوە .

• **چەســپان و جێگیربــونی ژانرەکــان** : یــا کێشــەی  بەردەوامــی مێژووییان و دڵنیابونی تاکایەتی و سەربەخۆییان،کە هاوشـێوەی بـونی ئێوەو بـوونی منە،لەگەڵ سـەرەتاو ناوەڕاسـت و کۆتاییدا ئەم بــوونەش بــوونی بــوونەوەرێکی بــایۆلۆژیە، لەمەشــەوە برۆنتییێـر شـێوەیەکی تـایبەت زیـاتر جەخـت لەسـەر مەسـەلەی گرینگی گەنجێتی و لاوازی و پێگەیشتنی ژانرەکان دەکاتەوە.

•مەسەلەی گۆڕانکارییەکانی ژانرەکان یا شیکردنەوەی هێزێک، کە بەشــداری لە جێگیرنەبــوونی ژانرێــک و لە نــاوبردن و هەڵوەشـاندنەوەی بە ئەگەری دووبـارە بونیاتنـانەوەی دەکـات، برۆنتییێر وای دەبینی،کە ئەو مەسـەلەیە زۆر ئاڵۆزەو لەوکـاتەدا چارەسەر دەکرێت،کە شتێک بخرێتە سـەر بارودۆخی ژانرەکـان، لە نێـوان هۆکارەکـانی نـاجێگیربون و پەرەسـەندنی گۆڕانکـاری تێکـراودا  بـاس لە بۆمـاوە، یـا بـنەچە و کـاریگەری هۆکـارە جوگرافیەکــان و کەش و هەوا و کــۆمەڵایەتی و مێژوویــی و

تاکایەتی تایبەت دەکات،ئەم ڕەگەزەی دوایی بەلای برۆنتییێرەوە ڕەگەزێکی سەرەکیە(تاک شتێک دێنێتە ناو مێژووی ئەدەب و هونەر،کە لە پێشتردا نەبوە،لەسەردەمی خۆشیدا نەبوە،لەدوای خۆیدا بەردەوام دەبێت).

•**مەسەلەی گۆڕانی ژانرەکان:**برۆنتییێر لەواقیعدا لەڕێگەی ئەو مەسەلەیە دەیویست بزانێت ئایا یاسایەکی گشتی هەیە تاکو حوکم بە پەیوەندییەکانی ژانرەکان لە نێو خۆیاندا بکات،لە پشتی ئەو یاسایانەی،کە حوکم بە گەشەکردنی ناوەکی هەر ژانرێک دەکەن،ئەو وای بۆ دەچێت ئەم جۆرە یاسایە بوونی هەیەو هاوتایە لەگەڵ یاسای بنچینەیی گەشەسەندنی ئەدەبی،یاسای هەڵبژاردنی سروشتی (ململانێی سروشتی)،ڕکابەری سروشتی و بەردەوامبوونی ئەوەی کێ خاوەن هێزێکی زیاترە.دەرکەوتنی هەندێک ژانر لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەبێتە هۆی لەناوبردنی هەندێکی دیکە، هەروەها ئەگەر ئەوە ڕاستە،کە ململانێکە لە پێناو مانەوەیە ئەوا هەموو کات توندوتیژیشە، تەنیا لەنێوان ژانرە هاوسێکان نەبێت[1].

**برۆنتییێر** لە تیۆرەکەیدا دەڵێت:

**(تراژیدیای فەرەنسی لەگەل جودێل لە دایکبووەو لەسەر دەستی کۆرنێ پێگەیشتووەو لەسەر دەستی ڤۆڵتێر پیربووەو لەگەڵ هۆگۆش مردووە).**[2]

---

[1] : جان ماري شيفر،ما الجنس الادبي، ترجمة دكتور غسان السيد، اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٥،ص٣١-٣٣.

[2] : رينية ويلك،مفاهيم نقدية،ت:جابر عصفور،ط١،علم المعرفة،الكويت،١٩٨٧،ص٣٤.

وەک دەبینین برۆنتییێر دەیەوێت وەکو بوونەوەرێکی ئۆرگانیکی مامەڵە لەگەڵ کەرەسەکانی ئەدەب بکات و خولێک دادەنێت بۆ لەدایکبوون و پێگەیشتن و پیربون و مردن، کە هاوشێوەیە لەگەڵ سووڕی ژیان و مردنی مرۆڤ و تەواوی بوونەوەرە بایۆلۆژییەکانی دیکە، هەروەها برۆنتییێر وایدادەنێت، کە کاری ئەدەبی نایاب دەبێت ئەگەر هاتوو سێ سیمای تێدا بێتەدی ئەوانیش تەواومەندی هۆکارە گوزارشتکەرەکان و باوەڕی هونەرمەند بە زیرەکی ڕەگەز و نیشتمانەکەی، دەرکەوتنی ساتێک کە ئەم ژانرە بگاتە پلەی تەواومەندێتی[1].

جگە لەمانەش لە ناوچوونی ژانرێک لای برۆنتییێر بە تەواوەتی نییە، بەڵکو هەندێک پاشماوە لەدوای خۆی جێ دەهێڵێت بۆ ژانری دوای خۆی لەم ڕووەوە دەڵێت:

**ژانری ئەدەبی وەکو ژانری بایۆلۆجی وایە سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات و لە ناودەچێت،بەڵام لەناوچونی ژانرە ئەدەبییەکان وەکو لەناوچونی جۆری بونەوەرە زیندوەکانە- بە تەواوەتی لەناو ناچێت، بەڵکو ڕەگەزەکانی دەگوازێتەوە بۆ ژانرێک یا بۆ ئەو ژانرەی لێیەوە گەشەی کردووە[2].**

لەو جێگەیەشەوە هەمیشە ژانرێک دەبێتە بنیات و بنە بۆ ژانری دوای خۆی،واتە سەرهەڵدانی ژانرێک لەخۆوە نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی یەکێکی پێش خۆی دەبێت،بەو واتایەی کە

---

[1] : د.شكرى عزيز الماضي،نظرية الادب ،٢٠١٠، ص١١٩.
[2] : عبدالمنعم تليمة،مقدمة في نظرية الادب،١٩٧٠،ص١٧٨-١٧٩.

ژانرەکان تەنیا گەشە ناکەن،بەڵکو دەگۆڕێن بۆ ژانری دیکە ، لەبەرئەوەی کۆمەڵگا گەشەدەکات و کەسی بلیمەتیش هەوڵی پێکهێنانی شێوەی دیکە دەدات،کە لەگەڵ ئارەزووە نوێکاندا بگونجێت، جۆرە مردووەکان دەبنە خۆراک، کە جۆرکانیتر لەسەریان گەشەدەکەن وەک ئەوەی داستانەکانی هۆمیرۆس دەبنە مێژووی هێرۆدۆتس[1].

هەروەها برۆنتییر لەباسەکانیدا دەربارەی گەشەکردنی ئەدەب دەگاتە ئەو شوێنەی،کە ئایا دەکرێت ڕەخنەی ئەدەبی بە ژانرێکی ئەدەبی هەژماربکرێت؟ کە وەڵامێکی نەرێنی بۆ ئەم باسە هەیە لەبەرئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی(سنورێکی تایبەت و دیاری نییەو لەنێوان بەرهەمە کۆن و نوێکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕوێکی هاوبەش و دیاریکراو یا تایبەتمەند نییە،یا زۆر کەمە)[2].

گرینگیترین ئەو ڕەخنانەی،کە ئاڕاستەی بۆچوونەکانی برۆنتییر کرانەوەتەوە،بریتییە لەوەی کە ویستویەتی یاساکانی گەشەسەندنی بونەوەرە ئۆرگانیکەکان بە تەواوەتی جێبەجێ بکات لەسەر ئەدەبدا،ئەمەش ناشێ چونکە جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان ئەدەب و کەرەسەکانی لەگەڵ کەرەسەی بونەوەرە بیۆلۆژییەکان بەدی دەکرێت.

(**رینیە ویلیك** René Wellek ١٩٠٣-١٩٩٥ز) ڕەخنەی لە بۆچوونەکانی برۆنتییر گرتووەو پێیوایە بۆچوونەکانی لەسەر

---

[1]: فنسنت،نظرية انواع الادبية، ترجمة،د.حسن عون،ط١، مكتبة رويال، الاسكندرية، ١٩٧٨ ،ص٣٥- ٣٦.

[2]: د.سيروس شميسا انواع ادبی،چاپ چهارم،نشر ميترا، تهران،١٣٩٣ ،ص٤٨.

نیمچە هەڵە بونیاتنراوە لەنێوان ژیانی تاک و ژیانی هەر ژانرێکی ئەدەبیداو دەڵێت:

**گەشەسەندنی بایۆلۆژی بونەوەری تاک وەک ئەو لێکچوونەی ئەدەبی نییە و برۆنتیێر زێدەڕۆیی کردووە لە بەردەوامی دابەزینیان و گۆڕانیان بۆ ژانری دیکە**[1].

هەروەها ڕەخنەیەکی دیکە،کە ئاراستەی بۆچوونەکانی برۆنتییێر و ئەوانە کراوە،کە خەریک بوون بە جێبەجێکردنی بیرۆکەی گەشەسەندن لەسەر ئەدەبیاتدا بەشێوەیەکی دەقاودەق، ئەوەیە،کە ئەوان گشتاندنێک بەسەر کارەکانەوە دەکەن،کە هەڵەیەکی کوشندەیە،ئەگەر هاتوو هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک وەلا بنێی و وەکو ئەوە سەیری بکەی، کە گشت نەتەوەکان خاوەنی یەک ئەدەب بن[2].

ئەو هەوڵانەی دواتر،کە بۆ نوێکردنەوەی چەمکی گەشەکردنی ئەدەبی و دەسکاریکردنی سەریانهەڵدا شکستیان هێنا،(**جۆن ماتیۆز مانلی**)کاریگەربوو بەتیۆری(بازدان )،کە(**دی فرەیزەر**) پێیگەشتبوو و هەولیدا لەسەر مێژووی دراما لە چاخی ناوەڕاستدا پراکتیکی بکات[3].

لەدوای برۆنتییر ئەو هەوڵانەی،کە دران بەشێوەیەکی گشتی خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی گرینگ لە تیۆری ژانرەکاندا تەرخانکرد ئەمەش لەو ڕووەی،کە ئایا ئەدەب گەشە

---

[1]: د.شکری عزیز الماضي، نظرية الادب ،٢٠١٠، ص١١٩.

[2]: فضيلة مادی،دور عالمية الادب،ص٨.

[3]: رينية ويلك،مفاهيم نقدية، ت: جابر عصفور، ص٣٥.

دەکات؟چۆن گەشە دەکات؟واتە ئایا ئەدەب کردەیەکی چەسپاوی بێ جووڵەیەو بە تێپەڕبوونی کات و شوێن و بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت،یاخود،نا؟هەروەها ئەگەر ئەدەب بەرەو پێش دەچێت و گەشەدەکات ئەوا بە چ ڕێساو یاسایەک بەڕێوە دەچێت و چۆن گەشە دەکات؟

تیۆرەکانی پێشووتر(لاساییکردنەوە،گوزارشتکردن،خولقاندن) بەشێوەیەکی ڕەها فراژی کردن و گەشەسەندنی ئەدەب و ژانرەکان ڕەتدەکەنەوە،ئەمەش بەچەند بیانویەکی وەک سیستمی کات، یاخود سیستمی ئاوێنەو لاساییکردنەوەی واقیع،یاخود بەرهەمی تاکی سەربەخۆ،کە لە خودی خۆیەوە بەرهەمێکی ناوازەیەو هەڵقوڵاوی ناخی نووسەرو شاعیرە، جیا لەمانە تیۆری ڕەنگدانەوە بۆچوونێکی ئەرێنی لە بارەی تیۆری ژانرەکان و گەشەی ئەدەبی هەیە،هەروەها لەبارەی ئەو پرسیارانەی،کە ئایا ئەدەب  فراژی دەکات،بەهەمان ڕێچکەی زانستەکانی دیکە،یاخود بەڕێگاو شێوازی خۆی هەمدیسان تیۆری ڕەنگدانەوە بۆچوونێکی جیاوازتری لەوانەی پێشوتر هەیە.

تیۆریستەکانی ئەم تیۆرە پشتیان بە فەلسەفەی ماددی لە لێکدانەوەی دیاردەی گەشەکردنی ئەدەب و دەرکەوتن و زاڵبوونی یەکێک لە ژانرەکان لەسەردەمە جیاوازەکاندا بەستووە، ئەم فەلسەفەیە دیالیکتیکەش پشت بە دولایەنی سەرخان و ژێرخان دەبەستێت و کە هەر گۆڕانێک لە ژێرخان ڕوودات کاردەکاتە سەر سەرخان و دووبارەش سەرخان بە شێوەیەک لە شێوەکان کار لە ژێرخان دەکات و دەیگۆڕێت.بە

شیکردنەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و واقیعی چینایەتی هەر سیستمێک لەو سیستمانەدا ئیشی ئەو شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەوە دەبێت،کە دیراسەی یاسای گشتی گەشەکردنی ڕۆشنبیری بکات ئەمەش ئەو یاسایەیە، کە بنەڕەتی ماددی کۆمەڵ لێکدەرەوەی دیاردە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کۆمەڵەیەو زۆرترین کاریگەری دەبێت لەسەر ناوەڕۆکەکەی و گەشەسەندنەکەی، بەڵام  مێژووی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا تەواو نابێت ، تەنیا بە دیراسەکردنێکی جۆری نەبێت،کە یاسای تایبەتی گەشەسەندنی ڕۆشنبیری لەژێر سێبەری یاسا گشتیەکەدا ئیشی پێدەکات. هەروەها بەدیراسەکردنێکی سەربەخۆی ڕێژەیی بۆ ڕۆشنبیری و شێوەکەی و سروشتی جۆری جیاکەرەوەی هەر شێوەیەک ،کە هونەریش شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕۆشنبیری و لە گەشەسەندیدا ملکەچی یاسا گشتیەکانی پێشوو دەبێت لە پەیوەندی هۆشیاری بەو بوونەوەو گشت سیستمێکی کۆمەڵایەتی گوزارشت لە حەقیقەتی وجودی و سروشتی پەیوەندییەکانی دەکات و ئەمەش لێکدانەوەی گەشەسەندنی هونەرییە،کە گشت گوێزانەوەیەک لە گوێزانەوەکانی ئەم گەشەسەندنە  گوزارشت لە بوونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەکات لە قۆناغیک لە قۆناغە مێژوویەکاندا،گەشەسەندن لە زانستدا پشت بەکەڵەکەبوون و بەدوایەکداهاتن دەبەستێت،بەڵام هونەر لە گەشەسەندندا پشت بە لێکۆڵینەوەیەکی توندوتۆڵی (دامەزراندن)ێکی گونجاوی گشتگیری جوانیناسانە بۆ بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەبەستێت و ئەو باسەش شێوەی

پەیـدابوونی هـونەرە نوێکـان و لەنێوچـوونی ژانرەکـانیترو بـاڵا دەسـتی نمـوونە مرۆڤایەتییەکـان و ڕێگاکـانی گوزارشـتکردن و بنیاتنـان و تیـۆرو قوتابخـانە هـونەری و میتـۆدە ڕەخنەیـی و ئیسـتاتیکیەکان وەردەگرێـت لەبەرئەوە گەشەسـەندنی زانسـت زیـادبون و پایەداربوونی تێدایە لەگەڵ نزیکبـوونەوە لە کەمـاڵ، بەڵام لە هــونەردا کــارەکە بەم شــێوەیە نییە،نــاتوانین بڵــین تۆلسـتۆی و سـتاندال نزیکتـرن لە حـاڵەتی کەمـاڵ وەک لە هۆمیرۆس و جیریکو.[1]

قســە لێــرەدا ئەوە نیــیە،کە نــویێ (باشــترە) لە کــۆن یــا پێشــکەوتووترە، بەڵکـو زیـاتر گونجـاوترە بـۆ بونیاتنــان و دامەزرانـدنی گشـتاندنێکی ئیسـتاتیکی بـۆ واقیعێکـی دیـاریکراو لەبەرئەوە یاسای زانستی نوێ شوێنی یاسا زانستییە کۆنەکان دەگرێتەوە،بەڵام لە هونەردا کۆن و نوێ نییەو نوێ شوێنی کۆن لەق ناکات و نایبڕێنیتەوە،دوەمیان مەرج نییە هونەر لێکچوونێکی میکـانیکی بێـت لەگەڵ بـارودۆخە چینـایەتی و کۆمەڵایەتییەکـان، هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعێکی دیاریکراوە،بەڵام ئەم ڕەنگدانەوەیە بەشێوەیەکی ڕێژەیی وابەستەیە بە دەلالەتی مرۆڤـایەتی گشـتی. هونەری هەژار ئەوەیە،کە دەلالەتێکی مێژوویی ڕێژەیی لە خۆی گرتبێت کە هونەرێکی (گونجاوی زو تێپەڕ)ە و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگـار دەمرێـت، کـارە نەمرەکـانیش لە هــونەردا هەردوو دەلالەتەکە لەخۆدەگرن، بەڵام سەرکەوتنی نوسـەر لە دارشـتنێکی چەسـپاو دایە لەو کـاتەی،کە تواناکـانی دابـین دەکـات لە پێنـاو دارشــتنی ڕێژەیــی مێژوویی،تواناکـانی لە دەرهێنـانی گشـت لە

[1]: عبدالمنعم تليمة،مقدمة في نظرية الادب،١٩٧٠،ص١٥٤-١٥٥.

تایبەتدا و هەمەکی لە بەشەکیدا و جێگیر لە ڕێژەییداو نموونەیی لە نیشاندراودا[1].

واتە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە گەشەسەندنی ئەدەب و هونەر لە لایەک وابەستەیە بەگەشەسەندنی کۆمەڵ و لەلایەکی دیکەشەوە بە ئیشکردنی یاسا تایبەتییەکانی هونەر لە ژێر رۆشنایی یاسا گشتیەکاندا،ئەم خاڵەش ڕوونکەرەوەی ئەوەیە، کە ئەدەب یاسای تایبەت بەخۆی هەیە و لەژێر ڕۆشنایی یاسا گشتییەکانی کۆمەڵ کاردەکات،کە جیایە لە یاسای زانستەکانی دیکە،ئینجا لەو ڕێگەیەشەوە تیۆریستەکانی ئەم تیۆرە دێنە سەر دەرکەوتن و لەناوچوونی ژانرێکی ئەدەبیی،بە باوەڕی ئەوان ژانری ئەدەبی لەبارودۆخێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات،ماهیەتەکەشی وەرگیراوی کارامەییە زانستی و تەکنیکییەکانی ئەو بارودۆخەیە،هەروەها گرینگیەکەشی شۆڕدەبێتەوە بۆ پێداویستییە گشتییە ئیستاتیکییە ڕوحی و فیکری وکۆمەڵایەتییەکان،کە ئەم بارودۆخە مێژووییە کۆمەڵایەتییە سەپاندویەتی.لە گشت سیتسمێکی کۆمەڵایەتی ژانرێکی ئەدەبی،یا چەند ژانرێکی ئەدەبی دێتەکایەوە،کە تێدا نموونەی ئیستاتیکی بەرزو پێوەندی مرۆڤ ڕەنگ دەداتەوە، لەگەڵ جیهانە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکە، ئەمەش بنچینەی گشتییە لە پەیدابوونی ژانرە ئەدەبییەکان و گەشەکردنیان،بەڵام دو دەسکەوتی گرنگ لەم بۆچوونەدا دەبینین،کە پێوەندییان بەم بنچینەوەیە هەیە:

---

[1] : عبدالمنعم تليمة،مقدمة في نظرية الادب،١٩٧٠،ص١٦١-١٦٢.

١-سـەربارى ئەوەى، کە ژانـرى ئەدەبـى لە دروسـت بـوون و پێگەیشـتن و گەشـەکردنیدا پەیوەسـتە بە بـارودۆخێکى مێژوویـى کۆمەڵایەتى دیاریکراو،بەڵام کارە هونەرییەکـانى سـەر بەو ژانـرە داهاتوویـەکى نەمریـان هەیەو لە پـاش لەنـاوچوونى ئەم ژانـرەو لەپاش ئەو بارودۆخە مێژووییە کۆمەڵایەتییەى،کە ئەو ژانرە تێدا بـاڵا دەسـت بووە،هێشـتا وەکـو هـونەرێکى بەرز لە ڕووى ڕەگەزەکانەوە لەبەردەوامیدایەو دەوام دەکات ئەوەش پەیوەستە بە ڕەگەزە جێگیرەکـان لە بەهاکانـدا،لەگەڵ پێداویسـتییە گشتییەکانى مرۆڤایەتى.

٢- سەربارى ئەوەى،کە ئەم بنچینەیە گشـتیە بۆ هەر سیسـتمێک و ژانـرە ئەدەبیەکەى،یـا جـۆرە ئەدەبییەکـانى،کە حەقـیقەت و پێوەنـدى و نمـوونەودرکپێکردنە ئیسـتاتکیەکانى  تێـدا ڕەنـگ دەداتەوە،ئەوا ئەم بنچینـەیە (یاسـایەکى کۆتـایى) نییە بـۆ ژانـرە ئەدەبییەکـان ، بەلکـو ئەو (بنچیـنەیە گشـتییە ) ملکەچـى تایبەتمەنـدییە گشـتییەکانى هـونەرو تایبەتمەنـدییە تایبەتییەکـانى ئەدەبە ، هەروەکـو وتمـان، کە هـونەر وێـنەیەکە لە شـێوەکانى هۆشـیارى کـۆمەڵایەتى و سـەربەخۆییەکى ڕێژەیـى و یاسـاى گەشەسەندنى تایبەت بەخۆى هەیە .

ئەم تایبەتمەندییانەى هونەر گەشەى هونەرى دەکەن و دەبنە سـەرچاوەى ژانرەکـان و گەشەسـەندیان ، بەشـێوەیەکى ئۆتۆماتیکى نەگۆڕیش هاوتا نییە لەگەڵ گەشەکردنى کۆمەڵایەتى ، سـەربارى ئەوەى،کە بنەڕەتـى زانسـتى لێـرەدا ئەوەیە،کە گەشەکردنى هونەر وابەستەیە بە گەشەسەندنى کۆمەڵەوە[1].

[1] : عبدالمنعم تليمة،مقدمة في نظرية الادب،١٩٧٠،ص١٩٢-١٩٣.

بەپێـی ئەم بۆچـوونەی تیـۆری ڕەنگـدانەوە دەرکەوتـن و لەنـاوچوونی ژانـرە ئەدەبییەکـان پەیوەسـتە بەچێـژو حەزە ئیسـتاتیکییەکانی تاکەکـانی کـۆمەڵ لەلایەک، لەلایـەکی دیـکەش پەیوەسـتە بەو بـارودۆخە کـۆمەڵایەتییەی،کە سیسـتمێکی کـۆمەڵایەتی هەیەتـی،هەر ئەوەشـە وادەکـات،کە ژانرێـک لە کۆمەڵگایەکدا پەیدابێت و لە یەکێکی دیکەدا بوونی نەبێت لەم بارەیەوە(**لۆکاش**)دەڵێت:شێوەکانی ژانرە ئەدەبییەکان لەخۆوە نین ، بەڵکـو بە پـێچەوانەوە لە هۆکـارێکەوە سـەرهەڵدەدەن و لە بـارودۆخێکی کـۆمەڵایەتی و مێژوویـی دیـاریکراودا بەرجەسـتە دەبـن و سروشـت و تایبەتمەنـدی ئەو ژانـرانەش لەڕێـگەی تواناداریيـان لەسـەر گوزارشـتکردن لە تایبەتمەنـدییە جەوهەرییەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دیاریدەکرێن، پاشـان ئەم ژانـرە جۆراوجـۆرانە لە قۆنـاغە دیاریکراوەکـانی گەشەسـەندنی مێژوویی سـەرهەڵدەدەن و بەشێوەیەکی خێراش سروشـتیان دەگۆڕێت(داسـتان دەگۆڕێـت بـۆ ڕۆمـان)و هەنـدێ جـاریش بە تەواوی ون دەبێـت ، هەنـدێک جـاریش لە ریـگەی مێــژووەوە جــارێکی دیــکە دەردەکەونەوە،لەگەڵ هەنــدێک دەستکاری کردن و گۆرانکاری دیاریکراودا[١].

ئەم قسـانەی لۆکاچ سـەلمێنەری ئەوەیە،کە هەرگیز جۆرێک لە ژیـنگە و بـارودۆخێکی نەگونجـاودا سـەرهەڵنادات بە نمـونە دەرکەوتنـی ڕۆمـان وابەسـتەیە بەو سیسـتمە کـۆمەڵایەتی و مێژووییەی،کە ئەو ژانـرەی لـێ دەرکەوتووە،بەواتـایەکی دیـکە

[١]: خيري دومة،،القصة، الرواية، المؤلف،،ص١٦٣.

بۆچی ژانری رۆمان لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی دەرنەکەوتووە ؟ بێگومان ئەمە پەیوەستە بەو خاڵەی،کە هەر ژانرێک وابەستەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و باروودۆخە مێژووییەکان و چێژی ئیستاتیکی سەردەمە.

فۆرمالیستە ڕووسەکان کۆششێکی بەرچاویان لە مەیدانی لێکۆڵینەوەکانی گەشەکردنی ژانرەئەدەبییەکاندا نواندووە، هەریەکە لە( شکلۆڤسکی و تینیانۆف)،کە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا بە هێنانەکایەوەی چەمکی (زاڵ) توانیویانە ئەو ڕەگەز و هۆکارانە شیبکەنەوە،کە لەپشت گەشەکردنی ژانرەکانەوەن.

(**شکلۆڤسکی**) باوەری وایە،کە شێوە نوێیە هونەریەکان شتێک نین، جگە لە ژانری خوارەوەتری گوزارشتکردن(جۆرە نیوە ئەدەبییەکان) ڕۆمانەکان زنجیرەیەکن لەچەند ڕۆمانێکی تاوانکاری باڵا بوو،یا ڕۆمانە خروشێنەرەکان،شیعرە لیریکیەکانی پۆشکین لە شیعرەکانی بابەتی ڕۆژ،شیعرەکانی بلەک لە شیعری بەربەرییەکان، شیعرەکانی مایاکۆڤسکی لە شیعرە قۆشمەییەکانی ڕۆژنامەوە سەرچاوەیان گرتووە[1].ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە کردەی گەشەسەندنی ژانرەکان کارێکی لەخۆوە نییە،بەڵکو پشت بە کەرەسەو خۆراکی پێشوو دەبەستێت، **شکلۆڤسکی و تینیانۆڤ** لەو باوەڕەدان،کە لەو کاتەی کە شێوە نوێکان جێگەی شێوە کۆنەکان دەگرنەوە،ئەوا داهێنان و دروستکردن لە نەبوونەوە سەریهەڵنەداوە، هەروەها نابوتی هەمیشەییش نەهاتۆتە ئاراوە،بەڵکو ئەوەی شێوەی وەرگرتووە

[1]: رنه ولک و اوستن وارن، نظریه ادبیات، ترجمه، ضیاء موحد، پرویز مهاجر پور،چاپ سوم، انتشارات نیلوفر،١٣٩٠، تهران،ص٢٧١.

ڕازانــدنەوەیەکی تــازەو گەشەســەندنێکی نــوێی ڕەگەزەکــانی پێشـوترە، ژانـرە ئەدەبییە نوێیـەکان بـریتین لە جۆراوجۆری،یا پێکهاتەو تێکەڵکردنی ژانرە کۆن و نوێکان[1].

فۆرمالیستێکی دیکە بەناوی **(ئۆپاتسکی )** لە جێگەی قالبی زاڵ زاراوەی(ژانـری شـاهانەیی)ی بەکـاربردوە،بـە وردبـونەوە لەو ژانـــرە شـــاهانەییە ڕێچـــکە ئەدەبییەکـــانی ســـەردەم دەستنیشاندەکات[2].

هەروەها (**تۆماشفسکی**)،کە فۆرمالیستێکی دیکەی ڕووسییە لە بارەی دابەشبوونی ژانرەکان و گەشەسەندنیان باوەڕی وایـە،کە کارەکـان بـۆ چەنـد گروپێکـی فـراوان دابەشـدەبن و لە ڕێـگەی ڕۆڵیانەوە دابەشدەبن بۆ چەند شێوەو ژانرێک بەم ڕێگەیەشـەوە بزووتنەوەی دابەشکردن بۆسەر ژانرەکان ڕودەدات[3]،

**میخایـل بـاختین** بەهێنانەکایەوەی چەمکەکانی (**سوسـیۆلۆژیای ژانرەکـــان**)، کە لە بنەڕەتـــدا هەمـــان کـــردەی دیـــالکتێکی گۆڕانە،هەروەها زاراوەی (کرۆنۆتۆپ)، کە ڕێژەی کات و شـوێنە لە ژانـری ئەدەبیدا ویستویەتی کـردەی گۆڕانکـاری لە ژانرەکـان لێکبـداتەوە بە بـاوەڕی ئەو ژانـرە ئالۆزەکـان بـریتین لە شـێوەی تازەی ژانرە بەراییەکان.

---

[1] : د.قدرت قاسمی پور، درامدی بر نظریه گونههای ادبی، مجله ادب پژوهشی، ش ۱۹، ۱۳۹۱.

[2] : د.،سیروس شمیسا انواع ادبی،ص۳۳.

[3] : خيري دومة،،القصة، الرواية، المؤلف،ص٤٢.

(**ئەندرێ یولس** ) لە بارەی کردەی گۆڕانکاری و گەشەکردن لە ژانرەئەدەبییەکاندا باوەڕی وایە،کە(شێوە پێچراوەکانی ئەدەبی بەرهەمی پێگەیشتوی یەکە سادەکانن)[1].

(**تۆدۆرۆف**) یش لەبارەی کردەی گۆڕانی ژانرە ئەدەبییەکان بۆچونێکی هاوشێوەی ئەمانەی هەیە کاتێک ژانری نوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان وابەستەی ژانرە کۆنەکان دەکات ودەڵێت:

**لەبارەی ژانرەوە ئێمە بە سادەیی دەڵێین ژانری نوێ،کە بەردەوامی هەیە بۆ ژانرێکی کۆن دەگەڕێتەوە،یا چەند ژانرێکی کۆن بە شێوەیەکی ناسیستماتیک یا بە کردەی گوێزانەوە و تەنسیق،هەردەقێک لە دەقەکانی ئەمڕۆ وابەستەی شیعری سەدەی نۆزدەمە،بە پێی تواناش وابەستەی رۆمانی خودی سەدەکەیە،وەکو کۆمێدیای فرمێسکاوی،کە تێکەڵەیەکە لەنێوان تایبەتمەندیەکانی کۆمیدیا وتراژیدیا لەسەدەی ڕابردوودا**[2] .

هەرچی(**کۆهین**)ە،ئەوا بۆچونێکی دیکەی سەبارەت بە گەشەسەندنی ژانرەکان هەیەو لەو باوەڕەدایە، کە بۆ باسکردنی کردەی گۆڕانی ئەدەبی پێویستە هەر ژانرێک بە کۆمەڵەیەک لە تایبەتمەندێتی جۆراوجۆر دابنێن،کە هاوتای گۆڕانکاری بابەتە ئەدەبییەکان، ئەوانیش گۆڕانکارییان بەسەر دادێت[3].

---

[1] : رنه ولک و اوستن وارن، نظریه ادبیات،ص٢٧١.

[2] : تزفیتان تودورف، مفهوم الادب و الدراسات الاخرى،ت. عبود كاسوحة، ط١، منشورات وزارة الثقافة، دمشق،٢٠٠٢،ص٢٤-٢٥.

[3] : د.قدرت قاسمی پور، درامدی بر نظریه گونەهای ادبی، ص٤١.

ئەوەش لە ڕویێکەوە پەیوەست بە کات و سەردەم و سیستمە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان دەبێت،چونکە گۆڕانی بابەتە ئەدەبییەکان لە ڕێگەی ئەو فاکتەرانەی، کە وابەستەن بە کات وشوێن و تا ڕاددەیەکیش بە تاکەوە دێنەکایەوە.

(**فۆڵەر**)یش دەڵێت:

**(ژانری بەرهەمێک هەمیشە پێکهاتە و دروستکراوێکە لەگەڵ ژانرەکانی پێشوو و خودی ئەمە عەمبارێکە لە شێوەکانی پێشوو،بەڵام ئێمە هەرگیز ئاگاداری قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەم زنجیرەیە نین و هەرگیزیش بینەری سەرچاوە و سەرەتاکەی نابین**[١].

ئەوەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنیت، کە ژانری نوێ پێکهاتەیەکە، یا شێوەیەکی تازەتری ژانرەکانی پێشووە،بەڵام بەجۆرێک هاتۆتەکایەوە،کە زۆر ئالۆزەو بەشێوەیەکی سادە خوێنەر ناتوانێت هەست بەوە بکات،یا ئەوە ببینێت،کە چۆن هاتۆتەکایەوە.

(**هانز ڕۆبەرت یاوس**) بیرۆکەی نۆبەتی مێژوویی  وابەستە بە زاڵبوونی ژانرێک لە ژانرەکانی شیکردۆتەوە و لەو باوەڕەدایە مەسەلەکە پەیوەندی بە سێ قۆناغ هەیە، کە لە ڕوی زەمەنییەوە بەدوایەکدا دێن، ئەوانیش قۆناغی تەکنیک و ئەفراندنی میکانیزمەکان و گۆڕانی ئەرکەکانە و ژانرە بەناوبانگ و ناسراوەکان لەسەردەمێک لەسەردەمەکاندا بەهای خۆیان لە دەست دەدەن بەهۆی سوان و فەرسودە بونیان لەلاسایکردنەوە،

---

[١] : د.قدرت قاسمی پور، درامدی بر نظریە گونەهای ادبی، ص٤٤.

یان ژانرە نوێکان شوێنیان دەگرنەوە و زۆربەی کاتیش لە ناو چینی میللی سەردەردێنن، بەڵام ئەمە بە دەوروبەرەکاندا بڵاودەبێتەوەو هەرگیز پێگەکانیان ناگەڕێتەوە، تەنیا بەهۆی دەستکاریکردنی بونیاتیان نەبێت، یا بە ڕێگەی تەبەنیکردنی ئامرازەکانی ئەو قۆناغە، یا بە تەبنیکردنی ئامرازو وەزیفە وەرگیراوەکان لە ژانرەکانی دیکە[١].



**هانز ڕۆبەرت یاوس**

بۆچوونی ئێمە لێرەدا ئەوەیە، کە ژانرە ئەدەبییەکان، وەکو هەر ئامراز و کەرەسەیەکی دیکەی ئەدەب توشی گۆڕانکاری دەبن،چونکە لە ئەدەبدا هیچ شتێکی جێگیرو چەسپاو نییە، لەبەرئەوەی ئەدەب بەشێکە لە میراتی ڕۆشنبیری کۆمەڵ و کۆمەڵیش بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەر دادێت، ئەمەش بە

[١]: د.عبدالعزیز شبیل، نظریة الاجناس الادبیة في التراث النثري، جدلیة الحضور و الغیاب،ط١، دار محمد علي الحامي للنشر، تونس،٢٠٠١،ص٣٠.

جۆرێک لە جۆرەکان کاردەکاتە سەر دیاردە ڕۆشنبیرییەکانی وەک ئەدەب و دەیگۆڕێت، گۆڕانی ئەدەبیش تەنیا لە ڕوویەکەوە نیە، بەڵکو لە گشت لایەنەکانەوە دەبێت، کە ژانرەکانیش بەشێکە تێیدا، لەبەر ئەوە ناکرێت ناوەڕۆک بگۆڕێت و شێوە نەگۆڕدرێت، یا بە پێچەوانەوە، هەرگیز ناوەرۆکی دەقێکی ئەمڕۆ لە داستاندا جێگەی نابێتەوە،یا بە واتایەکی دیکە ناشێ لە قالبی داستاندا دابڕێژرێت .

چەند هۆکارێک لەپشت گەشەکردنی ئەدەبدا هەن،کە بریتین لە:

١-پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و شارستانی.

٢-ئایین.

٣-کەسایەتی نووسەر:ئەمەش سەرباری دو هۆکارەکەی دیکە یەکێکە لەهۆکارە کاریگەرەکان لەو ڕووەوەی، کە هەندێ نووسەر بەرهەمەکانیان شوێن و پێگەیەکی بەرزیان لە ئەدەبی جیهانیدا جێهێشتوە بە نموونە نووسەری فرەنسی(**میشال دۆمۆنتگین**) (m.d.montaign) وەک ڕابەری وتاری هاوچەرخ دادەنرێت،کە یەکەم کەس بووە ئەم ژانرە ئەدەبییەی خزاندۆتە نێو ئەدەبی جیهانییەوە.

٥-ڕێبازە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان[١].(مادی، ٢٠١٢ : ١٢-١٣).لەو مەیدانەشدا دەتوانرێ لەچەند لایەنێکەوە گەشەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکان لێی بکۆڵدرێتەوە:

١-گەشەسەندنی هەریەک لە ژانرەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیا .

---

[١] : فضيلة مادی، دور عالمية الادب و مذاهبة فی التطور الادب و ظهور الاجناس الادبية، ص١٢-١٣.

٢-جۆراوجۆری ژانرێک لە ڕێگەی گۆڕانی بە ژانری دیکە.
٣-گۆڕانکاری تەواو لە ژانرەکاندا[١].

یا دەتوانین گۆڕان و گەشەی ژانرە ئەدەبییەکان دابەش بکەین بۆ :

١- مانەوە لەفۆرمی گشتیدا وگۆڕان لەناوەڕۆکدا،بە نمونە لە درامای نوێدا.

٢- کۆبوونەوەی چەند بەشێک یا ژانرێک لە ژانرێکی نوێدا،وەک لە پەخشانەشیعردا دەردەکەوێت.

٣- گۆڕان لەناوەڕۆکدا و مانەوەی لەفۆرم وەک خۆی ، وەک لەشیعری ئەورووپی نوێدا،کە زانست ئاوێزانی دەقی ئەدەبی دەبێت.

٤- گۆڕان لەخودی ژانرێکدا بۆ ژانرێکی دیکە،بە گۆڕانی لە ناوەڕۆک یا ڕوخساردا وەک ئەوەی پارچەشیعرێک پۆستەرە شیعری لێدەبێتەوە. (ئەبوبەکر،٢٠٠٧ : ٣٦-٣٧)[٢].

---

[١] : محمد رضا شفیع کدکنی،انواع ادبی و شعر فارسی،مجلە خرد و کوشش، انتشارات دانشگاە شیراز،بە بازنویسی تازە در انترنیت،١٣٥٠،ص٦.

[٢] : بۆ زانیاری زۆرتر لەم بابەتە بڕوانە:د.ڕێزان ساڵح وسەنگەر نازم،ژانرە ئەدەبییەکان، ،ناوەندی ئاوێر،هەولێر،٢٠١٨.ل٨٠-٨٩.

# چۆن ئەدەبی جیهانی بخوێنینەوە

## ناساندنێك:

ئـەم کتێبە،(چۆن ئەدەبی جیهانی بخوێنینـەوە How to Read World Literature ) لە نووسینی (**دیڤید دەمروش**)ە.

دیڤیـد دەمـروش ،نووسـەرێکی ئەمـریکییە، لە ١٩٥٣ لە (بـار هـاربور(barharbor لەدایکبـووە، لە (نیویـۆرک) گەورەبـووەو لە زانکۆی (یالی) لەساڵی (١٩٧٥)دا بـە کالۆریۆسـی بەدەستهێناوە. لەساڵی (١٩٨٠)دا بڕوانامـەی دکتۆرای فەلسـەفەی بەدەسهێناوە. گرنگی بەزمان وئەدەبیاتی کۆن و نویێ دەدات،پێش ئەوەی بچێتە زانکۆی هارڤارد ،نزیکەی (٣٠)ساڵ لەزانکۆی کۆلۆمبیا بابەتی ئەدەبـی ئینگلیـزی وتۆتەوە.سـەرۆکی بەشـی ئەدەبـی بەراورد بـووەو لەبـواری ئەدەبیـاتی جیهـانی و ئەدەبـی بەراوردکاریـدا چەندین کتێب و وتـاری نووسـیوە.بەرهەمەکانی ئەم نوسـەرە بۆ چەنـدین زمـانی دونیـا وەرگێـڕدراون لەوانەش(چینی،تـورکی ، فارسی ،.....هتد).

دیڤیـد دەمـروش،ئەم کتێـبەی پێشکەشـی خوێنـدکارەکانی کـردووە ،نـاوەرۆکەکەی لە(دانپیانانەکـان ، پێشـەکیەک، شـەش بەش و،کۆتایی و بیبلۆگرافیا وپێڕست) پێکهاتووە.

**پێشەکی:**

لەگەڵ پێشینەی پێنج هەزار ساڵەوە تاوەکو ئێستا، ئەدەبی جیهان لە هەموو شوێن و ناوچە جیاوازەکانی دنیادا بەرەو پێش دەچێت و ئاویتەیەکی بێوێنە لە چێژ و ئەزموونە کلتورییەکان دەبەخشێتە خوێنەرانی. لە هەمان کاتدا ئەو ئاوێتەیەش کێشە و گرفتی تایبەت دروست دەکات، بۆیە ناتوانرێت چاوەڕوان بکرێت بە پشت بەستن بە زانست و زانیارییە کلتورییە هاوبەشەکانی نێوان وەرگران و نووسەران لە یەک ڕێگا و شێوازو ڕێگای تایبەت، بتوانین تۆژینەوە لە هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکان بە هەمان پێودانگ بکەین. خوێنەرانی **(بلزاك)** تەنانەت بێ ئەوەی شاری پاریس ببینن، دەتوانن ئاگایی و وشیارییەکی شایستەی بەبایەخ دەربارەی ئەم شارە بزانن و لە ئەنجامدا باشتر بتوانن لە ڕەهەندی بەرهەمەکانی ( **بودلێر**) و (**پرۆست**) تێبگەن. بە هەمان پێودانگ، خوێنەر بۆ تێگەیشتن و شارەزایی لە قورئان پێویستی بە زمان و شیعری عەرەبییە. لەوانەیە چەندین ساڵ درێژە بکێشێت تا بتوانین بە ناسینێکی ورد و تەواو تەنانەت لە یەک (کلتور) تێبگەین، کەواتە چۆن دەتوانرێت لەگەڵ جەنجاڵی و ئالۆزی کلتوری ئەدەبی جیهانیدا وا بە ئاسانی ئاشنایی پەیدا بکەین؟

جیا لە گشتگیری و فرەییبوونی دەق، خودی ڕێچکە ئەدەبییەکان قایلن بە کلتور: شانۆنامەکانی **بەرنادشۆ و تۆم ستۆپارد**، بە پێداگری و جەخت لەسەرکردن، شکسپیر بە بیر خوێنەران دەهێننەوە. ئەگەر دەقێک بە زمانێکی دی بخوێنینەوە بێ لەبەرچاوگرتنی گریمانە و بایەخە کلتورییەکانی نووسەر،

ئەوا ترسناکی بێ بەها و بەکەم زانینی ئەو دەقەمان بە وێنەیەکی بێ گیانی جۆرێکی ئەدەبی وەرگرتووە؛ وەکو ئەوەی، کە (هۆمێرۆس) لە ڕاستیدا ویستویەتی ڕۆمان بنووسێت و نەیتوانیوە چارەی بابەتی لێکۆڵینەوە لە (کەسایەتی)دا بکات، یان هایکۆیە ژاپۆنییەکان بڕیار وابووە، لە دوای حەڤدە بڕگە لە هەناسە کەوتن لە غەزەل بچن.

خوێنەری بەتواناو لێهاتوو کێیە؟ئەگەر نەمانەوێت خۆمان لە ناو خوێندنی بازنەی گەمارۆدراوی یەک یان دوو بەرهەمی ئەدەبی جیهانیدا سنووردار بکەین، پێویستمان بە گەیشتن بە چەند ڕێگایەکە تا بتوانین زیاتر سوود لە کات و شوێنی دوورە دەست وەرگرین.لەم باسەماندا مەبەستمانە لەڕێگەی پێشنیازی کۆمەڵە ڕێگایەک بۆ چوونە نێو جیهانی بەرفراوانی بەرهەمی ئەدەبی جیهانی، وەڵامی ئەو نیاز و مەبەستانە بدەینەوە.

کاتێک سەودا و مامەڵەمان لەگەڵ جەنجاڵی ئەدەبیی جیهانییە، کێشە و گرفتی بەردەممان یەکجار زۆرن. بەڵام من ئەو کتێبەم بەو مەبەستە نووسیوە کە: بەرهەمی ئەدەبی جیهانی توانا و هێزێکی تایبەت بە تاکی هەیە و سنوورە کلتورییەکان تێدەپەڕێنێت، نەک تەنیا ئەوەی بەرهەمی هێناوە. ڕوون و ئاشکرایە بەشێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان بە ڕادەیەک تێکەڵاو و ئاوێتەی کلتورن، کە تەنها دەتوانن بۆ گوێگرە هاوشوێنەکان یان پسپۆڕ و شارەزا و تایبەتمەندییەکانی هەمان کلتور مانای هەبێت.

ئەم جۆرە دەقانە لە ناوچەی کلتوری ڕاستەقینەی نەتەوەیی یان ناوچەیی خۆی دەمێنێتەوە. بۆیە بەرهەمگەلێکی لە بن

نەهاتوو هەن، کە خوێنەران و بیسەرانی خۆی لە کات و شوێنی دوور پەیدادەکات و بە ناچاری لەگەڵماندا دەکەونە گفتوگۆ.

یەک دەقی ئەدەبی دەتوانێت بگات بەودیوی کات و شوێنی خۆی و یان لە بەرامبەر ئەمەدا دەتوانێت کەرەستەی هەبوونی شێواز بهێنێتە بوون بۆ گەیشتن بە بەشێک لە تایبەتمەندییەکان قووڵتر لە کلتوری بنەڕەتی خۆی. تێگەیشتنی ئێمە دەربارەی دەقێکی ئەدەبی دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە زیادبوون بکات ئەگەر لەوەی، کە دەق ئاماژەی پێ دەکات و دەربارەی ئەو پێویستیە پیشەکییانەی نووسەر و وەرگر، زیاتر بزانین.



**دێڤید دەمروش**

خوێندنەوەی بەرهەمێک لە کات و شوێنێکی دوور، رووبەرووبونەوەیە لەگەڵ جووڵەیەک بۆ پێشەوە و دواوە، لە نێوان ئاشنا و بێگانە(نائاشنا)، دیمەن و ڕوانگەی جیهان، هەمیشە دیمەنێکە لە بەرزایی، کە تەماشاکەر لەسەری وەستاوە و ئێمە هەرچییەک بخوێنینەوە، بە ناچاری بەوەی، کە پێشتر

خوێندوومانەتەوە تێدەپەڕین؛ بەڵام لەلایەکی ترەوە، تەنیا کاتێک کە بەرهەمێکی نوێ بە تەواوی بە بڕیاردانی پێش وەختەمان وەرنەگرین، تایبەتمەندی تایبەت بە خود بە ڕادەیەک دەمانخاتە ژێر کاریگەری خۆی، کە بە ناچاری خۆی دەخزێنێتە ناو هزر و بۆچوونەکانمان و کالآیەکی نوێ و جیا لەوەی، کە پێشتر زانیومانە دەخاتە ڕوو.

**بەشی یەکەم:(ئەدەب)چییە؟**

یەکەم کێشە و گرفتی خوێندنەوەی ئەدەبی جیهانیی ئەوەیە، کە خودی بیرۆکەی ئەدەب بە درێژایی سەدەکانی رابردوو و لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا چەمکی جیاوازی لەخۆگرتووە. تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیی ئەمڕۆدا، ئەم زاراوەیە دەتوانرێت زۆر بەرفراوان بێت یان بە پێچەوانەوە سنووردار، بەکاربێت. لە باوترین بەکارهێنانی، ئەدەبیات بە سادەیی بە مانای هەر شتێک دێت، کە (بنووسرێت)؛بە مانا کلتوورییەکەی، ئەدەب بەر لە هەر شتێک ئاماژەیە بە : شیعر، شانۆنامە، چیرۆک، واتا بەرهەمگەلێک، کە لەسەر بنەمای خەیاڵی داهێنراو و بە زمانێکی فەخرئامێز و چێژبەخش نووسرابێت،دەگرێتەوە. سەرەڕای بوونی مانایەکی لەم جۆرە تایبەت و جێگای وردبوونەوە، هێشتاش سنوورەکانی ئەدەب بە تەواوی روون نین.

ئەدەبی راستەقانی و هونەرمەندانە، لە ژێر ناونیشانی بەرهەمی ئەدەبیدا دەخرێتەڕوو، پێکهاتەیەک، کە زیاتر گرنگی بە جوانیی لایەنە زمانییەکان دەدات، لەلایەکی ترەوە بریار نییە بە تەنیا ڕەنگێکی ڕیکلامی و پروپاگەندەیی گرنگی پێبدرێت بەهۆی جوانییەوە، چونکە ئاهەنگ و سەروا و کێش تەنیا هۆکار و

ئامرازێکە بۆیارمەتیدان لەو لایەنەی،کە پەیام و مەبەستەکەی لەهزردا بمێننەوە، تا لەبیرتان بێت، کە پاککەرەوەی ددان بە نیشانەیەکی بازرگانی تایبەتەوە بکڕن. هەرچەندە تەنانەت لە مانای بەرهەمی ئەدەبیشەوە ئەدەب دەتوانێت پلەبەندی جۆراوجۆری بۆ بکرێت.

لەسەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا، سنوورەکانی ئەدەب تاڕادەیەک بەرفراوان بوو، ئەگەرچی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەم سنوورانە تێکشکان، جارێکی تر لە چەند دەیەی کۆتایی پلەپلە بەرەو فراوان بوون ڕۆیشتەوە. ئێستا ئیتر هەڵبژاردە ئەدەبیەکانی وەکو شیعر، شانۆنامە، چیرۆک، دەقی ئەدەبی ئاینی، فەلسەفی، مەقالە، و نموونەی جیا لە چیرۆکیش لەخۆ دەگرێت.

لەچوارچێوەی یەک کلتوری ئەدەبی،نووسەران و خوێنەران رووی لێکچوو و هاوبەشیان هەیە لە لایەنی خواستەکان و چاوەڕوانییان لە دەق و ئەوەی، کە چۆن جۆرەکانی دەقی ئەدەبی بخوێننەوە، خوێنەرە لێهاتووەکان دەتوانن بە جۆرێک بەرهەمی ئەدەبی ببڕن و بگەن بە مانای هاوبەش و یەکسان.

نووسەران هەندێ کات هەنگاوی درێژتر دەهاوێژن و دەکەونە دەرخستنی ئەزموونیان لەگەڵ جۆرە ئەدەبیەکان، کە لەوانەیە ببێتە هۆی سەرلێشێوان و هەڵەکردنمان لە دیاریکردنی جۆری ئەدەبی یان نیەت و مەبەستی نووسەر.

## جیهانی دەق:

کلتورە جیاوازەکان بە گشتی نموونەی هزری دیاریکراویان بۆ گەوهەری ئەدەب و ڕۆڵی ئەدەب لە کۆمەڵگا هەیە، کە بە گشتی ئەودیوی پێوەری ڕەنگ بەڕەنگی تایبەت بە یەکە یەکەی جۆرە ئەدەبییەکانە. جەخت کردنەوەی بەشی سەرەکی ئەدەبی ڕۆژئاوایی بەدرێژایی سەد ساڵی رابردوو بەشێوەیەکی ئاشکرا لەسەر تاکگەرایی بووە. زۆربەی ڕۆمانە مۆدێرنەکان سەرنجیان لەسەر تەواوەتی دەروونی قارەمانی پیاو یان ژنە. قارەمانێک، کە بەگشتی لەبەرامبەر کۆمەڵ وەکو یەک تاکی گشتی لەبەرچاوگیراوە، کەسایەتیەک، کە لە کۆت و بەندی کۆمەڵ هەڵاتووە.

## ڕۆڵی نووسەر:

هەر بەوجۆرەی کە کلتورە جیاوازەکان لە دنیایەک، کە دەقێکی ئەدەبی دروستی دەکات تێگەیشتن و درکی جیاوازیان هەیە، لە تێگەیشتنیان سەبارەت بە ڕێگای کاری دروستکردنی دەقێکیش هەر لەسەرەتاوە لەیەکتری دوور دەکەونەوە. لە ڕێچکەی ڕۆژئاوایی،کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون و ئەرستۆ، ئەدەب شتێکی ئەفرێنراوی شاعیر یان نووسەرە، گریمانەیەک لەسەر بنەمای هەمان دوو وشەی شیعر (لە ڕیشەی یۆنانی poiesis بە مانای (دروستکردن) و چیرۆک (لە ڕیشەی لاتین facere بە مانای (دروستبوون). تێگەیشتنێکی لەم جۆرە دەربارەی ئەدەب، دەتوانێت دەرخەری گەورەیی و شکۆی داهێنەرانەی نووسەر بێت. لەهەمان بارودۆخ ئەدەبیات بخاتە پانتاییەک،کە جگە لە ڕاستی، شان بدات لە شانی درۆ و

درۆکردنی ئاشکرا، بۆیە ئەفلاتون دەیەوێت شیعر لەکۆمارەکەی دووربخاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆ شیعری بە نوسراوێکی فەلسەفی داناوە تا مێژوویی، بۆیە شیعر بەرز دەنرخێنێت؛ نوسراوێک، کە لەتوانایدایە راستییەکی بەرزتر،خاڵی لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیان، بگێڕێتەوە.

کلتورە جۆراوجۆرەکانی تر ئەدەبیان بە جۆرێک بینیوە، کە بە قووڵی ڕەگ و ڕیشەی لە راستیدا(واقیع)دا کوتیوە؛ نە سەرووتر و نە لەخوارووتری جیهانی مادی و مەعنەوی خودی خوێنەرە. نووسەران نەک وەکو دروستکەری چیرۆک، بەڵکو لە ڕیزی کەسانێکن، کە ئەوەی لە دەوروبەر دەبینن و دەیگێڕنەوە.

## ڕۆمان چییە؟

هەبوونی چاوەڕوانی جیاواز لە ئەدەب، پێوەندی نێوان جۆرە ئەدەبییەکان لە سیستەمی ئەدەبی کلتورە جیاوازەکاندا دەگۆڕێت. بۆ نموونە: خوێنەرانی ڕۆژئاوایی لە کۆنەوە خویان گرتووە بەو ئەندێشەیەی، کە دەڵێن شیعر و پەخشان دو شێوازی نووسینی بەتەواوی لێک جوایەزن. خودی وشەی (شیعر) و (پەخشان) بە شێوە باوەکەی، وەکو دوو جەمسەری جیاواز هەژمار دەکرێن. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، نووسەرەکان بە نووسینی خودئاگایی پەخشانی شاعیرانە و هەندێ کات هۆنینەوەی (پەخشانەشیعر)، دەستیان کرد بەخستنە دواوەی ئەم جیاکارییە.بە هەر جۆرێک بێت ئەوئەزموونانە ریزپەڕ و ناباو بوون نەک یاسا و بنەما، و خوێندنەوەی بەرهەمە کلتورییەکان، کە ئاشکراترە لەوەی، کە لە ڕۆژئاوا باوە، پەخشان ئاوێتەی

شیعر دەکرێت، دەتوانرێت پێویستی بە کەمێک گونجاندن و هاوئاهەنگ کردن هەبێت.

## تێپەڕبوونی ڕۆژگار:

بەرهەمی کلاسیکی بنەڕەتی ئەدەبی،لەڕابردووەوە بە دەستی ئێمە دەگەن. تەنانەت لە ناوەوەی سنووری یەک پەیڕەو، دەبێت خۆمان بۆ لێهاتوویی لە خوێندن لە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگار ئامادەبکەین. لەبەرهەمی (بیۆڤولف)، قوتابیانی ئەدەبی ئینگلیزی ڕووبەڕووی جیهانبینییەکی خووپێنەگرتووبوونەتەوە، یان وشەیەکی یەکجار زۆر لە چیرۆکە سەیرو سەمەرەکانی (کانتەر بێری)،دا دیارن. لە ڕاستیدا کاتێک، کە شاعیرێکی (ئینگلۆساکسۆنی)، بەرهەمی خۆی، (بیۆوولف)ی زیاتر لە هەزارساڵ پێش ئێستا نووسی، خودی زمانی ئینگلیزی بوونی نەبوو، یان بڵێین هێشتا کەسێک نەبوو بە زمانی سەدەکانی ناوەڕاستی (چاسێر) قسە بکات.

ئەگەر بە دوای کۆنترین کلتوری ئەدەبی جیهاندا بگەڕێین ئەوا ئەو بێگانەییەی کۆن(Ancient) زۆرتر دەردەکەوێت، مێژووی ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ شیعری سەرەتاکان لای سۆمەریەکان و دەقی هەرەمی میسری کۆن. لە ئەوروپا دروستبوونی ئەدەب بە حەماسەی هۆمێر دەستی پێکرد، کە نزیکەی ٢٨٠٠ ساڵ پێش ئێستا نووسراون. لە ئێستادا هۆمێر تەنانەت لە ولاتی خۆیشی لە بنەڕەتدا بێگانەیە.

یەکێک لەو خاڵانەی، کە بۆتە هۆی سەرنج ڕاکێشانمان سەبارەت بە بابەتی (خوێندن بە تێپەڕبوونی کات)، بوونی دەرفەتێکە بۆ دۆزینەوەی شوێن پێی ئاشکرابوونی شوێنەکان،

کەســـایەتییەکان، نـــاوەڕۆک و وێـــنە لە گـــوزەری رۆژگـــار، لە بەرهەمـــی ئەو نووســـەرانەی کە پێشـــینەی خۆیـــان ناســـیوە و کاردانەوەیان دەربارەی پیشان داوە.

## لە گوتارەوە تا ئەدەب:

لە پانتـــایی ژیـــانی کـــۆمەڵایەتی مـــرۆڤ، نووســـراوە نـــوێ و تازەنوســـراوەکان پـــلە بە پـــلە تـــازەن: مـــرۆڤ پێویســـتی بـــووە هەزاران ساڵ خەریکی خوێندن و کۆکردنەوەی نوسراوەکان و گوتنی چیرۆک بووە تا لەوانەیە بیرۆکەی دۆزینەوەی ڕێگایەک بـۆ جێگیرکردنی وشـه بکەوێتە هـزری کەسێکەوە. ئێمە ئەمڕۆ خومـــان گرتـــووە بەم بیروبـــاوەڕە. ئەدەب ئەوەیە، کە نووســـەر دەینوســـــێت،بەڵام هەوڵ بەرهەمـــــی نووســـــراو بە گشـــــتی دەستنووســـانێک لە کـــۆمەڵە بەرهەمێـــک بـــوونە یـــان کـــۆمەڵە چیرۆکێک، کە بە شێوەی زارەکی گوتراون یان گێڕاویانەتەوە. هۆنراوە زارەکیەکان بە گشتی جیاواز لە بەرهەمی تەواو ئەدەبی خۆیـــاندەنـــوێنن. تەنـــانەت دوای ئەوەی کە شـــاعیران بـــۆ شـــیعر گوتن دەستیان دایە قەڵەم و بە گشتی هەمـان تەکنیکی زارەکی کۆنیـــان بە شـــێوازێکی نـــوێ بەکارهێنـــایەوە و تەواوتـــرین دەرهاویشـــتەی کەرەســـتەی بەرهەمەکانیـــان، دووبـــارە بەرهەم هێنانەوەی داهێنەرانە بوو و ئەوانی تر هەمـان تەکنیکی زارەکی بـــوو. بە تـــایبەت شـــیعری پاڵەوانێتی(حماســـە) کە بەکارهێنـــانێکی شـــارەزایانەی کەرەســـتە زارەکیەکـــان نمـــایش دەکـــات. بەشـــی زۆرینەی ئەو کەرەستە لە هۆنینەوەی خێرای دێرەکان،لە میانەی بەرەوپێشچوونی چیرۆک فریای شاعیران دەکەوێت.

هۆنراوە زارەکیەکان بە گشتی بە (وتار) ناو دەبرێت، لە دنیای مۆدێرنیش لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا بەردەوامیان هەیە.

## خەونی مردووەکان:

خوداکان پلە بە پلە زەویان جێهێشت، بەڵام هێشتا لە بەشێکی زۆری دوا بەرهەمەکان چاوەڕێن. تەنانەت ئەگەر شاعیران بە پشت بەستن بە پاڵەوانان لەوەی، کە خودی خۆی بڕوات بۆ ئاسمان، گومان بکەن، زۆر بە کەمی ئەوە لەبیردەکەن، کە سەرەنجام ڕۆژێک دەڕۆن بۆ ژێر خاک. نیشتنەوە و دابەزین بۆ جیهانی مردووەکان زۆر زوو گۆڕا بۆ خاڵی سەرەکی لە پەڕەوی داستانی قارەمانێتی، ڕێگایەک بۆ لکاندنی چیرۆک و پاڵەوانەکەی بە ڕابردوو، و بە گشتی زەمینەسازی گومانکردن بۆ داهاتوو. تەنانەت لە پەیمانی دێرینەش شاعیران بۆ چوونە ناوەوەی پاڵەوان و قارەمانەکانیان بۆ جیهانی مردووەکان، چەندین ڕێگایان دۆزیبوویەوە چ لە ڕێگای ڕاستەوخۆ چوونە نێو دنیای ماددی مردووەکان، چ لە ڕێگای گەیشتنی ناڕاستەوخۆی وەکو خەون و خەیاڵ.

## ئەودیو کلتور:

خوێندنەوەی ئەدەبی جیهانی دەرفەتمان پێدەدات، کە ئاسۆی کلتوری و ئەدەبیمان تا ئەودیو سنووری کلتوری خۆمان بەرفراوان بکەین. ئەگەرچی زۆر ئیلهامبەخشە، خوێندنی بەرهەمی دەرەکی دەتوانێت کێشەی تازە بێنێتە ئاراوە. لەوانەیە نزیکی لەگەڵ گەورەپیاوان یان ئەو خوداوەندانەی، کە بە بۆچوونی نووسەر بوونیان هەیە و ئێمەش هەرگیز ناویانمان نەبیستبێ. لەوانەیە ئەو دەقە وتە و ئاماژەیەکی نووسەرانی پێش

خۆی تێدابێت کە ئێمە هەرگیز ناویانمان نەبیستبێ. لەوانەیە بەرهەمەکە خۆی نامۆ بێت، یان هەڵسەنگاندنی سەخت و دژوار بێت. لەوانەیە پێشەکیەکی باشی هەبێت و پێداچوونەوەیەکی باشی بۆکرابێت و ئاماژە مێژوویی و ئەدەبیەکانی دەقی روون کردبێتەوە و یان پەراوێزەکان،کە دەتوانن ناوە نائاشناکانمان بۆ ڕوون بکەنەوە. بەڵام هێشتا ئەو مەترسییە بوونی هەیە، کە ئێمە خۆمان لە تەختەی ڕووکەشی دەقدا بدۆزینەوە ، نامۆیی و نائاشنایی دەق دوورمان بخاتەوە یان بە هەڵەدا بچین لەوەی کە وا بیر کەینەوە دەقی بەردەست ئاسانەو ئاشنایەو بە شێوەیەکی دەستکرد گشتاندن بەوە بکەین کە پێشتر دەربارەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییەمان زانیوە. ئێمە بە ناچاری لەسەر بۆچوونی خۆمان بە دوای بەرهەمێکی ئەدەبی دەڕۆین و سوود لەو توانایانە وەردەگرین کە لە خوێندنەوەی کۆمەڵە بەرهەمێکی زۆر لە ڕابردوودا سەرچاوەی گرتووە؛ چ بەرهەمی فۆلکلۆری و ناوچەیی خۆمان چ بەرهەمانێکی تری بێگانە کە تا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بوینەتەوە.ئەم پێش ئاگاییە دەبێت بەشێوەیەکی دروست لەگەڵ بەرهەمێکی نوێ بەکاربهێنین.

## ئەودیو وەرگێڕان:

زۆرترین بەشی ئەدەبی جیهان لەڕێی وەرگێڕانەوە بڵاو دەبێتەوە. تەنانەت زمانەکانی ئینگلیزی، ئیسپانی و عەرەبی، کە پانتاییەکی نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرن، تەنیا کەمینەیەکی دیاریکراو لە خوێنەران سوودی لێوەردەگرن.

# کۆماری جیهانیی ئەدەبی

پاسکال کازانۆفا

## پێشەکی

نووسەرو لێکۆڵەرو ڕەخنەگری فەرەنسی پاسکال کازانۆفا لە ساڵی ١٩٥٩ دا لە دایکبووە، لەساڵی ٢٠١٨ دا کۆچی دوایی کردووە، سەرەتای ناوبانگ و چالاکی ئەم نووسەرە بۆ کارکردن لە بەرنامەی ڕادیۆی کەناڵی (فرانس کولتور)ی فەرەنسی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٥دادەسپێدەکات، کاتێک چەند بەرنامەیەکی ئەدەبی،لەبوارەکانی ڕەخنەو شیعرو ڕۆماندا پێشکەش دەکرد، جگە لەکارکردن لەو بوارەدا لەهەمان کاتدا وەک نووسەرێک لەڕۆژنامەکاندا بابەتی بڵاودەکردەوە،کازانۆفا لە جنێف و لۆس ئەنجلوس و کارۆلینای باکور وانەی وتۆتەوە، چەندین کتێبی نووسیوە: لەوانە (کافکا توورەیە، زمانی جیهانی"صاموئیل بیکیت ئەبستراکت)، بەڵام یەکێک لە دیارترین کتێبەکانی( کۆماری جیهانی ئەدەبی)ە، کە لەساڵی ١٩٩٩ دا بڵاوبۆتەوە، گرنگی ئەم کتێبە وایکردووە بۆ سەر چەندین زمانی جیهانی وەربگێڕدرێت، کە لەبنەڕەتدا وەک نامەیەکی زانکۆیی بە سەرپەرشتی زانای سۆسیۆلۆجی (پییر بۆردیۆ) ئامادەکراوە، کە یەکێک بووە لە بەناوبانگترین و چالاکترین کۆمەڵناسە فەرەنسییەکان.

نووسەر لەم کتێبەیدا ویستوویەتی وێنەیەکی وردی بزووتنەوەی ئەدەبیمان لە جیهاندا تا ساڵی ١٩٩٩ بۆ دەستنیشان بکات،هەربۆیە هەوڵیداوە واقیعی ئەدەبی جیهانیمان لەسەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپی و دەرکەوتنی زمانە نەتەوەییەکانەوە تا دەست بەسەرداگرتنی کیشوەرە کۆنەکان بەسەر بەشە گەورەکانی جیهاندا لەسەردەمی داگیرکاری

بەدرێژایی سێ سەدە بۆ وێنە بکێشێت، پاشان قۆناغی پاش کۆلۆنیالیزم و لە کۆتایشدا سەردەمی جیهانگیریی خستۆتەڕوو.
ئەم کتێبەی لەبەردەستی ئێمەدایە لەلایەن (امل الصبان) ەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئێمەش هەوڵماندواوە پوختەیەکی بەشی یەکەمی کتێبەکە بەناوی (ئەدەبی جیهانی و پرێنسیپەکانی مێژووی ئەدەبی جیهانی)لە چوارچێوەی چەند لاپەڕەیەکدا وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، ئەم بەشە لە چەند باسێک پێکهاتووە،کە ئەوانیش بریتین لە(پرنسیپەکانی مێژووی ئەدەبی جیهانی، بۆرسە(بازاڕ)ی بەهای ئەدەبی،ئەدەبییەت،پاریس شاری ئەدەب و هاوڵاتییانی جیهانیی و فرەزمانی، ئەدەب و گەل و سیاسەتە، پایەکانی ئەدەب نەتەوەییە، داماڵینی مۆرکی سیاسییە، شێوازێکی نوییێە بۆ شیکردنەوە).

## پرەنسیپەکانی مێژووی ئەدەبی جیهانی

(شارستانیەت سەرمایەیەکە بە درێژایی سەدەکان روو لە زیادبوون دەکات). **پۆل ڤالێری**

هەستێکی ناخۆشم هەیە لەبەرئەوەی ناتوانم بە شێوەیەکی فراوان بەرهەمی تازەمان پیشان بدەم. بەرپرسیارییەتەکەشی ناخەمە ئەستۆی گەل،لەو کاتەی کە بەرهەمەکانمان ناگاتە ئاستی بەرهەمی دراوسێکانمان لە ڕووی هزری-و هەندێ جۆری ئەدەب،کە ئیدی هەست بە شەرم دەکەین،کە وەک هەژارەکان خۆیان بە دەوڵەمەند دەردەخەن،دەبێت وابکەین بگەینە ئەو ئاستە بەرزەی گەنجینەی ئەدەب و سەروەریی نیشتمان.

**فردریکی دووەم پاشای بروسیا**
**لە ئەدەبی ئەڵمانییەوە)**

ماوەیەکی درێژە نووسەران باس لەو ئاستەنگانە دەکەن،کە پێوەندیدارە بەهەڵوێستی لاوازیان بەرانبەر جیهانی ئەدەب و ئەوگرفتانەی پێویستە چارەسەربکرێن. سەبارەت بەو یاسا ئابوورییانەی،کە کار دەکاتە سەر ناوەندی ئەدەبی،زۆر لە نووسەرانیش ئەو ئاستەنگانەیان دیاریکردووە،کە دژی ئۆرگانەکانی ئەدەبن.هەروەک (**دیبلییە**)لە ڕێی کارەکانی ئەو نهێنیانەی ئاشکراکردووە،وەک توندوتیژی و گرەو و ململانێ لەژیانیاندا وەک نووسەر. لە ئەنجامی خوێندنەوەمان بۆ دەقەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە،کە جیهانی ئەدەب هەڵگری کۆمەڵێک شتە، کە پێشبینی ناکەین. لەگەڵ ئەوەی هەموو زاراوەکانی ئابووری زاراوەی ئەدەبی دان بە (بازاڕی

زاراوەکـان )دا دادەنـێن. وەک هاوبەشـێکی نادیـار،وەک چـۆن (خلینبکۆڤ) ئاماژەی پێکردووە.

هــەروەها دان نــان بــە زاراوەی بــازاری جیهــانی کــاڵای فکری،هـەروەک (گۆتـە) باسـی دەکـات یـاخود سـامانی واتـای یـاخود بـە واتایـەکی تـر سـەرمایەی کلتـوری یـا رۆشـنبیری، هــەروەک بــەلای (ڤالیری)یــەوە وایــە لێرەشــەوە دیــاردەی یارییەکی ئەدەبی سەرهەڵدەدات و کۆدەکانی ئـابووری فیکـری دەکاتــەوە. بــە بۆچــوونی( ڤــالیری) بونیــادی جیهــانی ئــەدەب دادەمەزرێنێ،کە توانیـان پسـپۆڕی ئـابووری تایبـەت بـە ئـەدەب دەستنیشــان بکــەن, هەرچەنــدە یاســاکانی ئــابووری پاژێکــە لــە یاسای ئەدەب .

شـیکردنەوەی کـارە ئەدەبییـەکان لـەو ڕوانگەیـەوە بـەهای خۆیـان لـە بەرهەمـە ئەدەبیەکانـەوە وەردەگـرن، کـە سـەر بـە شیکردنەوەی ناوخودی خۆیانن. کە لـە جیهـانی ئەدەبدا بـوونی هەیــە. کــە دەگەڕێتــەوە بــۆ بیــرو بۆچــوونی نوســەران و ئاوێتەکردنی هەڵویستیان لـە جیهاندا وەک بەشـیک لـە دونیـای ئەدەب. وەک چۆن ( **ڤالێری**) دەڵێت: سیاسـەتی ئـەدەب ڕێچکـەی خۆی هەیەو جیاوازە لەئاڕاستەو هۆکارە ڕامیارییەکان. کەواتە ئاڕاســـتەی ئەدەبـــی و ڕامیـــاری دوو شـــتی لێکجـــودا و سـەربەخۆن،چونکە جیاوازییـەکی زۆر لـە جیهانـدا لـەنێوانی نەخشــەی ڕامیــاری و نەخشــەی هزریــدا هەیــە. نەخشــەی یەکـەمیان هــەموو پــەنجا ســاڵێک دەگــۆڕێ، بــەڵام ئــەوەی دووەمیان، کە نەخشـەی فیکرە زۆر لـە سـەرەخۆ و بەهێواشـی دەگـۆڕێ ، زۆر جـاریش لـە شـوێنی خۆیـدا وەسـتاوە. بەمـەش

دەگەینە ئەو ئاکامەی سیاسەتی فیکر هیچ پێوەندییەکی بە سیاسەتی ئابوورییەوە نییە. بۆیەش ( **فرنان برودل** )دەڵێت: سەربەخۆییەکی رێژەیي لە نێوان مەیدانی فیکر و بواری ئابووری و سیاسیدا هەیە.

لە سەدەی شانزەمدا ڤینیسیا پایتەختی ئابووری جیهان بوو. کە چی فلۆرەنسا لە بواری فیکردا بەسەری دا زاڵ بوو, لە سەدەی حەڤدەمدا ئەمستەردام بنکەی بازرگانی ئەوروپي بوو بە هەمان شێوە رۆما و مەدرید لە بواری هونەر و ئەدەب پێشەنگ بوون, لە سەدەی هەژدەمدا لەندەن بووە سەنتەری ئابووری جیهان کە چی پاریس پایتەختی رۆشنبیری بووە، هەرلەم بارەوە ( ڤالیری ) دەڵێت: فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا لە بواری ئابووری لە دواوەی هەموو وڵاتانی ئەوروپا بوو. بەلام لە بوواری ئەدەب و هونەری ڕۆژئاوادا پێشەنگ بوو. دوای ئەوانیش ئیتالیا و ئەڵمانیا پێشکەوتنیان لە بواری مۆسیقا بە خۆوە بینی،کە لە سەردەمێکدا ئەم وڵاتانە لە بواری ئابووری پێشەنگ نەبوون.تا ئێستاش ئەمریکا سەرباری ڕۆڵی گەورەی لەبواری ئابووریدا کەچی لەبورای ئەدەبیدا پێشەنگ نییە, ئەمەش تێمان ناگەیەنێ ئەو هاوکێشە قورسەی نێوان جیهانی ئەدەب و هونەر و سنوورو پایتەختی ئابووری سیاسی وڵاتان یەکناگریتەوە.

لە سەردەمێکدا ئەدەب لە هەندێ وڵاتدا قەتیس مابوو بەتایبەتی لە سەدەی شانزەهەمدا و لە هەندێ وڵاتدا چوو بووە بواری کێبڕکێ و پەرەسەندن. ئیتالیاش خاوەن میراتی ئەدەبی لاتینی یەکەم دەوڵەت بووە لە سەردەمی

ڕینیسانس.دواتریش لە فەرەنسا کۆمەڵەی ( **لەپلێیاد**)سەری هەڵدا،کە ئەدەب و نیشتمانپەروەری ئاویتەی یەکبوون.دواتریش ئیسپانیاو بەریتانیا چوونە ناو ئەو کێبڕکێیە و هەستی نەتەوایەتی گەشەیکرد لەناو کایەی ئەدەبدا.دواتر ئەم شەپۆلە فیکرییەش پەڕییەوە بۆ ئەمریکا و ئەمریکای لاتینی لە سەدەی نۆزدەمدا. دواتریش لەگەڵ هیندو ئەفریقاو ئاسیا لەگەڵ دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیوم سەریهەڵدا. داگیرکاری ئەدەب پەرەیسەندو ئەو کۆمارەش لەجیهانی ئەدەب شێوازێکی تایبەت بوو، کە ئابووری هۆکاری سەرەکی بوو لە پەرەپێدانی مێژوو و هەستی نەتەوایەتی و سیاسی و کاریگەر بە ئەدەب. سەبارەت بەجوگرافیا و پایتەختی کۆماری ئەدەب لەنێوان وڵاتانی ئەوروپادا کێبڕکێ دەکات، کە کامیان پایتەخی ئەدەب بوونە.

دەتوانین بڵێن دامەزراندنی پایتەختی کۆماری ئەدەبی جیهانی بەندە بە بەهای فیکرو ئەو سەربەستی و یەکسانییەی،کە پەیکەری ئەدەبی شاردۆتەوە. مێژووی ئەدەبیش پیچەوانەی مێژووی ئەو پێشبڕکێیەیە، کە ئەدەب وەک گرەو پێشکەش دەکەن، کە ئەدەبی جیهانی بە هاوکاری ئەو ململانێیە کارە ئەدەبییەکان و بڵاوکردنەوە دروستی دەکەن.

## بۆرسە(بازاڕ)ی بەهای ئەدەبی:

ئەو کاتەی ( ڤالیری) لە ساڵی (١٩٣٩) ویستی بونیادی ڕاستی ئاڵوگۆڕی فیکری باس بکات ناوی نا( ئابووری فیکری)،کە پشتی بەموفرەداتی ئابووری بەست،کە وتی:بەکارهێنانی وەرگرتنی (زمان بازاڕە بۆ وەسفکردنی

پەیوەندییە فکرییەکان)،کە بەلامانەوە باشترین شت بوو بۆ گوزارشتکردنی ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئەو جۆرانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوە لە ئابووری فیکری و ئابووری ماددیدا, بۆ ئەم مەبەستەش بەهایەک هەیە کە پێی دەڵێن فیکر. هەروەک لە ئابووری مادیدا بەهای نەوت و گەنم و زێڕ هەن. بۆیەش دەڵێم بەها لە بەر ئەوەی بەندە بە گرفتی نرخ و حوکم دان لەسەر نرخ و دەبێت شتێک بدەین بەرانبەر بە بەها , هەروەک ئەوانەی لە بۆرصە ( بازاڕی پارە) کاردەکەن و هەمیشە بەدواداچوون بۆ هەڵسان و دابەزینی بەهای پارە دەکەن زۆر جاریش بەهاکان لە بڵاوکراوەکان دەنوسرێ و بڵاو دەکرێتەوە , دەچێتە پیشبڕکێ بۆ ئەم مەبەستەش بەهای کێبڕکێ هەیە کە لە بازاڕي مرۆڤایەتی هەلکشان و داشکان بەخۆوە دەبینێ.

هەر بۆیە دواتر ڤالێری دەڵێت: شارستانیەت سەرمایەیە"، دەتوانرێ زیادبکرێ، هەروەک چۆن سەرمایە پارەو سوودەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێ لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەکاندا. ئەم سەرمایەش لە مێشکدا کەڵەکە دەبێت،دەبێتە سامانی سروشتی و سەرمایە. دەتوانین بیری پۆل ڤالێری لە پێشبڕکێی ئابووری و ئەدەب بەرانبەر یەک بکەین. چۆن کێبڕکێ لە بواری ئابووریدا هەیە دەتوانین ئەم پێشبڕکێیە بخەینە ناو بواری ئەدەب و سامانی گشتی و جیهانییشەوە، کە پێیدەڵێن سامانی ڕۆشنبیری و شارستانی یاخود سەرمایەی ئەدەب، دەشتوانین ئەو بەهایە جۆرییەی کارە ئەدەبیەکان لە بازاڕە

گەورەکانی کارە مرۆڤایەتییەکاندا بخەینەڕوو. بە پێی پێوانەی تایبەت بۆ ئاڵوگۆڕی فیکری.



**پاسکال کازانۆڤا**

بەم پێیەش شوێنێکی تایبەت بۆ ئابووری ئەدەب تەرخان بکرێ، بەپێی بیروبۆچوونی ڤالێری ئەو شوێنەی ئاڵوگۆڕیکردنی بەهاکانە لەنێوان بەشداریکەران بەهای ئەدەبە.

تەنها ڤالیری نەبوو ئەو بیرۆکەی هەبوو بەڵکو ( گۆتە)ش لە پێش ئەو دیاردەی ئەدەب و یاسای ئابورییە نوێیەکانی باس کردبوو وەک ئەو بازاڕەی کاڵا فیکرییەکانی تێدا دەخرێتە ڕوو. ببێتە بازرگانی فیکری لەگەڵ دەرکەوتنی ئەدەبی جیهانی لە بازاڕی جیهانی فیکری لە نێوان گەلان ئەمەش بووە هۆی دانانی بنچینەیەک بۆ ڕوانگەی جۆری ئەو ئاڵوگۆڕییە ئەدەبییە،کە واقیعی پێوەندی و نەتەوەییەکان تێکەڵ بەیەک دەکات. ڤالیریش دەپرسێت، سەرمایەی رۆشنبیری یا کلتووری و شارستانی لە چ پێکدێت؟ دەڵێت: یەکەمیان،شتومەکە ماددییەکان وەک کتێب و تابلۆو کەرستە ئەدەبییەکان و

فەرهـــەنگ و دەقەنیشـــتمانیەکان ئـــەژماردەکرێن بـــەمێژووی نەتەوە، چونکە ئەدەب زۆر کۆنترە و کەلەپوری نەتـەوەیی زۆر بـە نـرخ و بایـەخترە لـە ڕوانگـەی کلاسـیکیەتی نەتـەوە، بـەم شێوەیە کەلـەپورە کلاسیکیەکان زۆرترین میراتـی سـەرمایەی ئەدەبن،کـە بـە ئـەدەبی نەتـەوەیی جیهـانی ئـەژماردەکرێن وەک دەقـــە کلاســـیکیە جیهانیەکان،کـــە ســـنوری ناوچـــەیی تێدەپـــەڕینن،وەک ئـــەدەبی جیهـــانی شکســـپیرو دانتـــی و سرڤانتس،کە لە ئەدەبی ناوچەیی چوونەتە دەرەوە و بوون بە ئەدەبی جیهانی.

لەلایـەکی تـرەوە سـەرمایەی ئـەدەبی نەتـەوەیی نـابێ شـتیتر بێ،بەڵکو دەبێ تەنها ئەدەب بێ،بەم شێوەیەش کاری کلاسیکی ئەدەبیـەت لەخۆدەگرێت.بەپێوانەیـەکی جـۆری دەپیـۆرێ لـەم بارەیـەوەش جـەماوەری ئـەدەبیش بـە نووسـەرەکانیشـیانەوەو جۆرێـک لـە ئەرسـتۆکراتیەکان و بۆرژوازیـەکان لـەخۆیان کۆدەکەنەوە، کە جۆرێک لـە ناوبـانگی و نوسین و بڵاوکراوەو یانە ئەدەبیـەکان لـە خۆدەگرێت و ناوبانگێ بۆ خۆیـان دابین دەکەن و بەم شێوەیە ئەوکەسانەی خۆیان تـەرخان دەکـەن بۆ نووسـین لـە وڵاتـە دەوڵەمەنـدەکان لەسەرئاسـتی ئـەدەبی نووسەرەکانیش پیشەگەر (محترف) دەبن و سەرمایەی فیکری پێکدێنن. ڤالێری لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەو دوو مەرجە تێبینی بکەن: ئەو کاتەی مادەی رۆشنبیری دەبێتە سـەرمایە پێویستی بە نووسـەرەکانە،کە بتوانن بـەکاری بهێنن و توانای ئـەوەیان هـەبێت ئـەو داب و وانـە فیکرییانـە وەرگرن، کـە لـە ڕابـردوودا هاتۆتە ناو گەنجینەکەیان.

ئەو سەرمایەش هەموو ئەو کەسانە کۆدەکاتەوە کە دەست بەسەر سەرمایەی فیکری و ئەکادیمیا و بڵاوکراوەو لیژنە و گۆڤار و قوتابخانە ئەدەبیەکاندا دەگرن . لەو ساتەوە وڵات گەشە دەکات و دەبێتە خاوەن کەلەپوورێکی ئەدەبی گەورەو لەڕێگای هەموو ئەو کەسانەی بەشدارن لەپرۆسەی لاسایکردنەوەدا. بۆ دیاریکردنی شیکردنەوەی ڤالیری دەتوانین سوود لە (ئاماژە کلتوورییەکان)وەرگرین، کە (برسکلابارخۆس کلارک) دایناوە بۆ بەراوردکردنی چالاکیە ئەدەبیەکان لە زۆر لەوڵاتان وەک ئاماژەیەک بۆ بابەتی بوونی قەبارەی سەرمایەی نەتەوەیی لەڕێگای فرۆشتنی کتێب و بلاوکراوەو کاتی خوێنەرانی هەر تاکێک و دەسباری نووسەران و ئەو شوێنە گشتی و شەقامانەی بەناوی نوسەرانەوە ناو دەنرێن و تەلەفزیۆن و رۆژنامەو وەرگێران.

زۆرجاریش ئاماژە بەو وڵاتانە دەدرێت،کە هەژارن لە ڕووی فەرهەنگیەوەو چالاکیە رۆشنبیرییەکانیان لاوازن و خوێنەریان نییەو خەڵکی نەخوێندەوار لە وڵاتەکەیاندا زۆرن وەک ئەمریکای لاتین. زۆر جار کارە ئەدەبیەکان بۆ کات بەسەر بردن و هیوایەت ئەنجام دەدەن و پەراوێزی دەخەن. سیمای سەرمایەی ئەدەبی لەسەر هەندێ ڕەگەزی فیکری گرنتی دادەنرێ،چونکە ئابووری ناوخۆ لە ناو فیکر و ئەدەبدایە وەک چۆن (چەکیکی بانکی) دادەنرێت، کە بەهاکەی لە دەرچوونەکەی وەردەگرێ، ئەدەبیش کاتێک لاواز و بێهودە دەبییێت وەک ئەو چەکی پارەیە، کە رەسیدی نییە بێگومان لە بواری مەعریفەو زانیندا.

بەلای ڤالیریبەوە بوونی ماددی و مەعنەوی ( زێڕی فیکری) سەرمایەی ئەدەب بوونی نابێ، تا ئەو کاتەی باوەڕ بە وروژاندنی حەقیقەتی مەعنەوی دەهێنێ، ئەو باوەڕو ئیمانەش بنچینەی شێوازی کاری ئەدەبی جیهانی دێنێتە کایەوە. سەرمایەی ئەدەبیش هۆکاری سەرەکییە،کە هەموان هەوڵی بۆ دەدەن بۆ بە دەستهێنانی وەک مەرجێکی سەرەکی یاری ئەدەبی جیهانی، کە هەمووان لە سەری ڕیکەوتوون. ئەمەش جۆری کارەکەیە دەوڵەمەندی و هەژاری بۆ نووسەران دێنێتە کایەوە.لەسەر بنچینەی دانپیانان بە بەهای کارە ئەدەبیەکان و بڵاوکرنەوەیان کە کاتێک وەک سومبلێکی بەرهەمی ئەدەبی دەناسرێن.

**ئەدەبییەت:**

زمان بەپێکهاتەیەکی سەرەکی سەرمایەی ئەدەب دادەنرێت. بێگومان سۆسیۆلۆجیای سیاسی، زمان وەک بەهایەکی ڕێژەیی ناخوێنێتەوە، بەڕادەی بەهای یسیاسي ئابووری ئەو کاتەی کە بەهای زمانی ئەدەبی  سنوری ئەدەبی بەهەند هەڵناگرێ. بەم شێوەیە ناونراوە ئەدەبیەت, هەندێ دەقی ئەدەبیی لە نێو جیهانی ئەدەبیدا دەبینین،کە زمانەکەیان زۆر بە ئەدەبیەت ناسراون، لە زۆرشتی تریش کەدەکرێ بۆ ئەدەبی بگەڕێنینەوە. ئەدەب پەیوەستە بە زمان زۆر جار زمان و ئەدەب ئاوێتەی یەکتر دەبن وەک : ( زمانی ئەدەب) یان زمانی راسین یان زمانی شکسپیر ئەدەبیەت بریتییە لە فراوانکردن و ئیستاتیکای زمان هەر لە دێر زەمانەوە لەسەر ئەو باوەڕەین، کە دەتوانین بەهای ئەدەبیەت بەزمانی ئەدەبەوە پەیوەست

بکـــەین،ناتوانرێ ئـــەدەب لـــە ســـەرمایەی زمـــانی ڕەســـەن دوورخەینەوە،چونکە بەندە بەبەکارهێنانی زمانێکی دیاریکراو لە جیهان. کەلەپووری رۆشنبیری پشت بە زمان و نەتەوە و سیاسەت و ئەدەب و قەبارەی ئەدەب دەبەستێت،کە پەیوەندی بە کۆمەڵێ شێوازی هونەری داهێنراو لە ماددەی مێژووی ئەدەب و توێژینەوەی تایبەت بە شێوەو فۆڕم و کۆت و بەندە شـیعرییەکان و گێڕانەوەیـە . گفتوگـۆو تیـۆر و داهێنـان و شـێواز،کە کەلـەپووری ئـەدەبی و زمانـەوانی کاریگـەریی لـە بۆچـوون و شـتەکان و ڕێبـاز و دەقەکانـدا دەکـات. زۆرجـار نووسەران هەندێ زمان و دەنگی تایبەت و بچووکیان بەکار دەهێنا،کە لە زمانێکدا بەناوبانگ بوو بە ئەدەبیەت لەسەر زمانە نەتەوەییەکەیان .

لە ساڵی ١٧٨٠ دا فردریکی پاشای دووەمی بروسیا لە بەرلین لێکۆڵینەوەیـەکی بچـووکی بـە زمـانی فەرەنسـی بڵاوکـردەوە بەناونیشـــــانی(لەبارەی ئـــــەدەبی ئـــــەلمانی ئەوشـــــتانەی لێیوەردەگیرێت و هۆکارو شێوازی ڕاستکردنەویان) فردریک زۆر لـەو وشـەو برگـەو فۆنیمانـەی لـە زمـانی ئیتـاڵی و لاتینـی پێشنیازکرد،کە کاریگەری لە سەر خۆشي دەنگ و بڕگەکانە لە سـەر گوێگر.لـە سـەدەی نۆزدەمیشـد زۆرجـا نوسـەران و شـاعیران کاریگـەری زمانیـان لـە نێـوان زمـانی ئیسـپانی و فەرەنسـی دیـاریکردووە و لەسـەدەی بیستەمیشـدا شـاعیری ڕوسي ڤلیمێر خلبنکیوف وایکـرد زمـانی ڕووسـی لـە شـیعردا بگاتە ئاستی جیهانی و دانی بەوەشدانا،کە جیاوازی لە نێوان زمانەکانـدا هەیـەو نـاوی نـا (بـازاڕە قسـەییـەکـان)( الاسـواق

الکلامیە). هەروەها زمان ڕۆڵی لەسەر بازرگانی زمانەوانی و ئەدەبی لە ڕێگای ئابووریشدا هەیە،بە شێوەیەک زمان کێشەی دوژمنایەتی و کالاّ فیکری و زمانی مرۆڤەکان. بۆ سەربازگەی ململانێ و گومرگی و بازاڕی مشتومڕ دابەشدەکات ، زۆر جاریش زمان دەبێتە هۆی دابڕان و هەڵگیرسانی شەڕی نادیدە.

## هاوولاتی جیهانی و فرەزمانی:

نێوەندگیرە گەورەکان لە نەتەوەپەرستان و بیرمەندان و رەخنەگرەگەورەکان ئاماژەیەکی گەورەي توانای ئەدەبن. هەمیشە هاولاّتییە جیهانیەکان هەڵدەستن بە گۆڕینەوەی زمانیان لە ڕیگای گۆرینەوەی دەقەکان لە فەزایەک بۆ فەزایەکی تر و خۆیان بەهای ئەدەبیەتی دەقەکان دیاری دەکەن,ڤالیری وەسفی هاولاّتیە جیهانیەکان و وەرگێرەکان بەم شێوەیە دەکات وەک ئەندام لە رۆشنبیری جیهانی و کۆمەڵگای کۆماری ئەدەبی و دەڵێت: چینێکی ئەرستۆکراتی کراوە لە ناو کۆمەڵدا هەیە، کە خاوەنی بڕوانامەی زانستی و پسپۆری نین، بەلاّم لە ئەرستۆکراتییەکان دیارترن و دەتوانن ئاراستەی جیهان بگۆرن و داهاتوو مسۆگەربکەن.ئەوانە لە مێژوودا دیارن و لە ژیان و مردنیشیاندا ڕووداوی گەورەبوون، کارەکانیان تەنها بە ئەرستۆکراتییەتی ئەدەب پێوانە دەکرێ و نازناوی کلاسیکیاتی جیهانی وەردەگرن. نموونەن بۆ هەموو سەردەمەکان.هەر بۆیە لەسەر ئەم بنچینەیە هەندێ لەو کۆمەڵگەیانە لەسەر بنچینەی زمان و نەتەوەو سیاسی دابەشبوون و پابەندبوون بە سەربەخۆیی ئەدەب و دژی

دابەشــکاری سیاســی و نەتــەوەیی و دوور لــە ســنووردانان لەســەر یــەک پرەنســیب دەقــەکان دابەشــدەکەن، لــەناو دیــوارو شورەی ئەدەبیدا دایدەبڕن پیناسەیەکی سەربەخۆ بۆ دەقەکان دوور لە نەتەوەبوون و دەوڵەتدا دەکەن، ئەمەش ڕۆڵی رەخنە لە خولقاندنی بەهای ئەدەبیدا دیاریدەکات .

پۆل ڤالێری ڕۆڵی رەخنەگر بە پسپۆڕو بەرپرسیار لەسەر هەڵســەنگاندنی دەق دادەنــێ،زاراوەی (دادوەر) بــەکاردەهێنێ و پێیــوایە،کە دژی گەنــدەڵی و دورخســتنەوەی بــەهای ڕاســتی دەقــەکان وەک دادوەرێکــی دادپــەروەر کارەکــانی ئــەنجام دەدات.بریارەکانیان بابەتییە. وەرگێڕیش بەهەمان شێوە ڕۆڵی ڕەخنــەگر دەگێرێــت و بەرزکردنــەوەی ئاســتی کارەکــان و بریارلێدانیان دەگریتە ئەستۆ.

هــەروەک لاربــۆ دەڵێــت: لــە هــەمان کاتــدا وەرگێــر ســامانی فیکــری نەتــەوەیی خــۆی دەخاتــە گــەڕ و نــاوی خــۆی بەرزدەکاتەوە. وەرگێڕانیش تەنها گۆرینی ئەدەب بۆ ئەدەب و زمان بۆ زمان نییە،بەڵکو بەهای حەقیقەتی ئەدەبیی بەرز و ڕاستەقینەیە، کە هۆکارە بۆ گەشکردنی کەلەپووری ئەدەبی گەل.بۆیە دان بە ڕەخنەو وەرگێڕاندا دەنێن وەک چەکێک لە ململانــێ لــە ســەر ســەرمایەی ئــەدەب، ئەوانــە لای ڤــالێری وێنەیــەکی پــوختی ڕاستەقینە دەگوازنــەوە دور لــە سروشــتی مێژووی و نەتەوەیی وسیاسی.

## پاریس ( شاری ئەدەب):

جیهـانی ئـەدەب جوگرافیـای تایبـەت بـەخۆی هەیـە، بەپێچەوانـەی سـنووری نەتـەوەیی،کە بیروبـاوەری سیاسـی بەرهـەم دێنـێ. زەمینـە ئەدەبیـەکان سـنووری خۆیـان لەسـەر جـوانی و ئیسـتاتیکا دوور لـە پیشەسـازی و بریـاڕدان بونیـاد دەنێن، ئەو شارانە دەبنە بانکی جوانی و شـوێنی کۆبوونـەوەی سـەرچاوەی ئەدەبییەت و سـەنتەری جۆری، هـەروەک (رامـوز) پێناسـەی پـاریس بـە بـانکی جیهـانی گۆڕینـەوەی ئـاڵوگۆڕی ئـەدەب دەکـات، بـە پایتـەختی ئـەدەب لەسـەر ئاسـتی جیهـانی دادەنێ.

بـەم شێوەیە پاریس بووە بە پایتـەختی ئـەدەب و لـە هـەموو شـارەکانی تـر ئاسـتی بـەرزتر و شکۆدار ترە لـە سـەر ئاسـتی جیهـان، (**ڤالێری**) وەک پێویسـتییەک بۆ بنیادی ئـەدەب وەسـفی پاریس دەکات، ئەم شارە بەسیمای سەربەسـتی و یەکسـانی و سـیمبولی شـۆڕش و ڕووخـانی پاشـایەتی و فەراهـەمکردنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت.بەم شێوەیە فەرەنسا ناوبانگی خۆی بەدەست دێنێ لەروانگەی یەکسانی و لە خۆگرتنی پەناهەندەی سیاسـی و مرۆڤایـەتی پـاریس پایتـەختی هونـەرو خۆشـی و فاشـیۆنە. یەکێکـە لـە پایتەختـە کلتـووری و ڕۆشـنبیرییەکان و دامەزرینەری دیموکراسیەت و سیاسەتە.

هەربۆیەش(فیکتۆرهۆگۆ)دەڵێت:شۆرشـی فـەڕەنسـی سـەرمایەی ڕەمزی و گـەورەترین شـارو جوانترینیانە. پـاریس پالپشـتی ئـەدەب و هونـەر بـووە. ڕۆمانـەکانی (بلـزاک و زۆلا) وەک وەک وێنەیـەکی بچـوکی جیهانە.عەشـقی پـاریس لای

ئەمریکای لاتین لە سەدەی نۆزدەمدا گەیشتە چڵەپۆپە هەروەک داریۆ دەڵێت: خەون بە پاریسەوە دەبینم.لەو کاتەی مناڵ بووم زۆر جار لە خودا دەپاڕامەوە نەمرم تا پاریس دەبینم، هەمان ئەم هەستی خۆشەویستی و خەیاڵەش لای شاعیری یابانی (ساکوتارو هاجیورا) بەرانبەر پاریس هەبووە. هەروەک بۆی نوسیوە و دەڵێ:

ئاهـ دەمەوێ بچمە فەرەنسا
بەڵام فەرەنسا دوورە
من پاڵتۆیەکی نوێم کریوە
بابڕۆین بەرەو ئاسۆ
ئەو کاتەی شەمەندەفەر بەرەو چیا تێپەردەبێ

لەلایەکی دیکەوە فەرەنسا وەک سەرمایەیەکی سیاسی و نەتەوەیی ئەدەب دەبینن،کە زۆر جار فەرەنسیەکان جۆرێک لە ئیمپریالیەتی جیهانی وەک فەرەنسای دایکی هونەر لەو شوێنانەی داگیریان کردووە رۆشنبیری فەرەنسی بلاوکردۆتەوە لە ئەدەبەکەیان دەڕوانن، هەر بۆیە پێیان وایە، کە فەرەنسا شایانی ئەوەیە نازناوی (دایکی هونەر)ی لێبنرێت.

## ئەدەب و گەل و سیاسەت:

پاریس جگە لە جیاوازی وەک پایتەختی ئەدەب و جوانی دوورە لە سروشتی نەتەوەیی و نزیکە لە گشتگیری و بەنسبەت جیهانی ئەدەب کاریگەری زمانی نەتەوەیی بەسەرەوەیە، وەک پایەیەکی نەتەوە وەک بەشێک لە شوناس، کە کەلەپورە نەتەوەییەکان بە کایە نەتەوەییەکان دەبەستێتەوەو زمان بەشێکە لە کاروباری دەوڵەت و

هۆکـارێکی سیاسـیە و، کـەرەسـتەیە بـۆ بنیـادی ئـەدەب لــە سـەردەمێک سـەرچاوەی ئـەدەب و سـەردەمێک دامەزرینـەری چوارچێـوەی نەتــەوەییە. بــەم شـێوەیە زمــان و ئــەدەب بنچینەیـەکی عـەقلی سیاسـیین و هەریەکـەیان بـۆ بـاڵاکردنی ئەویتریان بەشدارن.

## پایە نەتەوەییەکانی ئەدەب :

سـەرەڕای تێگەیشتنی ئـەو پێوەندییـەی لە نێوان دەوڵـەت و ئەدەبدا هەیە،دەبێت لەوە دڵنیابین،کە هـەردووکیان تەواوکـەری یەکترن. لە ڕێگای زمانەوە پاڵپشتی یەک دەکەن، مێژونووسـان بۆیـان سـاغبۆتەوە دەرکـەوتنی یەکـەمین دەوڵـەتی ئـەورووپی لەسـەر بنـەمای زمـانی هاوبـەش بـووە, دواتـر بـوو بـە زمـانی نەتـەوەیی دواتریش دەرکـەوتووە زمانـە هاوبەشـەکە دەوڵـەتی لەسەر بنیادنراوە. بووە بە هـۆی بڵاوبوونـەی زمـانی ناوچـەیی و زارەکان و سـەرچاوە ئەدەبیـەکان لەسـەر بنچینـەی مێـژووی سیاسـی بـووە، بەمـەش پەیوەنـدی هـەردوو دیـاردەی سـەرهەڵدانی دەوڵـەت و سـەرهەڵدانی ئـەدەب و زمـانی نـوێ سـەریهەلداوە. ململانێ لەسـەدەی شـانزەیەمدا لە نێـو جیهـانی سیاسەتدا سـەرەداوی دروستبوونی یەکـەم زنجیرەی دەوڵـەت بـووە، کە لــە ئــەورووپا ســەری هەڵــداوە وەک ڕژیمەجیاوازەکان،زمان بووە هۆی تۆمارکردنی ئەو جیاوازیانە و هۆکـاری ململانێیـەکان، لیرەشـەوە ئـەدەب بـووە دژیـەک و مێژووی ڕەگی سیاسی.

هۆکارەکانی ململانێی زمـان لـە نـاو زارەکاندا لـە سـەردەمي رینیسانسـدا بـووە هـۆی کێبرکـێ لـە نیـوان زمانەکانـدا، ئـەو

ململانێیەش چووەناو بواری فیکری ئەورووپي و سەرهەڵدانی نەتەوە بەسروشتی ئەدەبی و سیاسی لە یەک کاتدا.روانینی سەرمایەی ئەدەبي بە سیمایەکی نەتەوەيي و شێوەی پەیوەندی پاشکۆی دەوڵەت و پەیوەستکردنی هزری ئابووری تایبەت بە جیهانی ئەدەبی و هزری جوگرافی و سیاسی و ئەدەبی بە بێ گومان هیچ دەوڵەتێک نییە بێ دەوڵەتی نەتەوەو دەوڵەتانیش لەسەر بنچینەی ململانێی نەتەوایەتی و ئابووری و پەیوەندی کێبرکي و بونیادەوە دادەمەزرین. لە لایەکی ترەوە حیکایەت و ئەفسانەو قەوارە نەتەوەییەکان دروست دەبن، لەو ململانێیەشدا هەریەک لە ولاتانی فەرەنسا و بەریتانیا و دەولەتیان بۆخۆیان دروست کرد، دواتر ململانێي نێوان ئەڵمانییەکان و فەرەنسییەکان بووە هۆی پێکهێنانی ئەو دوو نەتەوەیە، بەهەمان شێوە ئنگلیزەکان لە ئاکامی ململانێیان لەگەڵ فەرەنسییەکاندا بوون بە دەوڵەت و گەشەیان کرد، جا ئەم ململانێیانە دەشێ ئەدەبی یان سیاسی و ئابوری و کەلەپوری بن .

## داماڵینی مۆرکی سیاسی:

ئەدەب پەیتا پەیتا لە ژێرکۆنترۆلی بارۆدۆخە سیاسی و نەتەوەییەکاندا جیابۆوە, کە ئەمانە پێشتر بەشداربوون لە دروست بوون و کۆکردنەوەی سەرچاوە ئەدەبیەکان. وەک هونەرو شێوە ئەدەبیەکان و ئیستاتیکا و گێڕانەوەی فۆرمالیستی،کە فۆرمالیستە ڕووسەکان پێی دەڵین(شێواز)، لیرەشەوە ئەدەب لە هەوڵی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە مەودای سیاسی و یاساکانی تایبەت بە کاری سیاسیداو

سەربەخۆي و ئازادی بەدەستهێنایەوە , کەواتە ئەدەب سەردەکەوێت و چیتر نابێتە پاشکۆیی سیاسي و جارێکی دیکە پشت بەخۆی دەبەستێت, لە هەمان کاتدا لەو کێبرکێ نەتەوەیی و سیاسیانە دەباتەوە و دەچێتە قەوارەی ئەدەبی جیهانی و سەربەستی و سەربەخۆی خۆی وەردەگرێت. لە کۆت و بەندە سیاسیەکان دەرباز دەبێت تەنها دەچێتە ژێرباری یاساکانی جۆری ئەدەب. نمونەش بۆ ئەمە ئەوەیە کاتێک فەرەنسا کۆنترۆلی بوارەکانی سەربازی و سیاسیی رۆشنبیری رۆژئاوای کردوو، دواتر ئەلمانیا هەڵسا بە بەرپەچدانەوەی ئەو داگیرکارییە رۆشنبیریە لە نیوەی دووەمي سەدەی هەژدەم دەستی بەهەڵسانەوە کردو لە بواری رۆشنبیریی و فیکر و شیعرو فەلسەفە،بەهەمان شێوە ئەمەریکای لاتین کەوتە بەر هێرشی جیاوازییەکانی شوێن و فەزای ئەدەبی نەتەوەیی و سیاسی،هەروەک چۆن ڤالیری لای وابوو دەڵێت : نەخشەی ئەدەبی و فیکری لەگەڵ نەخشەی سیاسی یەک ناگرێتەوە، چونکە مێژووی ئەدەب هەروەک جوگرافیای ئەدەب ناتوانین لەسەر مێژووی سیاسی کورت بکەینەوە.

## شێوازێکی نوێ بۆ شیکردنەوە:

ئەو سەرچاوە ماددی و مەعنەوی و نەتەوەیی و کۆمەڵ و کەس و سیاسی و ئەدەبیانەی پێکدێن نووسەرەکانی جیهان دابەش دەکەن،لە وکاتەی کردەی یەکگرتنی جیهانی ئەدەبی جیهان دەستی پێکردووە،هەر نووسەرێک بەپێی باگراوندی رابردووی ئەدەبی خۆی دەچێتە بواری یاریەکەوە،کە پێکهاتووە لە مێژووی ئەدەبی و نەتەوەیی زمان، کە هۆکارە

بۆ ئینتمای نەتەوەیی و زمانەوانی.نووسەریش میراتگری گشت مێـژووی ئـەدەبیی و نەتـەوەیی وڵاتـی خۆیـەتی، کـە وەک چارەنووس بە دواوەیەتی. وەک کارەکانی نووسـەری ئیسپانی ( خـوان بینـت) یـان نوسـەری یوگوسـلاڤی (دانیـال کـیش) لـە بواری فەزای نەتەوایەتی و (سـامۆئێل بیکت)، کـە بایۆگرافیـای ژیان و میژووی لە (دۆبلین)ەوە دەست پێدەکات بۆ پاریس.

لێرەشـدا باسـی کاریگـەری رۆشـنبیری نەتـەوەیی لەسـەر پەرەسـەندنی کـاری ئـەدەبی یـا میـژووی ئـەدەبی نەتـەوەیی لەسـەر نووسـەر ناکەین،بـەڵکو ئەوەی بـاس دەکـرێ شـیوازی نووسـەرە لە سەربەسـتی داهێنـان و نـەمری و وەرگـرتن و رەتکردنەوە، زیادەکردن و بیروبۆچوون لـە میراتـی ئـەدەبی و زمانەوانی نەتەوەیی،کە وەک ڕێچکەیەک لە پرۆژە ئەدەبییـەکان لەبەرچاویـان گرتـووە. وەک ئەو رێچکـەیەی (بیکیـت) لــە هەڵویستی مێژووی ئەدەبی و سیاسییدا گرتیەبەر و بە میراتی نەتەوەییەوە دەیبەستێتەوە،کە بۆی ماوەتەوەو لـە هـەڵبژاردن و جوانناسیی و زمانەوانی و فۆرمخوازیدا پەنای بۆ دەبات. یان هـەروەک (جۆیس) هەڵسا بـە رەتکردنـەوەی ئاراسـتەو پیوانـە جوانناسـییەکانی نەتـەوەی ئێرلەنـدی و هەوڵیـدا ئـەدەبێکی ئێرلەندی سەربەسـت لـە دەسکەوتی نەتـەوە دابمـەزرێنێت. کـە ئەمـەش دوو فـەزا دیـاری دەکـات یـەکیان بـواری نەتـەوەو ئەوەیتریان بواری تاکەکەسییە.

# ئەدەبی چینی

گێڕانەوە مێژوویەکی کون و دێرینی هەیە، لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا گێرانەوەی رووداو و بەسەرهات دروست بووە. هیندێک لە سەرچاوەکان بە تایبەت یەکێک لەوانە (**ئوسکار وایلد**) بە ناونیشانی (بەسەرچوونی درۆگوتن) لەو کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێ هەر لە سەردەمی ئەشکەوتەوە مرۆڤ لەوکاتەی بیری لەوە کردەوە، کە واز لە دەوروبەری خۆی بهێنێت و گوشەگیری هەڵبژاردو کەوتە بیرکردنەوە و خەیاڵپەروازی و خۆڵقاندنی داستانی جوان و شەوانە خەڵکی ئەشکەوتنشین دەگەڕانەوە لە گوێ ئاگردان سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رادەکێشا. (ئوسکار وایلد) ڕستەیەکی جوانی هەیە دەڵێ مرۆڤ بە وتنی شتە واقعییەکان ناتوانێت داستانی جوان بخوڵقێنێت واتا شتەکان خەیالن و ئایندە و دەستکردی خەیاڵی مرۆڤ نەبێت بەرهەمەکانی جوان نابێت.

ئەگەر داستانی یونانییەکان باس لە قارەمانیەتی و حەماسەت و هێزی لە بن نەهاتووی مرۆڤ دەکات، بەڵام ئەدەبیاتی چینی کۆن،کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە (٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین) دەگەڕێتەوە، هێندێ لە سەرچاوەکان دەڵێن کۆنترین کتێب لە فەرهەنگی چینییەکان کتێبی سروودەکانە، کەوا پێدەچێت لە مێژووی کۆندا نووسراوەتەوە،کە گوایە لە (٣٠٥)سروود پێکهاتووە،دەڵێن ئەم شیعرانە دواتر لەلایەن(کۆنفۆشیوس) لە سەدەی دەیەمی پێش زایین کۆکراوەتەوە.

کێشەی لێکۆلینەوەی ئەدەبیاتی چینی ئەوەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، بەڵکو لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی مێژوی کۆنی خۆیاندا ئاماژەیان بە

ئــەدەبیات و هونــەر کــردووە. نووســـەر و ڕۆشـــەنبیرەکانیان هەمیشــە داوایــان لێکــراوە بــە شــێوازێکی ورد و ســەرنجڕاکێش بەرهەمــەکانیان بخەنــە وو، بەڵام وەک باســمانکرد نووســراوێکی تایبــەت بە رەخنەی ئەدەبی یان تیۆری ئەدەبی نییە. تـەنها لـە چوارچێـــوەی فەلســـەفە و سیاســـەت و مێـــژوو و ئاییـــندا لێیکۆڵراوەتەوە.خاڵێکی تریش پێویستە ئاماژەی پێبکەین،ئەویش ئەوەیە،کە دەڵێین ئەدەبی چینی بە تـەنیا سنووری جوگرافی چینـی ئـەمڕۆ ناگرێتـەوە بـەڵکو ئـەدەبیاتی ژاپـۆنی و کـۆری و ڤێتنامی و ئەو وڵاتانەی تری ئەمڕۆی باشووری ئاسیا هەموویان دەگرێتەوە،چونکـە لـە رابـردوودا هـەموویان  لـە چوارچێـوەی ئیمپراتۆریەتی چینیدا بوون.

ئـەو شـیعرانەی،کە دراوەتـەوە پـاڵ (**کۆنفۆشـــیۆس**) شـیعری ئاسایین،کە حیکایەتییەکیان  بۆ کاروباری ژیانی رۆژانە تێدایە و تەنانــەت زۆرجــار ئــەو کەســانەی ویســتوویانە ئاشــنا بـبن بـە پوختـــەی مەعریفـــە و زانســـتەکان دەســـتپێکی قســـەکانیان بـــە گوتنــەوەی چەنــد شــیعرێک لــەو شــیعرانە دەســتپێکردووە. لـەو (٣٠٥) سرووده (١٦٠) دانـەیان سـروودی نەتـەوەیی و ناوچـەیین. وێنـای ژیانی رۆژانـەن. باس لە داب و نـەریت و کار و پیشـە و وەسـفی جـەژن و کشـتوکاڵ و درۆێنـەی خـەڵکی ئاسـایی رۆژانـە دەکات. یەکێک لەو سروودانە باسی بەلەمێک دەکات، کە لە داری چنــار دروســتکراوە، شــاعیرەکە بــاس لــە غووربــەت و هەســتی شــاراوەی خــۆی دەکــات، بــاس لــە یادگــاری رۆژانــی رابــردووی خــۆی دەکــات، وەک نۆســتالژیایەک بــاس لــە هوشــیاری مــرۆڤ دەکــات. بــە کــورتی دەمانــەوێت بڵــێن بــە پێچەوانــەی شــیعر و

داستانی یۆنانی دەستپێکی شیعری چینی کۆن بە غەزەڵ دەستی پێکردووە. ئەم جۆرە شیعرە لە دیدی (**کۆنفۆشیۆس**) پێی گوتراوە (هەڵبژاردەکان).

**کۆنفۆشیۆس** لە ساڵی (٥٥١) تا (٤٧١) پێش زایین ژیاوە، یەکێک بووە لە کەسایەتییە دیارەکان و دواتر شارستانیەت و ئایینەکەی ئەو دەمەیش لەسەر بۆچوونەکانی ئەو دارێژراوە. تەنانەت (**بۆرتن واتسن** Burton Watson ١٩٢٥-٢٠١٧ ) لە کتێبەکەیدا (ئەدەبیاتی دێرینی چینی *Early Chinese Literature*, 1962)، لە ساڵی (١٩٦٢)دا دەڵێ خوێندنەوەی ئەم کتێبە (**هەڵبژاردەکان**)ی کۆنفۆشیوس وەکۆ ئەوە وایە تۆ لە ماڵەکەی خۆتدا بە پچڕپچڕی گوێت لە قسەکانی ماڵی دراوسێیەکەت بێت، کە جارجار قسەیەکک یان رستەیەک دەبیستیت. بەڵام بە تەواوی لە واتای گشتی گفتوگوکە تێناگەیت، بەڵام پێویستت بەوە هەیە بە زەینی خۆت شتەکانی تر شی بکەیتەوە، ئاموژگارییەکانی (کۆنفۆشیۆس) باوەڕی بەهێزی لەبن نەهاتووی مرۆڤ خۆی هەیە، کە قالبێکی جیهانی وەرگرتووە. راستە ئەم نووسەرە کەم باوەڕی بە رۆحی پێشینان و هەسارەکانی کۆن هەیە، لە شوێنێکدا دەڵێت:

حیکمەت و عەقڵ واتا کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی، کە مرۆڤی ئاسایی مافی ئەوەیان هەیە بە دەستی بهێنن، دوورکەوتنەوە لە رۆح و خواوەندان خۆی لە خۆیدا رێزگرتنە لەوان. ئەم وتەیە بە بۆچوونی هێندێک لە رەخنەگران ئەمە یەکەمین هەوڵە بۆ جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئایین، بەڵام بە کورتییەکەی (کۆنفۆشیوس) دەیەوێت پێمان بڵێت هەوڵی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا دەتوانێ هەموو شت بە دەست بهێنێت، جەخت

لەسەر رەفتاری چاك دەكاتەوهو پێیوایە، كە پێوەندی ڕاست و دروستی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی ئایین و سروودە كۆمەلایەتییەكانەوە دەگوازرێتەوە.

نووسەرێكی تر بە ناوی (**گراهام**) كتێبێكی بە ناونیشانی (**مشتومڕی تاوییەكان**) یان گفتوگۆی فەلسەفی لە چینی كۆندا لە ساڵی (١٩٨٩)دا چاپیكردووە. ئەم نووسەرەش پێیوایە (تاوییەكان) رەفتاری چاك هەمیشە هۆكار و ئەنجامی خۆی هەیە، لەهەمان كاتدا پێناسەی ئایینەكەی ئەوان وادەكات دەڵێ: ئایینەكان لە بنچینەدا كۆمەلە یاسایەكن هەموو ڕەهەند و مەوداكانی ژیان دیاری دەكەن، دەبنە كۆگایەك بۆ تێروانینی پێشینان بەرامبەر بە رەوشت،دەبێ هەموومان پەیرەوی لێبكەین مەگەر تەنیا كەسێك پاساوی خۆی هەبێت بۆ سەرپێچی كردن. هەروەكو (كۆنفۆشیۆس) خۆیشی لە بەشێك لە كتێبەكەیدا دەیەوێت پێمان بڵێت،كە رەفتاری چاك و پەیرەوی كردن لە ئایین ئەمانە بۆ خۆیان ئامانج نین،بەڵكو ئامرازێكن بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەشێوەیەكی گشتی زۆربەی بەرهەمە چینیەكان بۆ وانەی رەوشت و ئاموژگاری و فەلسەفەیەكی سیاسی نووسراون. ئەم بیروباوەڕانە تاكو ئێستاش لە چین و ولاتانی باكووری رۆژئاوای ئاسیادا لە پاڵ مەراسیمی ئاییەنەكانی تر وەكو بوزی و تاوی و هیندۆسی درێژەیان هەیە، كە زیاتر ئەدەب وەك ئامرازێكی دەربڕینی ئایین و فەلسەفی سەیر دەكەن، بەلام لەم سالانەی دواییدا بە تایبەت لە سەدەی بیستەمەوە كاریگەری رێبازە ئەدەبییەكانی رۆژئاوا، بووەتە هۆی ئەوەی نووسەرانی چینی و كۆری و ڤێتنامی.....هتد ئەنجامی

هۆکارەکانی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ رۆژئاوادا تا رادەیەک لە کلتوری خۆیان دابڕێن،بەڵام لە سەدەی بیستەمدا دەسەڵاتی سیاسی حزبی شیوعی ماوی لەو وڵاتەدا وایکرد،کە نووسەران ئازادییان نەبێت، ئازادییەکانیان سنووردار کراوە. سەرەتا ئەدەبی چینی وەک وتمان زیاتر کتێبەکەی (کۆنفۆشیۆس) بوو، بەڵام لە دوای ئەوە چەندین کتێبیان بە شێوەی پەخشان نووسیوە، هێندێک نووسراویان هەیە پێیدەوترێت (**بەڵگەنامەکان**)،کە وەک خوتبەکانی خێزانی(**چوو**)، کە فەرمانرەوا چینییەکان ئەو وتارانەیان لە بۆنەکاندا پێشکەش کردووە، کە لە ساڵی(١١٢٢) تاوەکو(٢٥٦)ی پێش زاییندا نموونەیەکی پەخشانی ئەدەبی و هونەری و رەوشتین و نووسراونەتەوە، هەر بۆیە ئەدەبیاتی کۆنی چینی یان ئەدەبیاتی کلاسیکی چینی پێیدەوترێت ئەدەبیاتی (کۆنفۆشیۆس)، بەڵام سەرهەڵدانی ئاینێکی تازە، کە ئایینی (تاوی) پێدەوترێت لە سەدەی چواردە وەکو کاردانەوەیەک وابوو بۆ ئایینی کۆنفۆشیۆسی. ئەم ئایینە تازە بە پێچەوانەی پێشوو داوایان دەکرد،کە خەڵک لەو بازنە تەسکە بچنە دەرەوەو ژیانێکی سادە و ئاسایی و بە خۆشی بژین و بۆ جوانییەکانی سروشت بگەڕێنەوە.

بێگومان ئەم ئایینە تازەیە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێ شاعیر شیعرەکانیان بۆجوانی و سروشت بنووسن. یەکێک لە شاعیرانی ئەو سەردەمە ناوی (لاوزی)یە، کتێبێکی به ناونیشانی (رێگاکانی گەیشتن بە رەوشت وە فەزیلەت) هەیەو بە دامەزرێنەری ئایینی تاوی دادەنرێت. چوار شاعیری چینی کۆن لە سەردەمی پاشایەتی خیزانی (**تانك**) لە ساڵی (٦١٨ پێش زایین)دا هەبوون.

ئـەو چـوار شـاعیرە لـە رووی قالـب و روخسـاری شـیعرییەوە قالبێکی تازەی شیعری بە شێوەی چوارینە شیعریان نووسیوە، کە تێدا خوشەویستیان بۆ سروشت دەربڕیوە و باس لە هێمنی و ئارامی و تێڕامانەکانی خۆیان بە شێوازێکی تازە دەربڕیوە، کە تا رادەیەک لە ئایینی (بوزی)یەوە نزیکە. یەکێک لەو شاعیرانە (لیپۆ)یە،وەکو شـێوازی چیروکـە کۆنـەکان بـە شـێوەیەکـی ئەفسانەیی باس لە خەون و خەیاڵ و مەینۆشی دەکات. یەکێکی دی لـە شـاعیرانی ئـەو سـەردەمە،کە شـێوازی تایبـەتی خـۆی هـەبووە، نـاوی (دوفـو) بـووە، کـە شـاعیرێکی لە هەڵبژاردنی بابەتەکان و (ئازار و خەمی خۆی)و کارەساتی شەڕی ناوخۆ و براکوژی و نەهامەتی و جەنگدا زۆر وردبین بووە.شیعرەکانی بە زمانێکی پاراو و ڕەوان بە شێوەیەکی جوان لە چاو شاعیرانی پێش خۆی نووسیوە. شاعیرێکی دی جیاواز لەوان (پۆچو) بووە، کە بە شیعری کۆمیدی یان (ساتیر-تەنز) بە شێوەی توانج و پـلار و داشـۆرین شـیعری نووسـیووە. بـۆ ڕەخنـەگرتن لـە دەسەلاتی ئەو سەردەمە گونجاو بووە.

ئەدەبیاتی کۆنی چینی بە تەنها شیعر نەبوو، بەڵکو چیرۆک و شـانۆنامە وەکـو دوو ژانـری جیـاواز مێژووەکـەیان بـۆ سـەدەی سێیەم دگەڕێتەوە. ئەم جۆرە بەرهەمانە بە تایبەت شانۆنامەکان بە شێوازی ئۆپێرای تازەی رۆژئاوایی پێشکەشکراون. هەر سێ رەگـەزی گۆرانی،سـەما،دایەلۆگی تێـدا بـووە. لای ئـەوان پێـی دەگوترێت شانۆی ئاهەنگسازی. دیارە ئەم سەما و گۆرانیانەش پێوەنـدی ڕاسـتەوخۆیان بـە کلتـور و مێـژوو و ئـایین و رۆشـەنبیری ئـەو مێللەتانـەوە هـەبووە. یـەکێک لـەو شـانۆییە

کۆنانە بە ناونیشانی (ژووری رۆژئاوا)بووە، کە لە نووسینی(**وانگ شی فۆ**)بووە، یان شانۆییەکی دی بە ناونیشانی (چەوساندنەوەی تاو)بووە، کە لەلایەن (**بووان هانگینگ**)ەوە بووە، کە لە سەدەی سێزدەهەمدا نووسراوەتەوە. بەم شێوەیە درێژەی کێشا تەنانەت لە سەدەی حەڤدەهەمیشدا (**تانگ زیان زۆ**) کۆمەڵێ بەرهەمی شانۆیی ئاهەنگسازیی نووسیوە. لەبارەی ئایین و ڕەوشت و لایەنی پەروەردەیی، لە دیارترین شانۆییەکاندا بە ناونیشانی (ژێرزەمینەکانی تاوانیا)یە.لە بارەی بزاڤی شانۆیی لە سەدەی بیستەمدا،رەنگدانەوەی سیستمی سیاسی وڵاتەکە بووە.چەندین شانۆیی لەلایەن جووتیارانەوە پێشکەش دەکران،کە هەر هەموویان باسی رۆڵی قارەمانانەی لەشکری سوور و گیانی شۆڕشگێری و خەباتی نەپساوەو کرێکارو جووتیاری هۆشیاری چینی بوون، لەوانە شانۆیی(هەزاران دۆڵ و چیا)،باس لە سەربازگەیەکی سەر بە لەشکری سوور دەکات و خەباتی نهێنی پاڵەوانەکەی بەرامبەر بە حزب دەردەبڕێ.ئەم شانۆییە لە لایەن(**چین چی تونگ**)ەوە نووسراوە[1].

ژانرێکی دی لە ئەدەبیاتی چینیدا (رۆمانە)، تەنانەت زۆرجار لە کۆڕی ئەدەبیاتی جیهاندا چینییەکان خۆیان لە رۆماندا بە پێشەنگ دەزانن،(گەشتێک بۆ رۆژئاوا) رۆمانێکی کۆمیدییە لە لایەن(**ئۆشینگ کان**) لە سەدەی حەڤدەهەمی زاییندا نووسراوە، باس لە سەردانی یەکێک لە رەبەنە بوزییەکان بۆ هیندستان دەکات،هەر لەو سەردەمەدا رۆمانێکی دی نووسراوە،رۆمانی

[1] : قو شینغ هاو،الادب الصینی فی القرن العشرین،ترجمة عبدالعزیز حمدی عبدالعزیز،ج٢،الطبعة الاولی،المرکز القومي للترجمة،القاهرة،٢٠١٥،ص٥٤٢-٥٤٣.

(ژووری سوور)ی نووسیوە، کە باس لە داڕوخانی خێزانێکی (ئۆتۆکراتی) دەکات بە ناوی (کووان). ئەدەبی چینی نوێ لە سەدەی نوزدهەمەوە لە ڕێگەی ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانە ئەوروپییەکان بۆ چین بووە هۆی ئەوەی،کە چینییەکان بە شێوەیەکی باشتر و قووڵتر ئاشنای کلتور و ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوا بن، چەندین بابەتی وەکۆ کورتەچیروک و ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی چینییدا دەرکەوێت.

دیارترین کورتەچیرۆکنووسی سەدەی بیستەمیان ناوی (**لو شون**)ە،بە باوکی ئەدەبی نوێی چینی دادەنرێ،چەندین کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە،لەوانە(**ڕۆژانەی شێتێك**)و(**گفتوگۆ لەگەڵ چەك**)،هەروەها بەرهەمی هەندێک لە چیرۆکنووسانی ڕووسی تەرجەمە کردووە. لە کورتە چیرۆکەکانیدا زیاتر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەرجەستەکردووە،بەڵام دووبارە لەساڵی (١٩٤٩)دا دوای شەڕێکی خوێناوی (**ماو تسی تۆنگ**)[١] ڕابەری شیوعییەکان دەسەڵاتی گرتەدەست و وەکو شیوعییەکانی ڕوسیا نووسەرانەکانیشی پابەندکرد، کە بۆ خزمەتی فەلسەفەی دەوڵەت بنووسن، بە زمانێکی سادە، کە خەڵکی سادە هەمووی لێتێبگەن،لەبەر هەڵوێستەکانی چەندینجار دوورخراوەتەوەو یەکێک بووە لەوانەی بە سوود وەرگرتن لە فۆرمی ڕۆژئاوایی و چینی نوێخوازی لە ئەدەبی چینیدا کردووە. پاڵپشتی و هەوڵی بۆ پیادەکردنی زمانی ئیسپرانتۆ لە چین داوە.

---

[١] : (ماو تسی تۆنگ) خۆبشی شیعری نووسیوە.

**نموونەیەک لە شیعرەکانی ماو تسی تۆنگ :**

1

**لەشکری لیوبانك**

**ئاسمان بەرزەو هەورەکان لەبادا پەرش و بڵاو ئەبنەوە**
**سەیری لای باشوور ئەکەم قازە کێوییەکان لە ئاسۆدا ون ئەبن**
**بە پەنجەم مەودای بیست هەزار ئەژمێرم و ئەڵێم**
**ئێمە پاڵەوان نین ئەگەر نەگەینە ئەو دیوارە مەزنە و**
**بە سەر بەرزترین تۆپکی ئەو شەش چیایە نەوەستین**
**بەیداخی سوور لەناو بای خۆروا ئەشەکێتەوە**
**ئەمڕۆکە گوریسێکی درێژم لە دەستە**
**سەرسامم ئەبێ چەند بخایەنێ تا بەسەر ئەم دێوە زاڵ ئەبین**

**2**

**کۆڕەوی دوورو درێژ**

**هیچ یەکێ لە لەشکری سوور لە سەختی ڕێگەی دوورودرێژ ناترسێ**
**بە کپی ئەمانباتە ناو هەزاران ترۆپك و دەهەزار ڕووبارەوە**
**پێنج چیاکە وەکو شەپۆلی ئاوەکان بەرز بوونەتەوە**
**چیای فومنگ جگە لە تاشەبەردێکی سەوز شتێکی تر نییە**
**تەلانە بەردینەکان گەرم و گوڕن، کە تاو ئەدەمە ناویانەوە**

**3**

**رووباری لیمیی زێڕین**

**زنجیرەی ئاسنینی پردەکان بەسەر ڕووباری تاتۆوە زێڕینن**
**خۆشی ناو بەفر دایپۆشیوین**
**دوا ڕاڕەومان بڕی هەرسێ لەشکرەکە پێکەنین**

**4**

**بەفر**

**لەو نیشتیمانەی باکوریی و لەو بایە ڕامالکارەوە**

**هەزاران ئەکەر لەو بەستەڵکە زیندانی بووە**
**بەدەیان هەزار ئەکر لە ناو زریانی بەفر**
**سەیری هەردوولای دیواری مەزن بکەن**
**هیچ شتێ لە ئارادا نییە جگە لە بەردەڵانی بەرفراوان**
**لە ڕێژگەی سەروەو خوارەوەی ڕووباری زەرد**
**هیچ شتێ لە ئارادا نییە**
**جگە لە لاربوونەوەی مەزنی شەپۆلەکان**
**مارە زیوینەکان بەسەر شاخەوە سەما ئەکەن**
**فیلەکانی زستان بەرەو دەشتایی ئەبنەوە**
**ئێمە ئارەزوو دەکەین بەرزایی خۆمان بە ئاسمان بەراورد بکەین**
**ئاخ، چاوەڕوانی ئاسمانی ساف بکەن**
**سەیرکەن زەوی چەند سیحراویە**
**وەك کۆرپەڵەیێکی تەبەش سوور بە سپی وەرپێچرابێت**
**ئەوەیە سیحری چیاو زەوییەکان**
**بانگی ئەو پاڵەوانانە ئەکات ناژمێردرێن**
**تا ڕکابەری یەکتر بکەن تا بە دوای کەون**
**5**
**هەردوو ئیمبراتۆرەکەی هوانغ و فوتی قەت ڕۆشنبیر نەبووینە**
**هەروەها تعای تسونگ و تسعای تزو قەت شۆڕەسوار نەبووینە**
**لە نەزەری نەوەیەك بە تەواوی جەنگیزخان هەوای ئاسمان بووە**
**تەنها ئەوەی زانیوە کە چۆن ژێی کەوان بۆ بازەکان ڕێداتەوە**
**ئەوانە هەموویان ڕۆیشتن**
**ئەمڕۆکە تەنها ئەو خەڵکە هەن کە هەستێکی مەزنیان هەیە**
**6**
**تاك و تەنیا لەناو شەختەی پاییزدا وەستاوم**
**ڕووباری هسیانغ بەرەو باکوور ئەچێت**

**بەسەر کەنارەکانی ئورانجەوە**
**گردۆلکەکانی دەهەزار ئەبینم، هەموویان قورمزین**
**دارستانەکانیش هەموویان شەلاڵی سوورباوین**
**ڕووبارە گەورەکە سەوزو ڕوونە**
**سەدان کەشتی پێدا دەڕوات**
**ماسیەکانیش مەلە ئەکەن**
**هەموو کائیناتەکانیش ئەیانەوێ**
**لە خووسی هەوادا ڕزگاریان بێت**
**بەتەنها بە نێو پانتایی ئەو چەقێنەدا وەستاوم**
**لەو زەویە ئەپرسم ئاخۆ کێ حاکمی ئەو کەونەیە**
**7**
**سەدان هاوڕێم لە بیرە**
**لە مەودای ساڵە جەنجاڵ و پڕ لە ڕووداوەکان هاتنە ئەو شوێنە**
**هەموویان لە هەڕەتی لاوی دابوون و قیت و قۆز**
**پڕ لە زیرەکی و ئەمین بوون بۆ ڕۆحی دونیا**
**لەبیرمە چەند بە گوڕو زیندوو بوون**
**کاتێ سەیری رووبارو چیاکانیان ئەکرد**
**زەوی چین یش هێزی ئەبەخشیە وشەکانیان**
**پیاوە دەربەگەکانیان بە ریخ هەژمار ئەکرد**




**لو شون ١٨٨١-١٩٣٦**

بەرهەمی ئەدەبی چینیی تەنانەت سالانی حوکمی (ماوتسی تۆنگ) تا سالی (١٩٧٠) ئەو بەرهەمانە چاپدەکران، کە جووتیارەکان دەیاننووسی، بەرهەمەکانیان بێ بەری بوون لە ئەدەب و ئاستی هونەرییان لاوازبوو، بەڵام لە دوای (١٩٧٦) بەدواوە کۆتوبەندی سیاسی کەم بۆوە، لە ئەنجامی ئەو ئازادییەدا نووسەرگەلێکی تازە دروستبوون،کە لە بەرهەمەکانیان رەخنەیان لە سیاسەتی سەردەمی خۆیان دەگرت، یەکێک لەوانە لە سالی (١٩٨٩)دا نووسەرێک بوو بە ناوی (زانگ گی).

## ئەدەبی ژاپۆنی

ژاپۆن لە رابردوودا، وەکو بەشێک لە کلتوری ناوەچەکەو لە مێژووی رۆشنشتبیری و فەرهەنگی چینی سەیرکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تایبتەمەدی و خەسڵەتی تایبەتیی خۆی هەبووە.توێژەرانی ئەدەبیات مێژووی ئەدەبیاتی ژاپۆنی وەکو تایبەتمەندی خۆی لە سەردەمی (نارا٧٢٤-٧٥٦ز)ەوە دەست پێدەکات،لەو سەردەمەدا کۆنترین کتێب،کە هەزارو پێنج سەد شیعری لە خۆگرتووەو لە دە هەزار لاپەڕە پێکهاتووەو لەلایەن(مانیو شیو)ەوە کۆکراوەتەوە. دیارترین شاعیرانی ئەو سەردەمە برێتی بوون لە (هیتو مارۆ) و (ئاکا هیتۆ).

شیعری ژاپۆنی هەروەکو میللەتانی دی پڕە لەعەشق و خۆشەویستی و جوانی سروشت و لاواندنەوەو قارەمانیەتی.

ئیمپراتۆری ژاپۆنی **دایــــژۆ**(٨٩٨-٩٣٠ز) وەکو کەسێکی شیعردۆست هەوڵیدا هانی شاعیران بدا و خانەی تایبەتی بۆ پێشبڕکیی شاعیران دابنێت و لە زۆربەی شارەکاندا زیاتر لە هەزارو پێنج سەد شاعیر بەشدارییان تێدا کردووەو ئەوانەی لەو پێشبڕکییانە دەردەچوون شیعرەکانیان لە خانەی دەسنووسە پارێزراوەکاندا هەڵدەگیران.

ئەو قاڵبە شیعرییەی"کە باو بوو"ئەوەبوو پێیان دەوت تانگا"کە برێتی بوو لەوەی کە هەر قەسیدەیەک لە پێنج بەیت پێکهاتبوو،دەسپێکەکەی بە پێنج بڕگەو دواتر بە حەوت بڕگەو سێیەم دێڕیش لە پێنج بڕگەو چوارەم و پێنجەمیش لە حەوت بڕگە پێکهاتبوو.ئەو دێرانە پەیڕەویان لە قافیە نەدەکرد واتا ئاوازەیەک،کە هەموویان وەک یەک بێ و بە هەمان دەنگ

کۆتاییان بێ،بەڵکو ئەوەی گرنگ بوو بە هەموویان وینەیەک ببەخشن.لەرووی زمانی شیعرییەوە شاعیر هەوڵیدەدا یاری بەزمان بکات و کەمتر بەدوای میتافۆردا بگەڕێ.واتا بۆ ئاستی تێگەیشتن ئاسان بێ،بەو واتایە نا،کە شاعیر بە زمانی رۆژانەی خەڵک شیعر بنووسێ،بەڵکو بە زمانێکی ئاسان و زۆرترین واتا لەخۆبگرێ.

لە سەدەی شازدەهەمەوە ئیدی شاعیرانی ژاپۆنی بێزار ببوون لە شیعری تانگا،کە بە شیعری کلاسیکی دادەنرا و فۆرمێکی دریژیان هەبوو،لە جیاتی ئەوە فۆرمێکی تازە،کە بە هۆکۆ) ناسراو دواتر وەکو ئەزموونێکی شیعری بەناوی (هایکۆ)بەجیهاندا بڵاوبووەوە،کە بریتییە لە یەک دەربڕین،یان کۆپلەیەکی کورت بۆ گوزارشتکردن بە بیرۆکەیەکی بچووک یان کورت.لەرووی بنیاتی هونەرییەوە لە سێ دێڕ پێکهاتبوو، دێڕی یەکەم لە پێنج برگەو دووەم لە حەوت و سێیەم لە پینج بڕگە پێکهاتبوو. دیارترین شاعیری لێهاتووی هایکۆ(ماتسۆرا باشۆ ١٦٤٣-١٦٩٤ز )بووە.

ئەدەبیاتی ژاپۆنی تەنیا شیعر ناگرێتەوە،بەڵکو هونەری وتارو چیرۆک و شانۆیش لە ژاپۆن پێگەیەکی دیاری هەیە.

لە هونەری وتاردا ژنێک بەناوی(**سی شونا چون**) لە دەوروبەری سالآنی ١٠٠٠ز دا کتێبێکی نووسیوە،کە چەند وتارێکی لە خۆگرتووە بەناونیشانی(چەند وێنەیەک لەسەر سەرین) و تیایدا بە زمانێکی رەوان و وێنەیەکی هونەریی جوان و رازاوە بابەتەکانی دەربڕیوە.

هەروەها **ئارای هاکوسەکی**(١٦٥٧-١٧٢٥ز)جگە لەوەی وەکو مێژوونووسێک ناسراوە هاوکات وتارنووسێکی بە تواناش بووە.

هونەری چیرۆک، لەو هونەرانەیە لە ژاپۆن هەر لە زووەو پەیدا بووە"بەڵام زیاتر لە قاڵبی گێڕانەوەی حیکایەتئامێزدا بووە نەوو بەو شێوە هونەرییەی دواتر لە رۆژئاوادا وەکو فۆرمێکی تایبەت و خاوەن کۆمەڵێ خەسڵەت دەرکەوت. لەو چیرۆکانەی،کە بە شێوەیەکی فراوان بڵاو ببۆوە،چیرۆکی (جین چی مۆنۆ چاتاری)یە،کە لەلایەن ژنێکەوە بە ناوی(مۆرۆساکی نو شی کیبۆ)نووسراوە،وەکو دەڵێن ئەم چیرۆکە ٤٢٣٤ لاپەڕەیە لە دوروبەری ساڵی ١٠٠١ دا نووسراوە، دەربارەی شاری جین چی)یەو مێژووی ئەو شارەی لەچل و پێنج بەرگدا نووسیوەتەوە.

هونەری شانۆیی ژاپۆنی سەرەتا بە هونەری پانتۆمیم دەستی پێکردووەو ناوەرۆکی شانۆنامەکان جۆرێک لە ئاهەنگسازی بووەو زۆرجار بۆ دەربڕینی سرووتە ئایینییەکان بووە.

هەوڵەکانی **(شیکا ماتسۆ)** بە پێشەنگی ئەو هەوڵانە دابنرێ و بە رابەری شانۆی ژاپۆنی لە قەڵەم بدری. لە رووی بنیاتی هەونەرییەوە بێگومان لە ئاستی شانۆی رژئاواییدا نەبووە لە رووی هونەرییەوە، بەڵام لە ناوەرۆکدا بە هێزتربووەو لاوازتر نەبووەو ئەوەندە سەرنجی خەڵکیان راکێشاوە، کەسی وا هەبووە خۆی کوشتووە[١].ئەم جۆرە شاتۆییە پێیان وتووە شانۆی(نەو)یان کابوکی"کە لەگەڵ جۆرە سەمایەکدا دەکرێت،پێی

---

[١]: ویل دورانت، تاریخ تمدن، ص ٦٣٠-٦٣٢.

دەگوترێت(کاگۆرا)و ئەمەش سەمایەکی ئایینییە واتا وەستان لەبەردەم خواوەندی خۆردا[1].

## هونەرەکانی گێڕانەوە(چیرۆك و ڕۆمان)

چیرۆک و ڕۆمان بە واتا و شێوە هاوچەرخە ڕۆژئاواییەکەی لە ژاپۆن وەکو (کی گیما هاگیمی)،یەکێک لە نووسەرەکانی خۆیان دەڵێ لەسەر خۆلەمێشی وێرانەی جەنگی دووەمی جیهانییەوە دروست بوو.سەرەتا بە هۆی حەکمی سەربازییەوە لە کلترو فەرهەنگی ڕۆژئاوایی دوور بوون،بەڵام هەوڵی بێوچان و قوربانیدانی هەندێ لە ڕۆشنبیرەکانەوە پیوەندی لەگەڵ کلتوری ڕۆژئاوا دروستبوو.دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەو بریارە بڕیاریکی گشتی بووبێت هەندێکیشیان لەگەڵ ئەوە دابوون،کە گەڕانەوە بۆ ئەفسانەی کۆنی کلتوری نەتەوەیی لە وەرگەڕان بۆ ڕۆژئاوا باشترەو هەندێکیش هەردوو لایەنەکەیان بپێیەیست زانیوە،کە ئەمە تەواو بۆچوونەکانی ڕۆماننووس( گینشیرۆ تانیزاکی)یە،کە زۆر کەس بە بابە گەورەی ئەدەبی ژاپۆنی دادەنێن.

ڕۆمانی ژاپۆنی بە تەنیا لە ناو ژاپۆن جێگەی بایەخ نەبوو،بەڵکو سیحری جوانی و ستاتیکای بەرهەمەکانی سەرنجی ڕۆژئاوایشی ڕاکێشاوە.

(**یۆکۆ میشیما**Yukio Mishima ١٩٢٥-- ١٩٧٠ز) بە ڕۆمانەکانی(تینوی ئەڤینداری) و (بەفری بەهار)و(پەرستگای کازیوە) و (دانپیانانەکانی ماسکێک)و..... لەسەر ئاستی جیهان

---

[1] : د.شاكر الحاج مخلف،دراسات في المسرح العالمي،شركة اوروك للصحافة و النشر و الترجمة،١٩٩٨،ص٨١.

ناسراوەو سێ جاریش بۆ خەڵاتی نۆبڵ پاڵێوراوە.ئەم نووسەرە چل رۆمان و هەژدە شانۆنامەو بیست کۆمەڵە چیرۆکی هەیە. دواجار خۆی کوشت.



**یۆکۆ میشیما**

(**یاسۆناری کاواباتا** ۱۸۹۹-۱۹۷۲ز)،یەکێکە لە رۆماننووسە بەناوبانگەکانی ژاپۆن و یەکێکە لەو رۆماننووسانەی ژاپۆن،کە لە ساڵی ۱۹٦۸ دا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.ئەم رۆماننووسە بە زمانیکی شیعری و تەمومژاوی چیرۆک و رۆمانەکانی نووسیوەو هەر لەگەنجییەوە لە زانکۆی تۆکیۆوە،خەریکی گۆڤاری ئەدەبی بووەو نوێخوازێکی گەورەی ئەدەبی ژاپۆنییەو باوەڕی بەو شیوە نووسینانەی تایبەت بۆ کرێکاری و سۆشیالیسی نەبووە.لە رۆمانە دیارەکانی:(ماڵی جوانە نووستووەکان)[1] و (وڵاتی بەفر)[1] و(غەم و جوانی)[2] و(قەڵەمڕەوی

---

[1] : یاسوناری کاواباتا، خانە خوبرویان خفتە ،برگردان رضا دادویی، چاپ اول، انتشارات سبزان،تهران،۱۳۸۹.

خەونێکی سپی)[٣] و(کیوتو پایتەختی کۆن)[٤] و(نرکەی چیا)[٥] و (ئیزۆی سەماکەر)[٦]و...



**یاسۆناری کاواباتا**

لەدوای ئەو چەندین رۆماننووسی دی وەکو (**یاسوشی ئینیۆ**(Yasushi Inoue ۱۹۰۷--۱۹۹۱ز)و (**کینزابۆرۆ ئاوی**) لە ۱۹۳۵

---

١ : : یاسوناری کاواباتا، دهگده برفی،برگردان رضا دادویی، چاپ اول، انتشارات آدورا،تهران،۱۳۸۹.

٢ : : یاسوناری کاواباتا، زیبایی و افسردگی،برگردان رضا دادویی، چاپ اول، انتشارات آدورا،تهران،۱۳۸۹.

٣ : : یاسوناری کاواباتا، قلمرو رؤیایی سپید، ترجمه مجتبی اشرفی، چاپ اول، انتشارات ققنوس،تهران،۱۳۹۹.

٤ :یاسوناری کاواباتا،کیوتو پایتخت قدیم،ترجمەی مهدیه عباس پور،نشر چشمه ، تهران،۱۳۹۸.

٥ : یاسوناری کاواباتا، آوای کوهستانی،برگردان رضا دادویی،نشر سبزان، تهران،۱۳۹۰. ئەم رۆمانە تەرجەمەی زمانی کوردی کراوە:یاسۆناری کاواباتا، نرکەی چیا،وەرگێرانی جەوهەر مەحمود داراغا،ناوەندی رۆشنبیری هونەری ئەندێشە،سلێمانی،۲۰۱۸.

٦ : یاسوناری کاواباتا، رقصنده ایزو، ترجمه رؤیا طیبی،نشر همراز،تهران,۱۳۸٦.

لە دایکبووەو لە ساڵی ١٩٩٤دا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. لە ڕۆمانەکانی (خەیاڵاتەکانی کەسێک) و (فێربووین شێتیەتی خۆمان تێپەڕێنین) و ( هاواری تاساو) و ... لە ڕۆمانەکان و نووسینەکانیدا بە زمانێکی شاعیرانەو ڕەوان و  بە قووڵی چۆتە ناخی پاڵەوانەکانییەوە. کاریگەری بوونگەرایی و سارتەری زۆر بەسەرەوەیەو ئەگەرچی لە گەنجیەتیدا زۆر پشتگیری چەپگەراکانی دەکرد و هەر ئەوەش وایلێکردووە سەفەری چین بکات و دیدەنی ماوتسی تۆنگ بکات.



**کینزابۆرۆ ئاوی**

**هاروکی مۆراکامی**، بە ڕۆمانەکانی وەک ڕۆماننوسێکی بە توانای دنیای فانتازی دەرکەوتووەو جەماوەرێکی زۆری لە ژاپۆن و ڕۆژئاوادا هەیەو تەنانەت هەندێ لە ڕۆشنبیرە ژاپۆنییەکان گلەیی ئەوەی لێدەکەن، کە بە تەواوی لە کلتوری ڕەسەنی خۆی دوورکەوتۆتەوە.لە نووسینەکانیدا لاسایی کافکا دەکاتەوەو ڕێبازی سوریالیزمی پێڕەو کردووەوچەندین خەڵاتی نێو

دەوڵـــەتی وەرگرتـــووە. لـــە رۆمانـــەکانی:(گوێ لـــە گـــۆرانی بگـرە،پینبـۆڵ، دارسـتانی نـەرویژی[1]، لـە سـۆراخی بزنـەکێوی، سـەرزەمینی سـەیر و گـەرم وکۆتـایی جیهـان، (کافکا لـە کـەنار دەریـــا)[2]،(کـــوژرانی شۆڕەســـوارەکە)و(پـــاش تـــاریکی)[3] و(سەما..زسەما...سەما)[4]و ...

گێڕانـــەوەو وەســـف لـــە رۆمانەکانیـــدا ســـەرنجی خوێنـــەر رادەکێشـن.رووداوەکان زۆرجـار سـەرو بنیـان دیـار نییـە.وەکو شـێوازی رۆمـانی نـوێی فەرەنسـی پچڕپچـڕن و خـەیاڵ لـەناو خەیاڵدان.لـە رۆمانی(کافکـا لـە کـەنار دەریا)زیـاتر سروشـتێکی فەلسـەفی هەیـەو بەرجەسـتەکردنی فەلسـەفی بوونگـەرایی و نەهلیسـتییەو کاریگـەری سـارتەر و کـامۆی پێـوە دیـارەو لـە سـوریالی و داابیەکانـەوە نزیکـە و دواجـار هیچگەراییـەکە بـۆ خۆی.لە هەمان کاتدا شتەکان رووخسارێکی لۆجیکییان نییەو لە بازنەی روانینی ئاساییدا بەدەرن وەکو ماسی بارین لە ئاسماندا یان قسەکردن و دیالۆگی ئاژەڵ و باڵندە ئیستاتیکاییەکی فانتازی بـــە رۆمانـــەکان دەبەخشـــێت.لەم رۆمانـــەدا دوو چیـــرۆک بەدیدەکرێت،چیرۆکی کافکا تامورا و چیرۆکی ناکاتای پیر.کافکا

---

[1] : هـاروکی مۆراکامی،دارسـتانی نـەرویجی،وەرگێڕانی تـارا شـێخ عوسمان،ناوەندی ئەندێشە،سلێمانی،٢٠١٦.

[2] : هـــاروکی مۆراکامی،کافکـا لـە کـەنار دەریـا،وەرگێڕانی ئـارام رەشـید ،مـاڵی وەفایی،٢٠٢٠.

[3] : هـاروکی مۆراکامی،پـاش تـاریکی،وەرگێڕانی مـوکەڕەم رەشـید تاڵەبانی،ناوەنـدی ئاوێر،هەولێر،٢٠١٧.

[4] : هـاروکی مۆراکامی،سەما...سەما...سـەما، وەرگێڕانـی موکـەرەم رەشـید تاڵـەبانی، ناوەندی ئاوێر، هەولێر،٢٠١٧.

بە سوود وەرگرتن لە ژیانی کافکای رۆماننووسی چیکی،کە ئەویش هەمیشە ل باویکلا دەترسا و لەبەر ئەو خۆی دەشاردەوەو مالی بەجێدەهێشت پالەوانی رۆمانەکەی (مۆراکامی)یش مێردمندالێکی پازدەسالانەو مال بەجێدەهێلێ و دەیەوێ وەکو کەسێکی بە توانا خۆی نمایش بکات.کافکا کوڕی پەیکەرتاشەو دواجار دەکوژرێ و پۆلیس گومانی لە کوڕەکەی کافکا هەیە.دواتر ئەو مێردمندالە دەگەڕێتەوە ژیانە ئاسایی خۆی و لە پەرتەوازەیی و تێکچوونی شیرازەی خێزانیی رزگاری دەبێت.



**هاروکی مۆراکامی**

(ناکاتای پیر)یش وەکو شێوازی فانتازی و جادوویی قسە لەگەڵ پشیلەو دواتر کوژرانی پشیلەکە دنیایەکی دی دەخولقێنێ.رۆماننووس لە گێڕانەوەدا وێنای کۆمەڵگای ژاپۆنی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی و نەهامەتییەکانی ئەو جەنگە لەسەر دەروونی گەنجەکانی ئەمڕۆی ژاپۆن بەرجەستە دەکات. لە رۆمانی (دارستانی نەرویژی)شدا،کە یەکێکە لە رۆمانە پڕ

فرۆشـــەکانی ئـــەم نووســـەرە تێکـــەڵ بـــە ریتمـــی مۆســـیقی و وەرزشـەوانی دەبێت،تەنانەت ناونیشانی رۆمانەکەی لە پارچـەیکی مۆزیکی بیتلز وەرگرتووە.پالەوانەکانی کەسانێکن زۆرار حـەز بـە تەنیایی دەکەن و گۆشەگیرن.

## ئەدەبیاتی کۆری:

ئـەدەبیاتی کـۆری ئـەو ئەدەبیاتەیە،کـە سـەرجەمی بەرهـەمی کۆنی بە زمانی چینییەو هەندێگە بە زمانە ناوچەییەکانی کۆری و شـێوەزارەکانیەتی.وەکو مێـژوو کۆرییـەکان مێژووەکـەی بـۆ سەدەی یەکەمی پێش زایین دەگەڕێننەوە، بۆ ئەو کاتـەی کۆمەڵـە هۆنراوەیەک لەلایەن پاشا یو- ری بە ناونیشانی (جریوەی بالندە زەردەکـان)ی بـە زمـانی چینـی نووسـیوەوە.دواتر لـە سـەدەی پێنجەمـدا ویسـتویانە جـۆری: شـێوەی رینووسـی تایبـەت بـە زمانەکـەی خۆیـان هـەبێت بۆیـە شـێوەیەکی نووسـینیان داهێنـاوە پێی دەوترێت( ئی- دو).شاعیرێکی ئەو سـەردەمە کۆمـەڵێکی زۆر لـە شـیعرەکانی بەو شـێوەیە نووسیوە،وەڵی لەبـەر قورسـی ئـەم شێوەیە زۆر سەرکەوتوو نەبووە تـەنیا ئـەو شـیعرانە بـە شـێوەی سـەرزارەکی بـە نێـو خەڵکدا بـڵاو بۆتـەوەو ژمـارەیکی کـەم لـەو شـــیعرانە دواتـــر لـــە ســـاڵانی٩٢٣- ٩٧٣ لـــە نامیلکەیەکـــدا کۆکراونەتـەوە، کـە تێکـڕا بیسـت و پێـنج قەسـیدەیەو شـازدەیان دەربڕی ئایینی بووزیـە و ئـەوانی دیکـەش بـۆ ستایشـی پاشـا و غەزەل و لاواندنەوەیە.

لـە سـەدەی پازدەهەمـەو شـێوازێکی دی شـیعری کـە پێـی دەوترێت شیعری بڕگـەیی بـەکارهاتووە و بـە زمـانی کـۆری. بـۆ

ماوەیەکی زۆر ئەم شێوەیەکە پێی وتراوە (سی- دجو si-djo)، درێژەی کێشاوە.

لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا لە پاڵ فۆرمی(سی- دجو)، فۆرمێکی دی داهات،کە پێی وتراوە(کا-سا ka-sa) کۆپلەی یەکەمی لە سێ نیوەدێڕ پێکهاتووە،کە هەر سێکیان لە رووی دەنگی و بڕگەوە وەک یەکن و یەکسانن، ئەم فۆرمە تا ئێستایش بەکاردێت و بڕگەکان وا دابەشبوون ٣+٤ یان ٤+٤. ئەگەر سەرنجی شیعرەکانی دی جۆنگ کوک ئان Djong Keuk-in -1401 1481) بدەین رابەری ئەم فۆرمەیەو کۆمەڵە هۆنراوەیەکی هەیە بە ناونیشانی (گۆرانی بەهار)،کە حەفتاو نۆ بڕگەی دەنگییە.

رۆماننووسەکان بە پێچەوانەی شاعیرەکانەوە تا کۆتایی سەدەی شازدەهەم بە زمانی چینی رۆمانیان دەنووسی و زیاتر لە سێسەد رۆمانیان نووسیوە. ئەم دۆخە تا سەدەی نۆزدەهەمیش بەو شێوەیە بەردەوام بوو.ناوەرۆکی رۆمانەکان رەخنەی توونديان لەکەم و کورتییەکانی کۆمەڵ و دەسەڵاتی سیاسی و هەندێکیان بە شێوەیەکی کۆمیدی وبە زمانی چینی یان کۆری باسی خێرو شەڕیان دەکرد.

لە سەدەی بیستەمەوە گۆڕانکاری لە تەکنیکی رۆمانی کۆری دا پەیدا بوو، بە تایبەتی لە رێگەی وەرگێڕانی رۆمانی رۆژئاوایی بۆ سەر زمانی ژاپۆنی کاریگەری بەسەر ئەواندا بە جیهیشت.بە تایبەتی ژاپۆن دوای لە لە شەڕی چین و رووسیادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و لە ١٩١٠ دا کۆریاشی خستە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە.شەپۆلێکی تازە بە ناوی (رۆمانی نوێ)هاتە پێشەوەو کۆمەڵێ رۆمانی تازە بڵاوکرانەوە"لە گێرانەودا دوورکەوتنەوە لە

گێڕانەوەی حیکایەتئامێزی فۆلکلۆری،کە پێشتر بەو زمانە سادەیە دەیانووسی،لەوانە:(دەنگی شەیتان)ی (Keui eui song). هەروا (توندوتیژی)ی(Mu-djong).

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی و سەربەخۆیی کۆرییەکان،کۆریا بەسەر دووبەشدا دابەش بوو بۆ کۆریای باکوور و باشوور.لە ١٩٥٠-١٩٥٣ بە هۆی شەڕی نێوان هەردوو کۆریا ئەدەبیاتیش لاواز بوو. لە کۆریای باشوور زیاتر ەو بارودۆخە کارەساتبارەی ئەو شەڕانەیان دەخستە ڕوو و ڕەخنەی توونددیان لە سەرکردە سیاسییەکانی خۆیان دەگرت وەکو ڕۆمانی (گەواهیدەر) ی ڕۆمانووس پاک یون- هوي Pak Yon hui ، بەڵام لە کۆریای باکوور بە هۆی سیاسەتی سۆسیالیسی بابەتەکان لە بارەی ئیمپریالیزم و خەباتی چینەکان و کۆمەڵگەی پێشکەونخوازەوە بوو، بە واتایەکی دی ئەدەبی پابەندبوون یان دەروەستبوون بووە ئەرکی ئەدەبیات بۆ خزمەتی دەوڵەت و بیری سۆشیالیستی.وەکو لە ڕۆمانەکانی(زەوی) ی(تی تانگ) و ڕۆمانی (باڵندە نەمرەکان)ی (Pul-sa djo ) و (مەیدانی شەڕی ژمارە ٢)ی(Dje-I djon ku)[1].

یەکێ لە خانمە شاعیرەکان،کە هەوڵی زۆریشیداوە بۆ ناساندنی ژنەشاعیرانی هاوچەرخی کۆری (**کیم سینگ هی**)یە،ئەم ژنە شاعیرە لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری گوان چو لە هەرێمی چولا نامدوی باشوور لە دایکبووە.تا ئێستا دە کۆمەڵی هۆنراوەو چەندین چیرۆکی بڵاوکردۆتەوەو ئێستا مامۆستای زمانی کۆرییە

[1] : بۆ ئەم زانیارییانە سوود لە سایتی المعرفة وەرطیراوە: بڕوانە :D :\الادب العالمی الصینی و الیابانی و الفارسی\الأدب الكوري - المعرفة.html

لە زانکۆی سوچانگ لە سیئۆلی پایتەخت.بە نەوەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم دادەنرێ و هەر خۆیشی یەکەم هۆنراوەی لە ١٩٧٣دا بڵاوکردۆتەوە.




ئەویش وەکو شاعیرانی هەشتاکان ناوەرۆکی شیعرەکانی سروشتێکی فەلسەفی هەیەو رووی لە نوێخوازی کردووە، وەک خۆی دەلێ کاریگەری زۆری رەخنەگرەگانی وەکو جان لاکان و فۆکۆ و دریدا و ئەدوارد سعیدو ژۆلیا کریستیڤای لەسەرە. هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگێڕدراوە. بە تایبەتی هەردوو کۆمەڵە هۆنراوەی (دەمەوێ فرۆکەیەک برفێنم) و (ژیان لەنێو هێلکەیەکدا).

## بزاڤی شانۆیی لە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاشیادا

**دەســـپێك:** نـاوچەی باشـووری رۆژهەڵاتـی ئاسـیا نیشـتمانی ژمـارەیەکی بـێ سـنووری چـالاکییە شـانۆییەکانە، بەداخەوەش دەڵێم لەگەڵ ئەوەشەوە تا ئیستا زۆربەی گەلانی جیهان شتێکی ئـەوتـــۆ دەربـــارەی ئەو جــولانـــەوە شـــانۆیییە یـــان نازانن،کەس نازانێ ژمارەی ئەو تیپە شانۆییانەی بەبەردەوامی چالاکییەکانیـان لە رانگـون و فنـوم و پـنە و سـەنگافورە و جاککارتـا و گەلـێ نـاوچەی دی پێشـکەش دەکەن چەنـدن، هەر بەمەزندە لەوانەیە نزیکەی هەزار تیپی ناسـراو و دانپیانراو سـێ ئەوەندەش زیاتر تیپە ئارەزوو مەندەکانی شانۆ پرۆڤە دەکەن و ١٥٠ ملیـۆن بینـەر لە سـاڵێکدا ئامـادەی بینینـی شـانۆگەریەکان دەبـن، زۆربەی شـــانۆگەریەکانیش فکرەکەیـــان لە ئەفســـانەو کەلەپووری میللییەوە وەرگیراوە و بەهەست و سۆزێکی تـایبەتی دەخـرێتەروو و بەشـێوەیەک رەنگـدانەوەیەکی تەواوی بـاری کۆمەڵایەتی و ژیانی ئەو هەرێمانەن، هەروا نـاوچەی باشووری رۆژهەڵاتـی ئاسیا لە رووی جوگرافیەوە سـەر بەنـاوچەی هێلـی ئیستیوائی یە گەرمەکانە و کێڵگەکانی مۆز و برنج و بێستان و گوێزی هیندی دەوریداوەو بۆتە دینامیکیەتی ئەو ژیانەیان و لە شانۆگەریەکانیاندا بە ئاشکرا دیارە،

هەروا لە رووی مێژووی شارستانییەتەوە بەدرێژایی مێژوو باشـووری رۆژهەڵاتـی ئاسـیا لە ژێـر دەسـتی بێگـانە بـووە و چەوسـاوەتەوە و نـاڵەی دەرونـی خۆیـان و ژان و ئازارەکانیـان کردۆتە هەوێنی چەندین شانۆگەری،

هەروا لەلایەکی دییەوە هاتنی چەند رەگەزێکی جیاواز بۆ ناوچەکە لە ئیسپانی و پرۆتوگالی و هۆلەندی و فەرەنسی و بەریتانی و ئەمریکی و ئیسلام، هەموو ئەمانە بوونە هۆی هاتنەناوەوەی رەگەزی نویێ بۆ ناو شانۆگەریەکانیان و کارتێکردنی بەسەر رێباز و قوتابخانە شانۆگەریەکاندا،
دواجار دەڵێم تێگەیشتنی راستەقینەی شانۆ لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا ( چ لەرووی روخساری هونەرییەوە چ لە رووەکانی دیکەوە) کارێکی ئاسان نیە و پێویستی بە خۆماندووکردنێکی زۆر هەیە،

شیکردنەوەی رەگەزەکانی شانۆیی لەم ناوچانە کارێکی فرەقورسە، چونکە زۆرەی شانۆگەریەکانیان بە زمان و دیالێکتەکانی ناوەخۆیی نووسراوەو زۆرکەم نەبێ وەرنەگێردراوە،وا لێرەدا چەند سیمایەکی دەست نیشان دەکەین.
**یەکەم :** زۆربەی شانۆییەکان درێژن و لە چەندین پەردە پێکهاتوون، وەک ئەوەی جۆرێکیان هەیە بەناوی (Lakon Bassac)لەپەنجا دیمەن پێکهاتووە، یان جۆرێکی دی یان هەیە بە ( Cai Luong) ناسراوە، لە حەفت هەشت پەردە پێک هاتووە، واتا خاڵی سەرەکی ئەوەیە ژمارەی پەردەو پاڵەوانەکان و رووداوەکە لەساڵانێکی زۆر پێک دێ، تەنها شانۆگەریەکانی ڤێتنامی بەناوی (kich) و هەندێ شانۆگەری فلیپینی نەبێ بەر ئەم دەستوور و یاسایە ناکەون،
**دووەم :** زۆربەی شانۆییەکانی رۆژئاوایان بەسەردا ناچەسپێ: نەتراژیدیا و نە کۆمیدیا و نە میلۆدراما، ئەوەی زۆر جێگای سەرسورمانە تراژیدیا لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا هەر

نەناسراوە، کۆتایی هاتنی ژیانی مرۆڤ بەشێوەیەکی تراژیدی فیکرەیەکە زۆر لە شاستانییەتی باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا بەدوورە، لەم رووەوەش دیسان دەبێ جۆری شانۆی (Cai Loung) ی لێدەربهێنین، چونکە ئەم جۆرە تێکەلە لە رەگەزی کۆمیدی و میلۆدرامی بە شێوەیەکی ئاسایی بابەتەکە دەخاتەروو.

**سێیەم:** شانۆییەکان لەبە ئەوەی بۆ فێرکردنن، لایەنی خێر و شەڕ تیایاندا چەسپاوە و هەر دەبێ لایەنی خێر بەسەر شەڕدا زاڵ بێ و پاڵەوانەکە رۆڵی سەرەکی ئامۆژگاریکردن دەگێڕێ لەبەرئەوەش ئامانجی سەرەکی فێرکردنە دەبێ خێر بەسەر شەڕدا سەرکەوێ و کۆتایی شانۆییەکان بە دڵخۆشی کۆتایی بێت، ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئاخۆ پاڵەوانەکە دەبێ چۆن بێ؟

بەشێوەیەکی گشتی لاسایی خووڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵ دەکاتەوە،یەکێ لە نووسەر و دەرهێنەرە ڤێتنامییەکان وتویەتی: جەماوەر دەیەوێ ئاخیر و ئاقیبەتی شەڕ و سەرکەوتنی خێر ببینێ.

**چوارەم:** بەزۆری و بە شێوەیەکی دووبارەکراو و سواو، ئێستا کەوتینە نێو کەسایەتییە مێژووییە ناسراوەکان، لەم جۆرە شانۆگەریانەدا پادشا مەزنەکان هەر دەمێننەوە تەنها پیاوانی ئایینی و خواوەندەکان نەبێ دەرناکەون.

ئەگەر هێشتا بێینە پێشەوە سەیر دەکەین لە شانۆییەکاندا چەمکی ئەرستۆکراتی هەر دەمێنێ، بەڵام نەک بەشێوەیەکی تەواو.

لە شانۆی (Untung Suropati) هەموو رژێمێکی ئەرستۆکراتی رووبە رووی هێرشـــی گەل دەبێــتەوە، بێگومـــان ئەم جــۆرە شـــانۆییانەش دوو جیهـــان پـــێکەوە دەبەســـتێتەوە، جیهـــانی بەگزادەکان و جیهانی گشتی( کۆمەڵانی خەڵک).

دواجـار ئەو شـانۆییە هاوچەرخـانەن، کە بە Keloprak Cai ) (Luonj Ludruk Kichناسـراون، لەم جـۆرە شـانۆییانەدا، کە سـایەتیەکان لە: کـوڕانی شـار لە چینـی ناوەراسـت و جوتیـارو کرێکاران پێکدێ، ئەو شانۆییانە چارەسەری کۆمەڵی ئیستا دەکا و خواوەندەکانی تێدا نیە، ئەگەریش تیای بێت دەرناکەوێت، لە ناوەرۆکی زۆربەی ئەو شانۆییانەی ئیستا یا بڵێن هاوچەرخـانە پیاوە ئاینییەکان بەهۆی ئەو پێوەندییە بەتینەیان لەگەڵ سیحردا گاڵتەیـــان پێـــدەکرێ، هەروەهـــا جیهـــانی شـــا و پاشـــاکانیش فەرامۆشـــکراوە، ئەگەرچـــی لەهەنـــدێ نـــاوچەی باشـــووری رۆژهەڵاتی ئاسیا هەتا ئیستاش ماوە...

**مالیزیـا:** گەلی مـالیزی زۆر نیشـانەی هاوبەشی لەگەڵ زۆربەی گەلانی رۆژهەڵاتـی ئاسـیادا هەیە، بۆ مـاوەیەکی زۆریش لە ژێر کـارتێکردنی شارســتانیەتی هیندۆســیدا بــووە،کەچی هەمــوو گەلانـــی هاوســـێی مالیزیـــا لەرووی هـــونەرییەوە لەگەڵ ئەودا جیـاوازن، هەتـا یەکێ لە رەخنەگرەکـان دەڵـێ: شارسـتانیەتی و هـونەری مـالیزی وەرگیـراوە، ئەو قسـەیە بە گـوێرەی شـانۆیش راستە، یەکێ لە شـانۆییە باوەکـانی مالیزیـا ( Wayon Kulit)ە ، کەلە(جاوە)وە وەریان گرتووە،

بـە هـەرحاڵ ئەمرۆ لە مالیزیـادا سێ جۆرە شـانۆیی خەیـاڵ تاریک هەیەWayang Siam :.Wayang melayu ، Wayang Djawa

ئەو دوو جـۆرەی یەکەمیـان راسـتەخۆ لە شـانۆی جـاوەیی وەرگیـراوە، دوای بڵاوبـوونەوەی ئیسـلامەتی لە مالیزیـادا شانۆگەری ئیسلامی پێشکەش دەکرا، وەک: میر حەمزە، ئەوەی سێیەمیشیان بەرهەمی کارێکی مێژووییەو لە شێوازێکی تایبەتی وەرگیراوە،

پاشـان جـۆری ( Bangsawan)، کە بەجـۆرێکی میللـی و بـڵاو دادەنـرێ لە هـونەری مـالیزی پەرەی سـەند، هەر لە سـاڵەکانی (١٩٢٠)ەوە تـا جەنگی جیهانی دووەم ئەم جۆرە لە گەشـەکردن دابوو، رۆژی ئەمڕۆش چەند تیپێکی چالاک لە کارکردنی خۆیان لەم رووەوە بەردەوامن،

**بۆرما:** سـەمای ئاینی و رووحـی لە بۆرما مێژووییەکی درێژی هەیە، ئەو سـەمایانەش بـۆ پیـاوە ئاینییەکـانە بە (Nat) ناسرابوون(سـەماکەرە رووحیەکـان) وئەو شانۆگەریانەشـی پێشـکەش دەکـران پێیـان دەوتـن( شـانۆگەری رووحـی)، ئەمە لەکۆندا شـێوەی ئەو شـانۆگەریانەی ئەمـرۆ بە ( Nat Pwe) یـان ( پیشاندانی رۆحی)ناسراون،لەراستیدا پاشماوەی ئەو کاتەن،دوای بەهـاتنی بەریتانیەکـان لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەمـدا جوڵانەوەی شانۆیی بەتەواوی پەکیکەوت.

شـانۆییەکانی بۆرمـایی بەزۆری لەسـەر زاری گیـانەوەرانەوە بەرهەمەکانیـان پێشـکەش دەکەن و زۆربـەی کـات بـۆ منـداڵانە، دوای ئەوەش وردە وردە بەرەو پێشـکەوتن چـوون و گەڕان بەدوای نهێنیە چڕوپڕەکانی ژیان بە ئاشکرایی لە شـانۆییەکانیان خۆی دەنوانـد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـەوە نەیتوانیـوە تـا ئیسـتاش

خۆی لە داوی رابردوو رابپسکێنێ، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەگۆڕانی بیری جەماوەر بەرامبەر بە دیاردەکانی پێشوو.

هەر چونێک بێ ئەمرۆ لە جاران چاکترن بە هۆی گەڕان و سوڕان و سوود وەرگرتن لە شانۆی جیهانی و نەشونماکردنی چرۆی بیری جەماوەری شانۆیی.

**ڤێتنام:** کۆنترین شێوەی شانۆیی لە ڤیتنام(Hat Cheo)یە، یەکێ لە تیۆرە شانۆییەکان دەڵێ:

ئەم جۆرە شانۆییە لە سەماو گۆرانی میللییەوە پەرەی سەندووە،کە جووتیارەکان لەکاتی درویێنەو بۆنەکانی دیدا وتویانە، دوایی پەرەی سەندو بووە بە رەخنەیەکی کۆمەلایەتی وەک ئەمڕۆ، کە باوە،

هەروا جۆرێکی دیکەیان هەیە بەناوی(Hat Boi )، ، کە جۆرە ئۆپێرایەکە لەهەموو ڤێتنامدا باوە و لە ئۆپێرای چینییەوە وەرگیراوە، ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە ئەوەیە وشەی hat) (واتا گۆرانی دەڵێ و وشەی (boi) واتا دەستنیشان دەکات.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا یەکەم شانۆ لە کۆشکی ئیمپراتۆر( Cai Luong)( 1802-1820)بۆ ئەم جۆرە ئۆپێرایە دروستکراو هەتا ساڵی ١٩٤٥یش هەر بەردەوامبوو،بەڵام لەسەدەی بیستەمدا ئەم جۆرە ئۆپێرایە بەخێرایی لەبیر چووەو تیپەکانیش پارەوپولیان نەدرایێ و هەموویان روو بەرووی شالاوی دوژمنانەی ئەمریکا بوونەوە بەئەرکی سەر شانی خۆیان هەلسان : ئەویش بەرگریکردن لە خاک و سەربەخۆیی وڵاتە بوو.

دەیـەی بیسـتەکـانی سـەدەی بیسـتەم دوو فـۆرمی شـانۆیی سەرەکی هـاتە نـاوەوە: ئەوانیش ( Tuong Tau) و ( Cai Luong) بوون، کە بەلای زۆربەی زۆری رەخنەگرەکانەوە هەنگاوێک بوو بـۆ خـۆ رزگـارکردن لە کـۆت و بەنـدی پێشـوو و شـکاندنی رێچکەی شانۆییەکانی کۆن.

هەر لە ڤیتنام فۆرمێکی دی هەیە بەناوی (Kich ) ناسراوەو بنچینەکـانی دەگەڕێـتەوە سـەر شـانۆی فەرەنسـی، هانـدانی ئەم جـۆرە شـانۆییەش بەئاشـکرا دیـارە لەلایەن ئیسـتعماری فەڕەنسـیەوە بـووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـەوە ئەمـڕۆ بەتەواوی نـاوەکەی لەبیرچـۆتەوەو ئەمـرۆ کـۆمەڵێ تیـپ شـانۆییەکانیان پێشکەش دەکەن و هەریەکەیان لە سـەعاتێک و دووان زیـاترن و کـۆمەڵێ گـۆرانیبێژی میللـی و تیپـی مۆسـیقای جـاز بەشـداری دەکەن،

چەنـدین تەنگـوچەڵەمەی ژیـانی ئەمـرۆی مـرۆڤ و کـاری مرۆڤـایەتی و نەخۆشـییە کۆمەڵایەتییەکـان بـوونەتە هەوێنـی چەندین شانۆگەری ئەمڕۆی ڤیتنامی، یا بەکورتی بڵێین:(شانۆی ڤێتنـامی لە پێشـکەوتنی بەردەوامـدایە بەهەمـوو مانـایەکی پێشکەوتنەوە).

**پێشکەوتنی شانۆیی:**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا وڵاتە ئیمپریالیسـتییەکانی رۆژئـاوا بەگشـتی و وڵاتەیەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بە تـایبەتی زۆربەی ناوچەکانیـان دەچەوسـاندەوە، رۆڵەکـانی گەلانـی چەوسـاوەش شـانۆیان هەڵبژاردبـوو بـۆ دەربڕینـی بیروراکانیـان و بەرپەرچـدانەوەی

ستەمی داگیرکەران،ئەمەش ئەوە ناگەیبێ بڵێین هەموو تیپەکان ئەو بەرپرسیاریەیان دەخستە ئەستۆی خۆیان، نەخێر، تەنها تیپەکانی zat pwc ) ،zarazuela ،toneel ketoprak ، (cai tuong بەم کارەیان دەکرد، چەند تیپێکیش لەسەر پێشکەشکردنی بەرهەمە کلاسیەکیەکانیان هەر بەردەوام بوون وەکhat boi) ،wayong ، lakon khon)

هەرچۆنی بێ لە راستیدا شانۆ چەکێکی زۆر بە بایەخ نییە بەدەست سەرکردە سیاسیەکانەوە بۆ رزگاربوون لە چنگ چەپۆکی داگیرکەرو چەوسێنەران و لە کاتێکدا جەماوەر رۆشەنبیرییەکی ئەوتۆی دەربارەی شانۆ نەبێ هەروا بزوتنەوە نیشتمانییە شۆرەشگێڕییەکان خۆشیان زۆر بەدەنگ هاندانی تیپەکانەوە نەبوون و سەرباری ئەوەش لە ژێر چاودێرییەکی زۆری ئیستعمار دابێ، شتێکی ئەوتۆی لێدەرناچێ: لەگەڵ ئەوەشەوە ئەم قسەیە بە گوێرەی هەموو ولاتەکان راست دەرناچێ، چونکە حکومەتی نیشتمانی لە ڤیتنام و ئیندۆنیسیادا زۆر بایەخ بە جولانەوەی شانۆ و رێبازەکانی دەدا بۆ ئەوەی هۆشیاری هاولاتیان بەرزبکاتەوە و لە و قاوغە تەسکەی بیرکردنەوەیان رزگاریان بکا و رووبەرووی شالاوی بێگانەیان بکاتەوە،

بۆ نموونە لە ئیندۆنیسیادا ... وەزارەتی راگەیاندن بە بەردەوامی هەوڵیداوە و هەوڵدەدات رەوتی جوولانەوەی شانۆیی لە دوورگەی جاوە بەرەو پێشەوە ببات و بەهەموو شێوەیک یارمەتیان دەدات،هەروا لە ڤیتنامیش بەهەمان شێوە ئەو پێشکەوتنە بەردەوامە و پاڵپێوەنەری جولانەوەی رامیاری

وای کردووە لە دەربڕینی بۆچوونکانیاندا بەردەوام بن و ڕۆژی ئەمرۆش زۆربەی زۆری وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕزگاریان بووە و بە شادییەوە دەژین و داخوازیکەری ئاشتین لە هەر کوێیەک بێت و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە هەموو دەستدرێژی و دوژمنایەتیەک دەردەبڕن[١].

[١] : بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانەوە وەرگیراوە:

- گۆڤاری (ملحق الثقافة الاجنبية، المسرح في جنوب شرقی اسیا، ایلول ١٩٨٢ ).
- ملحق الثقافة الاجنبية، ملحق خاص بمسرحية الفصل الواحد، المسرح الفيتنامي، ص١١٨-١٢٠، تشرين الثاني ١٩٨٣.

# نموونەیەك لە چیرۆکی چینیی هاوچەرخ

## هاوکێشەی خۆشەویستی ١ + ١ = ١

چیرۆکی: فۆهۆ یز ینگ

دوای ئەوەی لە کۆمەڵی ئەزموون و تاقیکردنەوە سەرکەوتم بوومە یەکێ لەو خوێندکارانەی ناوم بۆ زانکۆ لەبەشی بیرکاریدا دەرچوو، ئەو بەشەی، کە باوکم تیدا مامۆستا بوو، لەسەرەتادا وەک هەر خوێندکارێکی نوێ پێویست بوو چەند تاقیکردنەوەیەک بکەین. لەئەنجامی یەکێ لەو تاقیکردنەوانەدا بۆ یەکەمجار هەستم بە خۆشەویستی کرد، جا راست بێ یان نا نازانم. تاقیکردنەوەکە لەوانەی بیرکاری بوو، کاتێ پرسیارەکانی تاقیکردنەوەم وەرگرت سەرەتا بە چاوخشانێکی خێرا سەیرم کرد دوایی دەستم بە وەڵامدانەوە کرد. پرسیارەکانی یەکەمو دووەم بەڕاستی زۆر ئاسان بوون، ئەوەی سێیەم هەرچەندە بە ئەنقەست رێگەی خستنەرووەکەی بەهەڵە دایانینابوو هەر بۆ هەڵخەتاندنی قوتابیان بوو، بەڵام هەرقورس نەبوو، ئەوەی چوارەمیش هەروەک هی سێیەم وابوو، واتا پرسیاری سێیەم و چوارەم لە ئاستێکی بەرزدا بوون، پرسیارەکانی سەرەوە کۆتاییان پێهات، تەنها دوو پرسیارە ئیختیارییەکەم مابوو سەیری کاتژمێرەکەم کرد هێشتا کاتژێرێکمان (سەعاتێکمان)ماوە، وتم ئەو ماوەی ماوەتەوە یەکێک لە پرسیارە ئیختیارییەکان وەڵام دەدەمەوە،بەڵام کامیان؟! بەڕاستی زۆرگران بوون لەئاست زانیاری منەوە زۆر بەرزتربوون.زۆر بیرم لێکردنەوەو زۆریان پێوە ماندوو بووم، دوای تەماشام کرد

بیست دەقیقەی ماوە بڕیارمدا وازیان لێبهێنم، چونکە تازە مەحاڵە بگەمە ئەنجامەکانیان ئەمە لەلایەکو لەلایەکی تریشەوە خۆ لەنمرەکانی دوایش ناژمێررێن.هەڵسام کاغەزی وەڵامدانەوەکانم دایە دەست مامۆستاکە، سەیرم کرلە هۆڵی تاقیکردنەوەکەدا تەنها حەوت خوێندکار لە دەوروپشتم ماوە. دوای دوو رۆژ مامۆستا (یتشن)، مامۆستا بیرکاری هاتە پۆلەکەمان، چووە جێگاکەی خۆی،پێدەکەنی وادیاربوو خۆشحاڵ بوو بەو ئەنجامانەی،کە خوێندکاران لە تاقیکردنەوەکەدا وەدەستیان هێنابوو. دەستی بە باسەکەی کرد، پێشەکی وتی: پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

دوایی وتی:زۆربەتان وەڵامەکانتان ڕاستە..کەستان نەکەوتووەوە حەوتتان گەیشتوونەتە وەڵامی ڕاستو تەواو.

هەمووومان پێکەنین، هەواڵێکی خۆشبوو بۆ هەموومان هەریەکەی پیرۆزبایی لەوەی دییان دەکرد جا نیشانەی بۆ کردین، کە بێدەنگ بین، لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو.... (دوو پرسیاری ئیختیاری تێدا بوو هەتا رادەیەک قورس بوون، بڕوامان وابوو زۆربەتان تیایدا دەرنەچنو نەگەن بە وەڵامی ڕاست، بەڵام شەش خوێندکار گەیشتوونەتە وەڵامی نزیک لە ڕاستییەکەی تەنها یەکێک نەبێ هەموو پرسیارەکانی بەڕاستو رەوانی وەڵام داوەتەوە هەتا پرسیارە ئیختیارییەکانیشی بەڕاستی وەڵام داوەتەوە..)). هەرکە وای وت لە پۆلەکەدا بوو بە هەرا، خوێندکاران زیاتر ڕۆشناییان خستە سەرباسەکە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی خۆیانیان بۆ دەرکەوێ.وا دیاربوو ((یتشن))

چاوەڕێی کەمبوونەوەی هەرایەکەی دەکرد، دوایی بە دەنگێکی بەرز وتی:

– بەڕاستی زۆر دڵخۆشم، کە یەکێکتان هەموو پرسیارەکانی وەڵامداوەتەوەو نمرەی تەواویشی لێوەدەست هێناوە.

بوو بە چپەچپی خوێندکاران و هەریەکە لەوەی دی دەپرسی دەبێ کێ بێ؟ یەکێک لە خوێندکارەکان بەدەنگێکی زۆر بەرز بەشێوەیەک لە ژوورەکە دەنگی دایەوە پرسی:

-کێیە مامۆستا؟

مامۆستا وتی:

– زیانغ کای؟ە.

هەموومان بێدەنگ بووین‌و تەماشای (زیانغ کای)مان کرد، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا بوو،لە شەرما سەری خۆی شۆڕ کردبووەوە : نێوچەوانی ئارەقەی کرد بوو، دوایی بێ ئەوەی ئاگای لەخۆ بمێنێ بەلادا هات‌و کەوت. ئێستا (زیانغ کای)م هاتۆتەوە یاد، کە چۆن هەموو بەیانییەک بەتەنها لە پۆلەکە دادەنیشت‌و زۆر بە وردییەوە دەیڕوانییە کتێبەکانی یان بە تەنیا لە ژێرداربییەکانی سەر دەریا دادەنیشت‌و خۆی بەنووسینەوە خەریک دەکرد، ئێستا وا دەزانم لەبەر چی ئەو کوڕە لاوازە، لەسەرخۆیە، لە تاقیکردنەوەی بیرکاری هەموو پرسیارەکانی بەڕاستی وەڵامدا بووەوە. لە پڕ هەستم بە ڕێزلێنانێکی زۆر کرد بۆی، لەوانەیە ئەویش وەک من لە خێزانێکی ڕۆشنبیرەوە هاتبێ. چاکەتێکی شینی کاڵی لەبەرابوو هیچ ڕەنگی پێوە نەمابوو، بەڵام ئەمە شتێکی ئەو تۆ نەبوو، چونکە گەنجەکان لەم ڕۆژانە زۆر بایەخ بەجل‌و بەرگ نادەن. دوای چەند ڕۆژێک گەڕامەوە ماڵ،

باوکم بینی، دەستەگوڵێکی پێ بوو بەپەلە بەرەو رووی چووم، دەستە گوڵەکەم لێوەرگرت، وتی :

(رونغ وەرە لەگەڵما)، دوایی چووە دەرەوە دەستەیەکی دی بێنێ. دەستە گوڵەکەم لەسەر ڕۆخی پەنجەرەکە دانا، کاتێ ڕووم وەرچەخاند بچمە دەرەوە تەماشام کرد کۆمەڵێ کتێبی بەرگ شین لەسەر مێزەکە دانرابوون. سەیرم کرد کتێبەکانی زانکۆن ئەوەی سەرەوەیانم هەڵگرت و چاوێکم پێداخشان، باوکم هاتەوە ژوورەوە هەر کەبینی وا کتێبەکان دەخوێنمەوە هاتە لام وەستاو هێندێ قسەی بۆ کردم تا زیاتر هانم بدا، بۆیە وتی :

– بەردەوام بە لە خوێندنەوەیان، ئەو شتانەی تیایەتی بەچاکی وەریان بگرە، چونکە ئەمانە کتێبەکانی زانکۆن پێش دوو مانگ لەمەوبەر داوام کردبوو لەدەرەوە بۆیان هێنام،جا کاتێ خوێندتەوە ئەوکاتە تێدەگەی،کە خوێندکارەکانمان لەچاو خوێندکارانی بێگانە چەندە دواکەوتووترن.

ئای سەیرە! ئەی ئەو پرسیارە نەبوو،کە لە تاقیکردنەوەی بیرکاری هاتبوو؟! (یەک بەخۆم هاوارم کرد وەکو بڵێی کیشوەرێکی ترم دۆزیبێتەوە) ئاهێکی هەڵکیشاو بە شەرمەوە کتێبەکەی داخست وتی: (نەٌ )، دوای نەختێ بێدەنگی ئەمجا وتی:

– پێویستە هەوڵێکی ئیجگار زۆربدەیت! خۆشترین قسە چییە! گرنگترین کارێک چییە! ئەم ڕۆمایە بەرۆژێک دروست نەکراوە، هەروەها ناتوانین شەوێک تا دەمەوە بەیان گشت ئارەزووەکانمان بەدەست بێنین.

باشە تۆ ئاستی من باش دەزانی من ناتوانم لەگەڵا قوتابییە بێگانەکان قسەبکەم، چۆن لەگەڵا ئەوان بەراوردم دەکەیت. (بەخێرایی چوومە دەرەوە قاپی خواردن بێنم، باوکم لای پەنجەرەکە وەستابوو بەنێونیگایەک سەیرێکی کردم، بەڵام هەرچاوەکانی لای من بوو نەک بەخەیاڵ...جگەرەکەش وردە وردە لەنێوان پەنجەکانیا دەبوو بە سوتوو، دووبارە وتی:

- کاتێ بیر لە ژیانی ڕابردووت بکەیتەوە هیچ سوودێک نابینی (دوایی بە دەنگێکی قووڵەوە وتی:

- ئەی گەلی لاوان ئێستا کێشەکە لەوەدایە ئێمە چۆن بتوانین ئەو کاتەی ڕۆیشتووە ئەوەی لە کیسمان چووە بخەینەوە دەست). قسەکانی خستمیە بیرکردنەوەیەکی قوڵا یەکسەر بیرم بۆ لای زیانغ کای هەڵفڕی، کە یەکێکە لە نەوەی نوێمان ئەی وا نییە؟.

بۆ پرسیارەکانی لەبیرم گەڕام،بەڵام هیچ وەڵامێکم نەدۆزییەوە. باوکم وتی:

- باشە دوایی لەم بارەیەوە قسەی لێ دەکەین.

لە پڕ سەری باسەکەی گۆڕی و وتی رونغ هەندێ هاوڕێ دێنە میوانیمان دەتوانی بۆ سبەی بەیانی هەندێ خواردنمان بۆ بکڕی.

- ئارەزوو دەکەن دووبارە چێشتتان بۆ لێ بنێم؟ وادیار بوو رازی نەبوو، بیانووی پێ دەگرتم، وتم :

- بۆ؟ ئەو چێشتەی پێشان لێم دەنا چۆن بوو ؟، سەیرێکی کرم و وتی:

- ئەمجارەیان تۆ چێشتەکە لێمەنێ، تەنها ئیشەکان ڕێکبخە، یارمەتی چێشت لێنەرەکە بدە، بەڵام کاتێ میوانەکان هاتن زۆر

بە جوانی چێشتەکە ئامادە بکەن.(چێشت لێنەر) و میوان هانم بدەن بۆئیش کردن ! بێگومان شتی وەها ناشێ، چۆن (یتشن)یش لەگەڵ زانا بەناوبانگەکانی بیرکاری دێتە میوانیمان؟!

بەیانی زوو چوومە بازاڕ، زەمبیلەیەکی پڕ لە میوەو گۆشتی مریشک و پارچەیەکی گەورەی گۆشتی بەرازم هێنایەوە. هەرکە بە ژوورکەوتم زمانم گیرا، هیچ قسەم بۆ نەکرا، چونکە میوانەکانم مامۆستایە بەناوبانگەکانی بیرکاری نەبوون و هەروەها کەسایەتییە میللییەکانیش نەبوون، بەڵکو حەوت قوتابی هاوڕێ و هاوپۆلم بوون کە لە بیرکاری نمرەی بەرزیان وەدەست هێنابوو. بێگومان (زیانغ کای)یش یەکێک بوو لەوان. گوێم لە دەنگی باوکم بوو قسەی بۆ دەکردن، منیش چوومە ژووری دانیشتن وتم:

- هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئێوە لێرە ببینم)

یەکێکیان بە گاڵتەیەکەوە وتی:

- ئێستا مەبەستتە بچینە دەرەوە.

وتم:

- هەروەکو باوکم ئاگاداری کردبوومەوە، کە چێشت لێنەرێکی سەیر دێت بۆ میوانیمان !

- چی؟ چێشت لێنەرێک دێت چێشتەکەمان بۆئامادە دەکات ؟.

هەواڵەکەی من بە ئەوان هەرگیز نەدەگونجا، لەبەر ئەوە یەکێکیان هەڵسایەوە ڕووی لە باوکم کردو وتی:

- ئەی مامۆستای بەڕێزمان ئەوە...

بەڵام پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات باوکم بەخێرایی قسەکانی پێ بڕی و وتی:

- فەرمووو دانیشە

دوایی جگەرەکەی کوژاندەوە دەستی بەقسەکانی کرد: وەکو پێم وتن پێش ئەوەی پیرۆزباییتان لێبکەم لەوەی، کە لەبیرکاریدا زۆرباش بوون، بەڕاستی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە زۆر قورس بوون، ئەوەتا لەم کتێبانەی زانکۆن، ئەمەی وت و پەنجەی بۆ کتێبەکانی سەر مێزەکە درێژکرد، سەیرمان کرد (زیانغ کای) وا زۆر بەپەرۆشەوە دەیان خوێنێتەوە. (دوو پرسیارە ئیختیارییەکەش بەئەنقەست هێنابوومانەوە هەرچەندە هەندێ لەمامۆستایان ڕازی نەبوو لە هێنانەوەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامەکانتان هەتا ئێستاش جێگای سەرسووڕمانە هەتاوەکو سەرۆکی بەش و لایەنە لێپرساوەکانیش زۆر بایەخیان بەم لایەنە داوە: ئێمەش وا لێرەدا بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی بچووک ساز دەکەین و داوا لە زیانغ کای چێشتلێنەریش دەکەین چێشتەکەمان بۆ ئامادە بکات. باوکم ئەمەی وت و پەنجەی بۆ لای زیانغ کای درێژکرد، کەتا ئەو کات لە خوێندنەوەی کتێبەکان بەردەوام بوو. وتم:

- ئەوە؟ ئەلبەتە هەر دەبێ گاڵتەبێ.

چایەکم بۆ باوکم تێکردو پێم وت :

- بێگومان گاڵتە دەکەی!

- نەخێر ڕۆنغ گاڵتە نییە گوێم لێ بگرە با ئاگاداری شتێکت بکەمەوە، زیانغ کای پێش ئەوەی بێتە زانکۆ چێشتلێنەر بووە لە یەکێ لەچێشتخانەکان،وەکو گوێشم لێبووە چێشتلێنەرێکی ئازابووە.

سەیری (زیانغ کای)م کرد خۆ ئەمە تاکو ئێستا هەروا کتێبەکان دەخوێنێتەوە بێ ئەوەی وا دەرخا لە دەوروپشتی چ باسە، هەڵسام بەرەو ڕووی چووم کتێبەکەم لەدەستی راستاندو بەروانکەیەکی سپیم دایە دەستیو لەپێشیدا چەمامەوە پێم وت:

- فەرموو کاک زیانغ کای ئێستاش نۆرەی تۆیە.

هەموویان دایانە قاقای پێکەنین، بەڵام زیانغ کای وا دیاربوو شەرمی کرد لەبەر ئەوەی لە خوێندنەوەی کتێبەکەمان کرد، بەتایبەتی ئەو کاتە زۆر بەوردی سەرنجی لێدەدا ناچار هەڵسایەوەو بەروانکەکەی لە کەمەری توند کرد ئینجا لەگەڵی چوومە ژووری چێشتلێنان.دوایی بەپێی ئامۆژگاری و سەرپەرشتیکردنی زیانغ کای ماڵم پاک کردەوەو پیازو قاڵچکو قاڵەکەییم شۆردەوە، بەڵام زیانغ کای بەخۆی ماسییەکەو گۆشت بەرازەکەی پارچە پارچەکرد، دەنگی قاپ و قاچاغ و شوڕەی ئاوی دەست شۆرەکە لە ژووری چێشت لێنان بەرز بووەوە. دواتر سەوزەواتەکەشم پاک کردەوە، لێم پرسی ئەگەر شتێکی تر ماوە تا بیکەم.(باشە چۆن خیارەکە قاش بکەم، پارچە پارچەی بچووک بێت یان درێژ ؟. وتی:

- تکایە لەسەر شێوەی سێ گۆشە بێت).

- چی؟ لە سەر شێوەی سێگۆشە؟! بەداخەوە نازانم، چۆن وا پاک دەکرێ؟.خیارەکەی لێ وەرگرتمو فێری کردم، کە چۆنی پاک بکەم. بەڕاستی لە هەموو شتێکدا زیرەکە هیچم بۆ نەکرا تەنها پرسیاری لێبکەم :

- بەڕاستی ئیشی چێشتلێنەریت کردووە؟.

- (بەڵێ دوای ئەوەی قوتابخانەی ناوەندیم بەجێ هێشت بێ گومان خۆت دەزانی ئەم رۆژانە چۆن بوون).

- کەواتە تۆ لەوکاتە لە لادێ کارت دەکرد، وا نییە؟ سەرێکی بۆ لەقاندم، بەڵام هیچ وەڵامم نەبیست. دوایی لێی نزیک بوومەوە بەدەنگێکی بەرزو نارێک لێم پرسی:

- باوکت چ کارەیە؟. سەری بەرزکردەوە و سەیرێکی کردم وتی: باوکم شوفێری لۆری بوو، دایکیشم خەریکی ژنیماڵەوە بوو، بەڵام مردن بە زۆریی بۆ خۆی بردییەوە، دوایی ئەوە بە ماوەیەکی کەم باوکیشم کۆچی دوایی کرد، جا لای خوشکە گەورەکەم مامەوە، پەروەردەی کردم وشەونخونی بەدیارمەوەکێشا، لەسەرەتادا زۆر دەترسام بیرێکی غەمگین و ناخۆشم بەخەیاڵدا دەهات، بەڵام دوایی هێزم داوە بەرخۆم بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای ژیان ببم، لێپم پرسی:

- کەواتە تۆ بێجگە لەخوشکت کەسی ترت نییە؟.

- بەڵێ ئەویش کرێکارە لە کارگەی چنین و سێ منداڵی هەیە.

- باشە بۆوا خۆت ماندوو دەکەیتو هەوڵ و کۆششی زۆر دەدەیت لە ئیش کردن، لە خوێندن...؟.

- لەوانەیە هەر بەهۆی ئەو ئاگرە داگیرساوەبێت، ئەمەی وتو سەری غازەکەی بە دەنکە شقارتەیەک داگیرساند، گرێگی شینی لێهەڵسا ،بێگومان ئەو ئاگرە نا،بەڵکو ئەو ئاگرەی کۆمەڵێ قوتابی تەمبەڵ و نەزان لە قوتابخانە دایان گیرساند، کە لەلایەن کۆنەپەرستو بەکرێ گیراوەکانەوە هاندرابوو بۆ ئەم مەبەستە، دروشمەکەیان بەرزکردبووەوە و تیایدا نووسیبوویان : (چەند زانیاریت زیاد بێت ئەوندە زیاتر دواکەوتوویت).هەر چۆنێک بێت

ئەو ئاگرە گڕێکی گەورەی بەردایە دەروونم، لەبەرئەوە بڕیارمدا هەرچەند بتوانم هەوڵا دەدەم  لە بیبکردنەوە، لەخوێندن، لەکارو سوود لەهەموو دەقیقەیەکی رابردوو وداهاتووم وەرگرم. وتم :

– بۆچی بیرکاریت وەها خۆش دەوێت، کارت تێ دەکات ؟.

کەمێ ئاوی لە مەنجەڵی سەر ئاگرەکە کرد، ڕۆنەکەی ناویو ماددەکە تێکەڵا بەیەک بوون، بووە قرچە قرچ، ئەمجا، وتی:

– من هەر لەمنداڵییەوە بیرکاریم خۆشدەوێت دووایش وەکو خۆت دەزانی لەخوێندنەوەی بیرکاریدا مرۆڤ پێویستی بە هیچ شتێک نابێ، تەنها قەڵەمێکی ڕەساسو چەند پەڕەیەک وە ئەگەر ئەمەشی دەست نەکەوت دەتوانێ بەدار لەسەر زەوی بنووسێ، من خۆم وامکردووە. بەئاهێکەوە وتم:

– من زۆر سەرم لە تۆ سووڕماوە زیانغ کای دوایی دەستم بۆ درێژ کرد، پێم وت:

– دەمەوی ببمە قوتابی تۆ.

وتی : – چۆن؟! دەتەوێ ببیتە چێشت لێنەرێکی چاک؟.

– ئاە، نەء دەمەوێ بیرکاریم فێرکەیت.

دوای ئەوەی نەختی بێدەنگ بوو ئەمجا وتی:

– بەڵام تۆ،بۆ لەباوکت ناپرسی،بەڕاستی شایەنی پرسیارکردنە.

– بەس خۆت دەزانی مامۆستای زانکۆیە و هەموو کاتێک سەرقاڵی کاروباری زانکۆیە، کاتێکی ئەوتۆی نیە تا لەگەڵمدا بەمێنێتەوەو بۆم باس بکات، دوایش حەز دەکەم لەسەر دەستی تۆوە فێرببم.

ئەمجارەیان ئەو دەستی بۆ لام درێژکرد و وتی:

-دەی، باشە.

بەڕاستی باوکم ئاگاداری هەموو شتێکی شاراوەیە، پێشتر ئاگاداری کردمەوە، کە چێشتلێنان هیچ سوودێک نادا بۆ من، بۆیە هانی دام بۆ خوێندنەکەم، هەموو توانایەکمی تێدا خەرج بکەم. بوومە قوتابی زیانغ کای، زۆر بەدڵسۆزییەوە بۆی باس دەکردم و تێی دەگەیاندم بەبێ وەستان، بەبێ پشوو، هەرگیز داوای لێ نەدەکردم بگەڕێتەوە بۆ ماڵا تاوەکو هەموو ئەو پرسیارانەی داوای لێ کردبووم شیکاریان بکەم کۆتایی نەهاتبایە، کاتێ شتێکیشم نە دەزانی پەست دەبوو، هەرگیز پەلەی لە وەڵامدانەوەکانم نە دەکرد، ئەگەر زۆریشی بخایاندبایە، کاتێکیش بیزانیایە هەرنایزانم،ئەمجا بۆ خۆی خاڵە بنچینەییەکانی بۆ روون دەکردمەوە تاوەکو بە خۆم ئەنجامەکانی دەربێنم، بەڵام چی، مێشکم پڕ دەبوو، گێژ دەبووم، هیچم بۆ نەدەکرا، تەنها بنووسم (ئەو پرسیارە وەڵامی نییە) جا کەوام دەنووسی پەرەکەی لێ فڕێ دەدام و سەرێکی بۆ دەلەقاند، بە سەیر کردنێکی ساردی ماندووییەوە سەیری دەکردم ئینجا خۆی یارمەتی دەدام لە شیکارکردنی. ئەو جارانە خۆم وەک منالێک دەهاتە بەرچاو، کە سووچێکی قەڵەمەکەم گرتووە وا بەشداری لە شیکارکردنی ئەو پرسیارە قورسەدا دەکەم. کاتێکیش سەیری بکردایە وادەتوانم هەندێک لە پرسیارەکان شیکار بکەم، زیاتر هانی دەدام، بەڵام لە پڕێکەوە، کە ئاگاداری کاتەکە دەبووەوە و دەیزانی دواکەوتووە لە گەڕانەوەی بۆ ماڵ لێم نزیک دەبووەوەو بە زەردەخەنەیەکەوە بەجێی دەهێشتم دەڕۆیشت. جاری وا هەبوو سەعاتێک زیاتر خەریکی پرسیارێک دەبووم دوایی

لەپڕێكـدا دەگەیشــتمە ئەنجامەكەی،بەشــانازیو ســەربەرزییەوە دەیـرِوانییە شـیكارەكەمو دەیـوت: (وا مەزانە هەر تـۆ دەتـوانی شــیكاری بــكەی) دوایــی، كە دەیزانــی زۆر مانــدووبوومەو ســەیرێكی كــاغەزەكەی دەكــرد زەردەخەنەێكــی گەرم ڕووی دادەگـرت، ئەمجا ڕێگـایەكی باشـتری دەدۆزییەوە وبـۆی بـاس دەكــردمو بەچــاكی تێــی دەگەیانــدم دوایــی لەســەر منیشــەوە دەیچەسپاند دەبووایە منیش بەهەمـان ڕێگا شیكاریان بكەم، جا نــازانم، نە بە هــۆی ئەو ئــارەزووەوە بــوو، كە بەدەســت شیكاركردنی پرسیارەكەوە دەمبینی نە بەهـۆی خۆشـییەوە بـوو، كە توانیم شیكاری بكەم بەنەرمییەكەوە دەمگوت :

- بەخوا تۆ هەموو شتێ دەزانی !

تـا پاییز بوومە یەكێ لە خوێندكارە زیرەكەكانی پۆلەكەمـان. ڕۆژێــك كــزە بــایەكی فێنكــی دەهــات، زەویــش بەگەڵا زەردە وەریوەكانەوە داپۆشرابوو، چاكەتێكم لەبەرابوو زۆر هەسـتم بە گەرمی دەكرد، بەڵام زیـانغ كـای هەروەكو جاران چاكەتە شـینە كاڵەكەی لە بەرابوو، كە ماوەیەكی زۆری بەسەردا تێپەری بـوو. كاتێ زستان هات بە قاپوتێكی خوری گرانبەها خـۆم دادەپۆشـت، بەڵام زیـانغ كـای هەروەک جـاران بە چـاكەتە شـینە كـاڵەكەیەوە بەو ساردوسـەرمایە بە تەنیـا لەپـۆلەكە دادەنیشـت و دەیخوێنـد. هەسـتم بە دڵ گوشـران وسـۆز دەكـرد بـۆی، نەمـدەزانی چـۆن یارمەتی بدەم یان لانی كەم لەم بارەیەوە قسەیەكی لەگەڵ بكەم، بەڵام ئەو ڕێگەی نەدەدام بە درێژایی ڕۆژ لەیەک شـت دەدوایـن ئەویش بیركاری بوو.ڕۆژێک لە گەڕانەوەمان بۆ بەشی ناوخۆیی بەدەم ڕێگـاوە قسـەمان دەكـرد، لەوانەیە بـۆ جـاری دووەم بێـت

بێجگە لە بیرکاری: باسی شتێکی ترمان کرد بێت، دەمزانی، کاتی خۆی ئەو کرێیەی لە ئیشکردنی لە چێشتخانە دەستی دەکەوت دەیدا خوشکەکەی بۆ ئەوەی ژیانی خوشکەکەی‌و منداڵەکانی پێ دابین بکات، بەڵام ئێستا خوشکەکەی یارمەتی ئەو دەدات، لەگەڵا ئەوەش ئەوەی لە خوشکەکەی و زانکۆ وەریدەگرێ پارەیەکی زۆر کەمە، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە گشتییەکان نەبێ بەشی هیچی تری ناکات،بەڵام ئەو زۆری پێ ڕازییە، هەتا جارێکیان پێی وتم:

- من زۆر رازیم و داوای لەوە زیاتر ناکەم و نامەوێ قەرزاری خوشکم یان هیچ کەسێکی تربم.

کاتێ گوێم لێ بوو کە وای وت ئاهێکی بەسۆزم بۆ هەڵکێشا و پێم وت:

- وا دیارە خوشکەکەت زۆر خۆش دەوێت ؟.
- بێگومان هەموو شتێکە لە لام.

نەختێک بێدەنگ بوو دوایی وتی:

- ئاە، نە.

بەردەوام بوو لە قسەکانی بە بێ بیرکردنەوە، وتی:

- نەء، تەنها ئەو نا، هەندێ هاوڕێم هەیە خۆشم دەوێن، وەک خۆشەویستی برا بۆ برا خوشک بۆ خوشک.

دەریا چەند هەنگاوێک لێمانەوە دوور بوو، وەک ئاوێنەیەکی ڕوونی پرشنگدار وێنەی ئەم ئاسمانە بێگەردەی دەنواند. لە پڕێکا بە هەموو ئازاییەکمەوە لێم پرسی:

- هیچ هاوکێشەیەک  هەیە بۆ خۆشەویستی ؟

– چی؟ هاوکێشـە بۆ خۆشەویسـتی؟))، پرسـیارەکەمی دووبارە کـردەوەو هەمدیسـان دووبـارەی کـردەوە، وەک ئـاوێکی مەنگـی لێهـات، پـێش ئەوەی بە دڵنیـایی و ڕاسـت و رەوانییەوە وەڵامـم بداتەوە کەمێک بیری کردەوە جا وتی:

– ئەگەر هاوکێشەیێک هەبێ بۆ خۆشەویستی بێگومان هەردەبێ وابێ ١ + ١ = ١. بەسەر سوڕمانەوە وتم :

– مانای چییە؟

– شـتەکە زۆر ئاسـانە ١ + ١ ئەوە دوو خۆشەویسـتەکەن کە یەکسـانە بە(١)، ئەو یەکەی، کە منـاڵێکی نمـوونەیی دەبێـت لە نێوانیاندا دروست دەبێت. کەواتە بەهەردووکیان یەکیان بەرهەم هێنـا.)). بەسـەیرکردنێکی بە ماناوە سـەیری کـردم. ئەوشـتەی کە وتی بیرم لێ کردەوە، جا پیرۆزباییم لێ کرد بەڕاستی قسـەکانی گەرمـاییەکی زۆریان بەدڵم بەخشـی. لە پڕێکا ڕووی تێکردم بە منگەمنگەوە وتی:

– شتێک هەیە دەتوانم داوات لێبکەم ؟.

مـووچڕکێکم بە دڵـداهات، بەجـارێ شـێوام،هەرچەندە خـۆ بەهێمنییەکەوە وتم: ((فەرموو)).

– دەتوانی ئەو کتێبانەم بۆ بێنی،کە باوکت ماوەییێک لەمەوە پێش لە دەرەوە بۆی هاتبوو؟ هەندێکیشم لەماڵەکەتان لێخوێندەوە.

دوایی لە قسەکانی بەردەوام بوو :

– وەکـو دەزانـی تەنهـا دوو کـۆمەڵە لەم جـۆرە کتێبـانە هەیە، یەکێکیان لای باوکتەو ئەوەی دییان لە کتێبخانەی زانکۆیە، هەتا ئێستا چەند جار چوومەتە لای چاودێری کتێبخانە، کە یەکێ لەو کتێبانەم بداتێ، بەڵام سوودی نەبوو.

- باشە لێرە چاوەڕێم بکە.

بەخێرایی چوومەوەماڵەوە لە کتێبەکان گەڕام، تەماشام کرد لە نێو جانتایەکدا دانراون، هەڵمگرتن‌و پارچە کاغەزێکیشم هێناو نووسیم :زۆر بەداخەوە، کاتێکی ئەو تۆم نییە، کە چاکەتێکی خوریت بۆ بچنم لە سەرما بتپارێزێ، ئەوە هێندێ پارەم بۆ داناوی، هیوام وایە چاکەتێکی باشی بۆ خۆت پێ بکڕی. پارەو پارچە کاغەزەکەم خستە نێو بەرگی یەکێ لە کتێبەکان و گەڕامەوە لای، تەماشام کرد لە هەمان جێگا وەستاوە، کە تیایدا جێم هێشتبوو، کتێبەکانم دایە دەستی، هەر ئەو کاتە خەریک بوو بەشی یەکەمی بخوێنێتەوە:

- بۆ وا بەپەلە، کە گەڕایتەوە ژوورەکەی خۆت بە ئارەزووی خۆت بیخوێنەوە.

ئەمەم وت و دەستم بۆ درێژکرد خوا حافیزم لەگەڵا کردو زۆر بەخێراییەوە لەچاو ون بوو. ئێستاو ئەو کاتەش ئەو شتەی من چاوەڕێ بووم، کە وەڵامێکم بداتەوە یان هەر بەلایەنی کەمەوە بەرپەرچی کارەکەم بداتەوە، ئەو شتە ڕووی نەداو نەدا. هەروەکو جاران کۆنە چاکەتە کاڵەکەی دەکردە بەری بێ ئەوەی زۆر یان کەم باسی پارەو کاغەزەکە بکات. ئێوارە هەروەکو جاران بەکڕ و بێدەنگی بەرێگادا دەڕۆیشتین،سەرم شۆڕکردبووەوە هەر وەکو بڵێی هیچ لەم بارەیەوە نازانم. لە پۆل دانیشتبووم بەپرسیارێکەوە خەریک بووم،بێئەوەی ئاگاداری دەورو پشتم بم چ باسە لەناکاو گوێم لەدەنگی مامۆستا بوو بانگی کردم و داوای لێکردم بەخێرایی بگەڕێمەوە بۆ ماڵ،باوکم زۆر بە پەلەیەو چاوەڕێم دەکا. بەخێرایی

گەڕامەوە بۆ ماڵەوە سەیرم کرد دەرگاکە لەسەر گازەرەی پشتەو ناو ماڵەکەش هەموو بە کتێبو کاغەز داپۆشراوە. هەر پێم نایە ژوورەوە بەپەلە پرسیاری کرد:

- کوا کتێبەکانی ناو ئەم جانتایە، لە کوێن؟

- کامە کتێب؟

- کتێبەکانی بیرکاری، لەگەڵ خۆم دەیانبەم بۆ ئەو کۆنگرەی لە پەکین دەربارەی ڕێبازی خوێندن دەبەسترێ.

- ئای ئەوان !) شێوام قسەم بۆ نەکرا (من...).

- لە کوێن ؟.

- لە پۆل جێم هێشتوون .

بۆ یەکەمجار درۆم لەگەڵ کرد، بێ ئەوەی تێبگەم مەسەلە چییە. بە گومانەوە وتی:

- دە باشە هەر ئێستا بە خێرایی بڕۆ بۆمی بێنەوە، لە هەموو زانکۆدا تەنها دوو دانە لەم کتێبانە هەیە، یەکێکیان لای منە و ئەوەی تریان لە کتێبخانەی زانکۆیە.

بەخێرایی چوومە دەرەوە هەتا گەیشتمە پۆل زۆر ماندووبووم، چوومە ژوورەوە سەیرم کرد زیانغ کای هەروەکو جاران خۆی بە کتێبەکانی باوکمەوە خەریک کردبوو،زۆر شەرمم کرد، نەمزانی چون پێی بڵێم، دوایی بەشەرمەوە وتم:

- زۆر بە داخەوەم، کە داوای کتێبەکانت لێدەکەمەوە، بەڵکو هەر ئێستا بۆم بێنیتەوە.

بە پەشۆکازی و سەرسوڕماوییەوە وتی: بۆچی؟.

- باوکم دەڕوا بۆ ئامادەبوون لەو کۆنگرەیەی لە پەکین دەبەسترێت بۆ بابەتەکانی زانکۆ، جا ئەو کتێبانەش لەگەڵ خۆی

دەبـــات بـــۆ ئەوەی بیکـــاتە بەڵـــگە بـــۆ خســـتنە ڕووی یۆچوونەکانییەوە.. زۆر ڕەخنەی لێگرتم، لەبەر ئەوەی ئاگادارم نەکردبووەوە، کە ئێستا لێی وەردەگرمەوە.

- باشە.

کتێبەکەی داخست و دایەوە دەستم، منیش بە خەمگینییەوە پێم وت :

- نائومێد مەبە، دوای ئەوەی باوکم لە پەکین گەڕایەوە دووبارە بۆت دێنمەوە.

دوایی ڕووم وەرچەرخاند بڕۆم، بە دڵنیاییەوە وتی:

- چاوەڕێم بکە، منیش دێم لەگەڵتا، بۆ ئەوەی داوای لێبووردن لە باوکت بکەم، بەڕاستی خەتایەکە هی من بوو.

ویســتم لەگەڵــم نەیێــت، بەڵام ڕازی نەبــوو، هەرهات.کــاتێ گەیشتینە ماڵ داوام لێکرد لە بەردەم قاپییەکە چاوەڕێم بکا، کە وە ژوورکەوتــم بـــاوکم لە ژوورەکە دەهـــات و دەچـــوو،بە پەرۆشەوە چاوەڕێی منی دەکرد. هەر کە چاوی پێم کەوت بێ ئەوەی بهێڵێ هیچ بڵێم، یەکسـەر کتێبەکانی لە دەست سـەندم، (زیانغ کای)یش لە دوامەوە وەستابوو بە باوکمی وت:

- پرۆفیسۆر تشاو زۆر بە داخەوەم، ئەمەش هەڵەی من بوو. نەک هەڵەی رۆنغ.

- چی؟.

باوکم لەو کاتەدا زۆر سەری سووڕما، کە چاوی بە زیانغ کای کەوت، وتی:

- کەواتە زیانغ کای کتێبەکان لای تۆ بوون؟

- بەڵێ.

- بەجوانی خوێندتەوە؟
- تا ڕادەیەک.
- زۆرباشە، فەرموو دانیشە.

پارچە کاغەزێکی دەرهێناو هێندی شتی نووسی،ئیدی کتوپڕ هەڵسا و وتی:

- راسپاردەیەکم بۆ چاودێری کتێبخانەکە نووسیووە بۆ ئەوەی بتوانی ئەو دانەیەی دی، کە لەوێیە وەریبگری).

دوایی وتی:(- بەڵام نەء وا ئاسانترە من خۆم وەریبگرم، ها ئەو کتێبانەت با لابێ،من دانەکەی دی وەردەگرم.

- ئای..نەخێر.
- لەوانەیە تۆ لەمن زیاتر پێویستت پێی بێت، من ئێستا وا دەڕۆم دانەکەی تریان وەردەگرم.

کە کتێبەکانی دایەوە دەست زیانغ کای، لە پڕێکا پارچە کاغەزەکەو پارەکان کەوتنە خوارەوە، کە لە نێوان لاپەڕەکانی یەکێ لە کتێبەکان دامنابوو. رووخسارم سوور هەڵگەڕا، لە ناخەوە هەستم بە شەرمێکی زۆرکرد، ئەو بێ ئەقڵییەی، خۆ هەتاکو ئێستاش من لە یادم نەبوو. باوکم پارەو پارچە کاغەزەکەی لەمەوپێش تێبینییەکانم بۆ زیانغ کای تیا نووسیبوو هەڵگرتەوەو خوێندیەوە، سەیرێکی کردم و ڕووی لە زیانغ کای کردەوەو لێی پرسی:

- کەواتە تۆ تەنها بەرگی یەکەمت خوێندۆتەوە؟ سەیری بەرگەکانی ترت نەکردووە؟.
- نەخێر وام نەکردووە، بۆ هەڵەیێکم کردووە؟.

– بێگومـــان نەء، بەڵام ئەمە بــۆ تــۆیە لەوانەیە چـاوت پــێ نەکەوتبێ .

ئەمەی گوتو پارە و پارچە کاغەزەکەی خستەوە نێو کتێبەکان.

– زیانغ کای ئەو شتەی دەمەوێ نازانم چۆنی دەربڕم، گوێم لێ بگرە زیـانغ کـای، لە بـارەی ڕاستی و کرداری چـاکەوەش کتێب بخـوێنەوە، هەر یەکەی کـاریگەری خـۆی هەیە، پێویسـتە کـاتێکی زۆرتر بۆ ژیان تەرخان بکەی لەوەی بۆ کتێب تەرخانی دەکەی.

زۆر بەشــــەرمەوە هەڵســـام بە نەرمە راکردنێــک چــوومەوە ژوورەکەم، ئیدی نـازانم ئەوان چەنـد مـانەوەو کەی زیـانغ کـای ڕۆیشتبوو. پاش ڕۆیشتنی زیانغ کای باوکم هـاتە ژوورەکەمەوە، لە شـەرمانا سـەرم خزانـدبووە سـەرینەکەمەوە. پێـی نەوتـم، کە چی پێی وتبوو، هەر ئەوەندە وتی: – ئەی کچی جرپن.کە چووە دەرەوە هەڵسامەوە دانیشتم باشە خۆ من بەخۆشـم نـازانم چیم کـرد. دوای کەمێـک بـاوکم گەڕایەوە ژوورەکەم دەسـتێ جلـی بەدەستەوە بوو، وتی :

– ئەم دەســتە جـلە بـدە بە زیــانغ کــای، دەزانــم ژیــانی زۆر نــاخۆش‌و گــرانە، بەڵام بەڕاســتی دەبــووایە مــن زووتــر بیــرم لەمەبکردایەوە...

بەیانی زوو چووم بۆ زانکۆ،دەستە جلەکەشم بەدەستەوەبوو، سوڕ دەمزانی ئێستا وا زیانغ کای بە تەنیا لە پۆلەکە دانیشتووە هەروەک جاران خەریکی خوێندنەوەیە، جـا بێگومـان لەوێ بـوو دەیخوێند، بەڵام سەیرە! ئەمجارەیان بۆ وا حەپەساوەو لێوەکانی وشک هەڵاتوون، کتێبی بیرکاریشی بە دەسـتەوە نییە، سـەیرم کـرد پارچەکـاغەزەکەی تێبینییەکــانم تیــادا نووســیبوو لەگەڵ

پارەکـانی لەنێـو کتێبەکـان دامنـابوون ئەمـانەی بەدەسـتەوەن.
وادیـار بـوو یەکەمجـارە  تووشـی کێشـەیەکی وا مرۆڤـانە ببـوو.
جلەکانم دایێ وپێم وت:

- فەرموو ئەمانە بۆ تۆن.

- بۆ من ؟

هەڵسایەوە سەرپێ،لەڕووم وردبووەوە وەکو بڵێی یەکەمجارە دەمبینـێ، چاوەکـانم داخسـت و زۆر بە سـەرخۆمدا شـکامەوە، شێوام هیچ قسەم بۆ نەکرا، تەنها ئەوە نەبێ وتم:

- هەوا خەریکە سارد دەبێ... زۆر بە هێمنییەوە، وتی :

- بەڵێ ڕاستە.

- بـاوکم وێـڕای ڕێـزو سـڵاوی بـۆت، داوای لێکـردم، کە ئەم جلانەت بۆ بێنم.

- بەڕاستی پیاوێکی پاکە، بەڵام جلەکانی وەرناگرمو داوای لێبووردنی لێدەکەم. بەتووڕەیەوە بە روویدا تەقیمەوە :

- ناتوانی وەری نەگری، من وامدەزانی تۆ سەرڕاستی بەڵام وانییە.

بەرەو رووم هـات و باوەشـی بۆ کـردمەوە، هەستم بەدەسـتە لەرزۆکەکەی کـرد لەسـەر پشـتم داینـا، گەرمـایی دەسـتەکانی وردەوردە بەناخمدا شۆڕ دەبووەوە، لێوەکانیشـی توند لەسـەر لێوم دانا، ئەمجا لەسەرخۆ گوتم:

- هەرگیـز هاوکێشـەی خۆشەویسـتی لە یـاد نـاکەم...، کە لەوە پێش بۆت باس کردەبووم. بەهێواشـی لەنێو پەنجەکانی هاتمە دەرەوە، بەرەو مـاڵەوە رام کـرد. دوای دوو رۆژنـامەیەکەم لە (زیـانغ کـای)ەوە پێی گەیشت تیایدا نووسیبووی: ئێستا دەزانم

ژیـان چییە. وەکـو جارێـک باوکـت پێـی وتـم : بیرکـاری هەمـوو شتێک نییە لە ژیان، ژیان زۆر دەوڵەمەندە، ئەوەتا خۆشـەویسـتی تیایە، بەڵام ئێمە ناتوانین خۆشەویستی لەسەرووی هەموویانەوە دابنێـین هەرچەنـدە زۆر گـرنگیش بێـت،ئێمە لە خەڵکـی تـر دواکەتووترین، پێویستە لە سـەرمان بە دڵسۆزییەوە کارەکانمان ئەنجـام بـدەین، پەرەیـان پێبـدەین، بـۆ ئەوەی ئەو کـاتەی لە کیسـمان چووە دەستی بخەینەوە. مـن دەمەوێ ئەو (١)ەکە بـم، کە بیرکـاری لەسـەر دەڕواو پێڕەوی دەکـاتو شـتی نـوێی پێـی دەدۆزێـــــتەوە،بەڵام(١)ەکە دی پێویســـــتە تـــۆ بیـــت،تۆ،کە خۆشەویســــــتیت پێبەخشـــــیم،بەمەوە هاوکێشـــــــەی خۆشەویستییەکەمان ڕێکو دروست دەبێت ١ + ١ = ١.

# ئەدەبی هیندی

ئەدەبیاتی هیندی وەک سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبیات لە جیهاندا بە یەکێک لە شارستانیەتە کۆن و دەوڵەمەندەکانی ناوچەکەی دەزانن، تەنانەت هێندێکیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە بۆ زیاتر لە سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە بە پێی ئەو بەڵگە وە دیکۆمێنتانە ئەو بەرهەمە کۆنانە بەشێکیان سروود و نزا و پارانەوەی ئایینین، چونکە ئەم نیمچە دورگەیە هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی چەندین ئایین و ئایینزای جیاواز بووە، کۆمەڵێک بەرهەمی کۆن (کلاسیکی) بە زمانە لۆکاڵییە ناوچەییەکان (بە هیندی و بوزی و سیخی و یانی)، کە ئەوانە دەکرێت ناویان لێ بنرێت ئەدەبیاتی کۆنی هیندی. بەو پێیەی کە هەر یەکێک لەو ئایینانە ژمارەیەک لایەنگری خۆیان هەبووە، بە هۆی نەبوونی چاپەمەنی و نووسین بەشێکی زۆری فەوتاوە، بەشێکیشیان بە شێوەیەکی سەرزارەکی گواستراوەتەوەو ماوەتەوە، کە ئەوانەش بە پێی رۆژگاری سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەوڵیانداوە لەگەڵ رۆحی سەردەمدا بگونجێت،ئەو دەقە ئەدەبییانەی ماوەتەوە ئاوێنەیەکی راستەقینەی سەردەمی خۆیانن.ئەو نەخچ و نیگارانەی سەر ئەشکەوتێک زۆر شتی زیاترمان لە وتەی کتێبە هیندییەکان پێدەڵێن[١]. بە کۆی گشتی ئەو ئاییانانەوە ئەو سروودە ئاینیانە ئەدەبیاتی هیندییان دەوڵەمەند کردووە لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگار و ساڵاندا، بەڵام تا ئێستا ئەدەبیاتی کۆن یان کلاسیکی هیندی جێگەی بایەخە و ئەو مێژوونووسانەی ئەدەبیاتی هیندی بە سەر سێ قۆناغدا دابەش دەکەن:

[١] : د.غوستاف لوبون،حضارات الهند،ترجمة عادل زعيتر، ص١٠.

**قۆناغی یەکەم:** هەر لە سەرەتاوە تا کو سەدەی یازدەهەم ئەدەبیاتی هیندی بە زمانی سانسکریتی بووە وە زمانی رەسمی وڵات بووە کەواتە زمانی ئەدەبی و هونەریش بووە.

**قوناخی دووەم:** لە سەدەمی یازدە تاکو نۆزدە ئەدەبیاتی هیندی بە شێوەی زاری ناوچەییەکان پەرەی سەندووە واتە لە هەر ناوچە وە دەفەرێک چ نەتەوە وە چ ئایینێک باڵادەست بووە ئەدەبیاتەکەش بە هەمان زاراوە بووە.

**قوناخی سێیەم:** لە سەدەمی نوزدەهەم بە دواوە تاکو ئەمڕۆ کومەڵی گۆڕانکاری بەسەر ئەم نیمچە دورگەیەدا هاتووە بە تایبەت لە سەدەی نوزدەهەم بەدواوە بە هۆی داگیرکاری ئینگلیزی وردە وردە ئەدەبیاتی نۆێ و هاوچەرخی هیندی بە کاریگەریی ئەدەبیاتی رۆژئاوا خۆی تازە بکاتەوە. ئەدەبیاتی هیندی وەکو زۆربەی ئەدەبیاتی رۆژهەڵات بە کۆمەلێک هۆکار نەبوونی خویندەواری و هۆشیاری گەشەی کۆمەڵایەتی هەروەها تێپەربوونی بە کۆمەڵگایەکی کشتوکالی بەشی زۆری بەرهەمی رابردوویان بریتی بووە لە شیعر، شیعرەکانیش زیاتر ناوەرۆکی ئایینیان هەبووە لە بۆنە ئایینیەکاندا بۆ پەروەردەکردنی نەوەکانی خۆیان بۆ رێزگرتنی لایەنی رۆحی و پابەندبوونیان بە ئایینەکەوە نووسراوەتەوە یان جارجار بۆ جوانی و سەرسامبوون بە دیمەنەکانی سروشت،بەڵام لە سەدەی نوزدەهەم بە دواوە ئەدەبیاتی نۆێ وەکو ئەدەبیاتی میللەتانی تر پەخشان و هونەرەکانی گێڕانەوە چیروک، رۆمان...... زیاتر گەشەیکرد و باو بوو. لە قوناغی یەکەم لە ئەدەبیاتی هیندی کۆندا، کۆنترین ئەو دەقانەی بە جێماون ئەو دەقانەنەن، کە لە ناو کتێبي(**ڤیدا**) دا

هاتووە کە ڕەگ وە ریشەی کۆنی یان دێرینی هەیە بە زمانەکانی هیندی و ئێرانی(هیندی) نووسراونەتەوە، هەروەها شیعری داستانی بە لایانەوە پێگەیەکی دیاری هەبووە وە درامایش یان شانوونامە یەکێکی تر بووە لەو هونەرە باوانەی ئەو سەردەمە، کە ئەو درامایانەش کە لە پۆر یان کەلتوری ناوچەی خۆیانن وەرگیراون، ئەدەبیاتی هیندیش وەک ئەدەبیاتی چینی کۆن زیادتر درامایەکی ئاهەنگسازی بووە کە ئەمەش دیسان پەیوەندی بە پابەندبوونی لایەنگرانی ئایینەکانیانەوە هەبووە، وشەی فیلا، کە وشەیەکی سانسکریتی یە بە واتای مەعرفە دێت مەعرفە لێرەدا بەو وشانە وتراوە، کە بە دەقی پیرۆز ناوزەد دەکرێت و لە بۆنە ئایینیەکاندا دەگوترێ تەنانەت دوای تێپەربوونی سالها بەسەر ئەم دەقانەش ئێستاش بە کاردێت ئەم کتێبەی (ویدا) بووەتە کانگایەک سەرچاوەیەک بۆ کتێبی ئایینی هیندوسەکان هیندێک لە لێکۆلەرەوان وا مەزەندە دەکەن، کە ئەو دەقانە مێژووەکەیان بۆ زیاتر لە هەزاروچوارسەد ساڵ پێش زایین دگەرێتەوە کە زۆربەی ئەو دەقانە وەسف و ستایشی خواوەند(**ئەندێرای ئازا و جەنگاوەر**)ە هەروەها خواوەندی (خۆر). (وارونا بە لایانەوە دامەزرێنەری زەوی و ئاسمانە لە شیعری داستانی لە ئەدەبیاتی هینددا، کە لە قوناغی ڤیداوە دەستی پێکردووە دوو داستانی بەناوبانگ هەن نەک هەر لە لای هیندییەکان بەڵکو بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە. یەکێکیان داستانی **مەهاباراتا** واتا ڤیستیڤاڵی داستانی رەنگەکانە و داستانی **رامایانا** واتا چیرۆکی راما. ئێستاش مەهاباراتا بە درێژترین قەسیدە لە جیهاندا دادەنرێت، کە سەدهەزار بێت زیادتر بووە و دەڵێن لە سەدەی پێنجی پێش

زایین تەواو بووە کە بووە هۆی ئەوەی ئایینی هیندۆسی نەمر بکات لە جیهان دا وە تەنانەت وای کرد ئەدەبیاتی هیندی بە پێی قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری لە سنوور و جوغزی نەتەوایەتی خۆی بچێتە دەرەوەو لە سنووریکی جوگرافی فراوانتردا بلاو بێتەوە. ناوەرۆکی ئەم داستانە باسي شەری نێوان دوو خێزانی دەسەلاتدار دەکات خێزانی (بنداباس) و خێزانی (کاوراواس)، کە هەردووکیان دوو خێزانی دەسەلاتداری ئەو سەردەمە بوون و بەرهەمێکی تری کۆن داستانێک، کە بە ناوی (**بیورانا**)، کە بە زمانی هیندی واتا (مەعریفەیەکی باو)، کە سەر بە ئەدەبیاتی هیندوسیەکانە و سەرجەمیان ناوەروکی گشتی ئەم داستانە شیعری یە بریتی یە لە دیالۆگێکی ئایینی، کە لە هەژدە بەش پێک هاتووە لە نێوانی چیرۆک وە ئەفسانەدا لە رووی مێژووییەوە ئەم گفتوگو هیوارانە لە سەدەی یانزدە تا شانزە دەگرێتەوە باسی چیروکی خواوەندەکان و قارەمانەکان بوو. باسی رووبار و سروشت و شوێنە پیرۆزەکانی هیندییەکان دەکات.

هێندێک لە لیکۆلەرەوەکان دەلێن کۆکەرەوە یان دانەری ئەم داستانە دەخرێتە پاڵ کەسێک (**هاری وامشا**)،کە دەلێ ئەم کەسە جارێکی تر دایڕشتۆتەوە و بە یەکەمین دەقێکی جوان دادەنرێت، کە وەسفی خواوەند کریشنای کردووە، کریشنا لە ئەدەبیاتی هیندی (خواوەندی گاکەلی) دانراوە یەکێک لە هونەرەکانی تر لە ئەدەبیاتی هیندی بریتییە لە دراما چ ئێستا و چ لە کۆن هەر لە سەردمی ئەدەبیاتی سانسکریتی یەوە هێندێ جار بۆ خۆشی یان کات بەسەربردن لە کوشک و تەلاری پاشاکاندا درامای کومێدی

پێشکەشکراوە، واتا بۆ کۆی گشتی خەڵک نەبووە، زیاتر بۆ خەڵکێکی هۆشیار لەو نمایشانەدا ئامادە دەبوون.زۆربەی ئەو درامایانەش باسی کەسایەتییەکی دیاریان دەکرد یان دەربڕینی هەست وە سۆزی مرۆڤ بەرامبەر بە گەورەیی خواوەند یان کەسانی دەوروبەر بوون، چونکە زمانی سانسکریتی زمانی خەڵکی ئاسايي نەبووە بەڵکو زمانی چینی رۆشەنبیر بووە. ئەگەرچی هێندێکجار لە دووتووی ئەو درامایانەدا لە گفتوگوکاندا زمانی ناوچەيي بۆ نموونە وەکو شێوەزاری(براکتین) بەکار هاتووە، بەڵام مەرج بوو، کە درامانووس چێژی هونەری وە بەرزی جوانی و زمانی رەسمی یان سانسکریتی نەشێوێنێت وەک لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە دیارترین درامانووسی سەردەمی زمانی سانسکریتی ناوی(**کالی داسا**) بووەو لە سەدەی شەشەمدا ناوبانگی بڵاوبۆتەوە. کۆمەڵێ درامای لە دوای خۆیدا نووسیوەتەوە. یەکێک لەوانە بە ناوی (**شاکونتالا**)، کە ناوی پاڵەوانی دراماکەیە و نووسەرەکە سوودی لە یەکێک لە چیرۆکە رۆمانسییەکانی ناو داستانی مەهاباراتا کردووە، تەنانەت ئەوانەی تۆژینەوەیان کردووە دەڵێن کەسێکی نوێخواز بووە، تەنانەت شێوازی شیعری تازەی داهێنا لە سەردەمی خۆیدا بە ناوی (کاویا)، کە گوایا دەلێن ئەم جورە شیعرە لە لایەنی شیعری و رەوانبێژی و ئیستاتیکا و خواستن و خوازەو درکە و لێکچوون سوودمەند بووە، تەنانەت دەڵێن ڕەنگە سەرەتایەکەی بۆ رەگ و ریشەی شیعری رۆمانسی بووبێ، چونکە زۆربەی شیعرەکانی باس لە غوربەت و وشە و گەڕانەوە بۆ سروشتی جوان و پاک و بێگەردە.

ناوچەیەکی تر لە هیندستان،کە تا ئێستاش ماوە ئەم ناوچەیە زۆرتر بووزییەکان تێدا نیشتەجێن، نووسەرەکان زیاتر پابەندی خۆیان بۆ ئاییەنەکەی خۆیان بە ژانری ئەدەبیی جیاواز دەربڕیوە،تەنانەت پیاوانی ئاینی و هیندی (براهما)کانی بووزیش لەزاری ئەوانەوە شتیان وەردەگرت و پیادەی دەکەن. ئەگەرچی ناسینی بووزی لە سەدەی شەشەمی پێش زایین دروستبووە بۆ چین و توێژێکی دیار نەبووە، تەنانەت بۆ هەمووان بوو. زۆربەی دەستنووسەکانی بووزییەکان بە زمانێک بووە، کە پێیدەڵێن زمانی بووزی، تەنانەت تا ئێستاش ئەم زمانەش خەڵکی سریلانکا بەو زمانە قسە دەکەن هەروەها زمانی (براکیتش)، کە دەقەکانی ئایینی (**یانی**) پێ نووسراوە. زۆربەی دەقەکانیشیان لەبەر پیرۆزی پارێزراون و نەفەوتاون، تەنانەت لە هێندێ دەقی سانسکریتیدا بەکارهاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی هێندی زیاتر بوون زۆر بایەخیان بە ئەدەبیاتی بوزی نەداوە.

## ئەدەبیاتی ئیسلامی لە هیندستان:

دوابەدوای چوونی ئیسلام بۆ هیندستان لە سەدەی (٨)ەم شێوازێکی نوێ لە نێو بەرهەمەکانی هیندستان بەدی دەکرێت دیارە ئەوەش وەکو ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر پەیوەندی بە ئیسلام هەیە، لە زۆربەی ئەم بەرهەمانەدا هەوڵیان داوە لاسایی ئەدەبی فارسی بکەنەوە و تەنانەت هەر لە سەرەتاوە هەوڵیان دەدا لاسایی نموونە بەرزەکانی ئەدەبی فارسی بکەنەوە.

دیاردەیەک، کە شاستەی سەرنج لێدان و لەسەر راوەستانە، ئەوەیە، ئارییەکان لەگەڵ چوونیان بۆ هیندستان هەرگیز پەیکەرییان دروست نەکردووەو باوەڕیان بە خواوەندیبوونی ئەو

پەیکەرانەوە نەبووەو زیاتر ژیانی لادێی خۆیان پەرەپێداوە[1]. هەندێکیان بە کاریگەری ئەدەبی تورکی ئازەری دەنوسرانەوە وەکو (**فضولی**) بە ئازەری نوسراوەتەوە لە ڕووی زمانی شیعرییەوە لە بەرهەمەکاندا زمانی فارسی و تورکی بەکار هاتووەو هەندێ جار وشەی هیندیشی تێکەوتووە وەک کەرستە شیعرییەکان (فارسی- عەرەبی – تورکی) قاڵبە باوەکان (غەزەل - قەسیدە - مولەمەع ............ هتد)، بەکار هاتووە یەکێک لە شاعیرە موسڵمانەکان لە (١٢٠٣) هەتا (١٣٢٥) ژیاوە بەناوی (ئەمیر خوسرەو) مۆسیقا زانێکی چاکیش بووە بەتایبەتی لە سەردەمی مەغۆلەکاندا لە ڕووی مێژووییەوە لە دوای سەدەکان (١٦ – تا – ١٩) کۆمەڵێک شاعیری تریش دەرکەوتوون، کە توانیان هەندێک گۆڕانکاری بەسەر نەخشەی شیعری هیندستاندا بێت، یەکێک لە گۆڕانکارییەکان ئەوەبوو شیعریش وەکو زمانی کۆشک و تەلاری پاشایی بە زمانێک قسەیان دەکرد کە جیابوو لە زمانی چینەکانی تر، کە زمانی (ئۆردوی) بوو، واتە پێشتر (فارسی) بوو، بوو بە (ئۆردوی)، بەڵام هونەر و مەبەستەکانی شیعری هەر بە شێوە زمانی فارسی وەکو خۆی مایەوە بەڵام زمانەکە گۆڕا.

---

[1] : د.محمد اسماعیل الندوی الهند القدیمة، ص١٢٢.

## ئەدەبیات بە زمانی هیندی:

دەکرێت بڵێین لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە قۆناغی دووەمی ئەدەبیاتی هیندستان دادەنرێت کە کۆمەڵە شێوازی جیاواز بەکار هاتووە یەکێک لەوانە (براگ) پاشایی کە لە ناوچەکانی باشووری شاری (دەلهی) بەکارهاتووە[1] ئەمانە خواوەند (**کریشنا**) دەپەرستن و کاریگەری ئاینیەکەش لە شاعیرانی ئەو کاتە دوو شاعیری زێد بەناوبانگیان بووە بەناوەکانی (**میرابای ، سۆرداس**) کە زۆربەیان بە شێوازێکی ئەفسانەیی باسی سەردەمی منداڵی و گەنجی و هەرزەکاری کریشنایان دەکرد واتە (نۆستالژیا) یەک بووە بۆ ژیانی (کریشنا) یەکێکی تر لەو شێوە زارانەی کە لەم ڕۆژانەدا (شێوە زاری ئاڤاری)یە، بەم شێوە زارە شاعیرەکان لە دەقە میللەکانی خۆیاندا بیر و باوەڕو داب و نەریتی یان کەلتوری هیندی خۆیان نمایش دەکرد، یەکێکی تر لەم شاعیرانە (**هاری لال**)بووە، کە دەنگێکی تایبەتی شیعری تازەی خۆی هێناوەتە بەرهەم تا ڕادەیەک گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی شیعرەکاندا لە ڕووی ڕوخسار و تەکنیکی شیعریدا کردووە، بە زمانێکی رەوان و خەیاڵێکی هونەریی بەرز دایڕشتووە.

---

[1] : نووسەری کتێبی ئەدەبی هیندیی هاوچەرخ دەڵێ لە هیندستان ١٤ زمانی فەرمی لە دەستووردا دیاریکراوە و لە هیندستاندا بەکاردێت،بڕوانە:د.محي الدين الالوائي، الادب الهندي المعاصر،ص ١٥.

## ئەدەبیات بە زمانی (بەنگالی) لە هیندستان:

لە سەدەی (١٤)ەوە زمانی شیعری بە شێوەی (بەنگالی) بۆتە زمانی باوە شیعر بەتایبەتی بەرهەمەکانی (ڤیدیاباتی) شاعیر،کە شێوازێکی بچوک(زارۆچکە)،کە پێیانوتووە (مایشیلی) لەناوچەکانی نێوان(بەنگالی و هیندی) بەرهەمەکانی بڵاوبۆتەوە. هەندێک لەوانەی بەنگالیەکان پەیڕەوی یان لایەنگری (کریشنا)ی بوون، کە ئەمانەش بەزارۆچکەیەکی تایبەت (ریشیتالیا)،کە ئەمانە کۆمەڵە شێوازێکی جیاوازی بەنگالی بوون بە تایبەتیش لە بۆنە ئاینییەکان بەکارهاتووە، هەندێکیان پەیڕەوی ئاینی ئیسلام و هەندێکی تریان هندۆسی بوونە.

هەندێکی تر پەیڕەوی شێوەزاری (ئۆریا)و هەندێکی تر (ئەسالیا)یان کردووە، دیارە بێگومان بەشێک لە (سیخیەکانیش) بە پەیڕەوکردنی لە ڕابەری ئایینەکەی خۆیان (گۆرۆ ناناک) بووە پەیڕەوی ڕۆحییەتی ئاینەکەیان لە بەرهەم و شیعرەکانیان ڕەنگی داوەتەوە،بەتایبەتی بۆ بەرز ڕاگرتنی دەقە پیرۆزەکانی ئاینی خۆیان، دواتر هەموو ئەو سروودە ئاینیانەی خۆیان لە کتێبێک کۆکردۆتەوە بەناوی (ئاوی گڕاند)ەوە نووسراوە.

هەموو ئەوانە لای سیغیەکان وەکو کتێبی پیرۆز تەماشا دەکرێت دوابەدوای سالانی ( ١٧٦٨) بە دواوە کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی بەشێوازەکانی تر بڵاوکراوەتەوە بە بەنگالی و هیندی کۆمەڵە شیعرێکی (هێربانجا) بڵاوکراوەتەوە.

یەکێکی تر لە شێوازەکانی هیندی پەیڕوکارانی ئاینی (بانی) بە شێوەزارێکی تازە ئاینی خۆیان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی هیندستاندا کە پێیان گوتووە ئەدەبیاتی (کۆجارات و ماراثی) لە شار و

شارۆچکەکانی خۆیان وەکوو قۆناغێکی پێش خۆیان (قەسیدەی ئاینی) و شیعری ئاینی و وەسف و ستایشی قارەمان و میرەکانی خۆیان کردووە بەتایبەتی ئەدەبیاتی (ماراثی) لە سەدەی (١٣ یان ١٦) ئەدەبیاتی زۆرینە بووە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی هیندستان.

## ئەدەبیانی نوێی هیندی:

دیارە هیندستانیش بە کاریگەری ڕۆژئاوا بە تایبەتی دوای سەدەی (١٩)ەم، بە کاریگەری (کۆلۆنیالیزم) کە داگیرکراوە تاوەکو ئەمڕۆش بۆتە هۆی لە دایک بوونی بۆچونی تازەو قۆناغێکی تازە، لە زاندە ئەدەبیەکانی هیندستاندا، بەڵام ئەم داگیرکەییەی ئینگلیزەکان نەبووە هۆی ئەوەی هیندییەکان کەلەپوری خۆیان پشت گوێ بخەن، بەڵام توانیان ئەدەبیات و کلتوری دێرینی خۆیان زیرەکانە موتوربە بکەن وە چەندین شاعیرو نووسەری هیندی وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر کۆلۆنیانیزمی ئینگلیزی خەریکی زیندووکردنەوەی نرخ بەها ئاینیەکان خۆیان بوون بەشێکیش لەم نووسەرانەی هیندستان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی و دوای بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی و لە نووسینی بابەتی ئەدەبی و وتار و ڕۆمان وەکو شێوەی ڕۆژئاواییەکان دەیاننوسی، چونکە بێگومان دەزانین لە دوای سەدەی (١٩)ەمەوە ئەم گۆڕانکاریانە تەنها ئەدەبیاتی نەگرتۆتەوە بەڵکو کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکیش هەبووە، بەتایبەتی ململانێ و گۆڕانکاریە سیاسیانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاجیاکانی هیندستان بۆتە هۆی ئەوەی، کە تەنیا (شیعر) دەرهەقی ئەم هەموو گۆڕانکاریانە نەهات، وردە وردە

هونەرەکانی گێڕانەوە و پەخشان وەکو پێداویستی سەردەم دەرکەوتن، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ئەدەبیاتی هیندی بەتەنیا لە جونزی تەسکی (لۆکاڵیانە)دا بمێنێتەوە زیاتر بە جیهانی بوون ببڕێت.

کە چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانی لەم دورگەیە یارمەتی دەرێکی باش بوو بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی داگیرکاری ئینگلیزی لە ناوچەکەیان بەتایبەتی لە خاڵێکی هاوبەشدا کۆدەبنەوە بە هەموو بیرو باوەڕو ئاینەکانەوە بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان تێدەکۆشان لە دوای ساڵی (١٩٤٧)ەوە هیندستان سەربەخۆ بوو بەڵام دوای ئەم سەربەخۆییەش بەشێک لە شاعیران و نوسەران توشی نائومێدی بوون، توشی ڕەشبینی بوون.

## ئەدەبیاتی نوێی بەنگاڵی:

بە تایبەتی لە زۆرتر کاریگەری زیاتر لە ناوچەکانی تر کاریگەری ئینگلیزی بەریتانیای بەسەرەوە بوو،هومایون کەبیر دەڵێ جۆش و خرۆشی ئەدەبی ئینگلیزی بووە هۆی بووژانەوەی شیعری بەنگالی و بە تایبەتی پێشکەوتنی چینی ناوەڕاست و شاعیران لە کاریگەربوون بە دەربڕینی رۆحی تاک"کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بووە هۆی هەڵوەشانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەناوچوونی زۆر بیرو بۆچوونی کۆنەخواز[1]. بۆ نموونە نووسەرەکانیان بە زمانی هیندی بەناوی (شاندرا)، کە نووسینەکانی لەلای خەڵک جێگای بایەخ بوو، بە شێوەی ڕۆژئاوایی دەینووسی،بەڵام دیارترین نووسەرو ئەدیبی ئەدەبی بەنگاڵی نوێ (**تاگور**)ە، لە ساڵی (١٨٦٣ – ١٩٤١)دا کۆچی دوایی

[1] : ا.د.همايون كبير، التراث الهندي،ص ١٤٨-١٤٩.

کردووە،چیرۆکنـــووس و مۆســـیقازان و وێنـــەکێش، شـــاعیر، شانۆکاربووە لە ساڵی (١٩١٣)دا خەڵاتی (نۆبڵی) وەرگرتووە، کە نووسینەکانی تێکەڵەیەک بووە لەنێوان کۆن ونوێدا، تام و چێژی وردەکـاری بـەنگالی نـوێ لـە بەرهەمـەکانی دەخوێندرایـەوەو لەسـەردەمی نوێشـدا تەرجەمـەی زۆر زمـان کـراوە. ئـەم ڕەوتـە نوێیـە لـە بـری زمـانی ئۆردویی پاکسـتان و هـەروەها ئـەدەبیاتی ئیسـلامیش هـەر بەزمانی ئۆردویی لە پاکستان و لـە سـەدەکانی کۆتاییدا بـە تایبـەتی سـەدەی (١٨) و (١٩)ەدا شـاعیر (**ئەســەدوللا خانی غالب**) لـە سـاڵی (١٧٩٧ – ١٩٦٩)دا ژیاوە، زۆر سـوودی لـە ئەدەبیاتی فارسی وەرگرتووە.



**تاگور (١٨٦٣ – ١٩٤١)**

شـاعیرێکی دی (**محمـد أقبـال**)ەو لـە (١٨٧٧ – ١٩٣٨) زۆر بـە ئاشـکرایی داوای بـە دەوڵـەت بـوونی پاکسـتانی دەرکـردو داوای جیابوونەوەی پاکستانی دەکرد.

شاعیرێکی دی (**فایز ئەحمەد فایز**)ە، لەساڵی (١٩١١ – ١٩٨٤)دا پێگەیەکی بە هێزی لەناو خەڵکدا هەبووەو زۆر خۆشەویست بووە، لەسەردەمی نوێدا کەسایەتی (**مەهاتما گاندی**) لە ساڵانی سەربەخۆیی هیندستان و ساڵانی دواتریشدا لەلای هیندییەکان جێگای بایەخ بووە، کەسایەتییەکی ڕیفۆرمخواز بووەو باوەڕی بە کەلەپور و ڕۆشنبیریی هیندی و گۆڕانکاری هەبووە.



**گاندی**

دەکرێت بڵێین بەرهەمەکانی سەر بە ڕێبازی (ڕەخنەی کۆمەڵایەتین)، بە تایبەتی شێوەزاری زگماکی خۆی (گۆجاراتی) بووە بەکارهێناوە لە چیرۆکەکانیدا ئێش و ئازار خەمی خەڵکی کردۆتە هەوێنی بەرهەمەکانی بەتایبەتی دوو بەرهەمی زۆر بەناوبانگی هەیە، یەکێکیان (**ڕۆمانی گۆدان**) ئەوی تریان (**دیاری و مانگ**)،کە لە ساڵی (١٩٣٦)دا بڵاوی کردۆتەوە،کە لە هی دووەمدا باسی ژیانی جوتیاریی خۆی دەکات، کە وەکو کەسێک کۆڵی نەداوە، ئەمڕۆ بەشێک لە نووسەرە (بەنگالی و هیندییەکان) بە

زمانی ئینگلیزی و (فەرەنسی) دەنووسن ڕەنکە دیارترینییان وەکو (**سەلمان روشدی**)یە، کتێبێکی هەیە بەناوی (**ئایەتە شەیتانییەکان**)، کە ڕەخنە لە بیرو بۆچوونی ئاینی ئیسلامی دەگرێت. بەرهەمەکانی بە دونیادا بڵاوبۆتەوەو تەرجەمەکراوە.

## نموونەیەك لە كورتە چیرۆكی هیندیی هاوچەرخ

# ترسان لەمردن

## رافیندرا کلیار

دوو ئافرت دانیشتبوون قسەیان ئەکرد،یەکێکیان کچە دەریاوان بوووئەوەی تریان نانەوابوو. لەمیانەی قیەکردنەکەیان کچە دەریاوانەکە لەکچە نانەواکەی پرسی:بەیانی بە کەشتی دەچمە ڕاوە ماسی، دێیت لەگەڵما؟

- چی؟ بۆ دەریا؟ ئەترسم ...

– ئەترسی؟ لەچیئەترسی؟من هەموو کاتێ ئەڕۆمە دەریا؟ ئەترسم ... ئەترسی؟ لەچی ئەترسی؟ من هەمووکاتێ ئەڕۆمە دەریا"بەڵام کچە نانەواکە هەرچەند هێزی ئەدایە بەرخۆی نە ئەوێرا لەگەلی بچێت. دووایی لەسەر ئەمە ڕێکەوتن و وازیان لەو باسە هێناو لاپەڕەی باسکی تریان هەڵدایەوە، کچە دەریاوانەکە وتی: باپیرەم مرد: ویستی بە کەشتی بچێتە رانغون لە دەریا زریانێکی بەهێزهەڵی کرد کەشتییەکەیان وەلادا هات ونقوم بوو، باپیرەشم نقوم بوو مرد.کچە نانەواکە برۆیەکانی بەرز کردەوەو پرسی: ئەی ئەگەر وایە باوکت چۆن لە کەشتی کاردەکات؟ ئەمیش ووتی: چۆن مەبەستت چییە؟ ئێمە لەو کەسانەین لەکەشتی کاردەکەین.

-- بەڵام ناترسی؟

-- بۆچی بترسێ؟ دەریاوان لەزریان ناترسێ.

– باشە، پێم بڵێ: باپیرت چ کارە بوو؟

-- ئەویش هەر ماسیگربوو؟

-- چۆن مرد؟ ...کچە نانەواکە پرسی.

– نقوم بوو مرد... – – باوکی؟

-- ئەویش هەر بە هەمان شێوە مرد..کچە ماسیگرەکە ووتی.

-- نازانم ئێوە چ جۆرە خەڵکێکن ؟..

کچە نانەواکە بەکچە دەریاوانەکەش نەختێ بیر کردەوە ئەمجا لە کچە نانەواکەی پرسی:ئەی تۆ؟، ئەمیش وتی: باپیرەی منیش ماوەیەک لەمەوپێش مرد، ئەم بەچی مرد؟

پیرەمێردێکی بەساڵاچوو بوو...ڕۆژێکی ساردو سەرما کە بەیانی لەخەو ئاگادارمان بووەوە سەیر ئەکەین چۆن لە نێو جێگاکەی خۆی خەوتبوو، هەناسەی لەبەر بڕابوو.

-- باشە، ئەی باوکی باپیرەت چۆن مرد ؟

-- ئەویش هەر لەنێو نوێنەکانی خۆیدا مردبوو.

-- ئەی باپیرەی باپیرت؟

-- ئەڵێن ئەویش هەروا مردبوو.

-- ئای خودایە! هەموویان بە نووستویی لەنێو نوێنەکانی خۆیاندا مردوون، ئەی تۆ هەموو ڕۆژێک لەنێو نوێنەکانی خۆتدا ئەخەوی..چۆن ناترسی؟ کچەنانەواکە هیچ وەڵامی بۆ نەدرایەوە.

# ئەدەبی یۆنانی

## سیماکانی ئەدەبی یۆنانی

ئەدەبی یۆنانی وەکو ئەدەبێکی ڕەسەن و پڕ لە ئەزموونی مۆڤایەتی چەندین خاسیەت و سیمای تایبەتی خۆی هەیە، کە دەکرێ هەندێکیان لێرەدا یادداشت بکەین:

١- ئەدەبیاتی یۆنانی بە ئاراستەو ڕێڕەوی ئاساییدا تێپەڕیوە، بەو واتایەی دانەبڕاوە و تووشی لێک ترازاننەبووە و هەنگاو بە هەنگاو چۆتە پێشەوەو گەشەی کردووە، ئەم خەسڵەتە لە هەموو بوارەکان یان ژانرە ئەدەبیەکاندا دەتوانرێ لەبەر چاو بگیرێ، لە شیعر و پەخشان و ئەدەبی درامی و شانۆییدا.

٢- لەدایک بووی سەردەمی خۆیەتی و رۆحی زیندووی سەردەمی خۆی دەربڕیوە. دیارە بەو واتایە نیە، کە ئەدەبیاتی یۆنانی گۆشەگیر و دابڕاوبووە و سوودی لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دی وەرنەگرتووە،بە پێچەوانەوە زۆرجار دەگوترێ ئەدەبیاتی یۆنانی بەتەنیا موڵکی یۆنانییەکان نییەو ئاکامی تێکەڵاوی ئەدەبیات و شارستانییەتی رۆژهەڵات و رۆژئاوایە.

٣- بەهۆی ئەوەی ئەدەبیاتی نووسراوی پێش یۆنان بە شێوەی نووسراو لەبەردەستدایە، دەکرێ بڵێین زۆربەی هونەرەکان لە داهێنانی یۆنانییەکان خۆیانن و ڕەنگە لە ئەفسانەوە شیعر و جۆرەکانی شیعریان وەرگرتبێ و وەکو بنەمایەک بەکاریان هێنابێ و هەردووکیان تێڕوانینی فانتازی و خەیاڵییان بۆ سروشت و گەردوون و دیاردەکان هەیە.

٤- هەر یەکێک لەو هونەرە ئەدەبییانە شێوازو تایبەتمەندی خۆیان هەیە. ئەگەرچی هێندێکیان لە یەکەوە نزیکن یان

تەواوکەری یەکترن، بەڵام سیمای خۆشیان هەیە، کە پێی دەناسرێتەوە.

## قۆناغەکانی ئەدەبی یۆنانی:

١ قۆناغی پێش هۆمیرۆس. (لە سەرەتاوە تا سەدەی دەیەمی پێش زایین).

١- قۆناغی ئەیۆنلی (لە سەدەی دەیەم تاوەکو سەدەی شەشەمی پ.ز).

٢- قۆناغی ئیتیکی (سەدەی پێنجەم و چوارەمی پ.ز)، نیوەی یەکەمی بە سەردەمی هۆمیرۆس.

٣- قۆناغی ئەسکەندەر (سێ یەم و دووەمی پێش زایین).

## ئەدەبی یۆنانی پێش هۆمیرۆس:

هەروەکو لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە سەرەتا هەندێ شاعیری لیریکی ئاینی، سروودی ئاینییان داناوە، دیارە بێ گومان ئەم سروودانە لە ڕووی ناوەڕۆک و بابەتەوە سروشتێکی دینیان بووە و تییایدا ستایشی خواوەندەکانیان کردووە، هەروەکو لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی لە میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیل دا هاتووە، ئەم سروودانە چەندین بابەتی جیاوازیان لەخۆ گرتووە، کە هەندێکیان بۆ شانازی بە ئازایەتی و سوارچاکی پاڵەوانەکان و ئەدەبیاتێکی داستانیی بەرزیان بووەو هەندێجار بە ناوبانگ و ڕەچەڵەک و نژادی پاڵەوانەکاندا شۆڕبۆتەوە. هەندێکیشیان شیعری پیرۆزی ئاینی بوون و لە بۆنە تایبەتیەکاندا، بە تایبەتی ئاینییەکاندا دەگوترانەوە. بەشێکیش لەو سروود و ئەدەبیاتە، ئەدەبیاتی لیریکی یان ویژدانی بوون و

گوزارشتیان لە خود و هەست و سۆزی مرۆڤ دەکرد. کەواتە هەر سێ جۆری داستانی و لیریکی و ئاییني بوون. ئەو سروودانە تێکەڵەو بە جودا لە شیعرو پەخشان بوون.

ئەگەر بمانەوێ شیعر لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە باس بکەین، لەو ڕۆژگار و سەردەمەدا دوو جۆر شیعر بەدی دەکەین، یەکەمیان شیعری فیرکاری، کە زۆربەی فەیلەسووفە ناتورالیزمەکان بەرهەمە هزریەکانی خۆیان بەشیعر دەردەبڕی. سروشتی ئەم جۆرە شیعرەیش ئەوەیە، کە زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆکە زانستیەکەییەوە دەدات و لە زۆربەی رەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعر وەکو سۆزوخەیاڵ و ئەندێشە بێ بەرییە. جۆری دووەمیشیان شیعری شانۆیی(درامی)یە.دیارە هەروەکو لە ناوەکەیەوە ئاشکرایە بەرهەمە شانۆییەکانی یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە هەندێکیان ناوەڕۆکێکی فەلسەفیان بەرجەستە کردووە و تیایدا تیۆری و بۆچوونی فەلسیفی دەردەبڕن، جا بە شێوەی کۆمیدی یان تراژیدی بێ. ئەم جۆرەیان زۆربەی بۆچوونە فەلسەفییەکانی ئیفلاتوون و ئەرستۆی لەسەر دامەزراوە. ئەوەی دیکەیان کەسایەتییەکانی شانۆی یۆنانی و ئاراستەی هزرییان لە دووتوێی شانۆگەرییەکاندا دەخاتە ڕوو.

هەر لەو سەردەمەدا بۆ جیاکردنەوەی شیعر و ناشیعر یان شیعر و پەخشان هێندێ بنەما لەبەر چاو دەگیران، وەکو ریتم و مۆسیقا، شیعر دەبووایە کێش و سەروای هەبوواو بە پێچەوانەی ئەوەش پەخشان لەوانە بێبەش بوو.

**ئەرستۆ:**

ئەوەی ئەرستۆ دەری دەبڕێ گوزارشتکردنە لە ڕۆشنبیری یۆنانی ئەویش هەمووی نا هەندێکی لێ وەرگرتووە، بۆ نموونە کە باسی شیعر دەکات، دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرەتا یان شیعری حەماسی یان داشۆڕین بووە. لە شیعری داستانی دا تراژیدیا دروست دەبێت و لە شیعری داشۆڕین کۆمیدیا دروست دەبێت. کەواتە لەم دوو جۆرەوە شیعرەکانی دی سەرچاوەیان گرتووە و ئەو ڕێساو بنەمایانەی لە شیعری داستانی دا هەن بۆ تراژیدیایش بەڕاست دەردەچن و بۆ کۆمیدیاو داشۆڕینیش بەهەمان شێوە.کێشەی ئەو بۆچوونانەی ئەرستۆ لەوەدایە، لە بنچینەدا ئەو وەکو کتێبێکی سەربەخۆ پلانی بۆ دانەڕشتووە، لەوە دەچێ ئەو سەرە قەڵەمانەبن،کە بۆ خوێندکارەکانی ئامادەی کردبێت و دواتر وەکو شێوەی سیمینار خوێندکارەکانی نووسیبیانەتەوە و بەناوی ئەرستۆوە بڵاوکراونەتەوە، ئەگینا ئەرستۆ خۆی دەزانێ داستان و تراژیدیا کتومت وەکویەک نین و هێندێ جیاوازییان هەیە، بەڵام هەندێجار بەوە ڕاڤە دەکرێت ئەو دەرسانە هەمووی بە ئێمە نەگەیشتوون و هێندێکی لێ گوم بووە. هەروا بێتەوە بۆچی ئەرستۆ لە دیاریکردنی جۆرەکانی شیعردا شیعری لیریکی پشتگوێ خستووە، خۆ شیعرێکی مۆسیقییەو پشت بە ریتم و ئاوازە دەبەستێ، بۆچی وابووە، یان بۆچی بزرکراوە؟ یان ئەوەتا لەگەڵ پلانی ئەرستۆدا نەگونجاوە بۆ تیۆرییەکەی؟ لە کاتێکدا کەرستەی شیعر زمانەو لەسەر وتە دەوەستێ،ئەو زۆرتر پەرۆشی ئەوە بووە پلانڕێژی بۆ ناساندن و دیاریکردنی چەمک و بنەماکانی تراژیدیا بکات و بەسەر

داستاندا تاقی بکاتەوە. وەکو وەڵامدانەوەیەک بێ بۆ (ئەفلاتون)ی مامۆستای کە لە قۆناغی دواییدا شیعری بەسەرچاوەی فەساد ناوبردووە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بە چالاکیەکی بیری مرۆڤایەتی داناوە.

ئەرستۆ; بنەمایەکی لەبەرچاو گرت بۆ ئەو جیاکاریە، ئەویش لەسەر بنچینەی ناوەڕۆکی ئەو دەقانەوە بوو. واتا پەخشان گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بوو،کە ڕوویانداوە، بەڵام شیعر حالەتێکی گشتگیرو کەونی هەیە و ڕەنگە لە داهاتوودا بە پێی یاساکانی شیمانەیی و زەرووڕەت ڕووبدات.

شیعر بەلای ئەرستۆوە لە وێنەکانی تراژیدیا و داستان و کۆمیدیا ە لاساییکردنەوەدا خۆی دەنوێنێ، ئەوانەی بەلاوە گرنگە نەوەکو کێش و سەروا بە پلەی یەکەم، هەر ئەوانەیش شیعر و پەخشان لەیەکتر جیادەکەنەوە. بۆ نموونە هۆمیرۆس وەکو شاعیرێکی بەتوانا و ڕەسەن لەلایەن ئورستۆوە پەسندکراوە، نەک لەبەر ئەوەی کێش و سەرای بەکارهێناوە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە لاساییکردنەوەدا شیعرەکانی سروشتێکی (درامی)یان هەیە و باسی لە شتەگەلێک دەکات کە ڕەنگە ڕووبدات.

هێندێ جیاوازی دی، کە بەلای لێکۆڵەرەکانی ئەم بوارەوە گرنگە ئەوەیە:

- مۆسیقاو شیعر تاکە پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی سیعر و پەخشان و بێ گومان ئەو مۆسیقایەیش لە کێش وە سەراوە دروست دەبێت و گونجانی نێوان بەشەکانی دەسازێنێ و (وەرگر) یان کەسی بەرامبەر دەوروژێنێ و وای لێ دەکات بە

شێوەکی ڕێک و پێک وێنەو ترپەی جێگیری ببێ، بە پێچەوانەوە پەخشان ئەو جێگیر و ئیقاعەی تیا بەدی ناکرێت.

– لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، وەکو بنچینەیەک بۆ شیعر گرنگ ئەوەیە ئەو شیعرە تا چەند مامەڵە لەگەڵ هەستدا دەکات، بەواتایەکی دی وروژاندنی شعورو هەست بەسەر وروژاندنی هزردا زاڵە و زیاتر شیو لەگەڵ ئەندێشەو هەستەکاندایە بە پێچەوانەی ئەوە، کە دەزانین زمانی شیعر زمانێکی وێنەیی و خوازەیی و هێما خوازیە، شێوازی شیعر هێزێکی کاریگەری هەیە. بەلای یۆنانییەکانەوە و بە تایبەتیش ئەوەی بۆتە جێگەی بایەخی فەیلەسووفەکان شیعرییان بەسەر ئەم جۆرانەدا دابەش کردووە: شیعری داستانی و شیعری فێرکاری و شیعری شانۆیی.

## ئەدەبی نوێی یۆنانی

خاکی یۆنان لە ٣٩٥ز دوە تاوەکو رووخانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی لە ١٤٥٣ز بەدەستی عوسمانییەکان ئیدی شاری قوستەنتەنییە(ئیستانبۆلی ئەمڕۆ) بووە سەرچاوەو سەنتەری رۆشنبیریی.بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ لە سەدەکانی ناوەڕاست تەنیا چەند نموونەیەکی کەمی شیعری ئایینی مەسیحی بەدی دەکرێن.

(رۆمانۆوس)ی ئاوازدانەر و میوزیکژەنی یۆنانی جۆرە شیعرێکی داهێنا،کە پییدەگوترێ(کۆنتاکیا).ئەم جۆرە شیعرە بریتییە لە نزا و پاڕانەوە و سروودێکی ئایینی درێژە لە رووی فۆرمەوە تاوەکو سەدەکانی حەوتەمییش لە نێو شاعیراندا

درێژەی بووە. بەم شێوەیە زیاتر چیرۆک و شیعری میللی بەنێو خەڵکیدا بڵاوببۆوە.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا **دیۆنیسیۆس سۆلۆمۆس** Dionysios Solomos ١٧٩٨-١٨٥٧ز پێشەنگی شیعری نوێی یۆنانییەو توانی زمانی یۆنانی بکاتە هۆکارێک بۆ داهینان و بە روانگەیەکی ناسیۆنالیستی و بیری نوێ گەشە بە ئەدەبیاتی یۆنانی بدات.



**دیۆنیسیۆس سۆلۆمۆس**

سۆلۆمۆس لە ئیتاڵیا ئەدەب و یاسای خوێندووەو شارەزایی لە ئەدەبیاتی کۆن و دواتریش لە بەرهەمەکانی دانتی و بۆکاشیۆ بەهرەی وەرگرتووە.زمانی شیعریی ئەو گەڕانەوە بوو بۆ زمانی رۆژانەی خەڵک،چونکە پێش ئەوە زمانی ئەدەب زمانێکی دەستەبژێر بوو،کە پێیان دەوت زمانی کاسارفۆسا.ئیدی زمانی دیمۆتی یۆنانی بووە زمانی شیعر و پەخشان و لەسەر ئەوە دەقی گرت.

سۆلۆمۆس لە ١٨٢٢ ەوە دەستی بە نووسینی شیعر کردووەو سالی دواتر لە ١٨٢٣دا سروودێکی نووسیوەو ئێستا بووە بە مارشی نەتەوەیی یۆنانی.لە ١٨٢٥دا کۆمەلە شیعرێکی بۆ مەرگی لۆرد بایرۆن نووسیوە و وەکو وەفایەک،کە لە شەڕی رزگاریخوازی یۆنانیدا گیانی لەدەستداوە.

سۆلۆمۆس زۆر بە قووڵی کەوتۆتە بەر کاریگەری فەلسەفەی میتافیزیکی ئەڵمانی و بەرهەمی کلاسییزمی ئەلمانی و بۆتە هەوێنی چەندین قەسیدەی داهێنەرانە،لەوانە قەسیدەی(کریتییەکە) لە ١٨٣٣ دا نموونەیەکی ئەو کاریگەریەیە.

تاوەکو جەنگی یەکەمی جیهانی لەپال شیعردا کورتەچیرۆکییش بابەتەکانی ژیانی واقیعی رۆژانەی خەڵکیان گوزارشت دەکرد.

لەدوای جەنگ و لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا رۆمانەکانی کازانتزاکیس سیمایەکی تازەی هاوچەرخ و نوێخوازییان بە رۆمانی یۆنانی بەخشی.

**نیکۆس کازانتزاکیس** Nikos Kazantzakis ١٨٨٣-١٩٥٧ز بە رۆماننووسێکی دیاری یۆنانی و جیهانییەو بە تایبەتییش دوای بلاو بوونەوەی رۆمانی زۆربا و نمایشی لە سینەمادا ئەوەندی دی ناوبانگی وەرگرت.ئەو دەمەی ئەو لە هیراکلیۆن لە دوورگەی کریت لە دایکبوو هێشتا ئەو دورگەیە نەخرابووە سەر یۆنان.دوای ئەوەی خوێندنی یاسای لە زانکۆی ئەسینا تەواوکردووەو لە ١٩٠٧ دا بۆ خوێندنی فەلسەفە رووی لە فەرەنسا کردووەو لەوێ کەوتۆتە بەر کاریگەری فەلسەفەی هێنری بێرگسۆن.لە بواری فەلسەفەدا تیزەکەی بە

ناونیشـــــانی(فریدریک نیچـــــه و فەلســــــەفەی حــــــەق و دەوڵەت)نووسیوە.دوای گەڕانەوەشی بۆ یۆنان چەندین بەرهـەمی فەلسـەفی تـەرجەمە كردووە.



**نیکۆس کازانتزاکیس**

کازانتزاکیس لـە گەنجیدا تێکـەڵ بـە سیاسـەت بووەو پارتێکی چەپی بچووکی دامەزراندووە. زۆر وڵاتی دنیا گەڕاوە لە ئەوروپا و ئەفریقاو ئاسیادا.وەکو خۆی دەڵێ ڕۆژانی خوێندنی لـە پاریس ئەوەنـدە کەوتـۆتـە بـەر کاریگـەری نیچـەی ئـەڵمانی تێڕوانینـی بۆ ژیـان و ئایین و خواوەنـد گۆڕیوە.بۆچوونـەکانی پیشـووی تـەواو گۆڕیـوەو تەنانـەت بەرامبـەر بـە ئـەدەبیات و هونـەرییش گەیشـتە ئـەو اسـتییەی،کە هونـەر تـەنیا پیشـاندانی وێنەیـەکی خـەیاڵی و رازاوە نییە،بەڵکو کەشفکردنی حەقیەقەتە. جا ئەو راستییە با رەق و تاڵیش بێت.

دوای ئـەو ڕۆژگـارە (بـوزا)ی ناسـیوەو لـە نـەزەری ئـەو ڕێبازەکەی زۆر وردو قووڵـەو ڕێنوێنێکی دڵسۆز و ڕۆحانییـەکی گەورەیە لە بەینی هەموو ئەوانـەی خودا خولقاندوونی و خودان

ڕۆحێکی پاک و بێگەردەو ترس و ئازار ناناسێ و لێوانلیوە لە حیکمەت.

پەیامی سەرەکی کازانتزاکیس دژە وێرانکاری و توندوتیژیی و سەرەوەریی و خشەویستیی بەینی مرۆڤەکانە.لە یەکێ لە گفتوگۆکانی مەسیحی دوبارە لە خاچدراودا هاتووە:

دواجار مانیۆلیۆس پرسی:

- باوکە چۆن دەتوانین خودامان خۆشبوێ؟
- بە خۆشویستنی مرۆڤەکان کوڕەکەم.
- مرۆڤەکانمان چۆن خۆش بوێ؟
- بە هەوڵدان بۆئەوەی بیانخەینە سەر ڕێگەی ڕاست.
- ڕێگەی ڕاست کامەیە؟
- ئەو ڕێگەی ڕوو لە بالآیە.

لە دوای مردنیشی لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە:نە ئارەزوویەکم هەیە،نە دەترسم،من ئازادم.

ڕۆماننووس کۆمەڵێ ڕۆمانی نووسیوە،کە هەندێکیان لە هەندێ وڵاتدا قەدەغەکرابوون.بە تایبەتی کتێبی (دوا وەسوەسەی مەسیح) لەلایەن ڤاتیکانەوە قەدەغەکرابوو. لە ڕۆمانەکانیدا بە شێوەیەکی گشتی باس سۆزی مرۆڤ و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکات و باسی شەری ناوخۆ و ڕێنماییە ڕۆحانییەکانی مەسیحیەت بەرجەستە دەکات. لە ڕۆمانی (ئازادی یا مەرگ)دا مێگلس ئازایانە وەکو خەڵکی کریت لە دژی تورکە داگیرکەرەکان دەجەنگێ.چەندین ڕۆمانی نووسیوە و بۆ زۆر زمانی دنیا

وەرگێڕدراون،لەوانە زمانی کوردییش. زۆربا(١٩٤٦)[١] و لە خاچدانەوەی مەسیح( ١٩٤٨)[٢] و ئازادی یا مەرگ(١٩٥٠)[٣] و دوا وەسوەسەی مەسیح(١٩٥١)[٤] و (فرانسیسکۆس قەدیسی من)[٥]و(مار و نیلۆفەر)[٦] و (براکوژی)[٧]. هەروا یادەوەرییەکانی بەناونیشانی(پەیام بۆ گریکستان)[٨] و (پەیام بۆ گریگۆ)[١] لە ١٩٦١.

[١] : نیکوس کازانتزاکیس،زوربای یونانی، ترجمه تیمور صفری، تهران، انتشارات، امیرکبیر، ١٣٤٧. کراوە بە کوردی بڕوانە: نیکۆس کازانتزاکی، زۆربای یۆنانی، وەرگێڕانی رەووف بێگەرد، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی،٢٠١٤.

[٢] : نیکوس کازانتزاکیس، مسیح باز مصلوب، ترجمه محمد قاضی، تهران، انتشارات خوارزمی، ١٣٤٩. بە کوردییەکەی.بڕوانە:نیکۆس کازانتزاکی، مەسیح لە خاچ دەدەنەوە، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٣.

[٣] : نیکوس کازانتزاکیس،آزادی یا مرگ، ترجمه محمد قاضی، تهران، انتشارات خوارزمی، ١٣٦٢.بە کوردییەکەی.بڕوانە: نیکۆس کازانتزاکیس،ئازادی یا مەرگ،وەرگێڕانی کەریمی حسامی،وەزارەتی رۆشنبیری ٢١، هەولێر،١٩٩٧.

[٤] : نیکوس کازانتزاکیس،آخرین وسوسه مسیح، ترجمه صالح حسینی، نشر نیلوفر، ١٣٦٠. بە کوردییەکەی.بڕوانە:نیکۆس کازانتاکیس،دوا وەسوەسەی مەسیح،وەرگێڕانی کەریم دەشتی،چ٢، ماڵی وەفایی،٢٠١٨.

[٥] : نیکوس کازانتزاکیس،سرگشته راه حق، ترجمه منیر جزنی، انتشارات امیر کبیر، ١٣٨٧. بۆ کوردییەکەی بڕوانە: نیکۆس کازانتزاکی، فرانسیسکۆس قەدیسی من، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

[٦] : نیکوس کازنتزاکیس، الثعبان و الزنبقة، ترجمة سهیل نجم،دار الکنوز الادبیة،بیروت،١٩٩٣.

[٧] : نیکوس کازانتزاکیس،برادرکشی،ترجمه محمدابراهیم محجوب، چاپ پنجم،نشر آمون، تهران ١٣٦٨. ئەم رۆمانە کراوە بە کوردی.بڕوانە: نیکوس کازانتزاکی،براکوژی،وەرگێڕانی عبدالکریم شێخانی، بەغدا،

[٨] : نیکوس کازانتزاکیس،گزارش به خاک یونان، ترجمه صالح حسینی، نشر نیلوفر، تهران١٣٦١. بە کوردییەکەی: نیکۆس کازانتزاکیس، پەیام بۆ گریکستان، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی،دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٣.

بێجگە لەوەی چەندین بەرهەمی نووسەرە بەناوبانگەکانی جیهانیی بۆ یۆنانی وەرگێڕاوە،لەوانە: کۆمیدیای یەزدانی دانتی و دۆن کیخۆتەی سێرڤانتس و (زەردەشت وای گوت)ی نیچە و داروین و شکسپیر و گۆتە و هۆمیرۆس و ...

**کۆستانتین کاڤافیس** Constantine Peter Cavafy ١٨٦٣-١٩٣٣ز بە یەکێ لە شاعیرە هاوچەرخە هەرە بەناووبانگەکانی یۆنانی لە قەڵەم دەدرێت.لە ئەسکەندەریە لە میسر لە دایک بووەو تەمەنێکی زۆری لەوێ بەسەربردووە.بە یۆنانی و ئینگلیزی و فەرەنسی شیعری نووسیوە.کاڤافیس خاوەن رۆشنبیرییەکی قووڵەو وەکو شاعیرانی دی خاوەن دابونەریتێکی رۆژئاوایی نییەو بابەتی قەسیدەکانی هەستیکی مێژووییەو بۆ راڤەی ئێستا و هیومانییزمییەو سوود وەرگرتنە لە ئەفسانەی کۆن و مێژووی وڵاتەکەی بێئەوەی لە وڵاتەکەی خۆی ژیا بێت.

[1] : نیکۆس کازانتزاکیس، راپۆرت بۆ گریکۆ، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی،چ ٢، دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٧.



**کۆستانتین کاڤاڤیس**

ئەزموونی شیعریی ئەو لە پێش سالانی ١٩١١دا سادەترەو لە دوای ئەوە قوولترە.شارەزایی ئەو لە کەسایەتی و کلتوری پێشینەی یۆنانی و خوێندنەوەی بۆ ئەدەبیاتی جیهانی مۆرکێکی تازەو نوێخوازی بە قەسیدەکانی بەخشیوە. لە قەسیدەی (لە چاوەڕوانی بەربەرەکاندا) ئەفسانەیەکی راستەقینە یان واقیعی سازاندووە و لە جیاتی بەرەنگاری و شەڕ پاشاو ئافرەتە رازاوەوەکان چاوەڕوانی بەربەرە داگیرکەرەکان دەکەن بێ ئەوەی بترسن.ئەنجوومەنی نوێنەران دەست هەلدەگرن و چیتر یاسادانارێژن لەبەرئەوەی بەیانی بەربەرەکان دین فەرمانرەوایی وڵات دەکەن.

لە قەسیدەی( ١٥ی مارس)دا باس لەو رووداوە دەکات،کە جادووگەرێک بە قەیسەر دەڵی ئاگاداربە رۆژی ١٥ی مارس دەسەلات لەدەست دەدات وەکو وانەیەکە بۆ مرۆڤ ئەوکاتەی لە توانایی و دەسەڵاتە.لە چەندین قەسیدەی دیکەدا سوودی لە ئەدەبیات و هزی گریکی کۆن وەرگرتووە وەکو قەسیدەی

تەروادەییەکان شیکردنەوەیەکی تازەی بۆ کردووە لە کەوتنی تەروادە و باری دەروونیی و دواتر کوژرانی ئەخیل و ساربیدۆن و ئەوانی دی.

ئەگەرچی تێگەیشتنێکی قووڵی هەبووە بۆ ئۆلۆمپیکۆس بەڵام باوەری وایە تاڕاددەیەکی زۆر قەرزارباری مەسیحیەتە و لە قەسیدەی کاروانی (کەهەنە و عیلمانییە گەورەکان)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە،کە مەسیحییەت هێشتا زیدوو و راستگۆیە و دڵسۆزی ئامانجەکانییەتی.

سروشت و تێگەیشتنی شیعرەکانی کاڤافی وەکو بۆدلێر دەڵێ لە بنەڕەتدا فەلسەفییەو تێگەیشتنیان قورسە.یان وەک خۆی دەڵێ من شاعیری پیریم.بەو واتایەی کۆگۆاوەی ئەزموونی تەمەن و هەر قەسیدەیەکی گوشراوەی بەشێکی رۆحیەتی.دۆستی نزیک هەمیشەیی ئەو ئەی.ئێم.فۆرستەر دەڵێ کەسێکی لە رێ لادەرە لە سیستمی گەردوون.

## دوو نموونە لە شیعرەکانی کاڤافی:

### قەسیدەی شار

**وتم:دەڕۆم بۆ شارێکی دی**
**بۆ دەریایەکی دی**
**شارێکی باشتر لە شاری خۆم**
**کەچی هەموو هەوڵەکانم**
**سەرکەوتوو نەبوون**
**دڵم: مردووە.. نێژراوە**
**هزرم وێڵ و سەرگەردانە**
**لە هەر کوێ دەگەڕێم.. دەڕوانم**
**ژیانی خۆم لە وێرانەدا دەدۆزمەوە**

**چۆن ژیانم لەنێو زبڵدان بەڕێکرد**
**شوینیکی تازە نادۆزمەوە**
**لەم شارەدا ژیانم بە هەدەردا**
**هەمان گەڕەك.. هەمان دەرو دیوار هەتا پیری**
**هەمان ماڵەکان بە رەنگی بۆیەی سپی**
**هیوایەك لە شوێنێکی دی نییە**
**دەبێ ژیانت لەنێو وێرانەدا بەسەر ببەی**
**وەك چەکوشێکی بچووك بوون وێران بکا**
**.........................**

## قەسیدەی چوار دیوارەکە

**دەیانناسم هەموویان هەژارن**
**برادەرەکانم**
**داوام لیدەکەن دیوارەکانی ژوورەکەم برازینمەوە**
**مکوڕن و داوای زۆر شتی دی دەکەن**
**قسە هەر قسەیە**
**دەزانم دیوارەکانی ژوورەکی من لەوەی ئەوان باشترە**
**دەزانم حەزیان لە دیاری و رازانەوە نییە**
**ژیان بە هەژاری بەسەردەبەن.. دەست بە مرۆڤایەتی خۆیانەوە دەگرن..**
**کە دەست لە شتەکانی من دەدەن**
**هەست بە ژیانی خۆشی هەژاری و نەداری خۆم دەکەم**
**ئیدی زوو پیر دەبین لەگەڵ ئەو دیوارە کۆنانە**
**لەم ژیانەدا**
**داوای هیچ ناکەم**[1]

[1] : ئەم قەسیدانە جمعة عبدالله لە یۆنانییەوە وەریگێڕاوە. بڕوانە:
https://www.alnaked-aliraqi.net/article/73534.php

.....

**جۆرج سێفریس** George Seferis ١٩٠٠-١٩٧١ز شاعیرێکی هاوچەرخی لیریکایی یۆنانییەو یەکەمین شاعیری یۆنانییشە لە ١٩٦٣دا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.



**جۆرج سێفریس**

ئەم شاعیرە یۆنانییە لە ئەزمیر لەدایک بووەو لە ئەسینا کۆچی دوایی کردووە.باوکیشی مامۆستای زانکۆ بووەو وەرگێڕانەکانی بە باشترین وەرگێڕان بۆ بەرهەمەکانی پابلۆ نیرۆدا دادەنرێ.

سێفریس یاسا و ئەدەبیاتی لە پاریس خوێندووە. شێوازی شیعریی ئەو لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەمدا کاریگەریی زۆری بەسەر شاعیرانی یۆنانیدا هەبوو.لە زمانی شیعریدا هەوڵیداوە سوود لە زمانی سادەی رۆژانەو زمانی ئەدەبی بەرزی پێشینەو بە تایبەتی کلاسییکییەکانی یۆنانیی کۆن

وەربگرێ.ئەزموونی شیعرییەکەی لە غەم و موعانات و تەنیایی و خۆشەویستیی خاک و نیشتمانەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەم شاعیرە ئەگەرچی بەهۆی کاری دیپلماتییەو لە دەرەوەی یۆنان بەسەربردووە و باڵیۆزی وڵاتەکەی بووە لە چەندین وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین و بەریتانیادا،بەڵام هەرگیز ل خۆشەویستی نیشتمان و خەڵکەکەی خۆی دانەبڕاوە.لە شیعرەکانیدا ئەوەندە رەمز و ئەفسانەی کۆنی یۆنانی بەکارهێناوە بۆ کەسێکی غەیرە یۆنانی تێگەیشتنی زەحمەتە.ئەو رۆژانەی لە فەرەنسا خوێندوویەتی کەوتۆتە بەر کاریگەریی ڤالێری و ئیلیۆت و ئەزرا پاوەند و شاعیرانی نوێخواز و رەوتی شیعریی پۆست مۆدیرنیزم.تەنانەت شیعرەکانی ئیلیۆتی بۆ یۆنانی وەرگێڕاوە.یەکەمین کۆشیعری خۆی لە ساڵی ١٩٣١دا بە ناونیشانی(خاڵی وەرچەرخان)بڵاوکردۆتەوەو لە ١٩٣٢دا (کانی) و لە ١٩٣٥دا (گێڕانەوە یان ئەفساهنەی مێژوو) و لە ١٩٣٦دا (منداڵە پێخاوسەکان)ولە ١٩٤٦دا ئۆرتۆکرینۆس و دواتر کۆشیعریی (قوبرس تۆ منت شەیداکرد)ی بڵابووەوە.بێجگە لە شیعر چەند لێکۆلینەوەیەکی ئەدەبییشی بڵاوکردۆتەوە،لەوانە:لە سالی ١٩٦٥ دوای مردنی(زمان لە شیعری یۆنانیدا)[١].

---

[١] : لەبارەی شێوازی شیعری و پێگەی ئەو لە شیعری یۆنانیی نوێدا بڕوانە: یانیس ریتسوس،الاعمال الشعرية الكاملة،ترجمة و دراسة د.نعيم عطية،المجلس الاعلى للثقافة،١٩٩٨.

# چەند هایکۆیەکی سێفریس[1]

دەستی گرتووە
بە چارۆکەی شینەوە
دەڕوانێ:بە جلێکی دڕاوەوە
*

کورسی بەتاڵ
کۆچیان کردووە پەیکەرەکان
بۆ مۆزەخانەیەکی تر
*

وردبۆتەوە
لە قورسایی مەمکەکانی
لە ئاوێنەدا
*

ئافرەتێکی رووت
هەنار شکا
ئەستیرە دەرکەوتن
*

ئێستا هەڵفڕی
پەپوولەیەکی مردوو
بەبێ رۆشنایی
*

لە کوێ کۆدەبێتەوە؟
هەزار پارچە
لە هەر مرۆڤێك
*

---

[1] : https://www.alnaked-aliraqi.net/article/73875.php

**دەنووسێ**
**دەریا وشك دەبێ**
**دەریا فراوان دەبێ**
*

**یانیس ریتسۆس** Yannis Ritsos ۱۹۰۹-۱۹۹۰ شاعیری بەناوودەنگی یۆنانی،بە دەنگێکی شیعری نوێخوازیی یۆنانی و جیهانی لەقەڵم دەدرێت.ژیانێکی کەڵەمەرگی و پڕ لە جەزرەبەو زیندانی بەسەربردووە و زیاتر لە سەد بەرهەمی شیعری و شانۆیی نووسیوە.دەسپێکی ئەزموونی شیعریی ئەو لە ۱۹۳٤ ەوە دەستی پێکردووە،لەو کاتەوەی لە ئەنجامی خۆپیشاندانی کرێکارانی کارگەیەک لە سالۆنیک،کە تیایدا ۳۰ کریکار کوژران و ژمارەیەک زۆریش بریندار بوون،ریتسۆس قەسیدەیەکی درێژی بەناونیشانی (ئەبیتافیۆس)ەوە نووسی. سەرچاوەی ئەو چامەیە لەوەوە دروستبوو، رۆژنامەی حزبی شیوعی(ریزۆسپاستیس) وێنەی دایکێکی بڵاوکردەوە،کە لە ناوەڕاستی جادە بەدیار مەیتی کوڕەکەیەوە دەکڕوزایەوە[1].دواتر دەسەڵاتی سەربازی ئەو کتێبەی سووتاند و زیندانییان کرد.لە ۱۹۳۷دا قەسیدەی(گۆرانی خوشکم)و لە ۱۹۳۸دا(سەمفۆنیای بەهار)ی بڵاوکردۆتەوە.لە ماوەی سالانی جەنگی دووەمی جیهانیدا باری تەندروستی تێکچووە.لەدوای جەنگ شانۆیی(ئەسینا لە ژێر چەکدا) و قەسیدەی(پەراوێزی سەرکەوتن)ی نووسیووە.لە ۱۹٤۸ تاوەکو

[1] : بۆ وردەکارییەکە بڕوانە: یانیس ریتسوس،اللذة الاولی،ترجمة رفعت سلام،دار الینابیع،دمشق،۱۹۹٦،ص ۲۸.

١٩٥٢ زیندانیکراوە.بە هەوڵی لویس ئەراگۆن و چەندین نووسەر و شاعیرانی ئەوروپی هەوڵی ئازادکردنیان دراوە.



**یانیس ریتسۆس**

ریتسۆس هەر لە تەمەنی گەنجییەوە تێکەڵ بە گرووپی پێشکەوتنخوازان بووەو بیری سۆسیالیسی و چەپگەری هەبووەو دژی دەسەلاتی سەربازی وڵاتەکەی بووە. لە ١٩٥٦دا سەردانی یەکیەتی سۆڤیەتی کردووەو چامەی(سۆناتەیەک لە ژێر تریفەی مانگدا)[١]ی نووسیوە.

لەدوای کودەتای ساڵی ١٩٦٧ و رووخانی دەسەڵاتی سەربازی بە تەواوی ئازاد بووە و لەلایەن دەسەڵاتی نیشتمانییەوە رێز لە بەرهەم و خەباتی نیشتمانیی ئەو گیراوەو دکتۆرای فەخری پیبەخشراوەو چەند جارێکیش بۆ خەلاتی نۆبڵ پاڵێوراوە. لە

---

[١] : یانیس ریتسوس،سونات مهتاب،ترجمه فرامرز الهی و سینا کمال آبادی،نشر شورآفرین،تهران،١٣٩٦.

ساڵی ١٩٧٠ دا دوای گەرانەوەی بۆ ئەسینا کۆشیعری(ڕاڕەو و پەیژەکان)[١]ی نووسیوە.شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی دنیا وەرگێڕدراوەو ئەراگۆن بە یەکێ لە داربییەکانی شیعری هاوچەرخ وەسفی دەکات. لە ١٩٧٥دا خەڵاتی (ئاشتیی لینین)ی پێبەخشراوە.

**ئەدۆنیس** شاعیری نوێخوازی عەرەب لە میانەی پێشکەشکردن و وەرگێڕانی شیعرەکانی ریتسۆسدا دەڵێ: وێنەی شتە هۆگرەکانی ژیانی رۆژانەمان بۆ دەکێشێ، یان ئەو رووداوە پەرش و بڵاوانەی لە رووکەشدا هیچ واتایەکیان نییە.ئەو لە میانی ئەوەدا دەیەوێ مرۆڤ دووبارە چاو بە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر شتە ئاسایی و بێبایەخەکاندا بگێڕێتەوەو بەهایەکی تازەیان پێببەخشێت.دان بە بایەخی شتە بێبەهاکاندا دەنێت.ئیدی ئەم جیهانە خاکەڕایە،جیهانی شتە بێدەنگەکان دەکات بە شیعر[٢].

**پابلۆ نیرۆدا** لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە سالی ١٩٧١دا وتی:ئەو شاعیرە یۆنانییە لەمن زیاتر شایستەتر بوو.[٣]

[١] : یانیس ریتسوس،دهلیز و پلکان ترجمه محمدعلی سپانلو، چ٢، نشر ققنوس، تهران، ١٣٨٠.

[٢] :
https://www.facebook.com/299432180460537/posts/406528189750935/

[٣] : جمال حيدر، يانيس ريتسوس.. شاعر التفاصيل المهملة،جريدة الاخبار،السبت ١٨شباط ٢٠١٧.ب{وانة:https://al-akhbar.com/Kalimat/226461

## چەند نموونە لە شیعری یانیس ریتسۆس

### بنیاتنانەوەی شوێنێ بۆ خەوتن

شەو لە بنمیچەکەوە
چەند پارچە تەمۆخێك کەوتە خوارەوە
بۆ سەر قەرەوێڵەکە
شوێنی نەبوو لە خوارەوە لێی راکشێم
ئاوێنەکەش وردو خاش بوو
پەیکەرە گەچینەکەی راڕاوەکەش
لە تۆزدا بزربوو
نەمتوانی دەستی لێدەم
وازی لێدێنم با ئەویندارى بکا...

### نیشانەگەلێکی رەش

تیرۆژێکی رەشە بە هەوادا
بەسەر هەردوو ئەژنۆ و
لەپی دەست و
لیوەکانیدا نیشتۆتەوە
ئەوە چەند مانگە،
ئاو و تەلەفۆن و
کارەبا بڕاوە،
شتێ لەسەر رووی مەڕمەڕی مێزەکەیە
قونکە جگەرەو کاهوێکی گەنیو[١]
چەپك
رووخسارت لەنێو گەڵاکاندا شاراوە بوو

---

[١] : یانیس ریتسوس،قدح حلیب دافیء قصائد مختارة،ترجمة هاشم شفیق، دار المدى، بیروت،٢٠١٩.

**یەك یەك گەڵاكانم قرتاند تا لێت نزیك ببمەوە**
**كە دوا گەڵام لێكردەوە تۆ رۆیشتی**
**لە گەڵا وەریوەكان چەپكێكم دروستكرد**
**كەس نەبوو پێشكەشی بكەم**
**خستمە سەر تەوێڵم[1]**
**>>>>>**
**هەندێ لە سییانییەكان(٣ دێڕ)**
**كونێكم كردە كاغەزێكەوە**
**با بەناویدا تێپەڕی**
**تا ببێتە رێنوێنی قەسیدە**

*

[1] : يانيس ريتسوس،البعيد،مختارات شعرية شاملة،ترجمة رفعت سلام،الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة،١٩٩٧،ص ١٩٣.

# ئەدەبی رۆمانی

ڕۆمانییەکان،لە ساڵ ١٤٠ پێش زایین،کە توانییان بەسەر یۆنانییەکاندا زاڵ بن،لەبەردەم دوو هەڵبژاردەدا بوون،یان دەبووایە شارستانیەت و ئەدەب و کلتوری یۆنانییەکان ڕەتبکەنەوەو خۆیان داهێنانی تازەیان بکردایەو بەرهەمی بیری خۆیان پیادە بکردایە یان ڕێگەی دووەم،کە لاسایی هزری یۆنانییەکانیان بکردایەتەوەو درێژەییان پێبدایایە.

بێگومان شارستانیەتی یۆنانی شارستانیەتێکی دەوڵەمەندی هزری و فەلسەفییەو نموونەیەکی بەرزی مرۆڤایەتییە و کەسایەتی گەورەی تێداهەلکەوتووە، بۆیە ڕۆمانییەکان ڕێگەی دووەمیان هەڵبژاردو درێژەیان بەو کلتوورەداو لە هەمان کاتیشدا هەوڵیاندا خۆیشیان تازەگەری بکەن و لە گیانی سەردەمدا خۆیان بگونجێنن.

مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆمانی بە چوار قۆناغدا تێپەڕیوە"کە بەم شێوەیە:

١- قۆناغی پێش شیشرۆن یان قۆناغی پێش کلاسیک(٢٤٠- ٨٠ پ.ز).

٢- سەردەمی شیشرۆن (پ.ز).

٣- سەردەمی ئۆگستۆس(٤٠پ.ز. -١٧ز)، ئەم سەردەمەو سەردەمی شیشرۆن بە سەردەمی زێرینی ٨٢-٤٣ ئەدەبیاتی ڕۆمانی لە قەڵەم دەدرێن.

٤- سەردەمی زیوین(١٧-١٣٠ز)[١].

---

[١] : رند علی حسين، العصور التي مر بها تأريخ الأدب الروماني، انترنيت:

http://www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/lecture.aspx?fid=13&depid=4&lcid=49252

قۆناغی یەکەم،بە بە قۆناغی پێش شیشرۆن ناسراوەوە هەتنی شیشرۆن کراوە بە خاڵی وەرچەرخان بۆ دەسپێکی قۆناغێکی تازە، لەو سەردەمەدا شاعیر و نووسەران بە شێوەیەکی شتی خەریکی وەرگرتن و وەرگێڕانی بەرهەمی گریکەکانی پێش خۆیان بوون. بە تایبەتی شیعر لە نێو ژانرە ئەدەبییەکاندا لە پێشەوەبوو و وردتریش بڵێین شیعری درامی. ئەندرۆنیکۆس و تیرتیۆس و باکۆڤیۆس بە سەرتای ئەم قۆناغە دادەنرێن. ئەنرۆنیکۆس یەکەمین شاعیری بە رەچەڵەک رۆمانییە،کە داستای ئۆدیسە)ی لە یۆنانییەوە بۆ زمانی لاتینی رۆمانیبە شیعر و اەسەر هەمان کێشە یۆنانییەکەی وەرگێڕاوە.

تیرتیۆس وەکو پێشەنگی درانووسانی کۆمیدی و باکۆڤیۆس وەکو رابەری تراژیدیا دەرکەوت. دواتر نایڤیۆس کۆمەڵێ بەرهەمی شانۆیی تراژیدی و کۆمیدی نووسیوە،کە زۆربەیان بیرۆکەکانی لە گریکییەوە وەرگرتووە،بەڵام بە داهێنانێکی تازەو تەنانەت بە پێشەنگی شاعیرانی نەتەوەیی دادەنرێ.دیارترین نووسەری ئەدەبی ساتیرایی و کۆمیدی ئەو سەردەمە (لۆکیلۆس ١٨٠-١٠٢پ.ز.)ە. ئەم نووسەرە بە شیوەی کۆمیدی و رەخنەی لە کەموکورتییەکانی سەردەمەکەی خۆی گرتووەو رەخنەگرەکان دەڵێن شێوازی نووسینی زۆر لە شێوازی (هۆراس٦٥-٨ پ.ز.)ەوە نزیکە. هەر لە بواری شیعری کۆمیدیدا (پلۆتۆس٢٥٠- ١٨٤ پ.ز.) بە شاعیرێکی دیاری درامای کۆمیدی ناسراوەو دواتر کاریگەری لەسەر درامای کۆمیدی سەردەمی ڕێنیسانسی ئەورووپی بووە.نووسەرێکی دی ناسراوی ئەو قۆناغە (کاتۆ)یە.

ئەم نووسەرە بە یەکەم گوتاربێژی رۆمانییەکان دادەنرێ. بە شیعر مێژووی کۆنی گریک و رۆمانەکانی دەنووسیەوەو هەوڵی زۆری بۆ نووسینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکان تەرخان کردبوو. ئەوەی تێبینی دەکرێ، تا رادەیەکی زۆر درامای کۆمیدی زیاتر جێگەی بایەخ بووە لای رۆمانییەکان بە پێچەوانەی یۆنانییەکان درامای تراژیدی وەکو هونەرێکی بەرز سەیرکراوە. لا رۆمانییەکان دواتر شاعیر و فەیلەسوف سینیکا چند بەرهەمێکی تراژیدی بە زمانی لاتینی نووسیوەو رەواجی بەخشیەوە بە تراژیدیا.

سەردەمی **ئۆگستۆس**،سەردەێکی زیرینە لە ئەدەبیاتی رۆمانیدا. ئەو سەردەمەیە،کە ئیمپراتۆر ئۆگستۆس،شاعیر و رەخنەگرانی ئەو سەردەمەی لەخۆی کۆکردبۆوەو بە هەموو شێوەیەک هانی دەدان بۆ داهێنانی گەورە لە ئەدەبیاتی رۆمانیدا. ئەم ئیمپراتۆرە خۆیشی رەخنەگرێکی بە زوقی ئەدەبیات بووە. لەو سەردەمەدا چەندین شاعیر و رەخنەگری دیار دەرکەوتن.شاعیرانی لیریک بەرهەمەکانی خۆیان پیشکەش بە خەڵگ دەکرد،لەوانە **ئەسینیۆس پۆلیۆ** Asinius Pollio و میسالا Messala و میسینیاس Maecenas .

دیارترین دوو کەسایەتی لە بواری شیعری رۆمانیی لەو سەردەمەدا دەرکەوتن،کە ئەوانیش **ڤیرجیلیۆس**P.Vergilius Maro و **هۆراتیۆس**Q.Horatius، کە بە ڤێرجیل و هۆراس ناسراون.

**ڤێرجیلیۆس**(٧٠-١٩ پ.ز.) لە شیعرەکانیدا باسی جوانی سروشت و هێمنی و ئارامی گوند و لە داستانە شیعرییەکەیدا باس چاندن و کشتوکاڵ و خۆشەویستی خاک دەکات.هەر ئەم

پێگە گەورەیەی ئەم شاعیرەیە وای لە لە دانتی ئەلیگێری ئیتاڵیایی کردووە، لە بەرهەمە ناودارو ناوازەکەی (کۆمیدیا)دا ئەم شاعیرەی وەکو ڕێنوێنیی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی لە گەشتەکەیدا لەگەڵی بێت[1]. ڤێرجلیۆس بە ناودارترین شاعیری ئەو سەردەمەو دواتریش لە نێو شارستانیەتی ڕۆژئاواییدا ناسراوە.

هۆراتیۆس(**هۆراس**)یش وەکو شاعیرێکی لیریکای ڕۆمانی، هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی دەربڕیوە، وەکو شەڕی ناوخۆیی و بابەتە فەلسەفییەکانی ئەو ڕۆژانە لە نێوانی ئەبیقۆرییەکان و ڕواقییەکاندا. هۆراس لەو ڕۆژانەدا بەرهەمێکی بەناوبانگی بەناوی پەیامێک بۆ خێزانی پێزۆ،کە دواتر کانتیلیان پاش سەد ساڵ ناوی لێناوە(هونەری شعر)[2].

ئەم بەرهەمەی **هۆراس** هەولێکە بۆ بەردەوامی و لاساییکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی ئەرستۆی گریکی و لە هەمان کاتدا هەندێک هزری خۆیشی لەگەڵدا ئاوێتەکردووە تاوەکو لەگەڵ دنیای تازەی سەردەمی خۆیدا بیگونجێنێ،کە ئەمەش بۆ خۆی داهێنانێکە. ئەم بەرهەمە هەندێ سەرنجی گشتین بە چەند لایەنێکی هونەری شیعری. تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە لە پێنج تەوەرەدا کۆ دەبێتەوە:

---

[1] : د.هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ٣، هەولێر، ٢٠١٤،ل١٣.

[2] : ئەم بەرهەمەی هۆراس بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، بڕوانە: هۆراس،هونەر شیعر، وەرگێرانی حەمید عەزیز،بەغدا، ١٩٧٩.

### ١-زمانی شیعری:

دیارە بیگومان زمانی شیعری جیاوازە لەگەڵ زمانی ئاساییی ڕۆژانەی خەڵک و پاراوترە و هەلبژێردراوهو زۆرجارر پێویستی شیعری وادەخوازێ لە زۆر ڕووەوە لە سیستمی زمان یان ریزمانی لابدات. ئەو زمانەی لە شیعردا بەکاردێت بۆ ئەوەی بچێتە قاڵبی شیعرییەت بەو واتایەی لە زمانی ڕۆژانە بێتە دەرەوەو تایبەت بێ بە دەقی ئەدەبییەوە.شاعیر بۆی هەیە ئەو وشانە هەلبژێری،کە لە فەرهەنگی زمانیدا زۆرجار بیرچوونەتەوە یان بە کەم بەکاردێن یان دروستکراو و داڕشتنی خۆی بێ. سەبارەت بە زمانی شیعری هۆراس پێیوایە وشە بە تێپەڕبوونی کات دەچیتە خانەی لەبیرچوونەوە یان وەکو گەڵای درەخت زەرد هەڵدەگەڕێن و لە جیگەی ئەوان وشەی تازە سەوز دەبن،کە ئەمەش دیادەیەکی سروشتیەو بەو پێیەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لە چوارچێوەی کۆمەڵدا گەشەدەکات و بەرکاردێت کەواتە وەکو مێژووی پێشکەوتن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت.بەواتایەکی دی هۆراس بۆچوونی وایە شاعیر دەبی هەمیش خۆی تازە بکاتەوەو بە دوای وشەی تازەدا بگەڕێ و ببێتە مۆرکی شێوازی تایبەتی خۆی و پێی بناسریتەوە،چونکە دەقی ئەدەبی بە پێی میتۆدە رەخنەییە نوێیەکانیش بریتییە لە گەمەیەکی زمانی.



**هۆراتیۆس(هۆراس)**

**٢- لاساییکردنەوە**

مەبەست لە لاساییکردنەوە،ئەوەیە"کە شاعیری رۆمانی دەبێ سوود لە نموونە بەرزەکانی یۆنانی وەربگرێ و بیکاتە سەنگی مەحەک بۆ داهێنان،بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە،کە شاعیری رۆمانی هیچ بوارێکی بۆ داهێنان لەبەردەم نەماوەتەوە و تەنیا دەبێ لاسایی بکاتەوە.نەخێر. بۆنموونە ئەخیل پاڵەوانێکە نموونەیی وئازا و بە غیرەتە،لە داستانەکانی هۆمیرۆس دا، دەشێ شاعیرێکی رۆمانیش ئەخیل وەربگرێ و بیکاتە پاڵەوانی بەرهەمێکی خۆی و جیاواز لە وێنەکنی پێشوو وێنەیەکی دیکەی بداتێ،وەلێ نابێ ئەوەی لە بیر بچێ یان بە ئەنقەست ئەخیڵ وەکو ترسنۆکێک پێشان بدات.

لاساییکرنەوە یەکێکە لە بابەتە زیندووەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی گریکی و لە نێوانی ئیفلاتوون و ئەرستۆ وەکو دوو فەیلەسوفی میتافیزیکی بۆچوونی جیاواز خراوەتە روو،بە تەواوی لای ئیفلاتوون رەتکراوەتەوە و دوور لە هەقیقەتە، بە

پێچەوانەی ئەو ئەرستۆ پەسەندی دەکات و بە کاریکی شیاوی دادەنێ شاعیر یان هونەرمەند لە لاساییکرنەوە لە هونەرە جوانەکاندا چێژ و سوود وەردەگرێ.

**٣- پەڵەی وەنەوشەیی**

هۆراس هەروەکو رەخنەگر و تیۆریستە یۆنانییەکان و درێژە پێدەری ئەوان باوەڕی بە بێگەردی جۆرە ئەدەبییەکان بوو.بەو واتایەی هەریەکە لە جۆرە ئەدەبییەکان نوێنەرایەتی چینێکی ئابووری و کۆمەلایەتی دەکەن و نابێ تیکەڵ بکرین.درامایەک، کە تراژیدی بێت،دەبیت لە سەرتاوە تا کۆتایی دتراژیدی بێت و بە پێچەوانەشەوە، کە کۆمیدییش بێت هەروا.ئەوە بیجگە لەوەی بنیاتی هونەری و ئەرک و پەیامیشیان جیاوازە.

تەنانەت کراسێک بە نوونە دێنێتەوە،ئەگەر هەرچەند جوانیش بێت، بەڵام کاتێک پەلەیەکی تیا بیت بامادەی ئەو پەڵەیە چەند جوان و بە نرخیش بێت هەر شێوەو رووخساری گشتی کراسەکە دەشێوینی و تێکی دەدات.

**٤- راستگۆیی**

مەبەست لە راستگۆیی ئەوەیە،کە راستگۆیی لە ئەدەب و هونەردا جیاوازە لە راستگۆیی لە واقیعدا. راستگۆیی لە واقیعدا شتێکە عەقڵ قەبوڵی دەکات و دەبێ لەگەڵ مەنتقدا بگونجێ و یان فیزیاییە بۆنموونە شەو لە دوای رۆژەوە دێت یان لە دوای شەش ژمارە حەوت دێت... وەلێ لە ئەدەبدا راستگۆیی ئەوە نییە،کە چیرۆکنووسێک ئەوەی لە چیرۆکێکدا دەیخاتەروو رێک بەسەر خۆیدا هاتبێت. یان شاعیریک، کە شیعرێک دەنووسێ کەس ناپرسێ چۆن بەژن و بالای یار وەکو داری سەرووە کوا

شتی وا هەیە؟ نەخێر ئەدەب خۆی زێدەڕۆییە و زادەی خەیاڵێکی داهێنەرانەیە. ئەگەر ببێتە واقیع و قسەی ئاسایی داهێنان نامێنێت.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە،بۆچی هۆراس هیچ ئاماژەیەکی بۆ شیعری ئیلیجی یان لیریکا(گۆرانی) ناکات؟ لەبەر ئەوەبووە زۆر کاریگەری ئەرستۆی بەسەرەوە بووەو وەکو ئیفلاتون و ئەرستۆ هەوڵەکانیان بۆ شیعری تراژیدیا و داستان بووە؟ یان لەو سەردەمە رقی لە کالیماخۆس بووە،کە لەو سەردەمەدا دژی شیعری تراژیدی و داستانی بووە؟

**سەردەمی شیشرۆن**، بە ناوی کەسایەتی دیاری ئەدەبیات و سیاسی بەناوبانگ (شیشرۆن)ەوە کراوە.ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێزگرتنە لە بەهرەو بلیمەتی شیشرۆن،کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کلتوری نەتەوەکەی خۆیدا بووە.

**مارکۆس تۆلیۆس شیشرۆن** Marcus Tullius CIcero لە ساڵی ١٠٦پ.ز. لە دایکبووە[١]. لەبەرئەوەی بابی حاڵی باش بووەو لە چینی سوارەکان بووە،هەر زوو شیشرۆنی لەگەڵ ئامۆزاکانی ناردووە بۆ رۆما و دواتر بۆ وڵاتی یۆنان تاوەکو فەلسەفەو گوتارخوانی بخوێنن.هەر لە تەمەنی گەنجیدا چەند پلوپایەی وەرگرتووە.بووە بە قونسوڵ و دواتر دادوەر و ...شیشرۆن ٥٨ خوتبەی لێ بجیماوەو ژمارەیەکیشی فەوتاوە.لە خوتبەکانیدا شێوازی تایبەتی و پڕ لە رەوانبێژیی هەبووە. چەندین کتێبە لەسەر بنەماکانی خوتبە و خەتیبی چاک نووسیوە.

---

[١] : د.احمد عتمان، الادب اللاتيني ودوره الحضاري،عام المعرفة الكويتي ١٤١،الكويت،١٩٨٩، ص ١٣١.

له بواری سیاسەتدا لەگەڵ چینی ئۆرستۆکۆاتەکان بەینی باش نەبووەو دواتریش لەگەڵ هاتنی یۆلیۆس قەیسەر لە سیاسەت دوور کەوتۆتەوەو خەریکی نووسینی بابەتی فەلسەفی بووە. لە تەمەنی هەژدەساڵییەوە،لەو کاتەوەی سەردانی رۆما کردبوو چاوی بە یەکێ لە فەیلەسوفە گەورەکان لە لاریسا کەوتبو بە ناوی(فیلۆ)،کە سەرۆکی ئەکادیمیای ئیفلاتونی نوێ بوو لە ئەسینا.لەو کاتەوە هەتا مرد کاریگەری ئەو فەیلەسوفەی لەسەر بوو.



**شیشرۆن**

شیشرۆن لەو سێ کتێبەی تایبەت بە خوتبە نووسیوەیەتی پێی وابوو،خەتیبی باش دەبێ لەگەڵ هونەری گوتاربێژیدا فەلسەفە بخوێنێ و وردبێ لە هەڵبژادنی زاراوەکان و گرنگتر لە هەمووی بە شێوازی خۆی کاریگەریی لەسەر گوێگرەکانی بە جێبهێڵێ"بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەو خاڵە بین مەبەستی شیشرۆن ئەوە نیە"کە هەروەکو رواقییەکان دەیانگوت تەنیا فەیلەسوف دەتوانێ قسەرکەرو گوتاربێژی چاکە.هاوکات بۆچوونی شیشرۆن لەگەڵ ئیفلاتوونیش جیایە لە مەسەلەی فێربوونی

گوتـــاربێژی، چونکـــە هـــەرگیز **شیشــــــرۆن** داواناکـــات گوتـــاربێژ فەیلەسوف بێت بەو مانایەی ئیفلاتون دەیەوێت.بەڵکو مەبەستی ئەوەیە گوتـاربێژ پێویستە شارەزاییەکی باشی لە فەلسـەفەو مێژوو و یاسا و زانستە سروشتییەکاندا هەبێت بۆئەوەی بتوانێ گفتوگۆ لەبارەی بابەتە گرنگەکاندا بکات[1].

دوا بـەدوای سـەردەمی زێـرین، کـە بـە سـەدەمی زیـوین ناسراوە، ئیدی وردە وردە شارستانەیتی رۆمانی بە هۆی کەیف و سەفای سەرکردەکان و لاوازیی زانست و نەمانی بیروڕای ئازاد و بلاوبوونەوەی ئایینی مەسیحیەت بە ئەوروپادا بەرەو نەمان و رووخان دەچوو.بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی فەرمانڕەوایی نیـرۆن(٥٧ ز) تـەنیا چەنـد بەرهـەمیکی لاواز بەجیماون.لەوانـە بەرهەمەکانی پرسیۆس و لۆکانۆس و پترۆنیۆس و سینیکا. بە تایبتی ئەوەی چوارەم زیاتر وەکو فەیەسوفێکی رواقی زیاتر بابەتـەکانی لـەبارەی رەوشـت و ئاکـارەوە بووە.هـەر لـەو سەردەمەدا گوتاربێژێکی دبار هاتەپێشەوە ئەویش کۆنتیلیانۆس بـە (کانتیلیـان) بـە ناوبانگە.ئـەم نووسـەرە لـە بـارەی واتـا و شێوازەوە باوەڕی وابووە،کە لە وتاربێژیدا واتا بە پلەی یەکەم گرنگـە نـەوەکو شـێواز و رازاندنەوە.بۆیـە دەڵێـت جـوانی لـە جەسـتەی زینـدوو خۆیدایـە نـەوەکو دەموچاوێک،کـە بـە رازاندنـەوەی دەسـکرد بڕازێتەوە،چونکـە زۆرجـار ئـەو رازاندنەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی واتاکە وەکو پێویست نەگاتە گوێگر.

---

[1] : د.عبدالمعطی شعراوی، النقد الادبي عند الاغریق و الرومان،مکتبة الانجلو المصریة،القاهرة، ١٩٩٩،ص ١٦١-١٦٢.

# ئەدەبی فارسی

مێژووی ئەدەبیاتی فارسی لە ئێران و ئەفغانستان و هیندستاندا مێژوویەکی کۆن و دێرینی هەیە چیاکانی زاگرۆس و بانی ئێران کە بە (ئارینا – ئارینا چا – ئارینا جا) بەناوبانگ بووە یەکێکە لەو ئەدەبیاتانەی ڕۆژهەلات بە گشتی بە پێی بەلّگەنامەو دۆکۆمێنتەکانی ئەرشیف نامە و کە سەرەتای مرۆڤایەتی و ژیان لێرەوە دەستی پێکردووە بە تایبەتی شارستانیەتی ولاتی (میزۆپۆتامیا) یان ئاسەدارەکانی گوندی (چەرمۆ) و (ئەشکەوتی شانەدەر) هەروەکوو **دیاکانۆڤ** مێژوونووسێکی ڕوسییە لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (**میدیا**)، باسی سەردەمی گوتی و کاشییەکان دەکات[1].

یەکێک لە کەسایەتییە دیارە ئەکادیمییەکان (**ئەدوارد براون**) لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناونیشانی (**مێژووی ئەدەبی ئێران**) بۆچوونی وایە، کە مێژووی ئەدەبیاتی فارسی لە ئێراندا باشتر وایە،کە لەسەر گۆڕان و پێشکەوتنی زمانی فارسی بنوسرێتەوە،بەم شێوەیە:

١- فارسی باستان(دێرین)

٢- فارسی پەهلەوی

٣- فارسی دەری،یان ئیسلامی[2].

ئەکادیمیستانی ئێرانیش بۆ خۆیان،کە مێژووی ئەدەبیاتیان لە ئێرانێ نووسیوەتەوە[1]،زۆرتر شتێکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەدەبیاتی

---

[1] : دیاکانۆڤ، ماد،ترجمە کریم کشاورز، بنگاه ترجمە و نشر کتاب، تهران ، ١٣٤٥.

[2] : ادوارد براون،تاریخ ادبی ایران،جلد اول،ترجمە و تحشیە و تعلیق علی پاشا صالح، نشر کتابخانە ابن سینا،چاپ دوم، ١٣٣٥،ص ١٣-١٦.

## قۆناغی کۆن

قۆناغەکانی دێرین و پەهلەوی نەنووسیوەتەوەو زیاتر ئەدەبیاتی ئیێرانیان لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئیسلامەتی لە ئێرانێ و بە تیایبەتی لە سەدەی سێیەمی کۆچییەوە و لەگەڵ دەورەی سامانیانەوەئاماژە پێکردووە. لە سەردەمی پەهلەوی"کۆمەڵی بەرهەمی ئەوس سەردەمە تەرجەمەی زمانی عەرەبی کراون"بەڵام بە پەهلەوی خۆیش تۆژینەوە بەردەوام بووە بە تایبەتی لەباەی کتێبەکانی زەردەشتی و مانی و لەنێو ئەو کتێبانەشدا کتێبی(دینکرت)،کە گنگترین و فراوانترین کتێبە سەردەمی پەهلەوییەکانەو خۆی لە بنەچەدا ناوی(زەندی ئەکاسیە)یەو لە پەهلەویدا بە دینکرت هاتووە.کە بیرو باوەڕو دابونەریت و گێڕانەوەو مێژووی ئەدەبیاتی مەزدیسنایە[2].

کتێبی دووەمی پەهلەوی کتێبی(شکند گمانیک ویژار)ە"کە یەکێکە لە کتیبە بەناوبانگەکانی زەردیشتییان. ئەمەش بە هۆی ئەوەی

---

[1] : چەندین کتێب لەبارەی مێژووی ئەدەبیات لە ئێران نووسراوە،بەڵام ئێمە بە پلەی یەکەم پێنج بەرگەکەی (د.ذبیح الله صفا)مان  بە سەرچاوەی سەرەکی داناوە بۆ ئەم چەند لاپەڕەیە، ئەگینا لەوانی تریش  ئاگادارین، وەک:

- یان ریپکا و دیگران،تاریخ ادبیات ایران از دوران باستان تا  قاجاریە، ترجمە د.عیسی شهابی، انتشارات علمی  فرهنگی، تهران، ١٣٨١.
- دکتر صادق رضازادە شفق،تاریخ ادبیات ایران،انتشارات دانشگاە پهلوی،شمارە ٣٩،تهران،١٣٥٢.
- سید مهدی زرقانی،تاریخ ادبیات ایران با رویکرد ژانری،(چهار جلدی)، نشر فاطمی،تهران،١٣٩٧.
- جورج موریسن و دیگران،تاریخ ادبیات ایران از آغاز تا امروز، ترجمە یعقوب آژند، نشر گسترە،،تهران،١٣٨٠.

[2] : ذبیح الله صفا،تاریخ ادبیات در ایران،جلد اول،نشر فردوس،تهران،١٣٦٦.

پێشتر ئەدەبی عەرەبی تەنانەت ئێران نژادەکانیش بە زمانی عەرەبی شیعریان نووسیوە.تەنانەت (سەردەمی سامانییەکان بە رەونەقترین سەردەمی دادەنرێ بۆ ئازادی بیرو مەزهەب وکۆڕی زمان و ئەدەبیات و دواتر لە دوای ئەوانیش،هەندێک لەو ئەدیبانە لە سەردەمی غەزنەوییەکاندا دەرکەوتن،بەلام نارازی بوون لە شێوازی دەسەلاتی سولتانەکان، بە تایبەتی **فیردەوسی** لەگەڵ سوڵتان مەحمودی غەزنەوی.

لە سەدەی پێنجەمەوە باری کلتوری و فەرهەنگی پێشکەوت و چەندان کەسایەتی وەکو ئەبوزەیدی بەڵخی و ئیبن سینا و فارابی دەرکەوتن.سەردەمی سەلجوقییەکان و سەردەمی تورکان لە رووی ئەدەبییەوە پرشنگدارەو دیارترین شاعیرانی ئەو سەردەمە فەخرەدین گورگانی و ناصر خسرو و خاقانی و خەیام و نیزامی گەنجەوی و عەتتاری نیشاپوری.. کە ئەمانە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاون.بێجگە لە شیعر چەندین کتێبی چەخشانیش بە زمانێکی فارسی بە هێز و رەوان نووسراون، لەوانە:**کشف الاسرارو اسکندرنامەوچهار مقاله و تاریخ بخارا و..**

سەدەکانی حەفتەم و هەشتەمی کۆچی سەردەمی مەغۆلانە"لەو سەردەمەدا دوو شاعیری بەناوبانگ دەرکەوتوون سەعدی و حافزی شیرازی.سەدەی نۆیەم و دەیەم"کە سەردەمی تەیموریان و تا کۆتایی سەردەمی شا ئیسماعیله سەفەوییە" دیارترین شاعیری ئەو دەورەیە (جامی)یە. لەم دەورەیەدا زمان و ئەدەبی فارسی بە هیند و ئاسیای دووردا بڵاو بۆتەوە.شانبەشانی ئەدەبی فارسی و عەرەبی زمانی تورکی کاریگەری بەسەر ئەدەبی فارسیدا بووە.دواتریش لە سەردەمی ئەفشاریان و

گورگانیانی هیند زمان و ئەدەبی قارسی لە هیند گەشەی کرد. لە شیعری کۆندا بە کێشی عەرووز شیعر پێوانە کراوەو قاڵبە شیعرییەکانی بەیت و غەزەل و قەسیدە و مەسنەوی و چوارین و موستەزاد و پێنج خشتەکی شیعر هۆنراوەتەوە.

## ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخی فارسی:

سەرەتای سەدەی (٢٠)ەم کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. لە سەرەتای سەدەی (٢٠)ەمەوە ئەدەبیاتی فارسی ڕووەو ڕۆژئاوا و پەیوەندی ڕۆشەنبیری لەگەڵ دەرەوەدا پەیدا کردووە، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە سەردەمی شا (موزەفەرەدین)ەوە، مەڵبەندێکی ڕۆشەنبیری گەورەی دامەزراندوە بەناوی (**دار الفنون**)وە چاپخانەی هێناوەتە (ئێران) کەسێکی ناردووە بۆ لەندەن بەناوی (**میرزا صالحی شیرازی**) بۆ ئەوەی شارەزای چاپخانەو ڕۆژنامەوانی بێت[١]. لەگەڵ گەڕانەوەیدا یەکەمین ڕۆژنامەی لە ئێران چاپ کردووە بەناوی (وقایع اخبار)، کە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕۆژنامەوانیی هەنگاوێکی گەورەی بە شارستانی بوونەوە، کە بێگومان لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی هەر میلەتێکدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیەو ناکرێت پشتگوێ بخرێت، چونکە ئەم ڕۆژنامانە ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی ئەدەبیاتی بڵاودەکردەوە، ئەوانەی کە بەڕێوەشیان دەبرد هەر ژمارەیەک بوون لە ڕوناکبیرانی سەردەمی خۆیان. دواتر لە ساڵانی (١٩٠٥ – ١٩٠٧)

[١]:د.هیمداد حوسێن،ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی،بنکەی ژین، سلێمانی،٢٠٠٨،ل٤٤٣.

بزوتنەوەیەکی ئەدەبی سیاسی کۆمەڵایەتی نوێخوازی لە ئێران هاتۆتە پێشەوە، کە بە (مشروطه)[1]ناسراوە. کە ئەمانە داوای گۆڕانکاری گەورەیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەکرد, کە ئەم گۆڕانکاریە ئەدەبیشی لێ بێبەری نەبوو، شیعری فارسی لە قۆناغی مەشروتیەتەوە تاوەکو ئەمڕۆ گەلێ گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، کە لە هەریەکێک لە قۆناغەکاندا شاعیرێکی پێشڕەو ڕابەرایەتی کردووە.لە قۆناغی مەشروتیەتدا بە سوود وەرگرتن لە قاڵب و شێوازەکۆنەکان بەتایبەتی(قەسیدە-چامە)شاعیران هەڵسان بە خستنەڕووی ناوەڕۆکە نیشتیمانییە نوێکانیان ، لە قۆناغێکی دیکەدا شاعیران بە سوودوەرگرتن لە قاڵبی(ناقەسیدەیی)ناوەڕۆکە نوێکانیان خستۆتەڕوو، پاشان هۆنینەوەی شیعربە شێوازی (**نیما**)یی دێتە پێشەوە، کە لەگەڵ شیعری(ئەفسانە)ی (نیما)وە دەست پێدەکات و دیارترین ڕابەرەکانی **فەروغ و سوهراب و ئەخەوان سالیس**ن، لە ناوەڕاستی سییەکانیش لەسەر دەستی (**شاملو**) شیعری(سپی)هاتەدنیاوە[2].

(**نیما**) زۆرترین کۆششی کردووە لە نوێکردنەوەی شیعری فارسیدا، چونکە ئەو بوێرانە توانی ئەو ڕێچکە کۆنە بشکێنێت، کە هەزار ساڵ بوو ئەدەبی فارسی پێدا دەڕۆیشت.(نیما)

---

[1] : لە کۆتایی فەرمانڕەوایی ناسرەددین شادا بارودۆخی ئێران رووی لە خراپی بوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی شۆڕشی مەشروتە لە ساڵی ١٩٠٥ دا دەستی پێکرد بۆ گەڕانەوەی دەسەڵات و بنیاننانی حکومەتێکی دەستووری بە هێزی پەرلەمانی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:احمد کسروی،تاریخ مشروطه ایران،مؤسسه انتشارات امیر کبیر،١٩٨٤.

٢ : ادبیات معاصر ایران، سیدحسین امین، ص١٠٨.

بە(ئەفسانە)مانیفێستی ڕۆمانسیزم ڕادەگەیەنێ و بەمە قۆناغێکی نوێ لە شیعری فارسی دەست پێدەکات،(ئەفسانە)ش هەر لەخۆڕا نەنووسرابوو، بەڵکو لە ئەنجامی ئاشنابوونی ئەدەبیاتی مەشرووتە بوو بە ئەدەبی ئەوروپی بەتایبەتیش ئەدەبی فەرەنسی،(نیما) یەکەمین کەس بوو توانی بە شێوازە ڕۆمانتیکییەکانی فەرەنسا شیعر بهۆنێتەوە[١].



نیمایوشیج

لەپاش ئەوەشدا (نیما) بەردەوامی بە ڕێکچە نوێکەی دەدات ، تا لەشیعری(قەقنووس)دا دەیگەیەنێتە لوتکە، لەقەقنووسدا بۆیەکەمجارە لە شیعری فارسیدا یەکسانی دێڕەکان وەک یەک نامێنن ویەکێتی بابەت بە تەواوی پەیڕەو دەکرێ، لەوەشەوە **(نیما)** قاڵبی ئازادی بۆ شیعری فارسی هێناکایەوە، کە ئازادی

---

١ : لێکچوون وجیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران و(نیما)یۆشیج، د.ابوبکر خۆشناو، ل١٧٤.

تەواوەتی و فەزای بێسنوور لەبەرامبەر بیری شاعیران دەکاتەوە بێ ئەوەی هیچ جوانکارییەکی مۆسیقایی لە شیعری کۆن یا قالّبی کۆن کەمتر بێت[1].

هەروەها (نیما) سەبارەت  بە تێکشکاندن و ئازادکردنی شیعر لە سەروادا دەڵێت:(سەروا هی بابەتە، دەنگی بابەتە،کە بابەت جیاواز بوو، سەرواش جیاواز دەبێت)[2] .

(نیما) جیاوازی لە نێوان شیعری کۆن ونوێ لە دوو ڕووەوە سەیردەکات (روخسار وناوەرۆک)بە جۆرێک ، کە فەرامۆشکردنی هەریەکێکیان کەموکورتی دەخولقێنێ لەسەر سروشتی بە شیعربوونی دەقێک،ئەو دوو لایەنەش شیعری کۆن ونوێیان پێ جیادەکرێتەوە بریتین لە:

١-لایەنی عاتیفی وکۆمەڵایەتی:شیعری کۆن ناوەڕۆکەنەریتییەکانی(عەشق وحەماسی و داستانی وعیرفانی...)دەپارێزێ و هاوئاهەنگ نییە لەگەڵ واقعیەتی مرۆڤی سەردەم.

٢-لەڕووی مۆسیقاوە:(نیما) کێشێکی ڕێک ودووبارەکردنەوەی روکنە هاوتاکان بە پێچەوانەی سروشتی زمان دادەنێ، و پێیوایە شیعر جیایە لە مۆسیقا و هەرشتێک بنچینەی کێشی یەکسانی هەبێت ناتوانرێ بەشیعر دابنرێت و ڕۆحی شیعر نابێ تەسلیمی مۆسیقا بکرێ[3].

---

١ : موسیقی شعر، د. محمد رچا شفیع کدکنی، ص٢١٩.

٢ : س. پ. ص٢٢٦.

[3] : ادبیات عمومی، د.مهدی علمداری، ص٣٢-٣٣.

بەلای (نیما)وە روخسار و ناوەرۆک، هەرگیز لە یەکتری جیاناکرێنەوە، چونکە ناتەواوی هەریەکێکیان پەڵەیەکی ناشرین لە شیعرەکەدا دروستدەکات، هەروەها پێویستی نووسین بەهەمان ئەندازەی بینین بەمەرج دادەنێ:(هەوڵبدە بەهەمان شێوەی،کە دەبینی بنووسی و هەوڵبدە، کە شیعرت نیشانێکی ڕوونتر لە ئێوە ببەخشێت، کاتێک ئێوە وەکو پێشینان دەبینن و بە پێچەوانەی ئەوەی، کە لەدەرەوە هەیە دەئافرێنن، داهێنانی ئێوە بە گشتی ژیان و سروشتی فەرامۆش کردووە، پێویستە بە هەمان وشە وشێوازی کاری پێشینان شیعر بهۆننەوە، بەڵام ئەگەر بەدوای کاری تازە و وشەی تازەی چرکەیەک لە قووڵایی خۆتەوە بیربکەوە)[1]

بەوەش شاعیر دەبێت کار لەسەر زمانێک بکات ، کەزمانی ڕۆژگاری خۆی بێت و لەسەریەتی واقیعی هۆشەکی خۆی و دەوروبەری فەرامۆش نەکات تا بتوانێت شیعرێکی سەردەمیانە بخوڵقێنێت، چونکە ئەگەر بیرت کۆن بێت زمانیشت کۆنە لەگەڵیدا!

لە ڕووی زمانی شیعرییەوە دەتوانرێ بوترێ گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی بەسەرداهاتووە، زمانی شیعری نوێ زیاتر وێنەییە و شاعیر لە جێگەی قسەکردن، بەشێوەی نمایش شیعرەکە دەخاتەڕوو[2].

لە شیعری نوێدا ڕەگەزە جوانکارییەکان زیاتر هاتوونەتە پێشەوە، هەروەها سوود لە ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکان بە فراوانی

---

١ : بررسی ادبیات امروز، ص١٥٣.

٢ : راهنمای ادبیات معاصر،د.سیروس شمیسا،ص٣٣.

وەرگیراوە،بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵداکراوە، چونکە شیعری نوێ ڕەوانبێژی تایبەت بە خۆی هەیە، لە ڕووی فریکوێنسی و سەنایعەکانەوە گۆڕانکاری بنچینەیی ڕوویداوە، هەندێ لە ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکان کەمتر بەکارهێنراون، هەندێکی تریش زیاتربۆ نموونە جۆرەکانی دووپاتکردنەوەی بزوێن ونەبزوێن و وشە ودەستەواژە، کە لەکۆندا ئەوەندە باوی نەبووە بەهۆی بەها مۆسیقییەکانەوە هاتوونەتە ڕیزی پێشەوە[1].

شاعیران هەستیان بە پێویستی زمانێکی نوێ وجیاواز لەزمانی پێشوتر کردووەتەوە و گەلێ وشە ودەستەواژەی نوێ هاتوونەتە نێوشیعرەوە، کە هەرگیز لە مێژووی ئەدەبی فارسیدا بوونیان نەبووە، هەروەها ئەو سنوورەی، کە لە نێوان زمانی شیعری و زمانی ناشیعری هەبوو شکێنرا و ئەمەش توانای هێنانەناوەوەی کەلوپەل ودیاردەکانی زیاتر بەشیعربەخشی و بازنەی خەیاڵکردن و وێنەکێشان فراوانتر بوو، لەڕوویێکی دیکەشەوە مافێک بۆ خوێنەر لە تێگەیشتنی شیعر پەیدابوو[2].

بەو گۆڕانە بنەڕەتییەش کێڵگە واتاییەکان فراوانتربوون و چیتر دال لە مەدلولێکی دیاریکراو لەقاڵب نەدەدرا، بەڵکو بە گوێرەی سەردەم و بیری گوێگر لێکدانەوەی جیاوازی بۆدەکرا، زمانەکەش لە زمانێکی هەڵبژاردەی جەماوەر بەرزبویەوە بۆ زمانێکی گشتی، کە هەموو کەس بتوانێت وێنای ڕستە و وشەکانی بکا ، هەرچەندە یاریکردن بە وشە و دەستەواژەکان گرینگن لە هەموو شیعرێکدا، بەڵام شیعری نوێ فارسی زیاتر

---

١ : س.پ.ص٣٢.

٢ : س.پ.ص٣٤.

پشت دەبەستێت بە بابەت و قوڵایی شیعر(بیر وخەیاڵ)نەوەک پشت بەستن بە واژە ودەربڕین و ڕووکەشیی(مۆسیقای دەرەوەی وشەکان ویاریکردن لەگەڵیان)[1].

بێگومان ئەمەش بەهۆی تێکشکاندنی کێشە عەرووزییەکانەوە هاتەئاراوە، کە بووە زەمینەیەک تا زمان بتوانێت بە ئارەزووی سروشتی خۆی بجوڵێت و گوزارشت لە بیر و ئەندێشەی شاعیر بکات، چونکە خووگرتن بەتەنیا کێشێک شاعیر لە ئاستێکدا ڕادەگرێت و تواناداری زمان کەم دەکاتەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە شیعری نوێ گۆڕانی بەسەرداهاتووە، کە بە چاوتێبڕین دەتوانرێ لە ئازادی، ڕێز بەرامبەر مرۆڤ و بابەتە دەروونییەکان و سیاسییەکان یادەوەرییەکان کورت بکرێتەوە[2].

لەبەرئەوەی(فەروغ) ژیانی شیعری دەکەوێتە نێو دوو قۆناغەوە،کە بریتیین لە(١٣٣٠-١٣٣٩)و(١٣٤٠-١٣٤٩)بە پێی ریزبەندی قۆناغەکانی شیعری فارسی هاوچەرخ، کە دکتۆر(شەفیعی کەدکەنی)دابەشکاری بۆ کردووە، لەبەرئەو هەڵوەستەیەک لەسەریان دەکەین .

زمانی شیعری ئەم قۆناغە لەڕووی وشەکان وئامادەیی وشەکان یەکجار زمانێکی هەمەجۆرە و لە سنورداریێتی تیۆری ڕۆمانتیکەکان دوورکەوتۆتەوە، لەڕووی مۆسیقای شیعرییەوە زیاتر هەمەجۆرە و فۆرمی باوی ئەو قۆناغە (نیما)ییە[3].

---

١ : ادبیات معاصر ایران، سید حسین امین، ص٣٨٤.

[2] راهنمای ادبیات معاصر، ص٣٥.

[3] : ادوار شعر فارسی، از مشروطیت تا سقوط سلطنت، د.شفیع کدکنی، ص٤٨.

کاریگەری سەرەکی لەسەر گۆڕانی زمانی ئەو قۆناغە وەرگێڕان بووە لە فرەنسی وئینگلیزییەوە بەتایبەتی بەرهەمەکانی (**ئیلیۆت**) و (**ئێلوار**).

لەڕووی ناوەرۆکیشەوە ناوەڕۆکێکی تازە لە شیعری ئەو قۆناغە دەبینرێت، بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە مەسەلەی مەرگ و مەسەلەی خۆزگە و نائومێدیەکی سەرسوڕهێنەر کاریگەری بەسەر شیعری ئەو قۆناغە هەبووە، شاعیران بە زۆری بیریان لە مەرگ دەکردەوە و تەنانەت ستایشکردنی مەرگ و نائومێدی دیاردەیەکی بەرچاو وسەرسوڕهێنەرە ،ئەمەش بەهۆی شکستی پاش(٢٨ی مورداد) هاتبووە ئاراوە بۆ ڕۆشنبیران لەمەشەوە خۆزگەی مەرگ و ناوەڕۆکەکانی ستایشکردنی مەی و پەنابردن بۆ هیرۆیین و ئەفیون ڕەواجی پەیداکرد[١].

فەروغ یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو قۆناغە و بەرجەستەکەری ئەو واقیعەیە و هەرسێ کۆمەڵەی(دیل، دیوار، یاخی بوون)دەکەونە قەڵەمڕەوی ئەو قۆناغەوە.

لەدوای کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە، قۆناغێکی دیکە دێتەئاراوە، کە بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی دواتر شیعر زیاتر کرانەوەی بەخۆیەوە دەبینێ و تایبەتمەندییە شیعرییەکانیش گۆڕانکاییان بەسەردادێت و (فەروغ)یش پلەیەک لە شیعردا دێتە پێشەوە.

قۆناغی(١٣٤٠-١٣٤٩)،کە (فەروغ) سەنتەری شیعری ئەم قۆناغەیە جۆرێک لە لە سروشتگەرایی دەکەوێتە نێو شیعری ئەم قۆناغە، کە لەڕووی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییەوە ئەوەندە

---

[١] : س.پ.ص٦١.

دەوڵەمەنـد نیـیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا جۆرێـک لەپەیوەسـتبوون بەسروشـت هەیە، هەڵـبەتە نەک سروشـتی خوپێوەگرتـووی ڕۆمانسییەکان، بەڵکو سروشتی کێوی[1].



**فەروغ فەروخزاد**

سروشـت لە شـیعری ئەو قۆنـاغەدا دیـوە ڕاسـتەقینەکەی پیشـاندەدرێت واتە ئەگەر سروشـت لای ڕۆمانتیکەکـان، تەنیـا جـوانی و خۆشـنوودییەکەی خـراوەتەڕوو، لێـرەدا دیـوە تاریک ودزێـوەکەی سروشـتی مرۆڤـایەتی بەرجەسـتەکراوە.زمانی شـیعری ئەو قۆنـاغە لە ڕێچـکەی گەشەسـەندنی خۆیـدا زۆر دەوڵەمەندتر بووە و دەگاتە لوتکە، خێزانی وشەکان ئەو هۆگریە کلێشەییەی، کە پێش ئەو کاتە هەیبووە زیاتر لەدەستی داوە[2] و وشەگەلی وا دێتە ناوشیعرەوە، کە هیچ پەیوەندیەکی واتایی لە

١ : س.پ.ص٦٩.

٢ : س.پ.ص٧٣.

نێوانیان نابینرێت، بەنموونە (فەروغ)،کە دەڵێ:(من از تبار خون گلهایم)هیچ نزیکیەکی واتایی لەنێوان(تبار)و(گل)دا بوونی نییە، واتە لەسەر ئاستی ئاسۆیی وشەکانەوە(تەوەری تەکنشینی)زمان سروشتی ڕاستەقینەی خۆی لەدەستدەدات و جۆرە ڕێزمانێکی شیعری درووست دەبێت، کە تەواو لە سیستمی ئۆتۆماتیکی زمان لایداوە و بەرەو شیعرییەت یا زمانی شیعری هەنگاوی ناوە.

(فەروغ) لەو قۆناغەدا ڕۆڵی کارای هەبووە و دوو کۆمەڵە شیعری (تولدی دیگر١٣٤٢) و (ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد١٣٤٥)ی بڵاوکردۆتەوە.

لە بواری چیرۆک و ڕۆمانیشدا لە (٢٠)ەکانی سەدەی بیستەمدا بەدواوە شێوازێکی تازەی ئەدەبی لە ئەدەبی فارسیدا دەرکەوتووە، کە چیرۆک و رۆمان و هونەری ئەدەبی تر. دیارە، ڕۆژنامەنووسیی وەکو پێداویستیەک ئەم هونەرانەی هێنایە کایەوە، پێشەنگی چیرۆک نوسانی فارسی کۆمەڵە چیرۆکێکە لەلایەن (**محمد علی جمال زاده**)[١] بە ناونیشانی (یەکێ بوو یەکێ نەبوو) (هەبوو نەبوو) ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە (بەرلین)

---

[١] : محمد علی جمالزادە(١٨٩٥- ١٩٩٤)، لە خانەوادەیکی ئیسفەهانیەو هەر لە گەنجییەوە لە ئەڵمانیا و سویسرا ژیاوەو هەر شاری جنێڤ دا کۆچی کردووە.بە رابەری سەرەتای کورتەچیرۆکی فارسی دادەنرێ و یەکەمین کورتەچیرۆکەکانی لە بەرلین بە ناونیشانی (یەکێ بوو یەکێ نەبوو) بڵاوکردەوە.لە چیرۆکەکانیدا رەخنەی توندی لە پیاوانی ئاییني و ناهەمواری کۆمەڵایەتی لە سایەی باری سیاسی سەرەتای سەدەی بیستەمدا گرتووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:جمال میرصادقی،جهان داستان ایران،نسل اول و نویسنده ها از آغاز تا ١٣٣٢، انتشارات اشارە،تهران،١٣٩٢.

بڵاوکراوەتەوە دواتر (**محمدی حیجازی**) وە بەرهەمەکانی (**صادقی هیدایەت**) (سێ دڵۆپە خوێن) وە کورتە ڕۆمانی (کوندە پەپۆی کوێر)، هەروا ڕۆمانێکی زۆر بەناوبانگی هەیە بە ناوی (حاجی ئاغا). بەرهەمەکانی صادق گۆڕانکاریەکی زۆر تایبەت بوو لەناو ئەدەبیاتی فارسیدا، ئەگەر پێشتر چیرۆک و ڕۆماننووسی بە شێوەکی واقیعی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیان دەگرت بە زمانێکی سادەی حیکایەت ئامێز دەیاننوسی، بەڵام (صادق) بە کاریگەری فەلسەفەی وجودیەتی ڕۆژئاواییەکان لە چلەکان و پەنجاکان کاریگەریەکی زۆری(**سارتەر و کامۆ**) بەتایبەتیش بەرهەمەکانی (کافکا) زۆر کاری تێکردبوو، بە شێوەیەکی رەمزیی دەینوسی وەک کەسێکی پەراوێزخراو و ڕەشبین دەردەکەوت بەتایبەتی دوای ئەوەی، کە سەفەری فەرەنسای کرد و لەوێ خۆی کوشت[1].

---

[1] : صادق هیدایەت(١٩٠٣-١٩٥١)،چیرۆکنووس و وەرگێڕ و رووناکبیرێکی ئێرانییە.لە رۆمانە بەناوبانگەکانی(حاجی ئاغا) و (کوندەپەپۆی کوێر) و کۆمەڵە چیرۆکی (سێ دڵۆپە خوێن). بە کافکای رۆژهەڵات داندەنرێ لە شێوازی ژیان و نووسینی و رەشبینییەکەی بۆ ژیان و کاریگەربوونی بە فەلسەفەی وجودیی سارتەر. لە پاریس خۆی کوشت.بڕوانە:



**صادق هیدایەت(١٩٠٣-١٩٥١)**

لە دوای هیدایەت چەند کەسایەتی دی لەناو چیرۆک و ڕۆمانی فارسیدا دەرکەوتن (جەلال ئال ئەحمەد)[١] تەنانەت ئەم ڕۆماننووسە ساڵانە پێشبڕکێی ڕۆمانی بەناوی ئەمەوەیە، دیارترین بەرهەمەکانی (مودیری مەدرەسە)یە. ئەوەی،کە بیری چەپگەڕایی و سۆسیالیستی لە ڕۆمانەکانی (چاوەکانی) ڕەخنەی توندی لە شای ئێران گرتووە. ڕۆمانەکانی (بزورگ عەلەوی)[٢] بۆ زمانی کوردییش وەرگێڕدراون. کۆمەڵێک بەرهەمی تری هەیە بەناوی (جانتا)- کە کۆمەڵەچیرۆکە. دواتر(**هۆشەنگی گوڵشیری**)،

[١] : جەلال ئال ئەحمەد(١٩٢٣-١٩٦٩)، چیرۆکنووس و ڕۆماننوسییێکی بەناوبانگی ئێرانییە.لە تاران لە دایک بووە.سەرەتا خوێندنی ئایینی و دواتر بۆتە کەسێکی دیار لە حزبی توودەی مارکسی ئێران.چەندین کۆمەڵە چیرۆک و بەرهەمی وەرگێڕاوە. ڕۆمانەکانی(بەڕیوەبەری قوتابخانە)و(نون و القلم).چەند ڕۆمانێکی ئەندرێ ژید و بەرهەمەکانی سارتەر و یۆژین یۆنسکۆ و کامۆی تەرجەمە کردووە.

[٢] : بوزرگ عەلەوی(١٩٠٥-١٩٩٧) لە تاران لە دایکبووەو لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە.یەکێکە لە نووسەر و ڕۆمانووس و سیاسییەکانی ئێران و لە دامەزرێنەرانی حزبی تودەیە لە چلەکاندا. لە بەرهەمەکانی (چاوەکانی) و(میرزا)و(گێلەپیاو)و(پەنجاو سێ کەس)و(لاپەڕەکانی زیندان)...

دواتر چیرۆک نووسێکی گەورەی کوردی کرماشانی، کە هەوڵیداوە، کەلەپوری کوردی لە بەرهەمەکانیدا بەکاربهێنێت بە ناوی (**عەلی ئەشرەفی دەروێشیان**)[1].

هەروەها ڕەوتێکی تر هاتەکایەوە بەناوی ئەدەبی ژنانە (فیمینستی) لە بەرهەمەکانی (**دکتۆرە سیمین دانشور**)[2] هەروەها (**نەسیمی مەرعەشی**[3] **و زویا پیرزادە**[4])دا بەرجەستە بووە.

---

[1]:علی اشرف درویشیان ١٩٤١-٢٠١٧، نووسەرێکی کوردی کرماشانە.چیرۆک و فۆلکلۆری کوردی کۆکردۆتەوە. لەسەر نووسینەکانە چەند جارێک زیندانی کراوە.لە بەرهەمە دیارەکانی ( سالانی هەوری) و (لەم ولاتەدا).

[2] : سیمین دانشوەر(١٩٢١-٢٠١٢) خێزانی جەلال ئال ئەحمەد، یەکەمین ژنە چیرۆکنووس و رۆماننووسی ئێرانییە"کە بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە.لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی(شارێک وەک بەهەشت)و(سەلام لە کێ بکەم)و(لە باڵندە کۆچەرییەکان بپرسن) هەروەها لە رۆمانەکانی(سوشون)و(دوورگەی سەرگەردانی)و...

[3] : نەسیم مەرعەشی،ژنە نووسەرێکی گەنجەو براوەی خەڵاتی جەلال ئال ئەحمەدە،رۆمانەکانی (پاییز دواوەرزی ساڵە) و (داپاچین)ە. ئەوەی یەکەمیان من و سەنگەر نازم وەرمانگێراوەتە سەر زمانی کوردی و خۆیشی ئاگادارەو پێی خۆش بوو..بڕوانە:نەسیم مەرعەشی،پاییز دوا وەرزی ساڵە،وەرگێڕانی سەنگەر نازم وهیمداد حوسێن،ناوەندی ئاوێر،هەولێر،٢٠١٨.

[4] : زویا پیرزاد،ژنە رۆماننوسی ئەرمەنی ئێرانی"ناوەرۆکی رۆمانەکانی باسی موعاناتی ژنی ئێرانی دەکات و پێگەو لارلی ژن لە کۆمەڵدا بە زمانێکی پەخشانیی رەوان دەخاتەروو، لە رۆمانەکانی (چراکان من دەیانکوژێنمەوە) و (عادەتمان پێیوەگرتووە).لەو رۆمانەدا گێڕەرەوە باسی سێ نەوەی جیاوازی ژنانی یەک خانەوادەی ئێرانی دەکات.بۆچوونە جیاوازەکانیان.بەرهەمەکانی بۆ چەند زمانێکی رۆژئاوایی وەرگێڕدراوەو ئێستا دانیشتووی ئەڵمانیایە. لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری ئابادان لە دایک بووە.رۆمانی ئەمن چراکان دەکوژێنمەوە کراوە بە کوردی بروانە:زۆیا پیرزاد،ئەمن چراکان دەکوژێنمەوە،و:رەسووڵ وەیسی،هەولێر،٢٠١١.



**نەسیم مەرعەشی**



**زویا پیرزاد**

# نموونەیەك لە چیرۆكی هاوچەرخی فارسی

# مـــــەزار

## منصور یاقوتی

دوو هاوسەفەر لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەری بەیانی ڕۆژێکی بەهـــاردا، ملــی کوێرەڕێیەکیـــان گرت،کــوێرەڕێیەکە بە بنـــاری چیـایەکی بڵنـدەوە پێچـی دەکردەوە،یەکێکیـان سـواری کەرێکـی سپی و لەڕببوو.سوارەکە پشتی خۆی کووڕ کردبۆوەو سـەری بە بەرەخۆیـدا شـۆڕکردبۆوە. سی سـاڵە خـۆی دەنوانـدو دەم و چاوی دەتگوت زەردەچەوەیان پێدا پژاندووە. دەیناڵاندو مەرگی دەخواسـت.کەرەکە لەسـەرخۆ دەرۆیشـت و سـاتمەیەکی گچـکە دەبووە هۆی ئەوەی، کە خۆی و سوارەکەی فڕێداتە خەرەندێکی قووڵی هەزار بە هەزارەوە.

پیاوەکە،پیرەمێردێکی لاوازی کەڵەگەت بوو و کڵاوێکی ناڕێکی لەسـەردابوو.تاڵی ڕەشـی بە سـیمایەوە نەمابوو.گۆچـانەکەی کە هەروەکـو خـۆی کـۆن بـوو.بەڵام پتەو.بەگوشـارەوە بەسـەر بەردەڵانەکەدا خۆی دەگرتەوە.

لەپشـت سـوارەکەوە هەنگـاوی دەنـاو جارجـارەش ئـاهێکی هەڵدەکێشاو بەدەنگێکی بڵند دەیگوت:

- خوایە: کوڕەکەم دەدەمە دەست تۆ نەجاتییدە، سێ چوار وردیلەی هەیە. نەحۆشەکە دەیناڵاندو لێوەکانی خۆی دەکرۆشت ، لەو هەوا فێنکەی دەمەو بەیان و لەبەر بای شەماڵدا، کەبەسەر یاڵ و کێوەکانەوە وژەوژی دەهات و بەسەر زامی سینەی چیادا بەرەو ژێر دەبووەوە .. نەخۆشەکە ئارەقەی کردبۆوە .

هەتـــاو بەقەد پـــاڵی کێوەکانـــدا بروســـکەی دەداو گڕێکـــی سەرکێشـی خسـتبووە داوێنـی کێوەکـانەوە. نەخۆشـەکە لە نـاخی دڵەوە دەیناڵاند :

- خەریکە دەمرم !

پیرەمێردەکە گوتی:

- تاقەت بدە بەرخۆت ، ئێستا دەگەین، هەر لەو ملەوە دەرچین، بەدۆڵەکەدا شـۆڕدەبینەوە، ئیدی لە دوای ئەوە تـا مەزاری شـێخ عەباس چی وەها نامێنێ .

نەخۆشەکە بەدەم ئازارو بێ تاقەتییەوە گوتی:

- تینووم، خەریکە دەمرم!

پیرەمێردەکە گوتی:

- دەبێ ئاو نەخۆیتەوە، نیگەران مەبە ، ئێستا سـەید چاوەڕێمـانە . لەپێش ئێمەوە، مـارەکە خۆی گەیاندۆتە لای سـەیدو شـکایەتی لەئێمە کردووە.حەتمەن ئێستا وتوویەتی پێی خستۆتە سەر دەمم بۆیە منیش پێمەوە داوە،سوارەکە ،ددانەکـانی لێک هەڵدەسووی، گوتی:

-- " خۆزیا دەچووینە لای دکتۆرێک، زووتر دەگەیشتینە جێ.

پیرەمێردەکە بە تووڕەیی یەوە گوتی:

- دکتـۆر! هـای، دکتـۆر! وەک قەڵەرەش دەقیرێنـێ ، کەس نـازانی بە چ زمانێـک دەدوێ؟دەڵـێن هینـدی یەکـی بـێ دینە،کـافرێکی تەواوە !".

گۆچانەکەی سرەواندە قەپرغەی کەرەکەوە و گوتی:

- من بە چ زمانێک حاڵی بکەم و تێی بگەیەنم ، کە تۆ مار پێوەی داوی؟دوایش،کابرایەکی کافر دەنوانێ چی بکات؟چەند هەفتەیەک

لەمەوبەر لە گوندی (سەتەر) سێ قوتابی منداڵ چووبوونە چیاو هەندە قارچکی ژەهراوییان کۆکردبۆوەو کوڵاندبوویان و خواردبوویان دکتۆر دەرزی نەخۆشی دڵی لێدابوون و هەرسێکی کوشتبوون! ئەگەر دکتۆری چاک بوونایە بۆچی لە وڵاتی خۆیان نەدەمانەوە؟حەتمەن ئیشەکەیان بێ سەروبەریەکی تێدایە بۆیە لە وڵاتی خۆیان دەریانکردوون،هەڵبەت !" .

نەخۆشەکە ئارەقەی دەردەداو لەتاو دەردی خۆی لە کورتانی کەرەکەی دەدا. پیرەمێرد ،کۆمەڵێ جنێوو قسەی ناشیرینی بەو دکتۆرە هیندییە گوت لە تاکە نەخۆشخانەی دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە خزمەتی دەکرد، لە نشێوی بەرزاییەکەدا کەرەکە خێرا شۆڕبووەوە. پیرەمێردەکە کەرەکەی گرتەوە.دێیەکی بچووک کەوتبووە ناو دۆڵێکەوە، لەسەربانی ماڵەکانەوە لەم لاو لەولا دووکەڵ بەرزدەبووەوە. سەرمەزارەکە وەکو گومەزێک وابوو. بە کاشیی رەنگ پیرۆزەیی و چەند ئالایەکی سەوز ڕازابۆوە. نەخۆشەکە بەزەحمەت خۆی لەسەر کەرەکە ڕاگرتبوو. دەتگوت گیایەکی رەگ و ڕیشەی وازی بناری چیایەکە، بەپەنجەکانی، کە هەروەکو چڕنووکی باڵندەیەک بوون خۆی بە کورتانەکەوە ڕاگیرکردبوو و لەحەژمەت دەردەکەی نووشتابووەوە.دیسان ناڵاندی :

- بۆچی منت نەبردە لای دکتۆر؟بە یەک دەرزی چاک دەبوومەوە.ژەهرەکە خەریکە خوێنم ڕەش دەکات.عزرائل دەورو خولم دەدات، ئەی خودا چ گوناهێکم کردووە؟ بۆچی بەزەییت بە منداڵەکانمدا نایێتەوە؟ پیرەمێرد جگەرە پێچراوەکەی داگیرساند و گوتی:

– چاک دەبێتەوە. دوێنێ شەو تا بەیانی نەنووستم نەمهێشت مشک بەسەر قاچتدا تەڕاتێن بکات. یەکجار مشکەکە دەرکەوت . گۆچانەکەم ڕاوەشاندێ.ڕۆیشت و تابەیانی نەهاتەوە، زمانم لاڵ بێ ئەگەر هێشتبم مشک بەسەر پێ و پلت دا خۆی هەڵدابێ ...
سوتووی جگەرەکەی داتەکاند، چاوی بڕیە ئاسمان و گوتی:
– " قوڕی کوێ بکەم بەسەری خۆمدا ؟.
نەخۆش بە دووچاوی دەرپەڕیوەوە گوتی:
– بۆچی ئەو مارە بەڕۆحی منی وەدا ؟ ئاخ ... خەریکە دەمرم
پیرەمێرد بەخەفەتەوە سەری لەقاندەوە ناڵاندی:
– لا اله الا الله .... خودایە فەرەجێ .

* * *

ئەو کەلەشێرەی کە میوانەکان دەگەڵ خۆیان هاوردبوویان سەید گرتی بۆ ژنەکەی گرت و ژنەکەش دووسێ جاران بەدەست بەرزو نەوی کردو سووک و قورسییەکەی بۆ دەرکەوت و بەخۆشحاڵی و ڕازی بوونەوە، دەگەڵ خۆی برد، سەید،دەستێکی بەڕیشی سپی خۆیدا هێناو هێمن و ئارام گوتی:
– مارێکی زەرد بە تووەی داوە. چەند سەعاتێک لەمەوپێش هاتە لای من و شکایەتی لێکردی.گوتی خەریک بوو بەداس و ناوقەدم دوولەت بکات.
پیرەمێرد چەمایەوەو داوێنی سەیدی ماچ کرد.بەدەنگێکی لەرزۆکەوە پاڕایەوە :
– کوڕەکەم ژنێک و سێ منداڵی هەیە.من کە عومری پیرە پشیلەیەکم ماوە.کارێکی ئەوتۆ بکە بەخێوکەری ئەو خێزانە چاک بێتەوە.

پاشان گیرفانی چاکەتەکەی ، کە لە دەلاوە پینەی ڕەنگاوڕەنگ کرابۆوە ئەسکەناسێکی لوولدراوو کۆنەی دەرهێناو دایە سەید .
سەید ئەسکەناسەکەی لێوەرگرت و خستیەژێر چمکی لبادەکەیەوە.بریسکەیەکی لەچاو هەڵسا.سەیری جێگەی برینەکەی کرد، کە ئاوسابوو. چەمایەوەو لیکی دەمی لە برینەکە هەڵسووی . قیت بووەوەو بە نیگایەکی حەکیمانەوە گوتی:
- هەڵسەوە سەرپێ بڕۆ.... وەرەم پێت دادەڕزێنێ. تەنیا چەند رۆژێکی دی نارەحەتی، ئیدی چاک دەبیتەوە.دوعات بۆ دەکەم.
پیرەمێرد ، لەخۆشی یان چەندین جار دەستی سەیدی ماچ کرد، بن باڵی کوڕەکەی گرت و یارمەتی دا بۆ ئەوەی هەڵستێتەوە. سەیدیش کۆمەکی کردن و کوڕەکەیان سواری کەرەکە کردەوە.
پیرەمێرد هەچەی لە کەرەکە کردو لێیاندا ڕۆیشتن. نەخۆشەکە نوقمی ئارەقەی ببوو.رەنگی دەموچاوی سپی هەڵدەگەڕاو مرخەمرخی بوو. پیرەمێرد وتی:
- تفی سەید حیکمەتە ، کیمیایە ! هەر ئەوشۆ باش دەبێ.
نەخۆش، بە زەحمەتەوە گوتی:
- ئەو مارەی بە منی وەدا کەی زەرد بوو؟ لە خەڵووز ڕەشتر بوو !
پیرەمێرد ورتەی نەکرد،حاڵی کوڕەکەی سات بە سات خراپتر دەبوو.رانی هەروەکو کیسە ئاوسابوو.چاوەکانی حاڵەتی ئاساییان نەمابوو. لە نیگای کوڕەکەی، ژیان وەک تیشکێکی بێ ڕەونەق دەسووتا . پیرەمێرد وردە وردە هەستی بەترس دەکرد . فەزای شاخەکان دڵگیرو خامۆش بوو.کوللە بە تەمبەڵییەوە ئەم لاو ئەولایان دەکرد .

فەرخە کێشکە دەیانجریواند.با ویزەی دەهات و توندی دەکرد و قەسەری لەگەڵ خۆیدا بڵاودەکردەوە .

باب و کوڕە گەیشتبوونە کوێرەڕێی چیا. لەوێوە ساکە دەشتێک و چەند گوندێکی پەرت و بڵاوی بەخۆوە گرتبوو.

لەسەر سەریانەوە خۆر هەروەکو چاوی مار بە تیشکێکی ساردەوە دەسووتا. پیرەمێرد ماندوو ببوو.کەرەکە گوێیەکانی شۆڕکردبووەوەو لەسەرخۆ دەڕۆشت.کوێرە ڕێی مالڕۆ.

لە بناری چکارکۆوە تێدەپەڕی و وەک ڕیشەی درەختێکی زەبەلاح و بە داوێنی چیاکەوە ئالابوو و پێچی دەخواردەوەو بەرەو خوار شۆڕدەبۆوە.بەقەراخ زوورگەکانەوە تێدەپەڕێ و بەنێو ساکە دەشتێک و رەزو باخ و پاشانیش دەگاتە ئاوایی چوێنە، نەخۆشەکە ناڵاندی:

– کوڕە گەنجە خێرنەدیوەکەم، ڕۆڵە بێکەس و ڕەنج دیدەکەم.

با، پاشماوەی قەسەری وشک و سووتاوی بەڕوودا پەخش دەکردن و بەرەو شیوو دۆڵ و خەرەندانی دەبرد.

*        *        *

لە پشت ئاوایی، لەبەرایی جادە،لەژێر تاقەدارێکی تەنیا، ژنێک و سێ منداڵ چاوەڕێ بوون،ژنە لەسەر پێ وەستابوو و شڵەژاو بوو . منداڵەکان دووانیان لچکی کراسی دایکیان گرتبوو و بە پەژاراوە لە کێوە بڵندەکەیان دەڕوانی . ئەوان بەبێ سەبری ، چاوەڕێی باوکیان بوون، کە لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەری بەیانی،لەگەڵ باپیرەیان لە ئاواییەوە بەرەو مەزاری شێخ عەباس بەڕێ کەوتبوون[١].

---

[١] : منصور یاقوتی:داستانهای اهودره، انتشارات شبگیر، چاپ دوم، طهران : ٢٥٣٥.

# ئەدەبی عەرەبی

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

ئــەدەبی عــەرەبی مێژوویــەکی کــۆنی هەیــە و بەشــێک لــە مێژوونووســەکان لەســەر بنچینــەی شــیعری کۆن(ســەردەمی جاهیلی (پێش ئیسلام) و موخەزرەمەکان و سەردەمی ئەمەوی) و شیعری نوێ لە سەردەمی عەبباسییەکانەوەو بەتایبەتی بە سەردەمێکی زێڕین دادەنرێ)،سەردەمی ئەدەبی هاوچەرخ لەگەڵ کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرەتـای سـەدەی بیسـتەمەوە دەسـت پێدەکات وکاریگـەر ئـەدەبی رۆژئـاوایی قۆنـاغێکی تـازە دەست پێدەکات.

هەندێکی دیکەیان بە پێی قۆناغەکانی خەلافەتی ئیسلامی و سەردەمی تاریک(مەبەستیان سەردەمی عوسمانییە و پایتەختی خەلافەت گوازراوەتەوە بۆ ئیستەمبۆل)یشی بۆ زیاد دەکەن[١].

شـیعر و شـاعیر، لـە سـەردەمی جـاهیلی پێگەیـەکی بـەرزی هەبووەو شاعیر وەکو نوێنەری هۆزەکەی خۆی سەیر دەکراو ساڵانە لە بازارەکاندا و بە تایبەتی کۆنترین بازاڕ بازاڕی عوکاز بـووە و پێشـبڕکێی شـیعرە ئەنجامـدراوەو شـاعیری بـاش خـەڵاتکراوە.کـۆنترین دەقـەکانی ئـەو سـەردەمە شـیعرە هەڵواسـراوەکانە(المعلقات)،واتا ئـەو شـیعرانەی لەبـەر بـەرزی ناوەرۆک و شیعرییەتی دەقەکان بەدیواری کەعبەدا هەڵواسراون

[١] : حەننا  فاخوری بەم شێوەیە قۆناغەکانی دیاری کردووە:
ا-سەردەمی جاهیلی(٤٧٥-٦٢٢ز). ب- سەردەمی راشیدی و ئەمەوی(٦٢٢-٧٥٠ز) پ- سەردەمی عەبباسی(٧٥٠-١٢٥٨ز) ت- سەردەمی تورکی(١٢٥٨- ١٧٩٨ز) ج- سەردەمی بووژانەوە(  لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ). بڕوانە: حنا  الفاخوري، تاريخ الادب العربي،ط٢،١٩٥٣،ص٥٠.

و هـەنـدێ دەڵـێن بـە ئـاوی زێـڕ زەرکـەش کراون.ژمـارەی ئـەو شـیعرانە هەندێ دەڵـێن هەشـت بـوون و هەندێ بـە دە شـیعری دادەنین.دیارترینیان(امرؤ القیس و زهیر بن ابی سلمی و عمر بن ابی ربیعة و عنترة بن شدادو ....).خەسڵەتەکانی شیعری کۆن لـە رووی مەعنەوییەوە بریتین لـە: **راسـتگۆیی**، بـەو واتایـەی دەبڕی سـەردەم و ژینگەکـەی خـۆی بـووە لـە بیاباندا.هـەر بـە هـۆی جوگرافیای شوێنەوە مەودای بیرکردنـەوەو **خەیاڵی فـراوان** بووە و بـە تایبـەتی ئـەوە دەزانین،کـە شـیعری کۆن(جـاهیلی) زیـاتر **شیعرێکی ویژدانی** بووەو لە مەبەسـتەکانی شـیعری وەکو غـەزەل و مەینۆشی و لاواندنەوە و خۆشەویستیدا ئەوە دەردەکەوێت. لە رووی زمـانی شـیعری و رەوانبێژیـدا بنیـاتێکی بـە هێزی هەیـەو زۆر وشــەی قورســیان بەکارهێناوە،کــە لــە زمــانی خەڵکیــدا بەکارنـەهاتووە. شـیعرێکە سـەنعەتکارانە بـووەو رەوانبێژیی زۆر بەکارهاتووە. لەو سەردەمەدا لەپاڵ شیعردا پەخشان و خوتبەش رۆڵـی خـۆی هـەبوو، بـەتایبـەتی لـە کۆتـایی جاهیلیدا هەنـدێکیان بازرگانییـان بـە شـیعرەوە دەکـردو ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی رۆڵی خەتیبەکان زیـاتر لـە شـاعیرەکان دەرکـەوێ.(جاحظ) دەڵـی هیچ میللەتێک وەکو فارس گوتاربێژی چاکیان نییە[١].

---

[١] : د.عمـر فـروخ، تـاريخ الادب العربي،الجـزء الاول،ط ٤، دار العلـم للملايين،بيـروت، ١٩٨١، ص٨٩.

## ئەدەبی عەرەبی سەردەمی عەبباسییەکان

سـردەمی عەبباسـییەکان بـە سـەردەمی زێڕینـی ئـەدەب و ڕۆشنبیریی عەرەبی لە قەڵەم دەدرێت.دوای رووخان و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان لە شام پایتەخت لەسەر دەستی ئەبو جەعفەری مەنسور بووە بەغدا و سەردەمێکی نوێ لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی لە بەغدا دەستی پێکرد.لە رووی ئابوورییەوە گەشەی کردو سەروەت و سامان زیادبوو"لە هەموو لایەکەوە لە ئاسیاو رووسیا و ئەفریاوە شتی بۆ دەهات و بوونی خەڵکی جیاواز وەکو عەرەبی و سریانی و تورکیو فارسی بازرگانببان دەکرد. لە رووی ئایینییەوە ئازادی ئایینی ڕێگەپێدراو بوو،ئەگەرچی لە سەرەتادا هەندێ شاعیر و نووسەر بەناوی (الشعوبیە)ەوە بە زەندیق[١] تۆمەتبارکران و زیندەبەچاڵکران بە هۆی ئەوەی نکۆڵی لە فەزڵ عەرەب دەکەن و خزمەتی نەتەوەی دی دەکەن، وەکو **بشار بن برد و ابن المقفع وابن عبدالقدوس**،بەڵام دواتر زەردەشتی و مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلام و جوولەکەبوون ئاسایی بوون.

لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دابونەریت و عەیش و نۆشی، بە هۆی کلتووری میللەتانی دی غەیرە عەرەب زۆرتر بوو. لەرووی ڕۆشنبیرییەوە شارستایەتی و کلتووری فارسی زۆرتر بڵاو بووەوە و زوهد و حیکمەتی هیندی و فەلسەفەی یۆنانی لە

---

[١] : خۆی لە بنچینەدا وشەی زەندیق لە سەردەمی ساسانییەکاندا بەو کەسانە وتراوە، کە زاتی ئەوە بکەن تەفسیرێکی نوێ بۆ ئاڤێستا(زەند) بکات. یان بەو واتایەی ئەوانەی لە ئایین لادەدەن و دواتریش لەسەردەمی عەباسییەکانیشدا هەر بەو مەبەستە هاتووە.

هزرو شیعردا گەشەی کرد، بە تایبەتی لە ڕێگەی بزووتنەوەی وەرگێران لە زمانی گریکی و ڕۆمانی لاتینییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.

لە ئەنجامی ئەو فرەزمانی و کلتوورییەو هەوڵی خەلیفەکانیش باری زانستی بەرەوە پێشەوەچوو،ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەو مەڵبەندی ئایینی و خانەی وەرگێران لە شارەکانی بەغداو بەسرەو کوفەو شام کرانەوە.لەو قوتابخانانەدا فەلسەفەی یۆنانی و زانستەکانی پزیشکی و ئەستێرەناسی دەخوێنران، وەرگێڕەکانی سەردەمی عەبباسییەکان بوون ئیفلاتون و ئەرستۆ و سوقرات و هۆراسیان بە شاعیر و ڕەخنەگرەکانی ئەو سەردەمە ناساند، بەڵام وەکو دراما و کارە شانۆییەکان دۆست نەبوون،لەبەرئەوەی باسی خواوەند و ئەو بابەتانەیان دەکرد،لەگەڵ بیرو باوەڕی ئایینی ئیسلامیدا نەدەگونجان.

مەبەست و هونەرەکانی شیعری لەو سەردەمەدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووەو هەندێ مەبەستی شیعری باوی نەما وەکو شیعری سیاسی و شیعری قارەمانی و شیعری خۆشەویستی شاراوە،بە پێچەوانەی ئەوە شیعری لیریک و داشۆرین و شیعری فەلسەفی و پڕ حیکمەتی یۆنانی و هەروا شیعری وردبوونەوە و رامان دەرئەنجامی هزری هیند و یۆنانی گەشەیان کرد.لەو سەردەمەشدا وەکو زۆر قۆناغی تر شعری ستایش و پیاهەڵدان بۆ خەلیفەو میرو بەرپرسان باوی هەبوو و چەندین شاعیر گوزەرانی ژیانیان لەسەر ئەوە بوو.لە رووی بنیاتی هونەریشەوە پەیڕەوی شیعری عەرووز و کێش و قافیەی کردووە.

لە سەرەتای خەلافەتی عەبباسییەکاندا هەندێ شاعیرە نوێخواز و یاخی بەرەو دەستیان بە نوێخوازییەکی بنەڕەتی کرد. (**بشار بن برد**) لە داشۆرین و( **ابی نواس**) لە مەینۆشی و (**ابا العطاهیە**) لە زوهدا..لەشاعیرانی دیاری سەردەمی عەبباسییەکاند (المتبی) بوو. لە شیعرەکانیدا زۆر هزری فەلسەفی دەردەکەوێت ، ئەمە بەو مانایا نا، کە خاوەنی ریبازێکی فەلسەفی بێت،بەلاّم بە قوولّی شیکردنەوەی دەروونی مرۆژی کردووەو بابەتەکانی ژیان و مردنی خستۆتەبەرباس. لە بنیاتی هونەریدا شیعرەکانی بە زمانێکی تۆکمەی عەرەبی داڕشتووەو تەنانەت هەندێ پێوەندی دەکەن بە هزری نەتەوەیی ئەو شاعیرە بۆ زمانی عەرەبی.لە پەخشانیشدا لەسەر هەمان **شێوازی عەبولحەمید ابن المقفع** و خوێندکارەکانی بەردەمیان بەو شێوازە ئەدەبیەدا.

هونەرێکی دی لە هونەرە ئەدەبییانەی سەدەمی عەبباسییەکان هونەری(**المقامة**) یان (**المقامات**)ە. مەقامە هونەرێکە نزیک یان دەکری بلّێین نیمچە چیرۆکێکە، پالّەوانێکی سەرەکە هەیەو گێرەرەوەیەکیشی هەیەو بە شێواز و زمانێکی هونەری دارێژراوە. زۆربەی کات باسی کێشەو نەهامەتییەک دەکات"پالّەوان جۆرەها فێلّ ە تەلّەکە بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی رزگاری بێت"لە هەمان کاتدا وەکو دەرسێکیش وایەو حیکەتی خۆی تیایە. مێژوویەکی کۆنی هەیەو لە سەردەمی جاهیلییەوە هاتووە،بەلاّم پێشتر بەو شێوە ئەدەبییە نەبووەو سادەو ساکار بووە. وشەی مقامات لە (المجالس)ەوە هاتووە بەو واتایەی جاران لە ئەو حیکایەتە کورتە بە یەک جار لە دانیشتنێکی شەوانە یان مەجلیسێکدا پێشکەش دەکرا. دواتر بۆمەبەستی

ئایینی لە دیوەخانی خەلیفەکاندا بەکار دەهات. زۆربەی سەرچاوەکان سەرەتاکەی دەگەڕێننەوە بۆ (**بدیع الزمان الهمذانی** ٩٦٩-١٠٠٧ز))و دواتر **الحریری**(١٠٥٤-١٢٢٢ز) لە سەردەمی عەباسییەکاندا ناوبانگیان هەبووە.شێوازی نووسینی (الهمذاني) سادەو رەوان بووەو لە شوێنی پێویستدا قافیەی بەکارهێناوەو ناوە ناوە تێهەڵکێشی کردووە لەگەڵ شیعرو وتەی پێشینانی فارسی.[1]

## رەخنەی ئەدەبی لە سەدەمی عەبباسییەکاندا

سەردەمی عەبباسییەکان باشترین مەیدانی بۆ رەخنەی ئەدەبی عەرەبی خولقاندو کۆڕی رەخنەیی سەبارەت بە چەندین بابەتی گرنگی وەکو سەرچوەی شیعر و ئەرکی شعرە پێوەندی شیع بە لایەنی سایکۆلۆژی و رەوشت و پێکهاتەی زمانی و پێوەندی نێوانی وتەو واتا و گرنگی رەوانبێژی و چەندین بابەتی دی هێنایە پێشەوە.

**الاصمعی** جیاوازی خستە نێوان شیعر و ئایین(رەوشتەوە).بە نمونە(**حسان بن ثابت**) وەک شاعیرێک دەهێنێتەوە،کە لە پێش ئیسلامەوە ئاستی شیعریی بەهێزتر بووە وەکو ئەو شیعرانەی بۆ خێۆر و لاواندنەوە نووسیویەتی. هەروەها توانای شاعیر لە هەڵبژارنی باشترین لێکچواندن بە گرنگ دەزانێ.

**الناشیء الاکبر**، یەکێکی ترە لە هەوڵە سەرەتاییەکانی رەخنەی ئەدەبی عەرەبی،کە جەخت لە هەردوو لایەنی رەوانبێژی و ریتم و مۆسیقای هونەری شیعریی دەکاتەوە و رۆڵی کۆمەڵەی

---

[1] : محمود مصطفى،الادب العربي و تاريخه ،في العصر العباسي،الجزء الثاني، ط٢، القاهرة، ١٩٣٧ ،ص١٦٤.

**(المعتزلـــة)** دواتـر بـە هـەمان شـێوە دەردەکـەوێ،وەکو چـۆن سۆفستاییەکانی یۆنان گرنگیان بە هەنەرەکانی رەوانبیژی دەدا بۆ رازیبوونی گوێگر.

لەو بابەتانەی دی لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا جێگەی بایەخ بوو،ئەو ماناو ناوەرۆکە هاوبەشانەی بەینی شاعیرەکان بوو، بۆیە چەندین کتێبیان لەسەر دزی ئەدەبی نووسیوە، کە شاعیرەکان لە یەکتریان وەرگرتووە.ئەمەش بەلگەی ئەوەیە واتا و ناوەرۆگ گرنگتر بووە لە رووخسارو شیعرییەت.

شاعیرە نوێخوازەکانیش گلەییان کردووە لەوەی رەخنەگری بە توانای خۆیان نەبووە تەجاوز و نویخوازیی ئەون پێشان بدات. هەندێکی دیکەشیان هوڵوێستێکی مام ناوەندییان وەرگرتووە،بەوەی،کە ئەو شتانەی پێشتر لە مامۆستاکانیان وەریانگرتووە بە شێوازیکی نوێ دایبرێژنەوە،واتا تیۆرییە کۆنەکان زیندوو بکەنەوە بە شێوازێکی دی، بۆ نموونە هەوڵی **(ابـن سـلام الجمحـی)** لەو بوارەدا دیارە،کە گرنگی بە رۆلی رەخنەگر دەدات و کتێبەکەی بە ناوی (طبقات الشعراء) بۆ ئەم مەستەیەو شاعیران لەسەر بنچینەی زۆری بەرهەم و ئەو شاعیرانەی زۆرترین مەبەستی شیعرییان بەکارهێناوە و ئاستی هونەرییاندا دابەش دەکات.

دیاردەیەکی دی لەو سەردەمەدا هاوسەنگیی نێوان شاعیران بوو. وەکو ئەوەی **ابو احمد یحیی بن علی المنجم**(٢٤١-٣٠٠ک)،کە هاوسەنگی لە نیوانی العباس بن الاحنف و العتابی دا دەکات و دەڵێ ناکرێ هەوسەنگی لە بەینی شاعیرێک و زانایەکدا بکەی، وەکو ئەوە وایە لە بەینی شاعیرێک،کە بە خۆرسک شاعیرە

لەگەڵ شاعیرێک،کە سەنعەتکارە. یان ئەوەی **الآمدی** لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی(کتاب الموازنة بين شعر ابی تمام و البحتري)دا هاوسەنگی لەنێوان (**البحتری و ابی تمام**)دا کردووە.ئەم کتێبە لە سەردەمی خۆیشیدا گفتوگۆی زۆر لەسەرکراوە،لەوانە بۆچوونەکانی **الصولی** بەرامبەر بەم هاوسەنگییە دەڵێن نابێ لەبەر **الجاحظ** خاتری بیروباوەڕی ئایینی( **ابی تمام**) وا بە کەم سەیربکرێ و ئەوە رەخنە نییە تۆ تەنیا کێماسی و خەوشەکانی شاعیر لەبەرچاو بگری و ئاماژە بۆ لایەنە باشەکانی ئەو شاعیرە نەکرێت[1]. هەر لەوسەردەمەو سەدەیک دواتریش کێشەو ململانێیەکی زۆر لە بەینی لایەنگران و نەیارانی (**المتنبی**) لە ئارادا بوو، دواتر کتێبی (**الوساطة**) لەلایەن رەخنەگر (**القاضي علي بن عبدالعزيز الجرجاني**)ەوە وەکو هەوڵێک بۆ داوەریکردن لە نێو هەردوو بەرەدا نووسراوە.

**(قدامة بن جعفر)**، یەکێکی دیکەیە لە رەخنەگرە دیارەکانی ئەو سەرەمە،کە تا رادەیەکی زۆر سوودی لە کتێبە وەرگێڕاوەکانی ئەو سەردەمەو بە تایبەتی بۆچوونەکانی **ئیفلاتون** و **ئەرستۆی** یۆنانی وەرگرتووە بۆ سەرنجە رەخنەییەکانی.کتێبەکەی بە ناونیشانی(رەخنەی شیعر)ە.لە پێناسەی شیعردا دەڵێت:شیعر وتەیەکی کێشدار و سەروادارەو واتایەک دەبەخشێت.واتا لەسەر بنەما سەرەکییان یان رەگەزە پێکهێنەرەکانی وەک(وتە،کێش، سەروا، مانا)دەکاتەوە و پێوەندییان بە یەکەوە.**قدامە** پێیوایە مەبەستەکانی شیعر یان مرۆڤە یان شت. ئەگەر مرۆڤ بێت

[1] : د.احسان عباس، تاريخ النقد الادبي عند العرب، ط ٤، دار الثقافة، بيروت، ١٩٨٣، ص ١٥٠.

(ستایش،داشــۆرین،غەزەل،لاواندنەوە)دەگرێتەوەو ئەگــەر شــت بێت. وەسفکراوە.یان پێوەندییەکی وینـەدار لـە نیوانیاندا دروست دەبێت،کە ئەویش لێکچواندنە. بە پێی رۆشنبیریی فەلسـەفی،کە لـە ئیفلاتوونـەوە وەریگرتـووە،دەڵـێ فەزیلـەتی گـەورەپیاوان دەبـێ چوار شتی تیابێت(عەقڵ،ئازایەتی،دادپەروەری، پاکی). سـەبارەت بـە سـوود وەرگرتنـی قدامـە لـە کتێبـە هونـەری شـیعر(پیوتیکا)ی ئەرســتۆ، لــەرێگــەی وەرگێڕانــەکانی ئــەو دەمە"شــتێکی حاشاهەڵنەگرە"بەڵام وەرگێرانی ئەوکاتە کەوتۆتە هەندێ هەڵـەوە لەوەی تراژیدیا و کۆمیدیایان بەو ستایش و داشۆرین تەرجەمـە کـردووە،بۆیـە ئـەویش کەوتۆتـە ئـەو هەڵەیـەی بڵێت عـەرەب و یۆنان هەردووکیان لەو هونەرەدا هاوبەشن.[١]

لـە سـەدەی پێنجـەمی کۆچیـدا تـا رادەیـەکی زۆر رەخنـەی عەرەبی لە رەخنەی یۆنـانی و سروشـتی فەلسـەفی یۆنـانی دوور کەوتۆتەوە.دەمانـەوێ ئاماژەیـەک بـە کتێبـی (کورتـەی هونـەری شـیعر)ی ابـن سـینا بکـەین. لـە پێناسـەی شـیعردا دەڵێت: شـیعر وتەیەکی خـەیاڵییـەو پێکهـاتووە لـە وتـەی کێشدار.ئیدی هـەر ئـەم کێشدارییەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە پەخشان جیا بکریتەوە.ئـەوە بــەو مانایــەش نییــە،کــە هــەر وتەیــەک کێشــدار بــێ واتــا شیعرە.لاسـاییکردنەوە هاوشـانە لەگـەڵ خـەیاڵ لای ابـن سـیناو وەها سەیری کێش دەکات،کە هۆکارێکە لـە هۆکارەکانی خـەیاڵ، بـەڵام ئەگـەر کێش و خـەیاڵ پێکـەوە کۆنەبنـەوە، شـیعر دروست

---

[١] : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

نابێت.هاوکات ریتم و مۆسیقا و حاڵەتی سایکۆلۆژیش دەور دەبینێ[1].

## ئەدەبی نوێی عەرەبی

لە کۆتایی و لاوازبوونی عەبباسیەکاندا لە سەردەمی مەمالیک لە میسر(٦٤٨-٩٢٣ک) جارێکی دی بە هۆی گرنگی پێدان بە زمانی عەرەبی و ئیسلامەتی و دەرکەوتنی قوتابخانەو دادپەروەی و لە لایەکی ترەوە بەشی زۆری پایتەختەکانی ئیسلامی کەتبوونە دەست تەتەر و مەغۆلان و کتێبخانەکانیان سووتادبوو و زانا موسڵمانەکان مردن یان کۆچیان کردبوو،بۆیە قاهیرە بووە مەڵبەندێکی ئیسلامی و دەسەڵاتی مەمالیکیش تا شام و حیجاز دەڕۆیشت.لەو سەردەمەدا چەندین بەرهەمی ئایینی و مێژوویی و ئەدەبیی بلاوکرانەوە، لەوانە: کتێبی **(الوفيات)ی ابن خلكان،(الالفية و التسهيل)ی ابن مالك،(صبح الاعشى)ی شهاب الدين القلقشندى** و .....

هونەرە ئەدەبییەکان وەکو شیعر بە هەموو مەبەستەکانییەوەو مەقامات و پەخشانی هونەری و نامەی ئەدەبی بەردەوامیان هەبوو.لە شاعیرانی ئەو سەردەمە **محی الدين بن عبدالظاهر و ابن نباتة المصرى و صفي الدين الحلي** و... شیعرەکانیان سووک و ئاسان بوو تا ئەو رادەیەی قسەی بازاڕی تێدەکەوت.مانای شیعرەکان ئاسان و هیچ رەهەندێکی فەلسەفی تێدا نەبوو.گوزارشتی لە رۆژگار و سەردەمی خۆی دەکرد.

[1] : بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:على العلوى،مفهوم الشعر عند ابن سينا،سلسلة الكتيبات الشهرية لمجلة (المجلة العربية)،العدد ١٣٣،السعودية،٢٠٠٨.

سوڵتان سەلیمی یەکەم توانی میسر داگر بکات و کۆتایی بە سەردەمی مەمالیکان بێنێ و دواتریش، شالاوی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی بە سەرپەرشتی **ناپلیۆن پۆناپارت** لە ساڵە ١٧٩٨ دەستی پێکرد و چاپخانەو رۆژنامەو قوتابخانە و خانەی کتێب و چاکسازی و ئاوەدانی دەستی پێکرد،بەڵام دوای سێ **ساڵ (عمر کرم)** و **(محەمەد عەلی پاشا)** توانیان  بە یارمەتی عوسمانییەکان فەرنسییەکان لە میسر دەربکەن.کاریگەری ئەو شالاوە بووە هۆی وریابوونەوەی خەڵک و (محەمەد عەلی پاشا)یش دەوڵەتێکی بەهێزی دامەزراند و رێنیسانسێکی ئەدەبی و رشنبیری لە میسر دەستی پێکرد و دواتر بەریتانییەکانیش ماوەیەک کاروباری میسریان بە دەستەوەگرت.

لە عێراقیشدا مەدحەت پاشا کۆمەڵێ چاکسازی دەستپێکردو باری رۆشنبیریی خەڵک بە هۆی رۆژنامەوانی و خوێندن و قوتابخانەو رێگەوبان گۆرانکاریی تێکەوت. لە لوبنان و شامیشدا کرانەوەیەک دەستی پێکرد بە تایبەتی فەرنسی و ئەمریکییەکان کیبەرکێیان بوو لە ناردنی رۆژهەڵاتناسان و شالاوی مسیۆنێر و مزگێنیدەرە مەسیحییەکان بۆ ناوچەکە و پیشەسازی کتێب و چاپخانە و فەرهەنگی و وەرگێڕان و کردنەوەی زانکۆ پەیدابوو.

ئەدەبی نوێی عەرەبی لە میسر لەگەل کۆمەڵەی **(الدیوان)** لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەرکەوت.ئەو سێ گەنجە، **(عبدالرحمن شكري و ابراهیم عبدالقادر المازني و عباس محمود العقاد)** کە زمانی ئینگلیزیان دەزانی و کەتبوونە بەر کاریگەری شیعری نوێی رۆمانسی ئینگلیزی و دەیانەویست بۆ تازەبوونەوەی شیعری عەرەبی پەنجەرەیەک بەرەوە رۆژئاوا

بکەنەوە،بەپێچەوانەی ئەوانەی پێیان وابوو تەنیا بە رۆشنبیریی نەتەوەیی عەرەبی و ئیسلامی دەتوانن دریژە بە ئەدەبیکی پارێزگارانە بدەن وەکو (**احمد شوقی**) و(**معروف الرصافی**)و (**حافظ ابراهیم**)[١]. ئەوانە لەنێوانی کۆن و نویدا بوون، بەڵام لایەنگرانی شیعری نوێ بە کاریگری ریبازە ئەدەبییەکانی رۆژئاوا شیعرەکانیان لە سێ ریبازدا دەردەکەوت:رۆمانسی و ریالیزمی و سیمبۆلیزمدا.



**ئەحمەد شەوقی**

ئەدەبی نویی عەرەبی،بە تەنیا شیعر نییە،بەڵکو لە سەرتای سەدەی بیستەمەوە چیرۆک و شانۆ و هونەرەکانی گێڕانەوەش لەخۆدەگریێت.بە تایبەتی زۆربوونی چاپخانەو رۆژنامەوانی هۆکارێک بۆ زیادبوونی هونەرەکانی پەخشانی و گێڕانەوە و زیاتر لە شیعر بڵاودەبۆوە.

[١] : بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.مسعد بن عید العطوي، الادب العربي الحديث،الطبعة الاولى،السعودية،٢٠٠٩،ص ٨٣-٩١.

هونەری چیرۆک،لە سەرەتادا بە وەرگێڕان و لاساییکردنەوە و شێوازی سادەی هەقایەتی فۆلکلۆری دەستی پیکرد"نەوەک شیوەی چیرۆکی هونەریی ئەوروپی.لەم رووەوە چیرۆکنووسانی لوبنانی پێش میسرییەکانیش چیرۆک و رۆمانیان وولاودەکردەوە"بەرهەمەکانی **سلیم البستانی** لە رۆماندا.دواتر بەشێوەی چیرۆکی رۆژئاوایی لە بەرهەمەکانی **محمود تيمور و توفيق الحكيم و نجيب محفوظ**[1] **و عبد الحميد السحار و توفيق عواد و طه حسين** دا دەرکەوت. چیرۆکی ئەو سەردەمە لە واقیع و رووداوەکانی ژیانی رۆژانەوە وەرگیراوە.هەندێکیان زیاتر گرنگیان بە شێوازی زمانی شیعریی داوەو وشەکاریان زیاتر بلاوە مەبەستە بووە،بەلام هەندێکیان لەپاڵ سوود دا چێژی هونەریشییان لەبەرچاوگرتووەو سەرکەوتوو بوونە لە کورتەچیرۆکەکانیاندا **وەکو محمود تيمور و جبران خليل جبران و مارون عبود و....**

چیرۆکی هونەریی عەرەبی لە عێراقیشدا لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لەشێوەی خەودا چەند چیرۆکێک بەکاریگەری ئەدەبی تورکییەوە بڵاوکرایەوە و تەرجەمە کرا پاشان لەسەر دەستی (**محمود احمد السيد**) و (**عبدلملك نوری**) و (**فؤاد التكرلی**) زیاتر گەشەی سەندو قالبێکی هونەری بەخۆوە گرت هەولە سەرەتاییەکانی چیرۆکی عەرەبیش بەچیرۆکی خەون ئامێز دەستی پێکردووە چیرۆکنووسانی ناوەڕاستی بیستەکان لەخاڵێکدا کۆدەبوونەوە ئەویش رەخنەیەکی سیاسی کۆمەلایەتیان رووبەڕووی کۆمەڵی ئەو سەردەمە دەکردەوە

[1] :

ئەوندەی خەریکی گەیاندنی بیرومەبەست یان ناوەرۆک بوون خەریکی تەکنیکی هونەریی چیرۆکنوسین نەبوون وەکو هونەرێکی ئەدەبیی تازە.



**محمود تیمور**

سەرەتاکانی چیرۆکی عەرەبی بە چیرۆکی درێژ یان رۆمان دەستی پێکردووە بەتایبەتی وەکو لاسایی کردنەوەی رۆمان و چیرۆکە درێژو بەزنجیرەکانی تورکی، لەم رووەوە چیرۆک و رۆمانەکانی (**سلیمان فیض الموصلی وعطاء امین و محمود احمد السید** ) لەساڵی ۱۹۲۰ دا دیارو بەرچاون ئەم جۆرە چیرۆک و رۆمانانەش بە زمانێکی سادەو دارِشتینێکی ساکار نووسراون و زیاتر ئامۆژگاری و رێ نیشاندانی چاکەو فێرکردنن، بەڵام لەڕووی شێوەوە سەرەتای کورتە چیرۆک لە عێراقدا بۆ چیرۆکی (شەهیدی نیشتمان و شەهیدی خۆشەویستی ) چیرۆکنووس (**مراد میخائیل**) و کۆمەڵە چیرۆکی (نەهامەتییەکان) ی (محمود احمد السید) دەگەڕێتەوە لەگەڵ بوونی ئەو

نموونانەشدا هێشتا لێکۆڵەرو رەخنەگرە عەرەبەکان نموونەی چیرۆکی هونەری راستەقینەی عەرەبیی لە عێراقدا بۆ هونەری راستەقینەی عەرەبی لە عێراقدا بۆ سالانی ئەم سەدەیە دەگەڕێننەوە.سەبارەت بە چیرۆکی تورکیش هەروەکو ئەدەبیاتی مللەتانی دی ،بەو ئەفسانانە دەستی پێکردووە، کەلەسەر بنەچەی دین و سواچاکی بنیات نراون[١].

لە دەقی شانۆییشدا،سەرەتاکانی شانۆی عەرەبی بۆ شانۆکاری لوبنانی(**مارون النقاش**١٨١٧-١٨٨٥ز) دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەوەی زمانی بێگانەی دەزانی و ماوەیەکیش لە ئیتالیا مابووەوە و هەوڵیدەدا بەرهەمەکانی (**مۆلییر**)ی فەرەنسی وەربگێڕێ و پێشکەشی بکات. لەو ماوەیەدا شانۆیی(رژد)ی مرلێر و (هارونە رەشید)ی پێشکەشکردووە.



[١] : بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:د.عبدالاله احمد، نشاة القصة و تطورها في العراق، بغداد، ١٩٦٩،ص ٥٤.

**مارون النقاش١٨١٧-١٨٨٥ز**

دواتـر لـە شـام، احمـد ابـي خليـل القبـانی هەنـدێ نمایشـی پشکەشکردووە، کە شێوەی ئاهەنگسازی وەرگرتووە، لە وتەو گۆرانی و هەندێ دیمەنیشی کۆمیدی بووە.

لـە میسـر دوای دامەزرانـدنی ئـۆپێرای پاشـایی،چەندین تیپـی شـانۆیی بەرهەمـەکانیان پێشکەشـکردووە،دیارترینیـان تیپەکـەی (**سليم النقاش**) بووە.

بزاڤـی شـانۆی عەرەبـی لە عێراقیشـدا،بە پێـی هەنـدێ بیـروڕا سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی دوایی سـەدەی نۆزدەهەم ، بە تـایبەتی ئەو شـانۆنامانەی کە لە کلێسـاو دێرەکـانی شـاری موسـڵ لە (١٨٨٠ بە دواوە) لە لایەن (**حەننـــا حەبەشـــی**)یەوە نمایشکراوە.

پاشـان نـاوی ئەدیب و وەرگێرو هونەرمەند **(نعـوم فـتح اللـه سـحار**(١٨٥٥-١٩٠٠)هـاتۆتە مەیـدان وسـەرەتای کارەکـانی بە وەرگێڕان و چاپکردنی یەکەم تێکستی شانۆیی لە شێوەی کتێبی سەربەخۆ لە ساڵی ١٨٩٣ دا،دەستی پێکردو شانۆگەری (لەتیف و خۆشـــابا)ی بڵاوکـــردۆتەوەو دوای دوو ســـال لە ١٨٩٥ دا تێکستی شانۆگەری (میری دیل)ی لە فـەرەنسییەوە وەرگێڕاوە ،گۆیـا هەر ئەم شـانۆگەرییە لە شـاری هەولێـر لە ١٩٠٥ دا واتـا دوای دە ساڵ نمایشکراوەتەوە[1].

[1] بڕوانە: احمد فياض المفرجي،الحياة المسرحية في العراق،بغداد،١٩٨٨،ص١٥.



**دیمەنێکی شانۆگەری (لەتیف و خۆشابا)**

تـــا دوای دامەزرانـــدنی حکـــومەتی عێراقـــی لە ١٩٢١دا بە شێوەیەکی گشتی، تیپی هونەری شانۆیی بەرچاو نەکەوتووەو زیـاتر قوتابخانەکـان لە بـۆنە تایبەتییەکانـدا بـۆ هاوکـاری مامۆستایان و قوتابیان نمایشی مێژوو رابردووی نەتەوەیی،کە دوای یەکەمـین جەنگـی یەکـەمی جیهـانی زیـاتر ئەو هەسـتە گەشەی دەکرد.

لە ساڵی ١٩٢١دا (صلاح الدین ایوبی وەکو یەکەم شانۆگەری لە سەر شانۆی قوتابخانەی ئیسلامی لە موسڵ نمایش کراوە (ارشد افندی العمری) ئەندازیاری شارەوانی دەریهێناوە)[١].

---

[١] سەرچاوەی پێشوو،ل١٨.

# ئەدەبی کوردی

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەدەبی کوردییش وەکو زۆربەی میللەتانی دنیا سەرەتا بەشیعر دەستی پێکردووە، یان راستتر بڵێین، ئەو دەقە ئەدەبییانەی لەبەر دەستدان، لەکۆنەوە بەشیعر دەست پێدەکەن و مێژووی پەخشانی نووسراو بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەو گۆڤارەوە دەست پێدەکات. ئەمەش گەلێ هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، رەنگە لە هەموویان دیارتر ئەوەبێ، کە ژیانی مرۆڤ لە سەدەکانی رابردودا ئەوەندە ئاڵۆز نەبووبێ و لەتوانای شیعردا بووە بابەتە سادەکانی ئەو قۆناغە دەرببڕێت، ئەمە لەپاڵ ئەوەی شیعر بەچەند بەیتێکی سەروادارو مۆسیقی، کە لەبۆ زیاتر ئەزبەرکردن ئاسانە، توانیویانە بیپارێزن، بەپێچەوانەی پەخشان، کە پێویستی بە کاغەزو رووپەڕی رۆژنامەکانەو لەڕووی قەبارەوە درێژترەو بابەتەکانی فراوانترەو کەمتر لا لەسۆز و مۆسیقا و خەیاڵ و ئەندێشە دەکاتەوەو لەسەر بناغەیەکی ژیری و مەنتیق و بیرو هزرەوە دەڕوات، ئەمەش وەنەبێ تەنیا لە ئەدەبی کوردیدا ئەم دیاردەیە هەبێت، لە مێژووی ئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێشدا بەرچاو دەکەوێت.

کۆنترین دەقی شیعری بەجێماومان چوارینەکانی(**بابا تاهیری هەمەدانی**)یە، کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی دا ژیاوە.

زانیارییەکی زۆرمان دەربارەی ژیانی ئەو شاعیرەمان لەبەر دەستدا نییەو ساڵی لە دایکبون و مردنیشی تەواو ئاشکرا نییە.

ئەمە سەرباری ئەوەی بیروڕای وەهایش هەیە، کە باباتەیەر بە شاعیرێکی کورد نازانن و هەر لوڕەکان بەکورد لەقەڵەم نادەن ،
شیعرەکانی **باباتاهیر** بەدیالێکتی لوڕییەو سەرجەم شیعرەکانی لە بابەت تەسەوفەوەیە و غەزەلیشی هەیە، فەلسەفەی ئەو تێڕوانینی ئەون بۆ بوون و ژیان و وەکو خواناسێکی گەورە ناوبانگی بەزۆر لادا بڵاوبۆتەوە، فارسەکان دەسکاری زۆری چوارینەکان یان دوو بەیتییەکانی ئەویان کردووە، بەڵام مۆرکە کوردییەکەی خۆی پاراستووە.
بەرلەوەی باسی شیعر بکەین دەبێ ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە، بەهۆی ئەوەی کورد قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی نەبووە، کە بتوانێ زمانی یەکگرتووی نووسین و ئەدەبیاتی هەبێ، بۆیە ئەدەبی نووسراو (بەتایبەتی شیعر)ی کۆنمان بەپێی حوکم و دەستەڵاتی میرنشینەکان، کە ئەو سەردەمە دیالێکتی ئەو ناوچەیە باڵادەست بووە، زمانی شیعر، بەو دیالێکتە بووە ئەمەش وای کردووە، شیعری کۆنمان بەدیالێکتی لوڕی و گۆرانی و کرمانجی سەروو و خواروو بێت، هەریەکەیان لەو دیالێکتانە سەردەمێک بوونەتە زمانی شیعر و شاعیران شیعریان پێ نووسیوە.
**عەلی حەریری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و باتەیی..**
لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دەرکەوتن و شیعرەکانیان نموونەی گیانی خواپەرستی و غەزەلن. سەبارەت بە ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرانەش زانیارییەکی تەواو لەبەردەست دانییە، (عەلی حەریری) ناسراو بووەو هاوچەرخی شاعیری گەورەی فارس (فیردەوسی) بووە، بۆیە لە شاهنامەکەیدا ناوی بردووە:

**مردی دیدەام در جزیر　　　　شیر دیدەام در حریر**

**فەقی تەیران**،یەکیکە لەشاعیرەکانی ترمان، د. عیزەدین مستەفا رەسوول دەلی: (دەتوانین تەواو لەو رایەوە نزیک بینەوە فەقیی تەیران لە کۆتایی سەدەی شانزەهەم و سەرەتای حەڤدەهەمی میلاد دا ژیاوە)،شیعرەکانی بەنازناوی (میم و حی) یان (میم و هی) نووسیوە،شاعیر (لەچیرۆکی شێخی سەنعاندا بەشارەزایەکی ریبازەکانی فەلسەفەی ئیسلام خۆی دەنوینیت، بەلام شیوەی زۆربەی ئەم هۆنراوانەی سادەیەو لەو ریزەیە،کە بەهۆنراوەی میللی ناودەبریت).

ئینجا مەلای جەزیری وەکو شاعیریکی بەتوانا (ریزی پیشەوەی لە ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆی گرتووە)شێخ ئەحمەدی کوری شیخ محەمەد ناسراو بە(مەلای جەزیری لەکۆتایی سەدەی دەهەمی هیجریدا ژیاوە،واتە لەپاش سالّی (٩٥٠ه) عەرەبی .

**مەلای جەزیری** لەژێر کاریگەری شیعری فارسی بە تایبەتی (حافزی شیرازی)دا بووەو شیعرەکانی نموونەییێکی بەرزی شیعری غەزەل و خواپەرستین.

(**ئەحمەدی خانی**) وەکو شاعیرێکی نەتەوەیی توانی گیانیکی تازە بەناوەڕۆکی شیعری کوردی ببەخشێ و داستانی (مەم و زین) بە هۆنراوە بنووسیتەوەو تیکەڵ بەرازی دڵی خۆی بکات، کە بووژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و هاندانی شاعیرانە بۆ ئەوەی بە زمانی شیرینی کوردی بنووسن، بۆیە دەڵێ:

شەرحا غەمی دل بکم فەسانە
زین و مەمی بکم بەهانە

خانی وەکو خۆی نووسیویە لە (١٠٦١)ی کۆچی بەرامبەر بە (١٦٥٠)ی زایینی لەدایکبووە:

**لەورا کو دەما ژ غەیبی فەک بوو**

**تەئریخ هەزارو شەست و یەک بوو**

لەو شاعیرانەیشی،کە بە دیالیکتی گۆرانی شیعرییان نووسیوە،مەلا پەریشان و خانای قوبادی و مەولەوی و بێسارانی و سەیدی هەورامی.. لەشاعیرە دیارەکانن.

**مەلا پەرێشان**،کۆنترین شاعیری کوردە،کە بەشێوەی گۆرانی شیعری ئایینی نووسیووەو ئەم شاعیرە ناوی محەمەدەو خەڵکی دینەوەرە لە ناوچەی کرماشان،وەکو خۆی نووسیویە: لەسالی ٨٠١ ی کۆچی ١٣٩٨ - ١٣٩٩ی زایینیدا ژیاوە.ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی ئایینییەو شیعەمەزهەب بووە .

(**خانای قوبادی**)یش ئەو شاعیرەیە،کە بەسەرکەوتوویی (خوسرەو و شیرین)ەکەی شاعری گەورەی فارس(نظامی گەنجەویی)وەرگیروەتە سەر زمانی کوردی، دەربارەی بایەخی ئەم کارە ئەدەبییە.

**محمدی مەلا کەریم** دەڵێ: (ئەگەر بەچاوی هەڵسەنگاندنیکی ئەدەبییەوە ئەم بابەتانە بخوێنینەوە بۆمان دەرئەکەوی خانا چۆن هونەرمەندی بووەو کارەکەی لەجیهانی ئەدەبدا چ شاکارێکەو مایەی چۆن شانازێکە بۆ ئەدەبی کورد)،هەروەها دەڵێ:(هەر لەو بابەتانەی ئەتوانین وەک کەرەستەیەکی فۆلکلۆری کەڵکێکی باشیان لێ وەرگرین و خانا لەم کتێبەدا جێی کردونەتەوە) .

**(مەولەوی)** لەشاعیرە زۆر ناسراوەکانی دیالێکتی گۆرانە، مەولەوی (سەید عەبدولڕەحیم نازناوی (مەعدومی)یە،لەساڵی ١٢٢١ی کۆچی لەناوچەی تاوەگۆزی لەگوندی (سەرشاتە) لەدایک بووەو لە ١٣٠٠ کۆچیدا مردووە.زۆربەی شیعرەکانی بۆ شێخەکانی نەقشبەندی نووسیوەو خۆی بەموریدی ئەوان زانیوە، بێجگە لەوەش هەندێ شیعری بەپێزی لەسەر سروشتی کوردستان نووسیوەو هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە سیما دیارەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا لەمەولەوییەوە دەست پێدەکات لە رووی روخسارەوە، کێشی شیعرەکانیشی لەسەر کێشی پەنجەیە،یان کێشی خۆماڵییە.

ئەمەش وەنەبێ هەر لەشیعری مەولەوی بەڵکو لە شاعیرانی دیالێکتی گۆرانیدا هەستی پێدەکرێ، کە ڕەنگە یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی ئەوەبێت، کە ناوچە جوگرافییەکەی وای کردووە لە کاریگەری عەرەب و ئایینی ئیسلام بەدووربوونەو زیاتر ئەو کێشانە لە(سرودهای گاثها)ی ئاڤێستای زەردەشتدا وەرگرتبێت، هەروەها کێشی خۆماڵی(١٠)دە کەرتی کێشی هۆنراوەی فۆلکلۆرییە،مەولەوی بەکاری هێناوە.

**د.مارف خەزنەدار** دەڵێ: (شیعری کوردی شێوەی گۆرانی شیعرێکی ڕەسەن و بەئەسڵ و بنیادە لەرووی روخسارەوە، بەتایبەتی کێشی خۆماڵی (سیلابی)و قافیەی مەسنەوییە. زۆربەی هەرە زۆری کێشی شیعری شێوی گۆرانی کێشی دەکەرتی یە)

شیعری کلاسیکیی کوردیش بەشێوەی کرمانجی خواروو، لەسەردەمی میرنشینی بابان و لەسەر دەستی (نالی) و (سالم) و

(کوردی) شیعریان گەیاندە ئاستێکی بەرزی هونەری وردەکاری و رەوانبێــژی. لەکــات و ســەردەمێکدا ئەوان شــیعرییان بەو شــێوازە نووســی،کە نووســینی کــوردی بە زمــانی کــوردی نەدەنووســراو زیــاتر زمــانی فارســی زاڵ بوو،شــاعیرەکانیش هەوڵیـان دەدا بەزمـانی فارسـی بنووسـن بۆ ئەوەی ناوبانـگ و شــۆرەت پەیــدابکەن و زمــانی کــوردی رەواجــی نەبــوو و خوێنــدەواری نەبوو،بــۆیە (نــالی) غەمــی گەورەی ئەوەبــووە خەڵکەکە لە شیعرەکانی تێ نەگەیشتوون و رێزی زمانی کوردی ناگرن،دەڵێ:

**عومرێکە بەمیزانی ئەدەب توحفـە فـرۆشـم**
**زۆرم گوت و کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم**

نـالی (خـدری کـوڕی ئەحـمەدی شاوەیسـی میکـایەلییە)، لەدێـی (خــاک و خــۆڵ) لە ١٨٠٠ز لەدایــک بــووەو لە (١٨٧٣)ز لە ئەستەمبۆڵ کۆچی دوایی کردووە) نالی بێجگە لە زمانی کوردی، زمـانی فارسـی و تـورکی و عەرەبی بـاش زانیـوەو شـیعری پـێ نووسیوەو خۆی دەڵێ:

**فارس و کـورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە**
**(نالی) ئەمـڕۆ حاکـمی سـێ موڵکە دیـــــوانی هەیە**

شـیعر لای (نــالی) ســەلیقەو وردەکــاری و ســەنعەت بــووە، شــیعرەکانی لەســەر کێشــی عەرووزی عەرەبیــیە و قاڵبەکــانی غەزەل و قەسـیدەو موسـتەزاد لەنـاو شـیعرەکانیدا بەدی دەکـرێ. زمــانی شــیعرەکانی زمــانێکی تــێکەڵ لەزاراوەی فارســی و عەرەبییە،هاوکـات لەگەڵ (نـالی)دا، سـالم (عەبـدولڕەحمان بەگـی ســاحێبقران) وەکـو شــاعیرێکی نیشــتمانپەروەری بەتوانـا لەو

ســـەردەمەدا ژیـــاوەو شـــیعرەکانی ئـــاوێنەیەکی بـــێ گەردی سەردەمی میرنشینی بابان و رووخاندنیەتی و هەستی نەتەوەیی لە شیعرەکانی دا ئاشکرایە،تێگەیشتنی شیعرەکانی سالم ئاسان نین، لە شیعرەکانیدا سەبکی هیندی پێڕەو کردووەو زۆر شوێن گەڕاوەو لە زمـــانی فارســـی و زاراوەی ئەدەبـــی کلاســـیکی ڕۆژهەڵاتـدا شـارەزابووە، سـالم لە سـاڵی ١٨٠٠ز لە سـلێمانی لەدایکبووەو هەر لەوێش لە ١٨٦٦ز مردووە.

**حـاجی قـادری کۆیی**، شـاعیرێکی نیشـتمانپەروەری کوردە،لە سـاڵی ١٨١٧ ز لە گونـدی (گـۆڕقەرەج) لەدایکبـووە .سـەرەتا لە کـۆیەو پاشـــان لە ئەســـتەمبۆڵ لای خێزانـــی بەدرخانییەکـــان گیرسـاوەتەوەو شـیعرەکانی نەتەوەیییەکـانی بەهەمـوو لایەکـی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە.

لە غەزەل و وەســفی سروشــتیدا دەســتێکی بــاڵای هەیە.لە شیعرەکانیدا هانی میللەتی کوردی داوە بۆ عیلم و خوێندەواری و بەتاقە ڕێگەی نەجات بوونی داناوە.

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی** لە ساڵی ١٨٣٥ز لە گوندی (قرخ)ی سەر بە کەرکووک لەدایکبـووەو بەهـۆی شیعـرە هەجووەکـانییەوە زۆر ناســراوەو شــاعیری تــری لەو بــابەتە و بەو توانایەمــان نیــیەو کەلێنێکی گەورە لەم مەبەستەی شیعری پڕکردۆتەوە. شـاعیری شیعرە فارسی و تورکییەکانیشی لە ئاستێکی هونەری بەرزدان و نیشانەی دەستەڵاتی ئەون لەزانینی ئەو دوو زمـانەدا.دووجـار ســـەردانی ئەســـتەمبوولی کـــردووەو زۆر شـــوێنی کوردســـتان گەڕاوە، دواجار لە ١٩١٠ ز کۆچی دوایی کردووە .

شاعیرانی وەکو حەمدی و بێخوود و کەمالی و ویصالی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا تاوەکو ناوەڕاستی ئەم سەدەیەش لاسایی ئەو شاعیرانەی سەرەتایان دەکردەوە.

دەتوانین خاسیەتی شیعریی شاعیرانی کۆن لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە: هەموویان. بێجگە لەو شاعیرانەی بەدیالێکتی گۆرانی شیعریان نووسیوە) هونەرەکانی شیعری عەرەبی و فارسییان بەکارهێناوە، لەکێشی عەروزی عەرەبی و هونەرەکانی شیعریی وەکو موستەزادو مولەممەع و پێنج خشتەکی و چوارین و تێهەڵکێش و تەرجیع بەند. هەروا لە هەڵبژاردنی مەبەستەکانی شیعردا، وەسف و ستایش و پیاهەڵدان و داشۆرین و غەزەل و نیشتمانپەروەری و کۆمەلایەتی و ئایینی پێڕەوی شیعری میللەتانی رۆژهەلاتیان کردووەو لە هەڵبژاردنی دەستەواژەو زاراوەی ئەدەبی کلاسیکی میللەتانی رۆژهەلات درێغیان نەکردووە، وێڕای پێڕەوی شێوازەکانی (خوراسانی، عیراقی، هیندی..)

(باسێکی دیار لە شیعری کلاسیکی کوردیدا- کە رەنگە تا رادەیەک لە زۆر بەرهەمی تری رۆژهەلاتی جیابکاتەوە، ئەوە باسی وڵات و نیشتمانپەروەرییە، کە زۆر زوو لە شیعری کوردیدا سەری هەڵداوە.

## تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا

دوابەدوای جەنگـــی یەکەمـــی جیهـــانیی، ســـەرەتاو خـــاڵی وەرچەرخـــان بەرەو قۆنـــاغێکی نـــوێ لە شـــیعری کوردیـــدا دەســـتیپێکرد، ئەمەش لە رێـــگەی کـــاریگەری خوێنـــدنەوەی ئەدەبیاتی تازەی تورکەوە، کە ئەوانیش لەو رۆژگارەدا بە هۆی کاریگەری رێبازە  ئەدەبییەکانی رۆژئاوا لە هەوڵی نوێبوونەوەو تـــازەکردنەوەدا بـــوون. بـــارودۆخی سیاســـی و کـــۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کوردستانیش کەوتبووە قۆناغێکی نوێوەو تەنانەت **د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ** دەڵێ:

(تـــازەکردنەوەی شـــیعری کـــوردی دەبەســـتین بەبـزووتنەوەی ئـازادیخوازانەی نەتەوەیـی کـوردەوە..) پاشـان دەڵێ: (یەکەم گۆڕینی کێش و قافیەی شیعری کوردی، بەرەو شتێکی تازەی سـەر بەجیهـانی شیعری جیهانی لە سروودی کوردی دا بوو.)

لێرەدا د.عیزەدین بـاس لە(**زێـوەر**)دەکـات، کە ئەو سـروودانەی لەسـەر ئـاوازی سـروودو گـۆرانی تـورکی هۆنیـوەتەوە، بەمەش ساڵی تازەکردنەوەی شیعری کوردی بۆ ناوەڕاستی بیستەکان دەگەڕێنێـتەوە، بەڵام رۆڵـی شـێخ نـوری لەم بـوارەدا نـاکرێ چاوپۆشـی لێبکرێـت، وەکـو رەفیـق حیلمـی دەڵێ:(تـا ماوەیێـک زەعیمی ئەو ئینقلابە بووە..)

ئەگەر بە وردی بۆ سـەرەتای ئەو تـازەکردنەوەیە بچین، ئەوا (**پیرەمێرد**) و (**عبدالرحمن بەگی نفووس**) و(**شێخ نووری شێخ سـاڵح**) و (**گۆران**)**و** (**رەشید نەجیـب**) **و** (**عبدالواحـد نـوری**) بەڕابەرانـی ئەو

بزووتنەوەیە دەژمێردرێن و هەمووشیان بەئاشکرا کاریگەری ئەدەبی تورکییان بەسەرەوەبوو.

(گۆران) دەڵێ:(نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نووری و رەشید نجیب و من،کە پێکەوە بەئەدەبی تورکی متأسر بووین و پێکەوە ئەمان نووسی، بەڵام تەنها شێخ نوری شعرەکانی بڵاوئەکردەوەو من بڵاوی نەئەکردەوەو ئەو لەم بارەیەوە نشاگی دەرئەکەوت و ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شعری تازەی تیا پەیدا ببوو،کە پێیان ئەوترا **(ادبای فجری ئاتی)** لەوان (**توفیق فیکرەت**)و (**جلال ساهر**) بوون.. وە ئەدیبێکی تری تورک کە (**عبدالحق حامد**)ە ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبوو، بەڵام دیسان هەر پێی متأسربووین، هەموومان بەیەکەوە ئەمان روانییە یەک کڵاورۆژنە، بەڵام ئەتوانرێ بە شێخ نوری بوترێ سەرۆک بەهۆی:

١- زۆری بەرهەمی.

٢- بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی کە بێ گومان تەئسیری ئەبەخشییە سەر ئەدەبی کوردی). سەبارەت بە سیماکانی ئەو تازەکردنەوەیەش دەڵێ:

(تازەکردنەوە کە چی بوو؟

١- یەکیەت بابەت (وەحدەی موضوع)یان هێنایە کایەوە.

٢- تەرتیبی قافیەکان گۆڕان.

٣- ئەگەر شعر هەر لەسەر عەرووزی عەرەب هۆنراوەتەوە لەم سەردەمەدا، بەڵام مجزوئەکانی بحری عەروزیان وەرئەگرت.

لێرەدا لە ئاست خاڵێکی گرنگ دەوەستین، ئەویش ئەوەیە بەپێی قسەکانی (گۆران) خۆیشی لەرووی مێژووییەوە بێگومان

(شێخ نوری شێخ ساڵح) رچەشکێنی شیعری کۆن بوو یان وەکو(کامەران موکری) شاعیر واتەنی (مامۆستا ماوەی گوێزانەوەیە (فترە الانتقال) لە هۆنراوەی کوردیدا).

هۆکارەکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی:

ئەم تازەکردنەوەیەش هەروا بەخۆڕایی یان بە ئارەزوو نەبوو، بەڵکۆ چەند هۆکارێک یارمەتیدەرو ڕێگەخۆشکەری ئەو تازەبوونەوەیە بوون، لەوانە:

بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەو رۆژگارەدا، پێویستی بە ژیانێکی نوێ و سەربەستی و گۆڕان لە چەمکی شیعرییشدا هەبوو وەکو بەشداری کردنێک لەو پرۆسەیەدا، شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد و ئەو گۆڕانکارییانەی لە باری سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی بەسەر نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانیدا هات و پەیماننامەی سیڤەری لێکەوتەوەو هۆشیاری نەتەوەیی وهەوڵدان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسیی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بابەتە گەرماوگەرمەکانی ئەوێ رۆژێ لە ناوەڕۆکی شیعری کوردیشدا رەنگی دایەوە.

لە باری رۆشنبیرییەوە بڵاوبوونەوەی چاپخانەو چالاکی رۆژنامەوانی کوردی و دامەزراندنی هەندێ و قوتابخانەو کۆمەڵی رۆشنبیر و پەروەردەیی هۆکارێکی تری ئەو وریابوونەوەو سەرهەڵدانی بیری تازەو رەوتی تازەی ئەدەبی بوون بە تایبەتی لە رێگەی نمایشی شانۆیی و کردنەوەی خولی فێربوونی خوێندن بۆ هەمووان، وەکو چالاکییەکانی جەمعیەتی زانستی کوردان لە سلێمانی (١٩٢٦). هەروەها گەڕانەوەی

هەندێ شاعیری کورد لە تورکیای عوسمانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەرووی هەموانەوە حاجی تۆفیق بەگ (پیرەمێرد)، لەگەڵ گەڕانەوەیدا هەوڵی دەدا بە کاریگەری بیری نەتەوەیی و بە لاسایکردنەوەی شاعیرە تورکەکان وەکو عومەر سەیفەدین کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردیی و فەرهەنگی زمانی لادێیەکان زیندوو بکاتەوەو لە شیعرەکانیدا بەکاری بێنێ. بۆیە پیرەمێرد بە سەردەستەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە رووی زمانێکی سادەو رەوانی کوردی و بەکارهێنانی کێشی بڕگە بە کاریگەری شاعیرانی زاری گۆران دەژمێردرێت.

ئەوەش دیارە سەرەتاکەی لەلای کەسانی خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرز دێتەکایەوە، **شێخ نوری** توانی یاخی بوونی خۆی رابگەیەنێ و بەرهەمەکانی بەقەناعەتەوە بویرێ بڵاوبکاتەوە. (ئەگەر خوێنەر بە وردی شوێن پێی شیعر و نووسینەکانی شێخ نووری هەڵگرێ، ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە، کە لەگەڵ (نوێبوونەوەکە) سەرپێی و راگوزارانە نەبووە، بەڵکو بەدڵ و بەگیان و لەقووڵایی ناخییەوە لەگەڵی هەڵتەکاوەو چووەتە ناو ئەزموونی تازەی شیعری کوردییەوە، یەکەم جار کە ویستی بەشیعری تازەی تەعبیر لە ژیان و روانینی تازە بکات..) .

ئەم دەست نیشانکردنە مێژووییە بۆ سەرەتای تازەکردنەوەی شیعری کوردی، ئەوە ناگەیەنێ، کە کەسی تر بەشداری نەکردووە یان رادەی داهێنانی شاکاری شیعری فلان لەفلان باشترە، نەخێر، هەر شاعیرەو بەپێی بەرهەمەکانی پایەی خۆی دەستێنیشان دەکات و بەرهەمەکانی گەواهی بۆ ئاستی شیعری ئەو دەدەن، بەڵام لە نووسینەوەی مێژووی تازەکردنەوەی

شـیعری کوردیشـدا نـابێ ئەو راسـتییە پشـتگوێ بخرێـت، کە سـەرەتا کێ دەسـتی پێ کـردووەو رچەکەی شـکاندووە، شـێخ نـووری هەسـتی بەوە کـردووە، کە دەبـێ ئەدەبـی کـوردی و شیعری کوردییش خاسیەتی خۆی هەبێ و نابێ هەر چاوی لە لاسـاییکردنەوەی عەرووزی عەرەبـی بێـت، بـۆیە دەڵـێ: (مەعلوومی عالیتانە زیانێکیش، کە مەوجوودیەتی خۆی ئیسپات بکـا لازمە بەڵکو واجبە ئەدەبیـاتی ببێ، لە نووسـیندا ریعـایەت بکـرێ، چـونکە تەرزی تەکللـوم و شـێوەی تەحریـریەی هەمـوو قەوم و میللەتێ جیـاوازە. ریعـایەت کردنی ئەم نـوقتەیەش بە و جـودی عـیلم و ئەدەبیـاتەوە مـومکینە کە ئەم جـیهەتەش مەعەل ئەسەف مەفقوودە.).

**(گۆران)** زیاتر لەناو هاوەڵەکانی دەرکەوت و بووە لـوتکەیەکی بڵنـد لە پرۆسـەی تـازەکردنەوەی شـیعری کوردیـدا، کەئەمەش بێگومـان چەنـد هۆکارێـک یارمەتیـدەری بوون،وەکـو زانینـی زمانانی تری غەیری کوردی بەتایبەتی ئاشنایەیی لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی و فارسی و شارەزایی لەئەدەبیاتی کـۆن و تـازەی رۆژهەڵات و ئەزمـوونی شـیعرییان و بەردەوام بوون لە گەشتوگوزارو باری ناگزووری خێزانی و لەسـەرووی هەمووشـیانەوە تێکەڵاوبـوونی بە سیاسـەت و لەبەر گرتنـی رێبازی ریالیزم.

**(گـۆران)** خۆی ئەمەی روون کـردۆتەوە: (پاش ئەم مـاوەیـە کـە سەرمەسـتی ئەدەبـی تـورکی و فارسـی بـووین، بەرە بەرە ئەدەبی تـازەی عەرەب و ئەدەبـی ئینگلیـزی هـاتنە کـایەوەو بڵاوبـوونەوە،وە

هەروەهــا (تیــار)ی سیاســی و کــۆمەڵایەتی کەوتە ناومــانەوە وە مــن بەتەئسیری ئەم دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە).

## ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

ڕەخنەی ئەدەبی وەکو لقێک لە لقەکانی زانستی ئەدەبیاتناسی ڕۆڵێکــی گەورەی لەپێشخســتنی ئەدەبیاتــدا هەیەو لە ڕێگــایەوە دەتــوانین پەرە بە ئەدەبیــات بــدەین،ئەدەبی کوردیشــدا وەکــو ئەدەبێکی سەربەخۆ و خاوەن خەسڵەتی تایبەتی و نەتەوەیی لە ڕەوتــی ئەدەبیــاتی جیهانیــدا ڕاســتە دواکەوتــووە بەهــۆی چەنــد هۆکــارێکی ڕامیــاری و کــۆمەڵایەتییەوە،بەڵام بە قۆناغەکــانی پێشــکەوتنی ئەدەبیــاتی جیهانیــدا ڕۆیشــتووە. لە ئەدەبــی کــۆنی کلاسیکەوە پەڕیوەتەوە بەرەو ئەدەبیاتی نوێ و ئەو کەسانەی، کە دەســـتیان لەنـــوێکردنەوەی ئەدەبیـــاتی کوردیـــدا هەبـــووە هەرخۆیــان ســەرەتای ڕەخــنەی کوردییــان دامەزرانــدووە، کە بە شــێوەی لێکــۆڵینەوەو شــیکردنەوەی ئەکــادیمی و زانســتییەوە ئەنجام دراوە، هەرچەند لە ژمارەی ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کورتە باسە هەوڵمانداوە باسی ڕەخنەی کوردی لەکۆنەوە تاوەکو بەکارهێنانی شێوە زانستییەکەی بەم شێوەیە دابەشمانکردووە:

**١- ڕەخنەی شیعری کوردی**

**٢- ڕەخنەی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی**

**٣- ڕەخنەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان**

## سەرەتاکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی

مرۆڤی کورد لە کۆنەوە تاوەکو ئەم ڕۆژگارە بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی، هەندێ لایەن و دیاردەی ژیانی خۆی و دەوروبەری هەڵسەنگاندووەو بەشتی باشی وتووە باش و بەشتی خراپی وتووە خراپ و بەپێی ئەو جۆرە بیروباوەڕەی کەهەیەتی،ئەم جۆرە وتنە جۆرە هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی ڕەخنەیەو دەچێتە خانەی ڕەخنەی(سادەو ساکار)ەوە و دەتوانین بەخاڵی دەسپێکی ڕەخنەی کوردی و سەرهەڵدانی دابنێین.

هەرئەم جۆرە بۆچوون و تێڕوانینەی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیدا دواتر لە شیعری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و شیعریش یان ئەدەبیاتیش تەنها بەڵگەیە،کە بەزمانی کوردی لەسەردەمێکی کۆنەوە بۆمیللەتی کورد ماونەتەوە.ئەگەر بەپێی بۆچوونی ڕەخنەگرەکان بێت و سەرەتای ڕەخنەی کوردی بە ڕەخنەی شیعریی دەستی پێکردبێت ، بۆمان هەیە بۆچوونە ڕەخنەییەکەی (بابەتاهیری هەمەدانی) لەبارەی نادادپەروەری ژیان و گوزەرانی خەڵکی وەکو جۆرە ڕەخنەیەکی شیعری دابنێین، بابا تاهیر دەڵێت:

**گر دستم رسد بر چرخ گردون**
**از اون پرسم این چون آن چون**

هەروەها ڕەخنەگرێکی شیعری تری وەکو)مەلای جزیری (لەبارەی بایەخ پێدانی خوێنەرانی سەردەمی خۆی بە شیعری هەردوو شاعیری فارس)حافز و سەعدی شیرازی(و بایەخدانیان بەشیعری کوردی،هەروەها بۆچوونە ڕەخنەییەکەی)ئەحمەدی خانی(لەبارەی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی و هەوڵنەدان

بۆبەکارهێنانی جۆرە دراویێکی کوردی،جگە لەمەش هەرلەو سەردەمەدا جۆرە یاساو دەستورێک بۆ ڕەخنە دەست نیشان دەکات، بۆنموونە:

**خەلقی کو ژ سینەو ژ دڵ ساف**

**پاکیزە سروشت و ئەهلی ئینساف**

**بیلجوملە بکەن ژ بۆمە تەحسین**

**بێژن کو ب قنجی هاتە تەدوین**

هەروەها ڕەخنەکانی(نالی) شاعیر لە خوێنەرانی لە سەردەمی خۆیدا، کە ئەوا ئەوەندە بەهای ئەدەبی کوردییان زانیوە (توحفە)بووە ، یاخود ڕەخنە گرتنی(نالی) لە نەبوونی جۆرە خوێنەرێکی ڕەخنەکر،کە بتوانێ ئاست بەرزی شیعرەکانی (نالی)بخاتە ڕوو و لێی بدوێ ئەم بۆچوونە ڕەخنەییەی نێوان شیعری کلاسیکی کوردی، تاڕادەییەک دەتوانین بەخاڵی دووەمی ڕەخنەی کوردی دابنێین ، کەوا شاعیرە ڕەخنەگرەکانی لەخەمی نەبوونی ڕەخنەگردا ئەو جۆرە ڕەخنەییەیان وەک مەبەست گرتووە،واتە هۆشیارییەکی ڕەخنەییان خستۆتەڕوو،یان ویستوویانە باس لەدیاردەکانی کۆمەڵ بکەن لەچوارچێوەی شیعردا،چونکە ڕەخنە وەک هونەرێکی ئەدەبی بەشێوەی پەخشانی دەنووسرێت نەک شیعر واتە زمانی ڕەخنە پەخشانە، نەک شیعر، بۆ باسکردنی قۆناغی دووەمی ڕەخنەی کوردی دەتوانین کتێبەکانی(ئەمین فەیزی بەگ، عەلی کەمال باپیر، ڕەفیق حیلمی، عەلائەدین سەجادی)بکەینە سەر دەستەیەک بۆباسکردنی سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

مـــانەوەی دەقە ئەدەبییەکـــان بۆمـــاوەیەکی زۆر بەبـــێ هەڵســەنگاندنی ڕەخنەیــی، بــوونی ئەم دیاردەیەش کەم و زۆر کــاری لە تێــڕوانین و شــاعیرانی کــورد کردووە،بــۆیە هەنــدێ لەبەیتە شیعرەکانیان بۆتە زمانحاڵی سکاڵای شاعیران بەدەست نەبوونی ڕەخنەگـرو ڕەخـنەی کـوردییەوە،هەر ئەم دیـاردەیەش وای لە هەنـدێکیان کـردووە بە زمـانێکی زبـر،ڕەخنە لە گـوێگرو خـوێنەرانی سـەردەمی خۆیـان بگـرن ، بـۆ نمـوونە (نـالی) پـاش ئەوەی شــانازی بە شــیعرەکانی دەکــات ئەنجــا بەبێــزارییەوە بۆچوونی ڕەخنەیی خۆی لەشیعرەکانیدا دەخاتە ڕوو دەڵێت:

**عومرێکە بەمیزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**

**زۆرم وت و کەس تێنەگەیی ئێستەخەمۆشم**

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ لە سەردەمی (نالی) دا خوێنەری زیرەکی شیعرەکانی کەم بووە، بۆیە (نـالی) لە ویژدانـی خۆیدا گەیشتۆتە ڕاددەی خامۆشی، لەوانەشە سروشتی خوێنەرانی ئەو سـەردەمە مەیلیـان بەلای شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا نەبووە و بە چـاوی سلبی سـەیریان کردبێت و هەرئەوەشـە وای لە (نـالی )کـردووە ڕەخنەیان لێبگرێت :

**کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکردییە خۆکوردییە**

**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تاڵبی مەعنا دەکا**

ئاست نزمی خوێنەرانی سەردەمی(نالی)و باش تێنەگەیشتنیان بۆ بەهـای بەرزی شیعرەکانی وای لەو شـاعیرە کردووە پاکانە بۆخۆی بکات و ڕەخنە لەو کەسانە بگرێت،کە بەبێ هیچ زانیاری و تێگەیشتنێک تانەو ڕەخنەیان لەشیعرەکانی گرتووە و دەڵێ:

**لەجگەرگۆشەیی شیعرم مەدەن مەعنایی خراپ**

**بێ خەتا کەس نییە ڕازی کە لە ئەولادی درێ**

ئەمەش ئەوە دەگەیەنــێ، کە شــیعر بەلای(نــالی)یەوە وەکــو منــاڵی خــۆیەتی و ڕازی نیــیە بەخراپــی شــیعرەکانی لەلایەنــی کەسانی ناشارەزاوە لێکبدرێتەوە. ئەم جۆرە ڕەخنە شیعرییانە لای زۆر لە شــاعیرانی کلاســیکی کــوردی ڕەنگیــداوەتەوە بــۆیە دەبینین (مەلای جزیری)شاعیر سکاڵای خۆی خۆی دەردەخات لەدەســت نەبــوونی ڕەخنەگرێکــی ئەوتــۆ کە قەدری شــیعرەکانی بزانێ و بەهای خۆی بداتێ :

**ئەسرارێ ئەزەل دێ د ئەبەد بێنە ڤوهووری**

**ئەنجامێ سەرئەنجامێ ژ ئاغاز چ حاجەت**

**گەر لوئلوئێ مەنپور ژ نەڤمێ تو دخوازی**

**وەر شعرێ مەلێ بین تە ب شیراز چ حاجەت**

حــاجی قــادری کــۆیی شــانازی بەزمــانی کــوردییەوە دەکــات بەرانبەر بەزمانی فارسی و داوای قەدردانێک دەکات،کە قەدری شیعرەکانی بزانێت :

**مەڵێن فەساحەتی کوردی بەفارسی ناگا**

**بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ...**

لەم جــۆرە قۆنــاغەدا نــابێ نکــۆڵی لەڕۆژنــامەوانیی کــوردی لە ســەرهەڵدانی لەڕەخــنەی کــوردی بکرێ،کە(شــێخ نــووری شــێخ ساڵح) بە سەردەستەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە دادەنرێت، هەرچەندە سروشتی ڕەخنەی ڕۆژنامەوانیی زۆر کورتە و ڕەخنەگر بەپێی گۆشەی نێو ڕۆژنامەکە دەبێ بیروبۆچونی ڕەخنەی خۆی گەڵاڵە بکات وبەشێوەیەکی کورت پێشکەشی بکات،لەم جۆرە ڕەخنەیەدا

ڕەخنەگری ڕۆژنامەوانیی ناتوانێ هەموو لایەنە هونەرییەکانی دەقی ئەدەبیی بەسەربکاتەوە.

دیارترین سیمای ڕەخنەی کوردی ئەوەیە، کە زۆر درەنگ سەری هەڵداوە،بۆ نموونە شیعری کوردی دوای نزیکەی هەزار ساڵ،دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئەوسا سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دەرکەوتووە،واتە دەقی ئەدەبی کوردی ماوەیەکی زۆر بەبێ ڕەخنە ماوەتەوەو لەسەدەی بیستەمدا ڕۆژنامەوانیی کوردی ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشکەوتنی ڕەخنەی کوردیدا بینیووە.

## سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی بە شێوەی کتێب

ژمارەی ئەو کتێبانەی خۆیان لە قەرەی رەخنەی کوردی داوە زۆر کەمن و دەتوانین کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)[1] ی (ئەمین فەیزی بەگ) بەسەرەتا دابنێین،هەروەها دیاردەیەکی زەقی تری ڕەوتی ڕەخنەی کوردی هاوچەرخ ئەوەیە زۆربەی نووسینە ڕەخنەییەکان لەمەودای ڕەخنەی بۆچوونی کارتێکردندا(النقد الانطباعی)دەخولێنەوەورەخنەگرەکان بۆچوونی تایبەتیی خۆیان دەخەنە بێ پەیڕەوکردنی میتۆدێکی ڕەخنەیی.

هەوڵدانەکەی(ئەمین فەیزی)دیارە تەنها بۆکۆکردنەوەو پاراستنی شیعری ئەو شاعیرانە بووەو لە دووتوێی کتێبەکەیدا لە ئاست هەندێ لە شاعیرەکان تێبینی هەبووە، وەکو ئەوەی بەرامبەر(نالی)دا دەڵێ: زەکای نالی ئینکار ناکرێ.لاکین ئەوەندەی سەنایعی لەفزییەی ئیستعمال کردووە پیاو رەنگە بڵێ:شیعری

[1] : ئەمین فەیضی،ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد،چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٨٢.

ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە.(ئەنجوومەنی ئەدیبان،ل٢٧-٢٨)
یان لەبارەی (شێخ رەزا)ەوە دەڵێ:
شیعری شێخ رەزا ئەوەلەن وەهبی و فیگری بوو سانیەن کەسبی.لە چوار لیساندا شاعیر بوو بیلخاصە ئەشعاری کوردیەی هەموو عیبارەتە لە فەصاحەت و بەلاغەت، لە نیکاتی دەقیقەو زەرافەت و سەعەتی قەریحەو مەعلوماتی خارجی تەقریرە.(ئەنجوومەنی ئەدیبان،ل ٢٩).هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە ئەمین فەیزی زیاتر ئەدەب دۆست بووە ، نەک ڕەخنەگر.

هەوڵدانێکی تر لە بواری کۆکردنەوەی شیعرو هەندێ جار هەڵسەنگاندن و باسکردنی ئاست بەرزی شیعرو شاعیراندا ،عەلی کەمال باپیرئاغا لە ساڵی ١٩٣٩دا کتێبێکی بە ناونیشانی (گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم)[١] بڵاوکردۆتەوەو هۆی دانانی کتێبەکەی وەکو خۆی دەڵێت:

(منیش لەسەر ئەو فەرموودەو تەشویقاتەی چەندێ لەیارانی وەتەن پەروەران دەستم کرد بەکۆکردنەوەو نوسینی تەرجەمەی حاڵ و ئەشعاری شاعیرانی هاوعەسرم و ناوم نا (گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم.

هەوڵدانەکەی (عەلی کەمال) هەرچەندە بە ڕەخنەی زانستی و ئەکادیمی لە قەڵەم نادرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا جۆرە هەڵسەنگاندنێکی نواندووە،کە پێوەندی بە بابەتی ڕەخنەسازیی گشتییەوە هەیە. لەباسی(ئەحمەد موختاربەگی جاف)دا دەڵێ:

- **شیعرەکانی بەتام و خۆش و ڕەوانە.**
- **عبدالخالق ئەسیری شاعیرێکی وەتەنییە.**

---

**- پیرەمێرد شیعری نموونەی کوردی پەتییە واتەی بێگانەی تێدا نییە.**
**- گۆران شاعیرێکی بێ تەمەڵوقە شیعری هەموو ئاڵو واڵایە حسیاتی دەماغیشی باڵایە.**

بەم شـێوەیە دەبینـین نووسـەر پەیـڕەوی هـیچ ڕێبـازێکی نەکـردووە،بەڵام لەهەمانکاتـدا بەهەوڵـدانێکی تـاک و تەرای سـەردەمی خـۆی دادەنرێـت،کە لە دووتـوێی کتێبێکـدا تۆمـاری کردووە.

**ڕەفیـــق حیلمـــی** لە سـاڵی ١٩٤١ بەرگـی یەکەمـی کتێبـی( شـــیعرو ئەدەبیاتی کـــوردی)ی بڵاوکـــردۆتەوە،کە وەکـــو دوو کتێـبەکەی پێشـوو لە مێـژووی ئەدەبـی کـوردی دەدوێ،بەڵام تاڕادەیەک زیاتر بەرەو ڕەخنەسازی دەشکێ،چونکە باسکردنی ژیانی شاعیران مەبەستی نووسەرەکەی نییە.

بۆنموونە لە باسکردنی هەڵبەستێکی(پیرەمێرد)دا بەناونیشانی (بێبایەخی دەوران) تۆماردەکات و شیدەکاتەوەو سێ ڕوانگەی گرتۆتەبەر:

١- دەرخسـتنی زەمیـنەی فەلسـەفی هەڵبەسـتەکەو ڕاڤەکردنـی بۆچوونەکانی،کە لە سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەقوڵێت .

٢- لێکـدانەوەی ڕوداوە هـونەرییەکە وەکـو ڕەمـزو نیشـانەیەک بۆدەربڕین لەو زەمینە.

٣- هەڵسەنگاندنی ڕاددەی هونەری هەڵبەستەکە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبەستێکی(ئەودیودا) دووپاتکردنەوەی بەرزی پلەی شاعیرە باسکراوەکەی .

دیارە وەکو رای هەندێ لە رەخنەگران دانانی ئەم کتێبەو بەم شێوەیە بووە بە ڕێگە خۆشکەرێک بۆ نووسەرێکی وەکو (**عەلائەددین سەجادی**)،کە چەند کتێبێک دابنێت و لەوێدا هەندێک ڕای ڕەخنەیی و بۆچوونی ڕەخنەیی بخاتە ڕوو، وەکو کتێبەکانی (مێژووی ئەدەبی کوردی)،(لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی)،(نرخ شناسی)...هتد.

## سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە رۆژنامەوانیی کوردیدا

ئەو ڕۆژنامانەی لەسەرەتای بیستەکاندا دەرچوون بێگومان دەورێکی باشیان بۆخولْقاندنی دۆخێکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەب و هۆشیاری سیاسی و نیشتیمانی لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەبووە و لاپەڕەکانی بەرکوڵی ئەدەب و شیعرییان بەهەموو جۆرەکانییەوە دەگرتە باوەش، هەروەها وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیش،کە باسی لە باری گشتی کۆمەڵی کوردەواری دەکرد،بەڵام دەمەتەقێی ئەدەبییان دەربارەی بەرهەمەکانی شیعر تێدا دەبینرا.

پلەی سێیەمی پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی بە پەیدابوونی چەند بابەتێکی تری ئەدەب وەک چیرۆک و پەخشانی ئەدەبی لەپاڵ شیعردا دەستی پێکرد ، کە دەتوانرێ ناوەڕاستی بیستەکان بەسەرەتا دابنرێ،(بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی هەر نەهاتەکایەوە و هەر لە قاوغی تەسکی خۆیدا مایەوە. ئەوەی کە بەرچاوە ڕۆڵی ڕۆژنامەوانیی کوردییە لەبواری گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی بەگشتی لە باشووری کوردستاندا ، بەتایبەت لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لەسالانی (١٩٢٠- ١٩٢٢) ئەدەبیات بە گشتی گەشەی کردو و بابەت و ژانری نوێ هاتە کایەوە و

یەکەم هەوڵــدان بــۆ نووســینی شــیعرو پەخشــانی کــوردی بەشــێوەیەکی ڕێکوپێــک و بەزمــانی کــوردی پەتــی دوور لە بەکارهێنانی وشەی بیانی لەپێشبڕکێکەی ڕۆژنامەی( پێشکەوتن) دا بــووە ، کە مێجەرســۆن ســازیکرد و و شــێخ نــووری شــێخ ساڵح پلەی یەکەمی تێدابەدەست هێناوە.جگەلەوەش سەرەتاکانی نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی بەشیعرو پەخشانەوە هەر لەو ڕۆژنامەیەدا بووە و چەند جۆرێکی ئەدەبی تێیدا هاتۆتەکایەوە، کە بەسەرەتاو ڕێخۆشکەر ئەژماردەکرێت بۆ لەدایکبوونی چەند ژانرێکــی ئەدەبــی و بیرکــردنەوە لە تــازەکردنەوەی ئەدەبیــاتی کوردی و بەتایبەتی وتار بەهەموو جۆرەکانییەوە،کە بە پەخشان دەنووسرێت و دوای خۆی کاریگەری بەسەر ئەو ڕۆژنامانەوە هەبووە بەتایبەت ئەوانەی کە لە ناوچەی سلێمانیدا دەرچوونە.

ئەو ڕۆژنامــانەی،کە ڕۆڵێکــی گەورەیــان لەبــواری ڕەخــنەی کوردیدا هەبووە، لەناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە ، ڕۆژنامەی (ژیان)ن بەتایبەت لە زنجیرە وتارەکەی(**شــێخ نــووری شێخ ساڵح**) دا بە ناونیشانی(**ئەدەبیاتی کوردی**) بە(٢٥) ئەڵقە باسی کردووە لەساڵانی ١٩٢٦- ١٩٢٧ دا دوابەدوای ئەویش گۆڤاری دیاری لاوان و یادگاری لاوان، کە **ئیبــراهیم ئەحــمەد** ( **ســیاپۆش**) ڕۆڵێکــی گەورەی تێــدا گێــڕاوە لەبــواری ڕەخــنەدا بەلایەوە هۆنراوە(گەوهەرییەکــانی ئەدەبیــات)و شــیعر( تەرجومــانی دڵە) ئەمە جگە لە وتارەکانی،کە لەساڵی ١٩٣٢دا بڵاوی کردونەتەوە.

**شێخ نوری شێخ ساڵح** یەکێکە لەڕابەرانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەم شاعیرە جگە لەوەی لەســەردەمی شــێخ مەحمود ا ســەرنووســەری ڕۆژنــامەی (ڕۆژی

کوردستان ١٩٢٢)بووە،پێشتر دەستێکی باڵای لە بڵاوکردنەوەی چەند بابەت و وتارو شیعرێکی بەنرخ لە رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا هەبووەو دواتریش لەڕۆژنامەی (بانگی کوردستان١٩٢٢)دا کاری کردووە و ماوەیەکیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژیان) بوو، کە لە کانوونی دووەمی ١٩٢٦ لەلایەن (پیرەمێرد)ەوە(٥٥٣) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە ، ئەمەش لەپاش داخستنی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لە ساڵی ١٩٢٤دا بە هەفتەیەک دەرچووە .

شێخ نووری(٢٥)ئەڵقەی لەنووسینە ڕەخنەییەکانی لەڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکردەوە، کە خاڵی یەکەمی بەناوی (صەنعەت و صنایعی نەفیسە چییە ؟ لە ژمارە(٢٠) ی ڕۆژنامەی (ژیان) دا ڕۆژی ٦/١- ١٩٢٦ بڵاوکراوەتەوە ، خوێنەری ئەو ٢٥ ئەڵقەیە لەوتارەکانی شێخ نووری بۆی دەردەکەوێت، کە نووسەر لەژێر کاریگەری ڕەخنەی عەرەبی کۆندا بووە و ئەدەب و هونەر بەلای ئەوەوە جۆرێکن لەجۆرەکانی پیشە، کە نازناوی (صنایع نەفیسە)ی لێناوە،هەروەها بەلایەوە ئەدیبان لەڕێی صەنعەتی کەلامەوە واتە پیشەی ئاخاوتن لەڕێگای سەرگوزشتەوەو جۆری سوود بەخشینەوە جۆرە وروژاندنێک دروست دەکات ، پیشەی ئاخاوتن(صەنعەتی کەلام)بەلای(شێخ نووری)یەوە دابەشکراوەتە سەر دوو جۆر:

**١- سەرزاری**

**٢- نووسراو**

لێرەدا جیاوازییەک لەنێوان ئەو کەسانەی ئاخاوتنی سەرزاری و ئاخاوتنی نووسراو بەکاردێنن دروست دەکات و بەلایەوە

ئەگەر ئەو کەســـەی ئاخـــاوتنی ســـەرزاری بەشـــێوەیەکی سەرکەوتوو بەکارهێنا ئەوە(وتاربێژە)،ئەوەی لەنووسیندا ئاستی هونەری خۆی بخاتە ڕوو ئەوە (ئەدیبە).

(شـێخ نـووری)ئەوەی خسـتۆتەڕوو،کە هەمـوو شـیعرێک بەرهەمێکی ئەدەبییە ، بەڵام هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی شیعرنییە ،واتـا ئەدەب بـریتییە لە چەنـد جۆرێـک و شـیعریش یەکـێکە لەو جۆرە ئەدەبییانە.شیعر بەلای (شێخ نووری)یەوە وروژاندنێکی تێدا نییە، سوود لە ئەندێشەو خوازە ڕەنگی و ڕەنگەکان دەبینێ و خـۆی پێـدەڕازێنێتەوە،هەروەها پێناســەی شــیعر بەلایەوە ئەوەیە،کە بەرهەمێکـی ئەدەبیـیەو خـاوەن خەسـڵەتی بزوانـدنی گیـانی وروژانـدنی جوانکـاری دەکـات و بەم شـێوەیەش شیعری پێدەڵێن.

لەڕاسـتیدا شـێخ نـووری لە ژێرکـاریگەری ڕەخـنەی عەرەبـی کـۆن و عەرووزی عەرەبیـدا لەو وتـارە ڕەخنەییـانەی ئـاوڕی لە سروشـتی شیعر داوەتەوە و لەسـەردەمی خۆیـدا شـتێکی نـوێ بووە و نووسینی لەو شێوەیە زۆر دەگمەن بووە، بەتایبەتی لەو کـاتەدا، کە هـیچ بـۆ ڕەخـنەو بەرهەمە عەرەبییەکـان نەبـووە و شـــاعیرو خـــوێنەرانی کـــورد لەگەڵ ئەدەبیـــاتی عەرەبـــی و لێکۆڵینەوەکانیانـدا نـامۆبوونەو ئاگایـان لێنەبـووە. چـۆنیەتی وەرگرتنـی ئەم بـابەتەش لەئەدەبیـاتی عەرەبیـیەوە کـاریگەری بەســەر (شـێخ نـووری)یەوە لەم نموونـانەدا دەردەکەوێـت : بـۆ نمـوونە شـێخ نـووری لەو بـاوەڕەدایە بەهـای ڕاسـتی کـێش و سـەروا و ئـاوازو ئـاهەنگە، واتە کێش و سـەروا ئـاوازی شـیعر دروسـت دەکەن و بەلایەوە کـێش تەرازووی ئـاوازو ئـاهەنگی

شـیعرەکەیە ، کـێش بەلایەوە بـریتییە لە دەنـگ و پیتەکـان و جۆرەکانی کێش بەلایەوە دوو جۆرە(پەنجە یا هیجای و کێشی عەرووزی)، لێرەدا دەبینین شێخ نووری بۆ دەست نیشانکردنی هەردوو هەنگاوی کـورت و درێـژی کێشـی شـیعری ، هەمـان نیشانەی عەرووزی عەرەبی بەکارهیناوە، کە بریتییە لە (--/ ب).
د.کامیل حەسـەن البصـیر لە کتێبەکەیدا (شێخ نووری لە کۆڕی لێکـۆڵینەوەی وێژەیـی و ڕەخنەسـازیدا) لە ئەنجامـدا دوو خـاڵی سەرەکی خستۆتە ڕوو، کە مەبەستی ئێمەیە :
١- شێخ نووری شێخ سالْح بەسـەرۆکی ڕێبازی تازەکردنەوەی هۆنراوەی کوردی ناساندووە.
٢- بۆیەکەمجار لە مێژووی ڕۆشنبیریی کوردیدا ئەم نووسـەرە کوردە(شـێخ نووری)دروشـمی ڕێبـازی زانسـتی لە کـۆڕی لێکـۆڵینەوەی ڕەخنەسـازی و وێژەیـدا بە چەشـنێکی تیـۆری و پراکتیکی بەرز کردۆتەوە.

لە ڕۆژنامەی (ژیان)، ساڵی (٧) ژمارە(٢٣٥) ڕۆژی ٥ شـەممە ڕێکەوتـی ٢٥ ئاغوسـتی ١٩٣٢. سـیاپۆش،کە نازنـاوی نووسـەرو ڕۆنـاکبیر(ابراهیم ئەحمەد)ە،وتـارێکی بەناونیشـانی(ئەدەبیاتی کـوردی و شـاعیرەکانمان)ی بڵاوکـردۆتەوەو چەنـد بـابەتێکی ڕەخنەسـازی ڕاستەقینەی خسـتۆتە بەر چـاو و هەرلەسـەرەتای بەشـی یەکەمـی وتارەکەیدا پەنـجەی بـۆ ئەوە درێژکـردووە، کە نەتەوەی کـورد لەکـۆڕی ڕەخنەسـازیدا جـگە لە سـتایش و دۆستایەتی و برایەتی سەبارەت بەهەستیارەکانمان هیچی تریان نەبوو، بۆیە پرسیارێک دەکات و دەڵێت:

**(.. بەڵام لەمەودوا ئەو دەورە ڕۆیی، کە بە زەرد بوترێ زێر وە بە سەدەف بوترێ مرواری لەمەودوا ڕۆشنایی زانستی بەرچاومان ڕووناک ئەکاتەوە،هەموو شتێک وەک خۆی ئەبینین).**

**سیاپۆش** **دەڵێت: (شیعر تەرجومانی دڵە)، جا بە دڵابێت ئێش و ئازارو دەرد و خەفەت و هیواو نائومێدی ، گومان و باوەڕ و ترس و بێ باکی و خراپی و چاکیمان بە کەلیماتی ڕێک و پێک لە شێوەیەکی دڵگیردا بۆدەردەخات ....هتد).**

لەم وتارەدا سیاپۆش چەند شتێکی خستۆتە ڕوو ، وەکو بابەتی پێناسەی هۆنراوە بە(تەرجومانی دڵ) دەناسێنێ، کە بناغەی ڕێبازی ڕۆمانسیزمە لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا بەکاری هێناوە بۆ دەست نیشانکردنی سەرچاوەی ئەم هونەرە، هەروەها لە دۆزینەوەی حەقیقەتدا دەڕواتە سەر دروشمی سەرەکی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی و لە دەست نیشانکردنی سەرچاوەکانی هۆنراوە لەسەر تێڕوانینێکی ڕێبازی پەرناسیزم ڕۆیشتووە،هەڵوێستەکانی(سیاپۆش) لە سەرچاوەی ئەوروپییەوە سەری هەڵداوە.

هەرچۆنێک بێت ئەم هەڵوێستەی **سیاپۆش** لەڕەخنەسازی کوردیدا بەلای ئێمەوە نموونەی ڕەخنەسازی ڕەسەنی کوردییە، کە بەداخەوە بەچەشنێکی فراوان دەرنەکەوتووە و نەبووە بە ڕێبازێکی بناغەی چەسپاو و خاوەن پەیرەویکەر).

پاشتر ڕێبازی ڕەخنەسازیی لەشێوەی لاسایی کردنەوەی ڕەخنەسازیی ئەوروپی لەناو کورد دا تەشەنەی کرد و بەرەبەرە هاتە کایەوەو باوی سەند و هێشتا هەر بە کاریگەری لاسایی

کــردنەوەو دەمـــارگرتن و توانجـــدابووە،ئەمەش کەمووکـــوڕی ڕەخنەســازیی کــوردی دەردەخــات، کە هێشــتا نەکەوتبــووە ژێــر کاریگەری ڕەخنەی زانستی و ئەکادیمی .

دەرچــوونی گۆڤــاری ( گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩) بانگ هەڵدانێک بــوو بـۆ دروسـتبوونی کەشـێکی ڕۆشـنبیریی و ئەدەبیـی نـوێ ، چــونکە ئەم گۆڤــارە هاوبەشــییێکی باشــی یکــرد لە گــورجکردنی بـزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشـنبیریی ، ئەمەش بە بڵاوکـردنەوەی بەرهەمی جۆراوجۆری شـاعیرو نووسـەرو لێکۆڵەرانی کـورد لە کـۆڕی شـیعرو سیاسـەت و کۆمەڵناسـی و زمـان و مێـژوودا ، هەروەک زۆر نمـوونەی لە ئەدەبـی جیهانییەوە دەکـردە کـوردی بەتایبەت لەبواری چیرۆک نووسیندا .

ئەمە جــگە لە وتــار دەربـــارەی ئەدەب و ئەرکەکــانی ئەدەب داوای دەکـرد واز لەو جۆرە ئەدەبە بهێنـرێ، کەخەڵـکی سـوودی لێ نابینن و ئامانجیان لەگەڵ گیانی گۆڕانی سـەردەمدا نـاگونجێ ،هەروەک داوای پشـــت بەســـتنی بەزانیـــاری و زانســـت و بەکارهێنانیـان دەکـرد لە پێنـاوی پێشـکەوتندا و داوای دەکـرد شـیعری دوور و درێـژی بێـزارکەری بـێ مانـا واز لێبهێنـرێ ، ئەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێ ئەوەیە کەگۆڤـارەکە بڕیاریـدا چەنـد لاپەڕەیەک بـۆ رەخـنەی ئەدەبـی بەتـایبەتی ڕەخـنە لە بەرهەمە شـیعرییەکان تەرخـان بکـات و ڕوونـی کـردەوە،کە رەخـنە دەبـێ لەســەر دەقــی بەرهەمەکە بــێ بەبــێ تیــرو تــوانج لەشــاعیرو نووســەرەکەی،ئەمەش بەڵـگەی ئەوەیە،کە تێگەیشـتنی ڕەخـنەی هــاوچەرخ وایلێهـات لەنـاو کـوڕی ڕۆشـنبیری کوردیدا پێبگـات، ئەگەرچی بە شـێوەیەکی نیوە تەواویش بێت ، کەوا دەستەیەکی

ڕۆشـــنبیری لیبراڵـــی پەیـــدابوون،کە هەنـــدێکیان خوێنـــدنی ئەکادیمییان لەعێراق بەدەست هێنابوو و هەندێکیان لە زانکۆکانی دەرەوە،کەبەوە ئاشـــناییان لەگەڵ ڕێبازەکـــانی ڕۆشـــنبیریی جیهانیدا پەیداکردبوو لەپاڵ زمانی عەرەبیدا فێری زمانی بیانیش ببوون و لەڕێگەیەوە توانیبوویان لە پێشکەوتنی زانیاری ڕێبازە فیکری و ئەدەبیەکان ئاگاداربن . شوێن پەنجەی ئایدیای لیبرالی و بووژانەوەی ڕۆژئاوا بەئاشکرا بەسەر ئەو دەستەیەوە دیار بوو .

ئەوەش لەڕێگـــای وتـــارە بڵاوکراوەکانیـــان و وتـــارە وەرگێڕاوەکانیانەوە بەجوانی دەردەکەوێت.

سەرەڕای ئەو ئاشنایەتییە لەگەڵ ڕۆشنبیریی عەرەبی و بیانی ڕۆژئاواییدا ، رەخنە هەر بە ساوایی مایەوەو بەندی کۆڕەکان و دەمەتەقێی ناو کۆڕەکان بوو تاکو (فایەق بێکەس) وتارێکی ڕەخنەیـــی بەنـــاوی (م.کـــاردۆخی لە تەرازووی شـــیعردا) بڵاوکردەوە، کە تێیدا ڕەخنەی لەو ئەدیب و شاعیرانە گرتبوو، کە شیعر دەڵـێن یان پەخشانی ئەدەبی دەنووسـن، بێئەوەی شـارەزاییەکی باش یان زانیـارییەکی تەواویـان دەربارەی ئەو جۆرە ئەدەبە هەبێ و داوایان لێدەکات لێکۆڵینەوەی قوڵ و بەپێز بنووسـن و شـارەزایی و زانیـاریی لە بـواری شـیعرو ئەدەبـدا پەیدابکەن، تاکو بیتوانن سامانی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند بکەن ، (**کـاردۆخی**)شیعرێکی دەربارەی (عەبـاو پەچە) بڵاوکردبـۆوەو (بـێکەس ڕەخـنەی لەنـاوەڕۆک و کـێش و داڕشـتنی شـیعریی لەڕووی زمان و ماناوە لێگرتووە .

هەرلە هەمان ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژدا ژمارە(٩)ی ساڵی(٤)ی ئەیلولی ١٩٤٣ (ا . ح . هەردی) رەخنەی لە چەند دێڕە شیعرێکی (مەدهۆش) گرتووە و ناوی وتارەکەی ناوە (مەدهۆش و شیعر)،بەشێوەی رەخنەگرێکی تێگەیشتوو و پسپۆڕ رەخنەکەی ئاراستەی یەکێتی بابەت و زنجیرە و ئامانج و مەبەستەکان دەکات.

بەم شێوە ڕەخنەی شیعری کوردی بەرەبەرە گەشەکردووە و گۆڤاری (گەلاوێژ) لەماوەی دەساڵی دەرچوونیدا (١٩٣٩- ١٩٤٩) بۆتە مەیدانی ئەدەبیات و دەمەتەقێی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی، کە شاعیرە هاوچەرخەکان بۆ بەرگری لەخۆیان و شیعرەکانیان پەنایان بردۆتەوە بەر گۆڤاری گەلاوێژ و ڕاوبۆچونەکانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. دواتر لە گۆڤارەکانی ساڵانی حەفتاکاندا بەتەواوەتی ڕۆشنبیریی کوردی گەشەی کردو بڵاوبووەوەو چەندین ژانری ئەدەبی ڕۆژئاوایی تێکەڵ بەئەدەبی کوردی بوو و کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی کورد لە هەندەرانەوە گەڕانەوە کوردستان و هەندێکیان لە بەغدا جێگیربوون و پەرەیان بە ئەدەبی کوردیداو لەوانەوە ڕەخنەی شیعری کوردی زیاتر بەرەو ڕێڕەوێکی ئەکادیمیانە هەنگاوی نا.

## بزووتنەوەی (روانگە) قۆناغێکی نوێی شیعری کوردی

ئەدەبـی هەر نەتەوەیەک بە پێـی رۆژگـارو سـەردەمەکان و لەگەڵ هـاتنە پێشـەوەی گۆڕانکـارییە ئـابووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکاندا قۆنـاغێکی نـوێ بە سیما و خەسڵەتی تـازەوە دەردەکەوێت بۆ ئەوەی گوزارشت لەو رەوتە نوێیە بکات.

بـزووتنەوەی روانـگە لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٠ ەوە لە بـارودۆخێکی تـایبەتی کـورددا تـوانی گـۆڕو تینێکـی نـوێ،بە کـاریگەریی نوێخـوازی دراوسـێ و کلتـوری نەتەوەیـی و رێبـازە ئەدەبـی و هونەرییەکـانی جیهـانی لە رێـگەی وەرگێـڕانەوە،بە ناوەنـدی شـیعر و ئەدەبیـاتی کـوردیە ببەخشـێت.ئەم لێکـۆڵینەوە هەوڵـدەدات وەڵامـی سـیما نوێخوازییەکـانی ئەو بـزاڤە و کاریگەریی لە دوای خۆی بداتەوە.

ئەگەر ئەدەبی نـوێ یـان بە قوتابخـانەی گـۆران و هـاوەڵانی لە دوای یەکەمین جەنگی جیهـانییەوە دەست پێبکات، ئەوا ئەدەبی هـــاوچەرخی کـــوردیی لە باشـــووری کوردســـتاندا لەگەڵ بـزووتنەوەی روانـگە لە سـەرەتای سـاڵانی حەفتـاوە دەسـت پێـدەکات و دەسـپێکی قۆنـاغێکی نـوێ لە فـۆرم و نـاوەرۆکی تازەیە.

ئـاوێتەبوونی بـزاڤە نـوێ و مۆدێرنیزمەکـان لە زۆر رووەوە تـێکەڵ بە بـزاڤ و ئایـدیۆلۆژی و فەلسـەفی و ئەدەبییەکـانی رۆژئـاوا بـووەو بە جیهـانیبوونی ئەدەبیـات و ئەو کـارتێکردن و کاریگەرییـانەو بـوونی تیـۆری جیـاواز و دەستڕاگەیشـتن بە سـەرچاوەکانی ئەپسـتمۆلۆژی ئاسـان نییە،بـۆیە زۆرجـار

هەڵاوێردنی رادەی رەسەنایەتی و لاساییکردنەوە کارێکی ئاسان نییە و بەسەهووتدا دەبات.

سروشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەسفیی شیکاریی مەیدانییە.لە روویەکەوە بە ناچاری بنەما مێژوویەکانی ئەو بزاڤە دیاری دەکات و شیکردنەوەی پێویستن بۆ بوونی بابەت و سیماکانی نوێخوازی دەکات و بۆ پشت ئەستووری بۆچوونەکانیش بە شێوەیەکی مەیدانیی رای ئەو شاعیرانەی، کە ئەوسا و ئێستایش لە ئەزموونی شیعریی خۆیاندا بەردەوامن لەبارەی کاریگەریی ئەو بزاڤە وەرگیراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە پێشەکییەک و دوو پاژ و ئەنجام و سەرچاوەکان پێکهاتووە،پاژی یەکەم بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە،کە بریتیین لە چەمکی نوێخوازی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی روانگە و لە پاژی دووەمیشدا ، کە لە دوو تەوەردا پێکهاتووە،لە تەوەرەی یەکەمدا سیماکانی نوێخوازی بزووتنەوەی روانگە و لە تەوەرەی دووەمدا چارەنووسیی روانگە لە نێوان رەتکردنەوەو بەردەوامیدا خراوەتە بەرباس و ئەنجام و سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریی کراون.

## چەمکی نوێخوازی:

هەر سەردەمێک بە بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی بەنوێ دادەنرێ، بۆ نموونە نوێ بۆ تاکێکی کورد لەسەردەمی ئێستاماندا هەمان واتای جاران ناگەیەنێ ، کەواتە جیاوازی لەکاتێک بۆ کاتێکی تر، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و

لەنێوان تاکەکانیشدا هەیە، بەڵام ناوەرۆکی نوێخوازی بە مۆرکە جیهانییەکەییەوە کامڵ دەبێت.

کاتێ کە زاراوەی (مۆدێرن) بەکارهات لە زۆربەی زمانەکاندا بەبێ وەرگێڕان بەکاردەهات.تازەکردنەوە چەمکێکی فراوانە لە زمانی کوردیدا ئەم زاراوەیە چەندین شێوەوناوی بۆ بەکارهاتووە،وەک نوێگەری، نوێخوازی، نوێبوونەوە، تازەگەرایی..هتد). هەموو ئەم شێوانە یەک مەبەست دەپێکن،بەڵام لەزمانە ئەوروپییەکان و زمانی عەرەبیشدا چەمک و مەبەستی هەندێ لەو زاراوانەی لە یەکتر جیاوازن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا هەردوو زاراوەی Innovation و Modernism بەکاردێت لە زمانی عەرەبیشدا (تجدید)و (حداثة)یان بەکارهێناوە.وشەی (الحداثة)مۆدێرن یان نوێخوازی، بنچینەکەی لاتینییەو لە ((Modrusەوە وەرگیراوە.

چەمکی نوێگەری بەپێی سەرهەڵدانی و لەبەرئەوەی لە منداڵدانی ڕۆژئاوادا لەدایکبووە، بابزانین ئەم چەمکە لەهزری ڕۆژئاواییدا چی دەگەیەنێ؟

چەمکی نوێگەری لە ڕۆژئاوادا دەرهاویشتەی ململانێی هزری ئایینی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتی زانین و زانست و هۆش و ئاوەزە.ئەم چەمکە لەسەر دوو بنەما دامەزراوە:

١- هەموو بەهایەک شایانی گۆڕان و دۆخێکی تازەیە،مرۆڤ پێویستە خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت .

٢- پرۆسەی ڕەتبوون لە قۆناغی ڕابردوو، هەتا ئێستاش کاکڵەی ئەم بۆچوونە پێکدێنێت، بەرەو گۆڕانی ڕادیکاڵیانەو پێشکەوتنی کۆمەڵ. تاکە سەرچاوەی زانین مرۆڤە، کە لەسەر بنەمای ماددی

و بەرهەست واقیعی بەرچاو و بەپێی بەرنامەی زانستی دەربەست دەکرێت. نوێگەری وەکو چەمکێکی ئەپستمی و چەمکێکی پراکتیکی پەیوەستە بەچەندان چەمکی دیکەی وەک(عەلمانیەت-سکۆلاریزم-نامۆبوون- تازەگەری- گۆڕان- تەکنۆلۆژیا - ڕاپەڕین...هتد).

نوێخوازی وا ناسێندراوە،کە ئەو بزووتنەوەیەیە،کە بۆ نوێبوونەوەو لێکۆڵینەوەی دەروونی مرۆڤ هەوڵدەدات و پشت بە زۆر هۆکاری هونەریی نوێ دەبەستێ.

نوێخوازی بریتییە لەو ڕەخنانەی، کە ئاراستەی کلتور و نەوەکانی پێشوو دەکرێ، بەڵام ڕەخنەیەکی تەواو و ڕەتکەرەوە نا، بەڵکو بەمەبەستی بەرهەمهێنانی بابەتێکی بەرزو جوانتر. لەم بارەیەوە (ئالان تورێن) دەگەڕێتەوە بۆ چەمکەکانی (دۆرگهایم)و لە ڕێگەیانەوە ڕاڤەکردنێکی هاومانا ،بەڵام زۆر بەسەلیقەوە گەڵاڵە دەکات و دەنووسێ:مرۆڤ ئەو بوونەوەرە نیە،کە خوا لەشێوەی خۆی خەڵقی کردبێت،بەڵکو بکەرێکی کۆمەڵایەتییە بە کۆمەڵێک ڕۆڵی دیاریکراو سنوور بەندکراوە،واتە بەڕەفتارگەلێکی پێویست بەپایەوە،کە پێویستە لەسەری بە ڕەفتارێکی باش لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکات، لەبەرئەوەی مرۆڤ ئەوەیە، کە بە ڕەفتار دەیکات نابێ بە هیچ شێوەیەک بەدوای تاکە کەسایەتی تایبەتیی خۆیدا لە دەرەوەی کۆمەڵدا بگەڕێت، واتە لەلای خوا دەبێت بگەڕێت بەدوای دیاریکردنی چاکەو خراپەدا لەسەر ئەو بنەڕەتەی کامەیان سوودبەخشە یان زیانبەخشە، بۆ زیندوو هێشتنەوەی لە ژیانداو لە پێناو ڕەفتارێکی باشی بنیادی کۆمەڵایەتیدا.

کەواتە نوێخوازی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕوانینی نوێ سەبارەت بە ئەدەب و مێژووی کۆن، ئەو ڕوانینەی، کە کۆمەڵێک دەرگا بەسەر دنیای پێشوو و ئەمڕۆماندا دەکاتەوە.

نوێخوازی لە کۆتاییەکانی سەردەمی ڕۆمانسییزمدا دەستی پێکرد.ڕۆمانسییزم گرنگییەکی بنجی و زۆری بە شێوازو نوێکردنەوەی لایەنە جوانکارییەکان دەدا، بەڵام نوێخوازی لە ئارێشەکانی شارستانیدا نقووم ببوو،دوور لەو تەنگوچەڵەمانەی لە کاتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ داستان و بنیادو ڕێکخستندا دەهاتە پێشەوە، کێشەی هونەرمەندی هاوچەرخ ڕزگاربوون نییە لە مێژوو، بەڵکو کێشەی چۆنیەتی مامەڵەکردنیەتی لەگەڵ مێژوو.ئەگەر هاتوو لە نوێخوازیدا (خەیاڵێکی داهێنەر)،وەکو ئەوەی (**کۆلردیج**) ،لە سەرەتا و مانفیستی رۆمانسیزمدا رایگەیاند، هەبێت بتوانێ هەموو شتێکی جوان بکاتە شتی سوودبەخش، کەواتە دەبێ باوەڕمان بەوەش هەبێت نوێخوازی پێچەوانەی ئەوەش توانای رەتکردنەوەی داهێنانیشی هەیە، یەکێ لەو هۆکارانەی نوێخوازی دەکاتە ڕوویەک لە ڕووەکانی هونەری هاوچەرخ ئەوەیە،کە نموونەیێکی شارستانی و هزریی ئێستای ژیانی هاوچەرخە،کە جەنگی جیهانیی بە دوای خۆیدا هێنایە کایەوەو بووە هۆی گۆڕانکارییێکی فراوان لە ژیانماندا، ئەو هونەرەیە دان بە لایەنی واقیعی تەقلیدیدا نانێت،لەناوبردنی یاخود تێکشکاندنی کەسییێتی تاکە، ئەوهونەرەیە، کە شێواندن هێناویەتیە کایەوە،ئەو هونەرەیە، کە واقیعی گۆڕی بۆ ژیانێکی ڕێژەیی،کەواتە نوێخوازی هونەری نوێکردنەوەیە،هونەری دوورکەوتنەوەیە لە لاساییکردنەوە و بەدیهێنانی حەز و

ئارەزووە چەپێنراوەکانی مرۆڤە،کە هیچ سنووریێکی بۆ نییە.ئەم هونەرە تایبەتمەندی خۆی هەیە،ڕاکردن لەلاسایی،رق لێبوونەوە لەخود،بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی لەسەر خەڵک و کات و مێژوودا هەیەتی بە هونەری پێشەنگ دادەنرێت. کەواتە نوێخوازی لە ڕاستیدا گەورەترە لەوەی،کە تەنها داهێنانی مەسەلەیەکی ئیستاتیکی بێت، بەڵکو کێشەیەکی شارستانی و جوانیناسییە لەیەک کاتدا، کێشەی بنیاتی زمان و بەکارهێنانی، تەنگژەی یەکبوونی شێوەیە لە دواییدا، تەنگژەی ئیستاتیکییە بە واتای کۆمەڵایەتی بوونی هونەرمەند خۆی.

نووسەری نوێخواز هەوڵدەدات بەرهەمەکانی لەو کاروانە درێژە هونەرییەدا خاوەن شێوازێکی تایبەتمەند بێت،بەڵام ناکرێ بە نوێخوازی بگوترێ شێواز، بەڵکو هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەشێوازێکی تاکی تایبەت، هەروەکو (ئارڤنگ هاو) دەڵێ:(نوێخوازی بەشێوازێکی تایبەتیی کارتێکەر نەهاتۆتەوە کایەوە، خۆ ئەگەر وا هاتبێتە کایەوە، ئەوە خۆی لەخۆیدا ڕاگەیاندنی بانگەوازی کۆتایی نوێخوازییە.)

هەرلەبەرئەوەشە ئەو تایبەتمەندییانەی لە کارو داهێنانی شێوەکار و نووسەرو شاعیراندا دەبینرێ تایبەتمەندییەکی تاکەکەسییە لە کارەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، بەرهەمی هونەرمەندو شاعیرانی وەکو **پیکاسۆ- ت.س.ئیلیوت- ئیزرا پاوەند**...هتد ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. بەم شێوەیە ناتوانین تاکە شێوازێکی وەسفکراو بۆ هونەری ئەو سەردەمە دابنێین.بەو واتایەی نوێخوازی بزووتنەوەیە، کە هۆکار و تایبەتمەندی و جیهانی خۆی هەیە، ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیوە

بەرهەمێکی کلتوری و شێوازێکی تایبەت بێنێتە کایەوە،بەڵام هێمای جوانی یا جوانی هێمایی و تێڕوانینێکی پێشەنگیی بۆ هونەر ئامانجیەتی.

دواجار دەمانەوێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کاتێک، کە باس لە نوێخوازی دەکەین مەبەستمان ئەوەنییە، کە ئەو نوێخوازییە ڕەتکردنەوەیەکی تەواوی قۆناغەکانی ڕابردووبێت،چونکە مەبەست لە نوێ ئەوە نیە پێش خۆی ڕەت بکاتەوە.مەرج نییە بەرهەمێک لەلایەن نووسەرێکی پێشوو نووسرابێ بە کۆن لە قەڵەم بدرێ و ئیدی بەسەرچووبێت و نابێ باس بکرێت. ئەو تێکست و دەقە نموونەیی و ناوازانەی، کە بەداهێنان و بەرهەمی نەمر دانراون، کە هەندێکیان لەسەردەمی پێش زایینیشدا نووسراون و مێژووییەکی زۆر کۆنیان هەیە،وەکو ئەو نموونە بەرزانەی لە مێژووی ئەدەبیاتی گریکی کۆندا نووسراون وەکو داستانەکانی هۆمیرۆس و بەرهەمە شانۆییەکانی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆربیدس و ئەوانی دی، بە بەردەوامی و لە پاش خۆیشیان ڕەمزی تازەو جوانکاریی تازەیان تێدا دەدۆزرێتەوەو شیکردنەوەو راڤەی تازەیان بۆ دەکرێت.

**(کۆمیدیای یەزدانی) دانتی ئەلیجیری** ١٢٦٣-١٣٢١، کە سەفەرێکە لەگەڵ (پیاتریسی) خۆشەویستی بەرەو ئاسمان و بریتییە لە ٩٩ سروود و پێشەکییەک، ئایا ئێمە دەکرێ بەدەقێکی زیندووی دانەنێین؟ ئێ خۆ (دانتی) یەکێکە لە شاعیرە پێشڕەوەکانی ڕێنیسانس و داهێنانێکە تا ئەو جێگەیەی رەخنەگرەکان لە پاڵ وشەی کۆمیدیادا،کە بۆ ناونیشانی کتێبەکەی هەڵبژاردووە ناوی (یەزدانی)یشیان بۆ زیاد کردووە، لەو روانگەیەی هێندە

بەرزو پڕ واتا و ناوازەیە لە ئاستی وتە جوانەکانی یەزداندایە. (رۆبنسۆ کرۆزۆ)ی دانیال دیڤۆ و (دۆن کیخۆتە)ی سێرڤانتس و (بەهەشتی ونبوو)ی جۆن میلتۆن و چەندان بەرهەمی دی نموونەی ئەم راستییەن.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی روانگە:

سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەک جا سیاسی یا رۆشنبیری بێت پێوستیی بە پلان و بەرنامەڕێژی لەلایەن کەسانی شارەزاو لێهاتووەوە هەیە، رەنگە سەرەتا بە شێوەیێکی ساکاریش بێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و زیاتر برەودان بەرەو گەشەکردن و قوڵبوونەوە دەچێت.سەرەتا بە (روانگە) چۆن سەری هەڵدا چۆن توانی دەستەواژەی ( وتەی نوێ ، بیری نوێ ، کرداری نوێ) بە خەڵکی ئاشنا بکات، دەڵێین: بیرۆکەی روانگە بۆ کۆتایی سالآنی شەستەکان دەگەڕێتەوە کاتێ ، کە کۆمەڵێ رۆشنبیریی کورد لە بەغدا دەژیان لەوانە (کاکەمەم بۆتانی- حسین عارف - جەلالی میرزا کەریم) لەو سەردەمەدا هەموو دنیا هەژابوو، چ لە لایەنی نوێخوازی یا لەلایەنی فیکری - سیاسی.. هتد.

هەڵبەتە ئەم کاریگەرییە نوێخوازییە لە ئەوروپاوە گەیشتبووە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانەیش عێراق..بەم شێوەیە شاعیر و نووسەرانی کورد هەم بە هۆی گەڕانەوە بۆ کلتووری ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان و هەروا بەسوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێ هەنگاویان بەرەو نوێبوونەوە نا. سەبارەت بە سەرهەڵدانی بیرۆکەی روانگە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ :(بیرۆکەکە بیرۆکەی هەموومان بوو، ئێمە ئەو کاتە لە

بەغدا دەژیاین وا بزانم لە پێشدا بیرۆکەکە لە بارەکانی ئەبی نەواس سەری هەڵدا، ئەوەی ڕاستی بێ پێموایە ئەوکاتە جۆرێک لە نائومێدی دروست بوو بوو لە لای هەر یەکێکمانەوە بەرامبەر بە بزووتنەوە سیاسییەکان، ئێمە یەک سەقفی ئایدۆلۆژی کۆی نەکردینەوە،بەڵکو کۆمەڵێک گەنج بووین خەونمان هەبوو،کە جۆرێک یاخی بووین لە ئەدەبدا ئەنجام بدەین بەتایبەتی لە داڕشتنەوەی ماناو زماندا.)

ئاماژە بە سەرەتای سەرهەڵدانەکە دەکات و دەڵێ :( روانگە لە منداڵدانی شەستەکاندا خولقاوە، بەڵام لەسەرەتای حەفتاکاندا لەدایک بوو، ئینجا لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پێیگرت و هاتە ناو خەڵکەوە). کەواتە دەتوانین بڵێین روانگە لە سەرەتای حەفتاکاندا دەروازەییێکی نوێخوازیی لەسەر شیعر و کورتەچیرۆکی کوردی کردەوە.ئەو ماوەیەی، کە (روانگە) تیایدا لە دایکبوو سەردەمی کۆمەڵێک پرسیاربوو، کە خۆیان خستە دووتوێی مەیدانی ململانێیە سەختەکانی دنیاوە، بەتایبەتی ئەو گەلانەی، کە هەستیان دەکرد لە شارستانێتی و پێشکەوتندا دواکەوتوون و وابەستەبوون و کۆمەڵیان بە پابەندبوون بە کۆنەخوازی و مەزهەبی وەسف دەکردو بە راگەیاندنی یاخیبوون و خۆراپسکاندن ویستییان لەو بازنە خولخواردووەدا دەربچن، ئەوەی،رەنگە لە روانگەی هەندێ رۆشنبیرو رەخنەگر لە بۆچوونێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە بۆ بزاڤێکی دەستکردی حزبی دابنرێت یان لای هەندێ کەسی تر بە کەسانی بێ بەرنامەو سەرەڕۆ  بژمێردرێن، بەڵام ئەوەی توانییان و خۆیان باوەڕیان پێبوو کردیان. ڕوانگەییەکان بۆخۆیان دەڵێن : ئێمە

گلبەرنگ نیە تا سەر لەگەڵ کاروانەکەدا بڕۆین گرنگ ئەوەیە ڕێنی کاروانچییەکان ڕوشن بکەینەوە.گرنگ نیە ئەمە تونێڵە گرنگ ئەوەیە چۆن چرایەک لەدەست بگرین بە خەڵک بڵێین ئەم مەئلوفیەتە دەربڕین .

واتە روانگەییەکان خۆیان بە ڕێنیشاندەر بۆ نەوەی دوای خۆیان دەزانن و هاندانیان بۆ بەردەوامی و دەبڕینی ڕای ئازاد و داهێنانی سەردەمانە لەگەڵ هەنگاوەکانی پێشکەوتنی شارستانیەت و خۆیان دەسووتێنن و دەبنە فەنەری رۆشنکەرەوە بیری راست و نوێخوازی.ئەم حاڵەتەیش لە زۆر بزاڤی نوێخوازی و جیهاندا بووە و دەبێ، کۆمەڵەی (لەپلەییاد)،لە سەدەی شازدەهەمدا کە لە حەوت شاعیری نوێخوازی فرەنسی پێکهاتبوون هەر لە هەڵبژاردنی ناوەکەیانەوە لە ئەفسانەیەکی کۆنی گریکییەوە وەرگیرابوو دا دیارە توانییان بە مانیفێستێک بە ناونیشانی (لە پێناو ئاراستەکردن و رازاندنەوەی زمانی فرەنسی)دا ،ئەو ئەرکەیان جێبەجێ بکەن .

بەرپاکردنی ئەم تەوژم و بزاڤە نوێخوازییە لە ئەدەبی کوردیدا لەلایەن دەستەیەک لە نووسەری پێشکەوتووخواز و یاخیبووی میللەتەکەمانەوە بوو،کە ئەوانیش:(**حسین عارف،شێرکۆ بێکەس،کاکەمەم بۆتانی، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی)** بوون، کە بانگەوازی ئەو بزووتنەوەیان ئیمزاکرد و بڵاویان کردەوە. روانگەییەکان خۆیان ئاماژە بەوە دەکەن، کەوا پێویستە کۆمەڵ و ئەدەبیات لە پێناوی پێشکەوتن لە قاوغی تەسک و تێرامانی ناوچەییدا بێتەدەرەوەو چەمکی(بە جیهانیبوون) جێگەی بگرێتەوە.

لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (روانگە)دا دەڵێن:

**( ئەدەبەکەمان تا لە قاوغی تەنگەبەری ناوچەییدا بمێنێتەوە وە لەتاقی کردنەوە سەرکەوتوەکانی ئەدەبی تازەی جیهانەوە ڕۆشنایی وەرنەگرێت وەک ئاوی ڕاوەستاو بۆگەن ئەکات. ئێمە بەری ئاوی ڕاوەستاو بەرئەدەین تا بڕژێتە زەریای ژیانەوە).**

بێگومان بۆ سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە نوێکارییەش کۆمەڵێک هۆکار دەوریان هەبووەو بوونەتە هاندان بۆ سەرهەڵدان و هاتنەکایەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە بابەتی ئەدەبیدا،لەوانە:

ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کۆمەڵێ گۆڕانکاری بە دوای خۆیدا هێنا و وشک و برنگی و بێ بارانی ئەدەب و هونەری نەهێشت، لە چەندین لاوە دەرگا کرایەوە، لەوانە زیادبوونی ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان،بزووتنەوەی شانۆ و هونەری شێوەکاری و گۆرانی و مۆسیقای کوردی گەشەیان کرد، تا رادەیەکیش ئازادی رادەربڕین باشتر بوو، ئەم وەچەرخانە گڕوتینێکی تازەیدا بۆ وەچەرخان و رادەربڕین و جووڵان، ئیتر لێرەوە بیرۆکەی بانگەوازی ئەدەبی تازە بووە جێی مشتومڕو لێدوان،هەروەها هۆکارێکی تریش نزیکی تەمەنیان بوو لە یەکتری، هەموویان گەنج بوون و خولیای نوێخوازی بوون،جگە لەمەش ئاشنابوونیان بە هەندێک لە نووسەرانی ئەو کاتەی جیهان وەکو ئەلبێر کامۆ،لامارتین، وێڵسۆن، سارتەر .. هتد لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە)،بە دڵ ئارەزووی ئەوەیان دەکرد ئاستی رۆشنبیرییان گەشە پێبدەن .

بڵاوکــراوەی (ڕوانــگە) کەوتبــووە بەر تیــرۆژی ڕەوتــی ســەردەمی بــاوی حەفتاکــان، ئەوســەردەمەی کە فەلســەفەی و جودی و فیکریی نوێ دنیای هەژاندبوو، (کاکەمەم بۆتانی) لەم بارەیەوە دەڵێ:(پەیوەندیمان بە شاعیرە نوێخوازەکانەوە هەبوو بە تــایبەتی (فاضل العــزاوی) زیــاتر هــانی دەدایــن بــۆ ئەوەی بەیانێک دەربکەین).

هەرچەندە (**کاکەمەم بۆتانی**) ئاماژە بۆ قوتابخانەی دادایزم و سوریالییزم دەکات و کارتێکردنی ئەو ڕێبازانە بەسەریانەوە، بەڵام ئەویش ڕاستەوخۆ نەبووە، بەڵکو لەبەر نەزانینی زمانی ئەوروپــی لە کەنــاڵی تــرەوە ئەم قوتابخانــانە کــاری تێکردوون،کەواتە کارتێکردنی ئەدەبیاتی عەرەبی زیاتر بووە لەسەریان لە ڕێگەی ئاشنابوونیان بە بەرهەمەکانیان، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە بووە.

(**شێرکۆ بێکەس**) دەڵێ:

(کەوتینە بە دواداچوونێکی وردەوە،پێش ئەوەی گۆڤاری (٦٩) ی شیعری عێراقی بێتەکایەوە، ئێمە موتابەعەی گۆڤاری (الشعر) ی (ئەدۆنیس)مان دەکرد. جۆرێک لەدەرگای تازەکردنەوەی کردبۆوە هەروەها میسریەکانیش گەلەری (٦٨) یان هەبوو (ئاداب)ی بەیروتیشمان دەست دەکەوت، ئەمانەمان دەخوێندەوە هاتنەکایەوەیەکی بەزۆر نەبوو، سەردەم و بارودۆخی سیاسی ئەدەبی هێنایەکایەوە.)

کەواتە هەمــوو ئەو هۆکــارانەی ســەرەوە بــوونە مــایەی ســەرهەڵدانی ئەم بــزووتنەوە نوێخــوازییە.گەرچی هەنــدێ لە نووســەرانی ئەو دەمە وایــان لێکــداوەتەوە،کە ڕوانــگە

بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پاشماوەی (قوتابخانەی گۆران) ەو لێی جودا نابێتەوەو لەم بارەیەوە(د.عیزەدین مستەفا رەسول)دەڵێ:(بەلای منەوە تا ئێستا شتێکی ئەوتۆمان لە بەردەستا نییە، کە لە ڕووی پەیڕەو و یەکێتی فۆرم و ناوەرۆکەوە پێی بڵێین ئەدەبیاتی پاش گۆران.لەرووی فۆرم و زمانەوە لاساییکردنەوەی گۆران و قوتابخانەی گۆرانن.هەر ئەوانەی لە رۆژانی (گۆران) دا هەبوون هەر ئەوانن و خۆیان دان بەو راستییەدا بنێن یان نەنێن.قوتابی پەیڕەوی گۆرانن.)

ئەو بۆچوونە تا ڕادەیەک راستە، لەوەی کەوا نووسینەکان پەیڕەوکردنی (گۆران)ن، چونکە هەروەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە هەر بزووتنەوەیەکی نوێ، کە سەرهەڵدەدات هەڵبەت نکۆڵی تەواو لە قۆناغی بەر لە خۆی ناکات و زۆر شتی لێوەردەگرێ و هەوڵی باشکردنی ئەوانەی تریش دەدات،بەڵام ڕوانگەییەکان لاساییکەرەوەی دەقاودەقی (گۆران)نین،چونکە کەم یا زۆر ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان لە هێنانەکایەی بابەتی تازە کە لە داهاتوودا باسیان دەکەین دا هەبووە .

(**عەبدڵڵا پەشێو**)، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە سالانی حەفتادا بوو بە خاوەن دەنگی تایبەتی خۆی،دەربارەی گۆران و تەجاوزی گۆران دەڵێ: (باوەڕم بە تەجاوز نیە،ئەدەبیات بەگشتی بریتی یە لە ئیزافات شتێک دەخەمە سەرئەوەی هەیە هەرکەسێ لەسەردەمی خۆی دەژی.(گۆران) وەلامی پرسیارەکانی سەردەمی خۆی دایەوە بە کەرەسەیەکی ڕادەبەدەر جوان، ئێمەش رەنگە بتوانین وەلامی پرسیارەکانی ئێستا بدەینەوە بەو کەرەسانەی لەبەردەستمان دان) .

بەم شـــێوەیە بـــاوەڕی بەتەجـــاوز نییە،بەڵکـــو بەلای ئەو زیـــادکردن (خستنەســـەر)ی داهێنـــان لەســـەر ژانرەکـــان و هەر سـەردەمێک دەتوانێت بەکەرەسـەی تـازە و سـەردەمانەی خـۆی وەڵامـــی گۆڕانکارییەکـــان بـــداتەوەو شـــان بەشـــانیان هەنگـاوبنێ.کەواتە ڕوانگەییەکـان بەتەواوی پەیـڕەو و لاسـایی قوتابخـــانەی کـــۆن نەبـــوون، بەڵام کەم تـــا زۆر ســـوودیان لە قوتابخـانەی (گـۆران) بینیـووە و دانیـان بە داهێنـانی (گـۆران)دا داناوە.

## سیماکانی نوێخوازی بزووتنەوەی ڕوانگە:

سـەرهەڵدانی هەر بـزووتنەوەیەک پەیـام و ئامـانجێکی تـایبەت بەخـــۆی هەیە، پەیـــامی ڕوانگەییەکـــانیش بریتـــی بـــوو لە بڵاوکـردنەوەی بـانگەوازی نوێخـوازی و دەربڕینـی ئەو هەسـتە پەنـگ خـــواردووەی، کە لە دەروونیانـــدا قەتـــیس مـــابوو ، ئەو نوێخوازییەی، کە ڕوانگەییەکان ئەنجامیاندا بە شـێوەیەکی گشـتی زیاتر لە شیعر و چیرۆکدا ڕەنگی دایەوە.

لـە شـیعردا ڕوانگەییەکـان هەوڵیانـداوە زمـانی شـیعرییان بە بەکارهێنـانی وشـەو دەسـتەواژەی نـوێ دەوڵەمەنـد بکەن، کە لە ئەوانـدا ئەم وشـــەو دەســـتەواژانە کەم یـــان بەکارنەهـــاتبن بەو مەبەستە، کە زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی قسەکردن جیا بێت، بە واتایەکی دی (شیعرییەت) بوو بە خەمی سەرەکییان.

لـە کێشـی شـیعریدا شـاعیران کێشـی خۆماڵییـان بەکارهینـاوە. شـــیعری نـــوێ زۆر خـــۆی بە کێشـــەوە نابەســـتێتەوە ریـــتم و مۆسیقای ناوەوەی وشەکان بنیاتێکی ستاتیکی دەبەخشن.

لە سەروا دا لەم قۆناغەدا شاعیران لە بەکارهێنانی سەروای ئازاد لە شیعرەکانیاندا ئازاد بوون، گەرچی لەقۆناغی پێش ڕوانگەش ئەم جۆرە سەروایە بەکارهاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی فراوانتر لای شاعیرانی ئەم قۆناغە دەبینرێت. وەک(شێرکۆ بێکەس،عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، جەلالی میرزا کەریم، ئەنوەر قادر جاف ....هتد) لە هۆنراوەکانیاندا سەروا بیرو هەست و سۆزی شاعیران بەند ناکات، ئەوەی سەروا داوای دەکات هەستی دڵی شاعیرەو بەس، نەک قاڵبێکی سنورداری داسەپێنراو. هەروەکو (شێرکۆ بێکەس) یش ئەمە روون دەکاتەوە کەوا هاتنی سەروا دوور لە داتاشین و بڕیارێکی لەمەوبەر با بێتە ناوەوە،چونکە لەم حاڵەتەدا سەروا دەبێتە بەهێزی نەک بێ هێزی،مەرجیش نییە ئەم سەروایە هەر لەکۆتایی بێت، جاری وا هەیە ئەبنە لکێکی ئاوازەکانی ناوەوی شیعرو دەنگی شەپۆلەکان خۆشتر ئەکەن.

لەم قۆناغەدا ناوەڕۆکی شیعری هاوشان لەگەڵ ڕوخساردا ئەمیش گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی.لەم قۆناغەدا زیاتر جەختیان لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و –هەستی مرۆڤایەتی – شارستانیەت و پێشکەوتن – هەڵڕشتنی هەگبەی تورەیی – ژیان و مردن ..هتد)دەکردەوە.لەوانە گیانی یاخیبوون و سەرەڕۆیی و رەخنەگرتن و رەخنە قبوولکردن و خەباتی نەتەوەیی و خەباتی نێونەتەوەیی.

لە ئێستادا چەندین دەنگی شیعریی تازە بە تایبەتی لە هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی بیستەکانی سەدەی بیستەکەوە بە کاریگەریی رەوتی شیعری جیهانییەوە بە زمانێکی تازەو فۆرمی

تــازە و گــران دەنووســـن و لـــە ڕووی هزریشـــەوە ڕەوت و ڕەخنـــەی شـــیعری فێمینیســـتی و کێشـــەی تاراوگـــەو کـــۆچ و نامۆگەرایی دەنووسن.

## هونەری چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا

فـۆرمی هـونەریی چیرۆکـی کـوردی ئاکـامی لاسـاییکردنەوەی فۆرمی هونەریی چیرۆکی ئەوروپییە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتــا ڕاســتەوخۆ لە ئەوروپــاوە بە ئــێمە نەگەیشــتووە، چــونکە ڕادەی هۆشـــیاری و پـــلەی خوێنـــدەواری لە کـــۆمەڵی ئـــێمەدا دواکەوتوو بووە، تەنانەت تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیش ژمارەی خوێندەوار لە باشووری کوردستاندا زۆر کەم بووە و ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارو بنیادی ڕۆشنبیری لاواز و دەگمەن بـــووە. دیـــارە کـــزی و لاوازی ڕۆژنـــامەوانیی و چـــاپەمەنی، کە زەمینەیەکی بەرفراوانە بۆ بڵاوکردنەوەو بەرەو پێشـەوەچوونی ئەم هونەرە ژیاریی و سەردەمیە بۆتە هۆی ئەوەی،کە میللەتی کـوردیش وەکـو میللەتـانی دراوسـێ درەنـگ سـوود لە فـۆرمی هونەری ئەوروپی چیرۆک وەربگرێت. لە زمانی ڕۆژانەو بابەتی یا ( Themی هەقایەتی فۆلکلۆری و قەدەری پاڵەوان و ڕێکەوت ڕزگـــاری بێـــت. ئەگەرچـــی نکـــۆڵی لەوەش ناکرێـــت، کە چیرۆکنووسی کوردیش پەروەردەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەکەیەتی و کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوەکەی لە ڕەگ و ڕیشـەی قـووڵی لە بیرکردنەوەو عەقڵی ئەودا جێگیرکردووەو پەندی پڕوپووچ و ئەفسانەی ئەزەلی مرۆڤی یەکەمدا بەهۆی گرنگیدان بە هەستی نەتەوەیـی و لاسـایی ئەدیـب و چیرۆکنووسـانی ناسیونالیسـتی دراوســـێ چیـــرۆک و ئەدەبیشـــی کـــردۆتە هـــۆیەک بـــۆ

زینـــدووکردنەوەو شـــانازی کـــردن بە رابـــردوو و مێـــژووی نەتەوەیی خۆی و چیرۆکە مێژوویی و رەخنەیی و کۆمەڵایەتی و بەها رەوشتییەکان و زمانی رۆژنامەوانیی لە سیما دیارەکانی ئەو قۆناغەن.

ســەبارەت بە دەستنیشـانکردنی یەکەم چیرۆکی بڵاوکـراوەی کوردییش بەپێی بیروڕای جیاوازی لێکۆڵەرەوەکان لەمەڕ بنیاتە بابەتییەکانی چیرۆکی هونەری کورد دەگۆڕێت .

**د.عیزەدین مستەفا رەسـول** مەولـوود نـامەکەی شـێخ حوسـەینی قازی(١٧٩٠- ١٨٧٠ز) بە سەرەتایەکی ساکار دادەنێت ئەم وردە چیرۆکـــانەی نـــاو مەولوودنـــامەکەی لەڕووی نـــاوەڕۆکەوە هەموویـــان ئـــایینین"لەرووی شـــێوەی هـــونەرییەوە هەمـــوو حیکایەتەکان بە دەربرینی (حیکایەت کراوە) دەست پێدەکەن و یەکســەر بێ پـێچ و پەنـا دەچـنە نـاو بـابەتەکەو رووداوەکـان دەخەنەڕوو و ئەنجامەکەش دەدەنە دەست"دەرکەوتنی رۆژنامەو گۆڤـارو چـاپەمەنی لە کوردیـدا دەورێکـی گرنگـی گێـڕاوە لە چەسـپاندن و گەشەسـەندنی زۆریـی هـونەری پەخشـان، کە چیرۆکیش یەکێکە لەو هونەرانە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (رۆژی کورد) دا چیرۆکێک لەلایەن (فوئادی تەمۆ)ەوە بەناوی (شویش) لەســالی ١٩١٣ دا بڵاوکراوەتەوەبــۆ چیرۆکــی کــوردیش لە باشووری کوردستاندا دەتوانین ئەو گرەو و کورتە چیرۆکانەی لە رۆژنامەی"پێشـکەوتن١٩٢٠- ١٩٢٢"دا بڵاوکـراونەتەوە بە سەرەتایەک دانێین بۆ دەرکەوتنی چیرۆکی کوردی.

ساڵی ١٩٢٥ ئەو ساڵەیە،کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بەسـەرەتای چیرۆکی هونەریی دادەنێن .

چیرۆکـــی (لەخەومـــا بەشـــێوەی ریـــالیزمی رەخنەگـــرانە نـاوەرۆکەکەی دەخـاتەڕوو.نـاوەرۆکی چیـرۆکەکە مەسـەلەیەکی سیاسییەو مەبەستی نووسەرەکەی تاوانبارکردنی حـوکمی شێخ مەحمـوودە،لەڕووی بنیـات و تەکنیکی هونەریشـەوە چیـرۆکەکە (ئەگەرچـی تەواویـش نەکـراوە) هەسـت بەیەک لەدوای یەکـی رووداوەکـان و زمـانی هـونەری چیرۆکنووسـین و گێـڕانەوەی ئاسـایی دەکرێـت،دوو پـاڵەوانی سـەرەکی لە چیـرۆکەکەدا بەدی دەکرێت،

دوابە دوای (لەخەومـــا) چیرۆکـــی (مەســـەلەی ویـــژدان) ی **ئەحمەد موختار جاف** دێت. چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان، یان چۆن بووم بە خانەدان) نموونەی چیرۆکێکی سـەرکەوتووە پاڵەوانی چیـــــرۆکەکە (زۆراب) بە وردی لەلایەن نوســـــەرەوە رادەی خوێندەواری و باری دەروونـی و بـاری کۆمەڵایەتی و ئـابووری دەسـت نیشـانکراوە بـێ بـاوک و دایـک گەورە بـووە، کەلەو هەمـوو دزی وبەرتیـل وەرگـرتنەی لە کۆمەڵەکەیـدا بینیـووە ، ئەگەرچی ئەو لە سەرتادا خۆی لێ بەدوورگرتـووەو ویستویەتی لە رێگەی شـەرعیەوە نانی بژێوی خـۆی پەیدا بکات، بەڵام بۆی دەرکەوت ئەگەر ئەویش وەکو ئەوان دەست دزی زوو بەزوویـی ژیانی دەگۆرێت ، ئەمانەشی لە کاتێکدا بۆ دەرکەوت کەبەتـاوانی خەت ناخۆشـی ئـاخنرایە زیندانەوە، پاشـان بە عەریـزە نوسـێکی چاک ناوبانگی دەرکرد بەبەرتیل و پاشـان گەورە بـوو و بـوو بە شەرۆک قەزا.

چیرۆکەکـانی **پیرەمێـرد** (١٨٦٧- ١٩٥٠ز)زۆربـەیـان رووداوەی مێژووین یان لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەریگرتوون. ئەو کـارەی

پیرەمێرد رەنگە کارتێکەری ئەدەبی تورکی بێت،کە ئەو سەردەمە لە ئەستەمبول بووە ئەو تەرزە چیرۆکە فۆلکلۆرییانەو دارِشتنەوەیان بەشێوەیەکی هونەریی بەرز باو بووە ئەمە هاندەرێک بوو سەرباری ئەوەی هەر لەو سەردەمەشدا وەکو رۆژنامەوانێک وویستوویەتی بەشداری لە بەرەو پێشەوەبردنی هونەری چیرۆکیش بکات، کە تا ئەو کاتە لەناو ئەدەبی کوردیدا هێگجار دەگمەن بوو،لەپاڵ ئەوەشدا هەر لەوسالآنەدا لەسەرەتای سییەکانی ئەم سەدەیەدا "قوتابخانەی دیمەشقی" لەئەدەبی کوردیدا لەرێگەی بڵاوکرنەوەی گۆڤاری"هاوار" لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە بەپەرۆشەوە گرنگییان بە بڵاوکردنەوەو بەرەو پێشەوەبردنی چیرۆکی کوردی دەداو پاشان"ئەم چیرۆکە ڵاوکراوانەی گۆڤاری هاوار لە قۆناغی یەکەمیدا"١٩٣٢- ١٩٣٥" کاریگەرێتییەکی بەزەبریان هەبووە بەسەر نووسەرە کوردە گەنجەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی عێراق لەوانە **شاکر فەتاح،حوسێن حوزنی،ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائەدین سەجادی**،واتە بەسەربووژانەوەو پەرەسەندنی چیرۆکی هونەریی کوردیی لە باشووری کوردستان لەماوەی سالآنی ١٩٣٩-١٩٤٩" بێجگە لە ئەدەبیاتی تورکی ئەدەبیاتی فارسییش کاریگەری لەسەربەهرەی پەخشان و چیرۆکنووسیی (پیرەمێرد)دا هەبوو،بە تایبەتی دارِشتنەوەی چیرۆکە میللی و فۆلکلۆری و مێژووییەکاندا.

لە دوای ئەو قۆناغە لە پەنجاکان بە دواوە زیاتر چیرۆکی کوردی گەشەیکردو کەشوهەوای سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە تایبەتی رۆڵی رۆژنامەوانیی کوردی و نالەباری باری سیاسی و ململانێی نەتەوەیی و چینایەتی هەموو ئەمانە

بوونـە هـۆی ئـەوەی چیرۆکـی کـوردی لـە رووی نـاوەرۆک و تەکنیکی هونەریدا زیاتر لە قالبی گێڕانەوەو وەسف و بابەتدا لە ئاستی چیرۆکی رۆژئاوایی نزیک بێتەوە.هەروەها دەرکەوتنی چیرۆکنووسـی ژن لـەو مەیدانـەدا و دەربڕینـی لەمپـەرەکانی بـەردەم پێشـکەوتنی ژنـان و دابونـەریت و هۆکـارە کۆمەڵایەتییەکانیان بابەتێکی دیکەی چیرۆکی کوردین.

## دەقی شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا

به حوکمی بارودۆخی جوگرافی کوردستان و دابەش بوونی خاکی کوردستان به سەر عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا دا بێگومان بزاڤی شانۆیی لای ئەو میللەتانە کاریگەریی بەسەر پانتایی ڕۆشەنبیری کوردی به گشتی و شانۆییش لە گەڵیدا دیارە. یەکێ لە بنیاتنەرانی شانۆی فارسی لە ئێران شانۆکاری کوردی کوردستانی ئێرانە بە ناوی (**میر سیف الدین کرمانشاهی**)، لە عێراقدا نمایشەکانی (**بشارە واکیم**) و تیپی نمایشی میسری و تیپەکانی بەغدا کاریگەرییەکی روون بەرچاوی لە رەوتی شانۆی کوردی لە کوردستانی عێراقدا هەیە ، لە تورکیایش لە ڕێگەی ئەدەبی تورکی، بە تایبەتی لە دوای سەردەمی ( تەنزیمات) و شۆڕشی(تورکە لاوەکان)ەوە هەلێکی لەبار بۆ هاتنەکایەی یەکەم دەقی شانۆی کوردی لە لایەن نووسەر و ڕۆژنامەوان و شانۆنووسی باکووری کوردستان **عەبدولڕەحیم ڕەحیم هەکاری** بە ناوی(مەمی ئالان)دا هاتەکایەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی حاجی تۆفیق بەگ(پیرەمێرد) ی شاعیرەوە ئەو کاتە لە ئستەمبۆڵ لە ژێر کاریگەری ڕەوتی ئەدەبی (سەروەتی فنون)و شانۆنامە

نووسـەکانی ئەو کـاتەدا بـوو، ئەم خولیـاو حەزە پاشـان پـاڵی بە(پیرەمێـرد)ەو نـا لەدوای گەڕانەوەی  بـۆ سـلێمانی لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی زۆر بە پەرۆشـەوە روو لە کەلەپوورو سامانی نەتەوەیی خۆی بکاو بیکاتە کانگەیەکی ڕوون و گەش بۆ داهێنانە ئەدەبیەکانی خۆی  لە نووسینی شانۆنامەی مێژووی و فۆلکلـۆری،کە ئەدیـب و شانۆنامەنووسـەکانی تورکیـای سەردەمی (تەنزیمات) پێوەی ناسرابوون .

تا ئێستا سەرەتای نووسینی شانۆی کوردی وەکو( تێکست)، تێکستەکەی نووسـەری کوردی کوردستانی بن دەستی تورکیا (ع. ڕەحمـی)یە،کە لە گۆڤـاری(ژین) لە سـاڵی ١٩١٩دا بەنـاوی (مەمی ئالان) لە ئەستەمبۆڵ بڵاوکراوەتەوە .

نـاوەڕۆکی ئەم شـانۆنامەیە هـیچ پێوەنـدییەکی بە چیرۆکـی فۆلکلـۆری(مەمی ئالان)یـان (مەم وزیـن)ەکەی (ئەحـمەدی خـانی )یەوە نییە، بەڵکو ڕەنگە لاکردنەوەیەک بێت بۆ هەڵبژاردنی ئەو ناونیشـانە وەکو بەشـێک لە کەلەپـووری میللـی کـوردی، کە ئەو ڕۆژگـارە لە (١٩١١) بەدواوە ئەدەبـی نەتەوەیـی و کەلەپـوور و مێـژووی نەتەوەیـی ببـووە بەشـێک لە سـیماکانی ئەدەبـی ئەو ڕۆژگارە،هەروەهـا لە خوێنـدنەوەی ئەو شـانۆنامەیەدا بۆمـان دەردەکەوێـت،بیری یەکیەتـی ئیسـلامی،کە لە دوای ڕاگەیانـدنی دەسـتووری دووەمـی عوسـمانی لە ١٩٠٨ لە لایەن شـاعیر و نووسـەری تـورک محمـد عـاكف ئارسـۆ (١٨٧٣-١٩٣٩) سەرپەرشـتی دەکـراو کـاریگەری بەسـەر(ع. رەحمـی)یەوە هەبووە،بۆیە پاڵەوانی شـانۆنامەکە (مەم)، بـووک (خەزال)بەجێ

دەهێلێ ودەچێتە غەزا لە دژی گاوران و بە ئەركێكی سەر شانی خۆی دەزانێ.

لــە باشووری كوردستاندا، هێشتا بە تەواوی ساغ نەبۆتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا هەوڵ و مانــدووبوونی بێوچــان لەلایەن نووســەران و دڵســۆزانی بــواری شــانۆیی بەردەوامە،یەكێ لە گیروگـــرفتە ســــەرەكییەكانی ئەوەیە ، زۆربەی مەكـــتەب و قوتابخانەكان لە شارەكانی كوردستاندا نمایشی شانۆییان (هەر چەند بە شێوەیەكی ساكاریش بووبێت ) پێشكەش كردووە.

بۆ نموونە قوتابخانەی یەكەمی هەولێر لە پاییزی ساڵی ١٩٢١ شانۆیی(سەلاحەدین ئەیوبی) یان بۆ چەند ڕۆژێك پێشكەش كردووە ، لە پاش هەولێكی زۆر سەخت هەر ناوی ئەو چەند ئەكتەرەمان دۆزییەوە (عەبدوللا عەزیز كارگەچی، غەریب سەلیم ،حسام الدین یحیی ، عەبدول موتەڵیب سەید جەمیل ،عەلی ئەدیب).(خەڵكێكی زۆر لە باوكانی قوتابیان و پیاوە دیار و ناسراوەكان و هونەر دۆستان ئامادە بوون .....)

دامەزراندنی(كۆمەڵەی زانستی كوردان) لە ساڵی ١٩٢٦ لە شاری سلێمانی،خاڵی وەرچەخانێكی گەورەبوو لە مێژووی ڕۆشنبیری و خوێندەواری ئەو شارەو كوردستانی عێراق بە گشتی.

ئەم كۆمەڵەیە ،لە پاڵ گرنگیدانی بە خوێندن و خوێندەواری، هەوڵی ئەوەیداوە ، كە دەوری شیاوی خۆی لە بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی و هونەریشدا هەبێت .

كۆمەڵە بە تایبەتی مامۆستا فوئاد ڕەشید بەكرو كەریم سەعید زانستی چیرۆكی تەمسیلی (عیلم و جەهل) یان لە شانۆیی (لولا

المحامی)ی (**سعید تقی الدین**)ەوە وەرگرتووە و بە شێوەیەکی سادە و بێ دیکۆر نمایشیان کردووە. ئەم شانۆییەش هەروەکو دیارە تێکستەکەی وەرگیراوە و کوردی نییە وە لە ڕێگەی شاگردانی بەغداوە تەرجەمە کراوەو لە سلیمانی پێشکەشکراوە .

دوای ئەوە لە سالّی ١٩٢٧ دا شانۆگەری (نیرۆن )نمایش کراوەو کۆمەڵەی زانستی لە سەرووی هەموویانەوە (پیرە مێرد) زۆر گرنگی پێداوە.

چیرۆکی شانۆیی ( جوولەکەی کۆڵگێڕ ) لە نووسینی بوێژی بە ناو بانگ **شێخ سەلام** لە سالّی ١٩٢٢ دا نووسراوە .

لە سالّی١٩٢٧-١٩٢٨ دا کۆمەڵەی زانستی کوردان، شانۆیی (یۆلیۆس قەیسەر)ی پێشکەش کردوە (مامۆستایان رەمزی قەزاز و شوکرو سەید حەکیم-شارکە رەش و رەشید هەندێ تیپی تر دەوریان بینیوە، وە لەهەمان سالا-یان بە شێوەیەکی وردتر بلّێین لەسالّی١٩٢٨-١٩٢٩ دا ئەم مەکتەبە چیرۆکی شانۆیی (شۆرشی فەرەنسا)ی چیشاندا، کە بەڕێزان فایەق بێکەس و کەریم زانستی و ا٠ب هەوری و خەسرەوی حاجی ئاغاو٠٠زۆر هونەرمەندی تری شارەکە بەشداری یان کردووە)٠

لە سالّی ١٩٣٠ دا مەکتەبی زانستی کچان، دوو نمایشی پێشکەش کردووە یەکەمیان (مرۆڤ ئەوەی بچێنێت ئەوە ئەدورێتەوە)و دووەمیان (دایکێکی جاهیل)هەردوو شانۆییەکە دراماى فێرکردنن و لە بارەی ژیانی قوتابی و گرنگی خوێندەواری و کاریگەرییە بیرو باوەری کۆن و دواکەوتوی بەسەر پەروەردەی منداڵ دایە٠

هەر لە هەمان ساڵدا جارێکی، تر شانۆیی (صلاح الدین ئەیوبی)پێشان دراوە٠ لەساڵی ١٩٣١ دا، شاری کۆیە هەر لە کۆنەوە شانۆیی (نیرۆن)یان نمایشش کردوە (عومەر عەبدوللا) و (**سەید نەزیف**)بەشداریان تیا کردووە، لە هەمان ساڵیشدا شانۆیی (کچی کوردستان) یان نمایشکردووە، کە چەند هونەرمەندێکی شارەکە بەشداریان تێدا کردووەو ئەو شانۆییە بۆ ساڵی دواتر ١٩٣١-١٩٣٢ لە هەولێر جارێکی تر پێشکەش کراوە (سەید نەزیف)دەوری (کچی کوردستان)ی دیوە٠

لە ساڵی ١٩٣٣ دا (**ا٠ب.هەوری** شانۆیی (دڵداری و پەیمان پەروەری) نوسیوەو لە هەمان ساڵدا نمایشکراوە٠ ئەم شانۆییە باس لە خۆشەویستییەکی راستەقینە لە نێوان کچ و کوڕێکی گەنجی کۆمەڵی کوردەواری دەکات، کە ئامادەن لە پێناوی خۆشەویستی و ئەڤینـدا،ئەو هەموو جەزرەبەو فیداکارییە بنوێنن٠ شانۆییەکە سروشتێکی تراژیدی هەیە، بەڵام کۆتاییەکەی بە خۆشی و زوڕنای زەماوەندی هەردووکیان کۆتایی دێت، نووسەری شانۆییەکە خۆیشی دەوری تیا بینیووە٠

لە ساڵی ١٩٣٥ دا لە سلێمانی شانۆیی (سەربازی ئازا)، لەلایەن شاگردانی (کۆمەڵی زانستی)یەوە پێشکەش کراوە، لە بەشدارانی ئەو شانۆییە عبدالواحید نوری و رەمزی قەزازو حامید فەرەج و چەند کەسێکی دی بوون٠

لە هەمان ساڵدا (مەم و زین)، کە لە نوسینی (پیرەمێرد)ە، لە لایەن کۆمەڵەوە نمایش کراوە،نووسەر ئەوەندە سەرسام بووە بە جوڵەو گفتوگۆو مامەڵەی سەرکەوتووی هونەرییان لە گەڵ

تێکستەکەو دابەشکردنی دەورەکانیان دا ناچار بووە، بڵێ لە پیەسەکەی منیشیان رەتداوە،

لەساڵی ١٩٣٦دا چیرۆکی شانۆیی(مەحمودئاغای شیوەکەل)ی پیرەمێرد لە لایەن کۆمەڵەی زانستیەوە دواتریش لە ١٩٣٧دا (شەریف هەمەوەند)ی پیرەمێرد نمایشکراوە، هەردوو شانۆییەکەی پیرەمێرد لە مێژووی نەتەوەییمانەوە وەرگێراون دوا شانۆیی ئەو قۆناغە، نمایش شانۆیی (ئافاتی تاعوون لە ناو حەیواناتا)یە، کە لە نوسیینی (شێخ سەلام)ی شاعیرو لە ساڵی ١٩٣٧-١٩٣٨ لە لایەن قوتابی قوتابخانەی (فەیسەڵی کۆن)ەوە پێشکەشکراوە.

- **ساڵی ١٩٨٠** : تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی لە سلێمانی درامای (گوڵەمێخەک)ی پێشکەس کردوە،کە لە نووسینی (سمکۆ ناکام)ەو کەمال سابیر بۆ شانۆ دەریهێناوە .

- **ساڵی ١٩٨٣** : تیپی نواندنی هەولێر ساڵی ١٩٨٣ لەسەر شانۆی هۆڵی گەل لە هەولێر (لاس و خەزال)یان پێشکەش کردوە، نازم دڵبەند چیرۆکی شانۆگەریەکەی نوسیووە و (سەباح عبدالرحمن )یش بۆ سەر شانۆ ئامادەی کردوەو دەریهێناوە.چیرۆکی ئەم شانۆگەریە لە کتێبەکەی ئۆسکارمان (توحفەی موزەفەریە) وەرگیراوە ، تیایدا چیرۆکی خۆشەویستی نێوان لاس وخەزال دەگێڕێتەوە، ئەم چیرۆکە ڕەگێکی فۆلکلۆری هەیە.

- شانۆیی (سەلەی نانکەر) ساڵی ١٩٨٣ لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی لەلایەن تیپی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد- لقی سلێمانی پێشکەش کراوە ، دەقی دراماکە لە ڕۆمانی (النخله و

الجیران)ی (غائب طعمة فرمان) وەرگیراوە، (فواد مجید میسری) بەدەستکارییەوە وەریگێڕاوەو (قاسم محمد)یش بۆ شانۆ ئامادەی کردوە، کامەران رەوف بۆ شانۆ دەریهێناوە. بیرۆکەی شانۆییەکە باس لە ماوەیەکی دیاری کراوی مێژوویی دەکات، کە سالانی ١٩٤٤ – ١٩٤٥ بەهۆی ئەو بارە نالەبارەی، کە تێکڕای مرۆڤایەتی بەهۆی جەنگەوە تووشی هاتبوون، لەگەڵ ئەمەشدا باس لە نامۆبوونی ئافرەت و ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەوە دەکات، کە بەهۆی جەنگەوە گشتیان ناتەبا بوون. گرێی ئەم شانۆگەرییە بریتی یە لە ئازاد بوونی ئافرەت لە گشت کۆت و پێوەندەکانی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاسوەدەیی بژیت و بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات، ململانێی ئەم درامایە بریتییە لە ململانێ کردنی ئافرەت لەگەڵ دەوروبەرەکەی و ئەو چەوساندنەوەی لەلایەن کۆمەڵگاوە خراوەتە سەری، چونکە وەکو ئافرەت خۆی، خۆی نەژیینێ ناتوانێت ئازاد بێت و بەسەربەستی بڕیاری خۆی بدات .

- **ساڵی ١٩٨٤** : شوێن ژوورێکی ئەو سەردەمەیە کیژۆڵەیەکی ناسک پەڕتووک دەخوێنێتەوە پاشان دەچێتە بەر ئاوێنەو خۆی ڕێک دەخات و بە هەناسەیەکی قووڵەوە دەڵێ: ( ئەوە سێ ڕۆژە نەهات .... لەشکری) لێرەوە ناونیشای دراماکەمان بۆ بەدیار دەکەوێت، کە ئەم کیژۆڵەیە خانزادەو چاوەڕوانی لەشکری دەکات بەڵام ئەو خانزادەو لەشکریەی میر نشینی سۆران نین .

ئەم هەوڵەی تەلعەت سامان هۆیەکە بۆ ئاشناکردنی نەوەی نوێ بە کەلەپورو بەیتی میللی، نوسەر لەم بەرهەمەیدا پێچەوانەی هەموو ئەو ڕایانەی دەربارەی خانزادی میری

سۆران و لەشکری هەبوون ڕەفتاری کردووە" چونکە لەکۆتایی دراماکەیدا خانزادێکی تر بەلەشکری دەگات و ئەنگوستیلە دەگۆڕنەوە، بەڵام لە بەیتە فۆلکلۆرییەکەدا واهاتووە، کە خانزادی میری سۆران دوای ئەوەی کاکی ژەهر خوار دەکرێت لەشکری دەکوژێت.

ـ تیپی نواندنی هەولێر لە ساڵی ١٩٨٤ دا بۆ یەکەمین جار بەرهەمێکی بیانی بەناوی (خانەدان) پێشکەش دەکات، دەقی ئەم درامایە لەلایەن (مۆلێر و مێشیل بۆلکاف)ەوە نووسراوە، چەتۆ حەسەن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، تەحسین شەعبان ئامادەی کردووەو دەریهێناوە .

ساڵی ١٩٨٤ تیپی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی شانۆگەری (تەنەکە)یان پێشکەشکردووە، ئەم شانۆگەرییە لە ڕۆمانەکەی (یەشار کەمال) ەوە وەرگیراوە، کە شوکر مستەفا وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی و (فواد مەجید میسری)ش ئامادەی کردووەو هونەرمەند ئەحمەد سالار بۆ شانۆ دەریهێناوە.

**ساڵی ١٩٨٥** تیپی شانۆی نەتەوایەتی، شانۆیی (شاری ئەوین)ی لە ساڵی ١٩٨٥ دا پێشکەشکردووە لە نوسین و دەرهێنانی (تەلعەت سامان)ە، مەبەستی ناونانی ئەم درامایە (شاری ئەوین)لەوەوە هاتوە، کە سەرەتای دەستپێکردنی دیالۆگی کەسایەتی یەکەم دەڵێت شاری ئەوین نەفرەت دەورەی داوە، کە پوختەی دراماکە بەم شێوەیەیە: ئەژدیهایەک سەرچاوەی ئاوی شاری ئەوین دەگرێت، هەموو دانیشتوانی شار تینوێتی تاویان بۆ دێنێ، بۆیە ناچار دەبن هەوڵ بدەن

بـــۆئەوەی ئەو ئەژدیهـــایە لەنـــاوببەن، پاشـــای شـــار هەمـــوو دانیشتوان کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی کەسێک خۆی تەرخان بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەژدیهاکە.

لە هەمان ساڵدا شانۆیی ( لێوبەبارەکان) لەلایەن تیپی شانۆیی هونەری نوێ پێشکەش کراوە، دەقی دراماکە لەعەرەبییەوە، کە هـی (جلیـل القیسـی)ە، لەلایەن (لەتیـف سـالح)ەوە بـۆ شـانۆ دەرهێنراوە .

دەقە شانۆییە نووسراوەکان تا ڕادەیەک لە ڕووی بیرۆکەوە لە یەکتری نزیکن،چونکە زۆربەیان بیرۆکەکەیان لە چوارچێوەی داب و نەریـت و لایەنـی کـۆمەڵایەتی و تـاڕادەیەک لایەنـی نەتەوەییدا دەخولێتەوە.هەروەها ئەوەی تێبینی دەکرێ گرنگیدان بە وەرگێڕانی دەقی شانۆیی بێگانە دراوە.

## ڕۆمانی کوردی

ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی نوێی کوردی سەبارەت بە کات و شوێنی دەستپێکردنی بۆچوونی جیاوازی لێکەوتۆتەوە،ئەمەش بەشێکی پێوەندی بە جیۆپۆڵەتیکی کوردستانەوە هەیە،کە ئەو دەسپێکە لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستانەوە یان هەر بەشەو بە جیا لێی بکۆڵدرێتەوە.باشووری کوردستان هەلی زۆرتری بۆ ڕەخساوە،هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە خوێندن و نووسینی کوردی و ڕۆژنامەوانی و چاپکردنی کتێبی کوردی پێشکەوتووە،بێگومان ڕۆژنامەوانی و چاپخانە سەرباری باری سیاسی یارمەتیدەربوون بۆ هاتنەناوەوەی ژانری ئەدەبیی نوێ و تازەبوونەوەی ئەدەبی کوردی.دەتوانین ڕۆمانی کوردی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بکەین:قۆناغی سەرەتا و بەرایی

١٩٢٥- ١٩٨٦ و قۆناغی دووەم ١٩٨٦- ١٩٩١ و قۆناغی سێیەم لە ١٩٩١–تاوەکو ئەمڕۆ.

لە قۆناغی یەکەمدا لە باشووری کوردستاندا رۆمانی (مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان)ی ئەحمەد موختارجاف بی پێشەنگی ئەو ئەزموونە دادەنرێ. بە تایبەتی ئەم تەکنیکە لە رۆمانی ئیسپانی ئەو جۆرەی پێی دەوترێت رۆمانی فێڵبازی و لە کۆتاییدا هەموو فێڵ و تەڵەکەبازییەکانی پاڵەوان  دەردەکەوێ و هەمیشە هێزی چاکە سەردەکەوێ و دڵی خوینەر خۆش دەکات و فێڵبازییش شکست دێنێ نزیکە. لە پەنجاکاندا هەندێ کورتەرۆمان و چیرۆکی درێژ دەرکەوتوون، زۆربەیان لە رووی تەکنیکی هونەرییەوە لاوازن و زیاتر گێڕانەوەی هەقایەت ئامێزن و زمانی گێڕانەوەیشی بەو نەفەسەیە و لە چیرۆکە ئەفسانەیی و فۆلکلۆرییە ئەوینداری و قارەمانییەکانەوە وەرگیراون یان لە رووداوە مێژووییەکانەوە وەرگیراون،بەڵام وەکو پێویست نەتوانراوە ئەو کلتورە دەوڵەمەندە مەزراندنی بۆ بکرێت و سوودی لێوەربگیرێ. لەو بەرهەمانە:شەهیدانی قەڵای دمدم و پێشمەرگە و ئاشتی کوردستان و ..

لە قۆناغی دووەمدا،کە هەوڵێکی جددی و قووڵتر بۆ سەرەتای راستەقینەی رۆمانی کوردی دەستی پێکرد. رۆمانەکانی شار و هەڵکشان بەرەو لووتکە و توانەوە و کێخوا سێوی و کانگەی بەڵا و هەرەس و تۆڵەو سەگوەڕ و بوهژین و زەلیل و ماڵئاوا گوڵی خەم و .. نموونەی ئەو قۆناغەن. لە رووی تەکنیکی هونەرییەوە بە شێوەی جێناوی کەسی یەکەمی تاک و بە

شـــێوەیەکی ریـــالییزمی رەخنەگرانـــە بابەتـــە سیاســـی و کۆمەڵایەتییـەکانیان بەرجەسـتەکردووەو بەشێکیشـی تێکـەڵ بـە چیرۆکە راستەقینەو یادەوەری و ژیاننامـەی نووسـەرەکان بـووە و خەیاڵیش وەکو رەگەزێکی داهێنەرانە بۆتە بەشـێکی زیندووی چنینی ئەو رۆمان و کورتەرۆمانانە.لەو رۆمانانە هەیانە لە کاتی خۆیدا دەرفەتی چاپکردنی نـەبووەو دواتـر لـە سـاڵانی حـەفتاکان چاپکراون وەکو رۆمانی ژانی گەل و مەسەلەی ویژدان.

وەکو نـاوەرۆک بەشـێکیان لەناوجەرگـەی ژیـانی گوندەکانـەوە وەرگیـراون و بەشـێکی کەمیشـیان لــە جـەنجاڵی و پێوەندییـە ناجۆرەکان و بەشێکیشی پیوەندی بە رەخنـەی ئایینی و بزاڤی رزگـاریخوازی کوردسـتان و بـە تایبـەتی ئـەو رۆمانانـەی لـە خەباتی شاخەوە چاپکراون زیاتر ئەو ئازادییەیان تیایە و ئەوانی تریش بە شێوەی رەمز ئاماژەیان بۆ ئەو خەباتە کردووە.

لە قۆنـاغی سـێیەمدا و بە تایبـەتی لەدوای راپـەڕینی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان لـە بـەهاری ١٩٩١ بـە دواوە تێکـەڵاوی و کـۆچی بەشـێکی نووسـەرانی کـورد بـۆ هەنـدەران و فێربـوونی زمـانی بێگانــەو کلتـوری جیـاواز و زۆربـــوونی دەزگاکـــانی چاپەمـەنی ئازادییـەکی زۆرتـری بـۆ بڵاوبوونـەوەو گەشـەکردنی رۆمـانی کـوردی خوڵقاند.رۆمانـەکانی بـەختیار عـەلی و کـاروان کاکەسوور و عەتا محەمەد و سەلاح عومەر و خوسرەو جاف و عەبدوللا سـەراج و شـێرزاد حەسـەن و لـە ئـەزموونی قەڵـەمی ژنانـەیش رۆمانـەکانی رێـواس جـاف و مـەهاباد قـەرەداغی و ڤینۆس فایەق و ئەژین عەبدوخالق و ..

هاوکات لەو ماوەیەدا واتا لە نەوەدەکانەوە تا ئەمڕۆ لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە ڕۆمانەکانی **محەمەد ئۆزۆن** لە باکووری کوردستان و **عەتا نەهایی و حوسێن شیربەگی و فەتاح ئەمیری و عومەر مەولودی و کامران حامدی و فەروخ نیعمەتپور و نەسرین جەعفەری** و ... لە ۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕۆژئاوای کوردستانیشدا ڕۆمانەکانی **جان دۆست و حەلیم یوسف** و .. نموونەی ڕۆمانی نوێی کوردین بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکی ڕۆمانی نوێی فەرەنسی و بە تایبەتی سوود وەرگرتن لە هونەر و تەکنیکی سینەمایی و مۆنتاژ و فلاشباک و تەوژمی هۆش و مۆنۆلۆژ و وەسف و گێڕانەوە و زمانی شیعریی بوونەتە مۆرک و خەسڵەتی ئەو ڕۆمانە نوێیانە.

# ئەدەبی رووسی

ئـەدەبیاتی رووسـیش وەکـو ئـەدەبیاتی زۆربـەی میللـەتانی دنیایێ سەرەتا بە ئەدەبی فۆلکلۆری دەستی پێکردووەو گۆرانی و بەسـرهات و ئەفسـانە و داسـتان و هەقایـەت بـە نێـو خـەڵکی دەشتەکی رووسیدا بڵاوبۆتەوەو بەسەرزاری بووە. بۆماوەیـەکی زۆر چوند سەدەیەک رووسیا لەبن دەستی مـەغۆلان بووە. واتـا لە ١٢٢٢- تاوەکو دوا میری مـەغۆلان لـە قرم لـە ١٧٨٣ مایـەوە. چەنـد بەشـێکی زووتـر لـەو داگیرکارییـە نـەجاتیان بوو.خـەڵکی رووسیا سـاڵەها هیچ ئاگایـان لـە ئەدەبیاتی یۆنـانی و رۆمـانی و ئـەوروپاییان نـەبوو تـاوەکو سـەردەمی بتروسـی گـەورە(١٦٧٢-١٧٢٥).

## ئاماژەکانی سەدەی هەژدەهەم

لــە ناوەڕاســتی ســەدەی دەیەمــەوە ئــایینی مەسـیحی بــە رووسـیادا بـڵاو بـۆوەو ئینجیـل تەرجەمـەکراو ئەمـە بـووە هـۆی ئەوەی قۆناغێکی نوێ لـە مێژووی رووسـەکاندا دەست پێبکات، بـە تایبـەتیش سـەرەتا ئـەو ئایینـە تازەیـە لـە شـاری (کیف) لـە ئۆکرانیـا بـووە ئایینـە رەسـمی ئـەو میرنشسـینە.بتروسـی گـەورە رێخۆشـکەری کـرد بـۆ ژیـانێکی دنیـایی و بـە دامـەزرێنـەری ئیمپراتۆیـەتی رووسـی دادەنـرێ و شـاری سـان پتروسـبۆرگی وەک پایتەختی خۆی هەڵبژارد.ئـەم تزارە زۆر توندو تیژ بـوو و دەوروبەری خۆی و تەنانەت کوڕەکەی خۆیشی لەناوبرد.

ئـەم ئیمپراتـۆرە هونـەر و رۆشـنبیری و هونـەری میللـەتانی رۆژئـاوایی هێنایـە نێـو رووسیاوە.تا رادەیـەکی زۆر بـاوەڕی بـە دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی و کەنیسـە نـەبوو و ژایـەتی دەکـردن و دەسـەڵاتی کەنیسەی بەسـەر ژیانی فەرهەنگیدا نەهێشت.تەنانەت

لە شێوازی جلوبەرگ و هەلسەکەوتی کوڕی دەوڵەمەند و بەگزادەکاندا دردەکەوت و پاڵپشتی وەرگێڕان و فێربوونی زمانەی رۆژئاوایی دەکرد.ئەم هەنگاوانەی دواتر لە دوای جێنشینەکانیدا زۆرتر ئەو کاریگەرییە دەرکەوت.

لەدوای پترۆسی گەورە، یەکێ لە کەسایەتییە دیارەکان (میخائیل لۆمۆنۆسۆڤ ١٧١١-١٧٦٥ )ە،ک کەسێکی زانا و جوگرافی و ماتاتیکزان و شارەزا لە زانستە سروشتییەکان بووەو تەنانەت کتێبی لەبارەی رێزمانی زمانی رووسی و رەوانبێژیش داناوەو هاوکات شاعیریش بووە.لەگەڵ ڤاسیلی تریدیاکۆڤسکی دژایەتی کۆنینەیان دەکردو لەرێگەی لاساییکردنەوەی شیعری فەرەنسی و پۆلۆنییەوە شیعری بڕگەیی وئاوازەدارییان هێنایە نێو شیعری رووسییەوەو لە نووسینی دەقی شانۆییشدا هاوکاری خەڵک بوون بۆ ئەوەی زمانی تراژیدیا و کۆمیدیا لە یەک جیا بکەنەوە.ئەم هەوڵە نوێخوازیانەیە دواتر لە شیعرەکانی میر (ئەنتیۆخ کانتیمێر)ی شاعیرو سیاسەتمەداردا دەرکەوت،کە هەوڵیداوە لە شیعرە هیجاییەکانی خۆیدا ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگەی رووسی تێکەڵ بە کلتورو بۆچوونەکانی خۆی بکات.هەروەها لە تراژیدیاکانی ئەلیکسەندەر سیمارۆکۆڤ(١٧١٨٠١٧٧٧ز)دا"کە بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی شانۆی رووسی دەژمێردرێ"سێ یەکیەتییەکەی کات و شوێن و رووداوی پێرەوکردووە.

لە سەردەمی خانمەقەیسەر (کاترین ١٧٦٢-١٧٩٦ز)دا، پێشکەوتنێکی گەورە لە ژمارەی گۆڤار و چاپخانە و کتێبدا هاتەکایەوەو چێژی هونەری خەڵک،بە تایبەتی چینی بالادا

دروست بوو و ڕیگەی بە هاتنی تیپەشانۆییەکانی ڕۆژئاوا دەدا و کتێبیـــان لـــەوێ دەهێنـــا و پێوەنـــدی لەگـــەڵ نووســـەرە فەرنسییەکان بەهێز کردبوو.

دواتـر (**جاڤریـل درچـاڤن**١٧٤٣-١٨١٦ز)ی شـاعیر[1] و(**دینیـس فـۆنفیزین** ١٧٤٥-١٧٩٢ز)،کـە بـە دەسـپێکی شـانۆی نەتـەوەیی رووسی دادەنرێ و گاڵتە بەوانە دەکات خـەون بـەوەوە دەبینن، وەکـو پـاریس بـژین و زۆربـەی شـانۆنامەکانی سروشـتێکی کۆمیدی رەخنەگرانەیە[2].

لـە ناوەڕاستی سـەدەی هەژدەهەمـەوە رووسـەکان بـە هـۆی بیری نەتەوەییەوە کەوتنە کۆکردنـەوەو بڵاوکردنـەوەی گۆرانییە فۆلکلۆری و بەرهەمە میللییەکانەوە،کە ئەمە رەنگی ئاکامی بیر و میتۆدی رۆمانسییەکانی رۆژئاواو بە تایبـەتی ئینگلیزەکان وەکو وۆردز وۆرس و بـایرۆن و شـیللی و کیـتس و ئـەوانی تـرەوە بیت"کە گەڕانەوە بۆ سروشت و زمـانی سـادەو پاک و بێگـەردی گوندەکان و دوورکەوتنـەوە لـە میتـافۆرو و رەوانبێژی و زمـانی دەستەبژێر و هاوکات ئەلمانـەکانیش وەکـو گۆتـە و ئـەوانی دی هــەمان رەوتــی رۆمانســیانەیان پــەرە پێدا.بۆیــە لــە ئــەدەبی رووسیشـدا بـەو ئاراسـتەیە کاریـان دەکرد.تەنانـەت بەرهـەمی (**نیکــۆلای کــارامزین**١٧٦٦-١٨٢٦ز )بـە ناونیشـانی (نامـەکانی گەشتیارێکی رووسی)،لەسـەر هـەمان ئـەو شـێوازەیە،کە(سـویفت

---

[1] : دەربـارەی شـێوزای شـیعری ئـەم شـاعیرە و بۆچـوونی پوشـکین لـەبارەی ئـەو شـاعیرەوە بڕوانە:سـەعیدی نەفیسـی، مێـژووی ئـەدەبیاتی رووسـی، و:حەمەکـەریم عارف،٢٠١٠،ل ٤٧-٤٨.

[2] : دەربارەی ناوەرۆک شانۆمەکانی فۆنفیزین بڕوانە:تشارلز ا.موزر،تاریخ الادب الروسي،ت: د.شوكت يوسف، ٢٠١١،ص٩١-٩٦.

)ی ئێرلەنـدی بـە زمـانی ئینگلیـزی بـە ناونیشـانی (نامـەکانی بەزازێک)نووسیویەتی،هەروەها نزیکە لەو بەرهەمەی (**ستێرن**)،کە لـــە ســـاڵی١٧٦٨ دا بەناونیشانی(گەشـــتێکی ســـانتمانتالی) بلاویکردۆتـــەوە. بێگومـــان بزووتنـــەوەی ســـانتمانتالی بـــە ڕێگەخۆشکەری پەیدابوونی ڕۆمانسییزم لە قەڵەم دەدریت.[1]

دیارە پێش پووشکین هەندێ شاعیری دی ئەزموونی خۆیان لـــە شـــیعری ڕۆمانســـیدا تاقیکردۆتـــەوە،وەکو ڤیازمســـکی و چۆڤارۆڤ و پاتیۆشکۆڤ و ئۆزیرۆڤ و....، بەڵام ئەوەی زۆرتر ئەدەبیاتی ڕۆمانسی ئەڵمانی بە شاعیرانی رووس ناساند(**ڤاسیلی چۆکۆڤسکی** ١٧٨٣-١٨٥٢ز)بوو. هەندێکیشیان لەوانە نێگەران و رارا بـوون لـە بـەینی ڕۆمانسـیزم و جارجـار دەگەڕانـەوە بـۆ کلاسـیک و نەیانـدەتوانی بـە تـەواوی دەسـبەرداره بنـەماکانی کلاسیک ببن.

## پووشکین و ڕۆمانسیزم

(**پووشکین**١٧٩٩- ١٨٣٧ز)ی شـاعیر بـە قۆنـاغێکی گرنگی یان ماوەیـەکی گرنگـی ئـەدەبیاتی رووسـی دادەنـرێ و بـە دەنگێکـی شـیعری نـەوەک تـەنیا بـە رووسـی بـەڵکو بـەجیهـانی لـە قەڵـەم بـدرێت. پووشـکین لـە بنەماڵەیـەکی دەسـت ڕۆیشـتوو لـە دایـک بووە،ئەمە یارمەیدەریکی باش بووە لە قوتابخانەی باش بخـوێنێ و دواتـریش پیشـەی باشیشـی دەسـت بکـەوێ لـە وەرزارەتـی دەرەوەدا. کاریگـەری(**چـا ئـادایێڤ**) و هاوەڵـەکانی دی بەسـەر پوشکین لە قۆناغی سەرەتای تـەمـەنیدا دیارە. پوشـکین هـەر لـە سەرەتاوە حەزی بە زمـان و ئـەدەبیاتی فەرەنسـی بـووەو ئاکـای

[1] :بڕوانە:د.هیمدادی حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان،چ٢،هەولێر،٢٠١٠،ل٧٣.

بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی فەرەنسی هەبووە،بەڵام زۆرتر بۆچوونە رەخنەییەکان لەسەرئەوەن،کاریگەریی (**بایرۆن**)ی زیاتر بەسەرەوە بووە.بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سیاسییەی ئەو رۆژەدا هاتۆتەکایەوەو رۆحی شۆرشگێڕی و رەخنەی توند لە سیاسەتی ئەو دەمە لەساڵی ١٨٢٠ دا نەفیکراوەو دوورخراوەتەوە.دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە: (یەڤگینی ئانە گین)[١] و (کیژی کاپیتان)[٢] و(کەڵەشێری زێڕین)[٣] ئۆپێرای(رۆسلان و لۆدمیلا)و....

پووشکین لە نێو ئەدەبی رووسیدا پایەیەکی گەورەی لە رێگەی داهێنان بە شیعرە لیرکییانەی بەدەست هێناوە،کە گوزارشتی لە سروشت و مردن و نۆستالژیا بۆ یادوەرییە زیندووەکانی و داواکردنی ئازادیی بێسنور بۆ مرۆڤ دەکات.پوشکین هەروەکو ستاندال باوەڕی وابوو رۆمانسیەت و رزگاری هەمان شتن[٤].

---

[١] : الکساندر پوشکین، یوگنی آنه گین،ت: منوچهر وثوقی نیا،انتشارات کتابخانه گوتنبرگ،تهران،١٣٤٨.

٢ : الکساندر پوشکین، دختر سروان و داستانهای دیگر،ت: دکتر حسین نوروزی، انتشارات جامی،تهران،١٣٩٣.بە کوردییەکەی:پوشکین،کیژی کاپیتان،و:محەمەد حەمەساڵح تۆفیق،چ٢، سلێمانی،٢٠١٣.

[٣] : الکساندر پوشکین،جوجه خروس طلایی،ت: محدثه محمدی،نشر رسانش، تهران،١٣٨٢.

[٤] : مارک سلونیم، مجمل تاریخ الادب الروسی،ت:صفوت عزیز جرجس،١٩٦٧،ص٤٣.

## ئاماژەکانی سەدەی نۆزدەهەم

لــــە ســـــەرەتای ســــــەدەی نۆزدەهەمـــــەوە (١٩٠٥-١٩١٧ز) بزووتنەوەیـەکی سـیمبۆلیزمی لـە شـیعری رووسـیدا بـەرپابوو، دیارترین شاعیرانی ئەو سەردەمە بریتیی بوون لە: **سۆلۆڤیۆڤ- ئیڤانۆڤ- ئەدرێ بێلی-ئەلیکسی ریمیزۆڤ-ئەلیکزاندەر بلەك** بوون.

لە سـالانی سییەکاندا چەند گروپێکی ئـەدەبی وەکو یـەکێتی نووسەرانی (پرۆلیتاری) و (یەکیەتی نووسـەرانی جووتیاران) لە ململانێـدا بـوون و هــەر یەکـەیان گۆڤـاری ئـەدەبیی تایبـەتیی خۆیـان هـەبوو.دواتر لـە ١٩٢٧-١٩٣٠ دا گرووپێکـی بچـوکتر بـە نـاوی (یـەکێتیی هونـەری راسـتەقینە)لەلایەن هەنـدێ نووسـەری پێشــەنگی رادیکـالی دامـەزرا، کـە ئەوانـە زیـاتر باوەڕیـان بـە ریبازەکانی ئیمپریسۆنالیزم و فیوچەریزم هەبوو. بە شـێوەیەکی گشــتی لــە ســوریالییەکانی فرەنسـییەوە نزیـک بـوون. شــتی سـەیریان دەکرد.زمـانێکی شـیعری نـاوازەو بێ فرمان(کـار) یـان دەنووسـی،بەو پێیـەی زمـانی شـیعر جیایایـەو دەرچوونـە لـە ڕێزمانی زمان.

لـــە بـــواری تیـــۆری ئـــەدەبی و تۆژینـــەوە زمانناســـی ئـــو ئەدەبییەکانیشــدا قۆنــاغێکی گرنگە.بــە تایبــەتی لــە کۆتــایی بیستەکاندا کتێبەکەی **لیڤی شتراوس** بە ناونیشانی (مۆرفۆلۆژیای حیکایەت) لە ١٩٢٨ یەکێکە لەو هەوڵە پێشـەنگانە و گەڕانـەوەی شکلۆڤسکی لە هەندێ بۆچوونی لیبراڵی و گرانـەوە بۆ پێوەنـدی دیالیکتیکییانــەی نێــوانی رووخســـار و نـــاوەرۆکی سۆســیۆ-مێژوویی دەقی ئـەدەبی لـە روانگـەی فۆرمالیسـتەکانی رووسـدا خۆگونجاندن بوو لەگەڵ رەوتی سیاسی ئەو دەمە.

**بۆریس ئیخنباوم** وەکو توێژەرێک دەیەوێ بڵێ کێشەی لیڤ تۆلستۆی لە بەرهەمە فەلسەفییە ئایینییەکانیدا ئەوەیە بەدوای فۆرمێکی تازەی ئەدەبیا دەگەڕێ بتوانێ گوزارشت لەخۆی بکات.لە ١٩٢٩ دا باختین بە وردی پرژایە سەر کێشە هونەرییەکانی داهێنان لای **دیستۆیڤسکی**.

## رۆمانی رووسی

رۆمانی رووسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە گەواهی رەخنەگران نموونەی شاکاری گەورەی جیهانین و بە ترۆپکی داهێنان دەژمیردرێن.رۆمانە دەروونییەکانی **دیستۆڤسکی** و ئیمان و ئایینی تۆلستۆی و رۆمانەکانی لێرمەنتۆڤ و کەشفکردنی زوڵم و ستەمی تزارە رووسەکان لای گۆگۆڵ و .... هەموو ئەمانە وێنەی راستەقینەی ئەو داهێنانەن.بۆیە لێرەدا ئاوڕێک لە قۆناغەکانی رۆمانی رووسی دەدەینەوە.

### قۆناغی یەکەم:

رۆمانی ریالیزمی نوێ لە رووسیا لە سەدەی رابردوودا لە (١٨٣٠ – ١٨٤٠)ەوە دەست پێدەکات و بە سێ نموونەی رۆمانی پێشەنگ، کە ئەمانەن:(یەفگینی ئانە گین)ی پووشکین و (پاڵەوانی سەردەم)[١]ی **لێرمەنتۆڤ** و(گیانە مردووکان)[٢]ی **گۆگۆڵ**.

١ : لرمانتف،قهرمان عصر ما،ت: مهری آهی،انتشارات بنگاه ترجمه و نشر کتاب،تهران،چاپ دوم، تهران،٢٥٣٧.

٢ :نیکلا واسیلیوویچ گوگول،نفوس مرده،ت: کاظم انصاری،نشر اندیشه،چ٣،تهران،١٣٦٩.

لە کۆتایی چلەکانەوە تا کۆتایی سەدەی رابردوو رۆمانی رووسیی قۆناغێکی گرنگی لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی بە خۆوە بینی، کە تیایدا گەیشتە چلەپۆپەی گەشەسەندن.
بۆ ئەوەی بە چاکی لە قۆناغە جیاجیاکانی رۆمانی رووسیی لە ماوەی سالانی پەنجاوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بگەین ناچارین بۆ واقیعی کۆمەلایەتیی هاوچەرخ بگەڕێینەوە، چونکە رۆمانی رووسیی بە بەردەوامی هاوڕێی دڵسۆزی واقیع بووە لە گۆڕان و پێشکەوتنیدا،پاڵەوان، ناوەڕۆک و شێوازە هونەرییەکەی لەگەڵ گۆڕانی سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان و ئەو پەیامەی، کە بەرامبەر بەئەدەب لە ئەستۆیدا بووە بە تەواوی گەیاندویەتی جێ.کۆتایی چلەکان تا کۆتایی پەنجاکان بە قۆناغی یەکەمی پێشکەوتنی یەکەمی پێشکەوتنی رۆمان دادەنرێت، ئەمەش لەئەنجامی تێکشکانی یان بەزینی دیسەمبەرییەکانەوە بووە، (هەوەڵین قۆناغی خەباتی میللی لە رووسیادا)، ئەو بەزینەی، کە بووە هۆی تەقینەوەی تەنگ و چەڵەمەی رژێمی دەربەگایەتی بەگزادەی دەسەلاتدارو زیادبوونی رادەی نیگەرانی دژایەتییە کۆمەلایەتییەکان و رێگا خۆشکردن بۆ قۆناغێکی نوێ لە خەباتی میللی لە رووسیا، ئەو قۆناغەش قۆناغی شۆڕشگێرە دیموکراتییەکان بوو لە رۆلەکانی چینی ناوەڕاستدا، هەر چەندە رۆمان لەو ماوەیەدا پێش هونەرە پەخشانییەکانی تر کەوت، بەلام سنووری نێوان رۆمان و چیرۆک بەتایبەتی لەو ماوەیدا سەقامگیر نەبوو. رۆمان پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بەچیرۆکەوە هەبوو و هەندێجار لە پێکهاتەکانی ناوەوەیدا خاسیەتەکانی ئەو هونەرەی هەڵگرتبوو، کە فەزلێکی زۆریی بەسەر رۆمانەوە

هەبوو لە ئامەدەکردنی زۆر پاڵەوان و شێواز و ناوەرۆکدا، هەر وەکو پێشتر باسمان کرد. رۆمان ناوەڕۆکی خۆی لە ماددەی ئەو واقیعە نوێیە هەڵدەهێنجا، لە پەنجاکاندا لەرادەی بۆچوون و بیرکردنەوەی گەنجی رۆشنبیرو هۆشیاردا تێپەری، کە مۆرکی شکستیان یان بەزینیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبوو، سەیر دەکەین نقوومی گومان و نائومێدییەکی زۆر ببوون، ئەو گەنجانەش سەرباری شکست هێنان ئاوات و هەوڵی نیشتمانییان بەرەو گۆران هەڵگرتبوو، لەبەر ئەوە کەوتبوونە بیرکردنەوەیەکی قووڵ بۆ گەڕان بەدوای دەربازگەیەک لە کێشەکانی کۆمەڵ. زۆر لەو گەنجانە ئالای بیری شۆڕشگێریی نوێیان هەڵکردبوو، ئەویش بیری دیموکراسیی بوو،کە بیری بەگزادەی لیبراڵی دووربخاتەوە،هەندێکیشیان بیری سۆشیالیستی تۆباوییان لە مێشکدا چەسپی بوو،کە لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی فراوان بڵاو ببۆوە، کەچی بە دواداگەڕان و ئاواتی پاڵەوان لە کۆتاییدا رووبەڕووی واقیع دەبوونەوە،لەمیانەی ئەو رووبەرووبوونەوەدا رۆماننووسەکان کێشەی رژێمی کۆمەڵایەتی ئەوکاتەیان دەربڕیوە و پرەنسیپەکانی ئەو رژێمەیان رەتکردۆتەوە، ئەو رەتکردنەوەش پەیوەستە بە هێڵێکی نادیدەی ژیانی گەل، کە رۆمانی پەنجاکان گرنگییەکی زۆری پێدەدا. رۆماننووسەکان وێنەی کۆمەڵانی گشتیی رۆڵەکانی گەلیان دەکێشا، وێنەی خەڵکی لادێ و هەژارانی شار، رۆماننووسەکان دەچوونە ناخی ماناکانی ناوەوەی ژیانی خەڵی ساکارو بە وردی هەست و کەرامەت و وریابوونەوەی تازەیانیان پیشاندەدا. لە دیاترین رۆماننووسەکانی ئەو سەردەمە.کە روویان لە وێنەکێشانی ژیان

و چارەنووسی گەنجە رۆشنبیرەکان کرد، رۆماننووسی مەزن (**تۆرگینێڤ**) بوو،هەروا(**گیرتسین**) لەرۆمانەکەیدا (کێ گوناهبارە-١٨٤١) کە تیایدا هێرشی بردۆتە سەر رژێمی کۆیلەیەتی و ئەو پەیوەندییانەی لە ئەنجامی ئەو رژێمەدا دروست بوون و بوونە هۆی لەناوچوونی ژیانی پاڵەوانەکانی، هەروەها رۆمانەکەیتری، (زەمەنی بەسەرچوو و بیروباوەڕەکان - ١٨٥٢- ١٨٦٨)، کە بە مێژوویەکی نووسراوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خەباتی سیاسیی دادەنرێت لە رووسیا و ئەوروپا لە ماوەی بزووتنەوەی دیسەمبەرییەکان تا کۆمۆنەی پاریس.هەروەها (**گۆنتشارۆف**) لە هەردوو رۆمانەکەیدا (چیرۆکێکی ئاسایی–١٨٢٠)و (ئابلۆمۆف – ١٨٥٩)، کە وێنەیەکی روونی رۆمانسیەی ئەوانی گرتووەو بە شێوەیەک، کە تیایدا وای پیشان داوە هیچ هێزوپڕست و کارێکی تیا بە سەر نییە، جگە لە سستی و بێتاوانی نەبێت،بەڵام ئەو رۆماننووسانەی روویان کردە وێنەکێشانی ژیانی جووتیاران لە سەرووی هەموویانەوە (**گریگۆریفتش**) بوو، کە ژیانی رۆژانەی جووتیارەکان و ململانێی توندوتیژی رۆژانەیان و لادێی هاوچەرخیانی کردە ناوەرۆکی ئەو رۆمانەی خۆی، (رێگا کشتوکاڵییەکان -١٨٥٢) و (راوچییەکان) ١٨٥٣) و (رەوەندەکان – ١٨٥٥)، بەڵام رۆماننووسی مەزن،کە رۆمانەکانی دەخەینە روو لە سەرووی ئەو نووسەرانەوەیە، کە رووی لە وەسفکردنی ژیانی هەژارانی شار کردووە.



**دیستۆیڤسکی**

رۆمـانی پەنجاكـان پشـتی بە شـێوازە باوەكـانی پـێش خـۆی بەستبوو، لە هەمان كاتدا بە شـێوەیەكی پێشكەوتوو و  نوێتر لە پێش خۆی دەركەوت، رۆمـانی پەنجاكـان هەروەكو رۆمانەكانی پـێش ئەو مـاوەیە پەیوەنـدییەكی پـتەوی بە بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی میللـی و تۆمـاركردنی روخسـاری نـوێنەرانی ئەو بزووتنەوەیەوە هەبوو، فەزلیش هەر هەمووی بۆ (بلوشكین)ە، كە لە پـێش هەموویـانەوە ئەو وێـنەیەی گرتـووە. بە شـێوەیەكی گشتی ئەو رۆمانەی (بلوشكین) كاریگەرییەكی زۆری كردە سـەر رۆماننووسـەكانی دوای خـۆی. رێبـازە هـونەرییە گشـتییەكەی (**بلوشـكین**)یان وەرگرت، هەروەهـا بابەتی چارەنووسـی درامـی ئافرەتی روسیشیان هەر لەوەوە وەرگرت، كە لەلای بلوشكین لە وێنەی (تاتیانا)دا دەردەكەوێت و پاشـان لە چلەكـان و پەنجاكاندا بـووە بـابەتی سـەرەكی و بە تـایبەتی لە رۆمانی(جیرتسـین) دا دەركەوت، هەروەهـا رۆمـانی پەنجاكـان (شـیكردنەوەیەكی دەروونـی) قووڵیـان بە میـرات لە رۆمانەكـانی **لێرمـانتۆڤ** بـۆ

مـایەوە، کە هەر ئەمەش بـوو پاشـان بـووە یەکـێ لە خاسـیەتە دیارەکـانی رۆمـانی رووسـیی، بە تـایبەتیش لە رۆمانەکـانی تۆڵستۆیدا دەرکەوت.

رۆمـانی پەنجاکـان سـوودی لەلایەنـی تراژیـدی رۆمانەکـانی **(گۆگـۆڵ)**یشـەوە وەرگـرت، کە پاشـان لەلای **(دیستۆڤسـکی و کیرتسـین و سـالیتکۆف شـیدرین)**ەوە بـووە سروشـتێکی دیـارو ئاشکرا، وەک لە رۆمانەکـانی**(گۆگـۆڵ)**ەوە سـوودیان لە وێنەی شـیکردنەوەی فراوانـی ژیـانی جەمـاوەرو وێـنەی چیـنە جیاوازەکانی رووسیا بینی. ئەگەرچی ئەو شێوازە داشۆرینەی لە نووسینەکانی **(گۆگۆڵ)**دایە بە کەڵکی رۆمانی پەنجاکان نەهات، چـونکە رۆمـان لەو مـاوەیەدا رووی لە وێنەکێشـانی هەمە چەشـنەی لایەنەکـانی ژیـانی رۆژانەو لێکـۆڵینەوەی جۆرەهـا بیروباوەڕی ئەو سەردەمە کرد. ئەم وێنەکێشانەی، کە پێویستی بە چەنـد شێوەیەکی جیاوازی نووسـینی زۆر هێمنتـر لە شـێوە نووسینەکانی گۆگۆڵ هەبوو.

رۆمـانی پەنجاکـان جەخـت لەسـەر پێشـکەوتنی رۆمـان بەرەو سـەردەمێکی نـوێ دەکـاتەوە، کە تیایـدا رۆمـان لەژێـر تیشـکی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوە نوێیەکاندا رووەو چەندین رێبازی جیاواز لە پێناو بنیادێکی هونەری هەوڵیدەدا، کە هاوسەنگی و گونجانێک بخـاتە نێـوان چیرۆکـی هـونەری و گەڕان بەدوای شـێوازی داستانی و هۆیەکانی وێنەکێشـان بۆ بنیـادی وێنەیەکی تەواوی ژیـان و هەسـتی پاڵەوانەکـان. هەروەهـا لە رۆمـانی پەنجاکانـدا شێوەیەکی تازەی ژیانی پاڵەوان دەرکەوت، ئەویش کوڕی چینی ناوەراست، سەرباز و جووتیار بوو، هـەروەهـا وێنەیەکـی تـازەی

ئافرەتی خاوەن هۆشیاری کۆمەڵایەتی وریاو سەربەخۆ دەرکەوت، هەروەها رۆماننووسەکان گرنگییەکی تایبەتیان بە ژیانی ناوەوەی پاڵەوان و دیالێکتیکی رۆحدا.

**قۆناغی دووەم:**

ئەو قۆناغە لە شەستەکان و حەفتاکانی ئەو سەردەمەوە دەست پێدەکات، کە بڕیاری ریفۆرمی کشتوکاڵی لە (١٨٩١)ەوە دەرچوو. لە ماوەی ١٨٥٩ -١٨٦١ داو لە کەش و هەوایەکی پڕ لە شۆڕشگێڕانەدا خۆیان بۆ ئەو ریفۆرمە ئامادەکرد، بەڵام ئەو ریفۆرمەی لەلایەن رژێمی بەگزادەی دەستەڵاتدارەوە ئەنجامدرا، هەروەکو وا ناسرا بوون، هەرچەندە جووتیاری رووسیی لە کۆیلەیەتی رزگارکرد، بەڵام هەر لەسەر باری چەوسانەوە و ستەملێکراوەیی مایەوە. ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەکردنی تێکەلاو کردنی باری شۆڕشگێڕی نوێی دژ بە بیری لیبرالی هەبوو، کە لەسەرووی هەموویانەوە جوولانەوەی شۆڕشگێڕی دیموکراسیی بوو، کە دروشمی شۆڕشی جووتیارانی لە پێناو گۆرانی کۆمەڵایەتی هەڵگرتبوو بۆ رووسیا، هەموو ئەو دەسکەوتانە کاریگەرییان بەسەر رۆمانەوە هەبوو، زۆر بیری نوێ و بابەتی نوێ و شێوازی نوێیان بۆ وێنەکێشانی ژیانی میللی هێنایە کایەوە. زۆر رۆمان دەربارەی (خەڵکی نوێ)، ئەوانەی کە سەرکردایەتی ژیانی فیکریی و سیاسیی نوێیان دەکرد، ئەوانەی کە مەرج نەبوو لە چینی بەگزادەدا بن لەسەردەمی پێشتریی دەستیان بەسەر بیری پێشکەوتنخوازدا گرتبوو، نووسرا، پاڵەوانە نوێیەکانی چینی ناوەڕاست هەڵگری بیری سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی بوون و بیروباوەڕی ماددیان

لەبەر گرتبوو لە چالاکی کۆمەڵایەتی یان زانستیدا کاریان لە پێناو بەختەوەری کۆمەڵ دەکرد زۆر بە پەرۆشەوە بۆ ئەوەی لایەنگر بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بەڵام گەڕانی ئەو خەڵکانە زۆربەی کات چیرۆکێکی درامی لێدەکەوتەوە، ڕۆمننووسەکان لە وەسفکردنی پاڵەوانە نوێیەکاندا بوون بە دوو دەستەوە : دەستەیێکیان وێنەی پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و فیکریی کەسییەتی پاڵەوانیان دەکێشاو وەسفی ژیان و بارودۆخی دەوروبەریان دەکرد، دەستەییێکی دیکەیان بە پلەی یەکەم گرنگیان بە لێدوان لەو کێشە کۆمەڵایەتییانە دەدا، کە خزمەتی پاڵەوانیان دەکرد، بۆ ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا وەکو کەسییەتییەکی کامڵ دەرکەوێت. هەندێ جاریش ڕۆماننووسەکان هەموو ئەو بابەتانەیان لەیەک ڕۆماندا تێکەڵاو دەکرد. دیارترین کەس لەو ڕۆماننووسانە (**تۆرگینێڤ**)ە، وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەروا **چێرنیشفسکی** ڕۆماننووس لە هەردوو ڕۆمانەکەیدا (چی بکەین- ١٩٥٧، (سەرەتا- ١٩٦٦ – ١٩٧١)، ئەو دوو ڕۆمانەی، کە شێوازی شۆڕشگێڕیی سۆسیالیستی پێ بنیات نان.

هەروەها ڕۆمان لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی تایبەتی ڕووی لە کێشەکانی میللەت کرد، کە فیکرو گەڕانی ڕۆماننووسەکانی بەخۆوە خەریک کرد، هەروەها ڕۆماننووسەکان گرنگییان بەوێنەکێشانی پرۆسەی شکاندنی بنەما کۆنەکانی واقیع داو روویان لە دۆینەوەی ئەلتەرناتیڤی تر کرد بۆی و لە ڕۆمانەکانیاندا گوزارشتیان لە پێویستی گۆڕانی لە رەگ و ریشەوە کرد بۆ ژیان و مرۆڤ. لە دیارترین ڕۆماننووسەکانی ئەو سەردەمە(**تۆلستۆی و دیستۆیڤسکی**)ن، کە هەندێ لە

بەرهەمەکانیان شی دەکەینەوە، هەروەها سەرباری ئەو بابەتانە تێکشکاندنی شێوە تەقلیدییەکانی ژیان لەو سەردەمەدا و سەرەتای دەرکەوتنی تازە بووە هۆی دەرکەوتنی شێوەیەکی تازەی رۆمان، کە پەیوەست بێ بەژیانی هاوچەرخەوە و گۆڕینەوەی کەلتوور، هەروەها ئەو رۆمانانە دەرکەوتن، کە قۆناغی پەڕینەوەی مێژوویی رووسیایان دەردەبڕی و هەوڵی نزیکبوونەوەی بەگزادەکان لەگەڵ ئەو پاڵەوانەی بە ئارەزووی خۆی ژینگەی تایبەتی خۆی بە جێ دێڵێ و پاڵەوانی میللی یاخی و شۆڕشگێر، بەهۆی ئاڵۆزی و درامی هەموو ئەو بابەتانەی لە واقیعدا روویان دەدا سەیر دەکەین رۆمانی رووسیی لەو سەردەمەدا زۆر درامی بوو.

**قۆناغی سێیەم:**

ئەو قۆناغە لە هەشتاکان و نەوەدەکانەوە دەست پێ دەکات، ماوەی بەر لە شۆڕشی ١٩٠٥ دەگرێتەوە لەو ماوەیەدا پێوەندی سەرمایەداری پێشکەوتنێکی زۆری لە رووسیادا بەخۆوە بینی، کە ئەمەش بووە هۆی چالاکی بەگوڕخستنی جووڵانەوەی کرێکاری و بڵاوبوونەوەی بیری سۆسیالیستی لە نێوان چینەکانی رۆشنبیر و کرێکاراندا، هەروەها هۆکارێکیش بوو لە پشت بزووتنەوەی بووژانەوەی گشتی، کە لەو ماوەیەدا لە ئەدەبدا رەنگیدایەوە. شتی نوێ لە رۆمانی ئەو ماوەیەدا و دەرکەوتنی بابەتی پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ بوو، تەنانەت بووە ئامانجی سەرەکی بۆ ئەو رۆماننووسانەی، کە گرنگییان بە رۆشنکردنەوەی وێنەی رۆحی مرۆڤی رووسیی لەو ماوە ئینتیقالییە دەدا، لە سەرووی هەموو ئەو رۆماننووسانەوە

**تۆڵستۆی** بوو، ڕۆمانەکانی (زیندووبوونەوە)[١]و (جەنگ و ئاشتی)[٢]و (ئانا کارنینا)[٣]و (حاجی موراد)[٤] بڵاوکردەوە.

هەروەها ڕۆماننووسەکانی وەکو **(سالتیکۆڤ شیدرین و گرین میخائیلۆڤسکی و مامین سێبریاك**)یش ڕوویان لەم بابەتە کرد.

هەروەها لەو ماوەیەدا جۆرە کەسیەتییەکی نوێ دەرکەوت، کە لە سەرتاپای ژیان و چارەنووسی خۆی دژبە رژێمی دەسەڵاتدار نارازی بوو،ئەو کەسییەتییە نوێیەش لە ڕۆمانەکانی **گۆرکێ** (میرات) ١٨٩٩ و(سێ هاوڕێ)[٥] ١٩٠٠ و (پیاوی بێ ئیش) لە ١٩٠٧ و (دانپیانانێک) لە ١٩٠٨دەرکەوتن.

سەرەتای سەدەی بیستەم بە هۆی تێکچوونی باری سیاسی و دواتر شۆڕشی ئۆکتۆبەر١٩١٧ ڕۆمانی ڕووسی بووە شاهیدی ئەو بارودۆخە سیاسییە.

دیارترین نووسەرانی پەخشانی و شانۆیی و چیرۆکی ڕووسی ئەو سەرەتایە (**ماکسیم گۆرکێ** ١٨٦٨ - ١٩٣٦)یە.

---

١ : لی یو تولستوی،رستاخیز، ت:سروش حبیبی،انتشارات نیلوفر،تهران،١٣٩٨. بە کوردییەکەی :تۆڵستۆی،پەسڵان،و:ئەمین گەردیگلانی،خانەی موکریانی،هەولێر،٢٠١٤.

٢ : لئون تالستوی،جنگ و صلح،ترجمه کاظم انصاری،انتشارات امیر کبیر، تهران،١٣٨٧. بە کوردییەکەی بڕوانە:لیۆ تۆڵستۆی،جەنگ و ئاشتی ئەلیادەی سەدە نوێیەکان. و: جەوهەر مەحمود دارائاغا،خانەی وەرگێران. سلێمانی ٢٠١٢.

٣ : لئو تولستوی،آناکارنینا، ت: سروش حبیبی،انتشارات نیلوفر،چ ١٤، تهران،١٣٩٨ . بە کوردییەکەی: لیۆن تۆڵستۆی،ئاناکارنینا،و: ئەمین گەردیگلانی،خانەی موکریانی ، هەولێر،٢٠١١.

٤ : لئو تولستوی،حاجی مراد،ت: رشید ریاحی،انتشارات امیر کبیر،چ٣،تهران، ١٣٩٤ . بە کوردییەکەی :تۆڵستۆی،حاجی موراد،و: ئەمین گەردیگلانی،خانەی موکریانی،هەولێر،٢٠١٤.

٥ : ماکسیم گورکی،سه رفیق،ترجمه ابراهیم یونسی، انتشارات جامی، تهران١٣٨٩.

سەرەتا بە کارە شانۆییەکانی خەم و مەنەتی رۆژگاری ئەو دەمەی خەڵکی سادەو هەژار و ئاوارە وجوتیار و دەشتەکییەکانی دەردەبڕی،لەو کارانەی:شانۆنانەی(وردە بۆرژوا)و (دوژمنان)و (بەربەرییەکان) و (رۆڵەکانی خۆر)و... دواتر رۆمانەکانیشی بە هەمان شێوە و مەبەستە نووسیوە،گۆرکی لە بواری نووسینی پەخشانیشدا ژیاننامەو بیرەوەرییەکانی خۆی بەم شێوەیە بە زمانیکی هونەریی بە پێز یادداشت کردووە:

(سەردەمی منداڵی)[1] لە ١٩١٤

(کۆلیژەکانی من) لە ١٩١٦

(گەڕان بەدوای نانداا)[2] لە ١٩٢٣

بەهۆی پێوەندی لەگەڵ بزاڤی شۆڕشگێڕی لەدوای ساڵی (١٩٠٥)ەوە چەند جارێک گیراوەو دوورخراوەتەوەو چەند ساڵێک لەئیتاڵیا ژیاوە.دواتر لە ١٩١٤ دا گەڕاوەتەوە.نووسیەکانی سروشتیکی سیاسییان هەبووەو ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی ئەگەر تەکنیکی هونەریی بەرهەمەکانیشی لاواز بێ، بەڵام گومان لەوەدانییە،کە زۆرترین کاریگەرییان بەسەر خەڵکەوە هەبووە، هەروەکو رۆمانی (دایک)[3]، لەو بابەتەیە.

---

[1] : ماکسیم گورکی،دوران کودکی،ت: کریم کشاورز،ا مؤسسه نتشارات نگاه، تهران ، ١٣٩٨.

[2] : ماکسیم گورکی،در جستجوی نان،ت: احمد صادق، انتشارات نگاه،چاپ تهران، ١٣٩٢.

[3] : ماکسیم گورکی،مادر،ت: علی اصغر سروش،مؤسسە انتشارات نگاه،چ٤، تهران١٣٩٨.بەکوردییەکەی:ماکسیم گۆرکی،دایک،و: کەریمی حسامی،چ٢،ناوەندی ئاوێر،هەولێر،٢٠١٧.

لەدوای شۆڕشیش هەندێ بەرهەمی وەکو کورتە چیرۆک و رۆمـان و ژیاننامـەیی و یـادەوەری مێژوویـی نووسـیوە،بەڵام رەخنـەی لـە شـەڕی نـاوخۆ و تونـدوتیژی شـیوعییەکان لـە سـەرەتای شـۆڕش نووسـیوە. دواتـر لـە سـاڵانی ١٩٢١-١٩٢٨جارێکی دی رووسیای بە جێهێشتووەو لە ئیتاڵیادا ژیاوە.



**ماکسیم گۆرکێ**

دواتـر داوایـان لیکـردووەو لەسـەر داوای سـتالین لـە ١٩٣٢دا گـەڕاوەتـەوە بۆ یەکیـەتی سۆڤیەت.سـەرجەم بەرهەمـەکانی لـەو بابەتە بۆ خزمەتی دەوڵەت و حیزب بووە.

(**یـۆری ڤیلـزن**)،لـە سییەکاندا رۆمانـەکانی بـە ناونیشـانەکانی (هەڵخەڵەتانـدن) لـە ١٩٣٠ و (بەختـەوەری) لـە ١٩٣٢ و (چەنـد نامەیەک لەبارەی لێرمەنتۆڤ)لە ١٩٣٦دا بڵاوکردۆتەوە. زمان و تەکنیکی نووسینی کاریگەری زۆری **جـێمس جـۆیس و (ڤێرجینیـا وۆلف)**ی بەسەرەوەیە و زۆرتر لە رێگەی مۆنۆلۆژی نـاوەوەو بـە شێوەی یادداشتی رۆژانە نووسویەتی.

**ئیڤـان کـەتاییڤ** Ivan Ivanovich Kataev ( ١٩٠٢-١٩٣٧ز ) نووسـەر و کـەسـێکی سـەربازی و رۆژنامـەوانێکی بـە بـەهرە

بـووەو خوێنـدنی زانکـۆیی لـە بەشـی ئـابووری لـە زانکـۆی مۆسکۆی میری تەواوکردووە.



**ئیڤان کەتاییڤ**

لە ١٩١٩ چۆتە پاڵ لەشکری سوور و شیوعییەکان و لە دژی ئـەنتۆن دنـیکن چـەنگاوە.وێنـای ژیـانی گونـدو گوندنشـینەکانی کـردووە.لـە ١٩٢٨دا رۆمـانی (دڵ) و لـە١٩٣٠دا کورتـەرۆمانی (شـیر)دا هێرشـێکی تونـد دەکاتەسـەر رژدی و خـەباتی جوتیـارێکی شـیرەمەنی.لە ١٩٣٤دا رۆمـانی (ژووان) و (پیاوێـک بەسەر چیاوە)ی نووسیوە. لە چیرۆکی (شـاعیرەکە)دا وەک بڵێی پێشبینی چارەنووسـی رەشـی خۆی دەکا،لەو چیرۆکـەدا باسـی جوانەمـەرگی شـاعیرێکی بزاڤـی رۆشـنبیریی پرۆلیتـاری دەکات.لەسـەر رۆمـانی شـیر، وەکـو ئایـدیۆلۆژیا بانگەشـەی بـۆ ئـایین دەکرد.لـە سـییەکاندا زۆر رەخنـەی لێگیـراو دواجـار بـە دوژمنی گەل تاوانباریان کرد و لە سێدارە درا.

**میخائیل شۆلۆخۆف**Mikhail Aleksandrovich Sholokhov (١٩٠٥-١٩٨٤) بەشەکانی رۆمانی(دۆنی ئارام)[١]ی لە نێوان ساڵانی(١٩٢٨-١٩٤٠)دا بە چوار بەرگ بڵاوکردەوە.



**میخائیل شۆلۆخۆف**

ئەم رۆمانە لەدوای (جەنگ و ئاشتی) ی تۆڵستۆی بە دووەم رۆمانی درێژی رووسی دادەنرێ، لە رووی فەزاو ژمارەی کەسایەتییە مێژوویی و رووداوە مێژووییەکانەوە.ئەم رۆمانە نموونەیەکی راستەقینەی ناخی کەسانی نەخوێندەوار بە ژن و پیاوەوە.ژیانی کازاکەکان لە هەردوو باری شەڕ و ئاشتیداو تارادەیەک بەلای شیوعییەکاندا دایشکاندۆتەوەو کازاکەکانیش بە دوژمنی شۆڕش وێنا دەکات.

شۆلۆخۆف دوای وەرگتنی خەڵاتی لینین و ستالین لە ١٩٦٥دا خەڵاتی نۆبڵی بە رۆمانی دۆنی ئارام وەرگرت.بێجگە

---

[١]: میخائیل شولوخوف،دن آرام،ت: م.ا.به آذین،انتشارات فردوس،تهران،١٣٩٢.به کوردییەکەی:شۆلۆخۆف،دۆنی ئارام،و: حەمەکەریم عارف، ناوەندی غەزەلنووس،سلێمانی،٢٠١٧.

لەو رۆمانە بەرهەمەکانی تریشی وەکو:(ئەوان لە پێناو خاکی باپیرانیان جەنگان)لە ١٩٦٢ و (خاکی تازەئاوەدان)[١] لە ١٩٦٢.

**بۆریس پلنیاك** Boris Pilnyak ١٨٩٤-١٩٣٨ لەو رۆمانووسە نوێخوازانەبوو،دیارترین پەخشان نووسانی سەرەتای بیستەکان بوو.



**بۆریس پلنیاك**

چیرۆکەکەی(ئەو مانگەی هەرگیز رووناکی لێنابڕێ) لە ساڵی ١٩٢٦،ئەو چیرۆکە بوو بە مایەی سەرخواردنی و بە هۆیەوە لە ١٩٣٧دا زیندانیکراو لەسێدارە درا.چونکە وەها راڤەکرا،بە شێوەیەکی رەمزی، لە کوژرانی سەرکردەی بەناوبانگی سوپای سووردا(میخائیل فرونزی)،ستالینی تاوانبارکردووە.بێجگە لەوە ئەو بەرهەمانەیشی هەیە:(ئیڤانی مۆسکۆ) و(بۆرگا دەڕژێتە دەریای قەزوێن).لەو بەرهەمانەدا نووسەر بە شێوازی جوانی

[١] : میخائیل شولوخوف،زمین نوآباد،ت: م.ا.به آذین،چاپ دوم، نشر فردوس، تهران، ١٣٨٩.

خۆی جەخت لەوە دەکاتەوە،کە مرۆڤ سەربەستە لە ژیانی خۆیدا.

## شیعری رووسی سەدەی بیستەم

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەسپێکی شیعریی رێبازی سیمبۆلیزم لە رووسیەدا لە گەشەکردندا بوو.

**ئەلیکزاندەر بلەك** Alexander Alexandrovich Blok ١٨٨٠-١٩٢١ز بە یەکێ لە رابەرە دیارەکانی ئەو رێبازە دادەنرێ.

بلەک کۆشیعری(خانمە جوانەکە)ی لە ١٩٠٥دا بۆ خێزان و خۆشەویستە ئەبەدییەکەی لۆبۆڤ مەندەلییڤای نووسیوە و وەها وێنای دەکات،کە نموونەیەکی بێ هاوتای نامۆیە لەسەر زەوی و تەواو لەناو ئەو جوانییەو چاوە شینەکانیدا تواوەتەوە و بۆتە وانەیەکی سۆفیگەری لە خۆشەویستی خوداییدا.

ئەم کۆشیعرە لە راستیدا لە یادەوەرییەکانی رۆژانەی شاعیر دەچێ وەکو عەشق و جەزبەیەک بۆ خانمەکەی و رەهەندێکی ئایینی و ئیستاتیکی تێگەڵ کردووە. دوای شۆڕشی ١٩٠٥ نائومێدییەکی زۆر رووی تێکردو کەوتە دوای چێژە هەستییەکانی خۆی و لە بەزمگەکامدا دەمایەوەو شیعری لیریکی دەنووسی و ئەم هەستە چێژدارییەی لە شانۆییەکانی بە تایبەتی لە شانۆیی(یاری)دا بەرجەستە کردووە.



**ئەلیکزاندەر بلەك**

لـە ١٩٠٧دا کۆشـیعریکی تـازەی بـە ناونیشـانی(دەمامکی بـەفرین)بڵاوکردەوەو هـەر لـەو سـاڵەدا درامایـەکی لیریکـی بەناوی(گۆرانی چارەنووس)بڵاوکردەوە.لە ئەنجامی سەفەرێکی بۆ ئیتاڵیا لەگەڵ ژنەکەی کۆشیعرێکی بە ناوی(قەسیدەگەلێکی ئیتاڵی)لە ١٩٠٩ دا نووسی و لە ١٩١٣دا بیروەریەکانی ئیتاڵیا و سەرزەمینی دانتی بوونە هەوێنی درامایەک بەناوی(گوڵ و خاچ).

لـە ١٩٠٩-١٩١٧ شیعرە نیشتمانی و ئیرۆتیکییەکانی جێگەی سەرنجە،بە تایبەتی داستانی(دوازدە)بەرهەمێکە لە دوازدە بەش پێکهاتووە و ئاماژەیە بۆ یاوەرانی مەسیح و لەو بەرهەمەدا مەسیح دەبێتە رابەری سەربازە سوورەکان و دواتر بە هۆی زریانێکی بەفرین نایبینن و تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن یان بە واتایەکی دی قبوڵی ناکەن.

لەو سەردەمەدا چەند شاعیرێکی دی دەرکەوتن،کە هەندێکیان هەمان ئەو رەوتە واتا رەوتی سیمبۆلیزمی و تێکەڵ بە ئاماژە ئاییینییەکانیان دەخستەروو،هاوکات کاریگەریی بۆچوونەکانی

نیچـەی ئەڵمانییش،کـە پێیوابـوو (ترژیـدیا لـە رۆحـی موزیکـەوە لەدایکبووە) لەلایان جێگەی بایەخ بوو.

**ڤیاچیسـلاڤ ئیڤـانۆڤیچ** VIACHESLAV IVANOVICH ١٨٦٦-١٩٤٩ز شاعیرێکی وردبین و پڕ زانیاری بووەو سوودی لە فەلسەفەی ئـەڵمانی وەرگرتـووەو لـە رووی ئایینییشـەوە لـەبارەی خواوەنـد دایۆنیسیسـەوە بە مەسیحیەت بەراوردی دەکات.



**ڤیاچیسلاڤ ئیڤانۆڤیچ**

لـە سـاڵی ١٩٠٢ دا یەکـەمین کۆشـیعری خـۆی (ئەسـتێرە ئارامـەکان)ی بڵاوکـردەوەو دەیگـوت شـاعیر دەنگـی یـادەوەری گەلەکەیـەتی و دەتـوانێ ئەفسـانەی ئـایینی بخوڵقینێ.ماڵەکـەی لـە سـان پترۆسـبۆرگ،کە پێیـان دەگوت(تـاوەر) لـە ١٩٠٥- ١٩٠٧ دا وەکـو سـەنتەرێکی رۆشـنبیری شـوێنی کۆبوونـەوەی رۆشـنبیران بـوو.دوای ئـەوە وتارەکـانی لەمـەڕ ئیسـتاتیکا وەکو(لـە رێگـەی ئەسـتێرەکانەوە) و (خـەرەنـد و سـنوورەکان) لـە ١٩١٦دا بڵاوکردەوە.

لە ١٩١٠-١٩١٣ دا کۆمەڵێ قەسیدەی دیکەی بڵاوکردەوە،وەکو (دڵی سووتاو) و (سۆناتا زستانییەکان) باسی زستانی تووش و ساردی رۆژانی شەڕی ناوخۆ.

هەر لەو ساڵانەدا شاعیرانی وەکو ئینۆکنتی ئانینسکی(١٨٥٦-١٩٠٩) و ئەلیکسی ریمیزۆڤ(١٨٧٧-١٩٥٧) و میخائیل کۆزمین(١٨٧٥-١٩٣٦)و ماکسیمیلیان فۆلۆشین(١٨٧٧-١٩٣٢) دەرکەوتن و بابەتەکانی ئەویینداری و سۆفیگەری و نیشتمانپەروەرییان وروژاندووەو (ریمیزۆڤ وکۆزمین)یش لە شیعردا ئاماژەیان بە هەندێ بابەتی رێزپەڕی وەکو هاوڕەگەزبازی کردووە.

دوا بەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی وردە وردە رێبازی سیمبۆلیزم بەرەو لاوازی دەچوو و رێبازی فیوچەریزم(ئاییندەخوازی) گەشەی دەکرد.هەندێکیشیان لەسەر رەوتی پێشوو دەڕۆیشتن و پییان وابوو نابێ دەسبەرداری ئەو کلتورەی پێشوو بن و وەکو کلاسیزمی نوێ یان ریالیزمی نوێ سەیر دەکران.رابەری ئەمانە گۆمیلیۆڤ بوو.لە شاعیرانی ئەو گروپە،کە زۆر دیاربوون و شیعرەکانیان بۆ خۆشەویستی و هەستی مرۆڤدۆستی تەرخان کردبوو ئۆسیپ مندلشتام و ئاننا ئاخماتۆڤای خێزانی بوو.

**گۆمیلیۆڤ** Nikolay Stepanovich **Gumilyov** ١٨٨٦ -١٩٢١ز سەروەری بۆ شیعری رووسی گەڕاندەوەو لە خەیاڵی رۆمانسییانە خۆی رزگارکرد.ماوەیەکی زۆر بوو شیعری رووسی کەوتبووە بەر کاریگەری رەوتی رۆمانسی و سیمبۆلیزمی.



**گۆمیلیۆڤ**

لـە ١٩٠٥دا یەکـەمین کۆمەڵەشـیعری(رێگای سـەرکەوتووان)ی بڵاوکـردەوە.دوای خوێـندنی لـە زانسـتگای سـۆربۆن لـە ١٩٠٨ (گوڵـە رۆمانسـییەکان)ی نووسـی،کە باسـی دڕنـدەیی و ئـاژەڵی پـەلاماردەر وەکـو هێـزی دژ بـە رۆمانسـیەت و ئەوینـداری بـە ئاژەڵی ئەفریقایی دەچوێنێ.

دوای گەڕانەوەی بۆ رووسیا گۆڤاری(ئـەپۆلۆن)ی دامەزراند و شیعر و وتارە ئەدەبییەکانی لەوێ بڵاودەکردەوەو تا راددەیەکی زۆر کاریگـەریی لۆکێنـت دی لیـل و پەرناسـییەکانی فەرەنسـیی لەسەر بوو و لـە شیعرەکانیدا نـاوی چەندین بەرهـەمی دانتی و دۆن ژوان و نـاوی ئەفسـانە کۆنـەکانی یۆنـانی و هەەنـدێجاریش روانگـەی ئـاییینی خـۆی وەکـو مەسـیحییەک سەرسـامی گیـانی لێبـوردەیی بووە.لـە ١٩١٠ لەگـەل ئانـا ئاخماتۆڤـا هاوسـەرگیری کردووەو لە ١٩١١دا چووە بۆ حەبەشە بۆ کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلـۆریی ئـەو ناوچەیە.لـە ١٩١٦دا کۆشـیعریکی تـازەی بـە ناونیشـانی (هـەگبـەی شـیران) بڵاوکـردەوە و تیایـدا وەکـو سـەردەمی خـۆی باسـی گرفتارییـەکانی رۆژگـاری خـۆی

دەکا.هەروەها زۆر باسی دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانی ئیتاڵیا دەکات.

**ئاننا ئاخماتۆڤا** Anna Akhmatova ١٨٨٩-١٩٦٦ز لە ئۆدێسای نزیک سان پترسبۆرگ لەدایکبووە.یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی شیعری رووسی سەدەی بیستەم.یەکەمین کۆشیعری خۆی (ئێوارە)ی لە١٩١٢دا بڵاوکردۆتەوە،کە تازە لە پاریس گەڕابۆوە.لەو شیعرانەدا بابەتی سەرەکی عەشق و خۆشەویستی ژنانەو موعانات و ئازاری ژنانە بە گشتی نەوەکو تەنیا ئەزموونی تایبەتیی خۆی.شیعرەکانی سروشتێکی دراماییان هەیەو جۆرێکە لە گێڕانەوەو هەندێجار خۆی لە بەرامبەر ئایین و کەنیسە بە گوناهبار دەزانێ.ئاماژە بە خواوەندی شیعر میوز دەکات و بە سەرچاوەی بەهای شیعریی دادەنێ. شیعرەکانی چەندین شوێنی جیاواز لە خۆدەگرێت واتا شوێن رەهەندێکی ئیستاتیکی هەیە و سادە خۆیان دەتوانن،وەلێ وانییە و واتای قووڵیان هەیەو ئاماژەو رەمزەکانی وردن.

لە کۆشیعری(ئاننۆ دۆمینی) لە ١٩٢٢دا زاتر باەتەکان خودیین.خۆشەویستی بۆ نیشتمان و ئامتژە بە خەباتی گۆمیلیۆڤ و هاوڕێیانی دی زۆرتر بابەتەکانی ئەو کۆمەڵەیە دەنوێنێ[١].

---

[١] : بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژیاننامەو کارەکانی ئاننا ئاخماتۆڤا بڕوانە: ایلین فاینشتاین،سرگذشت آنا اخماتووا،ت: غلامحسین میرزا صالح،انتشارات مازیار،تهران،١٣٨٦.



**ئاننا ئاخماتۆڤا**

ئاییندەخوازە ئیمپریسیۆنیزمەکان زۆرترین ئاژاوەیان لە مەیدانی شیعری مۆدێرنێتەدا دروستکرد و داوای دابڕان و ڕەتکردنەوەی کلتووری ڕابردوویان دەکرد و تەنانەت لە ١٩٢١لە مانیفێستەکەیاندا(شەقێک لە زەوقی گشتی)یان کردە بنەڕەت.

**چەند کورتە شیعرێکی ئاننا ئاخماتۆڤا:**

## جودایی

**هەر دەڵێی دوێنێ بوو**
**دەمەو خۆرئاوابوون لە نشێوی دەشتێکدا**
**بە گوێیدا چپاندم(لەبیم نەکەیت)**
**ئێستا تەنیا با هەیە**
**هاواری هێ هێی شوانەکان**
**چپەی دار بییەکان**
**لە ڕۆخ جۆگەلە سازگارەکان**

١٩١٤

.....

## ماڵە سپیەکەت

**ماڵە سپییەکەت،باخچەی ئارامت جێدەهێڵم**

**ژینم خاڵی و پاك دەکەمەوە**
**ئەوکات ئەوەند شیعرت بەسەردا دەڵێم**
**هیچ ژنێك تا ئێستا ئەوەی نەکردبێ**
**بۆ هەمیشە دەبمە بەشێك لە ژیانی تۆ**
**لەو بەهەشتەی بۆت سازاندووم**
**شتە گرانبەهاکان دەفرۆشین:**
**عەشقەکەت، ناسکی ئەندێشەکانت**
١٩١٣

......

## منت خۆش ناوێت

**بابەتەکە زۆر سادەو ڕۆشنە،**
**هەموو کەس لەوە تێدەگات:**
**تۆ منت خۆش ناوێ و**
**هەرگیز ناتەوێ خۆشت بوێم**
**بۆچی من ئەوەندی دڵبەستەی**
**پیاوێکی ئەوەند بێگانەم؟**
**بۆچی ئێواران**
**وا لە ناخی دڵەوە دوعات بۆ دەکەم؟**
**بۆچی دۆستان و کۆڕە قژ زەردەکەم و**
**شارە ئازیزەکەم و**
**وڵاتەکەی خۆم جێهێشتووە**
**لە شەقامەکانی ئەم پایتەختە بێگانەدا**
**وەك قەرەجێکی ڕەشپۆش سەرگەردانم؟**
**بەڵام چەندە جوانە**

**خەیاڵی دیدارێکی دی لەگەڵ تۆ؟**[1]

١٩١٧

**مایاکۆڤسکی** Vladimir Vladimirovich Mayakovsky ١٨٩٣-١٩٣٠

هەر لە سەرەتاوە شاعیرێکی نوێخواز و دژەباو بووە.لە دوای ساڵی ١٩١١ەوە کۆمەڵێ هونەرمەندی پێشڕەوی ناسی و بە تایبەتی داڤید بۆرلیۆک،لە دامەزرێنەرە سەرەتاییەکانی ئایندەخوازی رووسیا بوو.



**مایاکۆڤسکی**

لە ١٩١٣ دا یەکەمین بەرهەمی بریتی بوو لە شانۆییەک بە ناونیشانی(تراژیدیا).هەر لەو ساڵەدا شیعرەکانی خۆی بۆ خەڵک دەخوێندەوەوە رەخنەی توندی لە بۆرژوازییەتی ئەوروپی دەگرت و شیعری(هەوری شەرواڵپۆش)[2]ی لە ١٩١٤دا بڵاوکردەوە.

---

١ : آنا آخماتووا، سایه ای در میان شما،ت:احمد پوری،انتشارات نگاه، تهران،١٣٩٢.

٢ : ولادیمیر مایاکوفسکی، ابر شلوارپوش،برگردان مدیا کاشیگر"چ٧، انشارات مینا،تهران،١٣٩٢.

لــە قەســیدەی(جەنگ و جیهــان)دا پێشــبینی نەهامەتییــەکانی جــەنگ و مــاڵوێرانی مرۆڤایــەتی دەکات.لــە دوای شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر بــووە شــاعیری شۆڕشــی نــوێ و خۆشەویســتییەکی بێسنووری بۆ ئەو ریبازە وێیە هەبوو و تەنانەت زۆربەی بەرپرســـەکان سەرســـامی قەسیدەی(مارشـــی کاروانەکـــە) بوون.لەسەر ئەو رەوتە بەردەوا بوو و تەنانەت لە ساڵی ١٩٢٤ دا بۆ مەرگی لینین قەسیدەیەکی نووسیوە.

مایاکۆڤسکی جگە لە قەسیدەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی چەندین شیعریشی بۆ ئەویندارى نووسیوە،لەوانە لە ١٩٢٢(من عاشقم)[1] و چەندانی دی،کە هەموویان بۆ (لەیلا برێک)ی خۆشەویستی بوو.

لە ١٩٢٤ دا بۆ یەکەمجار سەردانی پاریسی کرد و دواتر ساڵانە هەتا لە ١٩٣٠ دا مرد هەموو ساڵێ سەردانی پاریسی دەکرد.دواتر سەردانی مەکسیک و کوبا و ئەمریکای کردووەو بەری ئەو سەردانانەی بوو بە(ئەو ئەمریکایەی من دۆزیمەوە)[2] لە ١٩٢٦دا بە توندی باسی نائینسانیەتی ئەمریکا و کارەکانی دەکات.

ســاڵانی پــێش مردنــی دوو شــانۆیی نووســیوە،یەکــەمیان شانۆییەکی کۆمیدی رەخنەگرانەیە بە ناونیشانی(پاشماوە) لە ١٩٢٩دا تیایدا رەخنە لە پاشماوەی کۆنە بۆرژوا بۆگەنەکانی

---

[1] : ولادیمیر مایاکوفسکی،من عاشقم ،حمیدرضا آتش برآب، انتشارات علمی و فرهنگی،تهران،١٣٩٨.

[2] : ولادیمیر مایاکوفسکی،آمریکایی که من کشف کردم،ترجمه وازریک درساهاکیان، نشر نقره،تهران،١٣٦٣.

سیاسەتی نوێی ئابووری دەگرێت و لە شانۆیی دووەمدا(کۆتر) لە ١٩٣٠دا زیاتر ناوەرۆکەکەی خەیاڵی زانستییەو پاڵەوانەکەی ژنیکی فۆسقۆرییەو خەڵکی باش دەگوازێتەوە بۆ ئایندە.لە کۆشیعرە دیارەکانی: (سادە وەک دەنگی گا)[١] و (ئاگری سارد). دواجار بەهۆی شکست لە عەش و گرنگی پێنەدانی دەسەڵات خۆی کوشت.

**بۆریس پاسترناك** Boris Pasternak ١٨٩٠-١٩٦٠ز هێندەی لە دەرەوەی رووسیا ناسراوە لە وڵاتەکەی ئەوەندە نەاسراوەو زیاتر لە ناوەوە بە شاعیر ناسراوە،بە پێچەوانەوە لە دەرەوە وەکو رۆماننووسێک و بە تایبەتییش لە رێگەی رۆمانی (دکتۆر ژیڤاگۆ)ەوە ناسراوە.

شاعیر لە خانەوادەیەکی رۆشنبیر و هونەرپەروەر لە لە ساڵی کۆلیژی فەلسەفە و مێژووی لە مۆسکۆ تەواوکردووەو دواتر بۆ خوێندنی باڵا لە بواری فەلسەفە رووی لە ئەڵمانیا کردووەو لە زانکۆی ماریۆرگ خوێندنی تەواوکردووە، وەلێ ساڵی دواتر وازی لە فەلسەفە هێناوەو خووی داوەتە ئەدەبیات و لە ١٩١٤دا یەکەمین کۆشیعری بە ناونیشانی(دووانەیەک لە هەورەکاندا)ی بڵاوکردەوەو لەسەر رەوتی فۆتۆریزم و سیمبۆلییزمەکان درێژەی بە نووسین داوەو چەندین کۆشیعری بڵاوکردۆتەوە: (لەدایکبوونێکی دی) و هەوەڵین شەندەفەرەکان)و(کە هەوا خۆش دەکات)و..

---

[١] : ولادیمیر مایاکوفسکی، سادە چون صدای گاو ،ترجمە بابک شهاب، نشر مینا،تهران،١٣٨٨.

لە یەکەمین کۆنگرەی نووسەران لە ١٩٣٦ لە رووسیادا وەکو شاعیرێکی گەورەو ناسراو دەرکەوت.
(ژیانی خوشکەکەم)[١] و (پانایی زەمین) و دایکبووە.باوکی شێوەکار و دایکی موزیکژەن بووە.



**بۆریس پاسترناك**

لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا وەک پەیامنیری سەربازی و بەشداری لە چەسپاندنی پرەنسیپەکانی سیستمی نوێی سۆڤیەتی دەستی بە نووسینی شیعری نیشتمانی وسیاسی کردووەو شیعرەکانی(چیرۆکێکی ترسناک) و (زاڵگەی سنوور)ی نووسیوە.لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگ دەست بە نووسینی رۆمانی (دکتۆر ژیڤاگۆ)[٢] دەکات و لەبەر رەخنە توندەکانی لە سیستمی شیوعیەت لە ١٩٥٧دا لە ئیتاڵیا بڵاوی کردەوە و لە

[١] : بوریس پاسترناک، زندگی خواهر من است،ت: فریشته ساری، انتشارات دیبایە،تهران، ١٣٩٥.

[٢] : بوریس پاسترناک، دکتر ژیواگو،ت: دکتر علی اصغر خبره زاده، چاپ ششم، انتشارات پیروز،تهران، ١٣٦٢.

ســـاڵی١٩٥٨دا خـــەڵاتی نـــۆبڵی پێدرا،بـــەڵام رەتیکـــردەوەو وەرینەگرت[1].

ئەم رۆمانە بە نموونەی رۆمانی شۆڕش دادەنرێ و باسی مـاوەی سـاڵانی ١٩٢٣-١٩٢٩دەکات،کەسـێتیی پاڵەوانەکـەی لـە کەسـێکی شۆڕشـگێرەوە هەڵوێسـتی بـۆ کەسـێکی دژەشـۆڕش دەگۆڕێـت و ئـەو شـەڕە ئایدیۆلۆژییـەی لـە دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبەرەوە لە نێوانی سوپای سوور و سپیدا بۆتە بەشێکی ئـەو رووداوانـەی ئـەو سـاڵانە و پاڵەوانەکـەی ئـەو شـەڕانە بـە ماڵوێرانکـەر و لـەناوبردنی هەسـتی ئەویـنداری و تێکچـوونی شـیرازەی کۆمەڵایـەتی ناودەبـات. دکتـۆر ژیڤـاگۆی پزیشـک و شـاعیر عاشـقی دوو ژنـە و دواتـر رووداوەکـان بـە ویسـتی ئـەو نابن و لەسەرووی دەسەڵاتی ئەون.نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێ مرۆڤ چۆن دەتوانێت بەرامبەر بە بیرو باوەڕو داب و نەریتی خـۆی وەفـادار بمێنێتـەوە لـە کاتێکـدا ئامـانجی شـۆڕش،کە لـە بنەڕەتدا بۆ ئازادی مرۆڤە کەچی دواتر لە ئامانجە باڵاکانی خۆی لادەدات و دەکەوێتە کوشتن و تاڵانی.

پاسترناک ئەگەرچی دۆست و لایەنگرێکی سەرسەختی لینین بوو، بەڵام نەهات ببێ بە زوڕناژەنی حیزب،بە پێچەوانەوە داوای ئـازادی بـۆ نووسـەر و هونەرمەنـدان لـە دەربڕینـدا دەکرد.کـە سـتالین لـە سـییەکان حـوکمی گرتـە دەسـت بـە دژەشـۆڕش

[1] : بۆ تـەواوی ژیـان و بەرهەمـەکانی بڕوانـە: پیتـر فـین، پترا کـووی، ادبیات علیـه استبداد، پاسترناک و ژیواگو،ت: بیژن اشتری، چاپ ٢ ،انتشارات نشر ثالث، تهران ١٣٩٧.

تۆمەتباریان کردو لە نووسەرانیش دووریان خستەوە،بەڵام ئەو هەموو فشارە نەبووە هۆی ئەوەی وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت.

**سێرگی یەسنین** Sergei Yesenin ١٨٩٥-١٩٢٥شاعیرێکی ناوداری نوێخوازی رووسیە.لە لادێوە بەرەو مۆسکۆ هاتووە و لەوی خوێندویەتی و لە ١٩١٢دا دەستی بەکاری رۆژنامەوانیی کردووەو هەر ئەوکاتەیش دەستی بە نووسینی شیعرکردووەو لە ١٩١٦دا یەکەمین کۆشیعری خۆی(رادۆنیتسا)ی بڵاوکردەوەو لەو کۆمەڵەیەدا تا رادەیەکی زۆر مەزراندنی فۆلکلۆرو فەرهەنگی سەرزاریی خەڵکی رووسیای تێدا رەنگی داوەتەوە.دوای ئەوەی لە ١٩١٥ رووی لە شاری پترۆگراد کرد لەوێ شاعیرە نوێخوازەکانی وەکو ئەلیکزاندەر بلۆک و سێرگی گرۆدۆتسکی و ئەوانی دی ناسیوەو بووە هۆی ئەوەی زۆرتر بناسرێت.

یەسینین وەکو زۆر کەسی دی ئومێدی زۆری بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەبوو، بە تایبەتی دوای ساڵی ١٩١٧ رووسیا لە جەنگی جیهانی یەکەم کشایەوە و ژیانێکی نوێ دەست پێبکات،بەڵام شەڕی ناوخۆیی و شەڕی لەشکری سوور و سپی شەڕی لایەنگرانی لینین و نەیارانی ئەمانە ئەو هیوایەی نەک هەر لە دەروونی شاعیردا کوشت،بەڵکو بووە کەسێکی دژە شۆڕش و بێزاری خۆی لەو سیاسەتە دەردەبڕی.



**سێرگی یەسنین**

لــە ژووری مێوانخانەیــەک لــە کۆتــا رۆژەکــانی ١٩٢٥دا بــە خــوێنی خــۆی ئــەو شــیعرەی نووســیوەو دوای ئــەوە خــۆی هەڵواسیوە:

**ماڵئاوا هاورێکەم ماڵئاوا**
**ماڵئاوا هاورێ بێ دەست گوشین،بێ درکاندنی وشەیەك**
**غەمگین مەبە،برۆت گرژ مەکە**
**بەشداریت لەبەرچاوە**
**بەڵێن بۆ دیداری ئایندە**
**ئازیزم لە سینەمدای**
**لەم ژیانە مردن شتێکی تازە نییە**
**ئیدی ژیانیش شتێکی تازە نییە**

ترۆتسکی دەڵێ ماڵئاوایی نەوەک لە دۆستێکی رەنگە بۆ هــەمووومان بێــت. شــیعرەکانی بــە زمــانێکی ســادەو رەوان و رۆمانسییانە دەربڕیوە.

وەکو کەسێکی رۆشنبیرو هوشیار شەیدای کلتورو ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتییــەو بــە تایبــەتی ئــەدەبیاتی ئێرانــی و تەنانــەت

کۆشیعرێکی بەناونیشانی(مۆتیفە ئێرانییەکان)[1] هەیە. لە یەکێ لە نامەکانیدا دەڵێ:ئارەزووی هەمیشەیی من سەفەرکردن بوو بۆ ئێران.پێشتریش سەفەری قەفقاس و باکۆی گردبوو و سەرسامی باکۆییەکان ببوو.

[1] : سرگئ یسنین، *در مایەهای ایرانی*، تحقیق وترجمە حمیدرضا آتش‌برآب، چاپ دوم،نشر هرمس، تهران ١٣٨٨.

# نیکۆلای نیکراسۆڤ

بەرهەمە شیعرییەکانی نیکراسـ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــۆڤ NikolayAlexeyevich **Nekrasov** ١٨٢١-١٨٧٨ز. پـــلـەو و پـــایەکی بەرزی لە ئەدەبـــی رووســـییدا هەیەو ئـــاوێنەیەکی روونـــی جـــوولانەوەی رزگـــاریخوازانەی گەلـــی رووســـییە، هەروەهـــا نیکراسۆڤ توانی دووبارە شیعری رووسیی بگەیێنێتەوە لووتکە، کە مـاوەیەکی زۆر بـوو ئەو پایەی خۆی بە مردنی پۆشکین و لێرمـانتۆڤ لە دەسـت دابـوو. نیکراسـۆڤ بە درێژایـی ژیـانی ئەدیبێکـــی پێشـــکەوتنخوازو رۆژنـــامەوان و تێکۆشـــەر و رۆشـنبیرێکی مرۆڤـانە بـوو. نیکـۆلای ئەلیکیفیـتس نکراسـۆڤ لە (١٠) ی رەشـەمەی سـاڵی ١٨٢١ لە هەرێمـی بۆلسـکی لە دایـک بووە. تەمەنی منداڵی لە کەنـار رووبـاری ڤۆلگا بەسـەر بردووە، گیـانی نقـوومی جـوانی دیمەنـی دێـیەکەی بـاوکی بـووە، کە قۆمیسەرێکی خانەنشین بوو و خاوەنی دێیەکە بوو. ئەو ژیانە تـاڵ و ناخۆشـەی جووتیـاران سـایەی رژێمـی کـۆیلەیەتی بەســـەریان دەبـــرد، ببـــوونە کـــۆڵێ خەم و پەژارە بەلای نیکراسـۆڤەوە. بـاوکی شـاعیریش نمـوونەیەکی زینـدووی گیـانی دەرەبەگـایەتی ئەو سـەردەمە بـوو، کە زۆر بە رەقـی لەگەڵ جووتیاراندا بێتەوە، بە هیچی سـەیر نەدەکردن تەنها ئەوە نەبێ ئـادەمیزادن، هەتـا زۆر جـار لە کـوڕەکەی خـۆی، شـاعیری دوا رۆژی. دەدا، کە بیدیتایە لەگەڵ منداڵی جووتیارەکان یاری دەکا. هەروەها لەگەڵ ژنەکەی زۆر ناتەبا بوون و هەردەم مەست بوو وکـۆمەڵێکی وەک خۆیشـی لە دەوری خـۆی کۆکردبـۆوە. تـاکە هـاورێی منداڵیی نیکراسـۆڤ یەلنا ئەنـدرییڤتای دایکی بـوو، کە

زۆر جاران بەرپەچی باوکی شاعیری دەدایەوەو دەیوست کوڕەکەیان لە بارێکی دەروونی ئاڵۆزودا نەبێت. شاعیر بیرەوەرییەکانی دایکی بە خۆشەویستترین و شیرینترین یادگارو بیرەوەری رۆژانی منداڵی دەزانی، کە بەخەیاڵی دابێت. زۆرجاران خەیاڵی بۆ لای دوورخراوەکانی سێبیریا هەڵدەفڕی، کە مردن چاوەڕوانیان بوو، هەروا بیری لە هەژارەکان و گۆرانییە خەمناکەکانیان دەکردەوە، کاتێ بە کەشتییەکانیان بەنێو رووباردا تێدەپەرین.



**نیکۆلای نیکراسۆڤ ١٨٢١-١٨٧٨ز**

زۆرجارانیش بە تەنێ دەچوو لە شوێنێکی بەرزی کەنار دەریا دادەنیشت و لەو دیمەنە کاریگەرانەی سروشت ورد دەبووەوە. نیکراسۆڤ لە ساڵی ١٨٣٢دا لە یارۆسلافل رێگای قوتابخانەی گرتە بەر. هەر لە منالییەوە ئارەزوویی ئەدەبی هەبوو حەزی بە لەبەرکردنی شیعر دەکرد. کە ساڵی ١٨٣٨ هات باوکی بڕیاری دا بیخاتە قوتابخانەی سوپایی لە پیتەربۆرگ. نکراسۆڤ لە کوچەو کۆلانەکانی ئەو شارە گەورەیە ژیانی

کۆمەڵایەتی هەژارەکانی بە چاوی خۆی دیت وبەتەواوی خووی دایە ئەدەب و وازی لە قوتابخانەی سوپایی هێنا. بەم کارەی باوکی لێی توورەبوو وهەموو یارمەتییەکی ماددی لێبڕی. نیکراسۆڤ دوای ئەوەی برسییەتی شاڵاوی بۆ هێنا، ناچار دەستی بە کارکردن کرد. دوای هەوڵدانێکی زۆر توانی لە ساڵی ١٨٤٨دا یەکەمین دیوانی شیعریی خۆی بەناوی (خەونەکان و دەنگەکان) پێشکەش بکات، بەڵام ئەم دیوانەی هیچ سەرکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینی، چونکە زۆر بە ئاشکرا لە چاو شاعیرەکانی پێش خۆی کرد بووەوە، وەکو **چۆکۆڤسکی و لێرمەنتۆڤ** و هیدی، گیانێکی رۆمانسییانە بەناوەڕۆکی بەرهەمەکانییەوە دیار بوو، بۆیە بیلینسکی زۆر بەتوندی هێرشی بردە سەر، شاعیرش بە ناچاری بە کتێبخانەکاندا دەگەڕا دیوانەکەی خۆی دەکڕیەوە و دەیسووتاندن، بەڵام ئەمە هیچ نەیتوانی لەهەوڵدان و توانای نیکراسۆڤ کەم بکاتەوە، بەڵکو هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو رێگەیەی، کە لە دەروونی خۆیەوە نەخشەی بۆ کێشابوو.

لەپاڵ ئەوەشدا کە لە (رۆژنامەی ئەدەبی) کاریشی دەکرد بۆ وەدەست هێنانی پارووێ نان. بەرهەمە بەرزەکانی گۆگۆل و گوتارە بەهێزەکانی **بیلینسکی** لە سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا زیاتر بناغە و بنچینەکانی (ریالییزم)یان لە ئەدەبی رووسییدا پتەوتر کرد. لەو ماوەیەدا کۆمەڵێ ئەدیبی رووسیی پێشکەوتنخواز لە دەوری بلینسکی کۆببوونەوە، کە نیکراسۆڤیش یەکێک بوو لەوان. بلینسکی ئامۆژگاری ئەو ئەدیبانەی دەکرد، کە وێنەی ژیان بە شێوەیەکی راست و

دروست، خۆی چۆنە وای دەربخەن، با تاڵ و ناشیرنیش بێ. لە ساڵی (١٨٤١) ەوە پەیوەندی نێوان نیکراسۆڤ و بیلینسکی زیاتر پتەوتر بوو بەتایبەتی ئامۆژگارییەکان و سەرنجەکانی دوایی بیلینسکی کارێکی گەورەی کردە سەر پێشکەوتن و چەسپاندنی رێبازی دیموکراتی شۆرشگێری و راپەرین دژی رژێم و خۆشەویستی گەل و بەرگری لێکردن، هەموو ئەمانە بوونە دواتربوونە هەوێنی بەرهەمەکانی نیکراسۆڤ. هەروەها وای لێکرد، کە گرنگییەکی زێتر بە ئەدەبی مرۆڤایەتی بدا. لە ساڵی (١٨٤٦) ەوە نکراسۆڤ دەرکردنی گۆڤاری (هاوچەرخ)ی پێشکەوتن خوازی گرتە ئەستۆی خۆی و نووسەرە هەرە دیارەکانی رووسیی لەدەوری خۆی کۆکردەوە. وەکو نووسەری رووسیی پێشکەوتنخواز – **چرنشفیسکی، دۆبرالیۆڤ و گانترچیرۆڤ و ئستروڤسکی و سالیتکۆڤ – شیدرین و تۆلستۆی**.. هتد. ئەم گۆڤارە بە درێژایی دەرچوونی هەڵگری بیری شۆرشگێری ئەدەبی بەرگریی میللەت بوو.

نیکراسۆڤ لە هەڵوێستەکانیدا مەبدەئی و راستگۆبوو. قسەو قسەلۆک هیچ کاری نەدەکردە سەر هەڵوێستە فیکرییەکانی. بەبۆنەی دەرچوونی رۆمانەکەی تورگینیڤ (لە هێلانەدا)، **دۆبراليوڤ** وتارێکی جوانی بە ناوی ((کەی رۆژی راستەقینە دێت) نووسی، کە تیایدا رەخنەی لە چەند رایەکی تورگینێڤ گرتبوو لە رۆمانەکەیدا خستبوویە روو، بە تایبەتی لە وێنەکێشانی پاڵەوانی رۆمانەکەی – بلگاریا – کە بابێ بەم شێوەیە بێ، چونکێ ژیانی سیاسیی لە رووسیا دا زۆری وەک ئەنیساروڤ – پاڵەوانی رۆمانی لە هێلانەدا – ی خولقاندووە. بەمە تورگینێڤ لە

وتارەکەو خاوەنەکەی تووڕەبوو، هەڵسا چووە لای نیکراسۆڤ وئەو داوەرییان بکات : هەرچەندە نیکراسۆڤ لەگەڵ تۆرگینێڤدا زۆر یەکتریان خۆشدەویست، بەڵام لایەنگیری (دۆبرالیۆڤ)ی کردوو هەڵوێستەکەی ئەوی پێ ڕاست بوو. گۆڤاری (هاوچەرخ) لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژیا، جگە لەوەی دارودەستەی ڕژێمی قەیسەری تەنگی پێ هەڵچنیبوو. هەروەها دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکەو لە سەرووی هەموویانەوە تووشی گەلێ چەرمەسەری بوو. لەوانە بەند کردنی تشرشیڤسکی و مردنی دۆبرالیوڤ و دەرچوونی **تۆرگینێڤ و تۆلستۆی** و ئەوانی دی. سەرباری ئەو تەنگ و چەڵەمانەش گۆڤاری (هاوچەرخ) زۆرترین ژمارەی لێ دەفرۆشرا، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە، ئەم گۆڤارە زۆر لە دڵی خەڵک جێگای خۆی کردبۆوە. زۆر جاران تووشی بەرهەڵستی ڕژێمی قەیسەری دەبۆوە، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی ڕێبازە پێشکەوتنخوازەکەی و بیرورا ئازادەیخوازانەکەی و ئەدەبە مرۆڤاتییەکەی هەر بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٨٦٨ ڕژێمی قەیسەری بۆ یەکجارەکی بڕیاری داخستنیدا. چەک چاوی (نیکراسۆڤ)ی نەدەترساند. بەدرێژایی بیست ساڵ مەشخەڵی ڕۆژنامەی شۆڕشگێریی هەڵگرت و لە ساڵی ١٨٦٨ دا خاوەنداریەتی گۆڤاری (بیرەوەرییەکانی نیشتمانیی)ی گرتە ئەستۆو لە بڵاوکردنەوەی فیکرە شۆڕشگێڕییەکەی بەردەوام بوو. دووبارە زۆر بەخێرایی کۆمەڵی نووسەری پێشکەوتنخوازی لە دەرور کۆبووەوە، لە سەرووی هەموویانەوە سالتیکۆڤ – شیدرین، بەڵام لەبواری شیعردا شیعرەکانی نیکراسۆڤ لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی

نۆزدەهەمدا وێنەیەکی راستەقینەی هەموو گێرمەو کێشەکانی واقیعی هاوچەرخ بوو، رەنگدانەوەیەکی تەواوی ئازارو ئامانجەکانی گەلی رووسیی بوو. گەل یان میللەت هەوێنی سەرەکی بەرهەمە ئەدەبییەکانی نیکراسۆڤ بوو. لە هۆنراوەی (لەرێگادا) چارەسەری تەنگ و چەڵەمەکانی ئافرەتی رووسیی دەکات، کە چۆن پیاوە دەربەگەکان دەستیان بەسەردا گرتوون، بۆ هیچ نا تەنها بۆ زیرەکییەکەیان و ئاقڵییەکەیان و چاکییەکەیان. لە هۆنراوەی (راوە سەگ)دا گاڵتە بە ئاغا زۆردارو دەبەنگەکان دەکات، لە میانەی هۆنراوەکەیدا سەیر دەکەین هیوا لە دڵی ستەم لێکراوان بەهێز دەکات. لە هۆنراوەی(چەند کۆپلەیەک لە تێبینییەکانی **ئیلۆنت گارانسکی**)یشدا ئاوازی تۆڵەسەندنەوە لە چەوسێنەرەکان بە گوێی جووتیاراندا دەچرپێنێ. هەروا لە هۆنراوەی (ئارام) دا باسی کارەساتەکانی جەنگی قەرم دەکاو وێنەی ئەو پەژارەو ماڵ وێرانییەی لە ئەنجامی ئەو شەڕەوە بەسەر گەلدا هاتووە، دەکێشێ. بەڵام شیعرەکانی ساڵانی شەستی (٦٠) نیکراسۆڤ سیمای پاڵەوانێکی شۆڕشگێڕەو ئامادەیە بۆ خەبات کردن لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەی. وەکو : (یادی دۆبرِلیۆڤ) و (چرنشڤسکی)، (بەبۆنەی کۆچی دوایی ستیڤشینکو) ئەو هەڵخەڵەتاندنەی رژێمی قەیسەری ساڵی ١٨٦١ پێی هەڵسا هیچ کاری نەکردە سەر شۆڕشگێڕ دیمکراتییەکان. لەم بارەیەوە نیکراسۆڤ دەڵێ :

(ئایا ئەمە سەربەستی راستە قینەیە؟ نەخێر هەڵخەڵەتاندێکی ئاشکرایەو گاڵتەکردنە بە جووتیار)،هەروەها نیکراسۆڤ هەرهەمان ئەو بابەتەی لە هۆنراوەی (هێلی ئاسنین)یشدا

پەنجەی بۆ راکێشاوەو گوتویەتی جووتیاری رووسیی هەر بە رووخسار لە بەندییەتییەکەی رزگاری بووە و بەرەبەرە دەگۆڕێ و دەبێتە کرێکارێکی رەنجدەر بۆ بۆرژاواکانی رووسی و ئەوانیش بە ناشیرینترین شێوە دەیان چەوسێننەوە. هەر لەم هۆنراوەیەدا نیکراسۆڤ خێرو شەر، چاکەو خراپە، رەنجدەرو بۆرژاوا رووبەرووی یەکدی دەکاتەوەو جەخت لە سەر ئەوەش دەکاتەوە، کە دروستکەری راستەقینەی ئەم هێڵی ئاسنینە کرێکارێکی رووسییە نەک بۆرژاواکان، کە غارەغارییان بەدوای قازانجدا. نکراسۆڤ زۆر بە راستگۆیی وێنەی واقیعەکەی کێشاوە. ئازارو ژانەکانی بە ئاشکرایی لە نووسینەکانیدا خۆیان دەنوێنن، کە باسی هۆشیاربوونەوەی کرێکاری رووسی لە مەسەلەی چارەنووسی خۆی دەکا. شیعرەکانی نیکراسۆڤ لە سالآنی حەفتادا بە دەوری هەڵسان و خۆپیشاندانی دیسەمبەرییەکاندا دەسووڕێتەوە. لە هۆنراوەی (باپیرە) دا وێنەی یەکێک لەو خۆپیشاندەرانە دەکێشێ، کە پاش ئەوەی پیر دەبێ جا دادەنیشێ باسی خۆپیشاندانەکەو دوورخرانەوەیان بۆ سیبریا دەکا و هێشتا گیانی شۆڕشگێڕیەتی تێدا ماوەو سوورە لەسەر خەبات بۆ رزگاری گەل و دابینکردنی خۆشی بۆی. هەروەها لە هۆنراوەی (ئافرەتی رووسی) کەسیەتی دوو ئافرەتی رووسی دەخاتە روو کە ئەوپەری هەوڵ و خەباتیان داوەو سوورن لە سەر بیروباوەرکەیان: ترۆبیتسکایاو فۆلکۆنسکایا لەبەر ئەوەی بەشداری خۆپیشاندانیان کردبوو لەگەڵ مێردەکانیان دوورخرابوونەوە. لەو دوو هۆنراوەی سەرەوەدا نیکراسۆڤ بە ئانجامی بەرزکردنەوەی وورەی گەل و

بـــۆ ئەوەی ئەو بـــزووتنەوە شۆڕشـــگێڕیانە ســـۆزی خەڵـــک بجـــووڵێنێ لە مـــاوەی نێـــوان ١٨٦٠- ١٨٧٠ دا بـــۆیە زیـــاتر لە هۆنراوەکانیـــدا گرنگـــی بەو بـــابەتە دابـــوو. لە ســـاڵی ١٨٧٧ دا نیکراسۆڤ گەورەترین وبەرزترین داستانی خستەروو بەناوی (ژیانی بۆ کێ خۆشە لە رووسیا ؟)، کە تیایدا گەیشتە لووتکە داهێنانی شیعری ئەم داستانە چواردە ساڵی خایاند لە ژیانی شاعیرو هەر کە کۆتایی پێ هێنا دوا هەناسی ژیانیشدا.

ســەیر دەکەیـن لەو داســتانەدا پیـاوی ئـاییني و فەرمـانبەری گەورەو وەزیـر هەموویـان پێکەوە بەشـدارن لە دزینـی رەنجـی کرێکاری رووسی. هەروەها سەیر دەکەین لە داستانەکەدا لە پاڵ ئەو کەســـانەی ســـەرەوەدا پـــاڵەوانی داســـتانەکە نمـــوونەی جووتیـاری ئـازاو چـاک و دڵسـۆزن، بەڵام کـۆت وبەنـدیان لە پێدایە:

(تۆ باوەرداری
تۆ بە پیت و بەرداری.
تۆ بە هێزی
بەڵام – ئەی باوەڕداری رووسی
جەستە بە ستراوی)

داستانێک مشتومڕە کە لە نێوان حەوت جووتیار (پاڵەوانانی داستانەکە)دایە دەربارەی ژیانی واقیعی خۆیان دەدوێن دوایی هەمـوو لە سـەر ئەوە رێکـدەکەون گشـت رووسـییە بگەڕێـن و بزانن کێ بێ ژیانی خۆش بێ. دوای گەڕان و سووڕانێکی زۆر لەسەر ئەوە رێکدەکەون، گەلێک رژێمی قەیسەری فەرمانڕەوایی بکا، ئاغاو دەرەبەگ میرکوڕ بن و بۆرژوا چاوبرسییەکان خەڵک

بچەوسێنێتەوەو پیاوانی کەنیسە کلکیان لەگەڵ میریی کردبێتە یەک هەرگیز نازانن خۆشی مانای چییە، هەرچی خەڵکی رۆشنبیرو چاکیش هەیە لە رووسییە لە تویێی زام و ئازاردا دەناڵێنن. نکراسۆڤ لەو داستانەیدا هەموو کارەساتەکانی ژیانی گەلی رووسیی خستۆتە روو، چ لە پێش رەتکردنەوەی یاسای کۆیلەتی لە ساڵی ١٨٦١ و چ لە دوای یاساکە بێ، هەروەها دووپاتی باوەڕی بە هێزی بەرامبەر هێزی گەل و داهاتوویەکی نزیکی پرشنگدار لە سایەی هێزی شۆرشگێڕی گەل، دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش – گریشای لاوی هەڵبژاردووە، کە نموونەی شۆرشگێڕێکی نوێیە.

لە ساڵی ١٨٧٧دا نکراسۆڤ کۆمەڵە شیعرێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (گۆرانییەکانی دوایی)، کە تیایدا داوای خۆشەویستی گەل و دڵسۆزی بۆ وڵات دەکا، لەوانە :

(هەڵسەوە ئەی ستەم لێکراوی رازی

سەیری وڵاتەکەت کە...

سەرفراز و سەربەست و دڵخۆشبە)

هەروەها نکراسۆڤ لە یەکێ لە نامەکانی بۆ تۆلستۆی رۆڵی ئەدیبی پێشکەوتنخوازی – شۆڕشگێڕی دیاری کردووەو نووسیویەتی :

(رۆڵی ئەدیب بەر لە هەموو شتێک وەک رۆڵی مامۆستایە وایە، کە تا بتوانێ پشتگیری و بەرگری لە ستەم لێکراوان و بێ دەرتانان بکات)

لە هەشتی خاکە لیوەی ساڵی ١٨٧٨ دا نکراسۆڤ ماڵئاوایی لە جیهان کردو سامانێکی نەمری ئەدەبی و چەپکێ بیرەوەری نیشتمانی لە دوای خۆیدا بەجێهێشت.

نکراسۆڤ دەڵێ :

**جەژنی ژیان و ساڵانی لاویم**
**من لە کۆششی سەختا بەسەر برد**
**هەر شاعیرێکی ئازاد یخواش بووم**
**هیچ ڕێگەیەکی ترم قەت نەگرت)**

نموونەیەکی دی لە شیعری نیکراسۆڤ :

(بە بۆنەی کۆچی دوایی دۆبرالیۆڤ)

**ئەی خاکی رووسیا بگری و شانازیش بکە**
**چـــــونکێ تۆ لەوەتەی ئاسـمانت لێ دیارە**
**رۆڵەی وات بە خۆتەوە نەدیوە، تا ئێستاش**
**خـــاکت پێشوازی رۆڵەیەکی وای نەکردووە**
**مێشـــــکی واگەنجینەیەکی دەولەمەند بێ**
**دەروونی واپـــڕ لە ســــــرووودی پیرۆز بێ**

نموونەیەکی دی :

**دوژمنی کێوی و نەزانی بێ شومار**
**ئـــازارت خزمەتێکی پیرۆزت بکا**
**جـــگە لــــــەوە نەبێ فێری**
**باوەڕو دادو دڵســـــــۆزییت دەکا.**

# ئەدەبی ئینگلیزی

لە رووی مێژووییەوە هەر لە کۆنەوە تەنانەت رۆمانییەکان نەیانتوانیوە هەرگیز هێرش بکەنە سەر سەڵتەکان لە ئێرلەنداو ئەو ناوچانە پییان گوتراوە دەریاچەکان.یۆلیۆس قەیسەر لە کتیبەکەیدا(شەڕە مەزنەکان) ئاماژە بە خەڵکی ئەو ناوچەیەو ئازایەتیان دەکات. سەڵتەکانی ئێرلەندا لەسەر دەستی قەشە پاتریک بوونەتە مەسیحی لە سەدەی پێنجەمدا.ئیدی لەوە بەدوا قەشە خوێندەوارەکان دەستیان بە نوسینەوەی چیرۆکەکانی شارستانیەتی نەتەوەیی خۆیان کرد و پارێزگاریان لێدەکرد.داستانە شیعرییەکانی وەکو ئۆلستەر و قارەمانییەتییەکانی کۆشۆلین و بزووتنەوەی فینییان و سەروەرییەکانییان.

لە دوای رۆمانەکان ئەنگلۆساکسۆنییەکانیش نەیانتوانی بگەنە ئێرلەندا و سکۆتلاند و وێلز.ئەو داستانانەی سێلتەکان بەو دەڤەرانەشدا بڵاو ببوونەوە[1].

## کۆنترین داستانی ئینگلیزی

کۆنترین داستانی ئەنگلۆساکسۆنەکان لە سەدەی حەوتەمدایەو بەناوی (بیوۆلفBeowulf )ەوەیە.کورتەی داستانەکە ئەمەیە:

باس لە قارەمانێکی ئەسکەندەناڤی دەکات، کە چەند کارو کردەوەیەکی سەرسوڕهێنەری قارەمانانە ئەنجام دەدات، کە ناوی (بیۆوڵف)ە و پاڵەوانی (geast)ەکانەو بە هانای

[1] :جوناثان بيت،الادب الانجليزي مقدمة قصيرة،ترجمة سهى الشامي،مراجعة هبة عبدالمولى،مؤسسة الهنداوي للتعليم و الثقافة،ط١،القاهرة،٢٠١٥،ص٤٦،

(هرۆسـگار)ی (پادشـای دانیمـارک)ەوە دەچێـت، کە گرفتـاری دەستی دێویکە.

داستانەکە لە دو بەش پێک دێت ،کە لە دانیمارکەوە لە کۆشکی پادشا (هرۆسگار) دەست پێدەکات و گشت شـەوێک ئەژدیهایەک بەنـاوی (گرینـدڵ) دێتە ئەو کۆشـکەوە و جەنگاوەران دەرفێنێت دەیانخوات بۆ ماوەی دوازدە سـاڵ ئـەو کارە بەردەوام دەبێت، (هرۆسـگار) ناوبـانگی (بیۆوۆڵـف)ی پاڵەوانی گیتەکانی بیسـتوە لەو کاتەدا بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هاورێکانی دەگەنە ئەو شـوێنە لە باشـوری سـوید و لەگەڵ خۆیـدا گروپێـک لە جەنگـاوەرانیش هاوسـەفەرین و بەپادشـا دەڵـێن، کە بیۆوۆڵـف دەتوانێت لەو ئەژدیهایە ڕزگاری بکات،پاشا بە بوێری بیۆوۆڵف سەرسام دەبێت و ئاهەنگێکی شـەوانەی بۆ دەگێڕێت و پاشـان پادشـا دەچێتە شـوێنی خـەوتنەکەی و لە کـاتی خەودا دێـوی ( گریندڵ) دێت و پیـاوێکی بیۆوۆڵـف دەگرێت و دەیخوات، ئینجا بیۆوۆڵـف ڕووبەڕووی دەبێـتەوە بە شمشـێرەکەی و (گرینـدڵ) هیچ جۆرە چەکێک کاری تێناکات ،بەڵام بیۆوۆڵف بە توندی پەلی دەگرێـت و دێـوەکە هەسـت بە ئـازار دەکـات و برینێکـی قـووڵ لەسەر شـانیدا دەردەکەوێت و ماسولکەکانی لەباریەک دەچن و ئێسکی شـانی دەشکێت و دەسـتی لە جەسـتەی جیا دەبێتەوە و بەو برینە قووڵەوە دەچێتەوە لانەکەی لە ژێر دەریا و دەمرێت و دەسـتی دێـوەکە وەکـو نیشـانەیەکی لەنـاوچوونی خراپەکـاری لە کۆشکەکەدا هەڵدەواسرێت، پاشان بەهۆی سەرکەوتنی بیۆوۆڵف ئاهەنگ دەگێڕن و پاشا زۆر شادمان دەبێت و وا هەست دەکات، کە لە ئەژدیهـاکە ڕزگـاری بـووە، بەڵام لە درەنگـانیکی شـەودا

(دایکی گریندڵ )، کە ئەژدیهایەکی مێینەیە بەسەریاندا دەدات، ڕاوێژکارێکی (هڕۆسگار)،کە بە لایانەوە زۆر خۆشەویستبوو دەڕفێنێت لەگەڵ دەستی گریندڵ و دەچێتەوە لانەکەی، کە ئەشکەوتێکە لە قووڵایی دەریادا.

توانای جەستەیی دایکی گریندڵ لە گریندڵ کەمترە،لە سپێدەی ڕۆژدا (بیۆوۆڵف) و هاوڕێکانی دەچنە قەراغ دەریا و بیۆوۆڵف بە تەنیا بە مەلەکردن خۆی دەگەیەنێتە ئەشکەوتەکە و شەڕێکی خوێناوی و ترسناک لەنێوان ئەو و دایکی گریندڵدا بەرپادەبێت و شمشێرەکەی بیۆوۆڵف هیچ کار لە جەستەی ئەژدیهاکە ناکات و بە زرێکەی دێوەکە دەکێشنێتەوە پاشەوە و شمشێرێکی گەورە دەهێنێت، کە قورسترە لەوەی هەر پاڵەوانێک بتوانێت هەڵیبگرێت و بەم شمشێرە سیحراویە زەبرێکی کوشندە لە دایکی گریندڵ دەدات و سەری لە جەستەی جیادەکاتەوە و دەریا سوور دەبێت بە خوێنی دایکی گریندڵ ،هاوڕێ دانیمارکییەکانی بە غەمباری و دڵتەنگییەوە لە قەراغی دەریاکە واگومان دەکەن ، کە بیۆوۆڵف مردبێت.

بیۆوۆڵف لە ئەشکەوتەکەدا جەستەی مردووی گریندڵ دەبینێت و سەری دایکی گریندڵ لەگەڵ خۆی دەهێنێت وەکو بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی کوشتنەکەی و دێتەوە سەرزەمین و سەری دێوەکە وەکو نیشانەیەکی خراپەکاری لە کۆشکی هرۆسگار هەڵدەواسرێت، پاشان جەژن و ئاهەنگ دەگێڕن و ڕۆژێک دوای ئەو ئاهەنگە بیۆوڵف و هاورێکانی بە کۆمەڵێک دیاری گرانبەهاوە دەچنەوە وڵاتی خۆیان و بیۆوڵف دیاریەکان پێشکەشی پادشا (هیگلاک) ی مامی، کە پادشای (گیت لاند) و

مـامۆژنی دەکـات ،کە ئەوان بیۆووڵفیـان وەکـو کـوڕی خۆیـان خۆش دەوێت.

نیوەی دووەمی داستانەکە زیاتر لە پەنجا ساڵ دوای نیوەی یەکەم دەست پێدەکات لەو کاتەی کە پادشا (هیگلاک) دەمرێت و کوڕەکەی لە شـەڕدا دەکوژرێت ، بیۆووڵف جڵـەوی پادشـایەتی دەگــرێتە دەســت و پەنجـا ســاڵ بە ئاشــتی و ئاساییشـــەوە فەرمـــانڕوایی دەکات،ئەژدیهـــایەک لەو شـــارەدا (٣٠٠) ســـاڵە گەنجینەیەکـی لە قـووڵایی گردێـک شـــاردۆتەوە و پارێزگـاری لێدەکات و یەکێک لە شوێنکەوتوانی بیۆووڵف کاسەیەکی زێڕینی لـێ دەدزێت و ئەژدیهاکە ئـاگری لە دەمـی دێتەدەرەوە یەکجـار تـووڕە دەبێـت و ئـاگر هەمـوو جـێگەیەک بەردەدات ،تەنـانەت کۆشکەکەی بیۆووڵفیش، بیۆوڵـف بە قەڵغـانێکی گەورە و ئاسنین و زریێ و شمشـێر ئامـادەی جەنگـی ئەژدیهـایەکەیە و پشـتی بەهێزی خۆی بەستووە و لە نزیک شوێنی ئەژدیهاکە وەستاوەو هـاواری جەنـگ دەکـات و ئەژدیهـاکە ئەو دەنگە دەبیسـتێت و بە هەناسەیەکی ئاگرینەوە دەچێتە دەرەوە، بیۆوڵـف بە قەڵغـانەکەی خـۆی ئەژدیهـاکە دەکێشـێتەوە پاشـەوە و تیـغ هەڵدەکێشـێت و قەڵغـانەکە پارێزگـاری لێدەکات ، بەڵام شمشـێری بیۆووڵـف هـیچ کـار لە جەسـتەی ئەژدیهـاکە ناکـات و هاوڕێکـانی (بیۆووڵـف) لە ترسی ئاگرە ترسناکەکە گشتیان ڕادەکەن بۆ ناو جەنگەڵێک تەنیا هاوڕێیەکی دەمێنێتەوە بەناوی (وێگ لاف)،ئەویش ئەو دیـاری و پاداشتانەی بیرنەچوبوەوە، کە بیۆووڵـف پێیـانی دابوو، بۆیـە بە قـەڵغان و شمشـێرەکەیەوە لـە تەنیشـت هاوڕێکـەی دەجـەنگا، ئەژدیها بە ئاگرێکی بڵێسەدار قەڵغانەکەی وێگلاف دەتوێنێتەوە و

شمشـێری بیۆووڵـۆفیش هـیچ کـارێکی بەرەو پـێش نەدەبـرد، چارەنوس نەیدەویست کە تیغەکەی کاربکات ،ئەم جارەیان بۆ سێیەم جار ئەژدیها ملی بیۆوڵف بە ددانەکانی دەگرێتەوە و خوێن لە ملی دێتە دەرەوە هـاوڕێکەی بیـۆووڵفیش لەو کـاتەدا شمشـێرێک لە ملـی ئەژدیهـاکە دەدات و بیـۆوڵفیش بە چەقـۆ ئەژدیهاکە دەکاتە دوو لەت ،بەڵام برینی ملی بیۆوڵف دەئاوسێت و دەبێتە گڕێ و ژەهر بە جەستەی بڵاودەبێتەوە و کڵاوەکەی لەسەردەکاتەوە و سەیری گەنجینەی دێوەکە دەکات دەزانێت، کە مەرگـی هـاتووە و فرمـان دەدات،کە گەنجیـنەکە ببەخشـن بە مـیللەت و ملـوانکە زێـڕینەکەی خۆشـی پێشـکەش بە ویگـلاف دەکات[١].

## شیعری لیریکای ئینگلیزی

دوا بـە دوای ئـەوە کۆمـەڵێ شـیعری لیریکـی ئینگلیـزی دەرکـەوتون و تەنانـەت لـە وەڵامـی یەکێکدا بۆ شیعری لیریکی دەڵـێ واتـا خۆشـی ژیـان و گـەورەیی خـودا. لـە سـەدەی چواردەهەمدا و لـە سـاڵی ١٣٥٠دا هـەر ئـەو شـیعرە لیریکییانـە نەغمەیـەکی سۆفیانەی وەرگرت،بۆ نموونـە شـیعری(مرواری)دا، باوکێک کچەکەی بە ناوی(مارگرێت) مردووەو لەسـەر گۆڕەکەی خـەوتووەو دنیایـەکی جوان و پڕ لـە نـوور لـە خـەودا دەبینێ زۆربـەی شیعرەکانی ئـەو دەمـە ئایینی بوون و بـە دەگمـەنیش شیعری درامی بەرچاو ناکەوێ..

---

[١] : د.ابجدیان،امراله، تاریخ ادبیات انگلیس،جلد نخست،چاپ دوم، انتشارات دانشگاه شیراز، ١٣٩١،ص١١٣-١١٧.

شاعیرێکی دی ئەو سەردەمە **جۆن جوور**(١٣٣٠- ١٤٠٨ز)،کە قەشەیەکەو کۆمەڵێ چیرۆکی بە شێوەیەکی رازاوە داڕشتۆتەوە و بە شێوەیەکی فانتازی و خەیاڵی باسی پەری و جن و ئەو بابەتانە دەکات، کتیبەکەی ناوناوە(دانپێدانانەکانی ئاشقەکە).

**جێفری چووسەر**Geoffrey Chaucer (١٣٤٠-١٤٠٠ز)، بە یەکەم لوتکەی راستەقینەی شیعری ئینگلیزی لە قەڵەم دەدرێ و خۆی لە کلتوری گێڕمانی رزگارکردووە.سەرەتا لە بواری سیاسییەوە دەستیپێکردووەو کوڕە بازرگان بووە،بەڵام سوودی سیاسەت بۆ ئەوە بوو، سەردانی فەرەنساو ئیتالیای کردو لەوێوە لە جوانی و بەهای شیعر تێگەیشت،کە گەڕایەوە لەندەن بێجگە لە نووسینی شیعر چەندین بەرهەمی لە زمانی ئیتالی و فرەنسییەوە وەرگێڕاوەو هەندێکیشی لە بەرهەمەکانی پۆکاشیۆ و ئۆڤیدو چەندانی دی وەرگرتووەوداڕشتۆتەوەو لەو کەسانەیش بوو رۆڵی هەبوو زمانی ئینگلیزی کرد بە زمانی نووسین لە لەندەن.دوو بەرهەمی بە ناوبانگی هەیە یەکەمیان بە شیعرە و بە ناونیشانی (پەرلەمانی باڵندەکان)و ئەوەی دووەم کۆمەڵێ هەقایەتە بە شیعر لە ساڵی ١٣٨٧ز بە ناونیشانی(هەقایەتەکانی کانتەربەری The CanterburyTales)، کە ١٧٠٠٠ بەیتە و سەردانیکەرانی کەنیسەی کانتەربەری و گۆڕی **تۆماس ئەبیکێت** Thomas a Becket ، کە لە لەندەنەوە بۆ ئەوێ بە رێدەکەوتن ئەو هەقایەتانەیان دەوت. چووسەر زۆر جار پێی دەڵێن(باوکی شیعری ئینگلیزی)[1] و ئەو ماوەیە لە دابەشکردنی

[1] : ج.ثورنلی و ج.روبرتس،الادب ،تعریب د.احمد الشویخات،دار المریخ للنشر،الریاض،١٩٩٠،ص٢٧.

قۆناغەکانی ئەدەبی ئینگلیزیدا بە قۆناغی ناوەند لە قەڵەم دەدرێت" واتا ماوەی(١١٠٠-١٥٠٠ز).

دوای ئەو بۆ ماوەی سەدەو نیوێک خامۆشییەک هەیەو شتێکی وا نیە جێگەی بایەخ بێت تا سەردەمی بووژانەوە"هەندێ پارچە پەخشانی ئایینی بەرچاو دەکەون"لەوانە بەرهەمێکی ریچارد رۆل Richard Rolle بە ناونیشانی شێوەی ژیانی راستەقینە Frome of Perfect Living، کۆمەڵێ بایەتی رەوشتییە.
هەروەها قەشە جۆن ویکلیف John Wycliffe هەندێ بەشی ئینجیلی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

سەبارەت بە هونەری شانۆییش" بە شێوەیەکی سەرەتایی لە دەوروبەری کەنیسە و هەندێجار لەسەر عەرەبانەی پێچکەدار رایان دەکێشا و بەناوشاردا دەیانسووڕاندەوە شانۆیی ئیینییان پێشکەش دەکرد"لەوانە ئادەم و حەواو و تۆفانەکەی نوح م ئیبراهیم و ئیسحاق و هەندێ دیمەنی ژیانی مەسیح و...ئەم شاۆییانە پییان دەوترا شنۆیی (پەرجووەکان Miracle). دواتر شانۆیی رەوشتی Morality Plays پەیدابوو.

ئینگلستان سوودی لە بووژانەوەی ئیتاڵی و فرەنسی وەرگرت و **تۆماس مۆر**Sir Thomas More(١٤٧٨-١٥٣٥ز) و هاوڕێکانی دەستیان بە شاڵاوێک کرد بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە یۆنانی و لاتینییەکان و کتێبەکەی مۆر لە ساڵی ١٥١٦ز بە ناونیشانی(کۆماری خێرەومەند)یات یۆتۆپیا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو.

سێ کەسایەتی مەزن لەو ماوەیەدا توانییان تا راددەیەکی زۆر بووژانەوەیەک بە ئەدەبی ئینگلیزی ببەخشن، ئەوانیش (لیل و سیدنی و سپێنسەر) بوون.



**جێفری چووسەر**

**جۆن لیلی**(John Lyly) لە ساڵی ١٥٧٨دا کتێبێکی لە شێوەی رۆماندا بە ناوی (یوفیس Euphues)نووسیوەو باسی خوێندکارێک دەکات،کە ئامادەنییە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی پیاوێکی پیر بگرێ و دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچێکەوەو دواتر پەشیمان دەبێتەوە دەست بە خوێندنەکەی دەکاتەوە. بە کورتی باس لە ئەڤینداری و هاورێیەتی و پەروەدەو ئایین دەکات. پاشان هەندێک لەو چیرۆکانەی نووسیوە،کە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دراونەتە پاڵ ئاژەڵانەوە.

**سێر فیلیپ سدنی**Sir Philip Sidney (١٥٥٤-١٥٨٦ز) وەکو رەخنەگرێکی دیاری ئەو وەختە"وتەیەکی بەناوبانگی هەیە لە مەدح و سەنای شاعیراندا و دەڵێ ئەگەر جیهانی سروشت لە

مس بێت ئەوا جیهانی شاعیران لە زێڕە.بەو واتایەی ئەگەر سروشت بۆ خۆی کەم و کورتییش هەبێ،وەلێ لە جیهانبینی شاعیران و لە دەقی شیعریدا رەهەندێکی ئیستاتیکی وەردەگرێت و چێژی تایبەتی بە وەرگر دەبەخشێت.بەرهەمەکانی لیۆانلێو و سەرشار لە ئەڤین،کەچە وەکو پاڵەوانێک لە مەیدانی شەڕدا کوژرا. لە دوای خۆی رۆمانی(ئەرکادیا)ی جێهێشتووە،کە رۆمانێکە باسی ژیانی دەشتەکییانەیەو سوارچاکی و قارەمانی تێدایەو لایەنی دەروونی کەسەکان بە جوانی نەخشەکێشاوە.



**سێر فیلیپ سدنی**

**ئەدمۆند سپێنسەر** Edmund Spenser ١٥٥٢-١٥٩٩ز، ئەو شاعیرەی زۆربەی تەمەنی لە ئێرلەندا بەسەر برد و بۆ ئەو وەک دوورخرانەوەیەک بوو. زنجیرەیەکی دوازدە ئەلقەیی بۆ

ستایشئامێزی بە رۆحێکی مۆسیقی جوان و ڕەوانی لە ١٥٧٩دا نووسیوەو ناوی ناوە(ڕۆژنامەی شوانەکە).



**ئەدمۆند سپێنسەر**

لەبەر بەهای ئەو بەرهەمە ناویان ناوە(میری شاعیران).دواتر بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆی نووسی لە سەردەمی شاژنە ئەلیزابێس دا بە ناونیشانی(شاژنی جن)،کە داستانێکی ڕەمز و هێما ئامێزەو باسی ڕەوشت و سەروەرییەکان و گەیشتن بە خودا بە وردی بابەتی مێژوویی و فەلسەفی تێکەڵ کردووە.

ئەدەبیاتی سەردەمی ئەلیزابێسییەکان بە شیعر و پەخشانەوە سەردەمێکی دەوڵەمەندە.

**ولیام وارتەر**(١٥٥٨-١٦٠٩ز) قەسیدەیەکی درێژی لەمەڕ مێژووی ئینگلتەرا نووسیوە،لە سەدەمی تۆفانەوە تا سەردەمی شاژن ئەلیزابێس. لە ڕووی هونەرییەوە ئاستی بەرز نییە،

کۆمەڵێ ئەفسنەی سەیرو خۆش و ناخۆشی تێکەڵ بەیەک کردووەو ناوبانگە پەیداکردووە.

**مایکل درایتۆن** Michael Drayton (١٥٦٣-١٦٣١ز)،شاعیریکە زۆرتر دەربڕ وشاهیدی سەردەمی خۆی واتا سەردەمی ئەلیزابێسییە،بە تایبەتی لە ڕیگەی بە سی سروود لە قەسیدەیەکدا بەناوی(پۆلیۆلبیۆن)،کە لەمیانەی ئەو قەسیدەیەدا بە دار و بەرد و رووبارە دارستانی وڵاتەکەیدا هەڵدەڵێ و قەستی نیشتمانی خۆی بەرجەستە دەکات.بێجگە لە شیعری سیاسی شیعری لیریک بە فراوانی جێگە بایەخی خەڵک بووە.دوو قەسیدەی درامی **شکسپیر** بەناوەکانی(ڤینۆس و ئەدۆنیس) لە ١٥٩٣ و (هیتک لۆکریس) لە ١٥٩٤ دا.ئەم دووانە لە رووی هونەرییەوە وەکو پێویسن نین و هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەو شاعیر و درامانووسەوە.بەڵام بەرهەمەکانی دوای ئەوانە نەغمەیەکی پڕ لە عەشق و شنەی شەمالێکی دڵان فێنک و ئاسسودە دەکەن، وەکو (خەونی شەوێکی هاوین)و (زریان) و (حیکایەتی زستان) و (عوتەیل)و...

هەر لەو سەردەمەدا هەندێ درامانووسیش شیعری لیریکییان نووسیوە:وەکو (**کرسیتۆفەر مارلۆ** Christopher Marlowe ٥٦٤-١٥٩٣ز)و(**بین جۆنسۆن**Ben Jonson ١٥٧٢-١٦٣٧ز).

هونەرەکانی پەخشان وەکو وەرگێڕان و گەشتنامەو مێژوونووسی و رۆمان و رەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی ئەلیزابێسییەکان لەپال شیعردا بوونی هەبوو.

**تۆماس نۆرث** Sir Thoms North ١٥٣٥-١٦٠٤ز ئەفسەرو وەرگێڕیکی ئینگلیز بوو، لە ساڵە ١٥٧٦دا کتێبەکەی

(پلوتارخۆس)ی بە ناونیشانی (ژیانی بەگزادەکانی یۆنان و رۆمان)ی لە فرەنسییەوە وەرگێراوە بۆسەر زمانی ئینگلیزی. رەخنەگرەکان دەڵێن ئەم کتێبە بەو هەموو زانیارییانەی ناوی بووە سەرچاوەیەک بۆ ئەو سەردەمەو تەنانەت شکسپیر بۆ شانۆنامەکانی یۆلیۆس قەیسەر و ئەنتۆنی و کیلۆپاترا و کۆریۆلانۆس بیرۆکەی لەو کتێبە وەرگرتووە.

**رۆبێرت گرین** Robert Greene چیرۆکی(پاندۆستۆ) Pandosto ی نووسیو، کە دواتر شکسپیر بۆ شانۆنامەی (حیکایەتی زستان) سوودی لێبینیوە.

رۆماننووسێکی دی بە ناوی تۆماس ناش Thomas Nash بە شیوەی رۆمانی(فێڵبازی و تەڵەکەچی Picaresque Novel) ئیسپانی رۆمانێکی بە ناوی(ژیانی جاک ولتۆن)ی نووسیوە.لەو رۆمانەدا وەکو رۆمانە پیکارسیەکانی دی دایەلۆگی درێژ و بێزارکەر و لە کۆتاییشدا فێڵەکان ئاشکرا دەبن. بە شێوەیەگی گشتی رۆمانی ئەو سەردەمە لاوازن و خوێنەریشی کەمە.

لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا نموونەیەک وەردەگرین. بەرهەمەکەی **بن جۆنسۆن** وەردەگرین بە ناونیشانی(رووەکەکان)یان ( دۆزینەوەکان)،کە لە ساڵی ١٦٤٠دا بلاوی کردۆتەوە.نووسەر پێیوایە،کە رەخنەگر دەبێ لەسەر کۆی گشتی بەرهەمەکە بڕیار بدات،رەخنەگر پێش ئەوەی رەخنە لە شیعرێک بگرێت،دەبێ خۆی گوتنی شیعری هەبێ.ئەم بیررایاتی قسە زۆر هەڵدەگرن،بەلام وەکو دەسپێک بۆ ئەو رۆژگارە بایەخی خۆی هەیە.هەر بۆیە بە باوکی رەخنەی ئەدەبی ئینگلیزی دادەنرێ.

دراما بە یەکێک لە هونەرە بەرزەکانی سەردەمی ئەلیزابێسی دادەنرێ. سەرەتا درامای کۆمیدی و دواتر درامای تراژیدی دەرکەوتووە.هەندێکیان وەک نمایش تایبەت بە خوێندارکاران لە خوێندنگاکان نووسراون و هەندێک بۆ بۆنەی تایبەتی لەبەردەم پاشا پێشکەشکراون.درامای کۆمیدی (رالف رویستەر دویستەر) لە ١٥٥٣ بۆ خوێندکاران و درامای تراژیدی (گۆربودەک Gorboduc)لە ١٥٦٤ لەمەڕ پاشا گۆربودەک پاشای ئینگلتەرا و خێزانەکەیەتی.

مەزنترین درامانووسی ئەو دەمە (**کرستۆفەر مارلۆ**)یە.یەکەم درامای تراژیدی بە ناوی(تەیمورلەنگی مەزن) لە ١٨٥٧دا بە دوو بەش نووسیوە.لەو درامایەدا باسی سەرەتای گەیشتنی تەیمورلەنگ دەکات لە شوانێکی دزەوە دەگاتە دەسەڵات و هێز دواتر حەزی دەسەڵات وای لێدەکات دەست بەسەر جیهاندا بگرێ.سوڵتانی عوسمانی بایەزید دەگرێ و وەکو ئاژەڵێکی کێوی دەیخاتە قەفەسەوە.دواتر دوو پاشا دەگرێ و بە قامچیان لێیان دەدا و وەکو کەر عەرەبانەیان پێرادەکێشی و پاشترێ لە سێدارەیان دەدا.داماکە بە زمانێکی شیعری نووسراوە.



**کرستۆفەر مارلۆ**

## شەکسپیر ئەستیرەی ئەدەبی ئینگلیزی

**ولیم شەکسپیر** William Shakespeare ناوێکی گەورەی دنیای ئەدەبیاتی ئینگلیزی وجیهانییە.زانیاری لەبارەی ژیانییەوە زۆر نییە،بەڵام ناوبانگییەکەی بۆ قوولی و جوانی و وردی و داهێنانی بەرهەمەکانییەتی.جا چ لە سۆنێتاکانی شیعری بێت لە دراماکانی بێ.

شەکسپیر سەرەتا بە درامای مێژوویەوە دەستی پێکرد.واتا گرنگی بە مێژوو دەدات.سێ دراماکەی یەکەمی (هێنری شەشەم) و (ریچاردی سێیەم) و (ریچاردی دووەم).دواتر توانای خۆی لە بواری تراژیدیا بەدرامای(رۆمیۆو جولییێت) تاقیکردەوە. چیرۆکی ئەویندارییەکی پاک و بێگەرد،ئاکامێکی خەفەتبار و بە مردن تاکە رێگەیچارەی دوژمنایەتی خانەوادەکانیان بوو.دراما کۆمیدییەکان سەرەتا بە کۆمیدیای هەڵە Comedy of Errors دەستی پێکردو

ئینجـا چەنـد بەرهـەمێکی دی بـەدوادا هـات"وەکو: خـەونی شـەوێک"کە لـە رۆمـانی (بازرگـانی ڤینیسـیا)ی وەرگرتووە.لـە درامای(لە شەوی دوازدەهەمدا)گەیشتە لوتکە.لەدراماکنی (هێنری چوارەم)و(هێنری پێنجەم)دا دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ مێژوو.دواتر هەوڵیداوە سوود لە مێژووی کۆنی رۆمانییەکان وەربگرێ بە تـایبتی لـە درامـای (ئـەنتۆنی و کیلۆپـاترا) و (کۆریـۆلانس)و... لـە١٦٠٠-١٦٠٦ چـوار درامـای پێشکەشـکردووە،کە هـەموویان کەسـایەتییەکانیان تراژیـدین: هاملێـت- لیـر پاشـا- مـاکبێس و ئۆتەیل.



**شەکسپیر**

درامای هاملێت یەکێکە لەو درامایانەی،کە شەکسـپیر زۆر بە قووڵی لایەنێکی سایکۆلۆژی دەخاتە روو،ئەویش ئەوەیە هاملێت زۆر هـەلی بـۆ رێکـەوتووە،بۆ ئـەوەی تۆڵـەی بـاوکی بکاتـەوەو مـامی بکوژێ،کـە دایکـی خواسـتۆتەوە،بـەڵام هـەموو جارێـک بیرۆکەی تازەی بۆ ددێت،وەکو ئەوەی گومان دەکات، کە رەنگە

مامی بێتاوان بێت.یان ڕەنگە لەبەر ئەوەی لە خوێنی خۆیەتی و مامییەتی، یان لەبەر ئەوەی،کە پاشا نەمێنێت، دەسەڵاتی ناوەندی نامێنێت و چارەنووسیی وڵات بەرەو هەڵدێر دەڕوات و جارێکی دی دەبنەوە ژێردەستە، لە ڕووی دەروونییەوە تووشی ئیفلیجی ویست بۆتەوە. ئەو ڕاراییە دەروونییە پەکی خستووە.بەڵام ئەوەی گرنگە شێوازی داهێنەرانەی شەکسپیرە، لە خستنەڕووی باەتەکەو ململانێ و چنینی دەقەکەدا، واتا دەقێکی هێندە زیندووە، کە بە دەیان و زیاتر کتێب و نامەی ئەکادیمی لەبارەوە نووسراوەو بەردەوامیش ڕاڤەی تازەی بۆ دەکرێت.تەنانەت فرۆید وەکو زانایەکی بواری دەروونشیکاری (هاملێت)ی وەکو نموونەیەک بۆ تۆژینەوەکانی وەرگرتووەو کاری لەسەر کردووە.

لە دوای شەکسپیر دیارترین درامانووس،کە خاوەنی بەرهەمگەلێکی زۆرە، ئەویش(بنیامین جۆنسۆن Beinjaim Jonson )ە. ڕاستە ئاستی دراماکانی ناگاتە ئاستی هونەریی شەکسپیر، بەڵام خاوەنی بیست درامای خۆیەتی بیجگە لەوانەی بە هاوبەشی لەگەڵ هیتر دایناوەو بەشداری تیدا کردووە.دیارترین درامای ئەو بە ناونیشانی(سروشتی مرۆڤ)ە،کە لە ١٥٩٨دا نووسیویەتی.

**جۆن میلتۆن John Milton (١٦٠٨-١٦٧٤ز)**

ڕەخنەگرانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوە،دیارترین شاعیری داهێنەری دوای شەکسپیر (جۆن میلتۆن)ە.ئەم شاعیرە لە لەندەن لە دایک بووەو دواتر خوێندنی لە کامبریدج و دواتر لەزانکۆی (هۆرتۆن) تەواو

کردووە.بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت.لە قۆناغی یەکەمدا هەندێک کورتە شیعری هەیە،کە زۆربەیان ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمە بە ناوبانگەکانی یۆنانی و رۆمانی و ئیتالیین. ئەو کاتەی لە زانکۆی هۆرتۆن بووە.لە قۆناغی دووەمدا چەند پارچە پەخشانێکی نووسیوە،کە زۆربەیان لەبارەی کاروباری کەنیسەو تەلاق و ئازادییەوەیە.قۆناغی سێیەم،قۆناغی پێگەیشتن و کامڵبوون و داهێنانە،کە سێ قەسیدە بەناوبانگەکەی تێدا پێشکەش کردووە.



**جۆن میلتۆن**

قەسیدە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی(بەهەشتی ونبوو Paradise Lost)لەساڵی ١٦٦٧دا بڵاوکردەوە.لەم قەسیدەیەدا باسی هەموو گەردوون دەکات،لە ئادەم و حەواوە بگرە تا دۆزەخ و بەهەشت.لە قەسیدی دووەمدا(**بەهەشتی بەدەسهاتوو** Paradise Gained )و هەروەها تراژیدیایەکی لەسەر شێوەی گریکەکان بە

ناونیشانی(کێبرکێکانی شەمشون Samson Agonistes) لەساڵی ١٦٧١دا نووسیوە.

**وۆردز وۆرس** William Wordsworth ١٧٧٠١٨٥٠ز بۆ ماوەی حەوت ساڵ (١٨٤٣-١٨٥٠) شاعیری کۆشکی شاهانەیی ئینگلستان بووە.بە رابەری شیعری رۆمانسی ئینگلیزی دادەنرێ.دوای تەواوکردنی خوێندن لە کامبریدج لەگەڵ کۆلردیج)ی شاعیر دەبن بە هاوڕێیەکی نزیک و هەر پێکەوش کۆشیعرێک بە ناوی(قەسیدەگەلێکی لیریکی)یان لە ١٧٩٨دا بڵاوکردەوە.ئەم قەسیدانە بە رەوتێکی نوێی شیعری ئینگلیزی دادەنرێ. هەوڵیانداوە بە زمانێکی سادەی رۆژانەی خەڵکی گوندییەکان بنووسن و لە میتافۆر و رەوانبێژی و زمانێکی قورسی دەستەبژێر دوورکەونەوە.پێشەکی ئەو کۆشیعرە بە بەیاننامەی لەدایکبوونی رۆمانسییزم لە ئینگلستان دەژمێردرێ.شیعرەکانی لێوانلێوە لە وەسفی جوانیی سروشت و غوربەت تەنیایی و عەشق و ئەڤینداری..

دوای هاوسەرگیری لەگەڵ ماری هاچینسن گەڕایەوە بۆ لیک دیسترێکت Lake District تا کۆتایی ژیانی لەوێ لە نێو دەریاچەو شاخ و دەشت و سروشت بەسەر برد. ئەو دەمەی ئەو سەرقاڵی شیعر بوو بە توندی کەوتبووە بەر کاریگەریی رۆژانی هەوەڵی شۆرشی فەرەنسی و باسی دادپەروەری و هەژاری و ئازادی دەکرد.ئەو دروشمانەی شۆرشی فەرەنسی بەرزی کردبۆوە.دەکرد.



وۆردز وۆرس

نموونەیەك لە قەسیدەكانی:

بۆ پەپوولەیەك

هەڵمەفڕە! کەمێك لێرە بمێنەوە!با بتبینم
زۆر گەوهەرداری ئەی مێژوونووسی منداڵیم!
دەی ساتێ بمێنەوە، لە دەورم خول بخۆ!
ئەی ئافەریدەی فریشتەیی: بە تۆوە رۆژانی رابردووم بۆ دێتەوە
ئەی خەزنەی بەهادار،وێنەی باوکم بۆ بگەڕێنەوە
خۆش بوون،چەن خۆشبوون ئەو رۆژانە
رۆژگاری مندالی رۆیشن ناگەڕێنەوە
من و خوشکم بەدوای پەپوولەکاندا راماندەکرد
وەکو راوچییەکی بەراستی خۆم لەم باخچە بۆ ئەو باخچە
خۆم لە بۆسە دەنا
وەلێ خودا دەیپاراستن!
نەبادا بۆنی عەتری باڵیان نەمێنێ.

**کۆلریدج** Samuel Taylor Coleridge ١٧٧٢-١٨٣٤ز شاعیرێکی نویخواز و رەخنەگرێکی بە توانایە.لەگەڵ وۆردز وۆرس بەیەکەوە کاریان کردووەو پرەنسیپەکانی رۆمانسیومیان لە ئینگلستان چەسپاند.کەسایەتییەکی زۆر بە ناوبانگ و کاریگەری شیعریئینگلیزییەو کاریگەریی بەسەر زۆربەی شاعیرانی سەردەمی خۆیەوە بووە.بۆچوونە فەلسەفییەکانی لە پرۆسەی شیعریدا زۆر قووڵەو بنچینەیەکی فەلسەفییان هەیە، بۆیە ئیلیۆت دەڵێ **لەو باوەڕەدام پڕ بە پێستی وشە مەزنترین رەخنەگری ئینگلستانە.**



**کۆلریدج**

کۆلریدج لەو شاعیرانەیە پێیان دەگوترێ شاعیرانی دەریاچە.شێوازی شیعری ئەو لەو شیعرانەیە پێی دەوترێت پەخشانە شیعر یان شیعری گێڕانەوەیی. واتا ئەو جۆرە شیعرەیە سەرەتا قسەکر دەست دەکا بە وەسفی سروشت،سروشتیکی وەهاە پێدەبەخشێت،کە چەمکێکی دی لە بیروەری خوێنەردا دەسازێنێ، بە شێوەیەک بیر و زەین و

هەستێکی تازە بە رووخسار دەرەوەی دیمەنەکە دەبەخشێت و رەنگە چارەسەرێکی رەوشتی بێ بۆ ئەوەی خوێنەر بەخۆیدا بچێتەوە.لە قەسیدە بەناوبانگەکانی: دەریاوانە پیرەکە، کریستابل، قوبلای خان...

لە بواری رەخنەدا زاراوەی (رەخنەی خولقێنەر)ی داهینا واتایەکی قوولتر و جیاوازی خستە بەینی (وەهم)فانتزیا و خەیاڵ.کە دەڵێین پەری دەریایی بە جەستە ژنە وسەرەکەی ماسییە.ئەمە فانتازیایە،بەڵام خەیاڵ رێکخستنێکی هۆشمەندانەی پاژەکانە بۆ گشتێکی نوێ.هەروەکو تانوپۆی(پلۆت)ی رۆمان یان خوڵقاندنی کارێکی هونەری یان دارشتنەوەی دەسکەوتە زانستییەکانە بە ڤیی سیستمێکی فەلسەفی.ئیدی ئەم وێنایەی ئیدراک(درکپێکردن) دەبێتە ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە هەموو شیعرێک،کتێبێک،رەسمێک،سەمفۆنیایەک.بۆنموونە شاعیرێک هونەرمەندێک تا چەند دەتوانێ هارمۆنیەتی نێوان بنیادەکانی بەرهەمەکی پێکەوە بگونجێنێ.یان بە واتایەکی دی تا چەند دەتوانێ پاژەکان پێکەوە پەیوەست بکات بۆ بەدیهێنانی واتایەکی گشتی بۆ بەرهەمەکە.لە کۆتاییدا رەخنەیەکی توند لە شێوازی شیعری (وۆردز وۆرس)ی هاورێی دەگرێت و دەڵێ ئایا ئەوە راستە بەرزترین فەلسەفە لە بیرکردنەوەی خەڵکی سادە وەربگیرێ؟ باشترین زمانی شیعری زمانی خەڵکی سادە بێت؟ئایا هیچ جیاوازییەک لە نێوانی شیعر و پەخشاندا نیە؟ هەموو ئەم رەخنانەی لە کتیبەکەی(بایۆگرافیای ئەدەبی Biographia Literaria لە ١٨١٧ رووبەرووی **وۆردز وۆرس** دەکاتەوە.

کۆلریدج بە سیمینارەکانی لە بریستۆل سەرنجی هەمووانی بۆلای خۆی راکێشابوو. باوەڕێکی ببە هێزی بە هێزی میتافیزیکی هەبوو.تەنانەت پێیوایە هیچ حیکمەتێک نیە خاڵی بێت لە رەهەندی ئایینی.کێشەکانی مرۆڤایەتی تەنیا بەو سیستمە رەوشتییەی خوا فەرزی کردووە لە شەڕی نێو دەروون رزگارمان دەبێت.

نەخۆشی و رۆماتیزم وایلێکرد بە تەواوی لەسەر ئەفیون رأبێت و هەتا مرد بەو دەردەوە دەیناڵاند.

*　　　　*

سەردەمی ڤیکتۆریا لە ئەدەبی ئینگلیزی سەردەمێکی لاوازەو سەردەمی ململانێی ئایینی و کەنیسەیە.دیارترین دوو دەنگی شیعری ئەو سەردەمە (تینیسۆن Alfred Tennyson ١٨٠٩-١٨٩٢ز ) و (رۆبەرت براونینگ Robert Browning ١٨١٢-١٨٩٩ز)ن.

**تینیسۆن** زانکۆی کامبریدجی تەواوکردووەو لە ساڵی ١٨٥٠ بووە بە شاعیری دەرباری پاشا.دەسپێکی کارەکانی لە ١٨٢٧دا بڵاوکردەوە لە ١٨٤٠ دا یەکەمین کۆشیعری بە ناونیشانی (یادەوەری) بڵاوکردۆتەوە[١].قەڵەمی خۆی لە بواری دراماشدا تاقیکردتەوە،بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.لەبەر بەهای شیعرەکانی

[١] : بۆ کاریگەری شیعری حافز بەسەر میری شاعیرانی ئینگلیز تینیسۆن بڕوانە: علیرضا انوشیروانی ,روح الله روزبه کوهشاهی،تاثیرگذاری حافظ بر ملک الشعرای انگلیس آلفرد لرد تنیسن،پژوهشنامه ادب غنایی،دانشگاه سیستان و بلوچستان، دوره ١١، شماره ٢١،زمستان ١٣٩٢، ص١٤٣-١٦٢.

هەندێ لە رەخنەگرەکان سەردەمی ڤیکتۆریا بە ناوی سەردەمی تینیسیۆن ناودەبەن[1].



**ئالفرێد تینیسۆن**

## نمونەیەک لە شیعرەکانی:

### ماریانا

**گوڵدانەکان یەك بەیەك**
**پەڕۆیەکی رەشیان لە خۆ ئاڵاندووە**
**بزماری ژەنگاوی لە ناوقەدی درەختە بەرزی سەر دیوارەکان**
**دەکوتن**
**ژوورە پەرش و بڵاوەکان**
**غەمگین و نامۆ خۆدەنوێنن**
**کەس زنجیری دەرگاکانی نەکردۆتەوە**
**کیژۆلەکە تەنیا دەیگوت**
**(ژیان بە خەمەو**

[1] : د.عادل سلامة،الادب الانجليزي المعاصر،دار المريخ،الرياض،١٩٨٤،ص٨٦-٩٠.

ئەو نایەت)
کیژۆکە دەیگوت
کیژۆکە دەیگوت
(تاقەتم چووە
کاشکێ دەمردم)
ئەسرینی چاوی دەڕشت لەگەڵ شەونمی بەربەیان
فرمێسکی زۆرتر لە وشکبوونەوەی شەونمەکان
نە کازیوەو نە خۆرئاوا
تاقەتی چاوڕشتنی رووخساری شەنگی نەبوو
دوای فڕینی شەمشەکوێرەکان
تاریکی ئاسمانیان رەواندەوە
پەردەی پەنجەرەکەی لادا
سەیریکی ئەو دەشتە غەمگینەی کرد
کیژۆکە هەر دەیگوت
(شەو چەند بە خەمەو
ئەو نایەت)
کیژۆکە دەیگوت
کیژۆکە دەیگوت
(تاقەتم چووە
کاشکێ دەمردم)
نیوەشەو بیدار
شەوئاهەنگی دەبیست و نەغمەو ئاوازە
سەعاتیك پێش بەربەیان قووقەی کەڵەشێر
لەولاوە تەقڵەی کۆتر
سەدای گمە گمی بەرگوێ دەکەوت
مژدەی گۆڕانی دەدا

**لە خەودا**
**پەژارەو مەلول هەنگاوی دەنا**
**کزەیەکی سارد بێداری دەکردەوە**
**بەیانی بە چاوی خەواڵوەوە**
**دەورو خولێکی ماڵەکەیدا**
**کیژۆکە هەر دەیگوت**
**(رۆژ چەند بە خەمەو**
**ئەو نایەت)**
**کیژۆکە دەیگوت**
**کیژۆکە دەیگوت**
**(تاقەتم چووە**
**خۆزگە دەمردم)**
**جیکە جیکە چۆلەکەکان لەسەربان**
**تیك تاکی ئارامی سەعات**
**ئاوایی داپۆشراو بە داری سەروو**
**بەدەم بای عیشوە دەلارایەوە**
**هەموو هەموو**
**هەستی ئەویان گیرۆدە کردبوو**
**بەڵام لە هەموو شتێ زیاتر**
**ئەوی بێزار کردبوو**
**تیشکی خۆلاوی خۆر**
**لە کلاورۆژنەی ژوورەکە دەهاتە ناو**
**خۆر رووەو خەڵوەتگای لار دەبۆوە**
**ئەوکاتە کیژۆڵە هەر دەیگوت**
**( دڵم چەند بە خەمە**
**ئەویش نایەوێ بێت)**

**کیژۆڵە هەر دەیگوت**
**کیژۆڵە دەگریا**
**(خودایا !**
**تاقەتم چووە**
**کاشکێ دەمردم !)**

**رۆبێرت براونینگ** Robert Browning ١٨١٢-١٨٨٩ز،یەکێکە لە شاعیر و نووسەرە شانۆییە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە.لە تەمەنێکی زووەوە دەستی بە نووسینی شیعر کردووە.بە هۆی ئاستی لاوازی دەسپێکەکەی **جۆن ستیوارت میل** John Stuart Mill١٨٠٦-١٨٧٣ز رەخنەی توندی لێگرتووە،ئەمە بووە هۆی ئەوەی قووڵتر وردبێتەوەو خۆی پێبگەیەنێ.لە ١٨٣٣دا کۆشیعرێ (بۆلین) و (پیاوانان و ژنان)ی لە ١٨٥٥دا بڵاوکردەوە. کۆمەڵێ بەرهەمی شانۆیی بە شێوەی تاک دەنگی(مۆنۆلۆژی)نوسیوە،لەوانە شانۆیی(سۆردیلۆ) لە ١٨٤٠دا.دیارترین و بەهێزترین شیعرە شانۆییەکانی لە نێوانی ساڵانی ١٨٦٨-١٨٦٩دا لە کتێبێکدا بە ناونیشانی(ئەمووستیلەو کتێب)دا بڵاوکردەوە.لە رووی بیروباوەڕەوە کەسێکی دنیایی بووە،بەلام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی بەهێزی بە گەورەیی خودا هەبووەو تەنانەت لە یەکێ لە شیعرەکانیدا دەڵێ مادام خودا لە ئاسمانە... کەواتە هەموو شتی باشە.

لە شانۆیی (ئەموستیلەو کتێب)یان (ئەڵقەو کتێب)دا شانۆییەکە لەبارەی ئەو چیرۆکانەیە،کە خەڵک لە شاری فلۆرەنسا لە ئیتاڵیا بە هۆی شەهوەت و تاوانەوە تووشی بوون.شانۆییەکەش

دادگایەکە بۆ دادگایی تاوانباریک و بە شێوەی مۆنۆلۆژی نمایش دەکرێت.پێنج کەس ڕۆلی تیدا دەگێڕێت، کە برێتین لە:

پیترۆ کامپارینی: پیرەمێردێکی ئیتاڵی

ڤیولەنت: هاوسەری پیترۆ

پۆمیلیا: زڕکچی کامپارینی

گویدۆ فرانسچینی: مێردی پۆمپیلیا

گۆسپە کاپونساچی، قەشەیەک[1]

کارەکانی دیکەیشی بە هەمان شێوە مۆنۆلۆژین و هەمیشە بە جێناوی کەسی یەکەمی تاک(من) دەردەبڕێت.



**ڕۆبێرت براونینگ**

**ئەدگار ئالن پۆ** Edgar Allan Poe ١٨٠٩-١٨٤٩ز شاعیر و چیرۆکنووس و رەخنەگر و ڕۆژنامەوانێکی ئەمریک بوو.بە یەکێ

[1] : بۆ دەقی ئەم شیعرە شانۆییە بڕوانە: نورتن مگیل،شاهکارهای ادبی جهان،ترجمە د.امیر اسماعیل آذر،انتشارات سخن،تهران،چاپ دوم،١٣٩٤،ص٣٧١-٣٧٦.

لــە کەســایەتییە دیارەکــانی ڕۆمانســیزمی ئــەمریکی دادەنــرێ. ژیانێکی بە هـەتیوی چیاوەو ئەمـەش کاریگـەری زۆری بـە سـەر نـاوەڕۆکی چیرۆکەکانیدا هەبوو،کـە زۆربـەیان نهێنـی و تـرس و هەنــدێجار سروشــتیکی زانســتی هەیــەو تەنانــەت بــەلای ڕەخنەگرانەوە بە یەکی لە لووتکە و داهێنەرانی کورتەچیرۆک لـە جیهان دادەنرێ.



**ئەدگار ئالن پۆ**

لـە سـاڵی ١٨٢٧دا یەکـەمین کۆشـیعری خـۆی بـە ناونیشـانی (تەیمورلـەنگ و چەنـد هۆنراوەیـەکی دی) بڵاوکردەوە.لـە سـالی ١٨٤٥دا (قەلەڕەش)ی بڵاوکردەوە و ناوبانگێکی زۆری لە هەموو ئـەمریکا پەیداکرد.سـەردانی بـەریتانیای کـرد و پێنج سـاڵ لـەوێ خوێندویەتی. دواتر ویستی لە زانکۆی ڤێرجینیا بخوێنێ،بەڵام بێ پارەیی نەیهێشت.سەبارەت بە شیعر وەکو خۆی لـە سیمینارێکدا چەند مانگیک پێش مردنی ئەوەی ڕوونکردەوە بـەلای ئەوەوە لـە کاتی شیعرنووسـیدا خـۆی لـە هـەموو کـۆت و بەنـدێکی سـوودی

کۆمەلایەتی و شیعر رزگاردەکات و دەکەوێتە حاڵەتێکی تایبەتی و خۆی بۆ ئیستاتیکا تەرخان دەکات.

شیعر و چیرۆکەکانی هەمیشە نهینی و ئاماژەیەکی سیمبوڵیی قووڵی تیدایەو هەموو رەخنەگرێک ناتوانێ پەی پێببات.هەندێ لە رەخنەگران تەوانجی لێدەدەن بێهوودەیە خۆت لەگەڵی خەریک بکەی کەسێکی هەمیشە سەرخۆش بووەو باری دەروونی تا راددەی شێتی تێکچوو بوو و هەمیشە قەرزار بوو و ژیانیکی پڕ لە نهێنی و نەهامەتیی هەبوو.تاکە شتیک نکۆڵی لێناکرێت خیزانەکەی،کە ئامۆزای خۆی بووەو هەتا مردنی بە دوو ساڵ پێش خۆی زۆر خۆشویستووەو رۆمانسیانە شیعری بۆ گوتوە.

لە بەرهەمەکانی وەکو شیعر: (خەون لە خەوندا) و (ئیسرافیل) و (ئەعراف) ئەم دووانەیان بە سوود وەرگرتن لە قورئانەوە بووە. (قەلەڕەش) و (ئەنابێل لی).پۆ لە وتارێکیدا هەمیشە شیعری کورتە پەسەند کردووەو شیعری بالای رەتکردۆتەوە[١].

وەکو چیرۆک: (پشیلەی رەش) و (چەند وشەیەک لەگەڵ مۆمیا) و (شەوی هەزار و دووی شەهرەزاد) و (چیرۆکیک لە قودس) و ..

نموونەیەک لە شیعری ئەدگار ئالن پۆ

**ئەنابێل لی**

**چەندین ساڵ پێش ئێستا**
**لە دەەڕیکی کەنار دەریا**
**کچێکی قەشەنگ و زیبا**

---

[١] : بۆ ئەم وتارەی پۆ لەمەڕ هونەری شیعر بڕوانە: ادگار الن پو و دیگران،زبان و شاعری،ترجمه ثیمان پیمان چهرازی،نشر آگه،تهران،١٣٩٨،ص١٥-٢٠.

بە نێوی ئەنابێل لی
هەموو بیر و هەستی
هەموو خەوو خۆراکی
هەموو بوون و هەستی
شتێ نەبوو جگە لە
عەشق و عەشقبازی
لەگەڵ منی تاك و تەنیا
هەر لە منداڵییەوە
هەردووکمان لە کەنار دەریا
وەلێ عەشقمان باڵاتر لە عەشق
من و ئەنابێڵ لی وا یەکترمان خۆشدەویست
فریشتەکانی ئاسمان
حەسوودیان پێدەبردین
ئەوەبوو چەندین ساڵ پێش ئێستا
لەو کەنار دەریایە
شەوێکی بەستەڵەکی زستان
بایەك لە هەورەکانەوە هەڵیکرد
ئەنابێل لییەکەی منی بەست
ئیدی کەس و کارەکەی هاتن
بردیان و لێیان سەندم
لە ئارامگەیەکی
کەنار دەریا
زیندانییان کرد
بەڵێ فریشتەکانی ئاسمان
حەسوودیان بە من و وی دەبرد
لەو دەڤەرەی کەنار دەریا

**کێ هەیە نەزانێ**
**بە یادی سەرمای ئەو هەورەی**
**گیانی ئانابێڵ لی لێسەندم**
**وەلێ عەشقی من زیاتر خرۆشا**
**لە عەشقی گەورەکان**
**لە عەشقی ئاقڵترینەکان**
**نە فریشتەکانی ئاسمان**
**نە ئەهریمەنەکانی دەریا**
**هەرگیز ناتوانن**
**رۆحی من و ئەنابێڵ لی جوانکیلەی من**
**لێك بترازێنن**
**مانگی نادرەوشێتەوە**
**تا یادەوەرییەکانی (ئەنابێڵ لی)یەکەی من**
**بەسەر نەکاتەوە**
**ئەستیرەکان دەرناکەون**
**تا من رۆشنایی چاوەکانی ئەنابێڵ لی**
**تیانەبینم**
**ئیدی من ئەمشەو**
**لەپاڵ ئازیزتر لە گیانم دەخەوم**
**لەپاڵ ژیان و بوونم**
**لە ئارامگەی رۆخ دەریا**
**لە مەزاری رۆخ دەریا**

**عــــــەزرا پاوەنـــــــد** Ezra Weston Loomis Pound ١٨٨٥-١٩٧٢ز.یەکێکـە لـە دیـارترین شـاعیرە مۆدیرنـەکانی سـەدەی بیستەم.ئەو بۆخۆی بە رەچەڵەک ئێرلەندییە ،بەڵام لە ئەمریکا

ژیاوە.بە هۆی نەفرەتی لە جەنگ و نارەزایەتی لە بارودۆخی ئەو وڵاتـــە بـــۆ یـــەکجارەکی ئـــەمریکای بەجێهیشـــت و بـــۆ ئیسپانیاوفەرەنساو ئیتاڵیا کۆچی کرد.



**عەزرا پاوەند**

لـە شـێوەو شـێوازی شـیعریدا بـە رابـەری رێبـازی کـۆپییزمی ئینگلیزی لـە قەڵـەم دەدرێت. لـە نووسـینی شـیعر و رۆشـنبیریی شـــیعریدا کاریگـــەریی یۆنـــانی کـــۆن و شـــیعری رۆژهـــەڵاتی بەسـەرەوەیە و تاراددەیـەک شـێوازەکەی لـە سیمبولیسـتەکانەوە نزیکـە.تەنانـەت خـۆی فێـری زمـانی چینـی و ژاپـۆنی کـردووەو شـــیعرەکانی (کۆنفۆشـــیۆس)ی تەرجەمـــەکردووە. کۆشـــیعرێکی بەناونیشـانی(کاردانەوەی لێدانی بەرامبـەر) بڵاوکردۆتـەوە.وتارە رەخنەییـــەکانی لـــە رەخنـــەی ئەدەبییـــدا قـــووڵی پێوەدیـــارەو جیگەیەکی تایبەتییان هەیە.ئەو سـەرەتا لە زانکۆی پەنسلڤانیا و دواتـر لـە کـالچ هـاملتون خوێنـدنی تـەواوکردووە.سـاڵانی جـەنگ زۆر بـــە تونـــدی پشـــتگیری لـــە سیســـتمی سیاســـی فاشـــیەتی مۆسۆلۆینی و نازیزمی هیتلەری لە دژی ئەمریکا دەکرد،بۆیە کە

دەسگیر کرا بۆ ماوەی دوازدە ساڵ لە نەخۆشخانەی دەروونیی واشنتۆندا مایەوە و دواتر بە رجا و تکای چەند نووسەریک ئازادکرا و گەڕایەوە ڤینیسیا.

نموونەیەک لە شیعرەکانی:

**بۆتەی مۆمدانێك**

**درەختێك لە دەستەکانم رەگی دەرکردووە**
**شیرەکەی بە بازووەکانمدا هەلدەگەڕێ**
**لە قووڵایی سینەمدا گەشەدەکا**
**چڵەکانی وەکو دەست لە من دەڕوێن**
**تۆ ئەو درەختەی**
**مشکیت**
**وەنەوشەیەکی چکۆلانەی**
**(خولڤێنەرەکەی)**
**(بێ کۆتایی)**
**تەکانی پێدەدا**
**ئەمانە هەمووی جگە لە شێتی لەم دنیایە هیچی دی نییە**

**ت.ئێس.ئیلیۆت** Thomas Stearns Eliot ١٨٨٨- ١٩٦٥ز شاعیر و درامانووس و رەخنەگری ئەدەبی ئەمریکییە،بەلام لە ساڵی ١٩١٤ هاتۆتە ئینگلستان و لەوێ ماوەتەوە.لە ساڵە ١٩٤٨ دا خەلاتی نۆبلی ئەدەبی پێبەخشراوە.ناکامی و نەخۆشی و گۆشەگیری رۆلیان لەوە هەبووە ببێ بە نووسەر و خۆی بۆ تەرخان بکات.هەروەها وەکو خۆی دەلێ شاری سانت لویس وەکو

زێدی لە دایکبوونی کاریگەری بەسەر بەهرەی شیعری و ئەدەبیی ئەودا بووە[1].

ساڵ ١٨٩٨-١٩٠٥ز لە ئەکادیمیای سمیس بین خوێندوویەتی. زمانی لاتینی کۆن یۆنانی و فەرەنسی و ئەڵمانی خویندووەو لە ریگەی وەرگێڕانەکەی فیتزجیراڵدەوە ئاشنای چوارینەکانی خەیام بووە.(بەسەرهاتی جەژنەکان) یەکەم کۆشیعری بڵاوکراوەیەتی.

یەکێ لەو شاعیرانە بووە،بەرهەمی کەم بووەو ساڵێ دوو سێ شیعری نووسیوە.دیارترین شیعری ئەو(وێرانەخاک)ە و لە ساڵی ١٩٢٢دا لەسەروبەندی جیابوونەوەی لەگەڵ هاوژینەکەی بڵاویکردۆتەوە.ئەم قەسیدەیە بە قورسترین شیعری ئەدەبی ئینگلیزی لەقەڵەم دەدریێت،لەبەرئەوەی :لەبەرئەوەی وەک دەقئاوێزان سوودی لە چەندین بەرهەمی بەناوبانگی پێش خۆی وەرگرتووە،لەوانەش دراماکانی شەکسپیر و ئەوانی دی.هەروەها لەو قەسیدەیەدا زمانی جیاواز،زمانەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیسپانی و هیندی تێکەوتووە.

---

[1] : کریستۆڤەر بیچ نووسەری کتێبی لەو تەوەرەی باسی ئیلیۆت دەکات ناونیشانی تەوەرەکەی ناوناوە: (ت.ئێسزئیلیوت و سەرزەمینی بێ بەرهەمی مۆدێرنیتە) پێموایی ئەمە راڤەی ناوێ،بڕوانە: کیسنوفر بیچ، درآمدی بر شعر معاصر امریکا،ترجمە و تالیف کامران احمد گلی و بهادر باقری، نشر خاموش،تهران، ١٣٩٦،ص ١٢٠.



**ت.ئێس.ئیلیۆت**

لە بواری شانۆییشدا رووی لە شیعری شانۆیی کردووەو زۆربەی کاتیش شانۆیی کۆمیدی بەلاوە پەسەند بووە.لە ١٩٣٤دا شانۆیی (بەرد)ی نووسیوە.لە شانۆییەکەنیدا هەمیشە حەزدەکات کۆتاییەکی شادی بەخشی هەبێت. لە ١٩٣٥ دا شانۆیی (تاوانێک لە کاتادرایی)دا نووسیوە.

لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا یەکێکە لە کەسە دیارەکانی میتۆدی (رەخنەی نوێ).لە وتاری(لاسایی ئەدەبی و بەهرەی تاک)دا دەیەوێ بڵێ بەهای بەرهەمی ئەدەبی لە چوارچێوەو سیاقی بەرهەمەکانی پێشوودا دەردەکەوێت.نموونەیەک لە شیعرەکانی:

**مارینا**

**وەی لەو دەریاو کەنارانە**
**وەی لەم دورگەو لەم تاشە خۆڵەمێشیانە**
**وەی لەم ئاوە کە ئاوێزانی پێشخانی کەشتی دەبێت**
**لەو کاتەی کە عەتری سنەوبەرو چریکەی پاساریان**

بەناو تەمتوومانداا پەرش و بڵاو دەبێتەوە
وەی لەم وێنە یەك لەدوای یەکانە
ئاخ کچەکەم
ئەوانەی کە کەڵبەی سەگ تیژ دەکەنەوە
ئەوانە مەرگ دەشارنەوە
ئەوانەی شانازی بە خانەدانیی خۆیان دەکەن
ئەوانە مەرگ دەشارنەوە
ئەوانەی لە ناو یەقینی گەنیو دەژین
ئەوانە مەرگ دەشارنەوە
سەیرکە بوو بە خەیاڵ و با بردی
لە کاتێکا شنەی سنەوبەرو تەمتوومانی شەلاڵ بە چریکەی باڵداران
لە سیحری ئەو شوێنەدا دەتوێنەوە
ئەم ڕوخسارە چییە؟ لەبەر درەوشانەی هێجگار زۆری ناڕوونة
داخورپان چییە لە دەماری بازووەکاندا؟
چەند بەهێزە ئەوەندەش بێ هێزە
ئایا ئەوە بەخششە بۆ ئێمە، یا وەرگیرتنە
دوورتر لە ئەستێرەو نزیکتر لە چاوم
چرپەو پێکەنینی شەرمنانە
لەمیانی گەڵای درەختان

بە هەنگاوانی بەتاو بەسەر ئەو گەڵایانەوە
ستوونی کەشتیش بە بەستەڵەك وردوخاشبوو
بۆیەکەشی بە گەرما هەڵدەوەرێ
ئایا من کارێکی ئاوامکردووە
لەبیرم چوو، پاشان بەبیرم هاتەوە
کەژوگوریسی کەشتییەکە رزی بووەو چارۆگەکەشی هەڵپڕووکاوە

**لە نێوان حوزەیران و ئەیلوولدا**
**بێ ئەوەی پێی بزانم، ئاوامکرد**
**نیوەهۆش بووم، ئێستاکێ نازانم من کێم؟**
**ئاو لە تەختەی کەشتییەکەدا دێتە ژوورەوە**
**دەبێ ئەو درزانە بگرم**
**بەم شێوەیە ، بەم ڕوخسارە، بەم ژیانەوە**
**دەژیم تا زیندووبم لەم ژیانە**
**لێمگەڕێ با تەرکی ژین کەم بۆ ئەم ژیانە**
**تەرکی ئاخاوتنی خۆم بکەم بۆ ئەم ئاخاوتنە**
**بۆ بێدارەکان ، بۆ لێوە قەڵەشتیەکان، بۆ هیوا**
**بۆ کەشتییەکی تازە**
**وای لەم دەریاو کەنارەبەردینەی بەردەمی کەشتییەکەم**
**کە پاسارییەکان پڕ بە تەمتوومان دەچریکێنن**[١]

---

[١] : هاوڕێی شاعیرم کەریم دەشتی بە توانا جوانەکەی خۆی وەریگێڕاوە.

## ڕۆمانی ئینگلیزی:

**دانیال دیڤۆ** Daniel Defoe (١٦٦٠-١٧٣١): لە سەردەمی منداڵیدا دوو ڕووداو لە یادەوەری ئەودا مابووەوە،یەکێکیان بڵاو بوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا و ئەوەی دووەمیان ئاگرە گەورەکەی لەندەن. دۆستی نزیکی پاشا ولیامی سێیەم بوو.کە ئەو نەما و خانم ئان پاشا بووە مەلیک ئەستێرەی بەختی دیڤۆ کوژایەوەو گاڵتەی بە کاراکتەرەکانی کەنیسەی ئینگلیزی دەکرد و بە لەڕێلادەری ناودەبردن،بۆیە گیراو کەوتە زیندانەوە.بەم شێوەیە بە هۆی سیاسەتەوە ڕۆگاریکی زۆری لە زیندان بەسەر بردووەو زۆربەی بەرهەمەکانیشی لە زیندان نووسیوە.

ڕۆمانی (ڕۆبنسۆ کرۆزۆ Robinson Crusoe)لە ساڵی ١٧١٩ دا بڵاوکراوەتەوە. گەشتیکی بێ ئامانی کەسێکە،بە ناوی ڕۆبنسۆ کۆزۆ،کە لە خانەوادەیەکی مام ناوەندی لەدایکبووە،بەبێ ئاداری دایک و باوکی یەکەم سەفەری دەریایی خۆی کردووە، لەو سەفەردا تووشی ڕەشەبا و زریان بووەوە و ئەوەندە ترسا بەڵێنی بە خۆیدا جارێکی دی پێ نەخاتە دەریاوە.بەڵام کە دەستی بەبازرگانی کرد،حەزی دەریا وای لێکرد سەفەر بۆ کەنارەکانی ئەفریقا بکات. لە ڕێگە تووشی کۆمەڵێ دز دەبێتەوەو وەکو کۆیلەیەک دەیگرن و دواتر کەشتییەکی پۆرتوگالی ڕزگاری دەکەن و دەیگەیێننە کەنارەکانی بەرازیل و لەوێ کێڵگەیەکی کڕی و دەستی بە کشتوکاڵ کرد. دواتر لەسەر داوای کێڵگەدارێکی ئینگلیزی پێشنیاز دەکات بۆ بازرگانی سەفەری ئەفریقیا بکەن،قایل دەبێت و ئەو سەفەرە بۆ ئەو ترسناکترین سەفەر بووە.لە نزیک کەناراوە دوورە دەستەکانی ئەمریکای

باشوور کەشتییەکەیان خۆی بە تەپۆلکەیەکی دەریاییدا دەکێشێ و تێک دەشکێ.ئیدی هەرخۆیەتی و کەسی لێ نییەو سەرەڕۆییەکانی دەست پێدەکات....[1] ، لە کۆتاییدا دەڵێ:**ڕۆبنسۆن کرۆزۆ زۆر ئازا بوو،بڕوای بەخۆی هەبوو، لە ئەنجامدا بەسەر سروشتدا سەرکەوت.**

ئەم هەوڵەی دیڤۆ بە سەرەتای ڕۆمانی ئینگایزی لە قەلەم دەدریت و بە شێوەیەکی خەیاڵی و فانتازی ڕووداوگەلێکی سەیرو عاجباتی ڕوودەدەن و هێزو جەسارەت و توانای مرۆڤ لە ڕووبەڕووی سروشتدا پیشان دەدات.

دیڤۆ چەند ڕۆمانێکی نووسیوە لەوانە:مول فلاندەرز، یادداشتەکانی جۆن کاریتۆن، ژیانی کاپیتان سینگلتون دزی دەریایی،یادەوەرییەکانی ساڵی کۆلێرا،یادداشتەکانی سوارێک.



**دانیال دیڤۆ**

[1] : بۆ درێژەی ڕۆمانەکە بڕوانە: مگیل،شاهکارهای ادبی جهان،ترجمە د.امیر اسماعیل آذر،انتشارات سخن،تهران،چاپ دوم،١٣٩٤،ص ٣٣١ .هەروەها: دانیال دیفو،روبنسون کروزو،ط١،القاهرة،٢٠١٣.

**ساموئێل ریچاردسن** Samuel Richardson (١٦٨٩-١٧٦١)

لە زۆربەی کتێبە رەخنەییەکاندا،کە باس دێتە سەر رۆمانی ئینگلیزی بە پێشەنگ و دەسپێکی رۆمانی راستەقینەی ئینگلیزی دادەنرێت.لە رووی تەکنیکی هونەری و شێواز و پێکەوەگونجانی بەشەکاندا.ریچاردسن قۆناغەکانی ژیانی تەمومژاوییەو لە پەنجا سالێدا واتا لە سالی ١٧٤٠دا دەستی بە نووسینی رۆمانەکەی کردووە بە ناوی (پامێلا)"کە بریتییە لە کۆمەڵە نامەیەک، ناوەرۆکەکەی باس لە هەوڵدانی خاوەن کێڵگەیەک دەکات بۆ هەڵخەڵەتاندنی کیژۆڵەیەک بەلام سوودی نییە،دواجار زەماوەندی لەگەڵدا دەکات.سەرکەوتنی ئەم شێوە رۆمانە نامەییە وای لە نووسەر کرد"کە رۆمانێکی دی لە حەوت بەرگدا بە ناوی (کلاریسا هالۆ)ەوە بنووسێ.کلاریسا ژنێکی پاک و جوان و بە حەیای لادێییەو کەسەکانی دەیانەوێ بیدەن بە شوو"بەلام ئیڤلیس وەکو هێمای شەیتان و لە بەرگی مرۆڤدا رازی دەکات لەگەڵ خۆی بیبات بۆ لەندەن و شووی پێ بکات و دواتر لە خانەی لەشفرۆشان بەکاری دێنێ. دواتر خودا رێگەی راستی پێشان دەدا و دەگەڕێتەوەو ئیڤلیس شەرمەزار دەبێ.ئەم رۆمانە لە رووی سایکۆلۆژییەوە سەرکەوتووەو وای لە خەڵکی ئەو دەمەی ئینگلستان کردووە بگەڕێنەوە بۆ خوداپەرستی.

**چارلز دیکنز** Charles John Huffam Dickens (١٨١٢-١٨٧٠)

ئەم رۆماننووس و درامانووسە بە گەورەترین رۆماننووسی سەردەمی ڤیکتۆری لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە قەڵەم دەدرێ.شێوازێکی سەرنڕاکێشی هەیەو رۆمانەکانی هەر لە سەرەتاوە خوێنەر کێش دەکات و رەگەزی هاندان و تەشویقی

خوێنەر دەکات بۆ شێوازە ساتیرایی و رەخنە ئامێزی و سۆزدارییەکانی.



**چارلز دیکنز**

دوازدە رۆمان و دوو شانۆنامەو چەندین وتاری هەیە.لە رۆمانە بەناوبانگەکانی:ئۆلیڤار تویست، چیرۆکی دوو شار،دیڤید کۆپەرفیڵد، هاورێ هاوبەشەکەمان،هیوا مەزنەکان و ...... بەگشتی ناوەرۆکی رۆمانەکانی بریتییە لە ژیانی منداڵانی لانەواز و بێلانەو خەڵکی هەژار و دەستکورت و دەروون و بیرکردنەوەی دەوڵەمەندەکان و نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی،کە هۆکاری ئەو نەهامەتی و مەینەتییەن.

لە وەسفی کەسایەتییەکاندا زۆر وردەو بە شێوەیەکی قووڵ وێنای واقیع دەکێشێ و وەکو کەسێکی ریفۆرمخواز دەیەوێ بینای واقیعێکی نوێ بکاتەوە،کە پڕ بێ لە دادپەروەری و یەکسانی و خۆشەویستی و رێزگرتن لە مافە کەسییەکان.

**چارلز لۆتویدج دۆدسن** لویس کارۆل **Lewis Carroll** ناوی خوازراوی نووسەرو زانای ماتماتیک و فۆتۆگرافەری ئینگلیزی

(چارلز لۆتویدج دۆدسن Charles Lutwidge Dodgson ١٨٣٢-١٨٩٨)ە. لە دیارترین بەرهەمەکانی ئەم رۆمانەیە Alice's Adventures in Wonderland و بەشی دووەمیشی بە ناونیشانی لە ئاوێنەدا Through the Looking Glass تەواوکەری ئەم رۆمانەیە.ئەم بەرهەمە لە بنەڕەتدا بۆ مێرمندال و هەرزەکاران نووسراوە،بەڵام بێ جیاوازی گەورەکانیش دەیخوێننەوەو چێژی لێوەردەگرن.

نووسەر کۆلێژی کریست جۆرج (Christ Church, Oxford)ی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەواو کردووەو یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی ماتماتیک و هەر لەو کۆلێژەی تەواوی کرد لە ساڵی ١٨٥٥دا بۆتەوە بە مامۆستا بۆ ماوەی ٢٦ ساڵ بەردەوام بووە. ئەم بەرهەمەی بۆ کچی راگری کۆلێژەکەیان ئەلیس نووسیوە.پیاوێکی بە دین بووەو کەنیسەی ئینگلستان لە ١٨٦١ نازناوی شەمماسیان پێبەخشیوە.

دوای ئەوەی زانیویەتی بەشی یەکەم لە ١٨٦٥بە هەرمین بووە، قۆڵی لێهەڵماڵیوەو بەشی دووەمی وەکو تەواوکەری بەشی یەکەم لە سالی ١٨٧١دا تەواوکردووەو چەندین کەسایەتی تازەی هێناوەتە ناو کەشوهەوای رۆمانەکەوە.هەر لەو سەردەمەدا هونەرمەندی باناوبانگ جۆن تینیڵ چەندین وینەی بۆ روونکردنەوەی هەردوو بەشی رۆمانەکە کێشاوە.

بێجگە لەم رۆمانە نووسەر بەرهەمێکی خەیالی و فانتازی بە ناونیشانی **سیلفی و برۆنۆ** Sylvie and Brunoوە هەیە، چامەیەکی شیعریی درێژە لە ساڵانی ١٨٨٩-١٨٩٣دا نووسیویەتی. هەروەها بەرهەمێکی دیکەی بەناویشانی **ڕاوی**

**سنارک** The Hunting of the Snark هەیە،کە ئەو باڵندەیە هەر خۆی بوونی نییە. نووسەر حەزێکی تایبەتی بۆ وێنەگرتن هەبووە تەنانەت لە ساڵی ١٨٦٢دا لەگەڵ ئەلیس و خوشکەکانی چەندین وێنەیان لەسەر رووباری ئیزیز گرتووە.

لە بواری پسپۆڕی خۆیشیدا چەندین کتێبی لەبارەی بابەتەکانی ئەندازیاری ماتماتیک و جەبر بە ناوی راستەقینەی خۆیەوە نووسیوە.

**جێمس جۆیس**Joyce James ١٨٨٢ -١٩٤١ شاعیرو رۆماننووسێکی ئێرلەندیی سەدەیی بیستەمە.سەرەتا خوێندنی ئایینی مەسیحی خوێندووەو دواتر چۆتە زانکۆی یو سی دی لە دۆبلین. لە ١٩٠٢ تەواوی کردووە و دواتر بۆ خوێندنی پزیشکی رووی لە پاریس کردووە،بەڵام سەرکەوتوو نەبووەو لەسەر داوای باوکی گەڕاوەتەوە بۆ ئێرلەندا. ژیانێکی ناهەمواری و پڕ لە دەردەسەری هەبووەو نەخۆشی چاو و جەستە هێزی لەبەر بڕیبوو.

سەرەتا بە نووسینی وتارێکی ئەدەبی لەبارەی شانۆیی ئیبسن دەستی پێکردووە.هەوڵیداوە بۆ فێربوونی زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی و نۆرویژی. رۆمانەکانی بە نموونەی بەرزی رۆمانی ئینگلیزی دەژمێردرێن ، لە تەکنیکی تازەی رۆمان و زمان و شەپۆلی هۆش و پچڕ پچڕی رستەو دەستەواژەکانی نا ئارامی و رارایی دەروونی و هەژاری و خەمۆکی نووسەرەکەی و بارودۆخی ئێرلەندییەکانی شارەکەی دەنوێنێ.

ڕۆمانـەکانی یۆلیسـیس Ulysses و وێنـەی هونەرمەنـد لـە تـافی لاویدا[1] A Portrait of the Artist as a Young Man و زاوای فینیگان Finnegans Wake لە کارە دیارەکانیەتی. لە بواری شیعریشدا کۆشـیعرێکی لـە ١٩٠٧ دا بـە نـاوی(موزیکی دیوەخـان) بڵاوکردەوە.لـە ١٩١٤دا هـەوڵ و ئـەزموونی خـۆی لـە چیرۆکنووسـیدا تـاقیکردەوەو کۆمەڵـە چیرۆکی(دوبلینییـەکان)ی بڵاوکردەوە.



**جێمس جۆیس**

ئەم کۆمەلە چیرۆکەش هەروەکو ڕۆمانەکانی تەمومژاوی و سـیمبولیکن و هەوڵیـداوە سـوود لـە کلتـور و ئەفسـانەکانی وڵاتەکەی وەربگرێت.لە سویسرا لە ١٩٤١دا مردووە.

[1] : بۆ ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا) بە زمانی کوردی بڕوانە:جێمس جۆیس، و:د.ئازاد حەشەریف،چ٢،دەزگای موکریانی،هەولێر،٢٠١٠.

**ئایرس مۆردۆخ** Jean Iris Murdoch ١٩١٩-١٩٩٩

نووسەر و شاعیر و رۆمانووس و رەخنەگرو درامانووس و فەیلەسوفی بە رەچەلەک ئێرلەندی و ئینگلیزییە.خوێندنی بەرزی لە زانکۆکانی ئینگلستا خوێندووەو لە ئۆکسفۆردیش بۆتەوە بە مامۆستای شەرەفی فەلسەفە.بێجگە لە کارکردن لەسەر فەیلەسوفە وجودییەکان و بە تایبەت سارتەر لە بوارە فەلسەفە چەند کتێبێکی لە بارەی میتافیزیک و ئاکار و رەوشت نووسیوە. وەکو رۆماننوسێک رۆمانەکانی سروشتێکی سایکۆلۆژیی قووڵیان هەیەو ئەگەرچی لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ خەریگە گومانم لا پەیدا دەبێت،کە دەڵێن رۆمانی باش دەبێ بنیاتێکی فەلسەفی قووڵی هەبێت.



**ئایرس مۆردۆخ**

یەکەمین رۆمانی لە ساڵی١٩٥٤دا بەناوی (خوارەوەی پەنجەرەکە)یە. دواتر کۆمەڵێ رۆمانی دی وەکو:زەنگ[١]-١٩٥٨،

---

[١] : آیریس مرداک، زنگ،ترجمه پرتو اشراق، نتشارات الست فردا،تهران ١٣٨٣.

سەرەبڕاوەکە-١٩٦١، ئافرەتە ئیتاڵییەکە[١] ١٩٦٤، کەسک وسوور-١٩٦٥،باش و میهرەبان-١٩٦٨، خەونی برۆنۆ[٢] ١٩٦٩، هێنری و کیتۆ[٣] ١٩٧٦، دەریا..دەریا[٤]-١٩٧٨، خوێندکاری فەیلەسوف-١٩٨٣،سوارە سەوزەکە-١٩٩٣ و....بڵاوکردۆتەوە.

لە بواری دراما و فیلمی سینەمایدا خۆی سیناریۆی بۆ سێ لەو فیلمانە نووسیوە،کە لە رۆمانەکانی ئەو وەرگیراون.چەند جارێکیش خەڵاتی لەسەر بەهەمەکانی و بە تابەتی رۆمانی (دەریا.. دەریا) لە ١٩٧٨ی خەڵاتی (پۆکەر)ی وەرگرتووە.

رۆمانەکانی بە زمانێکی هونەریی بە هێز و تەکنیکی رۆمانی نوێ داڕێژراون. روانگەی فەلسەفی لە بەرهەمەکاندا،بە تایبەتی مەسەلەی خێرو شەڕو پێوەندی سێکسی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و رەوشت و هێزی نەست لە ژیانی رۆژانەماندا بە روونی هەستی پێدەکرێت. وەکو خۆی دەڵێ رۆمان دەبێ وەکماڵێک وابێ بۆ هەموو کەسایەتی و کار و کردەوەکانیان تێیدا بحەوێنەوە.

لە ساڵی ١٩٧٨دا کۆهۆنراوەیەکیشی بە ناوی(ساڵی باڵندەکان) بڵاوکردۆتەوە.

---

[١] : ایریس مردوخ،حلم برونو،ترجمة فؤاد کامل،دار الاداب،بیروت،١٩٩١.

[٢] : ایریس مردوخ،الفتاة الایطالیة،ترجمة فؤاد کامل،دار الاداب،بیروت،١٩٨٩.

[٣] : آیریس مرداک، هنری و کیتو، ترجمه زهره مهرنیا انتشارات نیماژ،تهران،١٣٩٨.

[٤] : آیریس مرداک،دریا دریا،ترجمه زهره مهرنیا انتشارات نیماژ،تهران،١٣٩٨.

# ئەدەبی فەرەنسی

ئەدەبی فەرەنسی هێندە ئەدەبێکی دەوڵەمەندە و ئەوەندە بە جیهاندا بڵاو بۆتەوە رەنگە ئەدەبیاتی هیچ نەتەوەیەک نەبێ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کەم و زۆر کاریگەریی ئەدەبی فەرەنسی بەسەرەوە نەبێ، بە تایبەتی لە مەسەلەی فەلسەفەو رێباز و بەراورد و ژانرە ئەدەبییەکاندا.

رێنیسانسRenaissance ،بووژانەوە و سەردەمێکی نوێی لە هەموو ئەوروپادا هێنایە پیشەوە.کۆمەڵێ هۆکار یارمەتیدەر بوون بۆ ئەو شۆڕشە نوێیە لە رووبەرووبوونەوەی دەسەڵاتی کەنیسەو باڵادەستەکانی.

رێنیسانس هەر لە سەدەی سێزدە و چواردەوە لە ئیتاڵیا دەستی پێکرد،بەڵام لە فەرەنسا بۆ سەدەی شازدەهەم دواکەوت،بە تایبەتی دوای سەرکەوتنی فەرەنسییەکان لە دوای زنجیرەیەک شەڕ شۆڕ.بە ناچارییەوە فەرەنسییەکان هونەر و ئەدەبیاتی بەرز و بەرهەمە کۆنەکانی ئیتاڵیایان کردە پێشەنگ بۆ خۆیان.

لە فەرەنسا لەپاڵ زمانی سەرەکی لاتینی زمانی فەرەنسی بە لاوازی زیاتر لە هەندێ شوێنی باشوور بەکار دەهات. خۆشەویستی نیشتمانی وهەستی نەتەوەیی و رێگەخۆشکردنەکانی لویسی سێزدەهەم(١٦١٠-١٦٢٤ز) و دواتر بوو بە هۆی ئەوەی فەرەنسییەکان بە پەرۆشەوە بۆ زانست و ئەدەبیات و خزمەتی زمانی فەرەنسی تێبکۆشن بە تایبەتی هەر لە سەردەمی (ریشیلیۆArmand Jean du Plessis de Richelieu ١٥٨٥- ١٦٤٢ز)ی سەرۆک وەزیران ودواتر (مازاران)ەوە ئەو هەوڵانە بەردەوام بوون،وەلێ ئەو بارودۆخە پڕ لە شەڕ

وئاژاوەی پرۆتستانەکان دواتریش لە سەردەمی پڕ لە کێشەی لویسی چواردەهەمیش هەر بەردەوامی هەبوو. سەبارەت بە ئەدەب و هونەرەکانی ئەدەبیش باشترین و سەرەکیترینیان زمانی بەرهەمی ئەدەبییە بۆ ئەوەی شانازی بە بوونی خۆیانەوە بکەن، بە تایبەتی هەتا ئەو رۆژانە فەرەنسا یەکگرتوو نەبوو.

لە سەدەی شازدەهەمدا شیعر لە فەرەنسا جگە لە (**فرانسوا ڤۆن** Francois Villon وەکو شاعیرێکی ترۆبادۆر[١] و لیریک و پێشەنگی ئەو شاعیرانەی،کە بە زمانی فەرەنسی دەیاننووسی نموونەیەکی وەها نییە جێگەی باسکردن بێ.لە پەخشانیشدا دوو کەس جێگە بایەخن،یەکێکیان **رابلێیە** François Rabelais ١٤٩٤ – ١٥٥٣ز و ئەوەی دیکەیان **مۆنتێنیە** Michel de Montaigne ١٥٣٣–١٥٩٢ز. ئەوەی یەکەمیان زیاتر چیرۆکی نزیک لە داستانی دەنووسی و ئەوەی دووەمیان بە رابەری وتاری نوێ و بە تایبەتی وتاری فەلسەفی لە ئەورووپا دادەنرێ.

**رابلێیە** کەسێکی فرەزانا بووەو پزیشکی تەواوکردووەو لە کەنیسەشدا قەشە بووە،وەکو نووسەرێک بەشی یەکەم و دووەمی کتێبێکی بە ناونیشانی ژیانی بلیمەت گارگانتوا Gargantua و کوڕە مەزنەکەی پانتاگرۆیل Pantagruel بڵاوکردەوە.سەرباری ئەوە لە فەلەکناسی و موزیک و ئەندازیاری و یاساشدا بەردەوام خوێندویەتیەوە.وەکو هاوەڵەکانی زمانی لاتینی زانیوەو هەوڵیداوە خۆی فێری زمانی گریکی کۆن و ئیتاڵیش کردووە. کتێبەکەی بە شێوەیەکی کۆمیدی نووسیوە، وەلێ لە پشت رستەکانیەوە چەندین پەند و

---

[١] Troubadour:

حیکمــــەتی کەلـــەپووری میللەتەکـــەی و ڕووداوی مێژوویـــی جێکردۆتەوە. بەلای نووسەرەوە پەروەردە بە واتایەکی گشتی پــــەروەردەی جەســـــتەیی و عـــەقڵی دەگرێتەوە.ڕۆحیـــەتێکی هیومانیستی(مرۆڤدۆستی) بـە هێـزی هــەبووەو بـاوەڕی بـە خۆشەویستیی ژیـان و کـارە جوانـەکانی مـرۆڤ و فرەزانیـاری هـەبووە. هـەمان ئـەو باوەڕانـەی دواتـر لـە سـەدەی هـەژدەدەم لـە ڕوانینە فەلسەفییەکانی ڕۆسۆدا دەرکەوتووە.

لە ڕووی هونەری چیرۆکەوە وەسفەکان کورتن و بە وشەی کـەم وەسـفی وردی کەسـەکانی ژیـانی ڕۆژانـەی ئـەو دەمـەی پاریسی کردووە.

**لەپلێیاد(La Pléiade)**

لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی شـازدەهەمدا فـەزڵی سـەرەکی گرنگیدان و خزمەتکردنی زمانی فەرەنسی بۆ ڕۆنسار Pierre de Ronsard (١٥٢٤-١٥٨٥ز) و هاوڕیکـــانی دەگەڕێتەوە،کـــە لـــە کۆمەڵەیـەکی ئـەدەبییان بـە نـاوی لـەپلێیاد(La Pléiade) بـە واتـای(چلچرا) پێکهێنـاو لـە نێویاندا دی بیللیە(du bellay)وتـارێکی بە ناونیشانی (بەرگریکردن لە زمانی فەرەنسی) نووسی لـە دژی ئەوانەی،کە داوایان دەکرد دەبی زمانی ئەدەب زمانی لاتینی بیت. لـەو وتـارەدا داوای یندووکردنـەوەی زمـان و ئـەدەبی فەرەنسـی هەروەکو ئـەدەبیاتی یۆنـانی و ڕۆمـانی و ئیتـاڵی دەکـرد، بۆ ئەو دوڵەمەندکردنە هەوڵیان دەدا سوود اە نموونە بـەرزەکانی یۆنـان و ڕۆمان وەربگیرێت بۆ زمانیش سوود لە وشەی تازە و زمـانی ڕۆژانـــەی خـــەڵکی ناوچـــە جیاوازەکـــان و لـــە هـــەمان کاتـــدا زیندووکردنەوەی وشە کۆنەکانیش وەبگیرێت.

رۆنسار کە بە سەرکردەی ئەو گروپە سەیر دەکرا، بۆچوونی وابوو بۆداهێنانی ئەدەبی شاعیر دەبێ بەهرەکەی تێداوویت"بەڵام ئەو بەهرەیە پێویستی بە پەروەردەکرن و هەوڵدان بەوەی شارەزایی لە بنەماکانی شاعیرە گەورەکانی یۆنان و رۆمان بکاتە نموونە باڵای کارەکانی. هەروەکو دیبیلییە باوەڕی وابوو نابێ شاعیر زمانی سادەی رۆژانە بکار بێنی و زمانێکی هەڵبژادەو تەتەڵکراوی باڵا بەکاربێنێ.ئەمەش بە بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی،چونکە زمان بە بەکارهێنانی دەوڵەمەند دەبێت.



**رۆنسار**

لە دوای دی بیللیە ئیدی رۆڵی مالێرب Malherbe دەست پێدەکات وەک شاعیرێک بە هەستی جوانی و کارکردنی لەسەر زمان و کێشی شیعر زمانییکی رەوانی فەرەنسی بەکارهێناوە و لە هەناسەکانی کۆتایی تەمەنیدا لە ١٦٢٨ دا ئەکادیمیای زانستیی فەرەنسی لە ساڵی ١٦٣٤ بۆ تۆژینەوەی زمان دامەزراو ئەو خەونەی مالێرب بەدیهات.

**چارەکی کۆتایی سەدەی شازدەهەم(ڕێنیسانس)**

مۆنتینیـــە نوێنـــەری ئـــەو ماوەیـــە دادەنرێ.کتێبەکـــەی( (ئەزموونـەکان Eeassy ) ، نموونەیـەکی هـزری فەلسـەفییە بـۆ ڕێزگـرتن لـە مافـەکانی تاکەکـەس و مـرۆڤ لـە ژیاندا.تەنانـەت نموونەیـەکی مرۆڤدۆسـتییە، بـوەڕی بـە هـێـزی لـە بـن نـەهاتووی مرۆڤ هەیە و پێیوایە ئەم دنیایە بۆ ژیان و بەختەوەری مرۆڤ دروستکراوە.هەوڵدان بۆ دژایەتی کۆت و بەندی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا جۆرە پەرستنێکی هزرییە.دەیەوێ عەقڵ بکاتە پێوەر.

نووسـەر بـاوەڕی بـەو شـتانە هـەبووە،کـە بنیـادەم لـە ژیـانی ڕۆژانەوە فێری دەبێ و ئەوە باشترین وانەیە،نەوەکو ئەوانەی لە کتێبـان فێری دەبێ.تەنانـەت داوا دەکات خـەڵک چەندین سـەعات بەبێ دەنگی رامان و وردبوونەوە بکات. سەفەر بکات بۆ ئـەوەی خەڵک بناسێ و ئەزموونی تازە وەربگرێ.مۆنتینییە دەڵێ پیاوی حەکیم ئەوەیە لە نهێنییە شـاراوەکانی نـاخی خۆی بکۆڵێتـەوە و گوارشـتیان لـێ بکات.هـەر بۆیـە کـە بەرهەمـە کۆنـەکانیش دەخوێنـدەوە بـۆ ئـەوە نـەبوو شـتیان لـی فێربـێ و لاسـاییان بکاتەوەبەڵکو  بۆ ئەوەبوو لەگەڵ نـاخی خۆی بـەراوردیان بکات یان بۆ ئەوەی چۆن شتەکانی خۆی دەربڕێ.بە کورتییەکەی ئەو توانی (من) و (خـود) دابهێنێ،کە دواتـر لـە سـەدەی هەژدەهەمدا ڕۆمانسییەکان و بە تایبەتی ڕۆسۆ بەرجەستەی کرد[1].

[1] د.رجاء ياقوت، الادب الفرنسي في عصر النهضة،دار المعارف،القاهرة،١٩٧٨،ص٤٩.

## سەدەی حەڤدەهەم

لە سەدەی حەڤدەهەمدا لاڤۆنتین Jean de La Fontaine ( ١٦٢١-١٦٩٥ ز)و بوالـــۆ Boileau Nicolas ١٦٣٦-١٧١١ز) دوو کەسایەتی بەرجەستەی ئەدەبی بوون. جان دی لاڤۆنتین لە نێوانی سالانی(١٦٦٨ -١٦٩٤ز) کۆمەڵێ چیرۆکی ئاژەلانی بە شیعر نووسیوە و ناوی ناوە(پڕو پووچییەکان). هاوکات (بوالۆ)یش لە ساڵی ١٦٧٤ دا کتێبێکی رەخنەیی بە ناوی (هونەری شیعر)ەوە نووسی و تیایدا بنەماو تایبەتمەندییەکانی هونەری شیعر و شێوازی بەرز باس دەکات،هەر ئەو بنەمایانە بوونە بنچینەیەک بۆ لە دایکبوونی شیعری کلاسیک.

لە بواری پەخشانیشدا دوو فەیلەسوفی بە ناوبانگ دەرکەوتن و بۆ سەدەی دوای خۆیشیان بوونە رێنوێنی هزر و ئەپستمۆلۆژیا.



**لاڤۆنتین**

یەکـەمیان رێنیـە **دیکــــارت**René Descartes ١٥٩٦-١٦٥٠ز، کتێبەکـەی لـەبارەی میتـۆد Discours de la méthode، لـە سـاڵی ١٦٣٧ ، کە هزر و بیرکردنەوەیە بە شێوازێکی زانستی و ئەوەی دووەمیان کتێبێکە لە ساڵی ١٦٧٠دا بە ناوی (پێنزیس Pensées) و لـە نووسینی(بلیز پاسکالBlaise Pascal ١٦٢٣-١٦٦٢ز)ە،ئەم نووسەرە شارەزاو زانای بیرکاری و فیزیا و فەلسەفە بووەو لە گەنجیەتیدا تێگەڵ بە کۆمەڵـەی ئـایینی ژانسینییەکان بـووەو بەرگریکاری مەزهەبی کاسۆلیکی بووە. دواتر تۆراوەو دەستی بە نووسینی پەخشانەکانی کردووەو بـە ناوی (نامـە لادێییـەکان) لە ساڵی ١٦٥٦-١٦٥٧زبڵاوی کردۆتەوە.

ئەم کەسایەتییە زانستییە ئامێری ژمێرەرەیش دۆزیوەتەوە.

کۆمەڵێکی دی،کە بە رەوشتگەراکان ناسراون لەو سەدەیەدا دەرکەوتن،ئەمانە رەوشت و ئاکاری مرۆڤ دەکەن بە بنەمای سەرەکی وەردەگرن،ئەو کتێبەی کۆمیدییەی (جان لابرۆ بێر) لە ساڵی ١٦٨٨دا بەناوی(کەسایەتییەکانی تیۆفراتس)بڵاوی کردەوە نموونەی بەرهەمی رەوشتگەراکانە.

هەر لەو دەمەدا لە ساڵی ١٦٧٨دا **مەدام دی فایت** بۆ یەکەمجار رۆمانێکی بە ناونیشانی( میر خانم کلیڤز) بڵاوکردەوە.لەو کاتەدا مەدح و سەنایان کردو وتیان زۆر لایەنی دەروونی بە زیرەکی و وردی روون کردۆتەوە.

هــەروەها **فرانســـوا دوفیلینیـــون** وەکـو گـەورە قەشـەیەکی کاسـۆلیکی لـە سـاڵی ١٦٩٩ لـە ریگـەی بڵاوکردنـەوەی رۆمانـە سـۆزدارییەکەی (تلیماشـۆ) کۆمــەڵێ بیـر و هــزری ئـایینی و سیاسی و رەوشتی و پەروەردەیی بەرجەستە کردووە.

## هونەری شانۆیی

هونەری شانۆیی باشترین شێوازی دەربڕین بوو بۆ دەربڕین لە کلاسیزمی فەرەنسی.دیارترین سێ کەسایەتی سەرەتاکانی کلاسیزمی فەرەنسی کۆرنێ و راسین و مۆلییێر بوون.

**کۆرنێ**Pierre Corneille ١٦٠٦-١٦٨٤ز بە دەسپێکی درامای تراژیدی دادەنرێت.لە دراماکانی (مەلیت، لی سید، هۆراس،...)دا باسی رارایی کەسایەتی لە نێوان ئەرک و ئەوینداری و ئازادی و زاڵبوونی ویست بەسەر سۆزدا دەنوێنێ.



**کۆرنێ**

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی درامای (لی سید)، کاردینال ریشیلیۆی سەرۆک وەزیران کۆمەڵی رەخنەی لە کۆرنی گرت و پێی وابوو،نەیوانیوە بە تەواوەتی بنەماکانی کلاسییزم پیادە بکات و تەنانەت هەر ناونیشانەکەو پاڵەوانەکەی لە مێژووی ئیسپانی وەرگرتووە نەوەکو لە نموونە بەرزەکانی یۆنان و رۆمان.کە ئەمە وایکرد بۆ ماوەیەک دووربکەوێتەوەو دواتر بە نووسینی

درامـــای (هۆراس)قـــەرەبووی هەڵـــەکانی رابـــردووی کـــردەوەو ئەمجارە بە تـەواوی پابەنـدی ئەو بنەمایانـە بـوو، کـە زۆربـەیان رەخنەگران (**بوالۆ**)ی و (**مالێرب**) دایانڕشتبوو.

**راسین** (Jean Racine ١٦٣٩-١٦٩٩ز هەوڵیداوە لـە نیوان رەشـبینی و ناخی یان نائارامی دەروونـی وچەندین بابـەتی کـۆنی یۆنـان و رۆمانەکان بۆتە هەوێنی دراماکانی وەکو ئەندرۆماک و رەڤیدەر و هـەروەها چیرۆکـی ئـەسـتێر لـە ئینجیلـەوە وەریگرتـووە، کـە یەکێکـە لـەو چیرۆکانـەی لەسـەر داوای مـەدام دی مـانتۆن بەڕیوەبـەری پەیمانگایـەکی تایبـەت بـە کچـە بـێ سـەرپەرشـتەکان نووسـیویەتی بـۆ ئـەوەی وەکـو دەرسـێکی رەوشـتی و ئـایینی کیژەکان لەسەر تەختەی شانۆ پیشکەشی بکەن.



**راسین**

**راسـین** لـەپاڵ کـۆرنێ بـە نوێنـەری قۆنـاغی یەکـەمی رێبـازی کلاسـییزم دادەنـرێ، بـەڵام جیـاوازی لەگـەڵ ئـەودا ئـەوەبوو، تـا

راددەیەکی زۆر گرنگی بە ئافرەت داوەو لایەنی سۆزداری زۆر زالە.

**مۆلییێر** (Molière) ١٦٢٢-١٦٧٣)، بەهای کۆمیدیای دەرخست و بووە چاوساغی ئەم بوارەو کۆمەڵێ دراماى کۆمیدی نووسیوەوهەر خۆیشی بەشداری نواندنی کردووە.ئەگەرچە هەندێجار چێژ و زەوقی بینەر بە گرنگتر لە هەندێ بنەمای کلاسییزم بە گەوەتر زانیوە.لە دراما بە ناوبانگەکانی: رژد-دۆن ژوان-بۆرژوای بەگزادە -بە زۆر کراوە بەدکتۆر- فێڵەکانی سکاپن- تەرتوف و ....

مۆلییێر، هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە بە هاوکاری خانەوادەیەک توانی بە شێوەیەکی گەڕۆک شانۆگەرییەکانی پێشکەش بکات.دواتر بە هۆی باوکییەوە توانی هەلی ئەوەی پێبدرێت لەسەر تەختەی شاتۆیی پاشایی کۆمیدیاکانی پێشکەش بکات و سەرنجی پاشا بۆ لای خۆی رابکێشێ. مۆلییێر بە پێشەنگ و یەکەمەکانی درامای کۆمیدی لە فەرەنسا دادەنرێ،کە ئەمە بۆ خۆی وێرانێکی گەورە بوو،چونکە تا ئەو کاتە درامای کۆمیدی بە چاوێکی کەم سەیر دەکرا.دەتوانین بڵێین مۆلییێر چەند خاسیەت و بنەمایەمی تازەی هێنایە پێشەوە، وەکو ئەوەی مۆسیقاو گۆرانی هێنایە ناو شانۆ.هەروەها پەند و ئیدیەم و فۆلکلۆری هێنایە پێشەوە.لە هەندێ لە دراماکانیدا نموونەیەکی ریالیزمین و تا راددەیەک شێوەی نمایش و ناوەڕۆکەکەی لە چۆنیتی خستنەروویدا لە بەرهەمەکانی شەکسپیر دەچێت.بوێرییەکی ترە ئەوەبوو رەخنەی توندی لە پیاوانی ئایینی دەگرت" بە تایبەتی لە دراماکانی تەرتوف و دۆن

ژواندا"کـــە ئەمـــەش بـــاجی قورســـی بـــۆ دا و تەنانـــەت کـــە مردیش"وەکـو کەسـێکی خوانەویسـت لـە دەرەوەی گۆڕسـتانی کەنیسەدا نێژرا. هاوکات رەخنەی توندی لە بۆرژواکان دەگرت و گاڵتەی پێدەکردن"وەکو ل درامای (بۆرژوای بەگزادە)دا.



**مۆلییێر**

## سەدەی هەژدەهەم سەدەی عەقڵ

سەدەی هەژدەهەم لە ئەدەبی فەرەنسیدا بە سەدەی عەقڵ یان سـەدەی رووناکبیریی ناسـراوە.لەو سـەردەمەدا کۆمـەڵێ فەیلەسوف و عەقلگەرا پێیان وابوو باشترین رێگە بۆگەیشتن بە حەقیقەت عەقڵە.لەبەر ئەوە سەیر نییە ئەدیبەکانیش نووسینە ئەدەبییەکانیان مۆرکێکی فەلسەفییان پێوەیە. بەرهەمەکانی دیدرۆ و رۆسۆ و ڤۆلتێرو...

**ڤـــۆلتێر** Voltaire ١٦٩٤– ١٧٧٨ ز یەکێکـە لـە کەسـایەتییە بـە ناوبانگـەکانی مـاوەی روونـاکبیریی سـەدەی هـەژدەهـەم، کـە خەباتی بۆ سەربەستی و ئاراستەیەکی پەوەردەیی دروست و چـەمکی مرۆڤایـەتی و یەکسـانی و کەرامـەتی مـرۆڤ کـردووە. تەنانـەت زۆرجـار ئـەو وتەیـەی ڤـۆلتێر دووپـات دەکرێتـەوە،کـە دەڵێت رەنگە لەگەڵ بۆچوونەکانتدا نەبم،بەڵام ئامادەم سـەری خـۆم بەخشـم لـە پێنـاوی ئـازادیی را دەربڕینت.هەوڵیـداوە بـە شـێوەیەکی سـاتیرایی و کۆمیـدی رەخنـە بکرێـت لـە پیـاوانی کەنیسەی کاسۆلیک و رۆمانی(کاندید) لە ساڵی ١٧٥٩دا یـەکێ لـە بەرهەمە ناوازەکانیەتی[١].



**ڤـــۆلتێر**

[١] : ولتر،کاندیـد سـاده دل،ترجمـه رضـا مـرادی اسپیلی،مؤسسـه انتشـارات نگاه،تهران،١٣٩٥.کـوردییەکەی: ڤۆلتێر،کاندیـد، وەرگێڕانـی لە فەرەنسییەوە بەیـان سەلمان،دەزگاو چاپی ئەندێشە، سلێمانی،٢٠١٤.

هەروەها بە کاریگەری دراماکانی شەکسپیرەوە، کە هەندێکیانی بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە،خۆیشی چەند هەولێکی بۆ نووسینی درامای تراژیدی داوە"لەوانە لە ساڵی ١٧٣٠دا درامای(برۆتس)ی نووسیوە.ماوەیەک لە ئینگلستان ژیاوە،بۆیە دواتر کە گەڕایەوە لە ١٧٣٤دا کتێبی(پەیامگەلێک لەبارەی میللەتی ئینگلیزەوە)ی نووسی.ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسی بووەو بەشداری لە نووسینەوەی مێژووشدا کردووە.وەکو ریفۆرمخوازێک کتێبێکی لەبارەی (ژان ژاک رۆسۆ)ەوە نووسیوە.

**دیدرۆ** Denis Diderot ١٧١٣-١٧٨٤ز یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی رووناکبیری و لە نووسەرە سەرەکییەکانی ئینسکلۆپیدیای فەرەنسییە، هەر لە ١٧٥١-١٧٧٢ بەردەوام کاری تێدا کردووەو زیاتر لە ٧٠٠٠ وتاری تێدا ووسیوەو کە هاوڕیکانیشی وەکو دالامپێر و ئەوانی دی کشانەوە ئەو خۆی بەردەوام بوو تا بە تەواوی بێ پارە بوو و وازی لێهێنا.

سەرەتا لە مەکتەبی یەسوعییەکاندا فەلسەفەی خویندووەو دواتر ماوەیەک یاسای خوێندووە. لەسەر هەڵوێستەکانی بەوەی شک و گومانی لە پەرجووەکانی مەسیح هەبووە، لەلایەن کەنیسەو حکومەتەوە دژایەتی کراوە تاوەکو دواجار ئیمپراتۆری رووسیا خانم کاترین بڕە پارەیەکی پێدا و دوو ساڵانیش لە دادگای سانپترسبۆرگ کاری کردووە.



**دیدرۆ**

**ژان ژاك رۆسۆ** Jean-Jacques Rousseau ١٧١٢-١٧٧٨ز ، ناوێکی دیـــار و بەرجەســـــتەی روونـــــاکبیریی فەرەنســـــی و جیهانیـــە.نووســـەرەو بیرمەنـــد و رۆمـــاننووس و نووســـەری ژیاننامـــەو پـــەروەردەکار و سیاســـی بووە.ئـــەم خاســـەتی فرەبەهرەییـــە خەسـڵەتی هاوبەشـی نووسـەرانی روونـاکبیریی فەرەنسییە،کە دەبووا تاکی فەرەبەهرەو زانیاری پێبگەیەنن. زۆر لـــە بیرمەنـــدەکان پێیانوایـــە بەرهەمـــەکانی رۆســـۆ بـــە تایبـــەتی (پەیماننامـــەی کۆمەڵایـــەتی) لـــە ســـاڵی ١٧٦٢دا دەســـپێکی بیرکردنەوەیەکی تازەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەو درێژە پێدەری ئەو وتارەیە،کە لە کتێبی ئینسکلۆپیدیادا بە ناونیشانی (ئابووری سیاسی)نووسـیویەتی،بەرگرییە لـە دیموکراسـەت و دەسـەڵات و حکومەت دیاری دەکات و باوەڕی وایە مرۆڤ بە سەربەستی لـەدایک دەبێ، نـابێ کۆیلـە بکرێت.سەربەسـتی مفێکی بنچینـەیی مرۆڤـــەو هـــەر کـــاتێ چاوپۆشـــی لـــێ بکـــات لـــە مرۆڤایـــەتی دەکەوێت.مرۆڤ بە پاکی لە دایک دەبێت دواتر ئەوە کۆمەڵگایە

دەروونـی پیس دەکـات و سـیفەتی دڕنـدەیی لـە هەلسـوکەوتیدا دروست دەکات.

ڕۆســۆ لــە بــواری ئەدەبییــدا ڕۆمــانێکی ســۆزداری بــە ناونیشانی(ژۆلی) لە ١٧٦١دا نووسیوە،کە بە سەرەتاو پێشـەنگی پێش ڕۆمانسیەت و دەسەڵاتی خەیاڵ و ڕۆمانسیەت دادەنرێ.لـە ١٧٦٢ دا وەکـو پـەروەدەکارێک (ئیمێـل)ی نووسـی، ئەمـە جگـە لــەوەی ڕۆمــانێکی ژیاننامەییــە" کۆمــەڵێ بۆچــوون و ڕای پەروەردەییە بۆ حاڵی منداڵ لـە قوتابخانـەدا پێیوایە ئـەو ژینگە کۆمەڵایەتییە زبۆ منداڵ و لەناو هاوڕێکانی وەک لە مەکتەب شت زایتـر فێردەبێت.هـەروا سزای بەسـتنەوەو کۆتکردنی لـە سـزای جەستەیی خراپترە.

چەندین وتاری لەبارەی موزیک و ئۆپێرا و کاری شانۆییش نووسـیوە.کۆمەڵێ گـۆرانی فۆلکلـۆری و میللـی نووسـیوەتەوە و بەناونیشـانی پرسـە بـۆ نەهامەتییـەکانی ژیـانم لـە ١٧٨١دا بـڵاو کردۆتـەوە.دوا بەرهـەمی لـە ١٧٧٦-١٧٧٨دا بـە تـەواو نـەکراوی ماوەتەوە بە ناونیشانی (زیندەخەونەکانی ڕێبوارێک)،کە لەدوای خۆی لە ١٧٨٢دا بڵاوکراوەتەوە.



**ژان ژاك رۆسۆ**

هەر لەو رۆژگارەدا هەندێ نووسەری دیکەش بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە.لەوانە ئالین رێنیە لیسیژ Alain-René Lesage ١٦٦٨-١٧٤٧ز،سەرەتا بە وەرگێڕانی هەندێ دراماى ئیسپانی دەستی پێکرد و دواتر ئەو پێشەکییەی ئەفیلانیدا بۆ رۆمانی (دۆن کیخۆتە)ی (سێرڤانتس)ی نووسی بوو وەریگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی. ئینجا لە ساڵی ١٧٠٧چیرۆکی(شەیتانی شەل)ی بڵاوکردەوە.لەم چیرۆکەدا ئیسمۆلۆس،شەیتانێکی بەدعەمەلەو بە دار عەساى دەستی بنمیچی هەر خانوویەکی بیەوێ هەڵیدەتەکێنێ.لەسەر دوندی چیایەک لەسەر پاریس دانیشتووە.چیرۆکێکی فانتازی و گاڵتەجاڕییە. بە دووساڵ بەو نووسینە کۆمیدییانەی وەکو مۆلییێر ناوباگی پەیدا کرد.

رۆمانەکەی(گیل پلاس دی سانتللانی) بە پێنج بەرگ بڵاوکردەوەو بیست ساڵ کاری تێداکرد و بەرگە یەکەم و دووەمی لە ١٧١٥ و بەرگەکانی تا ١٧٣٥ی خایاند.ئەم رۆمانە هاوشێوەی رۆمانەکانی ئیسپانی(تەڵەکەبازی)بوو.واتا دزی و

جـەردەی و فیـڵ و تەڵەکـەبازی پاڵـەوان لـە کۆتاییـدا شـتەکانی ئاشکرا دەبیت و بۆ ئەو دەمە پڕ خوینەرترین رۆمان بوو.

**باوکــــە بریڤــــۆ** Abbé Prévost ١٦٩٧-١٧٦٣. نووســەر و رۆمـــاننوس بوو.خوینـــدنی ئـــایینی خوینـــدووەو بۆتـــە قەشـە.کاریگەری ئـەدەبیاتی ئینگلیـزی بەسـەرەوە بوو.هـەر سێ رۆمانەکـــەی ریچاردســـن)ی لـــە ئینگلییـــەوە بـــۆ فـــەرەنس وەرگێڕاوە.هــەروەها کتێبەکــەی (هیــوم) بــە نــاوی مێــژووی ئینگلستان)ی وەرگێڕاوە.رۆمـانێکی مێژوویی بە چەند بـەرگ بە ناوی (مانون لسکو) بڵاوکردەوە هەر لە( ١٧٢٨)ەوە خەریک بوو تـاوەکو ١٧٣١. مێـژووی سـەدان گەشـتی تۆمـارکردووەو بـە ناوی(مێژووی گشتی سەفەرەکان) بڵاوی کردۆتەوە.

**پێیر دی مـاریڤۆ** Pierre Carlet de Chamblain de Marivaux ١٦٨٨-١٧٦٣ز.نووسەر ودرامانووسێکی کۆمیدی بووە.لە ساڵی ١٧١٢-١٧٦١ ســـی(٣٠) دانـــە شـــانۆنامەی نووســـیوە.بەرهەمەکانی سروشـتێکی کۆمیـدییان هەبووە.لـەو درامایانـە: خۆشەویسـتی و حەقیقەت(١٧٢٠)، میراتگری دێ(١٧٢٥)، گەمـەی ئـەڤین و شـانس (١٧٣٠)،ژوانـی ئەڤینـداری(١٧٣١)، قوتابخانـەی دایکـان(١٧٣٢)، هەرێم(١٧٦١).

**پێیــر بۆمارشــێ** Pierre-Augustin Caron de Beaumarchais ١٧٣٢-١٧٩٩ز.دیپۆماتکـار و مـوزیکزان و درامـانووس بووە.لـە سەردەمی لویسی شازدەهەمدا ژیاوە. چەند درامایەکی کۆمیدی لـە دوای خـۆی بـە ناوەکـانی( ئـۆجینی)١٧٦٧ و(دوو هـاوڕێ) ١٧٧٠و (دەلاکەکەی سیڤیلیە)لە ١٧٧٥و ( زەماوەندی فیگارۆ) لـە ١٧٨٥و هەروەها و(دایکە گوناهکارەکە) ١٧٩٢و....هتد. یەکێ لە

کارە بە نرخەکانی بلاوکردنەوەی حەفتا بەرگ لە بەرهەمەکانی ڤۆلتیرە.دراماکانی بەشێوەیەکی گشتی چەند لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتییەو وەکو ریفۆرمێک ئومید بە خەڵک دەبەخشێ و هۆشیاری گۆڕانکاری لە ناخیان دەبزوێنێ و دواتریش شۆڕشی فەرەنسی(١٧٨٩-١٧٩٩ز)ی لێکەوتەوە.

# سەدەی نۆزدەهەم و ڕێبازە ئەدەبییەکان

## ڕۆمانسییزم و ریالییزم

ڕۆمانسـییزم وەکـو بزاڤێـک و ڕێبـازێکی ئـەدەبی لـە کۆتـایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاو تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەرکەوات و گەشـەی کرد.ئەو ڕێبازە پێش ئەوەی لە فەرەنسا بـڵاو بێتـەوە پێشـتر لـە ئـەدەبی ئـەڵمانی و ئینگلیزیـدا بـڵاو بـۆوە.وەک کاردانەوەیـەک بـۆ هەنـدێ لایـەن و ڕوانگـەی کلاسیزمەکان دروست بوو، بە تایبەتی لەوەی کە کلاسییزمەکان عـەقڵیان کردبـووە و لایـەنی خـودی و سـۆزدارییان پشـتگوێ خستبوو.هەروەها پابەندبوونی ئەدەبیات بە خزمەتی دەسـەڵات و ڕەوشت بـەرزی و فەرامۆشکردنی خـەیاڵی داهێنەرانە.لە لایەکی دیکـەوە هەنـدێ بـزاڤ دەرکـەوتن وەکـو ڕێگەخۆشـکەرێک بـۆ ڕۆمانسـییزم وەکـو بزووتنـەوەی ڕوونـاکبیری و تـەوژمی سۆز(سانتمانتالیزم).

لـە ئـەدەبی فەرەنسـیدا لـە کۆتـایی سـەدەی هەژدەهەمدا لـە کارەکـانی ڕۆسـۆ دا دەردەکـەوێ، بـەوەی کـە سـۆزی بەسـەر عەقڵدا فـەزڵ کـردووە و ئـەو زمانـە سـۆزدارییەی لـە بەرهەمـە ئەدەبییەکانیدا پێی نووسیوەو سەرسامی بەرامبەر جوانی و پاک و بێگەردیی سروشت.

بەرهەمەکانی **شـاتۆبریان**-René deChateaubriand François ١٧٦٨-١٨٤٨ز، نموونەیـەکی جـوانی ڕۆمانسـین، پاڵەوانـەکانی ڕەشـبین و گۆشـەگیرو شکسـتخواردو دۆڕاوی عەشـقن و زۆرجار بۆ دربڕینی ناخیان،کە خەڵک بە ئاسانی لێیان تێناگا دوور دەکەونەوە.



**شاتۆبریان**

هەر خۆیش هەستیکی ئایینی قووڵی هەبوو بۆ سەردەمی مەسیحییەتی سەدەکانی ناوەڕاست. دەسپێکی بەرهەمەکانی لەساڵی ١٧٩٧ دا بریتی بوو لە وتارێکی سیاسی مێژوویی خولْقی لەمەڕ تەوراتەوە.چەند بەرهەمێکی دی هەیە،وەک رۆمانی ئەتلا(١٨٠١) و درینیە(١٨٠٢) و (گەشتێک لە پاریسەوە بۆ بیت المقدس)(١٨١١) و (یادداشتەکانی دوای قەبر)(١٨٤٩).

هەندێ پۆستی سیاسی بینیوەو دواتر وازی لێهێناوەو خۆی بۆ ئەدەبیات و گەشت تەرخانکردووەو سەردانی هیندییە سوورەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەلەستین و ئیتاڵیای کردووەو یادەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە. بە تایبەتی بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بۆ فەرەنسی رۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی فەرەنسی و بە تایبەتی لە وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیرانی رۆمانسی ئینگلیزی بۆ فەرەنسی بزاڤی رۆمانسی لە فەرەنسادا خێراتر کرد.

**مەدام دی ستایل** Anne Louise Germaine de Staël-Holstein، ١٧٦٦-١٨١٧، کە پێشتر بۆ ماوەی سێ ساڵ سەفەری ئەڵمانیای

کردبوو لە ساڵی ١٨١٣ بە کتێبەکەی (لەبارەی ئەڵمانیا) توانی ئەو بزاڤە رۆمانسییەی لەوێ بە ناوی (زریان و هەڵچوونەوە)ەوە لەلایەن گۆتەو شیللەر و هۆلدردین و .... دەستی پێکردبوو و سروشتیکی فەلسەفی هەبوو بگوازێتەوە بۆ فەرەنسا.



**مەدام دی ستایل**

پێشتریش لە ساڵی ١٨٠٠دا لەبارەی ئەدەب کتێبێکی دی بڵاو کردبووەوە.ناپلیۆن لەبەر بیروباوەڕە سیاسییەکانی گەلەک کەیفی پێنەدەهات و دووری دەخستەوە.لەو ژنانەیە ساڵۆنی ئەدەبی هەبووەو نووسەران لەوێ کۆدەبوونەوەو گفتوگۆیان دەکرد. لە رۆمانەکانی(دۆلفین)لە ١٨٠٢ و (کۆرنێ) لە ١٨٠٧ دا بەرگری لە مافی ژنان دەکرد و وەکو چینێکی پەراوێزخراو وێنای دەکردن.

بیرو هزری دی ستایل لە نووسینەکانیدا ئەوە بوو، ئایا ئەدەب دەتوانێ لە بنیاتی کۆمەڵکە و ناسنامەی نەتەوەییدا چ رۆڵێکی هەبێ؟

لە بارەی فەلسەفەشەوە (کانت) وەکو فەیلەسوفی ئەقڵ و ئەزموونی دەناسێنێ. ئەم خاتوونە بە پێشەنگی ئەدەبیاتی بەراوردکاریش دادەنرێ لە فەرەنسادا بە هۆی بۆچوونەکانی لەبارەی گرنگی وەرگێڕان و سوودوەرگرتنی ئەدەبیاتی نەتەوەیی لە ئەدەبەکانی دی.

دی ستایل، تا رادەیەکی باش لەوەشیاندا کاریگەری ئەدەبی ئەڵمانی بەسەرەوەبوو، کە بەرگری لە بیرۆکەی کۆسمۆپۆلیتی ئەدەبیات دەکرد و ئەدەبیاتی جیهانی بە پێویست دەزانی.

**لامارتین** Alphonse de Lamartine ١٧٩٠-١٨٦٩ز پیاوێکی سیاسی و شاعیرێکی بە تواناو پێشەنگی سەرەتای بزاڤی رۆمانسیزمی فەرەنسی بوو.ئەگەرچی خۆی بەگزادە بوو بەڵام لەگەڵ رووخانی پاشایەتی و لایەنگری شۆرشی ١٨٤٨ بوو.زۆر شوێن گەڕاوەو گەشتی رۆژهەلاتی کردووەو سەردانی ئەزمیر و قودسی کردووەو کتێبێکیشی لەبارەی شۆڕشی فەرەنسییەوە نووسیوە.وەکو شیعر بە پێشەنگە گەورەکانی شیری رۆمانسی لە قەڵەم دەدرێت و لە ساڵی ١٨٢٠دا یەکەم کۆشیعری خۆی (رامانە شیعرییەکان)ی بڵاوکردەوە.دوای ئەوە چەند کتێوویکی دی بلاوکردەوە لەوانە (گەشتیک بۆ رۆژهەڵات)١٨٣٥، گۆسلین ١٨٣٦، (کەوتنی فریشتەیەک)١٨٣٨،(سوژدەبردنی شیعری)١٨٣٩. زمانی شیعرەکانی سۆزدارییەو لە ناخی دڵەوەیە. باوەڕی بە

هێزی ئایینیشی بووە و دەڵێ ویژدان بە تەنیا بە بێ بوونی خودا وەکو دادگای بێ دادوەر وایە.



**لامارتین**

**نموونەیەك لە شیعری لامارتین:**

**تەنیایی**

**دانیشتبووم بە دڵی پڕ خەم بیرم تەواو هەڵفڕیبوو**
**هەرچی دوند و لوتکە هەیە هەر هەموویانی بڕیبوو**
**هۆش و هەستم بە تەواوی پەردەی تەنیایی دڕیبوو**
**لە بن پیرەدار بەڕوودا خۆم دابووە بەر سێبەری**
**ڕادەمام لەو باڵندانەی کە هەڵدەنیشتن لە سەری**
**خۆری تیشککزم دەدی ئاوا دەبوو بە ئە سپایی**
**زەردەپەڕ دنیای گرتبوو ، ڕۆژ دەچوو بەرەو کۆتایی**
**بەجێی هێشتم بۆ تاریکی ، بۆ بێ کەسی ، بۆ تەنیایی**
**چاوم بە ئەو دەشتودەرە و بە چیاو هەردا دەگێڕا**
**تابلۆی جوانیی سروشت هەموو خۆیان دەردەخست لەوێڕا**
**هەریەك بە جۆرێ دەگۆڕان ، خۆیان دەنواند سەوز وپاراو**

**هەموو ئاویان دێنا لەچاو ، لایان دەدا لە دڵ زووخاو**
**لەولاشەوە شەپۆلی زێ لە هەڵبەز و دابەزدایە**
**دەڵێی کچی شەنگ و شۆخە حەزی لە شایی و سەمایە**
**بەخوڕ دەڕواو دەلرفێنێ کەف سەرەوەی دادەپۆشێ**
**کە خۆر ئاوا دەبێ دەڵێی ئەو زێیە هەڵیدەلووشێ**
**هەر وەك عەزیایەکی حەوت سەر بەنێو دۆڵی قووڵدا دەڕوا**
**بە شەپۆلی زیوینی خۆی ئەو ناوە هەر هەمووی دەشوا**
**زەردەپەری ئێوارانیش تیشکی کزی هەموو تاوێ**
**بۆ شاخی پڕ لێڕەوار و گیای تا چۆکان دەهاوێ**
**ئینجا مانگی شاهەنشای شەو دەچێتە سەر تەختی شایی**
**ئەستێرەش بە گرشە گرشەوە دەیکەن بە داوەت و شایی**
**لەولاش دەریاچەکە مەندە ، ئاوەکەی دەڵێی نووستووە**
**ئەستێرەکان لە گشت لایەك جێیان تێدا ڕاخستووە**
**ئەم سەر و ئەوسەری ئاسمان هەموو تریفەباران دەکا**
**بۆ ژوان و چپە و سرتە پێشوازیی لە یاران دەکا**
**دنیا دەکەن بە چراخان گۆشەی تاریك بەدی ناکەی**
**یار و دولبەر نزا دەکەن خوایە هەر شادی بەرپاکەی**
**من تەنیام وخەم دایگرتووم خۆشی ڕوو لە دڵم ناکا**
**بۆیە وا کز دانیشتووم بێ هۆش لە دنیا و بێ ئاگا**
**گەڵای وشکی وەریو هەموو با ڕایدەماڵێت و دەیبا**
**ئەو لەمن بێ هێزترە خۆی ناگرێ لەبەر هێرشی با**
**ڕۆژێك دێ کە بای ڕۆژگار گەڵای ژیانم ڕادەماڵێ**
**وەك ئەو گەڵا وەریوانە دەیبات و دەیخاتە چاڵێ**
**لە دوور ڕا زەنگی کڵێسا زرنگەی دێت و لێ دەدا**
**ئیماندارانی مەسیحی لەبۆ نوێژێ بانگ دەکا**
**لەوێ مژدەی چوونە بەهەشت و لێ خۆشبوونیان پێ دەدا**

**بە تەنیا خۆم دانیشتووم چاوەڕێی ( جولیا )م بێتەوە**
**لێرە خۆشم لێ ون بووە بە دەست دڵەی سەرشێتەوە**
**شادی سەرکێشە و ئاورێ لە منی خەمبار ناداتەوە**
**دیارە خۆری زیندووان ، مردووان گەرم ناکاتەوە**
**من خۆم باش لەوە دڵنیام ئەوەی ئاواتمە پێی ناگەم**
**بەختی من بۆچی نووستووە ، بۆ لێم تۆراوە تێی ناگەم**
**شادی ڕێگای دڵی منی وا دیارە لێ ون بووە**
**هەرچی خەمی دنیا هەیە ڕێگای بەرەو لای من بووە**[١]

**ڤیکتۆر هۆگۆ** Victor Marie Hugo ١٨٠٢-١٨٨٥ز بۆ بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگرەکان بە ڕابەری ڕۆمانسیزمی شیعری فەرەنسی دادەنرێ.بە تایبەتی ئەو پێشەکییەی بۆ شانۆنامەی هێرنانی نووسیوە بە مانیفێستی ڕۆمانسیزمی لە فەرەنسا لە قەڵەم دەدرێ. هۆگۆ سەرباری شاعیری شانۆنووس و ڕۆماننووس و نووسەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چالاکوانیکی مەدەنییش بووە.

لە دیوانە شیعرییەکانی (ڕامانە شیعرییەکان)١٨٥٦،(ئەفسانەی سەردەم)١٨٥٩، (گەڵاکانی پاییز)١٨٣١،(گۆرانییەکانی کازیوە)١٨٣٥ . لە ڕۆمانەکانی(قەمبورەکەی نۆتردام)[٢] ١٨٣١و

---

[١] : ئەم شیعرەی لامارتین مامۆستا عبدالکریم شێخانی بە شیعر زۆر جوان وەریگێڕاوەو لە فەیسبووکیشدا بلاویکردەوەوە و ئەوکاتەیشی پێموت ئەمە وەرگێڕان نییەو داهێنانە.

[٢] : ویکتور ماری هوگو، گوژپشت نتردام ، ترجمە جواد محیی،چاپ پنجم، انتشارات جاودان خرد، مشهد، ١٣٨٨.

(بـــێ نـــەوایان)[1] ١٨٦٢، و (کرێکـــارانی دەریـــا)[2] ١٨٦٦. لـــە شـــانۆنامەکانی (کرۆمۆیل)تـــەنیا پێشـــەکییەکەی ١٨١٩و (هێرنانی)١٨٣٠.



**ڤیکتۆر هۆگـــۆ**

لە بواری کۆمەلایەتی و سیاسیدا هەوڵیدا بۆ نەمانی بڕیاری لـە سـێدارەدان و تەنانـەت کتێبێکیشـی نووسـیوە(دواهەمین ڕۆژی مەحکومدراوێک بە سێدارە)١٨٢٩.

**ئەلفرێـد دی مۆسـییە** Louis Charles Alfred de Musset-Pathay ١٨١٠-١٨٥٧ز یەکێکـە لـە شـاعیرە هەسـت ناسـکەکانی دوای شۆڕشی فەرەنسی،کە لە دروشمەکانی شۆڕش بێ ئومێد بوو

[1] : ویکتـور مـاری هوگـو، بینوایـان، ترجمـه محمـد مجلسـی، انتشـارات دنیـای نـو، تهران،١٣٨٠.کوردییەکەی:ڤیکتۆر هیگۆ،بێ نەوایان،محمدی شلماشی کردوویەتی بە کوردی،چاپخانەی الحوادث،بەغدا،١٩٨٨.

[2] : ویکتـور هوگـو، بینوایـان، ترجمـه اردشـیر نیـک پور،چـاپ پنجم،انتشـارات امیـر کبیر،تهـران،١٣٩٧. بـە کوردییەکـەی: ڤیکتـۆر هیگۆ،کرێکـارانی دەریـا،وەرگێڕانی جەوهـــەر مـــەحوود داراغا،ناوەنـــدی تۆژینـــەوەی ئـــەدەبیی عەبـــدولڕەحمان زەبیحی،سلێمانی،٢٠٢٠.

چیرۆکێکی بە ناونیشانی (دانپێدانانەکانی گەنجێکی سەردەم) و هەندێ کۆشیعریشی بە ناوی(شەوان) و (کۆشیعری نوێ) و لە بواری شانۆشدا (گاڵتە لەگەڵ خۆشەویستی ناکرێ).دواتر (رامبۆ)ی داهێنەری شیعری فەرەنسی رەخنەی توندی لە شیعرەکانی ئەو شاعیرە گرت و دەڵێ چاوی نابینێ.

شانۆی رۆمانسیش وەکو هونەرێکی ئەو دەمە، لەلایەن چەند نووسەرێکەوە جێگەی بایەخ بوو.شانۆیی (هێرنانی) لەلایەن هۆگۆ و شانۆیی (شاترتۆن) ی ئالفرێد دی ڤینیAlfred De Vigny (١٧٩٧-١٨٦٣ز) لە ساڵی ١٨٣٥دا نموونەیەکی درامای تراژیدی رۆمانسییە.ئەم نووسەرە یەکێکە لە پێشەنگەکانی رۆمانی مێژوویی فەرەنسی و هەندێ شیعریش خۆیشی بڵاوکردۆتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی شانۆی رۆمانسی زیاتر میلۆدرمین بەو واتایەی تراژیدیاو کۆمیدیا تێکەل دەکات،بە پێچەوانەی درامانووسانی کلاسیک کە ئەمە مەحاڵ بوو،چونکە باوەڕی بەهێزیان بە (بێگەردی جۆرەکان) هەبوو.

چیرۆکی رۆمانسیش هەروەکو رۆمانە مێژووییەکانی والتەر سکوت (1771-1832) Walter Scott سروشتێکی مێژوویان هەبوو.

**ئەلیکزاندەر دوما** Alexandre Dumas ١٨٠٢-١٨٧٠ز یەکێکە لە نووسەرە پڕبەرهەمەکان و فرەبەهرەیە.لە رۆمان و چیرۆکی راستەقینەو گەشتنامە و بابەتی سیاسیدا.بۆ زیاتر لە ١٠٠ زمان بەرهەمەکانی وەرگێڕادراوە.زۆر شوین گەڕاوەو ئەمەش بۆتە هەوێنی چەندین رۆمانی مێژوویی و چیرۆکی راستەقینە.لە ١٨٦١ دا بەشداری بزاڤی یەکخستنی ئیتالیا کردووە. لە رۆمانە

مێژووییەکانی کاپتن پاول، قەڵای ئپستن و دایکی تارمایی،سێ سوارەکە، دوای بیست ساڵ،چل و پێنج پاسەوانەکە..... هتد.

هەندێ نووسەری دی لە بەرهەمەکانیاندا بنەمای رۆمانسییان لەبەرچاوگرتووە،بەڵام زیاتر بەرووی ریالیزمدا وەردەگەڕان،لەوانە بلزاک و جۆرج ساند و ستاندال بەو ئاراستەیەدا کاریان دەکرد.

## ریالیزم

**بەلزاك** Honoré de Balzac ١٧٩٩-١٨٥٠ز،بەلزاک لەگەڵ فلۆبێر بە رابەری ریالیزم لە ئەوروپا دادەنرێن.زیاتر لە ٩٠ رۆمان و چەندین کورتە چیرۆک و بەرهەمی کۆمیدی و شانۆنانە و بەرهەمی مێژوویی نووسیوە.هەمو ژیانی خۆی بۆ نووسین تەرخانکردووە.



**بەلزاك**

سەرجەم رۆمانەکانی دواتر لە یەک کۆمەڵەدا بەناوی(کۆمیدیای مرۆڤایەتی)دا کۆکردەوە.

شێوازی نووسینی بریتیە لە گێرانەوەیەکی وردی پانۆرامایی ژیانی چینی ناوەڕاست و بیروباوەڕو پێوەندی کۆمەڵایەتی و سێکسی و ویستی خەڵک.لە رۆمانەکانی شوان،ئۆجینی گراندیە،گەڕان بەدوای رەهادا،باوکە گۆریۆ[1]،پزیشکی دێ،کۆمیدیای مرۆڤایەتی.

**ستاندال** Marie Henri Beyle ١٧٨٣-١٨٤٢ز، بەرهەمی کەمە لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکێ لە رۆماننووسە پرشنگدارەکانی سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسی ناسراوە.



**ستاندال**

وێنەی زۆر ورد و چڕی دەروونی پاڵەوانەکانی کێشاوەو وێنای ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆی بە هەموو روویەکانییەوە دەربڕیوە.

سوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی ئیتاڵی وشارەزایی زۆری لە میوزیکدا وایکردووە لەبارەی موزیسیانە بەناوبانگەکانی وەکو مۆزارت و رۆسینی بنووسێت. لە رۆمانە بەناوبانگەکانی (

١ :بەلزاک،باوکە گۆریۆ،و:ئەحمەدی مەلا،ناوەندی ئەندێشە،سلێمانی،٢٠١٤.

سـوور و رەش)[1] لـە ١٨٣٠ و (دیـر پـارم) لـە (خانمەرەبـەن کاسترۆ).

ستاندال لەو کەسانە بووە تارادەی نەخۆشی نەخۆشی هونەر بووە،بەو واتایەی ئەوەندە سەرسام بووە بە ئیستاتیکای هونەر لە شاری فلۆرەنسا،ئەو هەموو پەیکەر و تابلۆ هونەریی و پارچە موزیکیانە بارێکی دەروونی سەیری لەکن خولْقاندووە.

**فلۆبێر** Gustave Flaubert ١٨٢١-١٨٨٠ز،پێشەنگ و رابەری ریالیزمی فەرەنسییە.رۆماننووسێکی دیارەو دەسپێکی بەرهەمەکانی بە(پەروەردەی سۆزداری)١٨٤٣-١٨٤٥ز دەستپیکردووەو دواتر رۆمانی (مادام بۆڤاری)[2] لە ١٨٥٧ز دا بە جوانترین شێوازو نووسینی بابەتیانە نووسیوە.



**فلۆبێر**

[1] : استاندال،سرخ و سیاه، ت: مهدی سحابی،چ٧، نشر مرکز،تهران،١٣٩٨.بە کوردییەکەی: ستاندال، سوور و رەش ،و:سیامەند شاسواری، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی،٢٠١٣.

[2] : گوستاو فلوبر، مادام بوواری،ت:مهدی سحابی، چ١٥، نشر مرکز،تهران، ١٣٩٥. بە کوردییەکەی:فلوبێر،مادام بۆڤاری، و: جەبار سابیر، چ٢،ناوەندی ئاوێر ،هەولێر،٢٠١٦.

ئەگەرچی بە رۆماننووسێکی ریالیزمی ناسراوە،بەڵام حەزو ئارەزووی رۆمانسیانەشی هەر هەبوو،بەتایبەتی لە١٨٦٢دا لە رۆمانی (سالامبۆ)دا ئەوەی پێوەدیارە.لە مەدام بۆڤاری وەسفی شوێن زیاتر واقیعیەتی شوێن دەنوێنێ،بۆ نموونە کە وەسفی ماڵی (ئیما) لە (توست)دەکات و یەکەم شوێنە دوای هاوسەرگیری لەگەڵ (شارل)،بەو ئومێدەی لەگەڵ پزیشکێک شێوازی ژیانی بگۆڕێت و دەروونی ئاسوودە بێت،بەڵام ئەوەندەی پێناچێت بێزار دەبێت و پزیشک ئامۆژگاری دەکات شوێنەکەی بگۆڕێ. هەروەها لە شوێنە تازەکەی بۆی دەچێت پێنج تابلۆ هەڵواسراوە یەکە بە یەکە وەسفی وردیان بۆ دەکات. ئەم بۆچوونە رەهەندێکی دەروونی بە شوین دەبەخشێت.

باری دەروونی ئیما وەها وەسف دەکات،بەهۆی ئەو غیرە زۆرە و نەفس بەرزییەی هەیەتی وا دەزانێ، کە پزیشک(مێردەکەی) لیی نزیک دەبێتەوە لەبەر بەزەیی پێدا دێتەوە، نەوەکو لەبەر هەستی خۆشەویستی بێت. بۆیە وەکو نەخۆشێک وەهمێکی لەلا دروست بووەو بۆتە گرییەکی دەروونی.

## ناتورالیزم

**ئیمێل زۆڵا** Émile Édouard Charles Antoine Zola ١٨٤٠-١٩٠٢. رۆماننووس و شانۆنامەنووس و رۆژنامەوانێکی سیاسی بووە.بە رابەری رێبازی ناتورالیزم دەناسرێ.یەکەمین رۆمانی بە ناونیشانی (تیریز راکان) لە ١٨٦٧دا بڵاوکردەوە،کە ژنێکە بە ناوی تیریز لەگەڵ کوڕێکی ئاشقی مێردەکەی دەکوژێ.



**ئەمێڵ زۆلا**

لە کۆتاییدا بەبەرچاوی باوەژنەکەی تیریز هەردووکیان ئاگر لەخۆیان بەردەدەن.دیارترین بەرهەمی زۆلا بریتییە لە رۆمانێکی بیست بەرگی بەناوی( رۆگن ماکار) یان (سەروەتی خانەوادەی رۆگن) لە ١٨٦٨دا دەستی پێکردووەو بەسەرهاتی خانەوادەیک لە ماوەی ئیمپراتۆریەتی دووەمی فەرەنسەدا ژیاون.هەر بەرگێکی بۆ نەوەیەکیانە.پێوەندییەکی باشی لەگەڵ هونەرمەندی فەرەنسی سیزاردا هەبووە.تا رادەیەکی زۆر سەرسامی بەرهەمەکانی بلزاک بووە.

زۆلا لە بەرهەمەکانیدا ژیانی کرێکاران و ئەوانەی لە نێو کۆمەڵگەدا پەراوێزخراون دەخاتەروو. باوەڕی زۆری بە دەسکەوتە زانستییەکانی سەردەمی خۆی هەبووە بە تایبەتی زانستی بۆماوەیی و کاریگەری زۆری (چارلس داروین)ی بەسەرەوە بووە. سەرنج و ئەزموون لای ناتورالیستەکان بە هەند وەردەگیرێت.

لە رووی سیاسییەوە وتارێکی نووسی بە ناونیشانی (من تاوانباری دەکەم) سەبارەت بە ئەفسەری فەرنسی درایفۆس، کە ئەمەبووە هۆی

ئەوەی دوورخرانەوەی بۆ ماوەی ساڵێک بۆ لەندەن و دوژمنی زۆری بۆ پەیدا بوو، کە هەوڵی کوشتنیان دەدا. ڕۆمانەکانی (ژێرمینال) و(نانا) و (شکست) و(دێوی دەروون) و (زەمین) و (شاکار)و.. قسەو باسی زۆر هەڵدەگرن.

بەرهەمەکانی زۆلا بۆ زۆربەی زمانەکان وەرگێڕدراون و لە هەندێ وڵاتدا تا ڕاددەیەک قەدەغەن. ڕێبازی ناتورالیزم درێژە پێدەری ڕێبازی ڕیالییزمە،بەڵام بە رووە زانستییەکەی. یەکێ لە ڕۆمانەکانی (نانا)یە.

کەسایەتی نانا سیمای کۆمەڵگەی فەرەنسی ئەو ڕۆژگارەی هەڵگرتووەو وردتر بڵێین سیمای شاری پاریسە، بەڵام ئایا بە تەنیا پاریس نوێنەرایەتی هەموو فەرەنسا دەکات؟

نانا ناتوانێ روو بەرووی کۆمەڵگەی پیاوسالاری بێتەوە بۆیە بۆتە قوربانی ئەو دۆخە.کێشەی نانا ئەوەیە نە خوێنەر دەتوانێ سەد لە سەد پاساو بۆ هەڵسوکەوتەکانی بێنێتەوەو کەسێکی بێ ویژدان و کاری نەشیاوو بێ جێ دەکات.نە دەشتوانی گلەیی و گازندەی لێ بکەی ئەویش بۆتە قوربانی و حەزی نەکردووە وابێت.

**سیمبۆلیزم**

وەکو بزاڤێکی ئەدەبی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت رابەرانی ئەو رەوتە شارل بۆدلێرو ستێڤان مالارامییەو پۆل ڤێرلین و ئارسەر رامبۆن.

**بۆدلێر** Charles Pierre Baudelaire ١٨٢١-١٨٦٧ز بە ڕچەشکێنی شیعری مۆدێرن دادەنرێ.نووسەریکی فەرەنسی دەڵێ سەدەی نۆزدە تەنیا سەدەی مارکس و نیچە و دواتر فرۆید نییە بەڵکو سەدەی بۆدلێریشە.



**بۆدلێر**

کۆمەڵێ شیعر و پەخشانە شیعری رەمزئامێزی بڵاوکردۆتەوە.هەر لە سەرەتاوە وستویەتی خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی و جیاواز لە رەوتی شیعری سەردەمەکەی بنووسێ و لە جوانییە باوەکانی ئەو دەمە بێزاربووە.بێگومان کاریگەری هەتیوکەوتن و مردنی باوکی لە تەمەنێکی زوو، کاریگەریی دەروونی لەسەر ئەو بەجێهێشتووە. خۆیشی لەسەر هاوەڵە شاعیرەکانی کاریگەریی بووە.ئارسەر رامبۆ بۆدلیر بە شای شاعیران دەناسێنی.

دیارترین بەرهەمە شیعرییەکانی بریتین لە:ئاوی ئاگراوی، شۆڕش،مەرگ، دیمەنەکانی پاریس،گوڵەکانی شەڕ.

ئەم کۆشیعرەی دوایی **(گوڵی خراپە)**[1] لە ١٨٥٧ دا کێشەی بۆ دروستکرد و زۆربەی شاعیر و رەخنەگرانی ئەو دەمە هێرشیان کردەسەر و تەنانەت دادگا داوای لێکرد ١٠ قەسیدەی نێو بەرهەمەکەی لابدات، چونکە دژی ئایینی مەسیحی و لایەنی رەوشتین،بەڵام ئەو وتەیەکی مەشووری هەیە و دەڵێ من

[1] : بۆدلێر،گوڵی خراپە،وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا،دەزگای ئاراس،هەولێر، ٢٠٠١.

دەمەوێ جوانی لە شەڕ بەدەست بێنم.  بە بێدەنگی لە سەردەمی خۆی رۆیشت دواتر لە داهێنانی ئەو تێگەیشتن.قەسیدەی گوڵی خراپەی پێشکەش بە شاعیری فەرەنسی تیۆڤیڵ گۆتییە کردووە.

لە قەسیدەی (گوڵی خراپە)دا دەڵێ:

**وێرانکاری**

**بێ وچان لەم دەوروبەرە شەیتان خۆی رادەوەشێنێ**
**وەك هەوای هەست پێ نەکراو لە دەوروپشتم دەخولێتەوە،**
**قووتی دەدەم و هەست دەکەم کە هەناو،**
**پڕ لە ئارەزوویەکی ئەبەدی و گوناهکارانەم دەکات.**
**هەندێ جار شێوەی هەرە ئەفسووناویترین ژن وەردەگرێت،**
**دەشزانێ کە عەشقێکی بێ پایانم بۆ هونەر هەیە،**
**هەروەها لەژێر ئەنجەتی تایبەتی خەمۆکی**
**لێوانم بە شەرابی عەشق رادەهێنێ.**
**بەم جۆرە دەمهاژوێ، دوور لە تەماشای یەزدانی،**
**بە پەلەو پەککەوتوو،لە نێوەند دەشتاییەکی بێزاریی،**
**دەشتاییە فراوان و چۆڵ و هۆڵەکان،**
**دەڕژێنێتە چاوانی پڕ تەم و مژاویم،**
**جل و بەرگی گەچراو،برینی دەم واز،**
**ئامێری خوێناوی وێرانکاری.**

● * *

**ستیڤان مالارامییە** Stéphane Mallarmé ١٨٩٩-١٨٤٢ شاعیرێکی فەرەنسیی نوێخوازبووەو سەرسامی شیعرەکانی تیۆڤیل گۆتییە و بۆدلیر و ئەمیل زۆلابووەو لە شاعیرانی تریش دۆستی ئەدگار ئالن پۆی ئەمریکی بووەو تەنانەت کۆشیعریکی ئەوی بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوەو لەگەڵ کۆمەڵێ وێنەی هەونەرمەند

ئــــەدوارد مــــانێ بــــە ناونیشــــانی(قەلەڕەش) لــــە ١٨٤٥دا بڵاویکردۆتەوە.



**مالارامییە**

دەسپێکی شیعرەکانی لە سالی ١٨٦٦ لە گۆڤاری پەرناسی هاوچەرخدا بڵاوکردۆتەوەو لەو کەسانە بووە بەرگری لە قوتابخانەی (هونەر بۆ هونەر) کردووەو شیعرەکانی ڕەوتێکی سیمبولیستی لەخۆگرتووە. مالارامییە دەڵێت جیهان بۆ ئەوە خوڵقاوە کتێبی جوانی بنووسێتەوە.

ناوەرۆکی شیعرەکانی زۆر ئالۆزو تەمومژاوین.کە خۆیشی ئەمەی ویستووە.لە دوای خۆی شاعیرانی وەکو ئانرێ دو رینی و پۆل ڤالێری لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەو ڕۆیشتوون و بە مامۆستا خۆیان زانیوە.

**ئارسەر رامبۆ** Jean Nicolas Arthur ١٨٥٤-١٨٩١ز شاعیری مۆدیرنی فەرەنسییەو یەکێکە لە شاعیرانی سیمبۆلیزم و لە هەمان کادا لە رووی زمان و بنیاتەوە بە نوێنەلای شیعری ئازاد دادەنرێ.



**ئارسەر رامبۆ**

لە چواردە ساڵییەوە شیعری نووسیوە و لە تەمەنی بیست و یەک سالیدا بە تەواوی وازی لە شیعر هێناوەو بووە بە سیمبولێکی گەورەی شیعری فەرەنسی وەکو ڤیکتۆر هۆگۆ وتویویەتی (کوڕی شەکسپیرە)ە.لە رووی زمانەوە فۆرمێکی گرانی بەکارهێناوە و تینووی شیعر و ئەدەبیاتی یۆنان و لاتینی بووە.

دیارترین بەرهەمی ناوازەی ئەو قەسیدەی (وەرزێک لە دۆزەخ)ە،کە بۆ زۆربەی زمانەکان وەرگێڕدراوەو بۆتە جێگەبایەخی رەخنەگران. لە رووی هونەریشەوە گەلێ فیلمساز و هونەرمەندی شێوەکار ژیان و بەرهەمی ئەویان کردۆتە هەوێنی بەرهەمەکانیان.رامبۆ پێوەندییەکی عیشقی رۆحی لەگەڵ (ڤیرلین)دا بووەو ئینگلستان و گەلێ شوێنی دی پێکەوە گەڕاون و لە تەمەنێکی زوو لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.لە قەسیدەی (وەرزێک لە دۆزەخ)دا دەڵێ :

## ئۆفیلیا

1

لە نێو شەپۆلی ئارام و ڕەشدا کە ئەستێرەکانی تیا ئەخەون
ئوفیلیای سپی مینا گوڵە زەنبەقەیێکی گەورە، سەراو ئەکەوێ
نەرمە نەرمە سەر ئاو دەکەوێ و ئەویش لەناو تارای درێژی خۆیا خەوتووە
لە دارستانە دوورەکانیشەوە سەدای هاواری ڕاوچییەکان دێت

2

هەزار ساڵە ئۆفیلیای خەمبار
تارمایيەکی سپییە بە سەر ڕووباری ڕەشی درێژدا
هەزاران ساڵە شێتایەتیە شیرینەکەی
سترانی خۆی ئەپرژێنێتە گوێی شنەبای شەوەوە

3

با مەمکۆلانی ماچ ئەکات، وێنەی تاجیلە خۆی هەڵئەخات
ئاویش زۆر بە نەرمی تارای گەورەی ئەلاوێنێتەوە
شۆڕەبی لەرزیویش بە سەر شانییەوە ئەگریت
قامیشەلانیش بەسەر هەنیەی خەوندیدەی پانوپۆڕیا ئەچەمێتەوە

4

نیلۆفەڕی خەمگین بە دەوریا، هەناسەی سارد هەڵئەکێشێ
هەندێجاریش پونگی خەوتووی  ناو ئاو بە ئاگادێنێ
لانەیێ باڵەفڕەی جوقەیەکی لێ دەرئەپەڕێ
لە ئەستێرە زێڕینەکانیشەوە گۆرانییەکی خەمبار هەڵئەڕژێ

5

ئاخ ئوفیلیای ڕەنگپەڕیو، جوانی بەفر فام
بەڕاستی تۆ بە مناڵێتی مردیت و ڕوبارێکی هەڵچوو ڕایماڵیت

**چونکە ئەو ڕەشەبایە بەهێزەی لە چیاکانی نەرویژەوە هەڵیئەکرد**
**بە دەنگێکی کز لەبارەی ئازادییێکی تاڵەوە قسەی بۆ ئەکردی**
**6**
**هەڵکردنی بایێ یاری بە قژی درێژی تۆ کرد**
**وشەوشێکی غەریبی خستە ناو ڕۆحتەوە**
**لەبەر ئەوەی دڵت گوێی لە گۆرانی سروشت ڕائەگرت**
**لە بەر ناڵەی درەختەکان و ئاخ و داخی شەوگارەکان**
**7**
**چونکە دەنگی دەریاکان وەك سەرەمەرگێکی درێژ**
**باوەشی شیرین و لەرادەبەدەر مناڵی و مرۆیی تۆی وێران ئەکرد**
**لەبەر ئەوەی سوارێکی جوان، سوارێکی شێت و هەژار**
**سپێدەیێ لە نیساندا بێدەنگ کەوتە سەر پێیەکانتەوە**

**8**
**ئاسمان، خۆشەویستی، ئازادی، وای چ خەونێکن ،هەی شێتی هەژار**
**تۆ لە ناویانا بەفر ئاسا ئەتوایتەوە**
**خەونە مەزنەکانت وشەکانتی ئەخنکان**
**ناکۆتا ترسناکەکانیش چاوە شینەکانتی سەرسام ئەکرد**
**9**
**...شاعیر ئەیگوت: تۆ لە نوری ئەستێرەکانی**
**شەوانە دێی بەدوای ئەو گوڵانەدا ئەگەڕێی کە چنی بووت**
**دەیگوت: ئەو ئوفیلیای سپی بینیوە خۆی و تارای درێژی**
**وەك گوڵە زەنبەقەیێکی درشت بەسەر ئاوەوە**[1]

[1] : ئارتۆر رابۆ، وەرزێک لە دۆزەخ، وەرگێرانی کەریم دەشتی،هەولێر،٢٠١٧.

## ڕێبازە فۆرمالیستیەکانی سەدەی بیستەم

### سوریالیزم

سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم بـە تایبـەتی لـە میانـەی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی و سـاڵانی دواتـر بـە هـۆی بـارودۆخی ئـەو ڕۆژگارە پڕ لە نەهامەتی و ماڵوێرانی و قات و قڕی و گرانییـەی لـە لـە ئـەنجامی شـەو شـەڕەدا دروسـتبوو، ئـەدەبیاتێکیش هاتـە پێشەوە بۆ دەربڕین لەو دۆخەو بە تایبەتییش ئەو ڕێبازانـەی بـە فۆرمالیستی ناسراون.



**ئەندرێ بریتۆن**

سـەرەتا دادابیـزم لـە ١٩١٦ و هـەر لـە هـەناوی ئـەو ڕێبـازەش سـوریالیزم پەیـدا بـوو. ئـەو دەمـە ڕێبـازی دەروونشـیکاری فرۆیدیش دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو، بە تایبەتی گرنگیدان بـە نەسـت و خـەیاڵێک بـۆ سـەرووی واقیـع بـەو ئومێدەی بـە نووسینی ئۆتۆماتیکی و دەبڕینی خەون و شێتی و تەقاندنـەوەی زمان و دەرچوون لە بنەما سـەرەکییەکانی ڕێزمـان بـە مەبەسـت سیماکانی ئەو شیعرانەبوون، لەلایەن گیوم ئەپۆلێنییێر Guillaume

Apollinaire ١٨٨٠–١٩١٨ز بڵاودەکرایەوەو دواتریش **ڕێنیە شار و پۆل پۆلارد و لویس ئەراگۆن** دەرکەوتن.

**ئەنـــدرێ بریتـــۆن** André Robert Breton ١٨٩٦–١٩٦٦ز دوو بەیاننامەی بڵاوکردەوەو تیایدا خۆیانی وەکو ئازاد و یاخی لەو واقیعـەی ئـەوێ ڕۆژێ دەربڕیـوە[1].پێشـتریش یـەکێک بـووە لـە ئەندامە کاراکانی داداییزم.

به یاننامـەی یەکـەم لـە سـاڵی ١٩٢٤ و بـە یاننامـەی دووەم لـە ساڵی ١٩٢٩ بڵاوکرایەوە.

**بوونگەرایی**

فەلسەفەی بوونگـەرایی لـە دوای جـەنگی دووەمـی جیهانییـەوە کاریگەرییـەکی زۆر بـە هێـزی لەسـەر دنیـای ڕۆشـنبیریی فەرەنسیدا بە جێهیشتووە.

**ژان پـۆڵ سـارتەر** Jean-Paul Charles Aymard Sartre ١٩٠٥–١٩٨٠ز وەکـو نووسـەرێکی بوونگـەرایی لـەو فەلسـەفەیەدا پرسـیارێکی سـەرەکی خستەڕوو،ئەویش ئەوەبوو،کـە بـوون لـە پێش جەوهەرەوەیە[2].هـەر ئەمـەش دواتـر کێشـەیەکی لـە نێوانی هایدگەر و سارتەردا دروستکرد،چونکە ئـەو پێناسـەیەی سـارتەر

---

[1]: لێرەدا زۆر بە کورتی لەبارەی ئەم ڕێبازەم نووسیوە، لەبەر ئەوەی پێشتر لە کتێبـی (ڕێبـازە ئەدەبییـەکان)دا بـە درێـژی سیماو خەسـڵەتەکانی ئـەم ڕێبـازەو قۆناغـەکانیم نووسـیوە.بڕوانە:د.هیمـداد حوسـێن،ڕێبازە ئەدەبییەکان،دەزگـای موکریانی، چ٢،هەولێر،٢٠١٠.

[2]:بڕوانـە: ژان پـۆڵ سـارتەر،بوون و نـەبوون،وەرگێڕانی محەمـەد کـەمال، سلێمانی،٢٠١١.

لەسەر بنەمای کتێبەکەی هایدگەر (بوون و کات)[1]ەوە دروست ببوو،وەلێ هایدگەر دەڵێ سارتەر بە هەڵە لە بابەتیبوون تێگەیشتووەو من مەبەستم ئەوە نەبووە بڵێم بوون لە پێش جەوهەرەوەیە[2].ئەم بۆچوونانەی سارتەر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا رەنگی داوەتەوە.سارتەر پەیامێکی بۆ مرۆڤایەتی پێیە و جەخت لەسەر بوون و کاریگەی تاک دەکاتەوە،کە تاک خۆیەتی و بەس نەوەک بۆ مەبەستێکی دی بەکاربێت. شانۆییەکانی (مێشەکان)[3] لە ١٩٤٣ و (ژووری داخراو)[4] لە ١٩٤٤ و (پیاوە بێ کفن و دفنەکان)[5] لە ١٩٤٦و (قەحپە بەڕێزەکە)[6] لە ١٩٤٦ و (دەستە پیسەکان)[7] لە ١٩٤٨ و (شەیتان و خودا)[1] لە

---

[1] : ئەم بەرهەمە تەرجەمەی کوردی کراوە.بڕوانە:مارتن هایدیگەر، بوون و کات،وەرگێڕانی محەمەد کەمال،سلێمانی، ٢٠١٣.

[2] : بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە:کاترین موریس،جان بول سارتر، ترجمة احمد علي بدوي،المركز القومي للترجمة،القاهرة،٢٠١١.هەروەها بڕوانە: جان بول سارتر، الوجودية مذهب انساني،ترجمة عبدالمنعم الحفني،الدار المصرية للنشر،القاهرة،١٩٦٤.

[3] : ژان پل سارتر،مگس ها،ترجمه صدیق آذر،انتشارات جامی،تهران،١٣٩٣.بە کوردییەکەی:ژان پۆل سارتەر، مێشەکان، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵلا،دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٣.

[4] : ژان پل سارتر،اتاق بسته،ترجمه امید جمشیدی،چاپ اول،انتشارات افراز، تهران،١٣٩٦.ئەم شانۆییە وەرگێرە فارسەکان بە (دۆزەخ) و (خەڵوەتگا)و(دەرگای داخراو)و (چوونە دەرەوە قەدەغەیە) وەریانگێڕاوە.

[5] : ژان پل سارتر،مردهای بی کفن و دفن،ترجمه صدیق آذر،انتشارات جامی،تهران، ١٣٩٣.

[6] : ژان پل سارتر،روسپی بزرگوار،ترجمه عبدالحسین نوشین،چاپ دوم،انتشارات سحوری،تهران،١٣٥٧.بە کوردییەکەی:ژان پۆڵ سارتەر،قەحپە بەڕێزەکە،وەرگێڕانی هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم ، ناوەندی ئاوێر،هەولێر، ٢٠١٨.

[7]:ژان پل سارتر،دستهای آلوده، ترجمه جلال آل احمد،چاپ اول،انتشارات آسیا،

١٩٥١و (گۆشەنشینانی ئاڵتۆنا)[٢] لە ١٩٥٩و رۆمانی (هێڵنج)[٣]و (رێگاکانی ئازادی) و کۆمەڵە چیرۆکی (دیوار)[٤] و چەندین بەرهەمی وەکو(ئەدەب چییە)[٥] و(بوون و نەبوون)[٦]و....

بەرهەمەکانی سروشتێکی رەوشتی و سیاسییان هەیە. سەبارەت بە ئازادی و پابەندبوونەوەن.هەڵوێست و نارەزایی خۆی بەرامبەر  بە کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا بۆ جەزائیر و شەڕی ئەمریکا بەسەر ڤێتنام و کوبا و توندوتیژی ماو بەرمبەر نازەڕەزایی خەڵک و سەرکوتکردیان دەربڕیوە. لە ساڵی ١٩٦٤ دا بەربژێری خەڵاتی نۆبڵ بوو بەڵام رەتیکردەوە.

---

تهران١٣٣١. بە کوردییەکەی: ژان پۆل سارتەر،دەستەپیسەکان،وەرگێڕانی ئومێد عەزیز،سلێمانی،٢٠١١.

[١] : ژان پل سارتر،شیطان و خدا،ترجمه ابو الحسن نجفی،چاپ سوم،انتشارات نیل،تهران،١٣٥١.

[٢] : ژان پل سارتر،گوشەنشینان،آلتونا،ترجمه ابو الحسن نجفی،چاپ پنجم،انتشارات نیلوفر،تهران،١٣٩٦.

[٣] : ژان پل سارتر،تهوع،ترجمه امیر جلال الدین اعلم،انتشارات نیلوفر،تهران،١٣٨٣.بە کوردییەکەی: ژان پۆل سارتەر،هێڵنج،و:ئەسکەندەر مەحموود کانی تووەیی، دەزگای موکریانی، هەولێر٢٠١٣.

[٤] : ژان پل سارتر،دیوار،ترجمه صادق هدایت،چاپ سوم،انتشارات جامه دران، تهران،١٣٨٥.

[٥]: ژان پل سارتر،ادبیات چیست،ترجمه ابو الحسن نجفی و مصطفی رحیمی،نشر زمان،؟. بە کوردییەکەی: ژان پۆل سارتەر،ئەدەبیات چییە،وەرگێڕانی مستەفا غەفوور،دەزگای موکریانی،هەولێر،٢٠١١.

[٦] : ژان پل سارتر،هستی و نیستی،ترجمه مهستی بحرینی،انتشارات نیلوفر،تهران،چاپ سوم،١٣٩٨. بە کوردییەکەی:ژان پۆل سارتەر،بوون ونەبوون،وەرگێڕانی محەمەد کەمال،دەزگای سەردەم، ،سلێمانی،٢٠١١.



**سارتەر**

**سـیمۆن دی بۆڤـوار** Simone Lucie Ernestine Marie Bertrand ١٩٠٨-١٩٨٦ز بـه کەسـایەتییەکی کاریگـەر بەسـەر بیـرو هـزری بوونگـەرایی سـارتەر دادەنـرێ و پێوەندییەکـەیان بـە نـاو ژن و مێردی بووە.هاوپۆل بوون لـە گرووپی خوێندکارانی مامۆستایان و دواتـریش تێزەکـەی لـەبارەی (لایبینتـز)ی فەیلەسـوفەوە نووسـیوە. بـە رابـەرێکی گـەورەی بزووتنـەوەی فیمینیسـتی دادەنرێ و بەتایبەتی بڵاوکردنەوەی کتێبی (رەگەزەکەی دی)،لە ١٩٤٩ زیاتر ئەو بیرۆکانەی دەکەوتن. لە بەشێکی ئەو کتێبەدا بە ناونیشانی (ژن ئەفسانەو واقیع) ئاماژە بەوە دەکات ئەوە پیاوانن ژن لە کۆمەڵگەدا بە (ئەو)ی دی ناو دەبەن و هـەزار خەرمانـەی بە درۆی بۆ دروست دەکەن. بنیاتی کۆمەڵایەتی ژن وەها وێنا دەکـەن بـۆ ئـەوەی لـە دەسـتی رابکـەن و یارمـەتی نـەدەن بـۆ رزگاربوون لە چەوسانەوە.

سـیمۆن دی بۆڤـوار دوو ڕۆمـانی بڵاوکردۆتـەوە بـە ناوەکـانی(میوان)[1] لە ١٩٤٣و (مانـدارینەکان)[2] لە ١٩٥٤، لـەو ڕۆمانانشدا بە شێک لە یادەوەرییە سێکسی و جەستەییەکانی خـۆی و ماشـوقەکانی نووسـیوەتەوە.چەندین یاداشـت و بیرەوەری و گەشتەکانی بۆ چین و ئەمریکا نووسیوەتەوە.



**سیمۆن دی بۆڤوار**

**ئـەلبێر کـامۆ**Albert Camus ١٩١٣-١٩٦٠ز نووسـەرێکی بـە ناوبانگی بوونگەرایییەو وەکو سارتەر تیۆری فەلسەی نییەو زیـاتر لـە ڕێگـەی ئەدەبـەوە بۆچوونـە بوونگـەرایـی و نەهلیستییەکانی(پووچگەرایانە)ی خۆی لە ڕۆمان و شانۆیی و وتارەکانیدا بەرجەستە کردووە.

---

[1] : سیمون دو بوفوار،المدعوة،ت: دانیال صالح،المجمع الثقافي،ابوظبي،١٩٩٩.

[2] : سیمون دی بووار،ماندارین ها،ت: پرویز شهدی،انتشارات دنیای نو، تهران، ١٣٨٢.



**ئەلبێر کامۆ**

کامۆ کۆمەڵێ بابەتی رەوشتی و بیری فەلسەفی و ئازادی و خەباتی شۆڕشگێڕی و بەرەنگاری و ئەڤینداری لە بەرهەمەکانیدا دەخات روو.

پوختەی بۆچوونە فەلسەفییەکانی لە هەر دوو بەرهەمی (سیزیف)[1] لە ١٩٤٢ و (مرۆڤی یاخی)[2] لە ١٩٥١دا دەردەکەوێت.سیزیف لە بنەرەتدا لە ئەفسانەیەکی کۆنی گریکییەوە وەرگیراوە.سیزیف دەیەوێ بەردێکی گەورە سەرخاتە سەر ترۆپکی چیایەک، هەوو جارێک برێک سەری دەخات و ئیدی تاقەتی نامێنێ و بەردەکە غلۆر دەبێتەوەو سەرلە نوێ دەست پێدەکاتەوە. ئەوە چارەنووسی بنیادەمە ئازار و جەزرەبەیەکی بەردەوامی بۆ براوەتەوە لەم بوونە.چارەیەکی نییە یان دەبێ خۆکوشتن هەڵبژێرێ بۆ رزگاربوون لە

---

[1] : آلبر کامو، افسانه سیزیف، ت:علی صدوقی، تهران:نشر دنیای نو،١٣٨٢.

[2] : ئەلبێر کامۆ،مرۆڤی یاخی،و: ئازاد بەرزنجی،ناوەندی ئەندێشە،سلێمانی، ٢٠١٦.

جەزرەبەیە، لەو ژیانەی هیچ مانایەکی نییەو پووچە یان ببێتە کەسێکی یاخی و هەوڵ بۆ ژیانێکی باشتر بدا و خۆی نەفی بکاتەوەو تەجاوزی خۆی بکات و خۆی رادەستی ئەو نەبوونە نەکات لە ژیان و هەر ئەمە یاخیبوونەشە بەها بە ژیان دەبەخشێت و مرۆ هەست بە گەورەیی خۆی دەکات وەکو هێزێکی بێسنوور،کە دەتوانێ رووبەرووی واقیع بێتەوەو بیگۆڕێت.

کامۆ دەیەوێ پێمان بڵێ ئەوە ئەرکی من نییە جیهان بگۆڕم.من ئەو توانا و فەزیلەتەم نییە ئەم کارە ئەنجام بدەم،بەڵام هەوڵ دەدەم بەرگری لە هەندێ بەها بکەم، کە پێموایە بەبێ ئەو بەهایانە مرۆڤ شایستەی ئەوە نییە زیندوو بێ و بژی و شایستەی رێز بێ[1].

لە دیارترین رۆمانەکانی: مەرگێکی خۆش[2]-١٩٣٦ و بێگانە[3]-١٩٤٢ و تاعون[4]-١٩٤٧ و کەوتن[1]-١٩٥٦ و لە شانۆنامەکانیشی:کالیگۆلا[2]-١٩٣٨ و لێکتێنەگەیشتن[3]-١٩٤٤ و ...

---

[1] : شرۆڤەی زۆر بۆ ئەم بەرهەمە کراوە، بۆ زانیاری زۆتر بڕوانە: دیڤید ئیگین، شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف، و:ئیسماعیل ئیسماعیل زادە،دەزگای ئایدیا، سلیمانی،٢٠١٦.

[2] :آلبر کامو،مرگ خوش،ت: احسان لامع،اتشارات نگاه،تهران،١٣٨٧.

[3] : آلبر کامو، یگانە،ت: امیر جلال‌الدین اعلم، تهران: نشر نیلوفر،١٣٧٧.ئەلبێر کامۆ،بێگانە،و: د.موحسین ئەحمەد عومەر،ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی،٢٠١٤.

[4] : آلبر کامو، طاعون، ت: رضا سیدحسینی،انتشارات نیلوفر،تهران،١٣٧٥. بە کوردییەکەی: ئەلبێر کامۆ، تاعون،و: رەسووڵ سوڵتانی،چ٣، هەولێر، ٢٠١٥.

لە(بێگانە)دا ژیانی تاڵی تەمەنی خۆی لە جەزائیر،لەو شوێنەی لێی لە دایکبووە دەخاتەروو.ئەو ژیانە وەک تراژیدیایەکی گاڵتەجاڕانە پیشان دەدات .پاڵەوانی رۆمانەکە (مێرسۆ) بەلایەوە ئاساییە یەکێک بگوژێ.یان بۆ مەرگی دایکی هەر بە خەیاڵشیدا نایەت و هیچ خەفەتی بۆ ناخوا.

لە (تاعون)دا وەکو رەمزێک بۆ پەتای نازیزم و ئەو دۆزەخەی بۆ ژیانی ئەوروپییەکانی دروستکردووە،دەخاتە روو. ئەمە سەرباری سێ بەرگ لە یادداشتەکانی و هەندێ نامەی دڵداری لەگەڵ ماریا کاسارس و میتافیزیکای مەسیحییەت و کورتە وتاری دی. کامۆ لە ساڵی ١٩٥٧دا خەلاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرتووە.

لە (کەوتن)دا تێزێکی فەلسەفی لەخۆگرتووەو باس لە تەنیایی و گوناهکاریی مرۆڤ لە بووندا دەکات و خۆی تاک دەسپێشخەری بۆ تاوان دەکات.ئەمەیان دوا رۆمانی ئەم نووسەرەیە و رەنگە ئەمە پوختەی بۆچوونەکانی ئەو بێت بۆ مرۆڤ و بوون.

● ❊ ❊

جیاواز لە پێشەنگەکانی ئەو رێبازە ئەدەبییانە پێویست بەوە دەکا ئاماژە بە چەند نووسەرێکی سەرەتاکانی سەدەی

[1] : آلبر کامو؛سقوط, ت: امیر لاهوتی, انتشارات جامی،تهران، ١٣٨٨.بە کوردییەکەی: ئەلبێر کامۆ،کەوتن،و:توانا ئەمین،سلێمانی،٢٠١٥.هەروەها رەسوڵ سوڵتانی لە ٢٠١٣ بە ناونیشانی(رووخان) لە دەزگەی چینی.

[2] : آلبر کامو، کالیگولا، ت: ابو الحسن نجفی، نشر کتاب زمان، تهران،١٣٥٧.

[3] : آلبر کامو، سوء تفاهم، ت: مهوش قویمی، انتشارات آشتیان، تهران،١٣٩٠.

بیستەمیش بکەین، لەوانە ئەندرێ ژید و پۆل ڤالێری و مارسیل پروست.

**ئەندرێ ژید** André Gide ١٨٦٩-١٩٥١ز نووسەرێکی بەناوبانگی فرەنسییە لە پاریس لە دایکبووە. هەر لە منداڵییەوە تووشی نەهامەتی و کێشەی خێزانیی بۆتەوەو لە تەمەنێکی زووی منداڵیدا باوکی، کە مامۆستای زانکۆ بووە، مردووە و دایکێکی توند و دەسەڵاتدار و توندڕۆییێکی سەرسەختیی کاسۆلیکی بووە. لە گەنجییەوە لە گێژاوی ئایینی نێوانی باوک و دایکیدا ژیاوەو بیرکردنەوەیەکی قووڵی ئایینی لا پەیدا بووە. لە نامەکانی نێوان ژید و دایکیدا دەردەکەوێ خۆشەویستییەکی بێسنووری بۆ دایکی بووە و هاوکات گوێڕایەڵی دایکی بووە، بە تایبەتی دوای گەشتکردنی لە ١٨٩٢ بۆ میونیخ ژمارەی نامەکان زێتر بووە. لە هەوەڵین بەرهەمی بڵاوکراوەی خۆیدا(ئەگەر مارەکە نەمردایە) ئەو پێوەندییەی بە شێوەیەکی ئەدەبیانە داڕشتووە. زۆر کات بە منداڵی نەخۆش بووە و تەندروستی باش نەبووە، هەر بۆیە خوێندنی قوتابخانەیشی ڕێکوپێک نەبووە و دەروون شڵەژاو بووە. لە دوای گەنجی و هەرزەکارییەوە رووی لە خوێندنەوەی ئەدەبیات کردووە و سەردانی یانە ئەدەبییەکانی کردووەو دۆستایەتی لەگەڵ پۆل ڤالێری و ستیڤان مالارامێ بووە و هەر بەهۆی ئەوانیشەوە رووی لە ڕێبازی سیمبۆلیزمی کردووە. شێوازی بەرهەمەکانی لە کلاسیکەوە نزیکە، بەڵام بە بۆچوونی زۆربەی رەخنەگرەکان دوای نووسینی (خوانە زەمینییەکان)،شێوازێکی تازەی بۆ رۆمانی فرەنسی داهیناوە.

لەگەڵ (مادلین)ی کچەمامی هاوسەرگیریی کردووە.وەکو لە دەفتەری یادەوەرییەکانیدا نووسیویەتی زۆر رەشبین بووە و دواتر هەوڵیداوە ئەو بۆشاییە بە گەشتکردن پڕ بکاتەوە. راستە خۆی لە خێزانێکی بۆرژوازی بووە و دەوڵەمەند بووە،بەڵام بۆ ماوەیەک هەڵگری بیری چەپ بووە و سەردانی یەکیەتی سۆڤیەتی کردووە و دوای گەڕانەوەی پەشیمان بۆتەوە.



**ئەندرێ ژید**

سەردانی تونس و میسر و جەزائیر و کۆنگۆ و چادی کردووە. پێیوابووە هیچ شتێک نییە رێگە لە خۆشبەختی مرۆڤ بگرێت و دەبێ مرۆڤ خۆی بێت و کەسی تر نا و چێژ لە ساتە خۆشەکان وەربگرێ. بە تایبەتی لە کتێبی (کۆریدۆن) دا باسی عیشقی نێربازی و غیلمانەکانی کردووە،کە خۆی ئەو حەزەی هەبووە،بەڵام لە کتێبی (خوانە زەمینییەکان) دا قووڵتر کێشەی فەلسەفی نێو کتێبی پیرۆز و بۆچوونەکانی (نیچە)ی خستۆتە بەرباس. لەم رۆمانەدا خوێنەر هەست بە وردبینی و شارەزایی

نووسەر لە هونەرو رەنگ و فیگەرەکانی هونەری شێوەکاریی و ئاواز و دەنگە سروشتییەکانی سەمفۆنیای شەشەمی بیهۆڤن دا دەکات. روانینێکی جوانیناسانەیە بۆ جیهان بە موزیک. رۆماننوس کەوتۆتە نێو کێشەیەکی ئەبەدی،کێشەی نێوان عەقڵ و سۆزی دڵ. لە نێوانی تاریکایی ئەم دووانەدا دۆش داماوە و لە لایەکەوە وەکو ئەرکی راستەقینەی خۆی وەکو پیاوێکی ئایینی و گەڕانەوە بۆ کتێبی پیرۆز و لە نێوانی عەشقی کیژۆڵەیەکی نابینا و کێشە خێزانییەکانی خۆیدا روانینی خۆی دەربڕیوە.

قەشەی چیرۆکگێڕەرەوە، بەراناوی (من) باسی خێر و شەڕ و سیفەتە غەریزییەکانی مرۆڤ دەکات.بێگومان وەکو شێواز و تەکنیکی رۆمانی کۆن سوودی لە یادەوەری و بایۆگرافیای خۆی وەرگرتووە.

ئەندرێ ژید، بڕوانامەی فەخریی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پێبەخشراوە. کۆمەڵێ بەرهەمی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی و ژیاننامە و رۆمانی نووسیوە، لەوانە: خوانە زەمینییەکان، فێڵبازەکان، ژێرزەمینەکانی ڤاتیکان، کۆریدۆن، دژە رەوشت، گەڕانەوە لە سۆڤیەت، دەرگای تەسک.لە ساڵی ١٩٤٧ دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشراوە[١].

---

[١] : رۆمانی (سەمفۆنیای شوانکارەیی) کراوە بە کوردی، بڕوانە:ئەندرێ ژید، سەمفۆنیای شوانکارەیی، وەرگێڕانی سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن،دەزگای ئاوێر، هەولێر،٢٠١٩.

**پـۆل ڤـالێری**Paul Valéry ١٨٧١-١٩٤٥ز شـانۆنامەنووس و وتـارنووس و رۆمـاننووس و رەخنـەگری ئـەدەبی و مـوزیکزان بـووەو فـرە بـەهرە بـووە،دەشـێ وەک زانایـەک بناسـێنرێ. لـە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا یەکێک بـووە لـە دەنگـە دیارەکـانی ڕێبـازی سـیمبۆلیزم و تارادەیـەکی زۆریش کاریگەری مالارامییەی بەسەرەوە بووە.



**پۆل ڤالێری**

ڤـالێری دژی بـەکارهێنانی زوڵـم و چەوسـانەوە بـووەو شـەڕ تـەنیا ماڵوێرانییـە،بۆیـە دەڵێـت شـەڕ لـە بـەینی کەسـانێکدا ڕوودەدەن، کە یەکدی ناناسـن و بۆ کەسـانێ دەیکەن،کە یەکدی دەناسـن وشـەڕی یـەکتر ناکـەن. چەنـدین کۆشـیعری خـۆی بڵاوکردۆتەوە،کە دیارترینیان (نەرگس)ەو سوودی لە ئەفسانەی نارسیۆسـی گریکی وەرگرتـووە،کە تـاڕاددەی شـێتبوون شـەیدا جـوانی خـۆی بووە.لـەلای (ڤـالێری)ش شـەیدای جـوانی و ئیستاتیکای هونەریی شیعرەکانی خۆی بووەو جوانی دەرەوەی

ڕەت کردۆتەوەو لەکن وی ناگاتە ئەو هەستە شاراوە جوانەی لە ناخدایەو ناتوانرێت وەک ئەوەی هەیە دەرببڕێت.

**مارسیل پرۆست** Marcel Proust ١٨٧١-١٩٢٢ز بە قسەی گراهام گرین و سۆمەرست مۆم بە گەورەترین ڕۆماننووسی سەدەی بیستەمی فەرەنسای دادەنێن.



**مارسیل پرۆست**

لە خێزانیکی دەوڵەمەند لە دایک بووە.هەر لە منالییەوە بەدەست نەخۆشی تەنگەنەفەسییەوە هەراسان ببوو.لە ساڵی ١٩٠٩دا ڕۆمانی (گەڕان بەدوای کاتی لەدەسچوو- À la recherche du temps perdu)ی دەست پیکردووەو لە حەوت بەرگدا تەواوی کردووە.لەم ڕۆمانەدا باس لە کاریگەری ڕابردوو لەسەر ئێستادا دەکات.

لە نامەکانیدا دەڵین نازانم ئایا دەکرێ ناوی ڕۆمانی لێبنیم، یان جۆرێک لە ڕۆمان لەبەر ئەوەی جلەو شلکردنێکی بۆ نەست و لە گێڕانەوەی ئاسایی جیاوازە و ڕووداویک ڕووداوێکی دی ڕادەکێشێ و لە جۆری تەوژمی هۆشە و کە دواتر لای

ڕۆماننوسانی دیکەش پێڕەوی لێکراوە.خەفەت بۆ مردنی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی (ئالبێرتین)دەخوا. دەڵێ دەبێ وەکو ئەو کەسەی تووشی جەڵدەی مێشک دەبێ دەبێ سەرلەنوێ فێری خوێندن و نووسینەوەی بکەم.ئەو شڵەژانە دەروونییەی،کە پروست لە ئەنجامی نەخۆشییەکەیەوە تووشی ببوو و زۆربەی کات گۆشەگیر بوو بەسەر باری دەروونی و پچڕپچڕی بیرۆکەکاندا دیارە[١].عەشق لای ئەو بە تێپەڕبوونی کات بەسەرناچێ.

[١]: مارسل پروست، در جستجوی زمان از دست رفته طرف خانه سوان ، ترجمه مهدی سحابی،نشر مرکز،تهران، ١٣٩٧.ئەم ڕۆمانە تەرجەمەی کوردیش کراوە، بڕوانە: مارسێل پرووست،گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو،وەرگێڕانی سیامەند شاسواری،ناوەندی غەزەلنووس،سلێمانی،٢٠١٥.

# ئەدەبی ئەڵمانی

تاوەکو سەدەی دەیەمیش زمانی لاتینی زمانی نووسین بوو لە گێرمانیا،زیاتر هەندێ بەرهەمی ئایینی و سیاسی و دەقی ئینجیل بە زمانی ئەڵمانی کۆن و چیرۆکی دروستبوونی گەردوون لە سەردەمی کارلی مەزندا بە شێوەیەکی سەرزاری بڵاوببوونەوە.دواتر لە سالانی ٩٠٠-١٠٥٠ز لە سەردەمی خانەوادەی ئۆتۆ و خیزانی زالیر دا دەقی ئەدەبی بە زمانی ئەڵمانی دەنووسران، بە تایبەتی دوای خانەوادەی کارۆلینییەکان ئیدی تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەم پێشکەوتنێک دروست بوو، وەلێ نکۆڵی لێناکرێت تا سەدەی حەڤدەهەم زمانی لاتینی بە شێوەیەکی فراوانتر بەکاردەهات و زمانی زانست و رووناکبیری بووە.لەپاڵ چەندین شانۆی ئایینی و نمایشی نزا و پاڕانەوەدا لەو ماوەیەدا یەکەمین رۆمانی ئەڵمانیش دەرکەوت.ئەم رۆمانە(رۆدلیب) گێڕانەوەی ژیانی نێو کۆشک و تەلارانەو باسی سوارێکی بەگزادە دەکات. داستانی یان سروودی ئیزۆ(١٠٦٣)دا کورتە مێژوویەکی جیهان باس دەکات،کە چۆن خوداوەند وەکو نوورێک دڕ بە تاریکی دەدات و مرۆڤ رزگار دەکات.لەو سەدەمەدا هەتاوەکو ساڵی ١٥٠٠ کۆمەڵێ هەقایەتی فۆلکلۆری و بابەتی ئایینی و مەدح و سەنای ئەو قاڵەوانانەی لە شەڕی خاچییەکان گەڕابوونەوە بەدی دەکرێن. یەکیک لەو داستانانە داستانی رۆلاندە،کە قەشە کۆنراد لاسایی داستانی سترانی رۆلاندی فەرەنسی کردۆتەوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەند ژانرێکی ئەدەبی جێگەی بایەخ بوون.لەوانە رۆمانی دەربار، ئەم جۆرە رۆمانە هەروەکو لە ناوەکەیەوە دیارە سەبارەت بە ژیانی پاشا و زۆربەی کاتیش

ناوەرۆکەکەیان لە مێژووی گریک و رۆمان و فەرەنسییەوە وەردەگرت و دەاتر پیوەندیان دەکرد بە سوارچاکییەکانی مەلیک ئارسەرەوە. وەکو رۆمانەکانی(ئانایت) و رۆمانی(ئیریک وایڤاین) ناوەرۆکەکەی باس لە مەلیک ئارسەر و سوارەکانی دەکات.

ژانری دووەم هونەری داستان بوو. دیارترین داستانەکان ئەوانە بوون،کە خاوەنەکانیان دیار نەبوون،وەکو داستانی نیپلۆنگن لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠دا نووسراوە. ئەم داستانە ٢٣٠٠ کۆپلەیەو هەر کۆپلەیەک لە چوار دێڕ پێکهاتووە و هەر دێڕێک لە دوو بەیت دروست بووە. داستانەکە لە ٣٩ سەرچڵی پێکهاتووەهو بە دوو بەرگدا دارێژراوە.داستانی(زیگفرێد) و داستانی(بۆرگۆند).

ژانری سێیەم بریتی بوو لە شیعری غەزەل، ئەو جۆرەی شاعیر خەفەتی بۆ ژنەکانی پاشا دەخوارد و بەسەریاندا هەڵیدەگوت.هەتاوەکە **ڤالتەر فۆن دێر ڤۆگیلفادی** Walther von der Vogelweide ١١٧٠- ١٢٣٠ز نەمساوی دەرکەوت ئیدی رەهەندێکی مرۆڤایەتی بە شیعری ئەڤینداری بەخشی.

لە سەدەی حەڤدەهەمدا ئیتر ئەدەبیاتی ئەڵمانیی نوێ دەست پێدەکات، بەڵام دیسانەوە بە هۆی شەڕی سی ساڵەی نێوان پرۆتسانت و کاسۆلیک لە ١٦١٨-١٦٤٨ ئەدەبیات و هونەر و موزیک و .. گەشەکردنێکی ئەوتۆیان بەخۆوە نەبینیوە، بەڵام دوای ئەو شەڕانە ئەو سەدەمە، کە بە سەدەمی بارۆک ناسراوە،گەشانەوەیەکی گەورەی تیا دروستبوو.

دەسپێکی رۆمان بە خەسڵەتی جودا لە داستان دەرکەوت. رۆمانەکانی گریماسهاوزن لە ساڵی ١٦٦٨ دا بە ناوی(سیمپلسۆس ئەڵمانییەکی سەرەڕۆ)دەرکەوت.

لەو دەمەدا شانۆ وەکو هونەرێک بە ناوەرۆکێکی فێرکاری و ئایینی بوون و لە پەرستگەکاندا پێشکەش دەکران.ئەندریاس گریفیۆس Andreas Gryphius ١٦١٦-١٦٦٤ز بە کاریگەری شانۆی فەڕەنسی و ئینگلیزی و بە تایبەت دراما تراژیدییەکانی شەکسپیر،کە بوونە بنچینەیەک بۆ دامەزرانی شانۆی ئەڵمانی، بەرهەمی شانۆیی دەنووسی. کتیبەکەی مارتن ئۆبیتز (دەربارەی هونەری شیعری ئەڵمانی) لە ساڵی١٦٢٤دا ئاماژە بە هەنگاوە سەرەتایی و بنەماکانی تراژیدیای ئەڵمانی دەکەن.

دیارترین فۆرمی شیعری ئەو دەمە قەسیدەی (ئەیدیل)،کە جیسنەر Jessner ی شاعیر وێنای جیهانێکی ئاڵتوونی لە سەرووی کات و شوین کێشاوەو جیهانیک پڕ لە خۆشەویستی و هاوڕێیەتی و پەری و شوانکارە سادەکانە.

**سەدەی هەژدەهەم** سەردەمی رووناکبیری سەردەمی رامان و هزرو دادگایکردنی عەقڵی رەخنەگرانەیە وەکو کانت دەڵێ. پێشەنگی یان رەگ و ریشەی ئەو هزرە رەخنەییە لە بیری شیکاریی (دیکارت)دا دەرکەوت.

دیارترین کەسایەتی ئەو سەردەمە(**کریستۆف مارتین ڤیلاند**Wieland, Christoph Martin ١٧٣٣-١٨١٣ز)ی شاعیرو رۆماننووسە،هەوەڵجار بە شیعری ئایینی دەستیپێکردووە.دواتر فەلسەفەی لە ئۆرفۆرت و یاسای لە تۆبنگن خویندووە.دوو داستانی شیعری (مۆزاریۆن یان فەلسەفەی خواوەندەکانی

هونـەر)،کـە داسـتانیکی شـیعرییە لەمـەڕ فەلسـەفەی هونـەرە و هـەروەها داسـتانی(ئۆبیرۆن VerserzählungOberon.)ی نووسـیوە، هـەروەها ڕۆمـانی (ئاگـاتۆن)و چەنـدین بەرهـەمی وەکـو هـەزارو یـەک شـەوە و بەرهەمـەکانی شەکسـپیری وەرگێـڕاوە.کاریگـەری ڤالتـەر و ڕۆسـۆی بەسـەرەوە بـووە.لـە ١٧٦٩ بۆتـە مامۆسـتای فەلسەفە لە زانکۆی ئۆرفۆرت. مامۆستای بەچکە میران بووە لە ڤایمار.

بـەرهـەمێکی هەیـە بـەناوی(سـەرکەوتنی سروشـت بەسـەر قارەمانیـەتی یـان سـەرچڵییەکانی دۆن سـیلیڤۆ لـە ڕۆزاڵڤا Der Sieg der Natur über die Schwärmerei oder die Abenteuer des Don Sylvio von Rosalva.)لە ١٧٦٤.بێجگە لەوەی چەندین شیعری شاعیرانی گریکی بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە.



**کریستۆف مارتین ڤیلاند**

ڕوونـاکبیریی لـە سـەدەی هەژدەهەمـدا وەکـو بزاڤێـک بـۆ ڕۆشـنکردنەوەو سـەردەمێکی تـازە هاتـە پێشـەوە بـۆ عەقڵانیەت.پێشـەنگی ئـەو ڕووناکبیرییـە سـەرەتا لـە ئینگلستان و

فەرەنسا دەستی پێکرد.بەرهەمەکانی **رێنیە دیکارت** René Descartes (١٥٩٦-١٦٥٠ز) و وتە بە ناوبانگەکەی بووە وێردی سەرزاری هەمووان(بیردەکەمەوە کەواتە من هەم).بیری ئەزموونگەرایی **جۆن لۆك** John Locke (١٦٣٢-١٧٠٤ز) دەرکەوت و بڵاوبووەوە. لۆک باوەڕی وابوو بیر و ئەپستمۆلۆژیا سەرچاوەی عەقڵ نین،بەڵکو سەرچاوەکەی لە درکپێکردن و لە ئەزمووندایەو دواتریش **داڤید هیوم** David Hume (١٧١١-١٧٧٧ز) درێژەی بەو بۆچوونەدا و وتی مرۆڤ هۆشیاری خۆی لە گێڕانەوەو ئەزموونەوە وەردەگرێت.

**گۆتفرێد ڤیلهێلم لایبینیتز** Gottfried Wilhelm Leibniz ١٦٤٦-١٧١٦ز رێگەی فەلسەفەی لەبەردەم روناکبیریدا کردەوە.ئینجا **کریستیان ڤۆلف** بە پشتبەستن بە بزاڤی روناکبیریی فەرەنسی و ئینگلیزی و بۆچوونەکانی لایبینیتز هەموو ئەو شتانەی پێیدەگەیت دەبێ لە ڕێگەی مەنتقەوە بێت ئەوجا ماقوڵ و سروشتی و رەوشتی دەبن.

**ئیمانۆیل کانت** Immanuel Kant ١٧٢٤-١٨٠٤ز پێیوابوو،کە روناکبیری واتا زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ئەو کەموکرتییانەی پێشتر دەرهەق بەخۆی کردوویەتی.مەبەست لەو کەم و کورتی ئەو حاڵەتانەن،کە مرۆڤ تیایدا عەقڵی تیدا بەکارنەهێناوە یان خەڵکی دی ئاراستەی کردووە.کەواتە روناکبیری بەو واتایە دێت ئازابەو عەقڵی خۆت بەکاربێنەو پشت بەکەسی دی مەبەستە.

ئامانجی سەرەکی سەردەمی روناکبیری زیاتر پەروەردەیی و هۆشیار و عەقڵ و فرە بەهرەیی بووە.لەبەر ئەوە لەو ماوەیە بە لاسلییکردنەوەی ئیسنکلۆپییای فەرەنس ی و بە ریتاتی لە

ئەڵمانیاش لە ١٧٣٢-١٧٥٤ (فەرهەنگی گشتی هەموو زانست و هونەرەکان- بڵاوکرایەوە.هەر لەو ماوەیەدا چەندین رۆژنامەو گۆڤاری رەوشتی بڵاوکرایەوە.لەوانە لە ساڵی ١٧٢٣-١٨١١ز ف.نیکۆلای لەگەڵ مندلسۆن و لیسینگ رۆژنامەی (کتێبخانەی زانست و هونەرە جوانەکان)یان بڵاوکردەوە، کە زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکانی بابەتی ئەدەبی بوون.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ١٧٣٠دا **گۆتشید** Johann Christoph Gottsched ١٧٧٠-١٧٧٦ز بەرهەمەکەی خۆی بەناوی(هەوڵێک بۆ دامەزراندنی هونەرێکی ئەدەبی رەخنەیی ئەڵمانی) بڵاوکردەوە.ئەم بەرهەمە بریتی بوو لە ئاوڕدانەوەیەک لە کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆ و هۆراس.نووسەر جەخت لەسەر تیۆری لاساییکردنەوەی سروشت دەکاتەوەو ئەو بنامایانەی بۆ هونەوی شیعر پێویستن.واتا ئەو دەمە سەردەمی بارۆک هەروەکو بۆبۆچوونەکانی ئەرستۆ دەبێ(چێژ و سوود (Prodesse aut Delectare بگەیەنی.

ئەو بنەمایانەی گۆتشید بۆ شیعر خستیەروو لەلایەن دوو نووسەری سویسری **بۆدمێر** Johann Jakob Bodmer ١٦٩٨-١٧٨٣ز و **برایتگەر** Johann Jakob Breitinger ١٧٠١-١٧٧٦ز رووبەرووی رەخنەی توند بووەوە.بە تایبەتی بەرهەمەکەی (**جۆن میلتۆن**)ی ئینگلیزی(بەهەشتی ونبوو) لەلایەن بۆدمێرەوە تەرجەمەی سەر زمانی ئینگلیزی کرابوو، ئەم دوو نووسەرە پێیان وایە ئەم بەرهەمە زمانێکی سادە نییەو پڕە لە رەمز و هێما. بە تایبەتی بۆدمێر جەخت لەسەر (خەیاڵی داهێنەرانە)دەکاتەوە.لەوەلامی ئەمەدا گۆتشید ئەوەی روون

کردۆتەوە، ئەدەبی فەرەنسی زیاتر عەقڵانییەو بە پێچەوانەی ئەوە شیعری ئینگلیزی لە بەرامبەر جەمسەری عەقڵ جەمسەری خەیاڵ هەیە.



**گۆتشید** Johann Christoph Gottsched

هونەری شانۆیی لە سەدەی هەژدەهەمدا لە سایەی پێشکەوتنی تیۆری درامادا پێشکەوتنی بخۆیەوە بینی.گۆتشید لە کتێبی (هەوڵێک بۆ دامەزراندنی هونەری رەخنە)دا دەڵێ دراما‌ی فەرەنسی لە چڵەپۆپدایەو بێ وێنەیە.هەر بۆیە دراماکانی (مۆلییێر)ی وەردەگێڕا و بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە بۆچوونەکانی خۆی بکات. گۆتشید جەختی لەسەر سێ یەکیەتییەکانی(رووداو و کات و شوین)دەکردەوەو گرێچنی لە درامادا بە هرکاری سەرکەوتنی هونەری دراما داناوە. بە وردی کاراکتەرەکان ە روانگەی ئاییندەی ئەوانی دیاری کردووە.لە هەمان کاتدا رەخنە لە زمانی زبری درامانی بارۆک دەگرێت.گۆتشید هەستی بەوە دەکرد مەیدانەکە چۆڵە بۆیە بیری لەوە کردەوە تیپە گەڕۆکەکان رێک بخاتەوەو بتوانن شانۆگەرییەکانیان لە کۆشک و تەلاری

پاشاکاندا پێشکەش بکەن.بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٧٣٢ خۆی درامایەکی بە ناونیشانی(کاتۆ سەرپەرشتیاری مردن) نووسیوە،بەلام سەرکەوتنیکی گەورەی بەدەست نەهێناوە.

**شلێگڵ** Johann Elias Schlegel ١٧١٩-١٧٤٩ز پێشەنگی کارە دراماکانی خۆی بە وەرگێڕانی درامای (یۆلیۆس قەیسەر)ی شەکسپیر دەست پیکرد،بەڵام لەلایەن گۆتشید رووبەرووی رەخنەی توند بووەوە.بۆیە ئەمجارەیان خۆی لە ١٧٤٧دا درامایەکی کۆمیدی یەک فەسڵی بە ناوی (جوانی لاڵ)ەوە نووسی و بە پێچەوانەی رای گۆتشید رووبەرێکی فراوانی بۆ چێژ دانابوو و لەگەڵ بنەما رەوشتی و پەروەردەییەکانی ئەو دا دەدەگونجا.

**لیسینگ**Gotthold Ephraim Lessing ١٧٢٩-١٧٨١ز سەرەتا کاریگەری بۆچوونەکانی گۆتشیدی لەسەر بوو،وەلێ دواتر بە توندی دژی وەستایەوەو زۆرتر سەرگەرمی خوێندنەوەی درامای ئینگلیزی بوو.لە ساڵی ١٧٥٥دا یەکەم تراژیدیای ئەڵمانی بە ناوی(خاتوو سارە سمپسۆن Sara Miss Sampson) بڵاوکرایەوە و هاوکات زاراوەی (درامای بۆرژوازی)ی داهێنا، ئەمەش بۆ ئەوە بوو،ویستی لەو بنەما کۆنانەی پێشتر هۆراس بۆ درامای دارشتبوون،دەبێ پاک بێگەردی جۆرەکان هەبیت بەو مانایەی تراژیدیا و کۆمیدیا وەکو دوو هونەری جودا نابی تیکەل بەیەک بکرێن،چونکە هەریەکەیان نوینەرایەتی پینیکی ئابووری و کۆمەلایەتی جیاواز دەکەن، واتا تراژیدیا ناوەرۆک و کەسەکان لە میرو پاشاکانن و کۆمیدیا کەسەکانی لە چینی سادەی خەلکە و گوزارشت لە خەمەکانی ئەوان دەکات.بەلام لیسینگ ئەو

کۆتـــەی شـــکاند و ل درامـــای بۆرژوازیـــدا باســـی کێشـــەو گرفتارییەکانی خانەوادەیـەک دە;کات،باوک و کچـەکەی.هـەروەها ئەوەشـی رەتکردەوە لـە سـەرەتا تـا کۆتـایی بـە یـەک ئاراستەدا بڕوات،بۆیە دیمەنی تراژیدیشی تیدا بوو کۆمیدیاشی تیدا بوو یان کەسایەتییەکە تـا کۆتـایی کەسێکی بـاش بێت یان خراپ، چونکە دواجار ئەگەر هەڵەیەکیش رووبدات پێوەندی خیزان تێک ناچێت.



**لیسینگ**

هەروەها لیسینگ لە ١٧٦٧دا درامایەکی کۆمیدی نووسی(مینا فـۆن پـارنهێلم Minna von Barnhelm ).لـەو درامایـەدا بـە پێچەوانـەی دراماکـانی ئـەو سـەردەمە زۆربـەی کـات بـاس رابردوویـەکی دووریـان دەکرد،بـەڵام ئـەم درامایـە ثیوەنـدی بـە ژیاننامەی خۆیەوە هەبوو،بە تایبەتی ئەو حەوت ساڵەی وەکو سـەرباز بەشـداری شـەڕی نەمسـا و پروسـیا(١٧٥٦-١٧٦٣)ی کردووە.بە هۆی رەخنەکانی لیسینگ،کە هەمیشە رەخنەی ئەوە

دەگرت خەمساردن و شانۆیەکی ئەڵمانی پێشکەوتوویان نییە،لە ساڵی ١٧٦٧دا شانۆی نەتەوەیی ئەڵمانی لە شاری هامبۆرگ دامەزرا و خۆیشی سالانیک بووە راوێژکاری ئەو شانۆیە.

سالانی دواتر بە شێوەیەکی فراوانتر گەڕایەوە سەر دەقە کلاسیکییەکان و لە ١٧٧٢دا درامای تراژیدیای (ئەمیلیا گالوتی)ی نووسیوە،کە بە سەرەتای درامای سیاسی لە ئەڵمانیا دادەنرێ.لە بنچینەدا لە مێژووی رۆمانی وەرگرتووە.

لە سەردەمی روناکبیریدا رۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبیی تازە دەرکەوت. **فریدریش فۆن بلانکنبۆرگ** Christian Friedrich von Blanckenburg ١٧٤٤ -١٧٩٦ز یەکەمین تیۆری سەبارەت بە رۆمان لە کتێبێکدا (چەند هەولێک بۆ رۆمان)نووسیوەو تیایدا بە پشت بەستن بە رۆمانی ئینگلیزی وەکو سەرچاوەیەک جیاوازی نێوان داستان و رۆمان دیاری دەکات و دەڵی داستان شیعری پیدا هەلگوتن و کارو کردەوەی قارەمانی و پاڵەوانبازییەو بە روانینێکی گشتی سەیری مرۆڤ دەکات،بەلام رۆمان هەست و نەستی مرۆڤەکانە لە ناوەوە.لە لایەکی دیکەوە رۆمان بە شێوەیەکی پێشکەوتووی داستان دادەنێ. هەروەها رۆمان ئامانجێکی پەروەردەیی هەیەو دەشێ خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا بچێتە هەمان حاڵەتی ئەو کەسایەتییەوەو هەست بە وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانە بکات.

لە ١٧٣١-١٧٤٣ رۆمانی (سەرابی دەریاوانێکی سەیر) لە نووسینی **گۆتفرید شناپل** Johann Gottfried Schnabel ١٦٩٢-١٧٥٠ز بلاوکرایەوە. ئەم رۆمانە بە هەمان شێوازی (رۆبنسۆ کرۆزۆ)ی (**دانییل دیڤۆ**)ی ئینگلیزی کۆمەلێ رووداوی خەیاڵی و

سەرەڕۆیی دەریاوانی لەخۆگرتووە.لەم رۆمانەدا وێنەیەکی جیاوازی ژیانی رۆژانەی سەدەی هەژدەهەمی ئەوروپا پیشان دەدات. چەند کەسێک لە دوورگەیەگی دوورە دەست دادەبەزن،کە پێیدەڵێن (پەناگەی دڵسۆزان) تووشی خەڵکانێکی تازە دەبن و چیانی ئەوروپایان بۆ دەگێڕنەوە تا ئەو ساتەی بەجێیان هێشتووە.رەخنەیە لە بۆرژواکان،کە چۆن لە ژیانی خۆیان رادەکەن.لە هەمان کاتدا رەنگە کاریگەری کتێبی (دیکامیرۆن)ی (پۆکاشیۆ)یشی بەسەرەوە بێت،کە ئەو سەد چیرۆکەی حەوت کچ و سێ کوڕ لە دوورگەیەک دەیگێڕنەوە.

**کریستۆف مارتین ڤیلاند** لە ١٧٦٦دا رۆمانی(چیرۆکی ئاگاتۆن)دا وەکو رۆمانێکی پەروەردەیی نووسەوەو ناوەرۆکەکەی لە گریکەوە ەرگرتووە.لەم جۆرە رۆمانەدا کەسایەتی پاڵەوان وردە وردە گەشە دەکات و رووداوەکان وا دەچنە پێشەوە تا هاوسەنگییەک لە نێوان خود و ئیرادەی خۆی درەست دەکات و رووەو رەوشت بەرزی و چاکە بکاتە دروشمی خۆی بۆ داهاتوویەکی جوان بۆ مرۆڤایەتی.

## کۆمەڵەی زریان و هەڵچوون

ئاکامی قۆناغی رووناکبیری بووە ڕیگەخۆشکەر بۆ تازەگەری و لەدایکبوونی کۆمەڵەی زریان و هەڵچوون Sturm und Drang یان رۆمانسیزمی ئەڵمانی.

شۆڕشی گەنجەکان دەستی پێکردو ئەو بنەمایانەی پێشوویان رەتدەکردەوە،کە عەقڵ بکریتە سەنگی مەحەک و لایەنی پەروەدەیی و رەوشت ببیتە بنەڕەتی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ئیتر گرنگی بە تاک و خودی کەسەکان بدرێت و گەڕانەوەیەک

بێ بۆ هەست و سۆز و ئەندێشە. بە واتایەکی دی مرۆڤ خۆی فەرمان بەسەر عەقڵ و هەست سۆزی خۆیدا بکات.ئەم ناوە لە شانۆگەرییەکی **فریدریش ماکسمیلیان کلینگەر** Friedrich Maximilian Klinger بە ناوی(ئاژاوە)ەوە وەرگیراوە.

نووسەر دیارەکانی ئەو ماوەیە(١٧٦٧-١٧٨٥ز) بریتی بوون لە:گۆتە و شیلەر و لینز و کلینگەر و بێرگەر و گرشتبێرگ و هامان و هاینزە و هێردەر.

ساڵی ١٧٧٣ **یۆهان گۆتفرێد هێردەر**Johann Gottfried Herder ١٧٤٤- ١٨٠٣ز کتێبی(دەربارەی هونەر و ئەدەبی ئەڵمانی)بڵاوکردەوە،کە ئەم کتیبە بە مانیفێستی کۆمەڵەی زریان و هەڵچوون دادەنرێ.



**هێردەر**

لەو کتێبیەدا،کە وتارێکی (گۆتە)یشی لەمەڕ هونەری تەلارسازی ئەڵمانییەوە تێدایە، هێردەر باسی گرنگی زمای نەتەوەیی دەکات و پێیوایە کە باسی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک دەکرێ ناشێ زمانەکەی لەبەرچاو نەگیرێ.هەروەها بە پێویستی

دەزانێت چیدی خۆیان بە یاسا و بنەماکانی ئەدەبی فەرەنسییەوە نەبەستنەوە.

ئـــەو گرنگـــی پێدانـــەی هێـــردەر بـــۆ مەســـەلەی زمـــان وایکرد.(هامـان)یش پشـتگیری بکـات و بڵێـت هونـەری شـیعریی بنەڕەتەکـەی زمانـەو هیچـی دی.هـەروەها هێـردەر، چونکـە لـە خانەوادەیەکی هـەژاردا پـەروەردە بووە گرنگی بە زمانی میللی داوە و گۆرانی فۆلکلۆریشی بڵاوکردۆتـەوە.تەنانـەت کتێبێکی دی بـــە ناوی(چارەســـەری بنەچـــەی زمـــان) لـــە ســـاڵی ١٧٧٢دا بڵاوکردەوە.

نووســەرانی ئــەو ماوەیــە ناویــان لــە میانــەی بلیمەتەکانــدا دەژمێردرێن،لەبـەر ئـەوەی کەسـانی لێهاتوو و شـارەزا بـوون و هەمیشـە بـەدوای رەگ و ریشـەی شـتەکاندا دەگەڕان.هـەر ئـەو هەسـتە و ریزەیـان بۆ بلیمـەتی وایکردبـوو رێزیکی تایبـەتی لـە بەرهەمـەکانی شەکسـپیر بگـرن و تەنانـەت (گۆتـە) وتـارێکی بـە ناونیشـانی(لە رۆژی شەکسـپیردا) نووسـی.هەروەها سەرسـام بوون بە پرۆمیسیۆس چونکە لەبەرامبـەر دسـەڵاتی خواوەند دا وەستایەوە.

دیـارترین ژانـری ئـەدەبی ئـەو کـات شـانۆ بـوو. واتـا گرنگـی زۆریـان بــە پەخشــان دەدا بۆئــەوەی باشــتر گوزارشــت لــە بۆچوونـەکانی زریـان و هـەڵچوون بکەن.هـەر یەکـە لـە گۆتـەو ڤیلهێلم فۆن گرستنبێرگ و گۆتـەو هێردەر و لینتس هـەموویان روویــان نووســنی شــانۆیی کردبــوو و بنــەماکانی دراماکــانی شەکسپیریان بۆخۆیان کردبووە سـەر مەشق. زۆرجار کۆمیدیا و تراژیدیاشیان تێکەڵ دەکرد گرنگ نەبوو بەلایانەوە.لە جیاتی

گرنگی بە پاراستنی یەکەکانی رووداو و کات و شوێن بدەن زیاتر پەرۆشی پێکەوە گریدانی و گونجانی بەینی جەماوەر و نووسەر بوون یان نێوانی ئەدەب و واقیع بوون.باشترین نموونەی ئەو شانۆییە نوێیە شانۆیی(گۆتس فۆن بێرلشینگنی خاوەن دەست ئاسنین)بوو، کە گۆتە لە سالی ١٧٧٣دا نووسویەتی. ئەم شانۆییە رەهەندێکی مێژوویی هەیە و باسی شەڕی جووتیاران لە ساڵی ١٥٢٥ز دەکات.



**گـۆتە**

بێجگە لە رەهەندی مێژوویی جۆرێکی دیکەی شانۆیی سەریهەلدا، ئەویش شانۆیی (تراژیدیای بۆرژوازی)یە.زیاتر ئەو مامۆستایانەی دەرسیان بە بەچکەبەگزادەکان دەگوتەوە دەبوونە پالەوانی ئەو شانۆییانە.

چەندین نووسەر دەستیان بە نووسینی ئەو جۆرە تراژیدیایە کرد،لەوانە شانۆیی(منالکوژ)ی **هاینریش لیۆپۆلد ڤاگنەر** Heinrich Leopold Wagner ١٧٤٧-١٧٧٩ز لە سالی ١٧٧٦و درامای (دز)ی **شیلەر** Johann Christoph Friedrich von Schiller شانۆیی (دز)ی لە

١٧٨١و شانۆیی (پیلان و ئەڤین)ی لە ١٧٨٤دا نووسیوەو لە هەردووکیاندا باسی جیاوازی چینایەتی دەکات،هەر ئەمەش بۆتە هۆی شکست لە ئەڤینداریدا.

جیاوازی شیلەر لەگەڵ لینزJakob Michael Reinhold Lenz ١٧٥١-١٧٩٢ز دا لەمجۆرە درامایەدا ئەوەیە،کە شیلەر ناوەرۆکی بەرهەمەکانی زۆربەی ئەزموونی ژیانی خۆیەتی،بەڵام لینز ئامانجی سەرەکی بابەتەکانی جۆرە شۆڕشێکەو داوای گۆڕینی دەسەڵات دەکات.

بەرهەمێکی دیاری ئەو سەردەمە رۆمانە بە ناوبانگەکەی گۆتەیە Johann Wolfgang von Goethe بەناوی(ئازارەکانی ڤارتەری لاو)[1]،کە نموونەی داهێنانی ئەو کاتەیە.

---

[1] : ئەم رۆمانە تەرجەمەی زمانی کوردی کراوە، بڕوانە:گۆتە، ئازارەکانی ڤارتەری لاو،وەرگێڕانی هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم، دەزگای ئاوێر، هەولێر،٢٠١٨.

## گۆتە نموونەی بەرزی کلاسیکی هاوچەرخی ئەڵمانی

گۆتە نووسەر و ئەدیب و نیگارکێش و مافناس ومرۆڤناس و فەیلەسووف و سیاسەتمەداری ئەڵمانی بوو ، یەکێکە لە پایە هەرە بڵندەکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانی و ئەدەبیاتی جیهانی بەگشتی.

ژیانی لەنێو هەردوو ڕێبازی کلاسیزم و ڕۆمانسیزمدا بەسەر بردووە، سەرەتا لە بزاڤی(زریان و هەڵچوون)دا بووە و پاشان لە ڕۆمانسیزم هەڵگەڕایەوە و گوتی: ڕۆمانسیزم نەخۆشییە، زۆر کاریگەر بووە بە شیلەر و ڕۆسۆ و ئەدەب و کلتوری خۆرهەلات بەتایبەت شیعرەکانی حافزی شیرازی و زمانی عەرەبی و عیبری[١].

لەلای باوکی و مامۆستایەکی تایبەت زۆربەی زانستەکانی وەرگرت، بەتایبەت زمانەکانی لاتینی و یۆنانی و فرەنسی و ئینگلیزی و عیبری بەچاکی فێرببوو.

گۆتە لەنێوان سالانی ١٧٦٥-١٧٦٨دا لە لایپزگ چووە بەر خوێندنی یاسا و لەساڵی ١٧٦٨ دا گەڕایەوە شوێنی لەدایکبوونی بەبێ ئەوەی زانکۆ تەواو بکات، لە ساڵی ١٧٧١ دا دووبارە چوویەوە بەر خوێندن و لە ساڵی ١٧٧١دا لە زانکۆی ستراسبۆرگ بەکالۆریۆسی لە یاسا وەرگرت و لە ١٧٧٥دا چووە ڤایمار و لەوێدا بۆماوەی دە ساڵ بووە وەزیری دەوڵەت پاشان

---

[١] : بۆ کاریگەری گۆتە بە جیهانی ئیسلامییەوە بڕوانە:کاتارینا مومزن،جوتە والعالم العربي،ترجمة د.عدنان عباس علي،مراجعة د.عبدالغفار مكاوي،سلسلة عالم المعرفة ١٩٤،الكويت،١٩٩٥.هەروەها بڕوانە: محمد حسين حدادى"تأثير حافظ و عشق عرفانى در خلق ديوان غربى- شرقى گوته،مجله پژوهش ادبيات معاصر جهان،دانشگاه تهران،دوره ٧،شماره ١٢،بهار و تابستان ١٣٨١.

تا ساڵی ١٧٨٨ چووە ئیتاڵیا و لەوێدا ڕووی لە هونەر و پەیکەرتاشی کرد و سەرقاڵی کارەکانی مایکل ئانژ و ڕافایل بوو، لە ١٧٨٨دا گەڕایەوە ڤایمار و تەواوی ژیانی لەوێدا بەسەر برد.

ئەم نووسەرە زۆرترین ڕێزی لە ئەڵمانیا لێ گیراوە و ئێستا گەورەترین پەیمانگای وڵاتەکەی بەناو کراوە و هەروەها میدالیای گۆتە هەر لەم پەیمانگایە ساڵانە بە کەسایەتییە ئەدەبییەکانی جیهان دەدرێت،کە لەو ماوەیەدا ئەم پەیمانگایە دووبارە بەرهەمەکانی کۆکردۆتەوە و بە ئۆنلاین بڵاویکردۆتەوە، کە تەنیا نامەکانی ٥٦بەرگە و تا ئێستا پێنج بەرگی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆمانی ئازارەکانی ڤارتەر نموونەیەکی بەرزی دەبڕینی هەستی شاراوەی پڕ لە عیشق و ئەوینی پارتەرە،کە ڕەنگی بەشی زۆی ڕۆمانەکە یادداشت و بیرەوەرییەکانی ژیانی گۆتە خۆی بێت.وێنەیەکی وردی باری دەروونیی پاڵەوانەکانی کێشاوە.هەروەها وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆی کێشاوە.ڤارتەر کەسێکە هەستیکی جوانی هەیەو دڵی پڕ لە عەشق و ئەوینەو چێژ لە جوانی و پاک و بێگەریی سروشت وەردەگرێت.هەوڵدەدات کەچی ناتوانێ ئەو هەست و سۆزەی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی دەرببڕێ.کەسێکە نیگەران و ڕاڕایە و دواجار ناتوانێ لەوە زیاتر بەرگەی عەشقەکەی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەی بگرێ و بە ویستی خۆی خۆی دەکوژێ. لە شێواز و تەکنیکی نووسینی ڕۆمانەکەی سوودی لە هێردەر وەرگرتووەو هەوڵیداوە بە زمانیکی شیعری و بە

شـــێوەی یـــادەوەری ڕۆژانـــە ڕۆمانەکـــەی تراژیدییەکـــەی بنووسێت.بۆ نموونە:

**بیست و دووی مەی**

ژیانی مرۆڤ لە خەون دەچێت، ئەم ڕاستییە لەپێش منیشدا کۆمەڵە کەسێک وتویانە و ئەم هەستە بەردەوام لە ناخی مندایە، ئاە ڤیلهێلم، هەر جارێک چەند لەمپەرێک دەبینم، کە هێزە چالاک و بزۆکەکەی مرۆڤ سنووردار دەکات، هەر جارێک کە دەبینم ئەم هێـــزە گەورە و بەتوانـــایە ڕاســـتەوخۆ بـــۆ دابینکردنـــی خواســـتگەلێک بەفیـــڕۆ دەدرێـــت ، کە هـــیچ ئامـــانجێکی، جـــگە لە بەردەوامیـــدان بەم ژیـــانە گەوجـــانەیە نیـــیە و لەپاشـــانیش ئاســـودەییەکی ڕووکەشـــانە، کە لە مەبەســـت و مەرامێکـــی ئەم گەڕان و هـــاتوچۆیەدا بەدەســـتهاتووە جـــگە لە نـــامورادییەکی خەونئاســـا شـــتێکی دیـــکە نیـــیە، چـــونکە مـــرۆڤ لەســـەر ئەو دیـوارانەی، کە دیلە تێیدا، بێجگە لە وێنەگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ و دیمەنگەلێکی درەوشاوە شتێکی دیکە ناکێشێت، زمانم دەگیرێت و ڕووم وەلاوە دەنـێم و جیهـــانێکی سەرســـوڕێنەر بەدەســـت دێنم!زیاتر بە هەست و چاوچنۆکییەکی کپ و ناڕوون تائەوەی بەشکڵێکی دیار و بە توانایەکی جووڵاو، پاشان جیهان بەشێوەی ئاڵۆز و نادیار دەبینم و نوقمی خەون پێی پێدەکەنم.

لەبارەی ئەمەوە،کە منداڵان هۆکاری ئارەزووەکانی خۆیان نـازانن گشت فێرکاران و پەروەردەکارانی ڕۆشـنبیر کـۆک و هـاوبیرن ، بەڵام هیچ کەسێک نایەوێت ئەم شتە باوەڕ بکات و لەڕوانـــگەی مـــنەوە ئەوە بە تەواوەتـــی ڕوونە، کە کەســـە پێگەیشتووەکانیش وەکو منداڵان لەم جیهانەدا بەخاو و خلیچکی

ڕێگا دەکووتنەوە و هیچ شتێک لەبارەی هەڵوێست و مەرامی خۆیان نازانن و بۆ بەدەسهێنانی ئامانجە ڕاستەقینەکان تێناکۆشن و بە حەلوا و شیرینی و حەیزەران فەرمانڕەوایەتییان بەسەردا دەکەن.

بە مەیل و ئارەزووەوە لای تۆ دان بەوەدادەنێم، کە وەڵامی تۆ نازانم، دەڵێی بەختیارترین خەڵک ئەوانەن، کە وەکو منداڵان لە چرکەساتی ئێستادا دەژیێن، بووکەشووشەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ هەموو شوێنێک دەبەن، جلەکانیان لەبەر دادەکەنن و جلی دیکەیان لەبەر دەکەن و بە وریاییەکی زۆرەوە بەدوای چەکمەجەیەکدا دەڕۆن، کە دایک شیرینییەکانی تێیدا شاردۆتەوە و دەرگاکەی کلۆمداوە و هەر جارێک بە تامەزرۆییەوە دەگەنە مەرامی خۆیان بە دەمێکی پڕ لە شیرینییەوە هاواردەکەن: دیسان پێمان بدە! ئەمانە کۆمەڵە کەسێکی بەختەوەرن، هەروەها کەسانێک بەخت یار و یاوەریانە، کە کارە گەمژەییەکانی خۆیان، یا تەنانەت هەستەکانی خۆیشیان زۆر بە گەورە دادەنێن و ئەوانە مایەی ڕزگاری و شادمانی جۆری مرۆڤن، هەر بۆیە کە ئەم کارانە بە کاری زۆر گەورە ناودەنێن، خۆش بەحاڵی کەسێک، کە بتوانێت بەم جۆرە بێت! بەڵام ئەو کەسەی بەبێ فیزییەوە دەزانێت مەبەست لەم هەموو شتە چییە، ئەو کەسەی، کە دەبینێت هەر هاوڵاتییەک دەخوازێت باغچە بچووکەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ بەهەشتێک و بینەوایەک، کە بێ هیچ زەحمەتییەک، بەڵام بەدەم ناڵینەوە بارێکی قورس بەسەر کۆڵی خۆیدا دەدات و ڕێگای خۆی دەکوتێتەوە و هەردووکیشیان حەزدەکەن چرکەیەک زیاتر و زووتر ڕۆژ هەڵبێت و تیشکی

خۆر ببینن، خۆی بێدەنگ و خامۆشە و جیهانی خۆی لە ناخی خۆیدا بنیات دەنێت و بەخت یار و یاوەریەتی، چونکە مرۆڤە، لەپاشاندا بەهەر ئەندازەیەک دیل بێت، بەردەوام لە دڵدا هەست بە شیرینی ئازادی دەکات و ئەم هەستەی هەیە،کە هەر چرکەیەک ئارزوو بکات، دەتوانێت ئەم زیندانە جێبهێڵێت و ماڵئاوایی لێبکات.

گۆتە بێجگە لە رۆمان و شانۆ چەندین شیعر و قەسیدەی نووسوە.کە تیایاندا هەستو چێژبینین لە ئیستاتیکای هونەر و پەیکەرسازی و هونەری تەلارسازی دەبڕیوە،وەکو قەسیدەکانی(گۆرانی مایۆ) و (پێشوازی و ماڵئاوایی)و...هەندێ لە قەسیدەکانی وەک شاعیری گریکی پندار (٥٠٠ پ.ز.)سروشایکی سیاسییان هەیە. بە تایبەتی چامەی شیعری پرۆمیسۆس کە لە رووی خواوەند دا وەستایەوە.

## سەردەمی کلاسیکی هاوچەرخ ۱۷۸٦-۱۸۰٥

ئەم قۆناغەیش هەر لە چارچێەی سەدەی هەژدەهەمدایە و بە تایبەتییش دوو کەسایەتی ئەدەبی گۆتەو وشیلەر نوێنەرایەتی دەکەن.ئەم دوو نووسەرەو بە تایبەتی گۆتە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیش کاریگەری لەسەر زۆرێک لە نووسەران هەبوو و بەشێک لە ئایدیا جوانیناسییەکانی ئەو ئەمڕۆیش جێگەی مشتومڕە[١].

بەر لە هەر شتیک مەبەست لە بەکارهینانی زاراوەی کلاسیک یان کلاسیزم چیە؟

مەبەست لەو چەمکە ئەوەیە پێشتر لە سەردەمی روناکبیری ئەڵمانی عەقڵ وەکو پێوەرێک دیاریدەکرا و دواتر لە سەردەمی بزاڤی (زریان و هەڵچوون)دا عەقڵ فەرامۆش کرابوو و زیاتر هەیت و سۆز و خەیاڵ ببوە ماکی سەرەکی ئەدەبیات.لە دوای ساڵی ۱۷۸٥ەوە لەلایەن نووسەرانەوە هەوڵدەدرا هەڵوێستیکی میاترەو وەربگرن و جارێکی تر بە روانینێکی سەردەمیانەوە ئیلهام و سوود لە نموونە بەرزەکانی گریک و رۆمان وەربگرن.بە تایبەتی بڵاوبوونەوەی کتێبی( تێڕوانین لە لاساییکردنەوەی بەرهەمە گریکییەکان لە هونەری وینەکێشان و تەلارسازی)نووسینی **یوهان یواخیم فینکلمان** Johann Joachim Winckelmann ۱۷۱۷-۱۷٦۸ز لە ساڵی ۱۷۷٥دا کاریگەرییەکی

---

[١]: بهزاد کشمیری پور، نگاهی به تاریخ ادبیات المانی، لە ئینتەرنێت بڕوانە: https://www.dw.com/fa-ir

زۆری بەسەر کلاسیکی هاوچەرخی ئەڵمانییەوە هەبوو.ئەم نووسەرە سەرەتا لە شاری درایسدن هونەری گریکی و رۆمانی خوێندووە و دواتر سەفەری ئیتاڵیای کردووە.وایکرد لایەنی هارمۆنیی خود و ئیستاتیکا پێکەوە بگونجێنێ.بۆیە دەڵێت:ئەگەر چاومان لەوە بێت ببینە کەسانێکی مەزن دەبێ لاسایی کەسانی پیشخۆمان بکەینەوە و لەسەر رێی ئەوان برۆین...



**فینکلمان**

**گۆتە** بە سوود وەرگرتن لە کتێبەکەی ڤینکلمان و لە ئەنجامی سەفەرەکانی بۆ فەرەنسا و ئیتاڵیا و دواتریش سەرنج و تێبینییەکانی لە کتێبێکدا بە ناوی(گەشتیک بۆ ئیتاڵیا)بڵاوکردەوە ئەمانە هەمووی دوای گەڕانەوەی بۆ ڤایمار بوون بە هەوینی لە دایکبوونی چەند شانۆمامەیەکی مێژوویی و گرنگ،کە ناوەرۆکەکانی لە ئەدەبیاتی گریک و رۆمانەوە وەرگرتبوو،لەوانە(ئەڤگینیە لە تاورس) لە ١٧٨٧و ( ئیگمونت) لە ١٧٨٨و (تۆرگاتو تاسۆ)لە ١٧٩٠.

شانۆیی یەکەم لە (یۆربیدس)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە،کە لە سەدەی پێنجەمی پیش زاییندا ژیاوە ئەوەی دووەمیان لە شەڕی رزگاریخوازیی هۆڵەندا بۆ سەربەخۆیی لە دژی ئیسپانیا وەرگیراوە.واتا ئیگمونت پاڵەوانێکی مێژوویی هۆڵەندییەکانە. ئەوەی سێیەمیان تاسۆ کەسایەتییەکی مێژووییەو لە کۆشکی پاشا لە فیرارا ژیاوە.شانۆییەکە کێبەرکێ و نەیارییە لە نێوانی تاسۆی شاعیر و ئەنتۆنیۆی پیاوی دەوڵەت.لە کۆتاییدا تاسۆ بۆی دەردەکەوێت ناتوانی هونەر و واقیع پێکەوە کۆبکاتەوە:

**مرۆڤ کە لە ناو ئازارەکانیدا بێدەنگە**

**خوایە قوەتمدە ئازارەکانم دەبڕم**

لە چوارچێوەی شیعری شیوەندا،لە ساڵی ١٧٩٦دا گۆتە (فەرمانێک لە شاری ڤینیسیاوە)ی وبڵاوکردەوە،ئەم بەرهەمە سەد و سێ قەسیدەی کورتە لەسەر شێوەی شیعری شاعیری رۆمانی مارتیل نووسراوە.ئەو قەسیدانە گوزارشت{کی هەستە شاعیرە بۆ خەشی و ناخۆشی ئەو کاتەی لەو شارەدا ماوەتەوە.

لە شاری ڤایماریش (گۆرانییەکان)ی بڵاوکردەوە، کە کۆمەڵێ قەسیدەن بۆ جوانی سروشت و دڵرفێنی رەنگینی ناوشەکەیەو هەستی شاراوەی خۆی تێدا بەرجەستە دەکات.لە شیعری گۆرانی رێبوارێکی شەودا دەڵێ:

**ئەی گەوەری هێزی ئاسمان**
**ئەی سارێژی دەرد و زامان**
**دڵخۆشکەری دڵی کلۆڵان**
**ئای کە ماندووم لە گەڕان**
**چییە چێژی رەنج کێشان**
**ئەی ئاشتی دڵ شیرین**

**وەرە نێو دڵی پڕ برین**

قەسیدەی **لەیەکچوون**-١٧٨٠
**لەسەر هەموو دوندێك**
**هێمنی،**
**لەسەر چڵی بەرزی درەختان**
**هەناسەیەك نایە**
**مەلە چکۆڵەکانیش**
**جریوەیان نایە**
**دەسا تۆیش ئارامبە**
**چاوەڕوانی کۆتایی نایە**

(شیلەر)یش لە ساڵی ١٧٨٠دا شانۆیی(دۆن کارلۆس،کوڕی ئیسپانیا)ی نووسیوە.ئەم شانۆییە مێژوویە و باس لە رەوشت بەرزی و بەها باڵاکان دەکات،بە تایبەتی بابەتی ئازادی مرۆڤ و کۆت و پێوەندەکانی و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی دەخاتە بەرباس.

لە ساڵی ١٧٨٨دا قەسیدەیەکی فەلسەفی(خواوەندەکانی یۆنان)نووسوەو تیایدا باسی ئەزموونی کەسیی خۆی ناکات،بەڵکە باس لە نزیک بوونەوەی خواوەند و مرۆڤ دەکات. دەڵێ:

**بەڵی گەڕانەوە ماڵێ،هەموو شتێکیان برد**
**جوانی**
**هەموو شتە بەهادارەکان**
**هەموو رەنگەکان**

**هەموو دەنگەکانی ژیان**
**جا چیترمان ماوە**
**تەنیا پەپڤێکی بێ گیان**

ئەم قەسیدەیەی شیلەر لە کاتی خۆیدا هەراو کێشەی نایەوە،وەها راڤەکرا، کە گاڵتەی بە یەزدان کردووە.

هەر لە ساڵی ١٧٨٨دا قەسیدەی(هونەرمەندەکان)ی نووسی.لەم قەسیدەیەدا باسی ئەرکی هونەرمەند لە دروستکردنی چێژ وجوانی لە ناخی خەڵکدا دەکات.لە هەمانکاتدا پابەندبوونی هونەرمەند بە ئەرکی پەیامی  پەروەردەیی و رەوشتی هونەرەوە.هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ١٧٩٣دا و بۆ بەهای جوانی و بە پشت بەستن بە بۆچوونی کانت لەبارەی جوانی وتاری(نیانی و کەرامەت)ی نووسیوە.لەم وتارەدا خۆی بە پێشەنگی تیۆریستانی جوانیناسی دەناسێنی و بە پێچەوانەی کانت، هەموو کار و هەڵوێستێکی رەوشتی بە جوان دەبینێ.

لە ساڵی ١٧٩١دا هەندێ سەرنج و نێبینی خۆی لەسەر قەسیدەکانی بۆرگەر نووسیوەو رەخنەی لێدەگرێ و دەڵێ نابێ لە پێناوی بەدەسهێنانی ئارەزووی زۆرترین جەماوەر پرەنسیپەکانی هونەر فەامۆش بکرێت.

لە سالی ١٧٩٤ گۆتەو شیلەر یەکتریان ناسی و پێکەوە چەندین قەسیدەی ساتیرییان لەسەر شاعیرانی ئەو دەمە نووسیوە.

**فریدریك شلیگڵ** وتارێکی بەناونیشانی(دەربارەی شیعری درامی و چیرۆکئامێز)کردەوەو لەهەمان کاتدا واتارێکی رەخنەییشی لەسەر داستانی (هێرمان و دۆرۆتە)ی گۆتە

نووسیوە.ئەم داستانە لە بنەڕەتدا لە ٩ گۆرانی پێکهاتووەو هەر گۆرانییەکی لەبارەی یەکێک لە خواوەندەکانی هونەرە.چیرۆکی خۆشەویستی ئەو دووانەیە.کەسایەتییەکانی ئەم چیرۆکە هەریەکەو سیفەت و خەسڵەتی خۆی هەیە.دایکی هێرمان کەسیکی تیگەیشتووە.هێرمان لە قسەکردندا بە توانایە...هتد.

بێجگە لە شانۆ رۆمان ژانرێکی دیکەی پەروەردەیی و فێرکاری گرنگ بوو.لە ساڵی ١٧٩٥دا رۆمانی(ساڵانی خوێندنی ڤیلهێلم)ی گۆتە،کە رۆمانێکی پەروەردەییەو کۆمەڵەیەکی تیایەو ناویان لەخۆناوە(کۆمەڵەی قەڵا) و ڤیلهێلم لە ریگەی شانۆوە پەروەردە دەکەن و وردە وردە دەبێتە کەسێکی کارا لە کۆمەڵدا.

**گۆتە** لە پێناسەی رۆمان درامادا دەڵێ:رۆمان وێنەی رووداو و ناخی کەسەکانە،بەڵام دراما وێنەی کەسایەتی و کردەوەکانیانە.

لە ساڵی ١٧٩٨ بە دواوە کە وردە وردە ریبازی رۆمانسیزم جێگەی بە کلاسیزمی هاوچەرخی لەق دەکرد و شۆرشی فەرەنسی زۆر شتی گۆڕی، گۆتە ناڕازی بوو و رەخنەی لە نووسەرانی رۆمانسیزم دەگرت و پێیوابوو کلاسیزم ریبازێکی دروستەو رۆمانسیزم رێبازێکی نەخۆشە. تەنانەت گۆتە پشتگیری شۆڕشی فەرەنسیشی نەکردووەو دەڵێ هەموو شتیک بە شەڕو شۆڕ بەدەست هاتبێت ئەوا دژی رۆحە.

**گۆتە** لە ساڵی ١٨٠٩دا بە سوود وەرگرتن لە فەلسەفەی زانستی رۆمانی(بەکێشکردنی ئارەزوومەندانە)ی نووسی.هەولێداوە دەسکەوتەکانی زانستی کیمیا لەگەڵ پێوەندی مرۆڤایەتیدا بگونجێنی. بیرە زانستییەکە ئەوەیە،کە دوو توخم

یـەکگرتوو بــە هــاتنی تــوخمی ســێیەم لــەناکاو لــە یــەکتر جیادەبنەوە.لـــە ڕۆمانەکەشـــدا شـــارلۆتەو ئێـــدوارد دوو هاوسەرن.دواتر ئۆتیلیەی کچی برازی شارلۆتە و فەرماندەیەکی سوپا دێنە ناوەوە......

لـە ١٨٢١دا گۆتـە ڕۆمانی(سـاڵانی گـەڕانی ڤێلهـێلم ماسـیتەر) یان( موزیکژەنەکانی ژیان)ی نووسی.دیسانەوە باس و هـەوڵ و گۆڕانی هەڵوێستەکانی مرۆڤ لە ژیتندا دەکات. لـەم ڕۆمانەشـدا ڤێلهێلم دەگۆڕیت و دەبێت بە پزیشک و کەسێکی بە سوود لۆ کۆمەڵ.

## ماوەی گواستنەوەی نێوان کلاسیزم و ڕۆمانسیزم١٧٩٣-١٨١١

هەنـدێک لـە نووسـەران لـە کۆتـایی سـەدەی هەژدەهەمـدا دەرکەوتن،واتا ناوەرۆکی بەرهەمەکانیان بە تـەواوی کلایکە نین و بـە تــەواویش هێشــتا ڕۆمانســیزم نــەببووە ڕێــازێکی بــاوی سەردەم"بۆیە دەکرێ ئەوانـە بە قۆنـاغی گواسـتنەوەی کلاسـیزم بۆ ڕۆمانسیزم لە قەەم بدرێن.

**فریـدریك هۆلـدرلین** Johann Christian Friedrich Hölderlin ١٧٧٠-١٨٤٣ز. یەکێکـە لـە شـاعیرە زۆر بـە توانـاو بـەهرەدارەکانی شـیعری ئـەڵمانی بـەرهەمـەکانی بـەهۆی ئـەوەی توانـای خـەیاڵی داهینەرانـەی بەهێزی بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی خەیاڵ و سروشت لـە وێنەیـەکی داهێنەرانـەو دەربڕینی خود و بیری ئایدیالیستی ئـەو زۆر نزیکە لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمەوە،



**فریدریك هۆڵدرلین**

تەنانەت لە هەڵبژاردنی فۆرمی شیعریشدا شیوەن و لیریکایی هەڵبژادووەو فۆرمی شیعریی ئۆد Odeی بەکارهێناوە.

ئەو فۆرمە بەو قەسیدە ئاهەنگسازی و لیرکیانە دەوترێت، کە پێشتر لەلای گریکەکان لە بۆنە ئاییینییەکاندا بەکارهاتووەو دواتر لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی (کلوپشتۆک) گەشەی کردووە.هەر کۆپلەیەکی سێ یا چوار دێڕە وهەمان کیشی تیا بەکاردێت و ریتمێکی مۆسیقی هەیە.

هۆڵدرلین قەسیدەیەکی بەناوبانگی بە ناونیشانی(نان وشەراب Brot und Wein)ەوە هەیەو تەرجەمەی زۆر زمان کراوە. عبدالرحمن بدوی تەرجەمەیەکی زۆر ناوازەی بۆ زمانی عەرەبی کردووە.[١]

بایەخی ئەو شاعیرە لە رووی هونەری شیعری و فەلسەفییەوە ئەو کاتە زۆرتر دەرکەوت،کە هایدگەر گەورە فەیلەسوفی بوونگەرایی زۆر واتای قووڵ و شاراوەی تیا دۆزییەوە و ناوی لێنا (گەوهەری شیعر).

---

[١] : عبدالرحمن بدوي، في الشعر الاوروبي المعاصر،مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦٥، ص ٣٢-٤٨.

ئەو قەسیدەیە لە ٩ پاژ پێکهاتووەو دەڵێ نان و شەراب دوو نیعمەتی خوداییین.

لە یەکەمین رۆمانی خۆی بەناوی(هێبریۆن)دا لە ساڵی ١٧٩٩دا ناوەرۆکەکەیدا پاڵەوانەکەی ناسک مەنزۆ لە وڵاتی گریکدا رووداوەکان روو دەدەن و لە کۆتاییدا پێگەی شاعیر بەرز دەنرخێنی و بە پەیامبەر ناوی دەبات. کەسایەتی دیوتیما وەکو جوانێکی بێ وینەو سەرنج راکیش دەردەکەوێت و سەرنجی (هۆڵدرلین)ی راکیشاوە و بڵێ ئەوە نموونەی ئەو جوانییەیە، کە گریک پێی سەرسام بوون.جوانیی دوو شتی دژبەیەک پێکەو قبوڵ ناکات. کەسایەتی دیوتیما لە چەندین قەسیدەدا بۆتە هەوێنی داهێنان بۆ ئەو شاعیر و نووسەرە.لە شیعری(خۆری جوان ئاوابە)دا دەڵێ:

**ئەی پێغەمبەری ئاسمان چەن تینووی دەنگتم**
**تۆ ئەی دیوتیمای ئەوین، نیگای چاوەکانم**
**سوپاسگوزاری دەکا**
**لە رۆژانی زێڕیندا کانیاوەکان بۆ ژیان هەڵدەقوڵێن**
**گوڵەکانی زەمینی تاریك هەناسەی قووڵ هەڵدەمژن**
**ئاسمان بە پەڵە هەورەکانی بزە دەکا و پیرۆزباییم لێدەکا**

لە درامای تراژیدی(مەرگی ئینبادۆقلیس) لە ١٧٩٧دا باسی کەسێک دەکا،کە شاعیر و قەشەو پزیشکێگی گریکییەو تووشی کارەساتیکی گەورە بۆتەوە. لەو شانۆییەدا راستییەک دەردەخا، کە هۆلدرلین زۆر پەرۆش و سەرسامی ئەدەبیاتی گریک بووە.

**یۆهان پاول** Jehan  Paul ١٧٦٣-١٨٢٥ز کە ناوی راستەقینەی Johann Paul Friedrich Richter نووسەریکی دی ئەو سەردەمەیە.



**یـۆهـان پاوڵ**

بەرهەمەکانی زۆرتر بە شێوەی ساتیری توانج و گاڵتـەجارین و زۆر کاریگەری رۆسۆ و نووسەرانی ئینگلیزی وەکو **ریچاردسـن** و **سـتیرن**)ی بەسـەرەوە بووە.بـە تایبـەتی سـتێرن لـە کتێبەکەی(گەشتیکی سانتمانتالی) بە خەیاڵی فراوانی خۆی و سەرسامیی بۆ سروشت بووە بنەمایەک بۆ رۆمانسیزم.

لـە شیعری(ستایشـی گـەمژەیی)دا بیرۆکەکـەی لـە (ستاشـی گێلی)ی (ئاراسمۆس)ەوە وەرگرتووە.لەدوای چەند کارەساتێکی یـەک بـەدوای یـەک وەکـو مردنـی دوو هـاورێی بەبـەرچاوی و خۆکوشتنی براکەی و کە خـەریک بوو خۆیشی سـەری لەسـەر دابنـێ ئەمانـە هـەمووی بـووە هـۆی گـۆڕینی شـێوازی ژیـان و بەرهەمەکانی و هۆشیاری ئەوی بەرامبەر بە مردن و فەنابوون گۆڕی.

قەسیدەی(ژیانی بەختەوەریی مامۆستا ماریا ڤۆتس لە ئۆنتال) لە ١٧٩١ بە دیارترین بەرهەمی شیعریی ئەو دادەنریت و لەلایەن خوینەرانـەوە بۆماوەیـەکی درێـژ جێگـەی بایـەخ بـوو. لـەم

قەسیدەیەدا چەند ساتەوەختێک لە ژیانی ڤۆتس دەخاتە روو،کە هەڵسەکەوتەکانی سەیر و غەریبن.تێڕوانینی جان پاول بۆ هونەر ئەوەیە،کە مرۆڤ هەمیشە بەختەوەر بێت.

بە شێکی تری بەرهەمەکانی رۆمانن.لە رۆمانی(ژەنەراڵ و کاردینال تیات)لە ١٨٠٠-١٨٠٣دا زیاتر بۆچوونەکانی ئەومان سەبارەت بە هونەر بۆ روون دەبێتەوە. باردۆخی هزری و سیاسی ئەو رۆژگارەی ئەڵمانیای خستۆتەروو و خوێنەر هەست بە بۆشایی ناکات و حەزی خوێندنەوەی بەردەوام لای خوێنەر دروست دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە رەخنە لە کلاسیزمی ئەڵمانی دەگریت،کە ئەو رۆژانە لە ڤایمار گەشەی کردبوو.

لە رۆمانی (ساڵانی هەرزەکاری)دا باسی پارادۆکسی بەینی خەیاڵ و عەقڵ دەکات و بۆ ئەم مەبەستە ( ڤاڵت و ڤۆلت) وەکو دووبرای دووانە وەردەگرێت.

**هاینریش ڤۆن کلایست** Bernd Heinrich Wilhelm von Kleist ١٧٧٧-١٨١١ز نووسەرێکی دیکەی ئەو ماوەیەیە.بە یەکێ لە درامانووسە بەناوبانگەکانی ئەلمانی دادەنرێ،کە تارادەیەکی زۆر کاریگەری زانست و فەلسەفەی بەسەرەوە بووە،هەروەها بەرهەمەکانی رۆسۆ یارمەتیدەربوون بۆ دۆزینەوەی هەستەکان، کە بەهای راستەقینیەی رۆحن.فەلسەفەی کانت فێری کرد شتێکی بە ناوی حەقیەقەتەوە نییە.کلایست لەوانە نەبوو، کە باوەڕی وابێ نهێنییەکانی سروشت لە دەرەوەی واقیع بێت،بە پێچەوانەوە بەرهەمەکانی لە کانگەی واقیعەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە تەمەنی ٢٥ سالییەوە دەستی بە نووسین کردووە و یەکەمین درامای تراژیدی بە ناوی(خانەوادەی شرۆڤنشتاین) لە

١٨٠٣دا بڵاوکراوەتەوە.دوو خانەوادە کێشەو دوژمندارییان هەیە،بەلام کچ و کوڕەکەیان یەکتریان خۆشدەویێت.دواجار ناگەن بە یەک و خۆیان دەکوژن.لەم درامایەو دراماکانی دواتریش بابەتی خۆشەویستی کاراکتەرەکان سیمای سەرەکی بابەتەکانە.

لە ساڵی ١٨٠٨دا لەدرامای (پنتیزیلیا)دا نووسەر جارێکی دی بە تەواوی سەربەستیی خۆی کەسایەتی (ئەخیل)ی گریکی هەڵدەبژێریتەوە.



**هاینریش ڤۆن کلایست**

لە ١٨٠٧دا لە درامای(ئەمفیتریۆن)دا هەستەشاراوە راستییەکان بە رەنگ و رووخسار هەڵناخەڵەتێ و سەردەکەوێ.ئەم درامایە جارێکی دی لە ١٨١٠دا،کە لە بنەرەتدا لە ئەفسانەیەکی کۆنی گریکییەوە وەرگیراوە،وەهای دارڕشتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ درامای کۆمیدی مۆلییردا یەک بگرێتەوە.

لە ١٨١٠دا درامای(کاتشن ڤۆن هایلبرۆن)دا چیرۆکی ئەڤینداری کاتشن و دۆق ڤۆن شترال بە هاوسەرگیری کۆتایی دێت و ئەنجامێکی دلخۆشکەری هەیە.لەم درامایەشدا جەخت

لـــەوە دەکاتـــەوە یـــەک تاکەڕێکـــە بـــۆ ســـەرکەوتنی مـــرۆڤ هەیە،ئەویش ئەوەیە خۆی بداتە دەست هەستەکانی و ئەوەندە بە قووڵی و عەقڵانی بیر نەکاتەوە.

لــە ١٨٩٧دا لــە چیرۆکی(بوومەلەرزەیــەک لــە شــیلی)دا دوو ئەڤیندار ساتیکی خۆش بەسـەر دەبەن و وادەزانن لە باخـەکانی بەهەشـتن، بـەڵام دابونـەریتی کۆمـەڵ وەکـو داوەرێـک بڕیـاری مردنیان بۆدەدەن و دەمرن.

لـــە ١٨١٠دا لـــە چیرۆکی(میشـــایل کۆلهاس)کەســـایەتییەکی زۆربـاش و تـەوانی بەرەنگاربوونـەوەی کێشـەکانی هەیـە و بـە دوای دادپەروەریدا دەگەڕێت،بەڵام کە دەزانێ ئەمە مەحاڵـە لـە کۆمەلدا بەدی بێت، بە تەواوی هەڵسوکەوتی دەگۆڕێت و دەبێتـە کەسـێکی زاڵـم و دەیـەوێ بـە شـێوەیەکی نایاسـایی بەدەسـتی بهێنیت. لە کۆتاییدا خۆی بە گوناهبار دەزانێ و ناتوانێ خۆی لـە مردن رزگاربکات.

**یۆهـان پیتـەر هێبـڵ** Johann Peter Hebel شـاعبرێکی دیکـەی قۆنـاغی گواسـتنەوەیە و لـە دیـاریترین هۆنراوەکـانی( چەنـد قەسیدەیەکی ئەڵمانی بۆ هاوڕێیانی سروشتی گوند و رەوشتیان) لە ١٨٠٣دا بڵاویکردۆتەوە.لەم هۆنراوەیـەدا جوانی سروشت بـە شـــێوەی رەمـــز و ئەفســـانەیی نمـــایش دەکات.لـــە رووی رووخسـارەوە بـە کێشـی کلاسـیکی نووسـویەتی.ئەم قەسـیدەیە میللییە جێگەی مەدح و سەنای گۆتەو جان پاوڵ بووە.

لـــە ســـاڵی ١٨٠٧دا لەگـــەڵ چەنـــد هاوڕێیـــەکی پێکـــەوە گۆڤاری(هـاوڕێی خانـەوادە لـە راینلانـد)یان دەرکردووە.لـەو گۆڤارەدا زۆر چیرۆکی پەروەردەیی پرۆتستانتی بڵاوکردتەوە.

## ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی ١٧٩٨-١٨٣٠

وردە وردە چەمكی شیعری ڕۆمانسی لە ئەڵمانیا گەشەی دەكردبە تایبەتی ئەو كاتەی فریدریک شلیگڵ بە ئاشكرا نووسی:هەموو جۆرەكانی شیعری كلاسیكی بە هەموو پاک و بێگەردییەكانییەوە ئێستا بۆتە مایەی پێكەنین.

لە ساڵی ١٧٩٧دا ئیتر چەمی شیعری ڕۆمانسی بە تەواوی خەسڵەت و بنەمای خۆی وەرگرت.زاراوەی ڕۆمانسی اەو سەردەمەدا چەندین چەمكی جیاوازی لەخۆدەگرت.زمانە ڕۆمانسییەكان مەبەست لێی ئەو زمانانە بوو لە زمانی ڕۆمانییەوە گەردانكراون.واتا ئەو زمانانەی ،كە ئەمڕۆ پێیان دەگوترێت زمانە ڕۆمانییەكان.دواتر بە ئەدەبیاتی كۆنی نووسراو بە زمانە ڕۆمانییەكان دەگوترا،كە بە كێشی شیعری كلاسیک نانووسرێن.هەروەها بە ئەدەبیاتیک دەگوترا كە خەیاڵی و سەیرو ناواقیعین.ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەبیت:قۆناغی سەرەتا و قۆناغی كۆتایی.

### سەرەتاكانی ڕۆمانسیزم

پێشەنگی ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی لەو دوو كەسەوە لە شاری (یینا)دەستی پێكرد،كە ئەوانیش **ڤێلهێلم ڤاگنرۆدەر** Wilhelm Heinrich Wackenroder ١٧٧٣–١٧٩٨ز و لۆدڤیگ تیک Johann Ludwig Tieck ١٧٧٣–١٨٥٣ز بوون.لە گەشتیكدا هونەرەكانی سەدەكانی ناوەڕاست بووە جێگەبایەخیان و بە تایبەتی گرنگییەكی زۆریان بە كارە هونەرییەكانی هونەرمەند ئەلبرێخت دورێر دەدا.هەروەها لە شاری درایسدن)ی ئەڵمانیا ڤاكنرۆدەر ئاشنای سەرجەم كارە

هونەرییەکانی رینیسانسی ئیتاڵی بوو.هەر لەوێش لە ساڵی ١٧٩٧دا بەشی زۆری کتێبەکەی خۆی بە ناونیشانی (خرۆشانی دڵی قەشەیەکی هونەرپەروەر)ی نووسی.



**ڤێلهێلم ڤاگنرۆدەر**

هەژدە وتاری لەبارەی چیانامەی هونەرمەندە مەزنەکانی وەکو دورێر و رافاییل و لیۆناردۆ داڤینشی و مایکل ئەنجیلۆ نووسیوە.دەڵێت هونەرمەند توانایەکی تایبەتی هەیە بۆ تێگەیشتن لە سروشت،کە دروستکراوی خواوەندە.هەونەرمەدییش دەیەوێ لە رێگەی بەهرەکەیەوە لاسایی ئەو سروشتە بکاتەوە.هەر بۆیە پێیوایە هونەرمەند پەیامبەرێکە لە نێوان رەها و مرۆڤدا یان لە نێوانی ئایدیا و واقیعدا.

(**لۆدڤیگ تیک**)یش بە کاریگەریی ڤاکنرۆدەر رۆمانی (گەڕانەکانی فرانس شترێنباڵد)ی لە ١٧٩٨دا نووسیوە.بابەتی سەرەکی رۆمانەکە هونەرەو فرانس خوێندکارێکی هونەرمەند دورێرەو بە مەبەستی

ئاشنابوون و شارەزایی سەردانی هونەرمەندانی ئیتاڵیا و هۆڵەندا دەکات.بە پیچەوانەی رۆمانی کلاسیکی پێشوو کەسایەتی هیچ گۆرانکارییەک بەسەر هەڵوێست وکارەکانیدا نایەت.



**لۆدڤیگ تیك**

لە سالانی ١٧٩٦-١٧٩٧ دا کۆمەڵێ لە شاعیرانی رۆمانسی لە دەوری **فیختە**( Johann Gottlieb Fichte ١٧١٧٦٣-١٨١٤ز) ی فەیلەسووفدا کۆدەبوونەوەو دەرسی میتۆدی زانستیان دەخوێند.بۆچوونەکانی فیختە دریژەپیدەری فەلسەفەی کانت بوو.لای فیختە(میتۆدی زانستی)واتا (فەلسەفە).لەو هونەرمەندانەی دی،کە لە دەوری فیختەدا کۆببووونەوە برایان فریدریک شلێگڵ و ئۆگست ڤێلهێلم شلێگڵ بوون.

**فریدریك شلیگڵ** لە رۆژنامەی ئاتینیۆم وتارێکی دەربارەی رەوانبێژی رۆمانسی بە شێوەیەکی جیاواز لە ژانرە ئەدەبییەکانی دی نووسی و تیایدا ئەوە روون

دەکاتەوە،کە دەتوانێ ژانرەکان پێکەوە کۆبکاتەوە. هەروەها لەلایەکەوە پێوەندی نیوان فەلسەفەو ئەدەب نزیک دەکاتەوە.

فریدریک شلیگڵ یەکەم بەرهەمی ئەدەبی خۆی بۆ گوزارشتکردن لەو تێڕوانینانە رۆمانی(لوسیندە)ی لە ساڵی ١٧٩٩دا بلاوکردەوە.رۆمانەکە بابەتێکی هەستیارە لە شێوەیەکی خەیاڵیدا.لە هەر شەش فەسڵەکەدا نووسەر خۆشەویستی خۆی بۆ لوسیندە دەربڕیوە.

**فریدريك فۆن هاردنبێرگ** Friedrich Freiherr von Hardenberg ١٧٧٢-١٨٠١ز(ناوە هونەرییەکەی نۆڤالیس)ە. لە ساڵی ١٨٠٢ دا رۆمانیکی بە ناونیشانی(هاینریش ڤۆن ئۆفتەردینگن)نووسیوەو هەروەکە رۆمانسییەکانی سەرەتا هەوڵیداوە پێوەندی رەوانبێژی و فەلسەفە بخاتە بەرباس.ژیانی سۆزداری ئەو شاعیرەی کردۆتە بابەتی سەرەکی رۆمانەکەی لەو کاتەوەی لە ئیزناخ بەرەو ئۆگسپۆرگ بەڕێدەکەوێت. رۆمانەکە سروشتێکی خەیاڵی و شتی پڕوپووچ و هەقایەتی ئەو بازرگانانەی لەگەڵیدا سەفەریان کردووە هەمووی یەک بەدوای یەک دەردەکەون تا ئەو کاتەی گوڵەوەنەوشەیەک دەدۆزێتەوە، کە هێمای هێزی شاراوەی خۆشەویستییە.خاسیەتێکی دیکەی رۆمانسیزم بوونی شەوە لە بەرهەمەکاندا بۆیە نۆڤالیس پێشەنگی ئەو شاعیرە رۆمانسییانە بووە(نزاکانی شەو)ی لە١٨٠٠دا نووسیوە.شەو پەناگەیەکی تاریک و دوور لە رووناکی و گۆشەگیرە بۆ هێمنی و بیرکردنەوەی قووڵ.

لەو رۆژانەدا هەندێ سالۆنی ئەدەبی دەرکەوتن و ببوونە شوێنی گفتوگۆی ئەدەبی لە نیوان ئەندامەکانیدا.

## دوا ساڵەکانی رۆمانسییزم

ئەگەر سەرەتاکانی رۆمانسییزم بە ئاراستەیەکی رەخنەیی و فەلسەفییەوە دەستی پێکرد،ئەوانەی دواترێ گرنگییەکی ئەوتۆیان بەو بابەتە تیۆری و فەلسەفییانە نەدەدا.ئەوانەی دوایی زیاتر خۆیان لە کێشەکانی ژیانی رۆژانەو خەڵک نزیک دەکردەوە.زۆربەیان ئەوانە بوون لە شاری(هایدلبێرگ)دا دەژیان و پێیان دەوترێت (رۆمانسییەکانی هایدلبێرگ).ئەو رۆنبیرو هونەرمەندانە هەستێکی قووڵ و بەهێزی هونەرییان لە بوارەکانی شانۆ و رەسم و موزیکدا هەبوو و ئەو توندوتیژییەی ئەوانەی پێشوویشیان بۆ بە جیهانیبوون و رەخنە لە کلاسیکییەکانی پیش خۆیان نەبوو. نۆستالژیایەکی زۆریان بۆ رابردوو،بۆ ئایین و دەوڵەت و گەل هەبوو.تەنانەت ئەو خۆشەویستییەیان بۆ رابردوو وای لێکردبوون بەرهەمەکانی پێشوو وەکو **پیترارك و پۆکاشیۆ و دانتی** تەرجەمە بکەن.

لە سالانی ١٨٠٦-١٨١٠ **پرینتانۆ و ئاخیم ڤۆن ئارنیم** کەوتنە کۆکردنەوەی گۆرانییە میللییەکانی ئەلمانی.

لە ساڵی ١٨٠٧دا **جۆزێف جۆرێرز** گرنگی بە کۆکردنەوەی گۆرانی میللی سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە کتێبێکدا(کتیبە میللیە ئەڵمانییەکان) کۆیکردنەوە.لە ١٨١٢-١٨١٥ دا **برایانی**

**گریم** کۆمەڵی هەقایەتی فۆلکلۆرییان بە ناونیشانی(کۆمەڵی هەقایەت بۆ ماڵ و منداڵان).
کۆکردنەوەو دارشتنەوەی هەقایەتی فۆلکلۆری بە تەنیا جێبایەخی نووسەر وشاعیران نەبووە،بەڵکو هەندێ شاعیر خۆیشیان هەقەیەتی خەیاڵی و ئەفسانەییان دادەڕشت،وەکو ڤێلهێلم هاوف و لۆدڤیک تیگ لەم بوارەدا.

## سەدەی نۆزدەهەم

ئەدەبیاتی ئەڵمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە.١٨١٥-١٨٥٠ بە سەردەمی بیدەرمایەر ناسراوە.ئەمەش لەوەوە هاتووە.ڕۆژنامەی فلیگەندە پلاتەر) واتا پەڕە فڕیوەکان کەسیک بەم ناوە دەرکەوت،کەسێکی قسکەتەنگ و کاڵفام بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی رەخنە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سەردەمەکەی دەگرێت.ئەو سەردەمەی،کە شەڕ دژی ناپلیۆن دەستی پێکرد تا شۆڕشی مارتی ١٨٤٨.نووسەرانی وەکو **کالەر لێبرخت ئیمرمان** بە رۆمانی(جیاواز) و **یرمیاس گۆتهلێڤ** رۆمانی(ئۆلی کریکاری رۆژانە)و رۆمانەکانی تریشی فێرکاری و پەروەردەییە و لەبارەی ژیانی جووتیاران و بە زمانی ئەوان وەکو قەشەیەکی سویسری روانینی خۆی بۆ دۆخەکە دەردەبڕی.
(**ئادالبێرت شتیفتەر** Adalbert Stifter) ١٨٠٥-١٨٦٨ی نەمساویش وەکو (گۆتهلێڤ)ی هاوڕیی بە

چیرۆکنووسێکی دیاری هەونریی ئەو سەردەمە دادەنرێت.خۆە وێنەکێش بوو،دواتر وەکو چیرۆکنووسێک دەرکەوتن و دەڵێت تەنیا رۆشنبیری و زانست دەتوانن دەستەبەری ئازادی بن بۆ مرۆڤ.

وەکو شیعریش **ئەدوارد مۆریکە** Eduard Mörike ١٨٠٤-١٨٧٥ز تارادەیەکی زۆر کاریگەری کلتوری رۆمانسیی بەسەرەوە بوو.شیعرەکانی بە ریتمێکی مۆسیقی و ناسک گوزارشتی لە سروشت دەکرد.بە پێچەوانەی ئەو **میلە** لە رێگەی هەقایەتی پروپوچەوە و بە چیرۆکی(کورتەبالایەک لە شتوتگارت)لە ١٨٥٣دا نموونەیەکی جوانی ئەو سەردەمەیەو شێوازەکەی تیکەڵەیەکە لە نێوانی رۆمانسییزم و ریالییزمدا.

شۆرشی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٣٠دا هەلی بۆ بۆرژوا خولْقاند تا بەشداری ژیانی سیاسی بن و هێزە کۆنەکان بگەڕێنەوە مەیدانی سیاسەت.ئەم دۆخە لە ئەڵمانیاش هەروابوو سیاسەت جێگەی هەموو شتیکی گرتبۆوەو گەنجەکان زۆرتر تووشی نائومێدی و رەشبینی بوون.

دیارترین شاعیری ساتیر و تەنزنووسی ئەو سەردەمە **(هاینریش هاینە** Heinrich Heine(١٧٩٧-١٨٥٦ یە،کە شیعرەکانی تا سەدەی بیستەمیش کاریگەرییان بووە.لە ساڵی ١٨١٦دا کۆشیعرەکەی خۆی بە ناوی(گەشتێک بۆ هارتس)بڵاوکردەوە.ئەم گەشتەگاڵتەکردن و رەخنەگرتنە لە ژیانی خەڵک و لەو دیمەنانەی لە ئینگلستان و فەرەنسا بینیویەتی.

پێش شۆڕشی ١٨٤٨ فۆرمێکی دی ئەدەبی پەیدا بوو(رۆمانی سەردەم)،کە مەبەستیان ئەو رۆمانانە بوو،کە مێژووی ئەو سەردەمەیان دەنووسییەوە.باشترین و سەرکەوتووترین ئەو رۆمانانە رۆمانی(ژنە بێ ئومێدەکە)ی رۆماننووس(**کارل گۆتسکۆڤ**)ە.ئەم رۆمانە بابەتی نییەو ژنێک بە ناوی ڤالی گومانی هەیە لەوەی ئیمان بە خوا بتوانێ رزگاری بکات لەو ژیانە نائومێدەی هەیەتی.

دوو درامانووسی بەناوبانگی ئەو رۆژانە (**بۆخنەر** Karl GeorgBüchner ١٨١٣-١٨٣٧و **دیتریخ گرابە** Christian Dietrich Grabbe)١٨٠١-١٨٣٦ن،کە هەردووکیان تاڕاددەیکی زۆر ناوەرۆکی دراماکانیان بەرەو بێهودەیی دەڕۆن و باری ناهەمواری خەڵک و ئەدیبان دەخەنەروو لەو نائومێدییەی رووی تێکردوون.

**تیۆدۆر فۆنتانە** Theodor Fontane ١٨١٩-١٨٩٨ رۆمانووسیکی بە توانای پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەم بوو، توانی ١٤ رۆمانی کۆمەلایەتی بنووسێ وزۆربەیان باس لەوە دەکەن جیاوازی چینایەتی رێگرە لەبەر دەم گەنجەکان و ئەویندارى وبۆیە دەڵین بەرهەمەکانی ئەو بە دوای ریالیزم دادەنرێ.لە رۆمانی (ئیڤی بریست)دا کیژۆڵەیەک لە تەمەنێکی زووی حەڤسالاندا بەبی ویستی خۆی شوو دەکات و دواتر دەکەوێتە عەشقی کەسێکی دی.رۆماننووس ساتەکانی عەشق و سۆز و هەستی شاراوە ناخی کەسەکان و کۆتە کۆمەلایەتییەکان وێنا

دەکات و لە کۆتاییدا خانەوادەی کیژۆلەکە بێبەری دەکەن و لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا بە تەنیا لە ژوورێکدا دەمرێت.



**تیۆدۆر فۆنتانە**

لە سەردەمی ریالیزمدا کورتەچیرۆک وەکو هونەرێکی سەردەمیانە زۆر گەشەی کرد.زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی ئەو دەمە مێژوویی بوون.چیرۆکەکانی **کۆنراد فردیناند مایەر** Hans Ferdinand Mayer ١٨٩٥-١٩٨٠ و **تیۆدۆر شتۆرم** Hans Theodor Woldsen Storm ١٨١٧٠١٨٨٨ و نموونەی سەرکەوتوون.

چیرۆکەکانی مایەر زۆربەی کات کەسایەتییە مێژووییە گرنگەکانی لەخۆگرتووە.لە چیرۆکی(پیرۆز)دا مێژووی قەددیسی ئینگلیزی **تۆماس بیکیت**(١١٧٠-١١١٨)ی کردۆتە بابەت و هەروەکو رۆمانی ئەو سەردەمە سروشتێکی رەشبینانەی هەیە.لە چیرۆکی(ئازارەکانی مێردمنداڵێک)دا ئەزموونی تاڵی ژیانی منداڵیی خۆی باس دەکات.

چیرۆکنووسی سویسری **گۆتفرید کیلەر**Gottfried Keller ١٨١٩-١٨٩٠لە چیرۆکەکانیدا بابەتی ژیانی دوای مردن و زیندووبوونەوە بە گاڵتەجاڕییەوە باس دەکات و کەسێکی خوانەناس بوو،هۆکارەکەیشی ئەوەبوو ئەو بەشداری کۆرسەکانی خوێندنی فەلسەفی لای (**لۆدڤیگ فیۆرباخ** ١٨٠٤-١٨٧٢) کردووە.فیۆرباخ لەو فەیلەسووفانەبوو زۆر بە توندی رەخنەی لە باوەڕەکانی مەسیحییەت دەگرت.ئەو خودا رەتدەکاتەوەو دەڵێ بلیمەتی مرۆڤ خۆیەتی لە دەرەوەدا ناویناوە خودا.بۆیە مرۆڤ خۆی خودای خۆیەتی[١].

چیرۆکەکانی **شتۆرم** هەمووی نۆستالژیایەو گەڕانەوەیە بۆ رۆژانی پاک و جوانیی سەردەمی منداڵی و بێخەفەتی و سروشتی جوان و خەونە بەدینەهاتووەکان. چیرۆکی(پۆلە یاریزانی بووکان)لە ١٨٧٤دا بڵاوکردەوە. خۆی و لیزی ژنی تووشی نەهامەتی دەبن و دواتر ژیانێکی هیمن بەسەر دەبەن.

بابەتی سەرەکی هەموویان لەوەدا کۆدەبێتەوە مرۆڤ،کە دەیەوێ ویست و حەزو ئارەزووەکانی ناخی بەدیبێنێ هەمیشە کۆمەڵ و ئایین و بەها کۆمەڵایەتییەکان رێگرن.

[١]: سەبارەت بە بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفە بڕوانە: فیورباخ، اصل الدين، دراسة و ترجمة احمد عبدالحليم عطية،المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت ،١٩٩١.

## سەدەی بیستەم

چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەدەبی ئەڵمانی بە ڕێبازی ئیمپریسیونیسم(التعبيرية)دا تێپەڕیوە.واتا لە ١٩١٠-١٩٢٥ سەرەتا لە ئەڵمانیا و دواتر بە وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوادا بلاوبۆوە.جۆرج بۆشنەر و فرانک ڤێدکەند بە رابەرانی ئەم ریبازە لە قەڵەم دەدرێن.لە رووی شێوازیشەوەئەم ریبازە کاریگەری هەریەکە لە شانۆکاری سویدی (**ئۆگست ستراندبیرگ**١٨٤٩-١٩١٢) و شاعیری ئەمریکی (**واڵت ویتمان**١٨١٩-١٨٩٢ )یان بەسەرەوەیە،بەڵام لە رووی ناوەرۆکەوە کاریگەری نووسەرانی رووس **تۆلستۆی**١٨٢٨-١٩١٠ و **دیستۆیڤسکی**١٨٢١-١٨٨١ و شاعیرانی فرەنسی **بۆدلیر**١٨٢١-١٨٦٧ و **رامبۆ**١٨٥٤-١٨٩١یان بەسەرەوەیە.ئەم ڕێبازە سەرەتا زیاتر لە کاری هونەرمەندە شێوەکارەکان و (گروپی پرد)دا بە کاردەهات.دواتر بە شیعری ئەو شاعیرانە دەوترا،کە تەنیا بە شێوەیەکی رووکەشانە ژیانیان وەنەگرتووەو بەڵکو دەیانەوی بە قووڵی بچنە نێوژیان و دیاردەکانەوە.ئەمانە هەموویان لە خانەوادەی بۆرژوا رۆشنبیرەکان بوون.دەیانەوست ئەو بارە نارەوشتییەی لە ئەنجامی پێشکەوتنی پیشسازیدا لە کۆمەڵدا هاتبووەکایەوە بەرجەستە بکەن.بە چاوی شک و گومانەوە سەیری سیاسەت و هۆشیاری نەتەوەیی سەردەمەکیان دەکرد،کە دواتر جەنگی یەکەمی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا.باوەڕیان بەوە هەبوو دوا هەل بۆ

رزگارکردنی مرۆڤایەتی ئەوەیەدەبێ کار بۆ رزگارکردن و گۆڕینی تاک بدرێ ئەمەش دەبێتە گۆڕانی گشتیی کۆمەڵ.

ئیمپریسونیسەکان زۆرتر چاویان لەسەر بەکارهێنانی دارشتنی بەهیز وکاریگەر لەسەر جەماوەر دەکردەوە.بۆ نموونە ئەو رۆژنامانەی پێش جەنگ لە سالانی ١٩١٠-١٩١٣ بلاودەکرانەوە ناوەکانیان پیشبینی جەنگ و کاریگەربوون وەکو:زریان(١٩١٠) و فرمان(١٩١١)و شۆڕش(١٩١٣)و (قارەمانیی نویێ١٩١٣)و... هەموویان ناوی تەقلیدی و ئاساییان هەڵنەگرتووە.تەنانەت لەنێو ئەو رۆژنامانەدا هەندێجار لە جیاتی وشە بە وینە یان بە تابلۆیەک گوزارشتیات دەکرد.تابلۆی (هاوار)ی هونەرمەندی نۆرویژی(ئیدڤارد مۆنش)لە هەموویان بەناوبانگترین بوو.

پێش جەنگی دووەمی جیهانی دیارترین ژانری ئەدەبی شیعر بوو بۆ ئەو ریبازە بۆئەوەی گۆزارشت لە جۆش و خرۆشی ناخی خۆیان بکەن.شاعیرانی وەکو **جۆرج تراکل و جۆرج هایم و فرانس ڤێرڤل** و ئێلیزی لاسکەر شۆلەر و ئێرنیست شتادلەر و جۆنفرید بین لە یانە ئەدەبییەکان شیعریان دەخوێندەوەو مەبەستیان بوو لەمپەری بەینی نووسەر و جەماوەر نەمێنێ.بە واتایەکی دی ئەدەب بۆ جەماوەری فروان و گشتی بێ نەوەکو ئەدەب تەنیا بۆ دەستەبژیر بێت. ئەوەنییە بلێین کۆمەڵی پرەنسیپی تایبەت بە شیعر هەیە و نابێ ببەزینرێ.نەخێر،بەلام

باوەڕیـــان بـــە پیشـــکەوتنخوازی و مرۆڤـــی نـــوێ هەبوو.تەنانەت هەندێکیان باوەڕیان بە تیکشکاندنی واقیع هەبوو و بەتوندی جەنگی یەکەمی جیهانییان سەرکۆنە دەکرد.

لە شاری زیوریخ لە سویسرا شاعیر و نووسەرانی تاراوگە و ناڕازی لە شەڕ وەکو:**هۆگۆ بال و هانس ئێرب و ئێمی هانگز** و تریستیان تزارا لە یانەیەکی شەوانەدا کۆدەبوونـــەوەو ڕێبـــازی (داداییزم)یـــان لـــە ١٩١٦دا ڕاگەیاند.دەاتر لە ١٩١٩-١٩٢٠دا ڕۆژنامەی (دادا)یان لە بەرلین بڵاوکردەوە.

ئیمپریسیۆنیســـمییەکان ژمارەیـــەکی زۆر شـــانۆییان نووسیـــیوەو اە هەندێکیانـــدا نـــاوی کەســـەکان و چینـــە ئابوورییـــەکانیان نەدەهێنا،چونکـــە بەلایانـــەوە گرنـــگ نەبوو،بەلکو ئەوانە نوینەرایەتی مرۆڤی هاوچەرخ دەکەن و هەر لەم ڕوانگەیەوە بە دەگمەن پەنایان بۆ درامای مێژوویی دەبرد. ڕۆمان بە دەگمەن دەنووسراو هەندی دەقـــی پەخشـــانی و چیـــرۆکیش بڵاودەکرانـــەوە.وەکو چیرۆکەکانی (فەرمان) و لە وڵگەی سزادادا)و(بەدگۆڕان)ی کافکا و (پلیشانەوەی گوڵێکی زەرد)ی(ئالفرێد دۆبلن).

ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم تاوەکو لە ١٩٣٣ هیتلەر حوکمی گرتەدەست.کۆمەلی داهینەری گەورە دەرکەوتن،کە بەر هەمەکانیان سنووری زمان و وڵاتانیان بڕی.وەکو هێرمان هیسە و کافکا و تۆماس مان و بریخت.

**هێرمان هێسه**Hermann Hesse ۱۸۷۷-۱۹٦۲ز، کە هەندێ لە رەخنەگران بە (رۆمانسیزمی نوێ)ناوزەدی دەکەن، بە سوود وەرگرتن لە دەسکەوتە زانستییەکانی زانای دەروونناسی(**یۆنگ**)ورەخنەگرتن لە بەهاکانی بۆرژوا رۆمانەکانی دەنووسی.



**هێرمان هێسه**

رۆمانی(دیمیان)[1]یان (چیرۆکی گەنجیەتی ئەمێل زەنگلێر)لە ساڵی ۱۹۱۹ لەم رۆمانەدا بە ئاشکرا کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت. رۆمانەکە لەبارەی ئەو دوو برادەرەیە(زنگلێر و دیمیان)،کە پێوەندییەکەیان وەک پێوەندی ژیان و کۆمەڵگەیە.دواتر لە ۱۹۲۰دا کورتەرۆمانی (دوا هاوینی کلینگزۆر)[2]ی نووسیوە.

---

[1] : هرمان هسه،دمیان،ترجمه خسرو رضایی، انتشارات جامی، تهران، ۱۳۹۸.

[2] : هرمان هسه، آخرین تابستان کلینگزور،ترجمه دکتر قاسم کبیری،چاپ دوم، انتشارات فردوس، تهران، ۱۳۷۱.

رۆمانی (سیدهارتا)[1] ،کە لە ساڵی ١٩٢٢دا نووسیویەتی بە یەکێ لە رۆمانە ناوازەکان لەبارەی فەلسەفەی وەحدەتی وجودی رۆژهەڵات(هیندی) دادەنرێ.رۆمانێکی کلاسیکی بە پەخشانێکی دڵگیر باس لە گۆڕانی مەعنەوی پیاوێکی بودایی دەکات.کاریگەری بەهێزی ئایینە رۆژهەڵاتییەکانە لەسەر رۆماننووس.جەخت لەوە دەکاتەوە،کە هەر کەسەو دەبێ خۆی شێوەو رێگەی ژیانی خۆی بە خۆی بدۆزێتەوە.لە رۆمانەکەدا هاتووە:

**بارودۆخی زۆربەی خەڵک وەکو ئەو گەڵایەی لە درەخت دەبێتەوە وایە.خول دەخواو بەملاو ئەولادا دەکەوێت و دواجار دەکەوێتە سەر زەوی.وەلێ هەندێکیان وەکو ئەو ئەستێرانەن بە رەوتێکی دیاریکراودا دەسووڕینەوە.ئەوانە ئەو رێبوارانەن نەسیم بە داوێنیان ناگات و خۆیان رابەری خۆیانن.**

رۆمانی(گورگی بیابان)[2] لەساڵی ١٩٢٧دا مرۆڤێک لە ململانێیەکی توندی نیوان هونەر و جیهانی بۆرژوادا دەژیت و وا هەست دەکات تووشی شیزۆفرینیا

---

[1] : هرمان هسه، سدارتها،ترجمه سروش حبیبی،چاپ چهارم، انتشارات ماهی، تهران، ١٣٩٨. بۆ کوردییەکەی: هێرمان هیسە،سەفەرێ بۆ رۆژهەڵات،وەرگێڕانی کەریم پەڕەنگ،،دەزگای سەردەم،سلێمانی،٢٠١٧.

[2] :هرمان هسه،گرگ بیابان،ترجمه دکتر قاسم کبیری،چاپ اول، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٦٨.بۆ کوردییەکەی: هێرمان هێسە،گورگی بیابان،وەرگێڕانی ئەمجەد عوسمانی،سلێمانی،٢٠١٦.

بووە.ئەمەش نیشانەی ئەوەیە،کە هێسە چۆن سوودی لە شیکاری دەروونی بۆ کارە ئەدەبییەکانی وەرگرتووە.

کورتەرۆمانی (سەفەرێک بۆ رۆژهەڵات)[1]ی لە ١٩٣٢دا بڵاوکردەوە،کە تیایدا یادەوەرییەکانی خۆی لەهیندستان و کاریگەریی ئاینی بودایی و سیحر و دنیای خەیاڵیی لەو کورتە رۆمانەدا بەسەر رۆماننووسدا دەردەکەوێت.

رۆمانی (گەمەی کەلا شووشەکان Perlenspiel Glas Das)[2] رۆمانێکی یۆتۆبیاییە و خەیاڵێکی بەرفراوانە،ئەم رۆمانە دوا رۆمانی نووسەرەو بەبۆچوونی زۆربەی رەخنەگران گرنگترینیشیانە.لە ١٩٣١دا دەستی بە نووسینی کردووەو لە ١٩٤٣دا دوای ئەوەی لە ئەڵمانیا بە بیانوی ئەوەی دژایەتی فاشیەتی کردووە رێگەی بڵاوکردنەوەی پێنەدرا.رۆمانەکە رووداوەکانی لە ئاییندە لەساڵی ٢٤٠٠دا روودەدەن و لە هەندێ دیمەنیشیدا ئاماژەی بۆ فەلسەفەی بووزی تێدایە لە سویسرا بڵاوی کردەوەو دوای ئەوە لە سالی ١٩٤٦دا خەلاتی نۆبلی پێدرا.

لە ساڵی ١٩٢٥ بە دواوە ئەدەبیاتی ئەڵمانی رووی لە (بابەتیبوونی نوێ)کردەوە.واتا جارکی تر لایەنی ناوەرۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکان بووەوە جێگەی بایەخ

[1] : هرمان هسه،سفر به شرق،ترجمه دکتر کیانوش هدایت،چاپ اول، انتشارات مجید، تهران، ١٣٧٧.ئەم رۆمانە تەرجەمەی زمانی کوردییش کراوە.بڕوانە:هێرمان هیسە،سەفەرێ بۆ رۆژهەلات،کەریم دەشتی کردوویە بە کوردی،سەنتەری نما،هەولێر،٢٠٠٢.

[2] : هرمان هسه، بازی مهره شیشه ای ،ترجمه پرویز داریوش،چاپ سوم، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٦.

وەک لە پێشتر زۆرتر گرنگییان بە تەکنیک و رووخسار و بیاتی هونەری دەدا.

بەرهەمەکانی **فرانز کافکا** Franz Kafka ١٨٨٣-١٩٢٤(ز)ی بەرەچەڵک چیکی لە دوای مردنییەوە زۆرتر دەرکەوتن و ناسران.هەستی کەسێکی کەنارگیر و تەنیاییەکی کوشندەیە و قوربانی ترسی باوکسالارییە. وەکو ( بۆگهارد مولەر)[1] دەلێت ئەو کەسە بووە بە دوای (ئەستەم-موستەحیل)دا گەڕاوە.رۆمانەکانی (کۆشک) و (بەدگۆڕان)و(دادگایی)و(ئەمریکا) باشترین کەس رۆحی بەرهەمەکانی کافکای ناسیبێ رۆماننووسی ئێرانی (**صادق هیدایەت**)ە.بۆیە ئەم نووسینەی ئەو بۆ ناساندنی جیهانی کافکا دەخەینەروو.



**فرانز کافکا**

[1] : بروكهارد مولر، في فضاء الادب الالماني، ت: مصلح حسين،هيئة ابوظبي للثقافة و التراث(كامة)،ابوظبي،٢٠٠٩، ص١٢٨.

## پەیامی کافکا

ئەو نووسەرانەی،کە بۆ یەکەمجار ڕێگاو بیروبابەتێکی تازە دێننە مەیدانەوە،،دەگمەنن،بە تایبەتی مانایەکی تازە بۆ ژیان لەگەڵ خۆیان بێننە ئاراوە،کە بەر لە خۆیان بوونی نەبووبێ_ کافکا بەیەکێک لە هونەرمەندترین نووسەرانی ئەو دەستەیە دەژمێردرێ.

خوێنەرێک،کە لەگەڵ دنیای کافکادا سەروکار پەیدا دەکات،لە کاتێکدا وردو خاش بووەو بەرەولای دەچێ: کە لە دەرگای دنیایەکەی دەچێتە ژوورەو،کارتێکردنی ئەو بەسەر ژیانی خۆیەوە دەبینێ و پەی بەوە دەبات، کە دنیا ئەوەندە بن بەست نەبووە،کافکا لە دنیایەکەوە بۆمان دەدوێت،کە تاریک و جەنجاڵ خۆی دەنوێنێ،بەشێوەیەک کە هەر لەسەرەتاوە ناتوانین بە پێودانگەکانی خۆمان ئەو هەڵسەنگێنین، لای ئەو باس باسی چیە؟ بێ کۆتایی(لامتناهی)؟، خودا ؟ جن و پەری ؟، نەخێر، باس باسی ئەو شتانە نیە، بابەتە سادەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆمانە،لەگەڵ ئەو خەڵکە ئاساییە،لەگەڵ کارمەندانی کارگێڕییەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە،کە هەمان گرفتاری و کێشەکانی ئێمەیان هەیە، بەزمانی ئێمە دەدوێن و هەموو شتێ ئاسایی دەردەکەوێت، بەڵام لەناکاو هەستێکی ترسناک یەخەمان دەگرێ! هەموو ئەو شتانەی لەلامان جدی و مەنتیقی و ئاسایی بوون بەجارێ مانای خۆیان لەدەست دەدەن، بەندۆڵی کاتژمێر بەجۆرێکی دیکە دەسووڕێتەوە، مەوداکان بەپێی ئەندازەگیری ئێمە دەرناچن، دۆخەکە دەشێوێ و هەناسەمان توند دەبێ،ئایا لەبەرئەوەیە،کە ئەو شتانە مەنتیقی نین؟ بەپێچەوانەوە هەموو

شتێ بەڵگەو پاساوی خۆی هەیە، بەڵگەیەکی ئاوەژوو،لۆجیک هەوسارێکی پچڕاوەو ناتوانێ بەردەم بگرێ، بەڵام نە٤ !هی ئەوەیە، کە سەیر دەکەین ئەو خەڵکە بەگشتی سەری خۆیان شۆرکردۆتەوە سەرکارەکانیان و بە وردی کاردەکەن و هاودەردمانن، وەک ئێمە بیردەکەنەوە،هەرچی کارگوزارو پشتیوان هەیە(پوچ)دەنوێنن،مەکینەکانی خودکار بەدبەختن و هەر چەندە کارەکانیان جدیتر و گرنگتربێت،گاڵتەجاڕانەتر دەردەکەون،کارەکانی رۆژانەو ئەنجام و وەزیفەیان هەموو ئەو شتانەی، کە خوومان پێوەگرتووەو لەلامان ئاساییں،لەژێر قەلەمی کافکادا واتای پێکەنیندارو پووچ و هەندێ جار ترسناک بەخۆوە دەگرن، ئادەمیزاد یەکە و تەنیا و بێ پشت و پەنایە، لەسەر زەمینێکی ناسازگاری گومناودا دەژی،کە شوێنی لەدایکبوونی خۆی نییە، ناتوانێ لەگەڵ کەس پێوەندی پەیدا بگرێ و دڵ بەکەسەوە ببەستێ،خۆی دەزانێ، چونکە هەر لە نیگا و رووخسارییەوە دیارە،وەک ئاشکرایە کافکا تا ئەو دواییە لە ئەوروپادا ناوبانگی نەبوو، چونکێ وەرگێرانی بەرهەمەکانی بەر لەجەنگ گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدرابوو و کەس باسی نەدەکرد، بەڵام دوای چوار ساڵ خامۆشی،کاریگەرییەکی وای بوو بەیەکجار ناوبانگییەکی جیهانی وەدەست هێنا. کافکا کێیە؟ لەکوێوە هاتووە؟ ئەم بیرۆکەیە لە کوێوەیە سەرچاوەکەی گرتووە،کە پەیامی ئەو لەگەڵ ئاوازی دنیایی ئێمەدا دەگونجێ و هاومەبەستی نزیک لەگەڵ ژیانی ئێستامان نیشان دەدات؟ دەشێ خوێنەری ئەوروپا هێشتا لەگەڵ ئەم جۆرە هزرە ئاشنایی نەبووبێ، چونکە ئەو مانگەشەوە ساردەی ئاسمانی

نووسینەکانی کافکای گرتوو، چرکەی سادەو توێژینەوەکانی کافکا بۆنیشاندانی شێوازی هەقیقەت (وەک لەبەرچاوە)ئەو گەڕانە بێڕەحمانەی، کە کردویەتی بۆ ئاشکراکردنی (واجب الوجود) و نەگەیشتنی بەهیچ و ئەو تەمومژەی لە لێکچواندنەکانیدا هێناویەتیەوە هەموو ئەمانە بوون بەهۆی کۆسپ لەرێی ناوبانگ پەیداکردنیدا، بەڵام کەسانێک،کە شارەزای تەواوی دنیای ئێمەن، باوەشیان بۆ کتێبەکانی کافکا کردۆتەوە، لە رابردوودا بەر لەم جەنگەی دوایی،خەڵکی هێشتا ئارەزوومەندانی دکتاتۆری لە جێگای ئازادی، کۆیلەیەتی و لە جێگای مافی مرۆڤ بۆمبای ئەتۆم و لە جێگای دادبیَ دادی یان گرتبووەبەر،هێشتا کۆمەڵانی خەڵک بەدەست سیاسەتبازان و تالانکەرانەوە نەگۆرابوون بۆ گیانەوەر و مرۆڤی نیوەگیان، لەبەر ئەوەیە،کە خەڵک دوای جەنگ هەست بەرەنگدانەوەی دنیایەکی پووچ دەکەن، کە کافکای بەشێوەیەکی خەمبارانە پەروەردەکردووە، بۆ ئەوەی بتوانریَ دەربارەی نووسراوەکانی کافکا بڕیارێکی یەکجاری بدریَ ناچار دەبیَ ئەو زەمانە و ئەو سەرزەمینەی ئەوی لیَ پەروەردە بووە، لەبەرچاوبگیریَ، نووسراوەکانی ئەو بەرهەمی پێش و دوای جەنگی جیهانی (١٩١٤)ەوەن، لەو زەمانە پڕاگ شارێک بووە لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا دەسەڵاتی بووە و چەندان نەژادی جۆراو جۆر تێکەڵی یەکدی ببوون، لەم شارەدا چەندان میللەت و شارستانیەت تووشی یەکتر ببوون و کاریان کردبووە سەر یەک، تەنها پڕاگ توانیویەتی کەسێکی وەک کافکا پەروەردە بکات، هەڵاتنی کافکا

لەدەست خزمەکانی و لەهەمان کاتدا هەڵاتنی لە پڕاگ و گوستن وای کردبوو زمانی جۆراو جۆر بزانێ».

شیکردنەوە و لێدوان لە کافکا کامڵ نابێ ئەگەر کارتێکردنی دەوروبەرەکەی لەبەرچاو نەگیرێ، کافکا ناوێکی ئاسایی جوولەکەکانی نیشتەجێی چیکوسلۆڤاکیای ئیمپراتۆری هامبۆرگ بووە، لەزمانی چیکی دا بەمانای (قەلەڕەشی گچکە) دێت و باڵندەی ناوبراو سیمبولی خانەی بازرگانی باوکی کافکا بووە لە پڕاگ.

فرانز کافکا لە خێزانێکی چیکیی جوولەکە لە ڕێکەوتی ٣ی تەممووزی ١٨٨٣ دا هاتۆتە دنیاوە، کە ماوەیەک بوو تەپڵی کەوتنی ئەورووپا لێدراوە و ئیمپراتۆری ئۆتریش بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو، کافکا لە باوکێکی خوێندەواری ستەمکاری، کە هەموو وەختێک بەدوای کامەرانیی خۆیدا دەگەڕا و شانازی پێوەدەکرد و کوڕەکەیشی کافکا پێ شێل کردبوو دایکێکی جوولەکەی خورافاتی و خوشکانی ئاسایی پەروەردە کردبوو، کافکا حسێبێکی تایبەتی بۆ باوکی دەکرد، چونکە لێی دەترسا و تەواوی دەرەوەی ژیانی لە سایەی ترسی باوکیەوە بەسەر دەبرد، دوای ئەوەی خوێندنی ناوەندی بەزمانی ئەڵمانی تەواوکرد، ماوەیەک لە ئەدەبیات و پزیشکی کاری کرد، پاشان یاسا سەرنجی راکێشاو بەلکو بەهۆی ئەوەوە بتوانێ نان پەیدا بکات و سەربەستییەکی خۆی لە ژیاندا هەبێت، چووە کۆلێجی یاسا و لەسالی ١٩٠٦ دا لە پراگ دکتۆرای لە یاسا وەرگرت، هەرچەندە ئەو بەشەی نەکردە پیشەی ژیانی خۆی، بەڵام شارەزایی لە یاسا بەچاکی لە نووسیەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە،

هەر لەوکاتەدا لەگەڵ رۆماننووسی ئایینده (ماکس برود) max brod ئاشنایی پەیداکرد،ئەگەرچی زەوق و چێژی ئەدەبییان دەگەڵ یەک نەدەگونجا، بەڵام هەر ئەو کەسەش دوایی بووە هاودەم و نووسەری یادەوەری و ژیاننامەی ئەو.

کافکا لە ١٩٠٨ دا بووە کارمەندی کارگێڕیی بیمە، دوایی بۆ ماوەیەک لە کارگێڕیی نیودەوڵەتیی بیمەی کۆمەڵایەتی پراگ لەبەشی کارەسات خەریکی کاربووە،بەڵام ئەو کارە ماندوکەرەی کارگێری هەموو وەختێکی دەبردو هەڵی نووسینی بۆ نەدەرەخساو کافکایش چونکە نووسینی بەمانای ژیانی خۆی دەزانی بۆیە بڕیاریدا بەشەو کاربکات و خەو لەخۆی حەرام بکات، بێ گومان ئەو چێژێکی زۆری لەو تاقیکردنەوەی خۆی دەبینی،ئەو دەوروبەرە پیس و بێ نرخ و هەژارییەی لە دەزگاکانی کارگێری دەبینی بەشێوەیەکی ورد لە کتێبەکانی دەریخستوون، پەیوەندی بەو تاقیکردنەوە هەیە،بۆیە کافکا ناچاربوو بەمێزی کارگێرییەوە بنووسێ و لە ماڵە نەفرەتییەکەی باوکی ژیان بەسەربەرێ،وا دیارە خێزانەکەی و دۆستەکانی کۆمەکیان نەکردووە تابتوانێ ئەو حەسانەوە دەروونییەی پێویستی پێبوو بۆخۆی برەخسێنێ،ماکس برود لەو باوەرەدایە، کە کافکا باوەڕی بە سەهیۆنیەت بووە، بۆیە ئەو حەسانەوە دەروونییەی بۆ نەرەخساوە،کەچی کافکا لە بیروڕاکانی زۆر زۆر ئەلمانی بووە و بە ئەلمانی مایەوە لەوەی سەهیۆنی بێ، نووسینەکانی لەسەر رێ و شوێنی ئەدەبیاتی ئەڵمانی بوو، لەبارەی رووحیشەوە زیاتر لە پاسکاڵ (pascal )و سۆن کیرک گارد (soren kierk gaared ) نزیکتربووە لەوەی لە پێغەمبەرانی

جوولەکە نزیک بێت، هەرچەندە برۆد ناچاری کرد زمانی عیبری فێرببێ و کتێبی (تەلمود) بخوێنێ، بەلاّم کافکا هیچ کاتێ خەلّوەتی خۆی لەدەست نەداوە بۆ ئەوەی دل کۆمەلّگای قەلّپی جوولەکە تێبگات، لە سالّی ١٩١١دا لەگەلّ(ماکس برود) بۆماوەیەکی کورت چوونەتە پاریس،سالّی دواتریش چاوی بە ڤیمار (Weimar)کەوتووە، ئەو زەمانە زۆرترین بەرهەمی ئەدەبی خۆی خستۆتەروو، لە شەوێکدا چیرۆکی( بڕوا)ی نووسیوە،دوایی رۆمانی(ئەمریکا)[1]ی بەدەستەوەگرتووەو چیرۆکی گەورەی(داوەشان)[2]ی کۆتایی پێهێناوە.هەروەها سەرەڕای ئەوەش لەگەلّ کچێکی ئەلّمانی F.B خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست بووە،بەلاّم بابەتی هاوسەرگیریەکەی هەر دواخستووەوتا دواجار دوای پێنج سالّ عەشق وازی لە دەسگیرانەکەی هێناوە.

رۆمانی (دادگایی)[3] و (ولّگەی سزا)[4]ی پێش سالّی ١٩١٤ نووسیوە.لە سالّی ١٩١٦دا گۆیا بە هۆی کێشەکێشیان ڕیسوایی وەک ماکس برود ئاماژەی داوە،ماوەیەک مالّی باوکی

---

[1] : فرانتس کافکا،آمریکا،ترجمه علی‌اصغر حداد،چاپ ششم"نشر ماهی،تهران،١٣٩٨. بە کوردییەکەی:فرانز کافکا،ئەمریکا،و:کاروان حەسەن،دەزگای موکریانی،هەولێر، ٢٠١١.

[2] : فرانتس کافکا،مسخ ،ترجمه فرزانه طاهری،چاپ دوم، نشر نیلوفر،تهران،١٣٩٧.بە کوردییەکەی: فرانتس کافکا،بەدگۆڕان،و:جەلیل کاکەوەیس،

[3] : فرانتس کافکا،محاکمه،امیر جلال الدین اعلم، چاپ ١٢، نشر نیلوفر، تهران، ١٣٩٧. بە کوردییەکەی:فرانتس کافکا،دادگایی،و:عەتا نەهایی،سلێمانی،٢٠١٩.

[4] :فرانتس کافکا،گروه محکومین،ترجمه حسن قائمیان،چاپ پنجم،انتشارات امیر کبیر،تهران،١٣٩٤.

جێهێشتووەو لە کۆڵانی (کیمیاگەران)ی پراگ خانوویەکی سەربەخۆی بەکرێ گرتووەو بە مووچەیەکی کەم ژیانی بەسەربردووە.لەوێ نەخۆش کەوتووەو تووشی نەخۆشی سیل بووە.

لە ساڵی ١٩١٧دا کافکا خوێن رشاوەتەوەو چەند ساڵ بوو خۆیشی مۆتەکەی مەرگی لەبەرچاو بوو.لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا نزیکی بەرلین گۆشەگیری هەڵبژاردووە تا هەلێ زۆری دەستکەوێ و بپرژێتە سەر نووسین و لەوێشەوە ماوەیەکی کورت ئاشقاتی لەگەڵ (دورا دیمانت)ی کیژە جوولەکەی پۆڵەندی کردووە.

ساڵەکانی قاتوقڕی و گرانیی دوای شەڕی بەرلین دەگەیەکی دیکەیشی لێدا،خۆراک کەم بوو،نەخۆشی سیل زۆربوو،گەڕایەوە نەمسا و لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٢٣دا لە تەمەنی ٤١ ساڵی لە ئارامگای سیلدارەکان لە نزیکی (ڤیەننا)دا بە شێوەیەکی خەمناکانە دنیای بەجێهێشت.

کافکا لە ژیانی خۆیدا تەنیا یەک کتێبی بە چاپ گەیاندو لە پێخیفی مەرگدا هەڵەچنی چاپی کتێبی دووەمی دەکرد.سێ ساڵ پێش مردنی تکای لە ماکس برود کردووە،کە گشت دەسنووسەکانی لەکن وی بووەو هەروا (دادگایی) و (کۆشک)[1] و (شوورەی چین) هەر هەموویان بسووتێنێ.خۆیشی پێش

---

[1] : فرانتس کافکا،قصر،ترجمه امیر جلال الدین اعلم،چاپ هشتم،نشر نیلوفر، تهران،١٣٩٧. بەکوردییەکەی:فرانتس کافکا،کۆشک،و:سەردار حەسەن خاڵی،ناوەندی سایە،سلێمانی،٢٠١٠.

مردنــی چــوار نامیلکــەی ئەســتووری نووســینەکانی خــۆی سووتاندووە،بەڵام برود بە قسەی نەکردووە.

کافکا جگە لە چەند تێکستێکی،کە بە رای خۆی تەواو کاملن، هەموو بەرهەمەکانی خۆی بەخراب زانیوەو گوتویەتی لە دوای خۆم جگە لە خامۆشی هیچی دی نابەخشن ...

ئەم نووسەرە پێویستی بە نوێنەرێک نەبوو بۆ ئەوەی دوای مەرگی خۆی ناوبانگ وەربگرێ، بۆیە وەسیەتێکی واینەکرد، لە گۆشــەگیرییەکی تەواودا دەژیــاو ئەوەی فەرامــۆش کردبــوو خوێنەر بۆخۆی پەیدا بکا، رنگە کافکا ئارەزووی کردبێ وەک رەمزێک لە چاوی ئەغیار بە پەنهانی بمێنێتەوە و بە شێوەیەکی نهێنی ئامێزبێ و دەرنەکەوێ، بەڵام ئەو پەردە پۆشی یە بووە هۆی شانازیکردنی ...ئەو نووسراوانەی لە کافکا جێماون، سێ رۆمانی درێژن :

(دادگایی)و(کوشــک)و(ئەمریکا) و کــۆمەڵێ کــورتەچیرۆک و مەتەڵ و گــوتەی کــورت و یادداشــتی رۆژانەی کەســی و ئەندێشەی بڵاو و چەند وتارێکی رەخنەیی و چەند نامەیەکن، بەڵام نووسراوە ئەدەبییەکانی زیاتر بەناتەواوی ماونەتەوە، ســەربردەی ژیــانی کافکــاش لەلایەن (مــاکس بــرود)ەوە نووسراوەتەوە، چەند کورتە نووسینێکیش لەسەر ژیانی کافکا بەقەڵەمی F.Feigl و دڵبەرەکەی **دۆرا دیمانت** و کەسانی ترەوە نووسراوەتەوە،وا دێتە بەرچاو، کە کافکا تەنیا لەگەڵ چەند کەسێک، کە بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن،لە نووسەر و فەیلەسوفان تێکەڵاوی هەبووە، شارەزاییەکی زۆری لە ئەدەبیاتی زەمانی خۆیدا نەبووە، لەوانەیە ئەم بلیمەتییەی لە ئەنجامی

توێژینەوە و خوێندنی تێکستی عیبری( تەلمود)ەوە بووبێ، بەڵام خوێندنەوەی ئەم تێکستە هیچ لە بیروباوەڕەکانی نەگۆڕیوە، کافکا لەبەرامبەر زۆر لە نووسەرە ناسراوەکانی ئەڵمان و نەمسا وایپیشان داوە، کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵیاندا نەبووە، لەنێوان نووسەرەکانی سەردەمی خۆیدا لەگەڵ (ڕۆدلف کاسنەر kassner) و هۆفمانشتاڵ(Von Hofmannstahl)و هانس کارۆسا ( H.(Carossa و هێرمان H.Hesse و نۆت هامسۆن ) kunt hamsun) و فرانتی ڤێرڤلf )، و (F.Werfel و ڤیلهێلم شیڤەر (W. Schafer)و تۆماس مان (T.mann پێوەندی هەبووە، بێگومان چیرۆکنووسانی ئەڵمانی وەک شتۆرم ( storm) و کلایست Kleist و هێبل J.H.Heble و فۆنتان Fontane و شتیفەرStifer و هەروەها گۆگۆڵ Gogolبە تەواوی لەڕێگەو زمانی نووسینی ئەو بەشداریان کردووە، کافکا بە وردی نووسراوەکانی گۆتەو تەورات و ئۆپانیشا درایشی خوێندۆتەوە، بەڵام کارتێکردنی گۆستاڤ ڤلۆبێرG ، Flaubert و(کیرک گارد) لە کەسایەتی ئەو زیاتر لە خەڵکانی دی بەرجەستەیە، خۆیشی ستایشی مەعنەوی (گۆتە)و(فلۆبێر)ی کردووە،هەروەها جیاوازی فلۆبێرو کافکایش لەوەدایە،کە فلۆبێر دەیویست کتێبێک دەربارەی بابەتی پووچی بنووسێ، کەچی کافکا دەیویست ژیان بە پووچ پیشان بدات، (فلۆبێر) نووسیویەتی:

(هەموو شتێک دەزانم، بەڵام باوەڕم بە هیچیان نیە)، کافکایش زانای سروشت و خوو ئاکارە، بەڵام دەترسا لەوەی بەشتێک باوەڕ بکا، کافکا وەک مشکە کوێرە بە شاری (پڕاگ)ەوە نووسا بوو، ئەوێی بە پەناگەی خۆی دەزانیو لەهەمان کاتدا لێشی

بێزار بوو، کاتی دەست بەتاڵی خۆی بە نووسینو مەلەوانی بەلەم ئاژوانو باغەوانیو دارتاشیەوە بەسەر دەبرد.

سەیر لەوەدایە بەهەمان شێوە کە زەمەن تێدەپەڕێ سیمای کافکایش بەهێزتر دێتە بەرچاو، ئەشێ بەڕێگەی شیکردنەوەی دەروونی ئەو بتواندرێ تا ڕادەیەک پەی بەژیانی دەروونی ئەو ببردرێ، سێ بابەت چارەنووسی کافکایان دەست نیشان کردووە:

دژایەتی باوکو لە ئەنجامی ئەو دژایەتیەش دژایەتی کردنی کۆمەڵگای جوولەکە (یەهودی)، ژیانێکی ناخۆشو سادە، لەوێ کە باوکی بەنوێنەری یاساو کۆمەڵگە دەزانی،

● * *

بۆ تێگەیشتنی خواوەند کەوتبووە گەڕانی شەخسی، بەڵام بەدەستی بەتاڵ دەگەڕایەوە، بۆ ئەوەی جدییەت لەگەڵ تەنیاییەکەیدا ڕابهێنێ،وەک (کیرک گارد) دەستگیرانەکەی خۆی دوادەخستو تاوازی لێهێناو چاوپۆشی لە ژنو مێردایەتی کرد، بەڵام لەو کاتەدا دەردی بێ دەرمانی سیل وەدەرکەوتو ئەو نەخۆشیە تا سەرە مەرگ ئەشکەنجەی تەنیایی بۆ نایەوە،

ئەو نموونەیەش بەسە بۆ ئەوەی چاکیو خراپی ئەومان بۆ دەربخات، گومانی تێدا نییە کە کافکا ژینی خۆی لەژێر ترسی فەرمان ڕەوایی باوکە ستەمکارەکەی بەسەر بردووە، تا ئاخیری عومری نەیتوانیوە ئەو ئەم تیلە تەکان پێبدا، هەرەشەی بابی هەموو دەمێ لەگوێی دا دەزرنگایەوە:

(وەک ماسی زگت هەڵدەدرم)،بەڵام ئەم کابرایە هەرگیز دەستی لە کورە تاقانەکەی بەرز نەکردۆتەوە، کافکا دڵخۆش

دەبــوو بەوەی بتــوانێ خێــزانەکەی ڕێــک بخــات، بەڵکـو لەو بەنـدینخانەیەی بـاوکی رزگـاربێ، ئەم ئـارەزووەی ئـازادی وەک سەراب لە بەردەمیدا خۆی دەنواند، بەڵام هەمیشـە دەخزایە نێو گیــرۆدەو کێشــمەکێش لەگەڵ دەســتگرانەکەیی‌و لێــی دوور دەکەوتەوەو لێــی نزیــک دەبــۆوە، تــا دواجــار چارەنووســی خەمبارانەی کەسێکی هەڵبژارد کە تەنیایی بۆخۆی هەڵبژاردبێ، نەک لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی رێک نەدەکەوت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ژیانی بەهیچ دادەنا،

ئەو نامەیەی کە کافکا بۆ بتوکی نووسیووەو (مـاکس بـرود) چەنـد بەشـێکی لـێ بڵاوکـردۆتەوە، تـا ئەنـدازەیەک بنچینـەی کێشمەکێشمی ئەو لەگەڵ باوکیدا ڕوون دەکاتەوەو هۆی گەرانـی بەدوای نەریتی باوکە جوولەکەکەیدا ئاشکرا دەکات،

باوکی سووربوو لەسەر ئەوەی کە یەکتاپەرستی ڕووخساری ڕاســتەقینەی جوولەکــایەتییە یەهــوودیەتە)، ئەم بــانگەوازە کۆمەڵێک مەسەلە دێنێتە ئاراوە.

بڕواهێنان‌و پێشوازی کردنی ئەو مەسـەلانەش بەلای کافکاوە نا پەسەند بووە، ماڵی باوکی بەڕای کوڕەکەی جێی گومـان بـوو، لەژێر کۆمەڵێ کۆت‌و بەنندا دەبینیەوە، (کیرک گارد) گوتوویەتی: (من زۆر قەرزار باری ئەو کەسەم منی هێناوەتە خود)، کافکایش لەم ڕووەوە خـۆی لە بەرانـبەر بـاوکی بە بەدکـار دەزانــێ، لەنامەیەکدا کە بۆ بـاوکی نووسیوە ئەوە دێنێتەوە یاد: (ئەوەی نووسـیم پەیوەنـدی بەتۆوە هەیە، ئەو گلەییانەن، کە نەمـدەتوانی لەلات وەدەریـانخەم، دڵپڕی خـۆم وا بە نووسـینەکانم دەرکـرد)، پاشان درێژەی پێدەدات:

ئەو شـوێنەی تێیـدا دەژیـم، تووشـی دوو دڵـیو رارایـی کردوومو بەجارێ تێکی هاڕیوم، هەرچەندە ناچار بووم بچمە شوێنێکی دیکەوە، بەڵام هەوڵێکی بێ سوود بوو، چونکە هیچم بەدەستەوە نەماوە)، دەربارەی بیروڕای باوکیشی نووسیویەتی:

(هەتـا لە گەنجیەتیشـدا تێنـاگەم،تۆ بـۆچی سەرزەنشـتی منـت دەکرد،کە دەبێ سـەر بۆ ئەو یەهـوودیەتییە پووچە دابنەوێنم،کە تۆ پێیەوە بەندبوویت، (دەتووت بۆ خواپەرستییە)، ئەوەندەی من لێـی تێگەیشـتووم ئەم یەهـوودیەتە لەڕاسـتیدا شـتێکی نـاچیزو گـاڵتەیەو لەگـاڵتەش بـێ نرختـرە ..). مـاکس لەژێـر سـەری دەخـوێنێو دەیەوێ دووبـارە ئامۆژگـاری بکـاتەوە بـۆئەوەی باوەڕی بە یەهوودیەت هەبێ، بەڵام هیچ سوودی نابێ، کافکا بە هـاوڕێکەی دەڵـێ:(من چـیم بە جوولەکـان دەچێـت؟)، لە ئەنجـوومەنی ئـاهەنگی ئـاینی جوولەکـان دێـتە دەرەوە کافکـا بەتوانجەوە دەڵێ:(ئەگەر ڕاستیت دەوێ وەک ئەوە وابوو لەنێو ڕەشـە کێـوییە ئەفریقیەکانـدا بـووبین، ئەو شـتە پروپـووچە بـێ نرخانە چی بوون!)

لەیادداشتی تایبەتیی خۆیدا نووسیویەتی: (نەک تەنها کەسانی وەک کیـرک گـارد نەیـانتوانی دەسـتی مانـدووی مەسـیحیەت ئاشـنای ژیـانم بـکەن، بەڵکـو پەیڕەوکەرانـی سـەهیۆنیەتیش چ لەبەرایێـداو چ لەدوایێـدا نەیـانتوانی ئـارەزووی ئیسـرائیل لە مێشکمدا بچەسپێنن).

هەروەک کافکا خۆی وەدەری خستووە زیاتر بیرکردنەوەی لە (کیـرک گـارد)ەوە نزیکتـر بـووە، کەچـی جیـاوازیەکی زۆر لەنێـوان (کیرک گارد و کافکـا)دا بەرچـاو دەکەوێ، بـۆ نموونە:

ئەگەر چی خودای گیرک گارد دڵڕەقە، بەڵام لەهەمان کاتدا میهرەبانو بەخشندەیە، کەچی خودای کافکا هەروەک لە نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێ، ترسناکو هەڕەشەکەرە، لەسەر یاسا دەڕواو بەکاری ئاگادار کردنەوەو سزادانو بەخشندەیی هەڵدەستێ، هەتا (یەهودا)و تەوراتیش بەم شێوەیە نیە، هەر چەندە دڵڕەقیشەو ڕقو کینەی هەیە، بەڵام جاری وا هەیە سەد گوناهبار بۆ خاتری یەکێ دەبەخشێ،،،،

* * •

دوو شت کافکایان زیاتر ناساندووە، یەکیان ئەوەیە،کە ئەگەرچی خوێنی جوولەکەی بووە،بەڵام لەکۆمەڵگای جوولەکە ڕایکردووە،ئەوەی تریان ئەوەیە، کە نەخۆش بووەو جودابیەکەی بۆتە دوو قات بۆی،،،

کافکا لە تاقیکردنەوە دەروونیەکانی خۆیدا گەیشتە ئەوەی:کە بێبەشە، شتێکی کەمە، لەگەڵ خەڵک ڕێک ناکەوێ، حەقیقەتی لەبەرچاو ونە، دوولایەنی (الازدواجیە) لەگۆڕێیە، مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا بێگانەیە، لەنێوان بنیادەمو جیهانی بەهەشتدا گێژاوی بۆ دروست دەبێ، هەموو شتێ کۆسپێکی بۆ دێتەڕێ، مەبەستی کافکا چییە؟ دنیایەکی دی؟ نەخێر،ئەو هەر ئەو دنیایەی دەوێ، حەقیقەتێکی تازەی گەرەک نیە، ئەوەی لە دەوروبەری خۆی دەیبینێ حەقیقەت نییە، کافکا هەوڵدەدا لەکەناری ژین بووەستێو هەموو شتێ ببینێ: سستی، ناخۆشی، تەنهاییو توانای باوکە خوێندەوارەکەی، کە دەیەوێ کوڕەکەی خوو ڕەوشتی بازرگانانەی هەبێ.

لەچیرۆکــی (لانە)دا کــاتێ مەترســی دوژمنــی نــامەرد نزیــک دەبێــتەوە، گیــانەوەر بیردەکــاتەوە: مــن وەک منداڵەکــان بیــرم نەدەکردوە،کە نەختێکیش بەسـاڵدا چووم بەیاری منالانە کاتی خۆم بەسـەر دەبردو ترسی یارییەکانم هەبوون،هەرچەندە دڵم خەبەری ئەو مەترسییانەی دەدا، بەڵام گوێم پێ نەدەدان).

ڕەنگە مەسـەلەکە تـرس بێ لەبەردەم لێپرسـراویەکانی ژیـان، ئەو خەسـتی کـردووە،کە ژیـانی دەم دەمـیە، شـتێ دەسـتی پێنەکـردووە تــا بەرەو کۆتــایی بــروات، هەرچەنــدە نووســەر بەدەســت کــورتی ژیــاوە،بەڵام ئەوە لەبەردەمــی دا نەبــووە بەکۆســپ، خەڵکــی هەمــوو خۆشــیان ویســتووە، بەتــایبەتی بڵاوکەرەوەی کتێبەکانی،کە (ماکس برۆد)یش نامەکانی کافکای خستە ڕوو،کافکا پاداشتی ئەدەبی پێ وەرگرت، جا بۆیە دەبێ کۆســپێکی دی هــاتبێتەڕێ، کەوای لێکردبــێ ناکــامی بەتونــدی دەستی لە یەخەی گیرکردبێ، چونکە نووسیویەتی:

(نەک هەر تەنهـا بەهـۆی بـاری کـۆمەڵایەتی، بەڵکـو شـێوەی هەڵکەوتنی سروشتی خۆم وا هەڵکەوتووە مرۆڤێکی کەم دووو ووردبـین‌و کەم تـێکەڵاوی خەڵـک بـبمو ناکـام بـێمەوە دنیـاوە، نـاتوانم ئەوەش بە بەدبەختـی بزانم، چـونکە تروسکەسـەکی ئەو مەبەستەیە کە خۆم گەرەکمە).

کافکـا هەر لەمنـداڵییەوە هەسـتی بەجـودایی‌و ناسـازگاری‌و جیاوازی خۆی لەگەڵ خەڵکدا کردووە:( کەس لەخـوو ڕەوشـتی تێنەدەگەیشـت، ئەم بـارودۆخەی تووشـی مەحکـومیەتی کـردوو، هەتــا وای هەســت دەکــرد بەدۆستەکانیشــی نــاچێ، ئەوان هــاودەردی ئەو نــین، لەیاداشــتەکانیدا نووســەویەتی:( ئەو

خەڵکـانەی دەدوێـنو چاویـان دەدرەوشـێتەوە، باشـە چ شـتێک لەهەمووان زیاتر تۆ بەوان دەبەستێتەوە، بۆ نموونە تۆش وەک ئەوان دڵت هەیە، رەنگە بۆ ئەوەبێ تا لەگەڵ ئەوان ڕێک بکەوێ؟ بەڵام تـۆ لەگەڵ ئەوان ڕێـک نـاکەوی، بـۆیە وا ئەم پرسـیارەش لەلای تۆ سـەرهەڵدەدات)، کە تەواو بیردەکاتەوە ئەم جار بەرەو خەڵـــوەتەکەی خـــۆی دەگەڕێـــتەوەو تەنیـــایی بـــۆ خـــۆی هەڵدەبژێرێتەوە،

سەیر نییە، کە هەرجارێ کێشمەکێشم لەنێون خۆمانو دنیای کافکادا بەرپا ببێ هەست بە تـاوانێکی گەورە بکەین، تـاوان نەک گونـاە، چونکە کافکـاو قارەمانەکـانی خۆیـان بە تاوانبـار نـازانن، کافکـا بەهـیچ شـێوەیەک گوناهـ ناناسـێو پەی دەرپەی چەنـدان پرسیاری خەمبارانەی جاویدانەی مـرۆڤ دەخـاتە ڕوو: بۆ کوێ دەڕۆین، لەژێر کـارکردنی چ هـۆیەکین، یاسـا کـامەیە؟ پیری نو پەیوەسـتەی نێـوان دوو تەوەری گۆشـەگیریو یاسـایە، بەڵام لەنێـوان هەردووکیانـدا دێـتو دەچێـتو خـۆی بەهیچیـانەوە نابەستێتەوە ...گۆیا مـرۆڤ دەسـتی هێـزێکە،کە زۆربەی کـات لە هەڵوەشـانەوەکەی چاودەپۆشـێ، ئەویـش بەهـۆی ئەوەوەیە،کە بچوکترین هەستی پشکنینی نییە،کە دەتوانرێ لەکۆمەڵ بەچاکی بـدۆزرێتەوە، ئایـا وا دەرنـاکەوێ کە نووسـراوەکانی چـاڵاکییەکە بۆ لەناوبردنی ناکامی یەکانی ژیان؟ ئەو دنیـایەی کافکـا پیشـانی داوەدنیایەکی وردە و لە گۆشەکانی رۆحی مـرۆڤ دەکۆڵێتەوەو وەک مۆتەکە تێدەپەرێ،

مرۆڤ کاتی خۆی بە کـاری پووچ و بێ مانا بەسـەر دەبـا و تێدەکۆشێ لەژێـر بـاری ئەو گونـاهـانەی، کە پشتی چەماندۆتەوە

شانی خاڵی بکاتو لە تەنیایی و نائومێدی بنبەست دەست و پێدەکوتێ، بێگومان ئەم جۆرە دنیایەش دنیای زۆر لە هاودەمانی ئێمەو هەروەها رونکردنەوەی ژیانی خۆیشیەتی.

کافکا بەرامبەر بەخۆی وەفادارە، ئەوەی نووسیویەتی لە دەردو ئەشکەنجەی گیانی و مەعنەوی خۆی هەڵیهێنجاوەو بەشێوەیەکی گەشبینی و مەنتیقی وشک و بێبەزەییانە دەوەری خستوون و ترس و سام دەخاتە دڵی خوێنەرەوە.

قارەمانەکانی بەقەد روخساری خۆیانن و نایەوێ بیانشارێتەوە بە پیتی یەکەمی ناوەکەی خۆیشیان دەیانخاتەروو، وەک: جۆزێف، کە ناوی تەواوی نییە و تەنها سێبەرێکی ئەوەو وادێتە بەر دید،کە ک...نەیادگاری هەیەو نەئایندە،بەشێکی گیانی ئەو ناوەیان قرتاندوە و هەڵیانگرتووە،ژنەکان رووخسار و ناوی دەسگیرانەکەی ئەویان هەڵگرتووەو دەوروبەرەکەی هەر هەمووی لە رۆمانەکانیدا بەرچاو دەکەون.

لە رۆمانی(دادگایی)و(کۆشک)دا خشڵەکانی ژیانی رۆژانەی کافکا دەدۆزرێتەوە،هەروەها ئارەزووی ئەو کارانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە کردوونی تا بتوانێت دەسکەوتی ماددی و زەمەنیی زیاتری دەست بکەوێت، بەڵام چۆن لەگەڵ دژواری یەکاندا روو بەرووبۆتەوە،هەروەها دەزگا شڕوشەپرێوو گاڵتەئامێزەکانی دەوڵەتی وەدەرخستووە، وەک پشت وێ خستن و رۆشتنی کار بەسستی و نارێکی و پیسی دەفتەرەکان و لەکۆڵ خۆکردنەوە و توانای سەرۆکی فەرمانگەکان، هەروەها هەموو ئەمانە بەچاکی لە کتێبەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

ئەوانە چەند ڕاستییەکن کافکا بە ئازارەوە هەستی پێکردوون و وەدەریخستوون، بەخستنەڕووی ئەم شتانە وا دەردەکەوێ، کە توانیویەتی خۆی رزگاربکاتو لەژێر نیڵەی خێزانو کۆمەڵگای جوولەکەو زەمین نەژادی خۆی بێتە دەرەوە،، بەدایکی دەگوت:( من هەمووتان بەبێگانە دەزانم)، بەڵام ئەوەندەی لەژیان مایەوە بۆ شتە لەدەست چووەکانی گوزەرانی کرد،(بەبێ نەوەکانی، بەبێ خاو خێزانو بەبێ ئەو شوێنەی لێی لەدایک بوو)،دەیویست دووبارە ئەم شتانە بەدەست بێنێتەوە، تا بتوانێ وەک خەڵکی دی بژی، بەڵام ئارەزووەکانی نەهاتە دی، تیژبینیو وردبینی بیری ئەو بووە کۆسپێک لەرێگەی ئەوەی بتوانێ گرێی دەروونی خۆی لای خەڵک بکاتەوە.

*　　　*　　　•

کافکا یەکەمین کەسە باسی نەگبەتی مرۆڤ لەدنیایەکی بێ خودا دا بکات، دنیایەکی پووچی وا، کە دوایییەکەی کەس نیە پشتگیریت لێبکات، ئەگەر بەهێزی خۆت بتوانی چارەنووسی خۆت دەستنیشان بکەیت، چونکە شیرازەی گشت نەریتە باوەکان لەیەک پچڕاونو بۆ ئەوەی دووبارە بێنەوە ئاراوە، دەبێ بناغەکەیان بەپێی بنەماو بزوێنەری ترەوە دابڕێژرێنەوە.

کافکا بۆ درێژەپێدانی تاقیکردنەوەکانی خۆی گۆشەگیری هەڵبژاردووەو ئیدی هەتاوی گەرەک نەبووە، لەیاداشتەکانیدا نووسیویەتی:(زۆربەی کات دەبێ بەتەنیا بم، ئەو بەختیارییەی دەستم دەکەوێ لە دەوڵەتی تەنیاییەوە دەستم دەکەوێ)، لە هەراو هۆریاو جەنجاڵی هەڵاتووە، چونکە بەمە دەکەوتە نێو ژیانەوە، لەساڵی ١٩١٣دا نووسیویەتی:

(لەم ساڵانەی دوایدا رۆژێ بیست قسەم لەگەڵ دایکم نەکردووەو لەگەڵ باوکیشم تەنیا سڵاوم لێکردووە، لەگەڵ خوشکەکانمو زاواکانم بێ ئەوەی هیچیش لەنێوانماندا هەبێت هیچ قسەم لەگەڵ نەکردوون)، دوای ئەوە هەتا نەیوستووە(دکتۆر برود) و برادەریشی ببینێو خۆی لێشاردۆتەوەو لەگەڵ کەس قسەی نەکردووە،چونکە هەر بەئەنقەست ویستوویەتی هەموویان بکاتە دوژمنی خۆیی‌و هەموو هێزێکیشی لەپێناو مەبەستەکەیدا بەکار بردووە:(من شێتانە پۆدەکان هەموو تێک دەشکێنم ! هەموویان لەۆم دەکەمە دوژمن‌و لەگەڵ کەسیش قسە ناکەم).

ئاکاری ئەو خۆڕاگری بووە لەبەردەم نووسین‌و ئومێدەوە: (ئاسمان لاڵە، ئاژاوە بۆ کەرەکان دەنێتەوە)، ژیانی نەمری بەدەست کەس ناکەوێ، ژینی سەر زەمین (بیابانێکی مەعنەوی) یە، کە لەوێ( لاشەی کاروانی رۆژانی رابوردوو داهاتوو) بەسەر یەکدا کۆمەڵ دەکرێن:( دەبێ سەری پڕ کینەو بێزاری بەسەر سنگدا شۆر کەینەوەو وریای خۆمان بین کەس بینە قاقامان نەگرێت).

هەروا بەڕستەیەک دنیایی رابوردووی خۆی ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ:

(من سەرکەوتووانە نەفی زەمانەم لەگەڵ خۆمدا گونجاند)، لەم رووەوە کافکا تێکۆشاوە گیانی وتەکانی بەدەنگێکی تازەو ترسناکەوە دەربخات، بەدەنگێکی ئاوارە، کە دەنگی دیارو لەبەرچاوی ئەمرۆکەمانە...

❊ ❊ ●

لایەنێکـــی دی هەیە ســـەرنج ڕادەکێشـــێ،ئەویش ئەوەیە،کە هەرسێ ڕۆمـانی کافکا(داوەری)و (کۆشک)و (ئەمریکا)و زۆر لە چیرۆکەکـانی بە نـاتەواوی مـاونەتەوە، ئەم دیـاردەیەش هەڵـبەتە بەهـۆی تەمبەڵـیو پشـت گـوێ خسـتن یـان بەهـۆی ناتوانـای نووسـەرەکەیەوە نەبـووە، پسپۆڕێکی دەروونناسـی ئەم شـتە وا شـیدەکاتەوە، کە بێشـک بەهـۆی کـاری سێکسـیەوە بـووەو دەیبەستێتەوە بەوەی،کە کافکا ئـارەزووی ژن هێـنانی هەبـووەو نەیتوانیـوە کاربکـات: لەگشـت نووسـینەکانیدا بـابەتی شکسـتو ناکامی پەروەردە کردووەو وەک پەیامبەرێک بەشێوەی جیا جیا بەرگـری لێکـردوون،بەڵام کافکـا ئەزموونەکـانی خـۆی درێـژە پێـدانو بەهـۆی نووسـینەکانیەوە رایدەگەیانـدن،چونکە خـۆی نووسیویەتی:

( لەبەر تەمبەڵیو نیاز پیسیو بێ تـاقەتی نییە،کە لەشتێکدا چ لەژیـانی خێزانـداریەتیو چ لەژن هێنـانو چ لەکـارو ئەدەبیاتـدا ڕووبەڕووی شکستو غەیری شکست دەبمەوە، بەڵکو بەهـۆی نەبوونی زەمینو هەواو یاساوەیە، کـاری منیش هێـنانە کـایەی ئەمانەیە ،،، ئەمانە بەکاری سەرەکی خۆم دەزانم).

بەم شـێوەیە دەردەکەوێ، کە کافکـا هەر لەسـەر نەخشـەکەی خـۆی دەڕوا،قارەمانەکـانی وەکـو خـۆی لە دنیـایەکی نـاسازگاردا دەژین،کە پڕە لەمەترسیو مۆتەکەو بارودۆخی خۆیان لەم دنیا پـووچە بەجیـا دەنـوێنو بەئەنجـامێکی ترسـناک دەگەن، کە بـن بەستەو دەرباز بوونی تێدا نییە.

خـاڵێکی دیـکە هەیە ئەویـش ئەوەیە،کە دەتـوانرێ (داوەری) و(داوەشـان) بەم چاوەشـەوە ســەیربکرێنو راڤە بکـرێن، کە

بەهۆی هەست کردن بەناخۆشیی و دەردەکەی خۆی بێ دەرمان بینیــــوەو ســــەیری کــــردووەو دەوروبەرەکەی لێــــی دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە نووسراین، بەڵام ئەو بەرهەمانی پێش ئەوەی تووشی نەخۆشی سیل ببێت نووسیوە، ماکس برود نەیزانیــوە یــاخود نەیگووتــوە، کە کافکــا نیشــانەکانی ئەم نەخۆشییەی لەخۆی هەست پێکردووە یان نا ؟،،،

* * *

کافکا زۆر خێرا نووسیویەتی، هەندێجار وەک دیستۆڤسکی چیرۆکێکی لە شەوێکدا تەواو کردووە، لە نووسینەکاندا زۆر سەرنج وورد بووەو ڕاستگۆییەکی تەواوی نیشانداوە، ئەو نووســیویەتی، چــونکە ویســتویەتی پەیــامێکی ڕاســتەوخۆ بەدەستەوە بدات، نابێ بپرسن کافکا ویستوویەتی چی بڵێ، ئەوەی گوتوویەتی چی بڵێ، ئەوەی گوتوویەتی هەر ئەوەیە، کە ویستویەتی.

دنیای کافکا دنیای خەونەو بەمۆتەکەو ترسەکانی یەخەی مرۆڤ دەگرن،کەچی لەپڕ کە بەهۆش خۆمان دێینەوە ڕووبەرووی هەراو پووچیو گاڵتەجاری دنیای بێداری خۆمان دەبینەوە، کە خوومان پێوەگرتووەو بە جددیات وەرمانگرتووەو هەتا هەنووکە بەناوی حەقیقەت بۆیان کردووین بە قاڵب.

لە هونەردا تەنها ڕووخسار بەبێ بیرێکی پایەدار ناتوانێ خۆی ڕاگرێ، کارەساتە ئاساییەکانی ژیان لەژێر نووکی قەڵەمی کافکادا بەشێوەیەکی درامی ئەویان نواندووە، بەسەرهاتەکانی ڕۆمانێک لە چیرۆکێکدا کورت دەکرێتەوە، ڕستەکانی بەهێزن و هەندێ جار ئاڵۆز، بەڵام سادەو ئاسایین، کافکا لەژیانی ئاساییو

ڕاستیەکانی ژیان هەڵاتووە، لەم ڕووەوە خۆی حەقایق دێنێتە ئاراوە، نووسینی ئەو مۆتەکەیە هەروەک خۆی ئیشارەتی بە خەوزڕانی شەوێکی خۆی کردووەو دەڵێ:( ڕاستە من دەنووم، بەڵام لەگەڵ ئەو خەونانەی دەیانبینم لەبێنەو بەردەدام).
خوێنەر دەچێتە دنیایەکەوە، کە لەنێوان خەو بێداری دایە، وەلی هێشت بەئاگایەو خۆی دەناسێتەوە، ئەم دنیایەش بەپووچو خەیاڵاویو گومان لێکراو نایێتە بەرچاو، بەڵکو حەقیقەتێکی بەسوێیە، ڕووخسارەکان تێکەڵ بەیەک دەبن، بەڵام پەراگەندە نابن.

گەردوونو زەمانە لەشوێن خۆیانن،بەڵام مەنتقی کەسەکانو تووش بوونیان بەیەکتر جۆرە مەنتقێکو تووش بوونێکە تەنها لەجیهانی خەوندا ڕوودەدات کافکا بێ ئەوەی بابەتی غەمبارانە یان داواکاری بێ سەروبن بخاتەڕوو، بەری دڵ دەگرێ،هونەرەکەی حەقیقەت دەخاتە لاوە، واتا زیادەڕەوی لە واقیع بینیدا دەکاو بەشێوەیەک مەحکومیان دەکات کە لە هونەرەکەی ئەودا رادەیەک بۆ جددیاتو گاڵتە دانەندراوە،،،

• * *

وەرگێڕانی بەرهەمەکانی کافکا کارێکی ئاسان نییە،بەهۆی زمانەکەیەوە،کە هەرچەندە سنووردارێشە (محدود)، بەلآم لەبەرئەوەی لەسەر ڕێوشوێنی تەواوی کلاسیکی یەو ئاوازو کێشو ئاڵۆزیو گشت ڕێگەکانی دی کلاسیکیەتی رەچاوکردووە، بۆیە پێویستی بەخۆ ماندووکردن هەیە، لەنووسینەکانی کافکادا هەموو شتێک پەیوەندیەکی مەنفی بەژیانەوە هەیە، قارەمانەکانی یان وا چاکترە بڵێین شتەکانی غەیری قارەمانەکانی هەموو

سەرشۆڕو ستەمدیدەن، بێ فیزیی کافکا وەک بێ فیزیی (مقدس)ەکانی مەسیحە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان: مەبەستی ئەو لەبێ فیزیی داماوی‌و تێکشکاوی نییە بەرانبەر بەخودا، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهۆی (نەفی) مرۆڤی ئێستا رووبەرووی ڕق لێبوونەوەی خودا دەکاتەوەو ئادەمیزاد هیچو ناچیز دەکات، ئەو قارەمانانەی کە لەدنیای ئاژەڵانەوە وەریدەگرێ ناکرێ لەوە زیاتر بچوکترو نزمتریان بکاتەوەو بەم ڕێگەیە دەیەوێ بڵێ، کە ئادەمیزادی ئێستا هیچ نییە، قارەمانە مرۆڤەکانیشی بۆ نموونە، (کارل رۆسمان) لە رۆمانی (ئەمریکا)دا نموونەی مرۆڤی بێ فیزە، لەرۆمانی (داوەری)دا (جۆزێف) ک .. بەند دەکرێ‌و لە رۆمانی (کۆشک)دا ک ...ی گەریدە وەک ئەوە وایە (کلی لەچاواندا دزی بێ)، هەموو یەک جۆرە سێبەرن، بەڵام چونکە سیماو ئەندام و کێشیان نازانین، بۆیە سوودێکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام دزانین سێبەرێکین‌و مەبەستێکیان هەیەو ئیرادەیان لە بەهێز بوون دایەو جێی خۆیان دەگرن‌و هەڵدەسەنگێندرێن‌و ئەنجامێک بەدەستەوە دەدەن، هەتا نیشانەی بەرایی ناوەکەشیان زیادەیە، چونکە لەو هەرێمە بەستەڵەکانەدا ( زۆرمان بە قەڵەم ڕەساسێک، کە لەسەر ئاوەوە چەسپیوین‌و گومان دەکەین، کەشتێکمان دەسگیر دەبێ، کەچی لەکاتێکدا کە نقووم دەبین خەونی رزگاربوون دەبینین).

چۆنە هێشتا ناوێک بۆ خۆمان دابنێین ؟ لەم شوێنانەدا هەموو شتێک پاک دەبێتەوە، نووزەی لێدەبڕێ،ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ‌و پەیوەست دەبێت بە تیشکێکی خزەوە،وەک بڵێی: (مرۆڤ لەناو ئاوەوە سێبەری خۆی بخاتە ژێر پێیەوە).

هـیچ شـتێک بـوونی نـیە، پیتـی یەکەمـی (ک)یـش نیشـانەی ئەوپەڕی بـێ فـیزیو لەخۆبـایی نەبـوونە، ئیرادەی ڕووخێنەری کافکا نـاتوانرێ لەبەر چاو نەگیرێ، هەمـوو جارێک کە چاومـان بەو دوو نـامەیە دەکەوێ، کە تیایانـدا وەسـیەتی کـردووە گشـت بەرهەمەکانی بێئەوەی بخوێنرێنەوە ئاگریان تێبەردرێ، ئەوەمـان بـــۆ دەردەخـــات، کە ئـــارەزووی ئەوەی کـــردووە بە تەواوی شەخسیەتی خـۆی لەنـاو ببات.بـاوەڕی بـە هێـزی بـە نـەفی و پـووچی هـەموو شـتێک هەبووە.بـەچاوی پـووچی و سـووکی لـە بەرهەمـەکانی خۆیشـی روانیوە.نەیوسـتووە وەک سـۆفییەکان بـە شـادی و بەختیارییـەوە قـۆڵ و باسـکی خـۆی بکاتـەوەو بڵـێ: ( دوای ئـەوەی فـەنابووم وەک ئەسـپێکی باڵـدار بـە هەشـتاوی و تالووکـەوە بـەرەو نـەبوون مـل دەنێم).نەخێر،بـەڵکو ئـارەزووی شەوی نەمریی کردووەو بێ ئەوەی شـوێن پێـی ڕێبوارییی خـۆی بەجێبهێڵێ،کە لەسەر لمیش شتیکی نووسوە حەزی کردووە زوو بیسـڕێتەوە،چونکـە گچکـەترین رۆژنـەی ئومێدی بـە دنیـای دوای مردن نەبووە.

* * •

لە(وڵگەی سزا)دا، کە یەکێکە لـە چیرۆکـە دڵگیرەکـانی کافکـا، تـا راددەیـەک لـە بەرهەمـەکانی ئیدگار ئـالن پـۆ E.A.Poe دەچێت لـە هەندێ رووەوە،بەڵام لە رووی نـاوەرۆک و ئیدیەمـەوە جیاوازە.لەم چیرۆکەیدا(دادگا)لەشێوەی ئامێرێکی ئۆتۆماتیکی ئەهریمەنیی خۆی نواندووە،کە بەپێی قسـەکانی فەرماندە مردووەکە، ئـازاری لەشی بەندکراوەکە دەدا.لە بەرامبـەر ئـەو ئەشـکەنجە بێسـودانەی بـە بەندکراوەی دەدەن ئـەمان ڕێگـەی بـەرگرییان هـەڵبژاردووەو

ئاگایشیان لە تاوانی خۆیان نییەو هەتا روونکردنەوەش بە زمانی بێگانە بۆ جیهانگەریی تەماشاکەر وەدەردەخەن.ئەم ئامێرە لە داهێنانی فەرمانداەی پێشووە،کە ئێستا خۆی نەماوەو مردووە. فەرماندەی تازە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەودا نییەو کەچی درێژە بە رێنماییەکانیش دەکات بە ناچاری.ئەمەش خۆی بۆ خۆی مەحکومیەتێکی تەواوەو یاساو دادگا بە شێوەیەکی میکانیکی کاردەکات. بەڵام کافکا بێ ئومێد نییەوە باوەڕی بە گۆڕانی ئەو سیستم و رژێمە هەیە. کە ئەم چیرۆکە بڵاوبووەوە(١٩١٩) رەنگە هەندێ بە خەیاڵیکی پووچ و پەنگخواردووی مێشکی نەخۆشێکیان دانابێ،بەڵام دوایی ئەم خەیاڵە پایەیەکی گرنگی تاقیکردنەوەی لەلایەن خەڵکێکی زۆر دروستکردو پێشبینییەکەی تەواو دەرچوو و بووە سیمای دەسەڵاتی خوێڕێژانەی دنیای ئێمە،چونکە ئەو رژێمەی لەسەرەوە ئارایشت کراوەو بەناو پشتیوانی یاسایە بووە بەش مەینەتی بۆ رۆژانەی بەنکاوەکان. ئەو بابەتەی، کە کافکا باسی لێوە دەکا(نامۆیی، گۆشەگیری)بووە بابەتێکی رۆژانە.

لەم چیرۆکەی کافکادا ئەو ئەفسەرەی،کە کاری خوێنڕێژی لە ئەستۆ گرتووە،کە ئامێرەکە لەکار دەکەوێت بە شێوەیەکی سەیر و بە ئومێدەوە گیانی خۆی بە مەرگ دەسپێرێ و خۆی دەکوژێ،بەڵام ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە،کە رژێمێکی باشتر جێگەی دەگرێتەوە،چونکە ترس دەخاتە لاوەو پێشبینی مەترسییەکی نوێ دەکات،ئەمەش زیندووبوونەوەی ئەفسەرەکەی پێشووە.

هێربێرت تووبەر H.Tauberبۆ ئەوەچووە،کە داهێنەری ئامێرەکە،واتا فەرماندەی پێشوو لە هەمان کاتدا سەرباز و

دادپرس و ئەندازیار و کیمیاگەر بووە. ئیدیۆمی (وزەی رەها)ی رەتکردۆتەوە.

گیرار بۆدینG.Boden لەو باوەڕەدایە،کە هیچ بیرکردنەوەیەکی نوێ یان رێگەیەکی تازە نییە لە پێشاندانی فەرماندەی پێشوو( کە ناوی نەهێنراوە)و لە رووخساری ئەفسەرەکەشدا نیشانەی (دڵسۆزیی پەیمان) بەرچاو ناکەوێت. بەڵکو میتافۆرێکە بۆ ئەوەی،کە یاسا قورسەکانی بەسەردەمە کۆنەکان(تەورات)و رژێمی تازەیشی بە سەردەمی ئێستا(ئینجیل) چواندووە.ئەم جۆرە دەستەواژانە لە راڤەکردن و تۆژینەوەی دەقی ئەدەبیدا دەشێ هەبێت،بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ بە بڕیارێکی کۆنکرێتی دابنرێت.

هەرچەندە پەیامی کافکا نائومێدانەو بنبەستەو تیایدا گشت هەوڵ و کۆششێک بێهوودەیەو نەبوون(عدم) لە هەموو لایەکەوە هەڕەشە دەکات و پەناگەیەک نییەو دواجار هەر دەچێتەوە سەر (پووچ) و جێگەیەک نادۆزرێتەوە،کە تیایدا تووشی هەناسەبڕکێ نەبێت،بەڵام کافکا ئەم دنیایەی پێ قبوڵ نییە،کە هەموو شتێ تیایدا یەکسان بێت، دنیایەکی ئەهریمەنییەو هەرچەندجارێ دەوروبەرەکەی بەم شێوەیە دەبینێ مانای وانییە ئیتر دەبێ گیانی بە بەڵا بسپێرێ و خەمی لێبخوات، بە پێچەوانەوە کافکا رقێکی زۆر بەرامبەر پلە و پایەی ستەمکاران بەرپادەکات، لەو دیو نووسینە سەیرەکانییەوە گاڵتە بە بانگێشەکانیان دەکاو ئەو یاسا و دادگا و دەزگا ئەشکەنجەییە بەرزەخیانەیان مەحکوم دەکات و توانایان نابود دەکات و بە مردوویان لەقەڵەم دەدات، ئەم دنیایە لەلای ئەو بە کەڵکی ژیان نایەت و خنکێنەرە، بۆیە بە

دوای(زەمـــین و هەواو یاســا)یەکدا دەگەڕێ تــا تیایــدا ژیــانێکی ئابڕوومەندانە بەسەربەرێت،

کافکـــا لەو بـــاوەڕەدایە، کە ئەم دنیـــای درۆ و تەزویـــر و گاڵتەجـارییە دەبـێ تێکبـدرێ و لەســەر وێرانەیەکـدا دنیـایەکی جـوانتر دروســت بکــرێ، ئەگەر دنیــای کافکــا یەخەی پــووچی گرتــووە ئەوە نــاگەیەنێ،کە دەبــێ بــاوەشــی بــۆ بکــرێتەوە، بەڵکــو شوومە، هەست دەکرێ،کە کافکا خۆی وەڵامێکی هەبێ،بەڵام ئەم وەڵامەی نەداوەتەوە،

## نموونەیەک لە کورتە چیرۆکەکانی
## شمشێر

لەگەڵ هەندێ برادەر بڕیارماندابوو رۆژی یەکشەممە پێکەوە سەیرانێک بکەین،بەڵام وەک رۆژانی پێشوو لە خەو هەڵنەستام و سەعاتی بەیەک گەیشتنمان بەسە چوو.

دۆستەکانم شارەزای بەڵێنەکانی من بوون،بۆیە بە دوا کەوتنی م بە پەشۆکاوییەوە هاتن بۆ ئەو خانووەی تیایدا دەژیام.ساتێ چاوەڕێیان کرد، پاشان بە پیلکانەکاندا سەرکەوتن و لە دەرگایاندا.من لەسەر قەرەوێلەکەم لە خۆم هەڵدا و دەرپەڕیمە دەرەوە.بیرم لە هیچ شتێک نەدەکردەوە،جگە لەوەی کە هەرچەندی زووتر پێم بکرێ هەوڵبدەم بۆ رۆیشتن خۆ ئامادە بکەم .جلەکانم لەبەرکرد و دەرگام کردەوە، برادەرەکانم بە بینینی من دیار بوو واقیان وڕمابوو، هاواریان کرد:ئەوە چییە بە پشت سەرتەوە؟! ، بەڵام هەرخۆم کە لە خەوێ هەستام کە شتێک نایەڵێ روو بۆ دواوە وەرچەرخێنم . دەستێکم گەیاندە ئەو شتەی پشت سەرم .برادەرەکانم ، کە تا رادەیەک سەریان سوڕمابوو،ئەوە من خەریکە دەست دەکەمە دەسکی شمشێرەکەی پشت سەرم، هاواریان لێ بەرز بووەوە:

(کوڕە وریابە،خۆت زامدار نەکەیت !)، ئەوجا نزیک بوونەوەو روویان وەرگێڕام و بردمیانە ژوورەوە، لەبەردەم ئەو ئاوێنەیکە بەرامبەر دۆڵابی جلکانمەوە هەڵواسرابوو، هەتا ناو قەدیان رووت کردمەوە.

شمشێرێکی گەورە، کۆنە شمشێرێکی جەنگاوەرە دێرینەکان هەتاوەکو دەسکی شمشێرەکە بە پشتی سەرمدا رۆچۆتە

خوارێ، وەلێ بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم دەمی شمشێرەکە لە نێوان پێست و گۆشتمدا بە نەرمی رۆچووبووە ناوەوە، بێ ئەوەی هیچ برینداریشی کردبم، هەروەها لەسەر ملم لەو جێیەی شمشێرەکە رۆچووبووە خوارێ هیچ شوێنەوارێکی بە دەرەوە نەبوو.

برادەرەکانم دڵنیایان کردم لەوەی شمشێرەکە بێ هیچ خوێنڕێژی و بە ئاسانی چۆتە خوارێ.ئیدی ئەوان لەسەر کورسی دانیشتن و لەسەرەخۆ هێدی شمشێرەکەیان بۆ دەردەهێنام .تەنانەت یەک دڵۆپە خوێن چییە لێی نەهات.شەقارەکە بۆیەک هاتەوەو جگە لە درزێکی بچووک نەبێ یەک ئاساری دی چییە لەسەر پێستم وەدەر نەدەکەوت. دۆستەکانم بە پێکەنینەوە شمشێرەکەیان بۆ لای من درێژ کرد و گوتیان:(ها بگرە شمێرەکە ها )بە هەردوو دەستان هەڵمسەنگاند، چەکێکی گرانبەها بوو، رەنگە خاچییەکان لە رۆژگارێکی دێرین بەکاریان هێنابێ.

کێ رێگە بە جەنگاوەران دەدات، لە جیهانی خەوندا بۆسە دانێتەوەو بێ هەست بە بەرپرسیاری شمشێری خەساو لە لەشی نووستوانی بێ گوناە رابکەن !. خۆ ئەگەر برینداریشیان ناکەن بێگومان لەبەر ئەوەیە،کە چەکەکانیان لەسەر لەشی زیندووان دەخزێ و دۆستانی بە وەفا و هاوکار لە پشت دەرگاوەن و لە دەرگا دەدەن.

*　　　*　　　*

**تۆماس مان** Thomas Mann ١٨٧٥-١٩٥٥ز،کە خەلاتی نۆبڵی ساڵی ١٩٢٩ ی پێبەخشراوە لە ساڵی ١٩٠١دا رۆمانی

(بۆدنبرۆگ چیرۆکی داڕوخانی خێزانێک)[1]ی نووسوەو وەکە ن٢دانپێنانێکی ئەدەبی خۆی دەژمێردرێ. لەساڵی ١٩٠٣دا کورتەرۆمانی (تۆنیۆ کرۆگەر)ی وەکو دوانەیەک بۆ کورتە رۆمانی (مردن لە ڤینیسیا) نووسیوە، کە رای نووسەر لەبارەی هونەرەوە پێشان دەدات.



**تۆماس مان**

لە ساڵە ١٩٢٤دا رۆمانی(چیای جادویی) نوسیوە.لە لە بەرهەمەکانیدا کاریگەری گۆتە بەسەرەوە بووە و شێوازی رۆمانی پەروەردەیی پێڕەو کردووە.لە رۆمانی چیای جادوییدا کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە باس لە کوڕیک بەناوی هانز کاسترۆپ بۆ هەفتەیک سەردانی باوکی دەکات،کە لە یەکێک لە خەستەخانەکانی سنگ خەوتووە لە شاری داڤۆس.دواتر کە دەچیتە ئەوێ هەستی نەخۆشی و بەزەیی وایلدەکا لە جیاتی

[1] : بۆ شیکارییەکی درێژ لەبارەی ئەم رۆمانەی تۆماس مان بڕوانە: بروکهارد مولر، في فضاء الادب الالماني،ترجمة مصلح حسين،هيئة ابةظبي للثقافة و التراث(كامة)، ابوظبي،٢٠٠٩، ص١٤٩-١٦٢.

هەفتەیەک حەوت ساڵ لەسەر ئەو چیایە بمێنیتەوە.کە دەبیستێ جەنگ کۆتایی هاتووە ئینجا دەگەڕێتەوە.

ئەم نووسەرە لە سەدەی بیستەمدا پشتگیری بۆچوونی رادیکاڵی سیستمی نەتەوەیی دەکرد.تەنانەت لەسەرەتادا پشتگیری لە روودانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکرد،بەڵام دواتر پەشیمان بووەوە و وتی نووسین جۆرێکە لە زوهد و خوداپەرستی دەبێ نووسەر بێلایەن بیت.لە سەردەمی هیتلەردا ئەڵمانیای بەجێهیشت و رەگەزنامەیان لێسەندەوە. لە سوید نیشتەجێ بوو.

**برتۆلد برێخت** Eugen Berthold Friedrich Brecht ١٨٩٨–١٩٥٦ز دیارترین گەسایەتی شانۆیی ئەڵمانییە.



**برتۆلد برێخت**

هەر خۆی دەرهێنەری شانۆکانیشی بووەو قوتابخانەی تایبەتیی خۆی هەبووە لە دەرهێنانی شانۆییدا.لە ١٩٢٢ لەسەر یەکەم کاری شانۆیی خەڵاتی کلایستی وەرگرتووە.سەرەتا لەسەر شانۆی کارل ڤالنتاین دیستی بەکارکردووە.دوای ساڵی

١٩٣٣ لەگەڵ دەسەڵاتی هیتلەر ئەڵمانیای جێهیشتووەو تاوەکو ١٩٤٨ نەگەڕاوەتەوە.

بریخت لە کارەکانیدا زۆرتر جەماوەری پێ لە هەموو بنەماکانی دی بەلاوە گرنگتر بوو.چونکە شانۆ بۆ ئەو پێشەکەش دەکرێت و کاریگەری بەسەر ئەوەوە دەبێت.شێوازی ئەو لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزرا بوو:

١- رووخانی دیواری چوارەم.مەبەست ئەوەیە بینەر بەشداری پێ بکرێت و گرنگترین رەگەزە.واتا ئەو شانۆیەی ئەکتەرەکان رۆڵی لەسەر دەگێڕن سێ لای هەیەو رووی چوارەمی بینەرانن.

٢- نامۆیی.واتا رووداوەکانی ژیانی رۆژانەو ئاسایی.شانۆ وای لێبکات سەیر و نامۆ و سەرنجڕاکێش بێت و بینەر بخاتە بیرکردنەوەو تێڕامان.

٣- تێکەڵکردنی وتار و خۆشی.واتا ئاراستەکردنی بینەر بۆ بابەتی سیاسی و بە شێوازێکی گاڵتەجاڕی و کۆمیدی.

٤- بەکارهێنامی بینەری جودا.واتا لەکاتی پێشەشکردنی نمایشەکەدا تاڵە موویەک رووداوەکان بەیەکەوە دەبەستیتەوە و رووداوەکان لە زەمەنی جیاوازدا روودەدەن.هەروەکو لە شانۆیی (ترس و پەژارە لە رایخی سێیەم) لە ١٩٣٨ دا باسی سەردەمی ترس و تۆقین و کوشت و بڕینی سەردەمی رەشی هیتلەر دەکات.

٥- بەکارهێنانی گۆرانی لە بەینی دیمەنەکاندا.بۆ تێکڵاوکردنی جۆرێک لە بەینی گوتار و خۆشیدا.

لە کارە شانۆییەکانی:دەهۆڵی شەوانە،ژیانی ئیدواردی دووەم، پیاو پیاوە،ژیانی گالیلۆ،دایکی ئازاو رۆڵەکانی،مرۆیەکی باش لە سیشوان، بازنەی تەباشیرە قەوقازییەکان و ..

لە شانۆیی گالیلۆ،کە زانایەکی فیزیایی ئیتاڵی بوو و لەبەردەم کەنیسەدا لە دەسکەوتە زانستییەکانیدا لە ترسی ئازاردان و سووتان پەشیمان بۆوە.ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی دیکاتۆری هیتلەر لە ئەڵمانیا.

بێجگە لە برێخت چەندین شانۆنووسی دی لەو ماوەیەدا وەکو **تسوکمایەر** Carl Zuckmayer ١٨٩٦ – ١٩٧٧ز بە شێوەیەکی کۆمیدی شانۆیی(چیای شەرابی بەختەوەری) و (ئەفسەرێک لە کۆپنیک)ی نووسیوە.هەروا **ماری لویزە ڤلایزەر** میللی دەنووسی و باسی چیانی سادەو رۆژانەی خەڵکیی لە باقاریای دەکرد.

هەروەها نووسەری نەمساوی **ئۆدۆن ڤۆن هۆرڤات** Edmund Josef von Horváth ١٩٠١–١٩٣٨ز شاتۆییەکانی لەبارەی خەڵکی بیکار و ئەوانەی لەلایەن کۆمەڵگەوە پەرلوێزخراون دەنووسی.لە ساڵی ١٩٣١دا خەڵاتی کلایستی وەرگرتووەو لە رۆمانە بەناوبانگەکانی (گەنجە بێ خواکان) و شانۆیی(هەقەیەتگەلێک لە دارستانەکانی ڤیەننا).دوژمنێکی سەرسەختی هیتلەر بووەو بۆ چەند وڵاتیک رایکردووە[١].

[١] : بۆ سەرچاوەی زانیارییەکان و دابەشکردنی قۆناغەکانی ئەدەبی ئەڵمانی سەرچاوەی سەرەکی، لەپاڵ هەندێ سەرچاوەی لابەلایی تر و ویکی پیدیا، ئەم کتێبە بوو: باربارا باومان و بریجیتا اوبرله، عصور الادب الالماني تحولات الواقع و مسارات التجديد، ترجمة د.هبة شريف،سلسلة عام المعرفة الكويتية، ٢٧٨، الكويت،٢٠٠٢.

# ئەدەبی ئیتاڵی

## زمانی ئیتاڵی و شێوەزارەکانی

ئەدەبیاتی ئیتاڵی ئەو ئەدەبیاتە،کە لە کۆنەوەبە شێوەزارە جیاوازەکانی ئیتاڵی وەکو بیومۆنتی و لۆمپارد و ڤاناتۆیی و تۆسکان و رۆماچنایی و ناپۆلی،ڤینیسیکە بەرهەمی ئەدەبییان پێنووسراوەتەوە.ئەو شێوەزارانە سروشتێکی زمانی رۆژانەی خەڵ بوون و تەنانەت قسەی بازاڕی بوون دواتر وردە وردە پتک کرانەوەو شێوەیەکی ئەدەبییان وەرگرت هەموویان لە زمانی لاتینییەوە وەرگیرابوون.

بنیاتی زمانی ئەدەبی ژانرە ئەدەبییەکانی وەکو شیعر و چیرۆک و رۆمان و شانۆیی بە گشتی زیاتر دیالێکتی تۆسکانی بەکاردەهات.هەتاوەکو ئێستاش ئەو شێوەزارانە لە فەرەنسی پۆرتوگالی و ئیسپانییەوە زۆ شتیان وەرگرتووەو ماونەتەوە.هەر لە زووەوە ئەدەبی ئیتاڵی پێوەندی بە چینە کۆمەڵاییتییەکانەوە هەبووەو لە زانکۆکانی پالێرمۆ و جەنەواو بۆلۆنیا زانست و زانیاریان بڵاودەکردەوەو ئەمەش هۆکاێک بوو بۆ هۆشیاری کۆمەڵایەتی خەڵکی ئیتاڵیا و گەشەکردنی ئەو زانیارییانەی سەدەکانی ناوەڕاست،کە لە سەرچاوە ئایینییەکەوە سەرچاوەی گرتبوو.

شیعری ئیتاڵی شۆرەتەکەی بۆ سەدەی سێزدەیەم دەگەڕێتەوە. بۆ ئەو کاتانەی، کە دەرسی یاسا و خەسڵەتەکانی هونەری شیعر لە فێرێنزا و ڤینیسیادا دەخوێنرا.

لە سەردەمی فیلیپی دووەمدا و لە کۆشک و دەرباری ئەودا دوو شاعیری سەرکێش دەرکەوتن و بە شێوەزاری باو نەیاندەنووسی بەڵکو زمانی فۆلکلۆری و باو شیعرییان

دەنووسی،ئەوانیش **پییێر دیلا ڤینا** P.D.Vigna ١١٩٠-١٢٤٩ و ریناڵدۆ دی ئەکویۆنۆ R.D.Aquin ١٢٠٠- ١٢٨٠ بوون.

ڤینیسیا سەرچاوەیەکی گەورەی شیعری کۆنی ئیتاڵی بوو.هەر ئەو رەوتەی شیعری ڤینیسیا دواتر بۆ فیرێنزا دریژەی کێشا و هەر بەو شێوەزارە بە وێنەی شیعری جوان و بە شێوەیەکی فانتازی و خەیاڵێکی داهێنەرانە و بە زمانێکی پیشکەوتووتر لە زمانی رۆژانە و بە تایبەتی لە شیعری دیارترین شاعیری ئەو دەمە **گیتۆنی دی ئاریزۆ** G.D.Arrezo دا دەردەکەوێ.ئەم شاعیرە شیعرەکانی لەگەڵ رەوشت و ناعەقڵانیەت Irrationalism و ئاییندا تیکەڵ دەکرد .شیعرەکانی بە پردێک دادەنرێ بۆ پەڕینەوە بۆ سەردەمی دانتیDante Alighieri بە سەردەم و شێوازێکی نوێ دادەنرێ. ئەو قوتابخانە نوێیە پێی دەوترێ (شێوازی نوێی دڵگیر Dolce Stil Nuovo)و شاعیر **گۆدۆ گینیزالی** Guido Guinizelli دا رابەرایەتی دەکرد.



**گۆدۆ گینیزالی**

لە شیعرەکانیدا ئەڤینداری و جوانی بەرجەستە دەکرد و ڕێزی لە بڕیاری تاک دەگرت بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنی ڕێگەی ژیانی خۆی.هەروا هەست و سۆزی دەگەیاندە بەرزی و بە پێکهاتەیەکی فەلسەفی مەجازی ئەو ڕەوتەی درێژە پێدا و ئیستاتیکای شیعری بەرز دەنرخاند.کۆمەڵێ شاعیری دی وەکو **لاپۆ گیاننی** Lapo Gianni و **چینۆ دی پیستۆیا** Cino da Pistoia (1270 – 1336/37) و **گیاننی ئەلفانی** دەیانەویست شیعرەکانیان نموونەیەکی بەرزی قوربانی و خۆبەختکردن بی بۆ دڵبەر و ماشوق.

هەر لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵێ شیعری ساتیریو گاڵتەجاڕی دەرکەوتن وەکو فۆلگورە دا سان گیمینیانو Folgore **da** **San** Gimignano و **ڕۆستیکۆ دی فیلیپۆ** Rustico di Filippo و **چیکۆ ئەنگیۆلیری**Cecco Angiolieri ئەمانە درێژە پێدەری سەدەکانی ناوەڕاست بوون و بۆیە دەکری بڵێین شێوازی شیعری دانتی لەو بەینەدایەو لە نێوانی کۆن و نوێدا.

لە کۆتایی سەدەی سێزدەهەمدا بزووتنەوەیەکی ئایینی لە هەناوی کەنیسەدا سەری هەڵدا و بۆ تازەکردنەوەی بنەما کۆمەڵایەتییەکان و بەها ڕەوشتییەکان و ریفۆرمی ئایینیدا کاری دەکرد.ئەو بزاڤە هەوڵیدەدا لە هەژموونی کەنیسە ڕزگاری بێ و چەندین بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە شیعر کردبوو،کە دەکرێ وەکو جۆرێک لە شیری فێرکاری سەیر بکرێ و بابەتگەلی وەکو ویژدان و یارمەتی و هاوکاری هەژاران و نیەت و دەروونی پاک و ڕۆژی ئاخیرەت لەخۆگرتبوو. دیارتریت شاعیری ئەو بزاڤە **جاکۆپۆنی دا تۆدی** Jacopone da

Todi بوو و شیعرێکی بەناوبانگی هەیە گریانی پاکیزە Il Pianto della Madonna .

کەواتە ئەدەبیات بە تایبەتی شیعر ببوە هۆکارێک ئیان ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی ئلین و ئیمان.ئەمەش وایکرد خوێنەران زیاتر بەدوای زانست و زانیاری تازەدا بگەڕێن و لە باکووری ئیتاڵیا دوو شاعیری فێرکاری ناویان دەربکەوێ ئەوانیش **پرۆنیتۆ لاتینی** Brunetto Latini و **گویتۆنی داریزۆ** Guittone d'Arezzo بوون.



**گویتۆنی داریزۆ**

## سەدەی چواردەهەم و پازدەهەم

سەدەی چواردەهەم واتا سەدەی سێ شاعیری گەورەی وەکو **دانتـــــی ئـــــەلیگیری**Dante Alighieri و **فرانچیســــــکۆ پیترارکـــا**Francesco Petrarca و **پۆکاشـــیۆ** Giovanni (1313–1375)Boccaccio .

**- دانــتی**

دانتی ئەلیجێری لە فلۆڕەنسا لە ئیتاڵیا لە ساڵی ١٢٦٥ زاینی لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٢١ زاینیدا کۆچی دوایی کردووە لە هەڕەتی لاویدا بەشداری کۆڕی سیاسیی شارەکەی کردووە و لەگەڵ کۆمەڵی بەرهەڵسکارانی ئەو کاتەی شارەکەیاندا بووە، بۆیە دوورخراوەتەوە و ماوەیەکی زۆر دوور لە شارەکەی خۆی ژیاوە. پاشان بەدەسخەتی خۆی تۆبەی کردووە، بەڵام سوودی نەبووە تاوەکو لە غەریبی و تاراوگەدا لە شاری (ریڤان)دا مردووە. بە گوتەی زۆر لە شارەزایانی ئەدەب و مێژوو بە ڕابەری یەکەمی سەردەمی ڕێنیسانسی لە قەڵەم دەدەن و بە ڕۆشنبیرێکی گەورە و خاوەن هەستێکی بەرزی دادەنێن. دانتی یەکەم کەس بوو بە کردار ئەوەی سەلماند، کە زمانی نەتەوەیی ڕێگەیەکە بۆ زیاتر داهێنانی ئەدەبی لای ئەدیب. بۆیە داوای کرد زمانی ئیتاڵی ببێ بە زمانی ئەدەب، کە پێشتر زمانی لاتینی زمانی ئەدەب و نووسین بوو، کە ئەوانیش لە کڵێساکان، ژمارەیەکی کەم لەوانەی ئەو زمانەیان دەزانی پێیان دەنووسی.

لە سەرەتادا باسێکی بەناوی( دەربارەی زمانی میللی ) نووسی، ئەم باسەی بە زمانی لاتینی نووسی بۆ ئەوەی سەرنجی

ئەوانەی پێ ڕابکێشێ، کە بە لاتینی دەنووسن، دەکرێ زمانی ناوچەیی بکرێ بە زمانی نووسین، کە تیایدا بەراوردی زمانی ڕۆمانی و شیعری ڕۆمانی دەکات و بە وتارێکی زمانەوانی گرنگ لە قەڵەم دەدرێت. دانتی، زمانی میللی بە " نانی جۆ " لە قەڵەم دەدا، لەو ڕوانگەی، کە هەژارەکان بە ژمارە زۆرن ئەو نانە دەخۆن و زمانی لاتینی بە نانی گەنم، کە ژمارەیەکی کەم، لە سەرمایەداران دەیخۆن. دانتی یەکەم نۆبەرەی ئەدەبیی خۆی بەناوی " **ژیانێکی نوێ** "La vita nuova بڵاوکردەوە، کە بە زمانی ئیتاڵی نووسیویەتی. ئەم بەرهەمە کۆمەڵێ شیعر و پەخشانە بۆ خۆشەویستەکەی ( پیاتریس پۆرتیناری ) نووسیوە.



**دانتی**

بەشی یەکەمیدا ئەو شیعرە عاشقانەیە، کە بۆ خۆشەویستەکەی نووسیوە و بەشی دووەمی بە بۆنەی کۆچی

دوایی خۆشەویستەکەی نووسیوە و بە پەخشان دەری بڕیووە[1]. لـوتکەی داهێنانەکـانی دانتـی خـۆی لە بەرهەمە بەناوبـانگەکەی (کۆمیدیا ) دا دەدۆزێتەوە، کە پاشان بە(کۆمیدیای یەزدانی ( La Divina Commedia ناوبـانگی دەرکـرد، کە ئەویـش لەو کتێـبەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم بەرهەمە بە مرواری زمانی ئیتاڵی و بە تایبەتی شێوەزاری تۆسکانی دادەنرێت و نووسـەر تیایدا پەند و قسـەی نەسـتەق و نمـوونەی مێژوویـی زینـدوویی مـیللەتەکەی دەربڕیوە و کتێبەکەی لە سێ بەش پێکهاتووە[2]:

– دۆزەخ .INFERNO

٢ – پاکژگە .PURGATORIO

٣- بەهەشت .PARADISO

ئەم بەرهەمە ئەدەبییـە مەزنە لە (١٠٠) سـرووود پێکهـاتووە و هەر بەشـێکی (٣٣) سـرووودە و سرووودێکیشـی لە سـەرەتادا بـۆ زیـادکردووە و بـووە بە سـەد سـرووود. ( کۆمیـدیای یەزدانـی ) سروشـــتێکی ئـــایینیی هەیە، بەڵام نکـــۆڵی لەوە نـــاکرێ، کە گەورەترین ڕەخنەیە لە پیاوانی ئایینی و کەنیسە و پاپا. دانتی لە سرووودی یەکەمدا، باس لە چاوچنۆکی پیاوانی کڵێسا دەکات.

---

[1]: بروانە: دانتە الیگیری، زندگانی نو، برگردان فریدە مهدوی دامغانی، مؤسسە نشر تیر، چاپخانە رامین،اهواز، ١٣٧٦.

[2]: دانتە الیگیری، کمدی الهی، ترجمە از متن ایتالیائی، با مقدمة و شرح و حواشی، از شجاع الدین شفا، چاپ چهاردهم، مؤسسە انتشارات امیر کبیر، تهران،١٣٨٤.(٣ جلد).

لە سروودەکانی دواتریش لە ناوەڕاستی ئاگری دۆزەخدا تووشی پاپاکان دەبێت لە پاڵ ئەوانەی، کە لە ژیاندا تاوانیان ئەنجامداوە.

بە پێچەوانەی ئەوەش ڕیزی زانا و فەیلەسووفە وەسەنیەکان دەگرێت، کە خزمەتی گەل و کۆمەڵیان کردووە، بە تایبەتی لە قۆناغی ناوەند دا، لە پاکژگە یان بەرزەخدا پێیان دەگات، هەر لەو بەشەدا (دانتی) زۆر باسی عیشق و سەرچاوەی عیشق لە دەروونی مرۆڤدا دەکات و خەفەت بۆ چارەنووسی خەڵکانی رژدو قرچۆک دەخوات و هەروەها باسی توانای سروشتی و خۆڕسکی مرۆڤ دەکات لە سروودی هەژدەمدا وەها دەست پێدەکات : ڤەرجیلیۆ لە لێدوانی پێشوو بووەوە، ئینجا دانتی پرسیاری عیشق وەکو سەرچاوەی هەمووکردەوەیەکی چاک و خراپ لێکرد. ڤەرجیلیۆ وتی : دەروون خۆی وەک خۆشەویستی خۆڕسک لە بنیادەمدا هەیە و تەنیا بە بابەتی عیشق دەتوانێ سوکنایی بدات، هەموو عەشقێکیش خۆی لە خۆیدا باشە[1].)

دواتر بەم شێوەیە دانتی بەردەوام دەبێت و تا دەگاتە:

(زانیاری و ئارەزووەکانی سەرەتایی غەریزەیەکە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە هەروەکو غەریزەی هەنگ بۆ دروستکرنی هەنگوین ئەمە شایستەی ستایش یان لۆمەکردن نییە[2].)

---

[1] : دانتی اليجبيری،الكوميديا الالهية، المطهر، ترجمة حسن عثمان، ط ٢، دار المعارف بمصر، ١٩٦٩، ص٢٤٧.

[2] : دانتة اليگيری، كمدی الهی، برزخ، ترجمه از متن ايتاليائی، با مقدمة و شرح و حواشی، از شجاع الدين شفا، چاپ چهاردهم، مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران،١٣٨٤،ص٨٠٦.

ئەمەش بەڵـگەی زاڵبـوونی هەسـتی مەسـیحییەتی دانتـی دەسـەلمێنێ، لە هەمانکاتـدا زەوی بە دۆزەخ دادەنێـت. لەو ڕۆژەوەی کە ئـادەم و حەوا سـێوەکەیان خـوارد، زەوی بەختەوەری تیا نییە و داد و یەکسانیی تیا بەدی ناکرێت.

( کۆمیدیای یەزدانـی ) یەکەمـین چیـرۆکە، کە نـاوەرۆکێکی نیشتمانیی قووڵ و هەستی نەتەوەپەروەری ئیتاڵی دەرببڕێت.

نووسـەرەکەی خەونـی بە یەک پـارچەیی خـاکی ئیتاڵیـا و زاڵبوون بە سەر شەڕو ناکۆکییە ناوەخۆییەکان و ڕەتکردنەوەی دەسـەڵاتی دنیـای پاپاکـانەوە دەبینـی. ئەم بەرهەمەی دانتـی، کە خۆی نـاوی نـاوە (کۆمیدیا)، پاشـان لە دوای خۆی ئەوانەی، کە زۆر بە بەرهەمەکەوە سەرسـوڕمابوون بە هـۆی بەرزی بیرویۆچوون و جوانیی گوزارشت و بەرزی زمان و وەسف و وردبینـی دانتییەوە، وشـەی (یەزدانـی )یان بۆ زیاد کـرد، بەو پێیەی گەیشتۆتە حاڵەتی(ڕەهـا )و لە هەمـوو ڕوویەکەوە کـامڵە و کەم و کورتی تیا نییە.

دانتـی لەو گەشـتەیدا لە سـەرەتاوە شـاعیری گـەورەی ڕۆمانی(**ڤێرجیلیـۆ** ٧٠-- ١٩پ. ز.)ی کردووە بە ڕێنوێنی خۆی، ئەم هەڵبژاردنە بۆ ڤێرجیلیۆ هەروا بە خۆڕایی نییە، لەسـەر ئەو بنچینەی، کە ڤێرجیلیۆ گوزارشتی لە بۆچوونی سەردەمێکی کۆن و دەرکەوتنی تیشکی زێڕینی سـەردەمێکی نوێ لە شیعرەکانیدا کردووە، هەروەهـا (ڤێرجیلیـۆ )لە نەزەری ڕابەرانـی ڕێینسانسدا نموونەی مرۆڤی سـەردەمەکەی خۆی بـووە، لەوەی کە باسـی مەزنـی ڕۆمانییەکـانی کـردووە و خـاوەنی هەسـتێکی بەرزی

مرۆڤایەتی بووەو چالاکی زۆر بووەو خاوەن ڕەوشتێکی بەرزو ڕەســـەن بـووە. بەم شــێوەیە دانتـی (ڤێرجیلیۆ) ی کـردووە بە ڕێنوێنی خۆی تـا بەر دەرگـای بەهەشـت، کە لەوێ (پیـاتریس) ی خۆشەویستی چاوەڕوانی دەکات، بەڵام (ڤێرجیلیۆ) لەوێ دەوری تەواو دەبێت، چونکە لە کۆمەڵێکی وەسـەنی بوو، بۆیە نـاکرێ بچێـتە بەهەشـتەوە، بە تێڕوانینـی هەسـتی ئـایینی مەسـیحییانەی دانتییەوە.هەروەکو ئاماژەمان پێدا عەشق سەرچاوەی هەوەڵ و ئـاخرە لە دوا دێـڕی سـروودی سـی و سـێیەمی (بەهەشـت)دا دەڵێ:( ئەمە کـاری عەشـق بـوو،کە خـۆر و ئەسـتێرەکانی تـریش هەڵدەسووڕێنی[1].)

(کۆمیدیای یەزدانی )بەڕای هەندێ مێژوونووس، بە تـایبەتی (پلاسیۆس) وایە، کە دانتی لە ژێر کارتێکەری چەند بەرهەمێکی عارەبی و ئیسلامیدا کۆمیدیاکەی نووسیوە، لەوانە :

١ – ( رساله الغفران ) ی ئەبو عەلای مەعەڕِی.

٢ – (الاسراو والمعراج ) ی پێغەمبەر.

٣ – (الفتوحات المكيه)ی ابن العربی[2]

ئەمە لە گەورەیـی و مەزنیـی کتێبـی کۆمیـدیای یەزدانـی کەم نـاکـاتەوە، چـونکە لە ئەدەبـی بەراوردکارییدا ئەمە بە حـاڵەتێکی ئاسـایی سـەیر دەکرێـت، کە نووسـەریک بیـری یـان ئیلهامی لە بەرهەمێکی تر بە زمانێکی دی وەرگرتبێت و ئەو ئەدەبە جا لە

---

[1] : دانتة اليگيری، کمدی الهی، بهشت، ترجمه از متن ایتالیائی، با مقدمة و شرح و حواشـی، از شـجاع الـدین شـفا، چاپ چهـاردهم، مؤسسـه انتشـارات امیـر کبیـر، تهران،١٣٨٤، ص١٦٣٥.

[2] : بـۆ زانیـاری زیـاتر بروانـە: عبـدالمطلب صـالح، دانتـی ومصـادره العربیـة والاسلامیة،الموسوعة الصغیرة ( ٧ )، بغداد، ١٩٧٨، ص ٢٢– ٣٢.

ڕێگەی هۆکاری ئایینی یان سیاسیی سنووری ئەدەبیی نەتەوەیی بەزاندبێت و بۆ سنووری ئەدەبی نەتەوەکانی دی پەڕیبێتەوە، واتا بە (جیهانیبوونی ئەدەب )، نەوەکو حسێبی (دزیی ئەدەبی) بۆ بکرێت.

## پیترارکا

شاعیر و نووسەرێکی ئیتاڵی بووە لە فلۆرەنسا لە دایک بووە و سەرکردایەتی بزووتنەوەی هیومانیزمەکانی کردووە. سەر بە خێزانێکی بازرگانی فلۆرەنسایی بووە، لەگەڵ دانتی بە هۆی هەڵوێستی سیاسیان لە شارەکەی خۆیان دەرکراون.




**پیترارکا**

یاسا و زانستە ئایینییەکانی خوێندووە و خزمەتی زۆری کڵێسای کردووەو زۆر پابەندی ڕۆشنبیریی کۆن بووەو خۆی فێری زمانی لاتینی کردووەو کەم زانای سەردەمی خۆی هەبووە، بەقەد ئەو شارەزایی لەو زمانە و ساغکردنەوەی دەستنووسەکانی بەو زمانە هەبێت. ڕەنگە بە یەکەم کەس دابندرێت، کە هەوڵی ئەوەیداوە (زانستی مرۆڤایەتی )

ڕووبەڕووی لاهـوت بکـاتەوە، ئەم ئەدیـبە نیشـتمانپەروەرە، کە خـــاوەن هەســـتێکی بەرزبـــووەو ســـەردەمی ڕۆمانەکـــانی بە ســـەردەمێکی نمـــوونەیی مێـــژووی وڵاتەکەی دانـــاوە، پێـــوانەی سـەرەکی لای ئەو بـۆ مـرۆڤ ئەوە بـووە، کە چەنـدی خزمەتـی کـۆمەڵ و نیشـتمان کـردووە، هەروەهـا لە سـەر ڕێبـازی دانتـی تاکەکەســی پەیوەســت کــردووە بە خــودی کەســەکە خــۆیەوە نەوەکو لەسەر بنچینەی خانەوادەکەی، کە سەر بە چینێکە، لەبەر ئەوەش نووسینەکانی جۆربەجۆرن لە بواری مێژوو و سیاسـەت و ڕەوشت و فەلسەفە دابووە.

کتێبە ناسراوەکانی ئەمانەن:

١ – گیانی بەرز

٢ – نیشتمانەکەم ئیتاڵیا

٣ – ئەفەریقا

٤ – چەند نامەیەکی بێ ناونیشان

پیترارکا نەیتوانی تاوەکو کۆتـایی لەسـەر ئەو بیرڕوباوەڕیـانەی بەردەوام بێـت و لە دوا ڕۆژانــی تەمەنیــدا لە گۆشــەگیرییەکی تەواودا دەژیـا و گەیشـتە ئەو بیـروڕایەی، کە تەنهـا ژیـاندنەوەی ئیمپراتــۆڕیەتی ڕۆمــانیی پیــرۆز دەتــوانێ چارەســەری کێشــە سیاسییەکانی وڵاتەکەی بکات، چونکە خەونـی پیترارک لە کـاتی خۆیدا بۆ یەکیەتی ئیتاڵیا نەهاتە دی.

## پۆکاچیۆ

نووسـەری ئیتـاڵی جیۆڤـانی پۆکـاچیۆ لە پـاریس لە خێزانێکـی فلۆڕەنسـی لە دایک بـووە. سـەرەتا لە شـاری نـاپۆلی دەسـتی بە چالاکی ئەدەبیی خۆی کرد. لە شاری ناپۆلی لای مەلیک مایەوەو

حەزی لە کچە ناشەرعییەکەی (ماریا) کردووە و هەروەکو ( پیاتریسی) دانتی و(لاورا)ی پیترارک دەورێکی کاریگەریی لە ژیانی پۆکاچیۆدا بینیووە.




**پۆکاچیۆ**

لە هەرەتی لاویدا گەڕایەوە بۆ فلۆرەنسا و تێکەڵ بە کاروباری سیاسی بوو، بە تایبەتی لەو کاتەدا چینی بۆرژوا لە گەشەکردندا بوو. ئەگەرچی لە پاڵ کۆمەڵانی خەڵکدا کاری نەدەکرد، بەڵام چالاکییەکانی سروشتێکی دیموکراسی و نیشتمانی قووڵی هەبوو و دەورێکی باڵای لە بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەییدا بینی. لوتکەی داهێنانەکانی ئەم نووسەرە لە (**دیکامیرۆن** Decameron)دا خۆی دەدۆزێتەوە. کە پێکهاتووە لە سەد کورتە چیرۆک و لە ماوەی ( ١٠ ) ڕۆژدا، (١٠) کەس لە باڵەخانەیەکدا، حەفت کچ و سێ کوڕی گەنج، کە لە ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا خۆیان حەشارداوە، دەیگێڕنەوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە باس لە پاڵەوانییەتی هەندێ بازرگانی

شارەکان و هەندێ چیرۆکی ئەفسانەیی و چیرۆکی میللی و هەقایەتی ڕۆژهەلاتیی دەکات. پالەوانی ئەم چیرۆکانە هەر لە پاشا تا خزمەتکاری تیا بەدەی دەکرێت. سروشتی چیرۆکەکان گالتەجارییە، کارە ناشیرینەکانی پیاوانی ئایینی ڕیسوا دەکات. پۆکاچیۆ هەروەکو دانتی بۆ پالەوانەکان پەنای نەبردۆتە بەر ڕابردوو، بەلکو پالەوانەکان نموونەی واقعی سەردەمن و زۆریشیان ژیانی کۆمەلایەتی ئەو چینە نوێیە دەردەبڕن، کە هاوتەمەنی خۆین[1] .. لە سالانی کۆتایی تەمەنی خۆی بۆ ڕاڤەکردنی کۆمیدیای دانتی تەرخانکرد بۆ ئەوەی بە خوێندنەوەیەکی تازە ڕاڤەی بکات، کە لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێت.

سەردەمی بزاڤی هیومانیستیش ڕۆڵی لە چەسپاندن و بلاوبوونەوەی زمانی گشتی جیاواز لە زمانی لاتینی هەبوو بۆ گوزارشتکردن لە ئازادی مرۆڤ و باوەڕی مرۆڤدۆستی بە تایبەتی **لیۆن پاتیستا ئەلبێرتی** Leon Battista Alberti ١٤٠٤-١٤٧٢ز و لیۆناردۆ داڤینشی هەرچەندە وەکو هونەرمەند لە کاری شیوەکاریدا کاریان دەکرد،بەلام ئەو زمانەی بۆ ڕاڤەی کارەکانیان بەکاریان دەهێنا زمانیکی ئەدەبی بوو. لیۆن ئەندازیاری تەلارسازی و شاعیر و موزیکزان و زمانەوان بووەو فرەبەهرە بووە. **لیۆناردۆ داڤینشی** Leonardo da Vinci

---

[1] : لە بارەی ناوەرۆکی دیکامیرۆن بروانە: د.کمال مظهر احمد، النهضة، الموسوعة الصغیرة ( ٣٧ )، بغداد، ١٩٧٩،ص ٨٦ – ٩١. هەروەها بروانە : ژان بوکاچیو،دکامرون، ترجمە حبیب شنوقی،از انتشارات بنگاه مطبوعاتی گوتنبرگ،١٣٣٨.

١٤٥٢-١٥١٩ز کەسێکێکی ناسراوی جیهانی و مرۆڤێکی ئینسکلۆپیدی بووە. ئەندازیار و بایۆلۆژی وموزیکزان پەیکەرکێش و زانایەکی ناوداری ئیتاڵی بوو. هەروەها لە شاری فلۆرەنسایش هیومانیستانی وەکو **ئەنجیلۆ پۆلتسیانۆ** Aniuolo Poliziano ١٤٥٤-١٤٩٤ز شاعیرو درامانووس و **لویگی پوڵچی**Luigi Pulci ١٤٣٢-١٤٨٤ز ی شاعیری ئیتاڵی، بە قەسیدەیە بەناوبانگەکەی شۆرەتی وەرگرتووە بەناونیشانی **مۆرگانتە** Morgante. لە وقەسیدەیەدا  باسی ڕێبوارێکی عەرەب دەکا،کە دینەکەی بۆ مەسیحیەت گۆڕیوە. لە شاری (ناپۆلی)یش دوو شاعیری مرۆڤدۆست **ماسوچیۆ سالێرنیتانۆ**Masuccio Salernitano ١٤١٠-١٤٧٥ وەکو شاعیر ناسراوە،بەڵام بەرهەمی چیرۆکی زۆرترە و بەو بەرهەمەIl Novellino  بەناوبانگە،کە بریتییە لە ٥٠ کورتەچیرۆک و لە هەر یەکێکیاندا باسی کەسایەتییەکی مەشوور دەکا و بە پەندێکی رەوشتی کۆتایی دێت. هەروا (یاکوبۆ سناتزارۆ)یش شاعیرێکی دیاری ناپۆلی بوو.

## سەردەمی پۆلیتیان

ئەدیب و نووسەرانی فلۆرەنسا رۆژ بەرۆژ گرنگی زۆرتریان بە هەموو ئەو نووسراوانە دەدەا، کە بە زمانی ئیتاڵییان دەنووسی و تاوەکو شێوەزارەکەی تۆسکانیی خۆیان بکەن بە زمانی هەموو ئەو ناوچەیە.

**بندیتیۆ ڤارکی** Benedetto Varchi ١٥٠٣-١٥٦٥مێژوونووسێکی نیشتمانپەروەر بوو دەڵێ ئەو شێوەزارە ئێمە نەوەکو هەر شیرنتر بەڵکو لە هەموو شێوەزارەکانی دی رۆشبیریترە،تەنانەت لە هەموو زمانەکانی باوەکانی ئەو سەردەمە. هەروەها

(**لۆرندسـۆ**)یش لـە پێناو خزمـەت و پەرۆشـی بـۆ زمـانی ئیتـاڵی هـەرچی کتێـب و دەسنووسـی کـۆنی یۆنـانی و رۆمـانی هـەبوو کۆیکردنـەوەو خسـتنیە بەردەسـت زانایـان و رۆشـنبیرانی ئـەو دەمـەی فلۆرەنسـا شـارەکەی خۆی.تەنانـەت پۆلیتیـان و جـۆن لاسـکارس راسـپێردران بـۆ ئـەوەی هـەموو ئیتاڵیـا بگـەڕێن بـۆ کۆکرنەوەی کتێب و دەسنووس و بۆ ئەم مەبەستە لاسکارس لە دێرێکی سەر چیای ئاتۆس زیاتر لە دوو سەد دەسنووسی کۆنی دۆزییەوە،کە هەندێکیان تا ئەو کاتە نەناسراو بوون. ئەم هەوڵانە بـەردەوام بـوون دواتـر (ماتیـاس کۆرڤینـۆس) و (کۆزیمـۆ)یش ژمارەیـەکی زۆریـان کـۆکردەوەو (مایکا ئـەنگیلۆ)یش خانەیـەکی گـەورەی بـۆ ئـەم کتێبانـە دروسـتکرد و بـەناوی (لۆرندسـۆ)وە پۆلین بەندیی بۆ کردن و ناویان نا کتێبخانەی لۆرنتیانیە.

لەگـەڵ دەرکـەوتنی چاپخانـە لـە فلۆرەنسـا لـە ١٤٧١ دا ئیتـر دەسـتیان بـە چاپکردنی بەرهەمـەکانی هـۆمیرۆس و یۆربیدس و ئـەفلاتوون و هـۆراس و ڤێرجیـل و دانتـی و چەنـدان کتێبـی دی چاپکران و بوونـە گەنجینەیـەکی مـەزنی رۆشـنبیریی لـەو شـارە. ئەمـە وایکـرد وەکـو پایتـەختی رۆشـنبیریی ئیتالیـان بناسـرێ و چەندین زانا و نووسەر روو لەو شارە بکەن.

کۆڕی زانیاری فلۆرەنسا ئەگەرچی زانکۆیـەکی فـەرمی نـەبوو، بـەڵام وەکـو شـارەزا و پسـپۆڕ گفتوگۆکـانی ئـەفلاتوون لـەوێ دەخوێنرا و دوو کەسایەتی لەو بوارەدا کاریان دەکرد ئەوانیش **پیکو دلا میراندولا** Giovanni Pico della Mirandola ١٤٦٣- ١٤٩٤



**پیکۆ دلا میراندولا**

یەکێ لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی سەردەمی رێنیسانس بوو و شارەزا لە هەموو قوتابخانە فەلسەفییەکانی سەردەمی خۆی بە تایبەتی شارەزای قوتابخانەی فەلسەفەی ئەفلاتوونیی نوێدا هەبوو. لەنێو نووسەر و فەیلەسوفە دیارەکانی بزاڤی هیومانیستی لە هەموویان زیاتر کێشەو گرفتاری بۆ سەردەمەکەی و بە تایبەتی لەگەڵ پاپا ئینوسنتی هەشتەمدا دروستکرد.

پیکۆ ئامادەبوو بەرگری لەوانەش بکات،کە بەرگرییان لە یەهودییەت و ئیسلامیش دەکرد و باوەڕی بە سەربەستی و گەورەیی مرۆڤ و بیرورا جیاوازەکانی هەبوو.تەنانەت نامەیەکی هەیە بە ناونیشانی( لەبارەی کەرامەتی مرۆڤەوە De hominis dignitale ) وئاماژەی بەوە کردووە،کە خودا خۆی بە ئادەم دەڵێت وەکو بوونەوەرێک تۆم خوڵقاندووە نە زەمینی و نە ئاسمانی بۆ ئەوەی ئازادبی بە زاڵ بێت بەسەر نەفسی خۆت، ئەگەر خۆت دابەزێنی دەبیتە ئاژەڵ یان سەر لە نوێ لە شێوەی

خـودادا لــە دایـک بیتــەوە.. ئـەم قسـانەی مایــەی قبــوڵكردن نەبوو.بۆیە بەرەو فەرەنسا ڕۆیشت و دواجار لە بۆچوونەكانی پەیمان بووەوە و پاپایش لێی خۆشبوو. تەمەنێكی كورت تەنیا سی و یەک ساڵ ژیا،بەڵام بە زانایی.

كەسایەتی دووەم **مارسیلیۆ فیچینۆ** Marsilio Ficino ١٤٣٣-١٤٩٩ بوو.فیچینۆ حەكیم و زانا و فەیلەسوفێكی هیومانیستی ئیتاڵی سەردەمی رینێسانس بوو، كتێبەكەی بەناونیشانی(لاهووتناسی ئیفلاتونی ١٤٦٩-١٤٧٤ Theologiae platonicae de immortalitate animorum )یە.



**مارسیلیۆ فیچینۆ**

لە دوای خۆی **یۆهان ریۆچلین** Johann Reuchlin ١٤٥٥-١٥٢٢، كە زانایەكی ئەڵمانی بواری زمانەوانی یۆنانی و عیبری بوو دەیویست پەرە بە زمانی عیبری بدات. خوێندنی لە زانكۆی فرایبۆرگ تەواو كردووە. تۆژینەوەكانی لە ئەڵمانیا و نەمسا و سویسراو ئیتاڵیا و فەرەنسا شۆرەتیان هەبوو.

ئەدەبیاتی هیومانیستی نووسراو بە زمانی لاتینی تا نیوەی دووەمی سەدەی پازدەهەمیش دریژەی هەبوو.لە شاری فلۆرەنساش ئەدەبیات بە زمانە ناوچەییەکان گەشەی دەکرد و کۆمەڵێ نووسەر و شاعیر لە دەرباری شاعیر و سیاسی **لۆرینزۆ دی پییرۆ دی میدیچی** Lorenzo di Piero de' Medici ١٤٤٩-١٤٩٢کۆببوونەوە،لەوانە **ئەنچیلۆ پۆلیزیانۆ** Angelo Poliziano،کە هەوڵیداوە خەسڵەتەکانی کلاسیکی و زمانی گشتی تێکەڵ بکات.هەروا **لویچی پۆلچی** بە شیعرە ساتیراکانی، باسی قارەمانیەتی مۆر جانت ماچیۆر(١٤٧٨-١٤٨٣).

بێجگە لە فلۆرەنسا لە شار و ناوچەکانی دی ئیتاڵیا چالاکی ئەدەبی دەستی پێکرد.لە شاری فەرارای باکوور **ماتیۆ ماریا پۆلاردۆ** قەسیدەیەکی ناکامڵی قارەمانیەتی بە ناوی (ئۆرلاندۆی ئاشق) لە ١٨٤٧دا نووسی.هەروەها لە شاری ناپۆلی **یاکۆبۆ سانازارۆ** Jacopo Sannazaro ١٤٥٨-١٥٣٠ خاوەنی بەرهەمی ئارکادا(١٥٠١-١٥٠٤)یە،کە بەرهەمێکە لە شیعر و پەخشانی شوانکارەیی پێکهاتووە.شیعرەکانی بە زمانی لاتینی و ئیتاڵی دەنووسی.

دیارترین دوو بەرهەمی سەدەی شازدەهەم یەکێکیان کتێبی (میر)ی **ماکیاڤیللی**Niccolò di Bernardo dei Machiavelli ١٤٦٩-١٥٢٧، کە لە ١٥١٣دا نووسراوە.ئەم کتێبە بە بەناوبانگترین کتێبی سیاسی لە جیهان دادەنرێت.ئەم کتێبە لە ٢٦ بەش پێکهاتووەو رۆڵێکی گرنگی لە یەکخستنەوەی پێنج هەرێمەکەی ئیتالیا و ۆاگەیاندنی سیستمی کۆماریدا بینی.ماکیاڤیللی پێیوابوو دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی پاپا بوونەتە

لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەلایەتی،بەلاّم دەکرێ ئایین بکرێتە ئامرازێک بۆ بدیهینانی سیاسەت.دواتر گەیشتە ئەو باوەڕەی بە گەیشتن بە بەرژوەندییە بالاّکانی ولاّت و دەسەلاّت دیکتاتۆریەت باشترین بژاردەیە. هەر ئەم کتێبە لەلایەن مۆسۆلینی و هیتلەر و پێش ئەوەش فەیلەسوفەکانی وەکو دکارت و مارکس سوودیان لێ بینیوە[1].



**ماکیاڤیللی**

دووەمیان **لۆدوڤیکۆ ئاریۆستۆ** Ludovico Ariosto ١٤٧٤-١٥٣٣، کە خاوەنی قەسیدەی (ئۆرلاندۆ فیۆریۆسۆ)یەو لە ١٥١٦ نووسراوەو بە مەزنترین قەسیدەی سوارچاکی لەو ماوەیە دادەنرێ.ئەم قەسیدەدەیە باسی سەرچلّییەکانی شارلمان و ئۆرلاندۆ و فەرنگییەکان دژ بە موسلّمانان دەکا.

[1] : نیکولو ماکیاولی،شهریار،ت:محمود محمود،نشر نگاه، تهران،١٣٩٨. ئەم بەرهەمە تەرجەمەی زمانی کوردییش کراوە.بڕوانە: نیکۆلۆ ماکیاڤیللی، میر،و:حسین عارف،چاپخانەی سمیرامیس، بەغدا، ١٩٨٢.

لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە ئیدی نووسەرانی ئیتاڵی لاسایی زمانی نووسەرانی پێشوو بە تایبەتی (پیترارکا)یان دەکردەوە لە شیعری ڕۆحیدا. بە تایبەتی هەندێ کتێبی تیۆری پێتەر بمبیۆ Pietro Bembo ١٤٧٠-١٥٤٧ڕوانگەی هەندێ لە شاعیرانی گۆڕی. ئەم نووسەرە شارەزاییەکی باشی لە زمان وریزمانی زمانی ئیتاڵیدا هەبوو و کتێبێکی لە بارەی پەخشانی ئیتاڵییەوە نووسیووە.

## سەردەمی بووژانەوە

ئەم سەردەمە لە کۆتایی سەدەی شازدەهەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە دەست پێدەکات و لەو ماوەیەدا و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی هزریی دەست پێدەکات. لەو ماوەیەدا چەندین ئەکادیمیا و ناوەندی زانستی و روناکبیری دامەزران.لەوانە ئەکادیمیای کرۆسکا لە ١٥٧٢ لە شاری فلۆرەنسا.یەکێ لە بەرهەمەکانیان لە ساڵی ١٦١٢دا قامووسێکی زمان بوو.هەروەها ڕۆڵیان لە ریکخستنی چێژی ئەدەبیدا هەبوو.

لەو سەردەمەدا چەند مێژوونووس و کاردیناڵێکیش خەریکی نووسینەوەی مێژووی شۆڕش و کەنیسەکانی ئیتاڵی بوون.

لە رووی ئەدەبییەوە کۆمەڵێک شانۆیی شوانکارەیی بڵاوکرانەوەو نمایشکران[1].لەوانە: شانۆیی ئەمینتا(١٥٧٣)ی تاسۆ، شانۆیی شوانە وەفادارەکە(١٥٨٥)ی جیۆڤانی پاتێستا چوارینی.

هەر لەو ماوەیەدا باوی شیعری سۆنێتە بە هەرمێن بوو.کرستچمبینی یەکێک بوو لەو شاعیرانە،بەڵام نەیتوامیوە

---

[1] : بۆ ئەم زانیارییانە بڕوانە: أدب_النهضة_الإيطالية https://www.marefa.org

گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر سەرواکاندا بێنێت و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سەرواکانی شیعریی پیترارکادا هەبێت.

**تۆماسۆ کامپانێللا** لە ١٦٣٩ -١٥٦٨ Tommaso Campanella سۆنیتەنووسیدا دەستیکی باڵای هەبووە.خۆی قەشەیەکی دۆمێنیکانی خەڵکی شاری ناپۆلی بوو.



**تۆماسۆ کامپانێللا**

هەر لەوشارەدا لە ساڵی ١٥٩٠دا کتێبەکەی خۆی PhilosophiaSensibusDemonstrata بڵاوکردەوە،کە کۆمەڵێ زانستی سروشتی لەخۆگرتووە.بە هۆی ئەو کتێبەوە زیندانیکرا و ئازاردرا و تۆمەتی هەرتەقە یان زەندقەیان دایەپاڵ،واتا باوەڕەکردن بە بیروباوەڕی سەردەمی خۆی و داهێنانی باوەڕیکی تازە،کە لەلایەن سەردەمەیەکەوە نامۆیە و جێگەی قەبوڵکردن نییە. لە شاری بادوا گالیلۆ گالیلی ناسیوەو بەرگری لە رایەکانی کردووە.جارێکی دی بە تۆمەتی دروستکردنی کۆمارێکی ئایینی گیرایەوەو ناچار روویکردە فەرەنسا تا کۆتایی ژیانی.

## دوای بووژانەوە

لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەمەوە بزاڤێکی نوێخوازی لە کڵێسای رۆمانی کاسۆلیکیدا سازبوو،کە بە ریفۆرمی دژ ناسراوە.ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە پێشتریّ گرنگی بە رووخسار بدرێت بە پێچەوانەی سەردەمی رێنیسانس،کە زیاتر بابەتی رەوشتی بەرز و بەهای باڵای بەلاوە مەبەست بوو. وەکو سەردەمی کۆن گەڕابوونەوە بۆ کۆڕی گفتوگۆی ئەدەبی و سروشتی ئەدەب و گەنگەشە لەسەر کتێبی پیوتیکای ئەرستۆ. ئەمەش بووە هۆکاریک بۆ پێشکەوتنی بنەماکانی رەخنەی ئەدەبی و راڤەیان بۆ هونەر ئەەبوو،کە هونەر لاسایی واقیعە.

هەر لەو دەمەدا شانۆ گەشەی کرد و زیاتر باوی کۆمیدیای دیل ئارت واتا کۆمیدیای راگوزاری.

## ماوەی بارۆك و سەردەمی عەقڵ

کڵێسای کاسۆلیکی دوای سەرکەوتنی بەسەر کڵێسای پرۆتستانتیدا ویستی ئەو سەرکەوتنە لە هونەر و ئەدەبیاتیشدا رەنگ بداتەوە.دەسەڵاتی ئایینی رۆشنبیرانی کرد بە دوو دەستەوە.دەستەیەکیان کەسانی کراوەو نوێخواز بوون و گوێیان لە رەخنە را دەگرت.دەستەیەکیشیان گیرۆدەی کلتوری چەقبەستوو و ئەکادیمی کۆن بوون.شانۆییەکانی ئەوکاتە بە جۆرێک لە گاڵتەوە وێنای ئەو نووسەرانەیان کردووە،کە پابەندی کۆنن و لە کتێبەکانیاندا بەزمانی لاتینی دەنووسن و خاوەن عەقڵێکی چەقبەستوون.سەردەمی بارۆک جۆرە رزگاربوونێک بوو بە شێوازی کلاسیکی و کرانەوەیەک بۆ سۆزو رەوشت.رۆحانییەت لە نووسراوە فەلسەفییەکانی **گۆردانۆ**

**بۆنۆ** Giordano Bruno و **تۆماسۆ کامپنێلا** و مێژوونووس **پاولۆ سارپی** رەنگی داوەتەوە. لەو سەردەمەدا ئەدەبی زانستی باو بوو. **گالیلۆ گالیلی** لە پێشەکی کتێبی (گفتوگۆکانی زانستی نوێ)دا وێنەیەکی نوێی رۆشنبیری سەردەمی رێنیسانس بەرجەستە دەکات.

ئەو بزاڤە زانستییە هاوکات لەگەڵ ئەو رەوتە سیاسییە بۆ ئیتاڵیایەکی نوێ،ئیتاڵیایەکی عەلمانی و جیاواز لە هەژموونی کەنیسەو ئایین تێدەکۆشان.نووسەران ئازادبوون لە خستنەرووی بابەتەکانیان.

رۆمان وەکو ژانرێکی نوێ بووە جێگەی بایەخ و بابەتی سیاسی و رووداوەکانی رۆژی تیکەڵ دەکرد.دیارترین رۆماننووسی ئەو دەمە **جیۆڤانی ئەمبرۆزیۆ مارینی** Giovanni Ambrosio Marini بوو. لە بواری شانۆییشدا **فیدریکۆ دالاڤالی**Federico della Valle و کارلۆ دی دۆتۆری Carlo de Dottori لە تراژیدیا و مایکل ئەنچیلۆ پۆنارۆتی گەنج Michelangelo Buonarroti il giovane لە کۆمیدیادا ناو و شۆرەتیان هەبوو.

## سەردەمی رۆشنگەری Illuminismo و سەدەی هەژدەهەم

بە دامەزراندنی ئەکادیمیای ئارکادیا Arcadia لە سالی ١٦٩٠ لە رۆما کۆتایی بە سەردەمی بارۆک هات.لە کۆڕە ئەدەبییەکانی ئەو ئەکادیمیایە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران بۆ گفتوگۆ ئامادە دەبوون،لەوانە: گیامبتێستا ڤیکو Giambattista Vico وکارلۆ گۆڵدۆنی Carlo Goldoni وجۆزێپی پارینیGiuseppe Parini و ڤیتۆریۆ ئالفییرVittorio Alfieri وگۆتەGoeth . .

ئەو بزاڤە ئەدەبییە نوێیە هەوڵیدا بگەڕێتەوە بۆ رابردوو بۆ زمانی شیعرەکانی تیۆکریتسTheokritos و ڤێرگیل Virgiliusبەس بۆ ئەوەی لەزمان و هونەری شیعریی بارۆک دووربکەونەوە.

ئەم بزاڤە نوێیە لە نووسراوی مێژوونووسەکانی وەکو لودۆڤیکۆ ئەنتۆنیۆ مۆراتۆریLudovico Antonio Muratori Annali d'Italia و پییترۆ گیانۆنی Pietro Giannone لە مێژووی شارستانی سەدەمی ناپۆلی.Istoria Civile del Regno di Napoli دا دەرکەوتووەو پێی کاریگەر بوون.

ڤیکۆ بە ناسراوترین هزرمەندی ئەو سەردەمە دادەنرێ.لە کتیبەکەیدا بە ناونیشانی زانستی نوێ Scienza nuova سێ قۆناغی یەکلاکەرەوەی لە مێژووی ژیاندا دیاریکردوە. قۆناغی خواوەندەکان،قۆناغی قارەمانی و سوار چاکی، قۆناغی مرۆڤایەتی.

سەدەی هەژدەهەم سەدەی دراما و شانۆ بوو. **پییترۆ میتازتازي**وPietro Metastasio لە میلۆدراما Melodramma و **کارلۆ گۆلدۆنی** لە شانۆی کۆمیدی ؛ و فتوریۆ ئەلفییری لە شانۆی تراژیدیدا نووسەرانی بەناوودەنگی ئەو سەدەیە بوون.

لە شیعری لیریکی فێرکاری وشیعری داشۆرین گۆسیپی ڕیگەی بۆ گەڕانەوەی کلاسیکییەت خۆشدەکرد بە تایبەتی لە قەسیدە بەناوبانگەکەی(رۆژ) لافو گەزافی چینی بەگزادەکان لە رێگەی یادەوەرییەکانی کوڕ و کیژێکی گەنجدا دەخاتەروو.

## سەدەی نۆزدەهەم وریابوونەوەی نەتەوەیی Risorgimento

ئەدەبی ئیتالی لە سەدەی نۆزدەهەمدا زیاتر ئەدەبیاتێکی سیاسییە بە مانای وشەو بەشدارییەکی کارای لەشەڕی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا کردووە.

**ڤیتشنزۆ مۆرینی** دەسپێکی ئەو شاعیرە نوێخوازانە بوو،کەلە رووی ناوەرۆکەو بابەتی تازەی بە شێوازی کلاسیکی نوێ دەخستەروو. ئەمە بووە هۆی ئەوەی چەندین شاعیری دیکەیش بە هەمان ئەو رەوتە کار لە نێوان نویخوازی و کۆندا بکەن.واتا لاساییکرنەوەی شێوازی ئەوان، بەڵام بە هەست و سۆزی تازەو نوێ کە لەگەڵ رەوتی سەردەمەکەدا بگونجێ.

زیندووکردنەوەی کەلەپووری کۆن بە یەکێک لە دیاردەکانی بووژانەوەی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت لە کلاسیزمی نوێ و سەردەمی ناپلیۆندا.دیارترین شاعیر،کە نوێنەرایەتی ئەو قۆناغە بکات.

**ئۆگۆ فاسکۆلی** Ugo Foscolo ۱۷۷۸–۱۸۲۷ بوو، کە کۆشیعرەکانی بە ناوی(ئارامگا) لە ساڵی ۱۸۰۷دا بڵاوکردۆتەوە.

هەروەها رۆمانێکی بەناونیشانی (دوا نامەکانی جاکۆبۆ ئۆرتیس).

ئەم شاعیرە ئیتالییەی خەلکی شاری ڤینیسا زۆر بە پەرۆشەوە بەدواداچوونی بۆ شۆڕشی فەرەنسی دەکرد و دواتر

سەفەری فەرەنسای کردووەو چەندین ئەرکی سەربازی پێسپێردراوە.



**ئۆگۆ فاسکۆلی**

لەپاڵ کارەکەیدا بەردەوام بووە لە نووسین و وەرگێڕان. چەندین وتاری لەبارەی ئەلیادە نووسیوەو تەرجەمە کردووە هەروەها شازدە بەشەکەی کتێبی گەشتێکی سانتمانتالی ،کە بەکێک لە سەرچاوەکانی رۆمانسیزم دادەنرێ لە ئینگلستان بە شێوەی پەخشانیکی کۆمیدی دارشتۆتەوە.هەر لە فەرەنساشدا شاعیری گەورەی ئیتالی ئەلیساندرۆ مانزۆنی Manzoni ناسیوە،کە دواتر بوو بە شاعیرێکی ئلییندەخوازیی ئیتالی.

هەر لەو سەردەمەدا ئەدەبیاتی ئیتالی بە شوندین ریبازی ئەدەبی دەولەمەندبوو،وەکو رێبازەکانی کلاسیزمی نوێ و رۆمانسیزم و ریالییزم و سیمبۆلیزم.نووسەرانی ئەوێ رۆژێ بە وردی وەسفی ژیانی راستەقینەی رۆژانەی خەلکیان دەکرد و پێوەندییەکان و ژیانی مرۆڤایەتییان دەناساند و دەیانکردن بە تابلۆیەکی رەنگین و جوانی شیعر و رۆمان و شانۆیی و چیرۆکەکانیان.بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی رێبازی کلاسیزمی

نوی(داهێنان)یان پێرەو دەکرد پێیان دەگوتن شاعیرانی نیشتمان.
لەو شاعیرانە **جیۆڤانی بێرکی** Giovanni Berchet ۱۷۸۳-۱۸۵۱ و **گۆسیپی جیوستی** Giuseppe Giusti ۱۸۰۹-۱۸۵۰ و هەروەها هەروو نووسەری گەورەی کلاسیزمی نوێی بەناوبانگی ئیتاڵیا **ئەلیساندرۆ مانزۆنی** Alessandro Francesco Manzoni ۱۷۸۵- ۱۸۷۳و **جیاکۆمۆ لیۆپاردی** Giacomo Leopardi ۱۷۹۸-۱۸۳۷ قەڵەم و بەرهەمی خۆیان لە مەیدانی ئەدەبیاتی نیشتمانیدا بەگەڕخستبوو.

مانزۆنی جگە لە شاعیری رۆمانێکی بەناوبانگی بە ناونیشانی(دوو دەسگیرانەکە I promessi sposi) هەیە، کە لە ساڵی ۱۸۲۷دا بە سێ بەرگ بڵاکراوەتەوە.



**ئەلیساندرۆ مانزۆنی**

لەو رۆمانەدا زۆر بە وردی رووداوە سیاسییەکانی ئەو دەمەی بە شێوەیەکی داهێنەرانە و لە قاڵبێکی وەهادا خەیاڵ و مێژووی تێکەڵ کردووە.هەروەها ئەم رۆمانە هاوکار بوو بۆ دروستبوونی زمانێکی یەکگرتووی ئیتاڵی و باوەڕ وابووە باشترین شێوەزار بۆ ئەوەی ببێ بە زمانی ئیتاڵیا شێوەی تۆسکانی بووە.رووداوەکای ئەو رۆمانەوە لە رووی کاتەوە بۆ

سالانی ١٦٢٨-١٦٣٠ دەگەڕێتەوە.دواتر چەندین جار لەبەر ئەوەی رۆمانێکی رۆمانسی و سۆزداری بووە کراوەتە شانۆیی و فیلم و ئۆپێرا.

مانزۆنی لە خێزانێکی ئەدەبیدا پەروەردە بووەو تەنانەت دایکیشی بەهرەی ئەدەبی هەبووە.ماوەیەک لە فەرەنسا ژیاوە،ئەوە هەلی بۆ رەخساندووە تاوەکو لە نزیکەوە لەگەڵ کۆمەلەی ئایدیۆلۆژییەکانەوە نزیک بێتەوە، کە یەکێکە لە قوتابخانە فەلسەفییەکانی سەدەی هەژدەهەم و بە تایبەتییش لە (کلۆد شارل فۆریێل)ەوە نزیک بووە.

جاکۆمۆ لیۆپاردی نووسەر و شاعیرێکی ئیتاڵییە"سروشتی شیعرەکانی نزیک لە رۆمانسییەو سۆز و خەفەتێکی زۆر و رەشبینیی تیدا زاڵە ، بەڵام خەونی بە ژیان و رووناکی دەبینی بۆ ژیتن و ئاییندەیەکی جوانتر و بە سەفاتر،بۆیە لە دوا هەناسەکانی ژیانیدا دەیوت:( لێمگەڕین با نوور ببینم)[١].

لەپاڵ ئەمانەدا **گۆفریدۆ مامیلی** Goffredo Mameli، کە خاوەنی سروودی نیشتمانی ئیتاڵییە (برایانی ئیتالی Il Canto degli Italiani ) و لەو سروودەدا ئەوپەری هەستی نەتەوەیە و یەکێتیی ئیتاڵی و گیانی نەتەوەیی و گەلی تیدا بەرجەستەبووە.

لە سەردەمەدا رۆمانووسەکانییش بە هەمان نەفەسی سیاسی و نیشتمانی بۆ یەککستنی ئیتالیا دەیانووسی. بە شێوەیەک کە

---

[١] : لەبارەی ئەم شاعیرو هزرمەندەو بیربۆچوونەکانی بڕوانە:جیاکومو لیوباردی، افکار،ت:امارجی، کلمة للنشر،ابوظبي،٢٠٠٩.

هەروەها بڕوانە:جیاکومو لیوباردی، مختارات من شعر جیاکومو لیوباردی،ت: عمرو العماد،مکتبة طلیطلة،٢٠١٧.

رووداوە سیاسییەکانیان تیکەڵ بە خەیاڵی فراوانی خۆیان دەکرد و چیرۆکی سەرنجڕاکێشیان لێ بەرهەم دەهێنا. لەو ڕۆماننوسانە **فرانشیسکۆ دۆمێنیکۆ گویرازی** Francesco Domenico Guerrazzi ١٨٠٤–١٨٧٥ خاوەنی ڕۆمانی (ئابلوقەی فلۆرەنسا Assedio di Firenze ) و **ئیپۆلیتۆ نییڤۆ** Ippolito Nievo ١٨٣١–١٨٦١ لە ڕۆمانی کۆمەڵایەتییدا خاوەنی بەناوبانگترین (دانپیانانی ئیتاڵییە Le Confessioni d'un Italiano)،کە لە دوای مردنی بە ناونیشانی(دانپیانانی پیاوێکی هەشتا ساڵی)، بڵاوکرایەوە.

سەدەی نۆزدەهەم سەدەی بووژانەوەی هزر و هۆش وهۆشیارییە و ئیدی روناکبیری رووەو دیموکراسییەت هەنگاوی دەنا. چەند نووسەرێک روویان لە نووسینەوەی یادداشت و بیرەوەرییەکانیان کرد. هەندێکیشیان خەریکی نووسینەوەی قارەمانی و پاڵەوانیی و هەندێکیشان سروشتیکی فێرکارییان هەبوو.لەوانە: **سیلڤیۆ پیللیکۆ** Silvio Pellico ١٧٨٩–١٨٥٤ (زیندانیەکەم Mie Prigioni)[١] و **ماسیمۆ دازیلیۆ** Massimo d'Azelio ١٧٩٨–١٨٦٦ (بیرەوەرییەکانم Miei Ricordi) و **لویجی سێتامبرینی** Luigi Settembrini ١٨١٣–١٨٧٧ (بیرەوەرییەکانی ژیانم mia vita Ricordanze della). ئەو نووسەرانە لە مێژووی ئیتاڵیا بە پیاوانی مەزنی یەکگرتنەوەی ئیتاڵیا ناو دەبرێن.

[١] : سەبارەت بە هەستی نەتەوەیی سیلڤیۆ پیللیکۆ و یادەوەرییەکانی لە زیندان بڕوانە: د.عیسى الناعوري، دراسات في الادب الايطالي،دار المعارف،القاهرة، ١٩٨١،ص ٧٠–٨٦.

## سەدەی بیستەم

لە سەدەی بیستەمدا شیعر و ئەدەبیاتی ئیتاڵی تا رادەیەکی زۆر رەسەنایەتی پێوە دیارەو داهێنانیکی نوێیە نەوەکو هەر لەسەر ئاستی ئیتاڵیا خۆی بەڵکو لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهانیشدا شیعریکی گەورەو پڕ مەغزایەو لە چوار چێوەی(من)دا چۆتە دەرەوە.

بەشێک لە رەخنەگرانی ئەدەبی سەرەتای ئەو دەسپێکە تازەیە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەبەنەوە و بە تایبەتی بۆ دەرەکەوتنی رێبازی سیمبۆلیزمی ئیتاڵی،لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە چی تازەیان هیناوەتەوە پێشەوە؟ چۆن هەست بەوە بکەین،کە جیاوازی لە نێوانی شیعری کۆن و نویدا کراوە؟ بۆ نوێخوازی شیعری سەدەی بیستەم دەبێ کات و شوێن لەبەرچاو بگرین.لەو سەردەمەدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە فەرەنسا لەلایەن **بۆدلێر و رامبۆ و مالارمیە** چەمکی (شیعری بێگەرد) جێگەی بایەخ بوو.**ئیلیۆ جانیلۆ** ی رەخنەگر لەبارەی ئەو چەمکەی زاڵەی نێو سیمبۆلیزم دەڵێت شیعری بێگەرد واتا وشە.هیچ پیوەندییەکی لەگەڵ واقیعدا نییە و بەڵکو خۆی وەکو کۆی گشتی واقیع دەنوێنێ.بوونەوەرێکی رەهایە،رەمزێکە،هیچ پێوەندییەک لە نیوانی بوون و ناوەکەی بۆی دانراوەدا نییە. هەوڵدەدات جیهان بکات بە وشەو وشەی شیعرییش بکات بە جیهان. هەر بۆیە رۆجێرۆ یاکوبی دەڵێت: بۆیە وشە پیرۆزەو بارگاویکراوە بە هێزێکی جادوویی یان سادەتر بڵێین بە حیکمەتێک.چەمکی شیعری بێگەرد هەروەکو تۆڵەسەندنەوەیک بۆ سەدەی پێش

خۆی دروست بوو[1]،کە سەردەمی رەوتی مێژوویی و ئایدۆلۆژیا و عەقلانیەت بوو.شیعر ببووە ئامرازێک نەوەک مەبەست. بە واتایەکی دی دژی پۆزەتیڤیزم Positivismo بوو،کە هەوڵیدەدا کێشە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە چارەسەر بکات،بێ ئەوەی لایەنی رۆحی پاک و بێگەرد لەبەرچاو بگرێت.

هەندێ لە رەخنەگرەکان دەڵێن **جیۆڤانی پاسکۆڵی** Giovanni Pascoli ١٨٥٥-١٩١٢ و **گابریێلی دانۆنزیۆ** G. d'Annunzio ١٨٦٣-١٩٣٨ بە نوێنەری ئەو ڕێبازە نوێیەی، کە بە پۆست سیمبۆلیزم Decadentismo ناسراوە،دەکەن. ئەم ریبازە نوێیە دوو خەسڵەتی تازەی بە بەرهەمی ئەدەبی بەخشی، یەکەمیان ئیستاتیکا و دووەمیان تاکگەرایی،هەرچی شاعیرییەتی دانۆنزیۆ بوو زیاتر جوانی بۆ دەستەبژێر بوو.کەواتە شاعیرییەت و داهێنانی ئەو دوو شاعیرە زیاتر لە زمانی شیعریدا بووە.

بە شێکی دیکەی لە رەخنەگرەکان بە پەرۆشەوە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ریبازی ئاییندەخوازی Futurismo بە سەرەتای تازەکردنەوەی شیعری سەدەی بیستەم دادەنێن.ئاییندەخوازان بە توندی رووبەرووی کێشە و گرفتارییەکانی رۆژانە دەبوونەوەو بە گیانێکی شۆڕشگێڕانە دەجەنگان.

**فیلیپۆ تۆماسۆ مارینیتی** Filippo Tommaso Marinetti ١٨٧٦-١٩٤٤بەیاننامەی ئاییندەخوازانی لە ساڵی١٩٠٩ لە رۆژنامەی فیگارۆ بڵاوکردەوە.لە کۆتاییدا دەڵێ:ئێمە لە ئیتاڵیا دەمانەوێ

---

[1] : حـذام الـودغيرى، لمحـة عـن تطـورات الشـعر الإيطـالي الحديث،مجلـة الحـوار المتمدن،العدد ٣٩٣٢، ٢٠١٢.

وڵاتی خۆمان لە ڕێگەی ئاییندەخوازییەوە رزگار بکەین، توند و تیژ دەبین بەرامبەر بە سەنتەنەو تەنتەنەی مامۆستایانی ئاسەوارناس و مێژووناسانی رابردوو و شیشرۆنییەکان.



**فیلیپۆ تۆماسۆ مارینیتی**

هەر لە میانەی ئەو بەیاننامەیەدا ئەو بنەما سەرەکییانەی روونکردۆتەوە،کە دەبێ لە شیعردا مەزراندنیان بۆ بکرێت،لەوانە رووخاندنی رێزمانی زمان،ریزکردنی ناوەکان هەروا بەڕەمەکی،هەر چۆنیک هاتە پێشەوە، لابردنی ئامرازەکانی ناسیاوی و رەگی چاوگ و ئەو ناوانەی گەردان ناکرێن،رەتکردنەوەی هاوەڵکار و هاوەڵناو و رۆنانی ناو و رووخاندنی(من) لە ئەدەبدا، کە سروشتیکی دەروونی هەیە..

فاشیەت نەیهێشت قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ دروست بێت. **تشیزاری باڤێزی** Cesare Pavese ١٩٠٨-١٩٥٠ یەکیک لەو شاعیرانەی دژ بە فاشیەت خەباتی دەکرد،لە ساڵی ١٩٤٩ دا دەڵێ: (ئەمڕۆ شتێک بەناوی رۆشنبیریی ئیتاڵی بوونی نییە، بەڵکو رۆشنبیرییەکی ئەورووپی یان جیهانی هەیە).باڤێزی شاعیر

و رۆمـــــاننوس و رەخنـــــەگر و وەرگێڕێکـــــی ئیتـــــاڵی بەناوبانگە.شیعرەکانی نموونەی شیعری سیمبۆلیزمی ئیتاڵیە.هەر لەسەرەتاوە پسپۆڕی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا وەرگرتووەو ژمارەیـەکی زۆر بەرهەمـە دیارەکـانی بـۆ سـەر زمـانی ئیتـاڵی وەرگێڕاوە.



**تشیزاری باڤێزی**

**ئیتاڵۆ کالیڤینۆ** لەبارەی باڤێزی زۆر بە ئەمانەتـەوە رۆڵی ئـەو وەهــا دەناســێنێ: (ئــەدیبی گــەورەی ئیتــاڵی و رابــەری دیـاری مێژووی ئەدەبی نوێیە.پێموایە بە هەڵـەدا نەچووینە ئەگـەر بڵێین نەوەی دوای فاشیەت لە ئیتاڵیا لەسەر دەستی باڤێزیدا پەروەردە بـوون، بـە تایبـەتی لـە رێگـەی وەرگێڕانـە مەزنـەکانی لـە ئـەدەبی ئینگلیزی و ئەمریکی بۆ سەر زمانی ئیتاڵی و باڤێزی کتێبخانـەی ئیتاڵی بە بەرهەمە مەزنانـەکانی ئینگلیزی دەوڵەمەند کرد، وەکو بەرهەمە داهێنەرەکانی ئەمریکی هێرمـان مێلیڤڵ و مۆبی دیک و رۆمانـە پەسـەندکراوەی خـۆی و هـەروەها ژمارەیـەکی زۆر لـە

بەرهەمـــەکانی ولیـــام فۆکنـــەر و جـــێمس جـــۆیس و گرنگتـــرین بەرهەمەکانی چارلز دیکنزی وەرگێڕاوە.)[1]

کۆشیعرەکەی بەناونیشـانی (گفتوگۆگۆ لەگـەڵ لیۆکۆ)[2]،قسـەی زۆری لـــە بـــەینی رەخنەگرەکانـــدا دروســـتکردووە.زەحمەتە لـــە ژانرێکی ئەدەبیی دیاریکراودا جێگەی بێتەوە،چونکە هەم شیعرەو هـــــەم شـــێوازی گێرانـــــەوەی رۆمـــــان و ئەفســـــانە و پەخشانیشە.تەمومژاوییە و روون نییە.لە ساڵی ١٩٣٥دا بە هۆی نامەیەکـــەو کـــە تیایـــدا رقـــی خـــۆی بەرامبـــەر بـــە فاشـــیەت و مۆسـۆلینی دەبڕیبـوو بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ زینـدانیکراوە.دواتر یەکەمین رۆمانی بە ناونیشانی(کەنار و مۆڵـەتێک لـە ئۆگسـتۆس) و (هـــاوڕێ)[3]و ( هـــاوینی جـــوان)[4] و بیرەوەرییـــەکانی بـــە ناونیشانی(پیشەی ژیان)[5] بڵاوکردەوە.

لــە رووی ئایدیۆلۆژییــەوە ئەنــدامی حزبــی شــیوعی ئیتــاڵی بووە.بـۆ ماوەیـەکی کـەم پێوەنـدی هاوسـەرگیری لەگـەڵ خانمـە ئەکتـــەری ئـــەمریکی کۆنستانســـی دۆلینـــگ بـــووەو لێـــک جودابوونەتـەوە،بـەڵام ئاکامەکـەی ئـەوەبوو لـە ١٩٥٠دا خـۆی دەرمان خوارد کرد و خۆی کوشت.

---

[1] : باسم توفيق، تشيزارى بافيزى رائد الرمزية الجديدة  في الادب الايطالي،ملحق منارات ١٣-٣-٢٠١٨.

[2] : تشيزرى بافيزى، حوارات مع ليوكو اساطير في اسرار الموت و الحياة،ترجمة موسى الخميسي،ابوظبي،٢٠١٢.

[3] : تشيزره باڤيزه،الرفيق،ت:عرفان رشيد، دار النشر المتوسط، ميلانو ايطاليا،٢٠١٨.

[4] : تشيزره بافيزه،الصيف الجميل،ت: گاصد محمد، دار النشر المتوسط، ميلانو ايطاليا،٢٠١٧.

[5] : تشيزارى بافيز، مهنة العيش،ت: عباس المفرجي،دار المدى،بغداد،٢٠١٧.

بەشێکی نووسەران بە روانگەیەکی نوێوە دەیانڕوانییە ئاسۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە دەوری گۆڤارەکانی (شۆڕشی ئازادی) و (پاریتی) کۆببوونەوە، کە پیترۆ گۆبیتی لە ١٩٠١-١٩٢٦ وەکو مینبەرێک لە تۆرینۆ لە دژی فاشییەتدا بڵاویدەکردەوە،بەڵام ئەو رژێمە گۆڤارەکەی داخست و خاوەنەکەی کوشت.

سالانی سییەکان تا چلەکان باوی شیعری هورمسی بوو.ئەو ناوە ئاماژەیەک بوو بۆ هورمسی کوڕی خواوەند زیوس لای یۆنانییەکان.ئەم شاعیرانە شیعرەکانیان سروشتێکی ئیماژی و تەمومژاویان هەبوو،لاسایی شاعیرانی فەرەنسی وەکو (مالارامیەو رامبۆ و ڤێرلین)یان دەکردەوە.ئەم شێوازە لە شیعری شاعیرانی وەکو **ئەدریانۆ گراندی** Adriano Grande ١٨٩٧-١٩٧٢و **ئەلفۆنسۆ گاتۆ** Alfonso Gatto ١٩٠٩-١٩٧٦ و **ماریۆ لوزی** Mario Luzi ١٩١٤-٢٠٠٥و **ڤیتۆریۆ سیرینی** Vittorio Sirini ١٩١٣-١٩٨٣ و **لیۆناردۆ سینیسگالی** و **سێرگیۆ سۆلمی** Sergio Solmi ١٨٩٩-١٩٨١و بە تایبەت **سلڤاتۆری کوازیمۆدۆ** Salvatore Quasimodo ١٩٠١-١٩٦٨،کە براوەی خەڵاتی نۆبڵە لەپای ئەوەی شیعرەکان جیهانێکی پڕ لە خۆشەویستی و دژ بە رق و کینەیە.

شیعری فەرەنسی لە سەدەی بیستەمدا کاریگەری زۆری بەسەر شیعری شاعیرانی ئیتاڵییەوە هەبووە.



**سلڤاتۆری کوازیمۆدۆ**

بەتایبەتی رەنگدانەوەی غەم و پەژارەی ژیان و پەیوەستکردنی بە نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە شیعری شاعیرانی ئیتاڵی وەکو **گۆسپێ ئۆنگارتی** Giuseppe Ungaretti ١٨٨٨-١٩٧٠ و **ئۆمبێرتۆ سابا** Umberto Saba ١٨٨٣-١٩٥٧ دا دەرکەوتووە.

لە بواری شانۆییشدا شانۆ گەشەکردنێکی گەورەی بەخۆوە بینی و جەماوەرێکی زۆری هەبوو.بوارێکی گەورەبوو بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکان.ناوەرۆکی بەشی زۆی شانۆییەکان بۆ یەکگرتنەوەی ئیتاڵیا بوو.دەقە شانۆییەکانی **لویچی بیراندیللۆ** Luigi Pirandello ١٨٦٧-١٩٣٦ ناوبانگییەکی جیهانییان پەیداکردووە و لە ساڵی ١٩٣٨دا خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشراوە[١].

---

[١] : بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بەرهەمەکانی بڕوانە:عوض شعبان، پیراندێللۆ، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا،دەزگای سەردەم،سلێمانی، ٢٠١٤.



**لویچی بیراندیللۆ**

لـە بەرهـەمەکانیـدا تێڕوانینیکـی ڕەشـبینانەی فەاسـەفی بـەدی دەکرێت و پێیوایە مرۆڤ ناتوانێ خۆی بناسێ چ جای ئەوەی خەڵکی بناسێ.لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی (شـەش کەسایەتی لە نووسـەرێک دەگەڕێن) لـە ١٩٢١ و (هێنری چوارەم) لـە ١٩٢٢ و (هەر یەکەو بە شێوازی خۆی) لە ١٩٢٥ و....

لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا ناوی **بنـدیتۆ کرۆچیـە** Benedetto Croce ١٨٦٦-١٩٥٢ درەوشاوەیە.فەیلەسـوفێکی ئایـدیالی و مێژوونـووس و سیاسـەتمەدارێکی ئیتاڵییە.لـە بـواری زانسـتی مێـژوو و فەلسـەفەی ڕۆح و ئیسـتاتیکای ئـەدەبی بەرهـەمی نووسـیوە.کاریگەریی بەسـەر (**ئـەنتۆنیۆ گرامشـی**)ڕەخنـەگری مارکسی و(**جیۆڤانی گێنتیلی**)ی فاشیدا بووە.

گرامشی سـاڵانی ١٩٤٩-١٩٥٢ سـەرۆکی یـەکێتیی نووسـەرانی جیهانی بوو. دواتر لەگەڵ هەندێ هاوڕێی خۆی توانی حزبی شـیوعی ئیتـاڵی دابمـەزرێنن. بـە تونـدی دژی فاشـیەت خـەباتی کردووەو زیندانی بووە.لە مێژوو و سیاسـەتدا خـاوەن ڕەوتێکی تایبـەتی بـووە لـە ڕەخنـەی ئەدەبییشدا بـە هـەمان شـێوە ڕاڤەی

دەقی ئەدەبی لە روانگەی کۆمەڵایەتی و لەبەر رۆشنایی بیری سۆسیالیستیدا دەکات.لە دوای خۆی کاریگەریی بەسەر ئەدوارد سەعید و میشال فۆکۆ و نەعوم چۆمسکیدا بەجێهێشتووە.

لە بواری رۆمانیشدا وەکو ژانرێکی ئەدەبی نوێ جیگەی بایەخی جەماوەری خوینەرانی رۆشنبیر بوو بە پلەی یەکەم و وەکو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی دی ناوەرۆکەکەی گوازرشتکردنە لە رەهەندە سایکۆلۆژی و گرفتارییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی مرۆڤ لە دنیای پیشەسازی و بە ئامیربووناو هەندێکیشیان بەرجەستەکردنی هەستی ئەڤینداری و نامۆیی و غوربەتی.

رۆمانەکانی **ئەلبیرتۆ مۆراڤیا** وەکو(بێباکەکان) لە ١٩٢٩، کە مۆراڤیا باسی کێشەی نەگونجان لەگەڵ واقیع دەخاتەروو.ئەم بابەتە لای ئەم رۆماننووسە لە چەند رۆمانیکی دیکەشدا ئەو بابەتە دوپات دەبیتەوە وەک لە رۆمانەکانی (ژنێک لە رۆما)[١] و (ئازاری ئەوین)[٢] و ( دوو هەرزەکار)[٣] و(دڵتەنگی)[٤]و هەورەها لە کۆچیرۆکەکانی(کچە خەوبینەرەکە)[٥].....

---

[١] : البرتو مورافيا، امراة من روما،دار الهلال،القاهرة،١٩٩٠.

[٢] : البرتو مورافيا،عذاب الحب،ترجمة بطرس صباغ،بيروت،؟

[٣] : البرتو مورافيا،المراهقان،ترجمة زغلول فهمي،؟

[٤] : البرتو موراويا،دلتنگی، ترجمه فرامرز ویسی،انتشارات افراز،تهران،١٣٩١.

[٥] : البرتو مورافيا،الحالمة،ترجمة د.فاضل السعدونی،المكتبة الثقافية،بيروت،١٩٨٤.



ئەلبیرتۆ مۆراڤیا

زۆربەی بابەتەکانی پێوەندی سێکسی و جیاوازی چینایەتی کردۆتە بابەتی رۆمانەکانی. لە ساڵی ١٩٨٤وەکو ئەندامی حزبی شیوعی بۆ پەرلەمانی ئەوورپی هەڵبژێردراوە.دواجار لە ساڵی ١٩٩٠دا بیرەوەریی و ژیاننامەی خۆی بە ناونیشانی ( ژیانی مۆراڤیا Vita di Moravia) بڵاوکردەوە.

چەندین رۆماننوسیی دیکە لە ساڵانی شەستەکان بە دواوە قەڵەمی خۆیان لە رۆماندا تاقیکردۆتەوە لەوانە ئیلیۆ ڤیتۆرینی بە رۆمانی(قەرنەفڵی سوور) و کارلۆ بێرناری بە رۆمانی(سێ کرێکار) و فاسکۆ پرۆتۆلینی بە رۆمانی(بەسەرهاتی عاشقە ناکامەکان) و کارلۆ ئەمیلیۆ گادا بە رۆمانی (ناسینی ئازار)لە ١٩٦٣.

**ئیتالۆ کالڤینۆ** Italo Calvino ١٩٢٣-١٩٨٥ چیرۆکنووس و رۆماننووسێکی دیاری سەدەی بیستەمی ئیتاڵییە.



**ئیتالۆ کالڤینۆ**

رۆمانەکانی(پڵنگـە پشـیلە ) و وەکـو رۆماننوسـێکی ئـەدەبی بەرەنگارییش رۆمانی (کوێرەرێکانی ماڵە جاڵجاڵۆکـە Sentiero dei nidi di ragno)[١] و (بـارۆنی سـەر درەختنـەکان)[٢] کۆمەڵـە چیرۆکـی (شـاره بـێ نیشـانەکان)[٣] نووسـیوەو وەکـو ئـەدەبیاتی غەیرەداسـتانی و تۆژینـەوەی ئـەدەبی (شـەش یادداشـت بـۆ هـەزارەی داهـاتوو)[٤] و (بـۆچی دەبـێ کلاسـیکییەکان بخوێنرێنەوە)[٥]ی بڵاوکردۆتەوە.

کالڤینۆ لە کوبا لە دایک بووە.دواتر بۆ سان ریمۆ و ئینجا بۆ تۆرینۆ هاتووە.دایک و باوکی گیا و رووەکناس بوون،ئەمە ش

---

[١] : ایتـالو کـالوینو،کوره راه لانـه هـای عنکبـوت، ت:،آهنـگ حقـانی، انتشـارات قطـره، ١٣٩٥.

[٢] : ایتالو کالوینو،بـارون درخـت نشـین، ت: پرویـز شـهدی ،انتشـارات چشـمه، تهـران، ١٣٩٤.

[٣] : ایتالو کالوینو،شهرهای بی نشان،ت: فرزام پروا،چ٢،انتشارات نگاه، تهران، ١٣٩٦.

[٤] : ایتالو کالوینو،شش یادداشت برای هزارەی بعدی، ت: لیلی گلستان،چ٣، انتشـارات مرکز، تهران، ١٣٩٨.

[٥] : ایتـالو کـالوینو،چرا بایـد کلاسـیکها را خوانـد، ت: آزیتـا همپارتیـان، انتشـارات کاروان،تهران،١٣٨١.

وایکردووە ئەویش شارەزا بێت.لە گەنجیدا پێوەندی بە بەرەی بەرەنگاری ئیتاڵیا و دواتر بە پارتی چەپی ئیتالییەوە کرووە. لە نووسیندا شێوازی تایبەتی خۆی هەبووە و بە سۆریالی یان پۆست مۆدێرن ناسراوە.تەنانەت تێزی نامەکەیشی لە زانکۆی تۆرینۆ لەبارەی (جۆزیف کۆنراد)ەوە بووە.

(رۆلان بارت)ی رەخنەگری فەرەنسی بە نووسەرێکی بە توانا پۆست مۆدێرنی لە قەڵەمداوە.سروشتی نووسینی جیهانی راستەقینە دەکا بە پارچەیەکی ئەدەبی پڕ لە رەمز و ئاماژەی قووڵ و ئیستاتیکای هونەریی لە بەرهەمەکانیدا لێوانلێوە.

لە کتێبی(ئەگەر شەوێک لە شەوانی زستان موسافیری)[1] بە شێوەیەکی ئەفسانەیی خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ دنیایەکی فانتازی و دەڵێ مادام دەتەوێ گوێ لە داستانی کالڤینۆ بگری دەی هەست و هۆشت کۆبکەرەوە...).

[1] : ایتالو کالوینو, اگر شبی از شبهای زمستان مسافری ، ت: لیلی گلستان، انتشارات آگاه،تهران،١٣٨١.

# ئەدەبی ئەمریکای لاتینی

## دەروازەیەك

مەبەست لە ئەدەبی ئەمریکای لاتینی ئەو ئەدەبیاتەیە لە رۆژئاوای گۆی زەوی لە باشووری ئەمریکای باکوورەوە لە ولاتانی دەریای کاریبی و ئەمریکای باشوور بە زمانەکانی ئیسپانی و پورتوگاڵی دەئاخڤن. ئەم زاراوەیە تا ئێستایش لەکن زۆر لە رەخنەگرە ناسیونالیستییەکان جێگەی رەخنەیەو بە دروستکراوی سیاسی سەیری دەکەن و پێیان وایە شتیک بە ناوی ئەدەبی ئەمریکای لاتین نیەو هەر یەکێک لەو ولات و نەتەوانە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ئەدەبی بەرزایلی وەکو ئەدەبیاتی شیلی و پیرۆو ئۆرکوای و مەکسیکی و ... نییە.هەنێک لەو نووسەرانە زۆر بە رژدی رەتیدەکەنەوە وەکو نووسەرێکی لاتینی بناسرێن و ئەوە بە گومڕایی و بزربوونی ناسنامە دەزانن.

مەبەست لە ئەدەبی ئەمریکای لاتینی یان زۆرجار دەڵێین ئەدەبی ئیسپانی-ئەمریکیLiterature Hispanoamericana ئەمڕۆ ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە،کە زمانی سەرەکییان ئیسپانی یان پورتوگالییە،کە ئەمانەن:ئۆرگوای،ئەرژەنتینا،شیلی،پیرۆ،سلڤادۆر، پاراگوای،ئیکوادۆر،هایتی، پاناما، مەکسیک، پۆلیڤیا، کۆلۆمبیا،فەنزوێلا، گواتیمالا،کوبا،هندۆرانس، دۆمەنیکان، نیکاراگوا،دورگەی پۆرتۆریکۆ و بەرازیل.

## ئەدەبی سەردەمی کۆڵۆنیالیزمی

مەبەست لەو ماوەیە سەرەتا و دەسپێکی دۆزینەوەی جیهانی نوێی کیشوەرێکی تازە لە کۆتایی سەدەی سەدەی پازدەهەمەوە لە لایەن دەریاوانە ئیسپانی و پورتوگالییەگانەوە تا زیاتر لە سێسەد ساڵ ئینجا ئەو وڵاتانە قەوارەی سیاسی و نەتەوەیی تازەیان پێکهێناو سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت.

ئەدەبیاتی ئەو ماوەیە زۆربەی دەبڕینی هەستی بێزاری و رووبەرووبوونەوەی داگیرکاری و شەڕی بەینی هیندییەسوورەکانی شیلی و ئەوروپیەکانەو باس لە ئازایەتی و بەرەنگاری هیندییەکان دەکاتەوە و ئەمە سەرباری شیعری لیریکی و کێشەی نیوان مرۆڤ و سروشت بە ژانری ئەدەبیی و هونەری جیاواز گوزارشتیان لێکراوە.لەو بەرهەمانە **ئەلۆنسۆ دی ئەرسیلا ئیە سۆنیگا** Alonso de Ercilla ١٥٣٣-١٥٩٤ قەسیدەیەکی داستانیی بەناوبانگی بە ناونیشانی (لا ئەرۆکانا) هەیە،کە لە ساڵی( ١٥٦٩-١٥٨٩ز)دا نووسویەتی و باس لە ئازایەتی و نەبەردیی هیندییەکانی شیلی لە رووبەرووبوونەوەی ئیسپانییە داگیرکارەکان دەکات.



**ئەلۆنسۆ دی ئەرسیلا**

ئـەم شـاعیرە خـۆی سـەربازێکی ئـەو شـەڕە، شـەڕی ئاراوكۆی بەینی ئیسپانییەکان و کۆمەڵەی ماپۆشییەکان بووە.

**پینتۆتکسێرا پینتۆ** یەکەمین شاعیری سەردەمی کۆلۆنیالیزم بــووە بەرهەمــەکانی بــە پورتوگــالی نووســیوەو ئاســتانێکی ناســراوی بــە ناونیشانی(پرۆســۆپۆپیا) لــە ســاڵی ١٦٠١دا نووسیوەو باس لە خەمەکانی مرۆڤ و چارەنووسی شووم و سوشت دەکات.

سەدەی حەڤدەهەم بە سەدەی بارۆک دەناسرێ.لەبەر ئەوەی نیوەی دووەمـی سـەدەی حەڤدەهـەم شـێوازێکی نـوێی ئـەدەبی گەشــەی کرد،کــە بریتــی بــوو لــە وشــەبازی و رازاندنــەوەو ســەنعەتکاری تائــەو رادەیــەی زۆرجــار لــە بابەتــە ســەرەکییە دووردەکەوتنــەوە و تێگەیشــتنیان ئەســتەم بوو.بــە شــێوەیەکی گشتی زیاتر بابەتەکان بە شێوەی گاڵتەجاڕی و توانج و پلار دەردەبڕان.

خانمە نووسەری مەکسیکی **سـور خوانـا ئینیس دي لا کـروز** Juana Inés de la Cruz ١٦٥١-١٦٩٥ز پێشەنگی نووسەرانی

سـەردەمی بارۆکـە. مۆسـیقاو بیرکـاری و فەلسـەفە و بیـری زانستیی خوێندووە.



**سور خوانا ئینیس دی لا کروز**

ئـەو کاتـە مەکسـیک بەشـێک بـووە لـە ئیمپراتۆریـەتی ئیسـپانی.زمانی لاتینـی بـە چـاکی زانیـوەو شـارەزای لـۆجیکی یۆنانی بووە. لە گەنجیدا بە زمانی ئازاتیک لە ناواتل چەندین شـیعری نووسـیوە.خۆی خـۆی فێـری شـیعر و پەخشاننووسـیی کـردووەو لـە بـارەی ئـایین و ئەوینـداری و کـارە خێرخـوازی نووسـیوە.یەکـەمین کۆشـیعری ئـەو بـە ناونیشـانی (یەکـەمین خەون)ە و چامەیەکی شیعریی فەلسەفییە.

دی لا کرۆز درامانووسێکە بە توانا بووەو زۆربەی کارەکانی کۆمیدین و باس لە کارە بەد و نارەوشتییەکانی ژنان دەکات و تەنانەت هەندێ بە هاورەگەزبازی تاوانباری دەکەن، کە ناکرێت راهیبەیەک وەها بنووسێت. لە دراماکانی (خاتوونەکانی ماڵەوە) لـە ١٦٨٣ و (خۆشەویسـتی مـەکربازی نییـە) لـە ١٦٨٩دا پێشەکەشکراون.

هەر لە سەردەمی بارۆکدا **خوان دل والی ئی کاڤیدیس** چامەیەکی داشۆرینی لەمەڕ گەندەڵی سەردەمی کۆلۆنیالیزم نووسیوە.هەروا **گریگۆری دی ماتیۆس** Gregório de Mattos e Guerra ١٦٣٦-١٦٩٦ز ی بەرازیلی بە زمانی پورتوگالی چەنگین شیعری ئایینی و دڵداری نووسیوە، وەلێ زۆرتر بە شیعرە داشۆرین و ساتیرابیەکانی ناسراوەو بە زمان و شێوازێکی توند و زبر رەخنەی لە پیاوانی ئایینی و کڵێسای کاسۆلیکی گرتووەو هەر بۆیە بۆ ئەنگۆلا دووریان خستۆتەوەو دوای گەڕانەوەیشی شیعرەکانی قەدەغەبووەو تا سەدەی نۆزدەهەم رێگە بە بڵاوکردنەوەیان دراوە.

**تۆماس ئەنتۆنیۆ گوانزاگا** وەکو شاعیرێکی بەرازیلی قەسیدەیەکی ئەویندارى درێژی بەناونیشانی(مارلیا دو دیرسوا) بڵاوکردۆتەوە،کە خەسڵەتەکانی سەردەمی بارۆکی تێدا بەرجەستە بووە.

**خۆزێ باسیلیۆ داگاما** و **خۆزێ دو سەنتاریتا دو دوراو** دوو شاعیری بەرازیلی بوون دوو داستانی شیعریان نووسیوە.داستانەکەی داگاما بە ناونیشانی (ئۆرگوای) لە ١٧٦٩ و شەڕی بەرەنگاری و ئەوەی دو دوراو بە ناوی (کارامۆرۆ) لەبارەی دۆزینەوەی بەرازیل و چۆنیەتی داگیرکردنی لە ١٧٨١ دا نووسیویەتی.

## ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەم

لە زۆربەی دەڤەرو وڵاتانی ئەمریکای لاتینی هەر لەر سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە زیاتر لە شازدە ساڵ شەڕو شۆڕی بەردەوام لە دژی داگیرکاری و بۆ سەربەخۆیی درێژەی هەبوو.ئەو بارودۆخە بووە هەوێنی لە دایکبوونی چەندین بەرهەمی داهێنەرانەو ناوازە،کە بەشێک لە ئەدەبیاتی بەرەنگاری لە قەڵەم دەدرێن. لەو بەرهەمانە (رۆمانی توتی تووڕە) لە ١٨١٦ لە نووسینی **خواکین فیرناندیس دی لیزاردی** Joaquín Fernández de Lizardi ١٧٧٦-١٨٦٧ز بە دەسپێکی رۆمانی بە یەکەمین رۆمانی ئەمریکای لاتینی دادەنرێ. ئەم نووسەرە مەکسیکییە رۆژنامەوانێکی سیاسی و شاعیریش بووە.



**خواکین فیرناندیس دی لیزاردی**

هەروەها شاعیرو فەیلەسوف و پیاوی دەوڵەت و یاسایی ئەکوادۆری **خۆزێ خواکین ئۆلمیدۆ** José Joaquín de Olmedo y Maruri قەسیدەیەکی نیشتمانی بەناوبانگی بە ناونیشانی گۆرانییەک بۆ پۆلیڤارۆ لە ساڵی ١٨٢٥دا بڵاوکردۆتەوە.بە یەکێ

لە ناسراوترین شاعیرانی کلاسیزمی نوێی ئەمریکای باشوور دادەنرێ و رۆڵی لە بڵاوبوونەوەو چەسپندنی بنەماکانی شیعری و رۆشنبیریی ئەو وڵاتەدا بینیوە.

ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەهەمی ئەمریکای لاتینی رۆماننووسی بەرازیلی **خواکیم ماریا ماچادۆ دی ئەسیس**[1] Joaquim Maria Machado de Assis ١٨٣٩-١٩٠٨ ی لێدەرچێ،ئەوانی دی بە

[1] : خواکیم ماریا ماچادۆ دی ئەسیس چیرۆکنووس و درامانووس و رۆماننوسێکی بەرازیلییەو دامەزرێنەری ئەکادیمیای ئەدەبیاتی بەرازیل بووە تا مردنی لە ١٩٠٨.جێ پەنجەی بەسەر رۆمانی ریالیزمی جادوویی بەرازیلیەوە بۆ نەوەی دوای خۆی بەجێهێشتووە.بەرهەمەکانی تەرجەمەی زۆربەی زمانەکانی دنیا کراوە. تەکنیکی چیرۆکەکانی ریالیزمییەو تێکەڵ بە خەیاڵی فراوان و ئەفسانەیی کراوەو هەستێکی مرۆڤدۆستانەی قووڵی تێدایە. رەخنەگرەکان ئەو بە رابەری رێبازەکانی پەرناسیزم و ریالیزم و ناتورالیزم لە بەرازیل دادەنێن.شارەزایی لە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی یۆنانیدا بووە.کاریگەریی بەسەر رۆماننووسەکانی وەکو خۆسیە ساراماگۆ و کارلۆس فۆینتس و سوزان زونتاگ دا بووەو خۆیان باسیان کردووە. لەرۆمانە بەناوبانگەکانی: (لە یادی براوەیەکی بچکۆلانەدا) لە ١٨٨١ و دوم کازمۆرۆ لە ١٩٠٠ و کینکاس بۆربۆ و یادەوەرییەکانی دوای مەرگی براس کۆباس... ناوەرۆکی رۆمانی(کینکاس بۆربۆ) بریتییە لە مامۆستایەکی هەژار دەروێش و موریدی فەیلەسوفیکی نیمچەشێت و گەلەگ کەیفە بە یاسا و قانون نایەت و تەنیا گرنگی بە سەگەکەی دەدا و وەسیەت دەکات دوای مردنی سەرەوەت و سامانەکەی بدرێت بە مامۆستا رۆبیائۆ... : بڕوانە:شاکر مصطفى،الادب في البرازيل، عالم المعرفة ١٠١،الكويت،١٩٨٦،ص٦٩-٧٤.هەروەها بڕوانە:

ماشادو د آسیس،روانکاو و داستان‌های دیگر،ت:عبدالله کوثری، انتشارات لوح فکر،١٣٨٢.

ماشادو د آسیس،خاطرات پس از مرگ براس کوباس،ت: عبدالله کوثری، انتشارات مروارید،١٣٨٢.

ماشادو د آسیس، دن کاسمورو،ت: عبدالله کوثری، انتشارات نی،١٣٨٩.

ماشادو د آسیس،کینکاس بوربا، ت:عبدالله کوثری، انتشارات نی،١٣٩٧.

شێوەیەکی گشتی هەوڵیانداوە لاسایی ڕێبازە ئەدەبییەکانی وەکو ڕۆمانسییزم و سیمبۆلییزم و پەرناسییزم بکەنەوە،بەڵام بە کەموکورتی و تێنەگەیشتنەوە، بە تایبەتی کیشەی سەرەکییان لەگەڵ زمانی کۆلۆنیالیزمی داگیرکاری ئیسپانی و پورتوگالیدا هەبووە.



**ماچادۆ دی ئەسیس**

هەندێکیان هەوڵیانداوەو خەباتیان بۆ نووسین بە زمانی ڕەسەن و زمانی خۆیان کردووە، بەڵام نەیانتوانیوە.

باشترین نموونەیش هەوڵی شاعیرە گاوانەکان بووە لە ئەرژەنتین،وەکو **هیلاری ئیسکاسۆی** Hilario Ascasubi ١٨٠٧-١٨٧٥ز و **خۆزێ هێرناندز** José Hernandez ١٨٣٤-١٨٨٦ز، کە هەوڵیاندا زمانی گاوانەکان بە شێوەیەکی ئەدەبی ڕێکبخەنەوە و وەکو هەوڵێک بۆ بنەمایەک بۆ ئەدەبێکی نیشتمانیی ڕەسەن[١].

---

[١] : بۆ زانیار زیاتر بڕوانە: د.پ.غالغر،ادب امیکا اللاتینیة الحدیث،ترجمة محمد جعفر داود، ط٢، دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد،١٩٨٦، ص٥-٦.

تاوەکو سەدەی بیستەمیش ئەو ئاڵۆزی و ناسنامە نەتەوەیی ئەدەبییە لە وڵاتی بەرازیل و وڵاتانی دیکەدا دریژەی کیشا،بەڵام بوون بە بنەمایەک بۆ نووسەرانی دوای خۆی.

## ڕێبازی ڕۆمانسییزم

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا ڕێبازی ڕۆمانسییزم وەکو بزاڤێکە ئەدەبی و هونەری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمد لە ئەوروپادا سەریهەڵدا و دواتر بە ئەمریکای لاتینیدا بلاوبۆتەوە.لە سیما و خەسڵەتەکانی ڕۆمانسییزم ئەوەبوو زۆرتر جەختی لەسەر تاکگەرایی و نەتەوەیی دەکردەوە،هەروەها جلەو شلکردن بۆ خەیاڵ و فەنتازیاو یاخیبوون لەو یاسایانەی مرۆڤ دەچەوسێننەوەوە گەڕانەوە بۆ سروشت و پاک و جوانی و ئازادیی لە هەڵبژادرنی ژانی ئەدەبی و بابەتدا.

**خۆزێ ماریا هێریدیا** José María Heredia ١٨٠٣-١٨٣٩ لە کوبا بە پێشەنگی شاعیرانی ڕۆمانسی ئەمریکای لاتینی لە قەڵەم دەدرێت.هەست و سۆزێکی ناوازە جوانی کلاسیزمی نوێ و سەرەتای ڕۆمانسییزمی دەربڕیوە.ئۆخینیۆ چانگ ڕۆدریگز بە پردی نێوان کلاسییزمی نوێ و ڕۆمانسییزمی دادەنێ[١]. زۆرجاریش بە شاعیری نیشتمانیی کوبا دادەنرێ.لە ١٨٢٣دا بڕوانامەی یاسای لە زانکۆی هاڤانا بەدەستهێناوە.هەر لەوساڵەدا بە تۆمەتی خەبات دژی حکومەتی ئیسپانیاو هاندانی خەڵک بۆ سەربەخۆیی دەسگیرکراوەو فەرمانی دوورخستنەوەی بۆ دەرچووە،بۆیە ڕووی لە نێویۆرک کردووەو دوای دووساڵ

---

[١] : اوخينيو تشانج رودريجث،ثقافة و حضارة امريكا اللاتينية، ترجمة عبدالحميد غلاب و احمد حشاد، المشروع القومي للثقافة،١٩٩٨،ص٤٧٦.

رووی لە مەکسیک کردووە و تا مرد لەوێ مایەوە.بێجگە لەنووسینی شیعر چەندین بەرهەمی ئەدەبی لە زمانەکانی ئیتاڵی و فەرەنسی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی ئیسپانی.



**خۆزێ ماریا هێریدیا**

یەکەمین کۆشعری خۆی لە کاتی مانەوەی لە نیۆیۆرک لە ١٨٢٥دا بەناوی هۆنراوەکان Poesías بڵاوکردۆتەوە.شاعیرانی وەکو ئەندریس بیللۆ و ئەلبێرتۆ لیستا لە تاراوگەوە زۆر مەدح و سەنای کاریگەریی ئەو شاعیرەو هەستی قووڵ و جوانی و داهێنانی ئەو شاعیرەیان کردووە.

هەندێکی دی شیعرەکانی **ئەندرێس بیللۆ** Andrés Bello ١٧٨١-١٨٦٥ ، ڤەنزویلایی بە دەسپێکی شیعری رۆمانسی دادەنرێ،بە تایبەتی شیعرێکی دریژی هەیە لە ساڵی ١٨٢٦ بە ناوی (کشتوکاڵ لە دەڤەری گەرمدا) بڵاویکردۆتەوە.ئەم شاعیرە کاریگەریی زۆری ڤیکتۆر هیگۆ و جۆرج گۆردۆن و بایرۆن و شیعری ئەمریکی بەسەرەوە بووە.رۆڵی لە وەرگێڕانی چەندین بەرهەمی ئەدەبی و رەخنەییدا بووە.بۆ پاراستنی زمانی قشتالی

کاریکردووەو کتێبی ڕێزمانی زمانی ئیسپانی نووسیوە و لە نووسینەوەی یاسای مەدەنی شیلی لە ١٨٥٢دا بەشداربووە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا جۆرە شیعرێکی لیریکی بڵاوبۆوە،کە پێی دەوترێت شیعری ناوچەیی، واتا بەرجەستەکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەرێمی.لەوانە شاعیرێکی مەیتەری ئەرژەنتینی ئەخیفێریا باسی جوانی دەشتاییەکانی بامبای ئەرژەنتین دەکات.

شیعری گاوانی لەو وەختەدا زۆر بڵاوببۆوە.دیارترین شاعیری گاوانی **خۆزێ هێرناندز**José Hernández ١٨٣٤-١٨٨٦ ی ئەرژەنتینی بووەو باشترین بەرهەمی ئەو داستانێکی شیعرییە بەناونیشانی (مارتن ڤییرۆ)یە لە سالانی(١٨٧٢-١٨٧٩)دا بڵاوکراوەتەوە.ئەو داستانە شیعرییە باس لە کاوبۆیەکی پاڵەوان دەکات شەڕی هیندییە ئەمریکییەکان دەکات و ئەو مامەڵە دڵڕەقانەی حکومەت بەرامبەری دەکرێت.

**خۆرخێ ئیسحاق**(١٨٣٧-١٨٩٥) ڕۆماننووسی کۆلۆمبیش وەکو ژانرێکی تاوەی ڕۆمانی سۆزداری بەشداریی لە پەرەپێدای ڕێبازی ڕۆمانسییزم لەو کبشوەرەدا کردووە.پیاوێکی سیاسی و سەربازی و شاعیرو ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوان بووە.دیارتریت ڕۆمانی بە ناوی (ماریا)یە لە ١٨٦٧دا بڵاوکراوەتەوە.شێوازی گێڕانەوەی لە لایەن گێڕەرەوەیەک و چیرۆکی دوو ئەویندادری هەرزەکارە.ڕۆماننووس تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە بایۆگرافیای خۆی بەستووە.

هەردوو ڕۆماننوسی ئەرژەنتینی **خۆزێ مارمۆل** José Mármol ١٨١٧ - ١٨٧١ بە ڕۆمانە بەناوبانگەمەی ئامالیا Amalia(١٨٥١-١٨٥٥ز) بە پێنج بەرگ چیرۆکی خۆشەویستی ئەمالیاو کوڕیک

باس دەکات کۆتاییەکی غەگینی هەیە و دەکوژرێن. هەروا ڕۆماننووسی مەکسیکی **ئەگناسیۆ مانوێل ئالتامیرانۆ** Ignacio Manuel Altamirano Basilio ١٨٣٤-١٨٩٣ بە هەردوو ڕۆمانی (کلیمنسیا)،کە دابونەریتی مەکسیکییەکان و سروشتی جوانی وڵاتەکەی لە ڕۆمانی (جەژنی لە دایکبوون لە چیاکان)دا دەنوێنێ.هەروەها لە ڕۆمانەکانیاندا بابەتی نادادپەروەری سیاسی دەخەنەروو.

**دۆمینگو فاوستینۆ سارمینتۆ** Domingo Faustino Sarmiento ١٨١١-١٨٨٨وەکو نووسەرێکی سیاسی لە ئەرژەنتین لە ساڵی ١٨٤٥ لە کتێبەکەیدا لەمەڕ شارستانیەت و بەربەرییەت ژیانی خوان ڤیکندۆ کویرۆگا بە نموونە دێنێتەوە.



**دۆمینگو فاوستینۆ سارمینتۆ**

ئەم نووسەری لە سییەکان و چلەکاندا بە هۆی هەڵوێستی سیاسی دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەو دەمەی ئەرژەنتین ناچار لە تاراوگە لە چیلی دەژیا.دواتر بۆ بەدەست هێنانی زانستیی سەردانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی کردووە و لە پەنجاکاندا

گەڕاوەتەوە بۆ ئەرژەنتین و لە ١٨٦٨ دا هەڵبژێردراوە بۆ سەرۆکی ئەرژەنتین و تا ساڵی ١٨٧٤ بەردەوام بووە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا بابەتی بەگزادەی کێوی و وەحشی جێگەی بایەخ بوو.ڕۆمانسییەکان پێیان وابوو هیندییەکان هەستێکی جوانتریان هەیە لەبەرئەوەی بە شارستانیەتی ئەوروپی پیس نەبوون.شیعرەکانی شاعیری بەرازیلی **ئەنتۆنیۆ جۆنکالفێز دیاز** هەمووی بۆ مەدح و سەنای هیندییەکان تەرخانکراوە.هەروەها چەندین ڕۆماننوس پاڵەوانی ڕۆمانەکانیان لە هیندییەکان هەڵبژاردووە.(**خۆزێ دو ئالینکار**)ی بەرازیلی لە ڕۆمانی ئۆ گۆرانی) لە ١٨٥٧ و (**جوان لیۆن میرا**)ی ئەکوادۆری لە ڕۆمانی(کۆمۆندا) لە ١٨٧٩دا باسی هیندییەکان دەکات.

**ریکاردۆ پاڵما** لە پیرۆ فۆرمێکی تازەی ڕۆمانی هێنایە پێشەوە پێی دەوترێت ترادیسیۆن. ئەم فۆرمە نوێیە تێکەڵەیەکە لە نێوان مێژوو و ئەفسانەدا و پەخشانێکی چیرۆکئامێزی گاڵتەجاڕییە.پاڵما هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەم فۆرمەوە دابونەریتی پیرۆییەکان بنووسێتەوەو لە ١٨٧٢-١٩١٠ ئەم فۆرمە باوبوو.

## ڕێبازی ریالیزم

ریالیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتەکایەوە.نووسەرانی سەر بەو ڕێبازە هەوڵیانداوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا بە شێوەیەکی بابەتیانە و بە زمانێکی ئاسان و ڕەوان بابەت و کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و ئازار و مەینەتییەکانیان بە شێوازێکی ئەدەبی دەربڕیوە.هەندێکیشیان زیاتر لە واقیعیەت و بە شێوەیەکی

توندتر یان چینی ژێرەوەی کۆمەڵ و پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵیان بە ریبازی ناتورالیزم دەربڕیوە.

لە رابەران و پێشەنگانی رێبازی ریالیزم لە ئەمریکای لاتینیداو بەتایبەتی لە چیلی **ئەلبێرتۆ بلیست گانا** Alberto Blest Gana ۱۸۳۰-۱۹۲۰ و **بەلدۆمیرۆ لیللۆ** Baldomero Lillo ۱۸٦۷-۱۹۲۳ بە هەوڵە سەرەتاییەکانی رۆمانی ریالیزمی دادەنرێن.



**ئەلبێرتۆ بلیست گانا**

گانا بە باوکی راستەقینەی ریالیزم لە ئەمریکای لاتینی دادەنرێ و کەسایەتییەکی دیپلۆماسی و سیاسی و ئەدەبی چیلییەو شێوازی رۆمانەکانی ئەگەرچی لە هەندێ رووەوە تامێکی سۆزداری و رۆمانسییانەی هەیە،بەڵام لە چارەسەری بابەتەکاندا بە قووڵی باری سایکۆلۆژی پاڵەوانەکان دەخاتە روو.شێوازی نووسینی لە بلزاک و ستاندال و دیکنز دەچێ.لە رۆمانەکانی: مارتن ریڤاس ۱۸٦۰ و کەللەسەر ۱۸۹۷ و ئێستێرۆی شێت ۱۹۰۹ و ...

لیللـۆ لــە رۆمــانی (تــونێلی شــەیتان)دا بــاری ناهــەمواری کرێکــارانی کانــە خــەڵوزەکانی چیلــی و مەرگەســاتی ژیــانی رۆژانەیانی کردۆتە بابەتی رۆمانەکەی.



**بەلدۆمیرۆ لیللۆ**

ئاسـمانی رەش و ئەنگوسـتەچاو و تـاریکی نـاو کانـەکان لـەژێر زەوی و ئاسـمانی جـوان و پـاک و بێگـەردی شـینی دەرەوەی بـەگزادەکان بـەراورد دەکات.بەرهەمـەکانی بـە نموونـەی رێبـازی ناتورالیزم دادەنرێ.هەروەها چەند رۆماننووسێکی دیکەش وەکو **کلۆرندا ماسـیۆ دو تێرنێـر** Clorinda Matto de Turner ١٨٥٢-١٩٠٩ لە پیرۆ **یۆژینۆ کامپا سێرینیس** Eugenio Modesto de las Mercedes Cambaceres Alais ١٨٤٣-١٨٨٩ لە ئەرژەنتین و **فیـدریکۆ گـامپوا** Iglesias **Federico** Gamboa ١٨٦٤-١٩٣٩ لــــە مەکســــیک و رۆماننووسی بـەرازیلیش **ماریا ماچـادۆ دی ئـەسـیس** Joaquim Maria Machado de Assis ١٨٣٩-١٩٠٨ لـە هـەموویان زیـاتر بـە شـێوەیەکی ریـالیزمی نووسـیویەتی.هەندێ لـە نووسـەرەکان بابـەتی دابونـەریتی هەرێمـەکانی ئیسـپانیای ئـەمریکایان دەکردە هـەوێنی بەرهەمەکانیان،بـە تایبـەتی نووسـەرانی کورتـەچیرۆک و

رۆمان،ئەمانە پێیان دەوترێ (کۆستمەبەرستا)،لەو نووسەرانە: **خاڤیێر دو ڤیان** Francisco Javier de Vian ١٧٦٤-١٨٢٠ لە ئۆرۆگوای و **رۆبێرتۆ خۆرخی پایرۆ** ١٨٦٧-١٩٢٨ لە ئەرژەنتین و **تۆماس کاراسکێلا** Tomás Carrasquilla ١٨٥٨-١٩٤٠ لە کۆلۆمبیا هەموویان وەسفی دیمەنە دلڕفێنەکانی گوند و دەشت و دەری دەڤەری خۆیان دەکردو رەهەندێکی هیومانیستیان پێدەبەخشی.

**فلۆرینسۆ سانشیز** Florencio Sánchez ١٨٧٥-١٩١٠ رۆژنامەوان و سیاسی و دیارترین نووسەری شانۆیی ریالیزمی ئۆرۆگواییەو کاریگەری بەسەر ئەرژەنتین و دەڤەری دەریاچەی ریۆ دی لابلاتای ئۆرگواییدا بووە.

لە دەقە شانۆییەکانیدا وێنای ململانێی خەڵکی گوندەکانی ئەرژەنتینی کێشاوە.لە دراماکانی: ( هەژارەکان)کۆمیدیایەکە لە ١٩٠٤و (کوژراوەکان) کۆمیدیایەکە لە ١٩٠٥و (پارەی قەڵب) لە ١٩٠٧و (منداڵەکانمان)کۆمیدیایەکە لە ١٩٠٨و (کارێکی باش)کۆمیدیایەکە لە ١٩٠٩.

دوو بەرهەمی رۆژنامەوانی بڵاوکردۆتەوە،ئەوانیش بریتیین لە: ١- نامەکانی پیاوێکی تەمبەڵ لە ١٩٠٠. ٢- سەرکردایەتی تاوان لە ئەمریکای باشوور ١٩٠٣.



**فلۆرینسۆ سانشیز**

## ئەدەبی نوێخـــوازی

لەنێوان سالانی ١٨٨٨ تا ١٩١٠ ئەو ماوەیە بە قۆناغێکی نوێ لــە ئــەدەبیاتی ئــەمریکای لاتینــی دادەنرێ.لــەو ماوەیــەدا بــە دەسپێشـخەری شاعیری نیکاراگوایی **رۆبــن دارییــۆ** Félix Rubén García Sarmiento ١٨٦٧-١٩١٦ رووخســار و ئــەرکی شــیعری گۆڕی و داوای لە شاعیرانی سەردەمی خۆی کردووە ئیدی واز لە لاسایی و بنەما کۆنەکان بێنن و هێندەی روو لە ئیستاتیکای شیعریی دەکەن ئەوەندە خەریکی ناوەرۆک و پەیامی سیاسی و کۆمەلایـەتی شیعر مەکـەن و هەولبدەن لـە نویخوازیی شیعری مـۆدێرنی ئـەوروپی سـوود وەربگرن،بـە تایبـەتی سـوود لـە ئەفسانەکانی یۆنانی و ئەسکەندەناڤی بکەن.

یەکـەمین کۆشـیعری خـۆی لـە ١٨٨٨ بـە ناونیشـانی (ئـەزۆل) بڵاوکـردەوە،وەکـو مانفێسـتی ئـەو نوێخوازییـە وابوو.زۆرجـار دەگـوترێ میـری شـیعری ئیسـپانیی هاوچـەرخ یـان بـاوکی

نوێخــوازیی شــیعری ئیســپانی.دواتر چەنــدین کۆشــیعری دی بڵاوکــردەوە،لەوانــە: (گۆرانییــەکانی ژیــان و ئاوات)لــە ١٨٨٨ و (پەخشانی دنیایی و چەند هۆنراوەیەکی دی) لە ١٨٩٦ و (گوڵە ئیندینییەکان) لە ١٨٨٨ و (ئازارەکان)لە ١٨٨٧ و (کاروان دەڕوا) لە ١٩٠٣.



**رۆبن دارییۆ**

نموونەیەک لە شیعری رۆبن دارییۆ:

**مەرگ و میر**

**درەخت شادمانە بە دەگمەن دەرگا نابینێ،**

**تاشەبەردێك شادمانتر،چون هەست بە هیچ ناکا**

**هیچ خەفەتێ لە ژیان گەورەتر نییە**

**هیچبارێك لە ئاگایی ژیان قورستر نییە**

**بوون و هیچ نەزانین، نەبوونی رێگایەك،**

**ترس لە بوونی خۆت، مەترسییەکانی ئایندە...**

**بە یەقینەوە ترس لە مردنی سبەینێ**

**خەفەت بۆ هەموو ژیان و سەراسەری تاریکی**

**بۆ هەموو ئەوەی نایزانین و گومانی  لێدەکەین...**

**هێشوە ترێ ساردەکان گەرممان دەکاتەوە**

**گۆڕێك، کە چاو لە ڕێی بە خاکسپاردنمانە**
**نازانین بۆ کوێ دەڕۆین و**
**لە کوێوە دێین! ...**[1]

هەروەها یەکێکی دی لە پیشەنگ و رچەشکێنەکانی شیعری نوێی ئیسپانی شاعیری ئەرژەنتینی (**لیۆپۆڵدۆ لۆگۆنیس** ١٨٧٤-١٩٣٨)ە.بێجگە لە شیعر رۆماننووس و کورتەچیرۆکنووس و رۆژنامەوان بووە.لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا لایەنگریی فاشیزمی دەکرد،بەو هۆیەوە بەشێکی زۆری نەوەی نوێی گەنجەان پشتیان تێکرد و شاعیریش خۆی کوشت.کۆشیعرییەکەی خۆی بە ناونیشانی(چیا ئاڵتونییەکان) لە ١٨٩٧دا بڵاوکردۆتەوە. (باخەی باخچەکان) کورتەچیرۆک. شێوازی نووسینی چیرۆکەکانی سروشتێکی فانتازییان هەیە.لە رووی تاوەرۆکیشەوە هەستیکی قووڵی پڕ لە خۆشەویستی بۆ سروشت و خاکی وڵاتەکەی تێدایە.لە بەرهەمەکانی تری (هێزێکی مەزن) و ( ساڵنامەی سۆز).

**خۆزێ ئێنریکی رۆدۆ** José Enrique Camilo Rodó Piñeyro ١٨٧١-١٩١٧ وتارنووس و لێکۆڵەرێکی بە ناوبانگی ئۆرگواییە و هەمان کاریگەریی رۆبن داریۆی هەبوو لە بیرو هزری سەردەمی خۆی.وتارێکی رۆدۆ بە ناونیشانی ئێریال لە ١٩٠٠دا بە نیشانەو ئاماژەیەکی تازەی بیری فەلسەفیی ئەمریکای لاتینی دەژمێردری.لە رووی فەلسەفییەوە یەکێک بوو لەوانەی رۆڵی لە گۆڕینی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم بۆ فەلسەفەی برگسۆنی.

---

[1] : روبن داریو، آواز پلنگ لیمویی بر نردەهای غبارآگین و اندوهگساری ماه،ت:شاپور احمدی، www.ParsBook.org



**خۆزێ ئێنریکی رۆدۆ**

کەسایەتییەکی دیکەی دیاری رەوتی نوێخوازی شاعیری شۆڕشگێریی کوبی **خۆزێ مارتی** José Julián Martí Pérez ١٨٥٣–١٨٩٥)یە.قسەیەک هەیە دەڵێت ئەگەر یەکێک خۆزێ مارتی نەناسێ هەرگیز کوبا ناناسێ.ئەم شاعیرە بە پاڵەوانی نیشتمانی سەربەخۆیی کوبا دەناسرێ.یەکێکە لەو شاعیرانەی تا رادەیەکی زۆر بە شارستانیەتی ئیسلامی کاریگەر بووەو درامایەکی هەیە بە ناونیشانی عەبدوللا.هەروەها کۆشیعرێکی خۆی بە ناونیشانی (ئیسماعیلی بچووک) هەیە،کە ئاماژەیە بە حەزرەتی ئیسماعیلی کوری حەزرەتی ئیبراهیم.بێجگە لە شیعر چەندین بابەتی سیاسیی وەکو کۆماریخوازێکی دیموکراسی نووسیوەو تیایاندا هەوڵ بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی و پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ میللەتانی دی دەربڕیوەو نەفرەتییش لە ئێرلەندییەک یان هیندییەک دەکات،کە خزمەتی وڵاتە زلهێز و داگیرکەرانی وڵاتەکانیان دەکەن و جاشایەتییان بۆ دەکەن.



**خۆزێ مارتی**

خۆزێ مارتی یەکەمین کەس مانیفێستی سەربەخۆیی کوبای بە شیعر نووسیوەو خاوەنی گۆرانی (گوانتانامێرا)یە وەکو خۆی دەڵێ پیاوە ئازاکان ورەیان پێ بەرز دەبێتەوەو دڵیان پێخۆشە.ئەم شاعیرە لەلایەن رووناکبیرەکانی فەرەنساوە داوەتکراوەو لەگەڵ ڤیکتۆر هیگۆ و چەندین رۆژنامەوان و هونەرمەندی فەرەنسی ئاشنا بووەو سەردانی چەندین وڵاتانی ئەمریکای لاتینی کردووەو لە هەموویاندا گەنجەکانی بۆ جۆش و خرۆشی نیشتمانی هانداوەو دەڵێ حەزدەکەم چارەنووسم لەگەڵ چارەنووسی هەژارانی ئەم دنیایە بێت.لە بەرهەمێکیدا بە ناوی(رۆژگاری زێڕینی ژیان)دا دەڵێ ئازادی بەبێ رۆشنبیری و فەرهەنگ بەدی نایەت.

نموونەیەک لە شیعرەکانی:

## مردن وەک گژوگیا

**دەمەوێ بمرم**
**سادە وەك**
**زەردهەڵگەڕانی گژوگیا لە باخان**
**لە باتی مۆم**
**ئەستیرە لەسەرم بێت**
**زەوی ببێتە**
**ئارامگای من**
**...**
**ناپاکەکان**
**با ڕاکێشن بێ ڕووناکی**
**لە ژێر تاشەبەرد و سەرما بەبێ دەنگی**
**بەڵام من نا ، چونکە پاك بووم**
**لە پاداشتی ئەوە**
**دەمرم و**
**ڕووم لە ڕۆژهەلات دەبێ**[١]

[١]: د.ضیاء نافع ئەم شیعرەی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە بڕوانە: صحیفة المثقف، العدد٥٠١٥، الجمعة ٢٩-٥-٢٠٢٠.

## سەدەی بیستەم

### سەرەتاکانی سەدەی بیستەم

لە سەدەی بیستەمدا گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەبی ئەمریکای لاتینیدا هات.لە دەسپێکدا کۆمەڵێ ژنە شاعیری بە توانا دەکەوتن و بابەتی سەرکی بەرهەمەکانیان بە تایبەتی شاعیرەکان مەسەلەی مافی ژنان و سۆز و خەونی ژنان وەکو خۆشەویستی و چەوسانەوەی ژن لە سایەی کۆمەڵگەی پیاوسالاری و بنەما خێڵەکییەکان و دواکەوتنی کۆمەڵگەی ئەو رۆژە ببونە هەوێنی قەسیدەکانیان.دیارترین دەنگی شیعریی ژنانی ئەو رۆژگارە (**گابرێللا میسترال** Gabriela Mistral)١٨٨٩-١٩٥٧ ی چیلی بوو و تاکە ژنیشە لە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتینیدا لە ساڵی ١٩٤٥دا خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشراوە.



**گابرێللا میسترال**

پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ نووسەری ئەمریکی دوریس دانا دا هەبووەو تامردیش ئەو پێوەندییە بەردەوام بووەو دواجار

ئـەو سـەرجەم بەرهەمـە شـیعریی و پەخشـانی و وتارەكـانی كـۆكردەوەو چاپی كـردن. سـالانیكی زۆر كۆنسـوڵی وڵاتەكـەی بووە لە ئەمریكا.لە رووی ئەدەبییەوە وەكو رەخنـەگرەكان دەڵێن بەشـێكی زۆری شـیعرەكانە قـەروەردەیی فێركـاری و سیاسـیین یان بۆ خۆشەویستی خاك نیشتمان و ئازادی ژنانە.شیعرەكانی كارەسـات و مەینەتییـەكانی جـەنگی دووەمـی جیهـانی تێـدا بەرجەستە بووەو هەستێكی جوان و مرۆڤدۆستانەی بووەو هـەر ئەمەش وایكرد خەڵاتی نۆبڵی پێببەخشرێ و ئەمرۆ پەیكـەری بۆ دروسـتكراوەو لـە وڵاتـی چیلـی لایـەنگر و خۆشەویسـتی خەڵكەكەی بەدەستهیناوە و دكتۆرای فـەخری بـەر لـە مردنی لـە لایەن سەرۆكی وڵاتەكەی پێدراوە.
دوو نموونە لە كورتە شیعرەكانی:

## دایكە خەمبارەكە

**بنوو ئازیزم،بنوو**
**بێ ترس.. بێ نیگەرانی**
**هەرچەند رۆحی من نانوێ**
**هەرچەند .. ناحەسێمەوە**
**..........**
**بنوو بنوو بەم شەوە**
**با چپەكانت نیانتر بێ**
**لە گەڵای چڵ**
**لە دەسرازەی ئاوریشمینی دایكان**
**............**
**بریا جەستەی لەرزۆك و ژەنگاویی من**

**لەگەڵ تۆدا بخەوتایە**
**بریا چاوەکانم لەگەڵ تۆ لێکنایە**
**دڵیشم لەگەڵ تۆدا راکشایە**
**...........**

## ئەوانەی سەما ناکەن

**مناڵێك دانیشتوە بانگ دەکا:**
**چۆن دەتوانم سەما بکەم؟**
**(وازبێنە با دڵت سەما بکا)**
**وا وەڵاممان دایەوە**
**....**
**پاشان نەخۆشێکی داما پرسی:**
**چۆن دەتوانم گۆرانی بڵێم؟**
**(با دڵت گۆرانی بڵێ)**
**وا وەڵاممان دایەوە**
**....**
**چڵێکی ژاکاوی هەژار نووزەیەکی کرد:**
**ئەی من چۆن سەما بکەم؟**
**(با دڵت لەگەڵ با دا بفڕێ)**
**وا وەڵاممان دایەوە**
**....**
**خودا لە ئاسمانی بەرزەوە هاتەقسە:**
**چۆن لەو ئاسمانە بەرزەمەوە دابەزم؟**
**(وەرە لەو رووناکییە لەگەڵمان سەما بکە)**
**وا وەڵاممان دایەوە**
**...**
**دۆڵەکان تێکڕا سەما دەکەن**

**لەژێر تیشکی خۆردا**
**دڵی ئەوەی بەشدار نابێ**
**دڵی گەردی لێدەنیشێ..خۆڵباران**[1]

هەروەها لە ژنە شاعیرە گەورەکانی دی دوو شاعیری ئۆرگوایی بوون،**دیلمیرا ئۆگستینی** Delmira Agustini Triaca ١٨٨٦-١٩١٤ و **خوانا دو ئیباربۆرۆ** Juana de Ibarbourou ١٨٩٢-١٩٧٩.

ئەوەی یەکەمیان ئۆگستینی ئەگەرچی زۆر نەژیاوە،بەڵام چوار کۆشیعری هەیە و لەبەر جوانییە بی ئەندازەکەی بە (گوڵی جیهانی شیعر)ناسراوە.زۆربەی رەخنەگرەکان لەسەر ئەوە کۆکن،کە بەهرەی لە خواوەندی شیعری عەشق ئیرۆس وەرگرتووەو شیعرەکانی یەک پارچە پڕن لە حەز و هەوەسی سێکسی و ئیرۆتیکا.جەستەی ژن وەکو ئیستاتیکا دەرکەوتووە. لە تەوەنی دە ساڵییەوەئاشنای شیعربووە و هونەر و موزیک و زمانی فەرەنسی فێربووە.

سروشایکی عاشقانەو ژیانێکی رۆمانسییانە ژیاوەو لە ژیانی هاوسەریدا سەرکەوتوو نەبووەو دوای مانگ و نیوێک مێردەکەی لە ١٩١٤دا بە دەمانچە کوشتویەتی.

رۆبن داریۆ ئۆگستینی بە (سانتا تریسا دی خیسۆس)ی بەراورد کردووە.شێوازی شیعرەکانی بە قۆناغی یەکەمی نویخوازی دادەنرێ.گفتوگۆ لەبارەی بابەتە خەیاڵی و سەیر و سەمەرەکان دەکات.

---

[1] : غابرييلا مسترال، قصائد مختارة للشاعرة التشيلية غابرييلا مسترال،ت: ماجد الحيدر، مجلة الحوار المتمدن، العدد ٢٨١٩، ٢٠١٩/١١/٣.



**دیلمیرا ئۆگستینی**

ئەوەی دووەمیان ئیباربۆرۆ شاعیرێکی نویخواز بووەو چوار جار بۆ خەڵاتی نۆبڵ پاڵێورراوەو بە خوانا ئەمریکا Juana de América ناسراوە. بە یەکێ لە رابەرانی شیعری فیمینیستی ئەمریکای لاتینی دادەنرێ و ١٠ کۆشیعری لە دوای خۆی جێهیشتووە. لەوانە: (زمانە مرواریییەکان) لە١٩١٩و ( گوڵی با) لە ١٩٣٠ و (زێڕ و زریان) لە ١٩٥٦.... شیعرەکانی موعاناتی رۆژانەی ژنێکە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و پڕ لە ئاشووبدا. ئەمە بیجگە لەوەی هەندێ لە شیعرەکانیشی بە تایبەتی کۆشیعری زێڕ و زریان بۆ قووڵبوونەوەیە لە کتێبی پیرۆز.

بێجگە لە وڵاتەکەی خۆی لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی ئەمریکای لاتینی خەڵات و مێدالیای تایبەتی پێبەخشراوەو رەخنەگران لەبارەی شیعرەکانی بە وردی لێیان کۆڵیوەتەوە.

لە تەمەنی حەفدە ساڵیدا پارچە پەخشانیکی بە ناونیشانی(مافی ژن)نووسیوەو وەکو چالاکوانیکی ژن ناسرا.



خوانا دو ئیباربۆرۆ

**ئەلفۆنسینا ستۆرنی** Alfonsina Storni ١٨٩٢-١٩٣٨ ژنە شاعیرێکی ئەرژەنتینییە و بە یەکێک لە شاعیران و درامانووسانی پۆست مۆدیرنیزم لە ئەرژەنتین دادەنرێ.بە رەچەڵەک سویسری- ئیتاڵییە.سەرەتا بەرهەمەکانی سروشتێکی رۆمانسییانەی هەبوو و دواتر شێوازی توانج و گاڵتەجاڕی تووندە بەکاردەهێنا.لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەستی بە شیعر نووسین کردووەو یەکەمین کۆشیعری لە ١٩١٦ بە ناونیشانی (نیگەرانی بنەگوڵێک) بڵاوکردۆتەوە.

لە بواری شانۆییدا یەکەمین دەقی شانۆیی بە ناونیشانی (دڵێکی بەجەرگ) و دواتر شانۆییە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی(گەورەی جیهان)[١]بۆ یەکەمجار لە ١٩٢٧ لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەشکرا.بابەتی سەرەکی ئەم شانۆییە باسی دووفاقی رەوشتی لای ژنان دەکات. ئەم بابەتە لای رەخنەگرانی ئەو دەمە ببووە جێگەی رەخنەیەکی زۆر.

---

١ : الفونسینا ستورنی، سید العالم،ت:ایزابیل کمال،القاهرة،٢٠١٣.



**ئەلفۆنسینا ستۆرنی**

رۆماننووسانی سەدەی بیستەم روویان لە بابەتە ناوچەیی و هەرێمییەکان کردبوو **خۆزێ ئیستاسیۆ ریڤێرا** José Eustasio Rivera Salas ١٨٨٨- ١٩٢٨رۆماننووسی کۆلۆمبی وێنای دارستانە باراناوییەکانی ئەمازۆن لە رۆمانی( گێژاو) لە ١٩٢٤دا دەکێشێ.رۆمانێکی دیکەیشی بە ناوی(سەرزەمینی دڵگیر) هەیە، لە ساڵی ١٩٢١دا بڵاوکراوەتەوە.

**رۆمۆلۆ گایگۆس** Rómulo Gallegos ١٨٨٤-١٩٦٩ درامانووس و چیرۆکنووس و رۆماننووسێکی فەنزوێلییە.یەکێکە لە کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم.رۆمانی( خاتوو باربارا) یەکێکە لە رۆمانە دیارەکانی بە نموونەیەکی بەرزی کلاسیزمی ئەدەب ئەمریکای لاتینی دادەنرێ،کە تیایدا باس لە ژیانی زنجییەکانی ئەمریکا لە نیوانە ژیانی شارستانی و هەمەجی دەکات.



**رۆمۆلۆ گایگۆس**

لە رۆمانەکانیدا زۆربەی کات رەخنەی توونـد لـە دابونەریتـە کۆنەکان دەگرێت،ئەوانەی بوونەتە لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.هـەروەها ریفـۆرمی سیاسـی و هـەنگاو بـەرەو دیموکراسـی و دادپـەورەی کۆمەلایەتی.لـە رۆمانـەکانی سـەرەڕۆکان لـە ١٩١٣ و کۆچبەرەکان ١٩١٣ و دوا وزەی خـۆر لـە ١٩٢٠ و کانتـاکلارۆ لـە ١٩٣٤ و نـامۆ لـە ١٩٤٢ و پووشـێک بـەدەم بـاوە ١٩٥٢ و لـە کۆچیرۆکـەکانی یـاخیبوون و چەنـد چیرۆکیکـی دی لـە ١٩٢٢ و چەنـد چیرۆکێکـی فـەنزوێلایی و لـە کارە دراميیەکانی پەرجووی ساڵ لە ١٩١١.

لە سالە ١٩٤٧دا بەزۆرینەی دەنگی هەڵبژێراوی خەڵک بووە بە سەرکۆماری فەنزوێلا.

**ریکـــاردۆ گویرالـــدیس** Ricardo Güiraldes رۆماننووسـی ئەرژەنتینییـەو دیـارترین رۆمـانی ئـەو رۆمـانی دۆن سـیگۆندۆ سامبرا Don Segundo Sombra یە لەساڵی ١٩٢٦ دا نووسـیویەتی و بابەتەکـەی ئەوەیە،کـە منداڵێکـەو رینمـاییی رۆحـی لـە گاوانێـک وەردەگرێ.

**خۆزێ لینز دو ریگۆ کڤلکانتی** José Lins do Rego Cavalcanti وەکو نۆستالژیایەک یادەوەری رۆژانی منداڵیی خۆی ئەو کاتەی لە کێڵگەیەکی شەکردا کاری کردووە لە رۆمانی (قامیشی شەکر) لە (١٩٣٢-١٩٤٣)دا بڵاوکردۆتەوە.هەندێک لەو رۆمانانە کێشە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەیان کردووە بە بابەتی رۆمانەکانیان.

**یۆکلیدس دا کەنها** Euclides da Cunha ١٨٦٦-١٩٠٩ لە رۆمانی (شۆڕشی ناوەخۆییەکانی ناوچەکە) لە ١٩٠٢ دا وێنەیەکی درامی ململانێی بەینی جووتیارە هەژارەکان و هێزەکانی حکومەت دەکێشێت.هەروەها **ماریانۆ ئەزوێلا** Mariano Azuela ١٨٧٣- ١٩٥٢ ئیلهامی لە شۆڕشی مەکسیکی ساڵی ١٩١٠ وەرگرتووەو رۆمانی (چەوساوەکان)ی لە ١٩١٦دا نووسیوە.

**خۆرخێ ئامادۆ دی فاریا** Jorge Amado de Faria ١٩١٢-٢٠٠١ لە هەرە رۆماننووسە بەناوبانگەکانی بەرازیلییە و چەندین رۆمانی بۆ زمانەکانی دنیا تەرجەمەکراوە.[1]

لە رۆمانی (سەرزەمینی بێ سنوور)دا ژیانی کۆمەڵایەتی بەرازیلییەکان دەخاتەروو.وەکو رۆماننووسانی دیکەی ئەو دەڤەرە بە شێوازی ریالیزمی سیحریی گێرانەوە دەکات و واقیع و فانتازیا بۆ ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی ئاوێتە دەبن.

---

[1] : بڕوانە: جورجی امادو،البزة و الرداء و قميص النوم،ت:عوض شعبان،دار الفارابي، بيروت،١٩٩٢.

- جورجي امادو،بلاد الكرنڤال ت:شحات صادق،مكتبة مدبولي، القاهرة،١٩٩٨.
- جورج امادو، طفل من حقول الكاكاو،ت:محمد صوف،ازمنة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٤.
- جورج امادو،زوربا البرازيلي خيمة المعجزات،ط٢ ت:ممدوح عدوان،دار ممدوح عدوان للنشرو التوزيع،دمشق، ٢٠١٤.

هـەروەها **خـــۆرخێ ئیکـــازا** Coronel Icaza Jorge ١٩٠٦-١٩٧٨لە ئیکوادۆر لە ڕۆمانی هواسینگۆHuasipungo لە ١٩٣٤وێنای مامەڵـــەی خراپـــی حکومـــەت لەگـــەڵ هیندییەکانـــدا دەخاتـــە ڕوو.ڕۆمـانی هینـدی لـە ١٩٣٥ لەلایـەن ڕۆماننووسـی مەکسـیکی **گریگۆریـۆ لـۆپیز ئـی فیـۆنتیز** Gregorio López y Fuentes و ڕۆمانی (یاورا ڤێستا) لـە ١٩٤٠ بەرهـەمی ڕۆماننووسـی پیرۆیـی **خۆزێ ماریا ئەرگویداس** Jose Maria Arguedas ١٩١١-١٩٦٩، کە زیاتر جەخت لەسەر پێویستیی پاراستنی ڕۆشنبیری و کلتوری ڕەسـەن دەکاتـەوە.هـەموو ئەمانـە سروشـتێکی ناوچـەییان هـەیـەو کێشـــەی هەرێمایـــەتی لـــە بـــواری سیاســـی و کۆمەڵایـــەتی و شارستانی و دابونەریتی خۆیان بەرجەستە کردووە.

لـە بیسـتەکانی سـەدەی بیسـتەمدا چەندشـاعیرێکی فۆرمـالیزم دەرکەوتن وەکو سەرکێشـی و ڕچەشـکێنیی بۆ فۆرمـە باوەکانی سـەردەمی خۆیـان هـەنگاویان بـەرەو نویخـوازی و تازەبوونـەوە هـەڵێنا، لەوانـە: **ڤینسـنت هویـدۆبرۆ** M.Vincente Huidobro ١٨٩٣-١٩٤٨ و **پاپلۆ نیرۆدا**[١] Neruda , P ١٩٠٤-١٩٧٣ لە چیلی و **سیزار فالیگۆ**[٢] لە پیرۆ و **ماریۆ دو ئەنراد** لـە بـەرازیل و **خۆرخێ لویس**

---

[١] : بۆ شیعرەکانی پاپلۆ نیرۆدا بڕوانە:

پابلو نرودا، سرود اعتراض،ت: فرامرز سلیمانی، تهران، انتشارات دماوند، ١٣٦١.

پابلو نرودا، اسپانیا در قلب ما، ت: فرامرز سلیمانی و احمد کریمی حکاک، تهران، انتشارات گویا، ١٣٦٣.

مجموعه اشعار پابلو نرودا، ت: سیروس شاملو، تهران،انتشارات نگاه،١٣٩١.

[٢] : لـەبارەی شـێواز و نـاوەڕۆکی شـیعرەکانی فـالیگۆ بڕوانـە: د.پ.غـالغر،ادب امیکـا اللاتینیـة الحدیث،ترجمـة محمـد جعفـر داود، ط٢، دار الشـؤون الثقافیـة العامـة، بغداد،١٩٨٦، ص ١٩-٥٧.

**بۆرخیس** لە ئەرژەنتین. لە شیعرەکانیاندا نایانەوێت بە خەیاڵی ئاسایی بەڵکو بە دەنگی عەقڵی شاراوەو نەست شیعر دەنووسن.بە تایبەتی قەسیدەی (شاری ئاشوب)ی ئەنراد لە ١٩٢٢ دا نموونەی تێکشکاندنی قالب و فۆرمی شیعریی سەردەمی خۆی بووەو ئەزموونێکی تازەیە.

**پابلۆ نیرۆدا** Pablo Neruda ١٩٠٤-١٩٧٣ شاعیری نوێخوازی چیلی و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی ١٩٧١بووە.



**پابلۆ نیرۆدا**

.لە خانەوادەیەکی هەژار و دەستکورت لە شاری پارال لە دایکبووە.لە شازدە ساڵییەوە وتاری لە رۆژنامەکانی ئەوکاتەی چیلی بڵاوبۆتەوە.

دواتر لە کاری دیپلۆماسی وەکو کۆنسوڵ و باڵیۆزی وڵاتەکەی لە ئیسپانیا و مەکسیک و فەرەنسا و چەندان شوێنی دی نوێنەرایەتی کردووە.هەر لە سەرەتاوە لایەنگری ئایدیۆلۆژی سۆسیالیستی و شیوعییەت بووەو پێیوابووە ئەو شۆڕشەی لە رووسیادا بەرپابوو هەر ئەو دەتوانێ مرۆڤایەتی لە زوڵم و

چەوسانەوە رزگار بکات.دیمەنی جوان و دڵڕفێنی سروشتی ئەو هەرێمەی لێی لەدایکبووە بۆتە هەوێنی زۆر قەسیدەی جوان وەکو لە کۆشیعری(بیست قەسیدەی ئاشقانەو گۆرانییەکی غەمگین)دا بەرجەستە بووە.

نیرۆدا پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ لۆرکا هەبووە ئەوکاتەی لە ئیسپانیا بووە.دواتر لەگەڵ ڕۆمانووسەکانی وەکو ئۆستریاس و مارکیز و تەواوی نووسەر و شاعیرانی ئەمریکای لاتینی.لە شەستەکاندا زۆر رەخنەی لە سیاسەتی ئەمریکا و بە تایبەتی لە شەڕی ئامریکا بەرامبەر ڤێتنامدا.لە ١٩٧٠دا بۆ سەرۆک کۆماری وڵاتەکەی بەربژێر بوو،بەڵام لەپێناو برادەرەکەی سلڤادۆر ئەلندی وازی هێناو پشتگیری زۆریشی لەو برادەرەی کرد.ژەنەڕاڵ بینۆشە دوای کۆدێتایەکی سەربازی ئەلندی کوشت و ئەمەش بووە هۆی بێتاقەتی و لە ١٩٧٣دا کۆچی دوایی کرد.

## ناوەڕاستی سەدەی بیستەم

ئەدەبیاتی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم چەندین بابەتی جیاوازی لەخۆگرتووە. **ئیدوارد ماليا** Eduardo Mallea ١٩٠٣-١٩٨٢ڕۆماننووسی ئەرژەنتینی لە ڕۆمانی (کەنداوی بێدەنگی The Bay of Silence)لە ١٩٤٠ دا باری سایکۆلۆژی و نامۆیی و گۆشەگیریی مرۆڤ لە دنیای سەردەمدا دەکات.ئەم نووسەرە کتێبیکیشی لەبارەی مێژووی ڕۆمانسیزم لە ئەرژەنتیندا لە ١٩٣٦ دا بلاوکردۆتەوە و ناویناوە مێژووی سۆزداری لە ئەرژەنتین.

**سیرۆ ئەلیگریا** Ciro Alegría ١٩٠٩-١٩٦٧ڕۆماننووسی پیرۆییە لەساڵی ١٩٤١ دا بە ڕۆمانی(ئەمە دنیایە)،کە سەبارەت بە

نارەزایەتی کۆمەڵایەتی هیندییەکانە لە پیرۆ و ئەم رۆمانە لە ساڵی ١٩٤١ دا بە باشترین رۆمانی ئەمریکای لاتینی هەژمارکرا[١].

**خۆرخێ لویس بۆرخیس** Jorge Luis Borges ١٨٩٩ – ١٩٨٦کۆمەڵێ کورتەچیرۆکی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی هونەری چیرۆکنووسیی لە ١٩٤٤دا بڵاوکردەوە.

بۆرخیس یەکێکە لە دیارترین نووسەرانی ریالییزمی جادوویی و زۆرتر کورتە چیرۆکی نووسیوە و پێیوایە رۆمان جۆرێکە لە درێژدادڕی و دەکرێ چەند چیرۆکێک بن و درابنە پاڵ یەک.

شێوازی نووسینی ئاسانە،بەڵام ناوەرۆکێکی قووڵی فەلسەفییان هەیە.تا رادەیەکی زۆر ئاگاداری کلتور و فەرهەنگی رۆژهەڵاتی کۆن بووەو بە تایبەتی سوودی لە چیرۆکە فەنتازی و ئەفسانەییەکانی هەزار و یەک شەوە و بابل[٢] بینیوە یان رۆژهەڵاتی ئاسیای دوور لە کۆنفۆشیۆس و تەنانەت شووری چینی کردووە بە بابەتێک و ترس و سامی ئیمپراتۆر **شی هانگ تی** و چۆنیەتی سووتاندنی هەموو ئەو کتێبانەی بەر لە خۆی بە بیانووی ئەوەی خەڵک لە رابردوو یان لە مێژوو دابڕێ و هەموو ئەوانەی بەر لە خۆی رەت بکاتەوە.

---

[١] : محی الدین صبحي، النقد الأدبي الحديث بین الأسطورة والعلم، الدار العربیة للكتاب١٩٨٨ ، ص٣١٢.

[٢] : خورخه لوئیس بورخس،کتابخانه بابل و ٢٣ داستان دیگر،ترجمه کاوه سید حسینی، انتشارات نیلوفر،تهران، ١٣٩٣.



**خۆرخێ لویس بۆرخیس**

بۆرخیس لە تەمەنی ٥٠ ساڵییەوە چاوی کزبووەو دواتر تا تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵی بە نابینایی ژیاوە،بەڵام لە نووسین نەوەستاوەو نەبۆتە هۆکارێک بۆ دابڕانی لە داهینانی ئەدەبی.

لە کتێبی(**سەنعەتی شیعر**) یان هونەری شیعردا،کە لە بنچینەدا شەش سیمیناره لە ١٩٦٧ لە زانکۆی هارڤارد پیشکەشی کردووەو بۆچوونی خۆی بەرامبەر بە شیعر دەخاتە روو. ئەو پێیوایە هەرگیز شیعر پێناسە ناکریت و وەک گوتەکەی قەشە ئۆگستین دەڵێ:زەمەن چییە؟ کەوابی بۆ لیم دەپرسن. من خۆم دەزانم"بەڵام کە لێم دەپرسن منیش نازام چییە.). ئەویش لە باهرەی ئیستاتیکا دەڵێ هەرچەن جارێک،کە کتێبێک لەبارەی ئیستاتیکاوە دەخوێنمەوە نیگەران دەبم،وەک بڵێی بەرهەمی ئەو ئەستێرەناسانە دەخوێنمەوە،کە قەت سەیری ئەستێرەکانیان

نــەکردووە)، هــەر بۆیــە هــەموو تیۆرییــەکان لەمــەڕ شــیعر ڕەتدەکاتەوە[1].

**ماریۆ فارگاس یۆسا** دەڵێ بۆرخیس بوو توانی سەرنجی جیهان بەرەو ئەدەبی ئەمریکای لاتینی رابکێشێ.

جیهــانیبوونی بــۆرخیس لەوەدایە،کــە بــە کــات و شــوێنەوە دەروەست نییەو هەمیشە خۆی بە خوێنەر زانیوە نەک نووسەر.

لە ناوەڕاستی چلەکانەوە شەپۆلێکی رۆماننووسیی تازە بە تــــەکنیک و نــــاوەرۆکی نوێــــوە دەرکەوت،بــــە تایبــــەتی رۆماننووسەکان زۆرتر جەختیان لەسەر ناسنامەی رۆشنبیریی وڵاتەکانیان دەکردەوە،بەڵام نەک لە روانگەی نەتەوەپەرستییەکی شۆڤێنییەوە.

باشــترین نموونــەی ئــەم رۆمانانــە بــریتیین لــە: (جــەنابی سەرۆک)[2]ی رۆماننووسی گواتیمالایی **میگێل ئــەنخڵ ئاســتۆریاس** Miguel Ángel Asturias Rosales لــە ١٩٤٦و (ئاراســتەی رەشــەبا)ی رۆماننووســی مەکســیکی **ئۆگســـتین یـــانیز** لـــە ١٩٤٧و (ئـادان بۆینۆسـێریس)ی رۆماننووسـی ئـەرژەنتینی و **لیۆپۆڵـدۆ مارشـاڵ** Leopoldo Marechal ١٩٠٠-١٩٧٠ لــە ١٩٤٨و (بــە گوناهبــاری لەدایکبوو)ی رۆماننووسـی چیلی **مـانیۆل رۆخـاس** Manuel Rojas ١٨٩٦-١٩٧٣ لـە ١٩٥١ و (نمـرە بزرەکـان) و (قـەڵمڕەوی ئـەم دنیایە)[3]ی رۆماننووسی کوبی **ئەلیخۆ کارپێنتــەر** Alejo Carpentier y

[1] : خورخه لوئیس بورخس، این هنر شعر،ترجمه میمنت میرصادقی و هما متین رزم، نشر نیلوفر،چاپ دوم،تهران،١٣٨٨.

[2] : مێگێل ئەنخڵ ئەستوریاس، جەنابی سەرۆك،وەرگێڕانی موکەڕەم رەشید تاڵەبانی، چ٢، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٥.

[3] : آلخو کارپانتیه، قلمرو این عالم، ترجمه کاوه میرعباسی،تشر نیکا،تهران، ١٣٩١.

Valmont ١٩٠٤-١٩٨٠ لــه (١٩٥٣) و (پیــدرۆ پــارامۆ)[١]ی **خـــوان رۆلفۆ** Juan Rulfo ١٩١٧–١٩٨٦ی مەکسیکی لە(١٩٥٥).



**خوان رۆلفۆ**

ئـەم رۆمانـەی خـوان رۆلفۆ بـە یـەکێک لـە رۆمانـە ناوازەکـانی ئـەمریکای لاتینـی دەژمێـردرێ بنیـاتیکی ئـاڵۆز و پـڕ لـە نهێنـی و ڕازی هـەیـە.ڕووداوەکانی لـــە نیــوانی زینــدووان و مردووانــدا چڕبۆتەوە. خوان پرسیادۆ دوای چەندین ساڵ بە شـوێن باوکیدا دەگـەڕێ و دەچێتـە گونـدی کۆمالا.گوندێک"کـە زۆرتـرین رۆحـی کەسـانی مـردوو و زینـدووی تیدایـە.بێجگی لـە کـڕ و بێـدەنگی مــەرگ هەســتت بــە هیچــی دی نەدەکرد.گونــدێک دەنــگ و دەنگدانــەوەکانی هــەموویان بەیەکــەوە وێنەیــەکی کۆتــایی بــە

---

ئەم کورتە رۆمانە تێکەڵەیەکە لە تێوان مێژوو و فانتازیا.کەسایەتییە باڵادەستەکانی سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهـەمی لـە خۆگرتووە.ژەنـەراڵ لۆکلـەری مێـردی پـۆلین بۆناپارتی خوشکی ناپلیۆن و ئانری کریستۆف و...بە خـەیاڵبازیی خـۆی رۆمـانێکی سەرنجڕاکێشی لێ خوڵقاندووە.

[١] : خوان رۆلفۆ، پیدرۆ پارامۆ،وەرگێرانی ئازاد بەرزنجی و رێبوار سیوەیلی،دەزگای سەردەم،سلێمانی، ١٩٩٩.

رۆمانەکە دەدەن.پالەوانەکە بەڵێنی بە دایکی داوە لەسەرەمەرگدا بڕوات باوکی پیدرۆ پارامۆ بدۆزیتەوە.ئەو خەڵکانەی لەو رۆمانەدا دەردەکەون هەموویان لە دۆزەخێکی پڕوکێنەردان و دوای مردن چاوەڕێی دەکەن بیانبەنە بەهەشتەوە.... ئەو خەڵکانە کێن؟ ئەو خەڵکانە خەڵکی مەکسیک و ئەمریکای لاتینیین،کە باوەڕە بە هێزیان بە گوناه و سزا هەیە.

ئەم رۆماننووسە، دەنگیکی زۆر بەرجەستەی سەدەی بیستەمەو یەکێکە لەوانەی خەڵاتی(شاهزادەی ئاستۆریاس)ی وەرگرتووە.

لە بواری شیعردا زۆرینەی رەخنەگران بۆ ئەو ماوەیە واتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم **ئۆکتاڤیۆ پاز** Octavio Paz ١٩١٤–١٩٩٨ شاعیری مەکسیکی بە پێشەنگ و داهینەرێکی دیار تەماشادەکەن.



**ئۆکتاڤیۆ پاز**

سەربارى شاعیرییەتی زۆر وتار و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسی و رەخنەی ئەدەبی نووسیوەو نوینەرایەتی وڵاتەکەی لە زۆر وڵاتدا کردووە. سیاسییەکی دیار بووەو هەڵوێستی توندی

بەرامبەر فاشیەت دەربڕیوە.یەکەمین شاعیری مەمسیکییە لە ساڵی ١٩٥٠دا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە شیعری نووسیوە،بەڵام یەکەمین کۆشیعری لە ١٩٤٩ دا بڵاوکردۆتەوە.لە شیعرەکانیدا تەنیایی و نامۆیی و گۆشەگیرییەکی زۆر بەدی دەکرێ. لە کتێبە شیعرییەکانی(وەرزێک لە توندوتیژی) و (فلامنۆرا) و (ئازادیی لەژێر وشەدا) و (هەزار توی گۆشەگیری)...

## گۆڕانکارییە نوێیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم

لە دوای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بە دواوە بە شێوەیەکی کتوپڕ رۆماننووسانی ئەمریکای باشوور بوونە جێگەسەرنج و بایەخی رەخنەگرانی ئەورووپی و ئەمریکی و گەشەپێدان و بزاڤێکی تازە لەسەر دەستی چەند رۆماننووسێک بەرپابوو.لەوانە:کارلۆس ڤۆینتۆس لە مەکسیک و خۆلیۆ کۆرتازار لە ئەرژەنتین و ماریۆ ڤارگاس یۆسا لە پیرۆ و گابرێل گارسیا مارکیز لە کۆلۆمبیا. ئەم چوار رۆماننووسی بە شێوازێکی تازە گوزارشتیان لە ناسنامەی کلتووریی ناوچەکانی خۆیان دەکردو ئەزموونی زمانێکی ئەدەبیی بە هێز و تەکنیک و ژینەگەیەکی تازەی هونەریی رۆماننووسییان تاقیدەکردەوە. لە چیرۆکەکانیاندا بە رێگەی فانتازیا سنوورەکانی کات و شوێنیان دەبەزاند و لە چوارچێوەی واقیعی هەستپێکراودا دەردەچوون و بەمەش بوون بە رابەرانی راستەقینەی تێکەڵاوکردنی سیحر و جادوو لەگەڵ واقیعی راستەقینەو واقیعی یان ریالییزمی سیحرییان هێنایەوە پێشەوە وەکو شێواز و رێبازێکی تازەی ئەدەبیی.

**کارلۆس فۆینتۆس ماسیاس** Carlos Fuentes Macías ١٩٢٨-٢٠١٢

بە یەکێ لە رۆماننووسە مەزنەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێ و پێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆی لە بازنەی کلتوری کۆن چۆتە دەرەوەو گوزارشت لە کێشەکانی سەردەمی نوێ و نامۆیی و رەهەندە دەروونییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات.

وەکو کۆمەڵناسێک و سیاسی و دیپلۆماسێک هەڵوێستی توندی بەرامبەر بە سیاسەتی رەگەزپەرستی و فاشیەت نواندووەو تەنانەت کتێبێکی بە ناونیشانی(دژی بوش)نووسیوە.بە هۆی کاری دیپلۆماسییەوە.

بە تایبەتی وەکو بالیۆزی مەکسیک لە پاریس و چەند وڵاتیکی دیکەی ئەمریکای باشوور گەڕاوەو ئەزموونی ئەو رۆژانە لە بەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە.



**کارلۆس فۆینتۆس ماسیاس**

بێجگە لە کۆچیرۆکەکانی وەکو رۆژە دەمامکدارەکان لە ١٩٥٤ و گۆرانی نابیناکان لە ١٩٦٤ و ئاوە سووتاوەکان لە ١٩٨٣. زۆربەی ئەو چیرۆکانەی سوریالیین.

لە رۆمانەکانی : ناوچەیەک لە هەمووان سازگارترە(١٩٥٨) و ئاورا(١٩٦٢)[١] مەرگی ئارتیمیۆ کرۆز(١٩٦٢)[٢]و شوێنە پیرۆزەکە(١٩٦٧) و جەژنی لەدایکبوون(١٩٦٩) و گرینگۆی پیر[٣](١٩٨٥) و پەلامار(١٩٩٢)[٤] و عەرشی هەڵۆ[٥] ٢٠٠٣.... هتد.

**خۆلیۆ فلۆرینسیۆ کۆرتازار دیسکوتی** Julio Florencio Cortázar Descotte ١٩١٤-١٩٨٤ یەکێکە لە رماننووس و چیرۆکنووسە پێشەنگەکان.زۆربەی رەخنەگرەکان لە هونەری کورتەچیرۆک زۆر بە سەرکەوتوو و نوێخوازی دەزانن بە هۆی چۆنیەتی تیمەو زمان و تەکنیکی چیرۆکەکانی،کە ئەستەمە بتوانی راستی و خەیاڵ لە یەکدی جودا بکەیتەوە.

ئەم نووسەرە راستە ئەرژەتینییە،بەڵام بە هۆی پیشەی باوکییەوە لە برۆکسل لە دایکبووەو وچەند ساڵێک لە سویسرا و فەرەنسا ژیاوە دواتر گەڕاوەتەوە بۆ بۆینس ئایرس،هەر بۆیە ژیانی ئەوروپا و بە تایبەتی شێوازی رۆمانی نوێی فەرەنسی و سوریالییزمەکان کاریان لەسەر شێوازی نووسینی ئەودا کردووە. لە کۆچیرۆکەکانی کەناری ئەوبەر(١٩٤٥) و کۆتایی

[١] : کارلوس فوئنتس، اورا،ت:عبدالله کوثری،انتشارات نی،چ٤،تهران،١٣٨٨.بە کوردییەکەی:کارلۆس فوئێنتس،ئاورا،و:سلێمان دڵسۆز،دەزگای موکریانی، هەولێر،٢٠١١.

[٢] : یەکێ لە باشترین رۆمانەکانی تەکنیکی تەوژمی هۆشە لە ئەمریکای لاتین.بڕوانە: کارلوس فوئنتس،مرگ آرتیو کروز، ترجمە مهدی سحابی،مؤسسە اننشارات نگاه، تهران،١٣٩١.

[٣] : کارلوس فوینتس، الغرینغو العجوز،ت:الیاس فرکوح،دار أزمنة،عمان،١٩٩٩.

[٤] : کارلوس فوینتس، الحملة، ت: اسمة اسبر،طوی للنشر و الاعلام،لندن،٢٠١٥.

[٥] : کارلوس فوینتس،کرسي النسر،ترجمة و تحقیق مروة رزق،،منشورات الهیئة المصریة العامة للکتاب،٢٠١٠.

گەمەکە(١٩٥٦) و هەموو ئاگرێک ئاگره(١٩٦٦) و بێبایەخ و بە بایەخەکان[١]و هەقایەتەکانی کرۆنیۆپۆس و فاماکان(١٩٦٢)[٢] و ئاگراندیسمان(١٩٦٧)[٣] و تاقیکردنەوەی کۆتایی(١٩٥٠)[٤] ... لە رۆمانە دیارەکانی: خەڵاتەکان(١٩٦٠)و (پەتپەتێن)[٥].



**کۆرتازار**

**ماریۆ بارگاس یۆسا** Jorge Mario Pedro Vargas Llosa ١٩٣٦-؟ یەکێکە لە ناوە دیارەکانی رۆمانی پیرۆ و ئەمریکای لاتینی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی(٢٠١٠)ە.

بە هۆی رۆمانەکانی لە شەستەکانەوە جەماوەرێکی زۆری هەیە.لەو رۆمانانە (رۆژگاری پاڵەوان یان شار و سەگەکان)[٦] لە

---

[١] : خولیو کورتاسار،بی اهمیت ها و با اهمیت ها،ت:پژمان طهرانیان و نوشین جعفری، انتشارات اتفاق،تهران،١٣٩٧.

[٢] : خولیو کورتاسار،ترجمه طلوعی ریاضی و شهروز عمیدی،نشر نی،تهران،١٣٩٦.

[٣]:خولیو کورتاسار و خورخی لویس بورخیس،آگریندسمان،ت:شهریار وقفی پور، نشر نیماژ، تهران، ١٣٩٥.

[٤] : خولیو کورتاسار، امتحان نهایی،ت:مصطفی مفیدی،نشر نیلوفر،تهران،١٣٩٠.

[٥] : خولیو کورتاسار، لی لی،ت:کیومرث پارسای، نشر علم،تهران،١٣٨٤.

[٦] : ماریو بارگاس یوسا،سالهای سگی،ت: احمد گلشیری،تهران،١٣٨٣.

١٩٦٣و (کۆشکی سەوز)[1] لە ١٩٦٦ و (لێدوانیک لە کاتادرائیە)[2] لە ١٩٦٩ناوەرۆکی ئەو رۆمانانە هەندێکیان بە شیوەیەکی ساتیرایی و رووداوی مێژوویی و سیاسی سەردەمی شەستەکان و حەفتاکانی کۆمەڵگای خۆی خستۆتەروو. تەنانەت بەشێکیان لە رۆمانەکانی کراون بە فیلم. وەکو زۆربەی نووسەرەکانی دیکەی ئەمریکای لاتینی لەگەڵ ژیانی سیاسی تێکەڵ بووەو سەرەتا پشتیوانی شۆڕشی کوبای دەکرد و دواتر لە وڵاتەکەی خۆیشی بەشداری هەڵبژادنەکانی سەرۆکایەتی کردووەو سەرکەوتوو نەبووە.لەکاری رۆژنامەوانی و وتارنووسین بۆ رۆژنامەکان بەشداری کردووە.



**ماریۆ بارگاس یۆسا**

دەسپێکی بڵاوکردنەوەی لە تەمەنی بیستساڵییەوە بە نووسینی کورتەچیرۆک دەستپێکردوەو کورتە چیرۆکەکانی

[1]:ماریو بارغاس یوسا،البیت الاخضر،ت:رفعت عطفة،دار الحوار، اللاذقیة،٢٠١٥.
[2]:ماریو بارگاس یوسا،گفتوگو در کاتدرال،ت:عبدالله کوثری، نشر لوح فکر، چ٥، تهران،١٣٨٥.

(سەردەستەکان)[١] و (لە بەرشەلۆنە) رووبەرووی رەخنە بووەوە.لە دوای بڵاوبوونەوەی رۆمانی دووەمی بۆ ماوەیەک لە پاریسەوە رووی لە لەندەن کردووە و لە زانکۆ دەرسی رۆمانی ئەمریکای لاتینی گوتۆتەوە.رۆمانی (جەنگی ئاخر زەمان)[٢] لای هەندی رەخنەگر وەکو رۆمانی جەنگ و ئاشتی تۆڵستۆی سەیر دەکرێ.چەندین رۆمانی دیکەیشی بلاوکردۆتەوە وەکو (ژیانی راستەقینەی ئەلیخاندرۆ مایتا)[٣] و(کێ پالۆمینۆ مالرۆی کوشت؟)[٤]

بێجگە لەوەی وەکو ئەکادیمییەکیش چەندین تۆژینەوەی نووسیوە، لەوانە: (زمانی خرۆشان)و(نامەکان بۆ رۆماننووسێکی گەنج)[٥] و(نووسەر و واقیعەکەی)[٦]و(لە نێوانی سارتەر و کامۆدا)و(بۆچی ئەدەبیات)[٧].لە دراما بە ناوبانگەکانیشی دەکرێ ئاماژە بە( دێوانەی ئیوانەکان) و(گاڵتە) بکەین.

---

[١] :ماریو بارگاس یوسا،سردسته ها،ت:آرش سرکوهی،چ ٤،نشر چشمه،تهران، ١٣٩٣.

[٢] : ماریو وارگاس یوسا،جنگ آخر زمان،ت:عبدالله کوثری،انتشارات آگه،چ ١٣، تهران،چ١٢،١٣٩٧.

[٣] : ماریو بارگاس یوسا،زندگی واقعی آلخاندرو مایتا، ت:حسن مرتضوی،نشر دیگر، چ ٢،تهران،١٣٨٧.

[٤] : ماریو بارگاس یوسا،چ کسی پالومینو مولرو را کشت؟،ت:احمد گلشیری، انتشارات نگاه،تهران،١٣٨٣.

[٥] : ماریو بارگاس یوسا،نامه هایی به یک نویسنده جوان،ت:رامین مولایی،نشر مروارید، تهران، ١٣٨٢.

٦:ماریو بارجاس یوسا، الكاتب و واقعه، ت:بسمة محمد عبدالرحمن،المشروع القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٥.

٧ :ماریو بارگاس یوسا،چرا ادبیات،ترجمه عبدالله کوثری،نشر لوح فکر،تهران،١٣٩٧.

ئـەم نووســەرە وەكـو مــاركیز و ئـەوانی دی بـە شـێوازی ریــالیزمی ســیحری یــان جــادوویی نانووســێت،بەڵكو زیــاتر ریالییزمییــەكی ئاشـكراو لــە ژیــانی راســتەقینەوە رووداوەكـان وەردەگرێت،بەڵام بەو مانایەش نییە،كە ئەو سوود لـە خـەیاڵ وەرناگرێت.ئــەو یۆتۆبیایــەک دەخولقێنیــت خوێنــەر دەخاتــە بیركردنەوەیــەكی قووڵ.رۆمانــەكانی تێكەڵەیــە لــە مێــژوو و نۆستالژیا و واقیع.

**گابرێــل گارســیا مــاركیز** Gabriel García Márquez ١٩٢٧-٢٠١٤

زۆرجاران نازناوی پیاوی ئەمریكای لاتینی پێدەڵێن.هەراش بووە لای باپیرەی ماوەتـەوەو گەلـەک هەقایـەتی خـەیاڵی و ئەفسانەیی لـەوەوە گـوێ لێبـووەو ئەزبـەری كردووە.تەنانـەت وەكـو خـۆی ئامـاژەی پێكـردووە زۆربـەی رۆمانــەكانی نووسـینەوەی ئـەو رووداو و چیرۆكانایــــەی ئــــەو كاتەیــــە، بــــە وردەكـــاری و دارِشتنەوەیەكی ئەدەبیی تازەوە.

هەوڵجار بۆ خویندن رووی لە كەنیسە كردووە،وەلێ گەلـەک كـەیفی بـەو جـۆرە خوێندنـە نـەهاتووەو وازی لێهێناوە.پاشـان یاسای لە زانكۆ خوێندووە.لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە دۆستی فیل كاسـترۆ بـووەو لــە گەنجیـدا بەرهــەمی نووســەرە چەپــەكانی دەخوێندەوە. دواتر كتێبەكانی كافكا بە تەواوی ژیانی گۆڕیوە.لە چەنـدین خانــەی بڵاوكردنــەوەو رۆژنامــەدا كــاری كــردووەو زۆربەی ژیانی لە مەكسیک و ئەوروپا بەسـەر بردووەو وەكو چالاكوانێكی سیاسیی كۆلۆمبی لە زۆر رێكخراودا ئەندام بووە.

یەکەمین بەرهەمی گابرێل گارسیا مارکیز کورتەچیرۆکەکانی(تۆفانی گەڵا)[١] لە ١٩٥٥ و (کەس نامە بۆ کۆلۆنێل نانووسێ)[٢] لە ١٩٦١ و (کاتژمێری شووم)[٣] لە ١٩٦٢دا



**گابرێل گارسیا مارکیز**

بڵاوکردۆتەوە.لەو رۆمانەدا (کۆلۆنێل)ی خانەنشین هەتا کۆتایی ژیانی چاوەڕوانی نامەیەکە لە دەوڵەتەوە پێیبگات،کە بەشداری شەڕی ناوخۆیی کردووەو پاداشت بکرێت،بەڵام ئەو نامەیە هەرگیز ناگات.ماوەیەک لەمەوپێش کوڕەکەی لەسەر دژایەتی دەوڵەت کوژراوە.کەڵەشێرێ کوڕەکەی راگرتووەو بە رەمزی

[١] : گابریل گارسیا مارکز،توفان برگ و چند داستان دیگر، ترجمه هرمز عبداللهی، چاپ پنجم،نشر چشمه،تهران،١٣٩٠. ئەم رۆمانە کراوە بە کوردی.بڕوانە:گابرێل گارسیا مارکیز، تۆفانی گەڵا،وەرگێڕانی قادر عەلیخا،ناوەندی سایە،سلیمانی،٢٠١٧.

[٢] : گابریل گارسیا مارکز،کسی بە سرهنگ نامه نمی‌نویسدو چند داستان دیگر، ت: اسماعیل قهرمانی پور،نشر روزگار،تهران،١٣٨٩.

[٣] : گابریل گارسیا مارکز، ساعت شوم،ت: احمد گلشیری، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٦٢. بە کوردییەکەی: گابرێل گارسیا مارکیز،کاتژمێری شووم، و: ئەسکەندەر مەحموود رەسوڵ،٢٠٠٥.

تۆڵەسەندنەوەی دەزانیَ.لە بارودۆخێکی دەسکورتی و هەژاریدا دەژی.بەسەرهاتی ئەم رووداوەی لە باپیرەیەوە وەرگرتووە،کە کۆڵۆنیلێکی خانەنشین بووە.و بەشداری شەڕی ناوخۆیی کۆلۆمبیای کردووە.مارکیز ئەو بەرهەمەی لە پاریس نووسیوە،لەوکاتەی کە خۆیشی هەژار بووە.

لە رۆمانی کاتژمێری شووم،کە هەوەڵجار ناوی نابوو (شاری نەفرەتی لەوکاتەی لە پاریس بووە نووسویەتی و باسی کێشەیەک دەکات لە بەینی کڵێساو و شارەوانی.ئەوەی سەیرە هەندێک لەو کەسایەتییانە دواتر لە رۆمانی سەد ساڵ تەنیایی دا دووبارە رۆڵ دەگێڕن.

رۆمانە بە ناوبانگەکەی(سەد ساڵ گۆشەگیری)[1] لە ١٩٦٧ دا بڵاوبووەوە.ئەم رۆمانە لە رووی شێوازەوە سەر بە شێوازی ریالییزمی سیحرییەو لە گوندێکەوە رووداوەکان(ماکۆندۆ) روودەدەن تەنیا لە خەیاڵی نووسەردا دروستکراوەو بوونی نیە.

مارکیز وەنەبیَ هەموو چیرۆک و رۆمانەکانی بەو شێوازە بێت، بە تایبەتی لەو سیَ رۆمانەی یەکەمدا بە ریالییزمییەکی تەواو نووسراوە،چونکە سروشتی بابەتەکە وادەخوازیَ. بابەتەکانیان پێوەندی بە رۆژانی شەڕی ناوخۆی دەریای کاریبییەوە هەیە باسی رۆژانی توندو تیژیی و خوێنڕشتن و بەرەنگاری خەڵک و نان و ئازادییەوە هەیە.

[1] : گابریل گارسیا مارکز،صد سال تنهایی،ت: بهمن فرزانه،انتشارات امیر کبیر، تهران،١٣٥٣.بە کوردییەکەی: گابرێل گارسیا مارکیز،سەدساڵ تەنیایی،و: حەسەن رستگار،چ٣،دەزگای رۆژهەلات،هەولێر،٢٠١٥.

مارکیز لەسەر یەک شێواز ناڕوات.شێوازی دەگۆڕێت و پێیوایە سروشتی ژیان و گوزرەانی تاکی ئەمریکای لاتینی وایە.لەبارەی ئەو ئاڵۆزی و تەنیایی و نامۆیی و گۆشەگیرییەی لە رۆمانەکانیدا بەدی دەکرێ وەکو خۆی دەڵێ لە (فلۆبێر)ی رۆمانووسیی بە ناوبانگی ئەمریکای وەرگرتووەو بە مامۆستای خۆی دەزانێ و پێوەندیشی دەکات بەو گۆشەگیرییەی سەردەمی منداڵی.

لە ساڵی ١٩٧٥دا (پاییزی پەتریارک)[1] سەبارەت بە زوڵم و دیکاتۆریەتی دەسەڵاتدارەکانی ئەمریکای لاتینییە و (بەسەرهاتی مەرگێکی ئاشکرا)[2] لە ١٩٨١ و لە ١٩٨٥(خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێردا)[3] ،یەکێکە لە رۆمانە جوانەکانی،کە هەموو تەنگو چەڵەمەکانی ژیان ناتوانێ رێگە بە عەشق و خۆشەویستی بگرێت. فلۆرینتۆ دوای پەنجا ساڵ دەگاتەوە بە (فێرمینا داسا)ی خۆشەویستی و سەردەم سەردەمی کۆلێرایەو بە بەلەمێکەوە بە نیازی گەشتێکی بێکۆتایین و وەکو مارکیز دەڵێ ئەشقی دایک و بابی نووسیوەتەوە.

---

[1] : گابریل گارسیا مارکز،پاییز پدرسالار،ت: محمد رضا راهور،نشر روزگار، چاپ پنجم،تهران،١٣٨٢.بە کوردییەکەی:گابریێل گارسیا مارکیز،پاییزی پەتریارک، و:موکەڕەم رەشید تاڵەبانی،ناوەندە ئاوێر،هەولێر،٢٠١٣.

[2] : گابریل گارسیا مارکز،گزارش یک مرگ،ت: لیلی گلستان، انتشارات فرهنگ نشر نو،تهران،١٣٦١.

[3] : گابریل گارسیا مارکز،عشق در زمان وبا،ت: بهمن فرزانە،انتشارات ققنوس، تهران،١٣٦٤. بە کوردییەکەی: گابریێل گارسیا مارکیز،خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرادا،و: محەمەد کەریم،سلێمانی،٢٠٠٨.

رۆمــــانی(ژەنەڕاڵی سەرلێشــــێواو)[1] لە١٩٨٩ و چیرۆکــــی (دەریــــاوانە خنکــــاوەکە)[2] لە١٩٧٠و دوا رۆمــــانی لــــە ٢٠٠٤ دا (یادەوەری سۆزانییە غەمبارەکانم)[3]ی بڵاوبۆوە.ئەمە جگە لەوەی یادەوەرییەکــــانی (زینــــدووم بــــۆ ئەوەی بگێــــڕمەوە)[4]ی بڵاوکردۆتەوە.

[1] : گابریل گارسیا مارکز،ژنرال در هزارتوی خود،ت: هوشنگ اسدی،چاپ میهن (کتاب مهناز)، چ٢، تهران،١٣٧٠. بە کوردییەکەی گابرێل گارسیا مارکیز، ژەنەڕاڵی سەرلێشێواو،و:گوشاد حەمەسەعید، دەزگای موکریانی،هەولێر،٢٠١٣.
[2] : گابریل گارسیا مارکز،سرگذشت یک غریق،ترجمه رضا قیصریه،چاپ کتاب‌های روزگار ما،تهران،١٣٥٩.بەکوردییەکەی:گابریل گارسیا مارکیز،دەریاوانە خنکاوەکە، و:،شێرزاد هەینی،چ٢،بڵاوکراوەکانی دەزگای چینی،هەولێر،٢٠١٥.
[3] : گابریل گارسیا مارکز، خاطرات روسپیان غمگین من،ت: کاوه میرعباسی، انتشارات،تهران،١٣٨٦.بەکوردییەکەی:گابرێل گارسیا مارکیز،بە یادی سۆزانییە غەمبارەکانم،و: ئیسماعیل حەمەئەمین،چاپی ماڵی وەفایی،هەولێر،٢٠١٩.
[4] : گابرێل گارسیا مارکیز، زیندووم بۆ ئەوەی بگێڕمەوە،و: پێشڕەو حسێن،سلێمانی

# سەرچاوەکان

**بە زمانی کـــوردی:**

- اسماعیل رسـول،چەند باسـێک دەربـارەی ئەدەب و ڕەخـنەی ئەدەبی،چاپخانەی دارالحریة للطباعة،بغداد، ١٩٨١.
- ئـــارتۆر رابـــۆ، وەرزێـــک لـــە دۆزەخ، و:کـــەریم دەشـــتی، هەولێر،٢٠١٧.
- ئەرستۆ،هونەری شیعر،و:عەزیز گەردی،٢٠١١.
- ئەلبێر کامۆ،رووخان، و:رەسوڵ سوڵتانی، دەزگەی چینی، هەولێر، ٢٠١٣.
- ئـــەلبێر کامۆ،بێگانـــە،و: د.موحســـین ئەحمـــەد عومەر،ناوەنـــدی غەزەلنووس، سلێمانی،٢٠١٤.
- ئەلبێر کامۆ،تاعون،و: رەسووڵ سوڵتانی،چ٣، هەولێر،٢٠١٥.
- ئەلبێر کامۆ، کەوتن، و:توانا ئەمین، سلێمانی،٢٠١٥.
- ئـــەلبێر کـــامۆ،مرۆڤی یـــاخی،و:ئـــازاد بەرزنجی،ناوەنـــدی ئەندێشە،سلێمانی، ٢٠١٦.
- ئـەمین فەیضـی،ئەنجومەنی ئـەدیبانی کورد،چاپخانـەی کاکـەی فەللاح، سلێمانی،١٩٨٢.
- ئەندرێ ژید، سەمفۆنیای شوانکارەیی، و:سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن،دەزگای ئاوێر، هەولێر،٢٠١٩.
- ئومێد شێخ ڕەحیم،ڕۆڵی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە گەشەسەندنی ئەدەبی کوردیدا،نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا،٢٠٠٣.
- بەلزاک،بـــاوکە گۆریـــۆ،و:ئەحمەدی مەلا،ناوەنـــدی ئەندێشـــە، سلێمانی،٢٠١٤.
- بۆدلێر،گـــوڵی خراپـــە، و:ئەحمـــەدی مـــەلا، دەزگـــای ئـــاراس هەولێر،٢٠٠١.

- پوشكین،كیژی كاپیتان،و:محەمەد حەمەساڵح تۆفیق،چ٢٠١٣،٢.
- جێمس جۆیس، و:د.ئازاد حەشەریف،چ٢،دەزگای موكریانی، هەولێر،٢٠١٠.
- دیڤید ئیگین، شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف،و:ئیسماعیل ئیسماعیل زادە،دەزگای ئایدیا، سلیمانی،٢٠١٦.
- ڕەفیق حیلمی،شیعرو ئەدەبیاتی كوردی،بەرگی یەكەم و دووەم،مطبعة التعلیم العالی،اربیل ١٩٨٨.
- د.ڕیزان وسەنگەر نازم،ژانرە ئەدەبییەكان، پێداچوونەوەی د.هیمداد حوسێن،ناوەندی ئاوێر،هەولێر،٢٠١٨.
- زۆیا پیرزاد،ئەمن چراكان دەكوژێنمەوە،و:ڕەسووڵ وەیسی، هەولێر،٢٠١١.
- ژان پۆل سارتەر،بوون ونەبوون،و:محەمەد كەمال،دەزگای سەردەم،سلێمانی،٢٠١١.
- ژان پۆل سارتەر،مێشەكان،و:نەجاتی عەبدوللا،دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٣.
- ژان پۆل سارتەر،دەستەپیسەكان،و:ئومێد عەزیز، سلێمانی،٢٠١١.
- ژان پۆڵ سارتر،ئەدەب چییە؟،و:مستەفا غەفوور،دەزگای موكریانی،هەولێر،٢٠٠٩.
- ژان پۆل سارتەر،هێڵنج،و:ئەسكەندەر مەحموود كانی تووەیی، دەزگای موكریانی، هەولێر٢٠١٣.
- ژان پۆل سارتەر،قەحپە بەڕێزەكە،و:هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم،دەزگای ئاوێر،هەولێر،٢٠١٨.
- سامۆئێل هانتینگتۆن،ململانێی شارستانیەتییەكان،و:هیمدادی حوسێن،هەولێر،١٩٩١.

- سەعیدی نەفیسی،مێژووی ئەدەبیاتی رووسی،و:حەمەکەریم عارف،بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان،سلێمانی،٢٠١٠.
- ستاندال، سوور و رەش ،و:سیامەند شاسواری،ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی،٢٠١٣.
- عەلی کەمال باپیر ئاغا،گوڵ دەستە شوعەرای هاوعەسرم، چ٢ ،چاپخانەی راپەڕین،سلێمانی،١٩٦٩.
- فرانتز کافکا،بەدگۆڕان،و:جەلیل کاکەوەیس،دەزگای وەرگێڕان و موکریانی، هەولێر،٢٠١١.
- فرانتس کافکا،کۆشک،و:سەردار حەسەن خاڵی،ناوەندی سایە، سلێمانی،٢٠١٠.
- فرانز کافکا، ئەمریکا، و:کاروان حەسەن،دەزگای موکریانی، هەولێر،٢٠١١.
- فرانتس کافکا،دادگایی،و:عەتا نەهایی،سلێمانی ،٢٠١٩.
- فلوبێر،مادام بۆڤاری، و: جەبار سابیر، چ٢،ناوەندی ئاوێر، هەولێر،٢٠١٦.
- ڤۆلتێر،کاندید،یان گەشبینی،و:بەیان سەلمان،دەزگاو چاپی یەکەم،ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی،٢٠١٤.
- ڤیکتۆر هیگۆ،بێ نەوایان،و:محەمەدی شلماشی،چاپخانەی الحوادث،بەغدا،١٩٨٨.
- ڤیکتۆر هیگۆ،کرێکارانی دەریا،و:جەوهەر مەحوود داراغا،ناوەندی تۆژینەوەی ئەدەبیی عەبدوڵڕەحمان زەبیحی، سلێمانی،٢٠٢٠.
- کارلۆس فۆئێنتس،ئاورا،و:سلێمان دڵسۆز،دەزگای موکریانی، هەولێر،٢٠١١.

- د.کامل حسن البصیر،شێخ نووری شێخ ساڵح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی ویژەیی و ڕەخنەسازیدا،بەغداد،١٩٨٠.
- د.کامل حسن عزیز البصیر،ڕەخنەسازی، بەغدا،١٩٨٣.
- گابرێل گارسیا مارکیز،کاتژمێی شووم، و:ئەسکەندەر مەحموود رەسوڵ،٢٠٠٥.
- گابریێل گارسیا مارکیز،خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرادا،و: محەمەد کەریم،سلێمانی،٢٠٠٨.
- گابرێل گارسیا مارکیز،سەدساڵ تەنیایی،وەرگێڕانی حەسەن رستگار،چ٣،دەزگای رۆژهەڵات،هەولێر،٢٠١٥.
- گابریل گارسیا مارکیز،دەریاوانە خنکاوەکە،و:شێرزاد هەینی، چ٢ ،بڵاوکراوەکانی دەزگای چینی،هەولێر،٢٠١٥.
- گابرێل گارسیا مارکیز،تۆفانی گەڵا،و:قادر عەلیخا،ناوەندی سایە،سلیمانی،٢٠١٧.
- گابرێل گارسیا مارکیز،بەیادی سۆزانییە غەمبارەکانم،و: ئیسماعیل حەمەئەمین،چاپی ماڵی وەفایی،هەولێر،٢٠١٩.
- گابرێل گارسیا مارکیز،یادەوەری کەنیزە دڵتەنگەکانم،و: گۆران دارا،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠٠٦..
- گابریێل گارسیا مارکیز،پاییزی پەتریارک،و:موکەڕەم رەشید تاڵەبانی،ناوەندە ئاوێر،هەولێر،٢٠١٣.
- گۆتە،ئازارەکانی ڤارتەری لاو،و:هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم،دەزگای ئاوێر،هەولێر،٢٠١٨.
- لیۆ تۆلستۆی،جەنگ و ئاشتی ئەلیادەی سەدە نوێیەکان. و: جەوهەر مەحمود دارائاغا،خانەی وەرگێران. سلێمانی ٢٠١٢.
- لیۆن تۆلستۆی،ئاناکارنینا،و: ئەمین گەردیگلانی،خانەی موکریانی ، هەولێر،٢٠١١.

- لیۆن تۆڵستۆی،پەسلان،و:ئەمین گەردیگلانی،خانەی موکریانی، هەولێر،٢٠١٤.
- لێژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە،ڕەخنە،چاپخانەو ئۆفسێتی سەرکەوتن،بێ شوێنی چاپ،٢٠٠٤.
- مارتن هایدیگەر، بوون و کات،و:محەمەد کەمال،سلێمانی، ٢٠١٣.
- مارسێل پرووست،گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو،و:سیامەند شاسواری،ناوەندی غەزەلنووس،سلێمانی،٢٠١٥.
- ماکسیم گۆرکی،دایک،و:کەریمی حسامی،چ٢،ناوەندی ئاوێر،هەولێر،٢٠١٧.
- میخائیل شۆلۆخۆف،دۆنی ئارام،و:حەمەکەریم عارف،ناوەندی غەزەلنووس،سلێمانی،٢٠١٧.
- مێگێل ئەنخل ئەستوریاس،جەنابی سەرۆک،و:موکەڕەم ڕەشید تالەبانی،چ٢،دەزگای موکریانی، هەولێر٢٠١٥.
- نەسیم مەرعەشی،پاییز دوا وەرزی ساڵە،و:سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن،ناوەندی ئاوێر،هەولێر،٢٠١٨.
- نیکۆس کازانتزاکیس،براکوژی،و:عبدالکریم شێخانی،بەغدا،
- نیکۆس کازانتزاکیس،زۆربای یۆنانی،و:ڕەووف بێگەرد، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی،٢٠١٤.
- نیکۆس کازانتزاکیس، دوا وەسوەسەی مەسیح،و:کەریم دەشتی، چ٢،ماڵی وەفایی،هەولێر،٢٠١٨.
- نیکۆس کازانتزاکیس،ئازادی یا مەرگ،و:کەریمی حسامی، وەزارەتی رۆشنبیری٢١، هەولێر،١٩٩٧.
- نیکۆس کازانتزاکیس،راپۆرت بۆ گریکستان،و: دلاوەر قەرەداغی، چ٢،دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧.

- نیکۆس کازانتزاکیس،راپۆرت بۆ گریکۆ،و:دلاوەر قەرەداغی، دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٣.
- نیکۆس کازانتزاکی،فرانسیسکۆس قەدیسی من، چ٢،و:دلاوەر قەرەداغی،دەزگای ئاراس،هەولێر، ٢٠٠٧.
- نیکۆس کازانتزاکی، سۆفیگەریتی،رزگارکەرانی ریگەی خودا، و: حەکیم کاکەوەیس،ناوەندی دیالۆگ،کەرکووک،٢٠١٧.
- نیکۆلۆ مەکیاڤیللی،میر،و:حسین عارف،بەغدا،١٩٨٢.
- هاروکی مۆراکامی،دارستانی نەرویجی،و:تارا شێخ عوسمان، ناوەندی ئەندێشە،سلێمانی،٢٠١٣.
- هاروکی مۆراکامی،پاش تاریکی،و:هەلۆ فەریق،ناوەندی رۆشنبیریی رەهەند،سلێمانی،٢٠٢٠.
- هۆراس،هونەر شیعر،و:حەمید عەزیز،بەغدا، ١٩٧٩.
- د.هیمدادی حوسێن ،رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، هەولێر،١٩٩٨.
- د.هیمداد حوسێن،ریبازە ئەدەبییەکان، چ٢،هەولێر، ٢٠١٠.
- هێرمان هیسە،سەفەرێ بۆ رۆژهەڵات،کەریم دەشتی کردوویە بە کوردی،سەنتەری نما،هەولێر،٢٠٠٢.
- هێرمان هێسە،گورگی بیابان،و:ئەمجەد عوسمانی، سلێمانی،٢٠١٦.

**بە زمانی عەرەبی**

- د.احسان عباس،تاريخ النقد الادبي عند العرب،ط ٤،دار الثقافة، بيروت،١٩٨٣، ص ١٥٠.
- د.احمد عتمان، الادب اللاتيني ودوره الحضاري،عام المعرفة الكويتي ١٤١،الكويت،١٩٨٩.
- احمد فياض المفرجي،الحياة المسرحية في العراق، بغداد،١٩٨٨.

- البرتو مورافيا،الحالمة،ت:د.فاضل السعدونى،المكتبة الثقافية، بيروت،١٩٨٤.
- البرتو مورافيا، امراة من روما،ت: زغلول فهمي، دار الهلال، القاهرة،١٩٩٠.
- البرتو مورافيا،عذاب الحب،ت:بطرس صباغ،بيروت،؟
- البرتو مورافيا،المراهقان،ت: زغلول فهمي،دار الهلال، القاهرة؟
- اوخينيو تشانج رودريجث،ثقافة و حضارة امريكا اللاتينية، ت: عبدالحميد غلاب و احمد حشاد،١٩٩٨.
- ايريس مردوخ،حلم برونو،ت:فؤاد كامل،دارالاداب،بيروت،١٩٩١
- ايريس مردوخ،الفتاة الايطالية،ت:فؤاد كامل، بيروت،١٩٨٩.
- باسم توفيق، تشيزارى بافيزى رائد الرمزية الجديدة في الادب الايطالي،ملحق منارات ١٣-٣-٢٠١٨.
- د.پ.غالغر،ادب اميكا اللاتينية الحديث،ت:محمد جعفر داود، ط٢، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،١٩٨٦.
- تزفيتان تودورف، مفهوم الادب و الدراسات الاخرى،ت. عبود كاسوحة، ط١، منشورات وزارة الثقافة، دمشق،٢٠٠٢.
- تشارلز ا.موزر،تاريخ الادب الروسي،ت:د.شوكت يوسف،الهيئة العامةالسورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١.
- تشيزرى بافيزى،حوارات مع ليوكو اساطير في اسرار الموت و الحياة،ت:موسى الخميسي،ابوظبي،٢٠١٢.
- تشيزره باڤيزه، الرفيق،ت:عرفان رشيد، دار النشر المتوسط، ميلانو ايطاليا،٢٠١٨.
- تشيزره بافيزه،الصيف الجميل،ت: گاصد محمد، دار النشر المتوسط،ميلانو ايطاليا،٢٠١٧.

- تشيزارى بافيز، مهنة العيش،ت:عباس المفرجي،دار المدى، بغداد،٢٠١٧.
- جان بول سارتر،الوجودية مذهب انساني،ت: عبدالمنعم الحفني،الدار المصرية للنشر،القاهرة،١٩٦٤.
- جان ماري شيفر،ما الجنس الادبي، ت: دكتور غسان السيد، اتحاد الكتاب العرب–دمشق،٢٠٠٥.
- ج.ثورنلى و ج.روبرتس،الادب ،تعريب د.احمد الشويخات،دار المريخ للنشر،الرياض،١٩٩٠.
- جوناثان بيت،الادب الانجليزي مقدمة قصيرة،ت:سهى الشامي،مراجعة هبة عبدالمولى،مؤسسة الهنداوي للتعليم و الثقافة،ط١،القاهرة،٢٠١٥.
- جياكومو ليوباردى، افكار،ت:امارجى،ابوظبي،٢٠٠٩.
- جياكومو ليوباردى،مختارات من شعر جياكومو ليوباردى، ت: عمرو العماد،مكتبة طليطلة،٢٠١٧.
- حذام الودغيرى،لمحة عن تطورات الشعر الإيطالي الحديث، مجلة الحوار المتمدن،العدد ٣٩٣٢، ٢٠١٢.
- خيري دومة،،القصة، الرواية، المؤلف،دار شرقيات، القاهرة، ١٩٩٧.
- دانتى اليجييرى،الكوميديا الالهية، المطه،ت: حسن عثمان،ط ٢، دار المعارف بمصر، ١٩٦٩، ص٢٤٧.
- دانيال ديفو،روبنسون كروزو،ط١،القاهرة،٢٠١٣.
- د.رجاء ياقوت، الادب الفرنسي في عصر النهضة،دار المعارف،القاهرة،١٩٧٨.
- رند على حسين، العصور التي مر بها تأريخ الأدب الروماني، انترنيت:

http://www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/lecture.aspx?fid=13&depid=4&lcid=49252

- رينية ويلك،مفاهيم نقدية،ت:جابر عصفور،ط١،علم المعرفة، الكويت،١٩٨٧،
- سوزان باسنيت،الادب المقارن مقدمة نقدية، ت: اميرة حسن نويرة،المشروع القومي للترجمة ١٢٨، ١٩٩٩.
- سيمون دو بوفوار،المدعوة،ت: دانيال صالح،ابوظبي،١٩٩٩.
- د.شاكر الحاج مخلف،دراسات في اﻻالمسرح العالمي،شركة اوروك للصحافة و النشر و الترجمة،١٩٩٨.
- شاكر مصطفى،الادب في البرازيل،الكويت،١٩٨٦.
- د.صابر عبدالدايم،ادب المهجر، دار المعارف، القاهرة،١٩٩٣ .
- د.ضياء نافع،صحيفة المثقف، العدد٥٠١٥، الجمعة ٢٠٢٠.
- د. طه باقر، ملحمة كلكاميش،ط١، بغداد،١٩٦٢.
- د.عادل سلامة،الادب الانجليزي المعاصر،دار المريخ، الرياض،١٩٨٤ .
- د.عبدالاله احمد، نشاة القصة و تطورها في العراق ١٩٠٨-١٩٣٩، دار الشؤون الثافية العامةبغداد، ١٩٦٩
- عبدالرحمن بدوي، في الشعر الاوروبي المعاصر،مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦٥.
- د.عبدالمعطى شعراوى،النقد الادبي عند الاغريق و الرومان،مكتبة الانجلوالمصرية.؟
- عبدالمنعم تليمة،مقدمة في نظرية الادب،١٩٧٠،
- د.عبدالعزيز شبيل، نظرية الاجناس الادبية في التراث النثري، جدلية الحضور و الغياب،دار محمد علي للنشر، تونس، ٢٠٠١.
- على العلوى،مفهوم الشعر عند ابن سينا،سلسلة الكتيبات الشهرية لمجلة (المجلة العربية)،العدد ١٣٣، السعودية،٢٠٠٨.

- د.عيسى الناعوري،دراسات في الادب الايطالي،دار المعارف، القاهرة، ١٩٨١.
- غابرييلا مسترال، قصائد مختارة للشاعرة التشيلية غابرييلا مسترال،ت:ماجد الحيدر،مجلة الحوار المتمدن،ع ٢٨١٩، ٢٠١٩/١١/٣.
- د.غوستاف لوبون،حضارات الهند،ت:عادل زعيتر،دار العالم العربي،القاهرة،٢٠٠٩.
- د.فايز ترحييني، الدراما و المذاهب الادب،ط١، بيروت، ١٩٨٨.
- فرانكا سينوبولى،الادب الاوروبي من منظور آخر،ت:مجدي يوسف و آخرون،المشروع القومي للترجمة،القاهرة، ٢٠٠٧.
- فضيلة مادى، دور عالمية الادب و مذاهبة فى التطور الادب و ظهور،رسالة ماجستير،معهد الاداب و اللغات،المركز الجامعي،الجزائر،٢٠١٢.
- فنسنت، نظرية انواع الادبية،ت:د.حسن عون،ط١، مكتبة رويال، الاسكندرية ،١٩٧٨.
- د.فؤاد مرعي،مدخل الى الاداب الاوروبية، عالم الأدب للترجمة والنشر الطبعةالثانية،القاهرة، ٢٠١٦.
- فيورباخ، اصل الدين، دراسةو ترجمة احمد عبدالحليم عطية، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشروالتوزيع، بيروت،١٩٩١.
- قو شينغ هاو،الادب الصينى فى القرن العشرين،ت:عبدالعزيز حمدى عبدالعزيز،ج٢،المركز القومي للترجمة،القاهرة،٢٠١٥.
- كاترين موريس،جان بول سارتر، ت: احمد علي بدوي، المركز القومي للترجمة،القاهرة،٢٠١١.
- كاتارينا مومزن،جوته والعام العربي،ت: د.عدنان عباس علي،مراجعة د.عبدالغفار مكاوي،الكويت،١٩٩٥.

- كــارلوس فــوينتس، الحملــة، ت: اســمة اســبر،طوى للنشــر و الاعلام،٢٠١٥.
- كــارلوس فوينتس،كرســي النســر،ترجمة و تحقيــق مــروة رزق،،منشورات الهيئة المصرية العامة للكتاب،٢٠١٠.
- كليمــان موازان،مــا التــاريخ الادبي؟،ترجمــة و تقــديم و تعليــق د.حسن الطالب،دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت،٢٠١٠.
- مــاريو بارجــاس يوســا،الكاتب و واقعــه،ت:بســمة محمــد عبدالرحمن، المشروع القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٥.
- ماريو بارغاس يوسا، البيت الاخضر،ت:رفعت عطفة،دار الحوار للنشروالتوزيع،اللاذقية،٢٠١٥.
- مجلة الثقافة الاجنبية،المسرح في جنوب شرقى اسيا،١٩٨٢.
- مجلـة الثقافـة الاجنبيـة،ملحق خـاص بمسـرحية الفصـل الواحـد، المسرح الفيتنامي،تشرين الثاني ١٩٨٣.
- د.محمد اسماعيل الندوى، الهند القديمة،حضاراتها و دياناتها، دار الشعب،١٩٧٠.
- محمد مندور، المسرح العالمي،دار النهضة مصر للطبع و النشر، القاهرة،١٩٨٨.
- محمـود مصـطفى،الادب العربـي وتاريخـه،في العصـر العباسـي، الجزء الثاني، ط٢، القاهرة، ١٩٣٧.
- د.محي الدين الالوائي،الادب الهندي المعاصر،ط١،كتابات معاصرة للنشر،القاهرة،١٩٧٢.
- محى الدين صبحي، النقد الأدبي الحديث بين الأسطورة والعلم، الدار العربية للكتاب١٩٨٨.
- نيكوس كازنتزاكيس، الثعبان و الزنبقة،ت:سهيل نجم،دار الكنوز الادبية،بيروت،١٩٩٣.

- همايون كبير،التراث الهندي،دار و مكتبة بيبليون،١٩٥٥.
- يانيس ريتسوس،الاعمال الشعرية الكاملة،ترجمة و دراسة د.نعيم عطية،المجلس الاعلى للثقافة،١٩٩٨.
- يانيس ريتسوس،اللذة الاولى،ت:رفعت سلام،دار الينابيع، دمشق،١٩٩٦.
- يانيس ريتسوس،البعيد،مختارات شعرية شاملة،ت:رفعت سلام،الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة،١٩٩٧.

**به زمانی فارسی**

- آنا آخماتووا، سايه ای در ميان شما،ت:احمد پوری انتشارات نگاه، تهران،١٣٩٢.
- آلبر كامو،كاليگولا،ت:ابو الحسن نجفی،نشر كتاب زمان، تهران،١٣٥٧.
- آلبر كامو، طاعون، ت: رضا سيدحسينی،انتشارات نيلوفر،تهران،١٣٧٥.
- آلبر كامو، بيگانه،ت: امير جلال‌الدين اعلم، تهران: نشر نيلوفر،١٣٧٧.
- آلبر كامو،مرگ خوش،ت: احسان لامع،اتشارات نگاه، تهران،١٣٨٧.
- آلبر كامو،سقوط،ت:امير لاهوتی،انتشارات جامی،تهران،١٣٨٨.
- آلبر كامو،سوء تفاهم،ت: مهوش قويمی، انتشارات آشتيان،تهران،١٣٩٠.
- آلبرتو موراويا،دلتنگی،ت:فرامرز ويسی،انتشارات افراز، تهران،١٣٩١ .
- آلخو كارپانتيه، قلمرو اين عالم، ت:كاوه ميرعباسی،نشر نيكا،تهران، ١٣٩١.

- آیریس مرداک،زنگ،ت:پرتو اشراق، نتشارات الست فردا،تهران ۱۳۸۳.
- آیریس مرداک،هنری و کیتو،ت:زهره مهرنیا انتشارات نیماژ، تهران،۱۳۹۸.
- آیریس مرداک،دریا دریا،ت:زهره مهرنیا انتشارات نیماژ، تهران،۱۳۹۸.
- د.ابجدیان امراله،تاریخ ادبیات انگلیس،جلد نخست،چ۲، انتشارات دانشگاه شیراز، ۱۳۹۱.
- احمد کسروی،تاریخ مشروطه ایران،مؤسسه امیر کبیر،۱۹۸٤.
- ادگار الن پو و دیگران،زبان و شاعری،ت: پیمان چهرازی،نشر آگه،تهران،۱۳۹۸.
- ادوارد براون،تاریخ ادبی ایران،جلد اول،ترجمه و تحشیه و تعلیق علی پاشا صالح، نشر کتابخانه ابن سینا،چ۲، ۱۳۳۵.
- ادوارد سعید،شرق شناسی،ت:لطفعلی خنجی،مؤسسه انتشارات امیر کبیر،تهران،۱۳۸٦.
- استاندال،سرخ و سیاه، ت: مهدی سحابی،چ۷، نشر مرکز، تهران،۱۳۹۸.
- الکساندر پوشکین،یوگنی آنه گین،ت:منوچهر وثوقی نیا، انتشارات کتابخانه گوتنبرگ،تهران،۱۳٤۸.
- الکساندر پوشکین،جوجه خروس طلایی،ت:محدثه محمدی،نشر رسانش، تهران،۱۳۸۲.
- الکساندر پوشکین، دختر سروان و داستانهای دیگر،ت: دکتر حسین نوروزی، انتشارات جامی،تهران،۱۳۹۳.
- ایتالو کالوینو،کوره راه لانه های عنکبوت، ت:آهنگ حقانی، انتشارات قطره،۱۳۹۵.

- ایتالو کالوینو،بارون درخت نشین، ت:پرویز شهدی، نتشارات چشمه، تهران، ١٣٩٤.
- ایتالو کالوینو،شهرهای بی نشان،ت:فرزام پروا،چ٢،انتشارات نگاه،تهران،١٣٩٦.
- ایتالو کالوینو،شش یادداشت برای هزارەی بعدی،ت:لیلی گلستان،چ٣، انتشارات مرکز،تهران،١٣٩٨.
- ایتالو کالوینو،چرا باید کلاسیکها را خواند،ت: آزیتا همپارتیان، انتشارات کاروان،تهران،١٣٨١.
- ایتالو کالوینو،اگر شبی از شبهای زمستان مسافری،ت:لیلی گلستان، انتشارات آگاه،تهران،١٣٨١.
- ایلین فاینشتاین،سرگذشت آنا اخماتووا،ت: غلامحسین میرزا صالح،انتشارات مازیار،تهران،١٣٨٦.
- برنا موران،نظریه های ادبیات و نقد،ت: ناصر داوران، ناشر نگاه،تهران،١٣٨٩.
- بوریس پاسترناک، دکتر ژیواگو،ت:دکتر علی اصغر خبره زاده، چ٦، انتشارات پیروز،تهران،١٣٦٢.
- بهزاد کشمیری پور،نگهی به تاریخ ادبیات آلمانی، ئینترنێت:بڕوانە: https://www.dw.com
- پابلو نرودا، سرود اعتراض، ترجمه فرامرز سلیمانی، تهران، انتشارات دماوند، ١٣٦١.
- پابلو نرودا، اسپانیا در قلب ما، فرامرز سلیمانی و احمد کریمی حکاک، تهران،انتشارات گویا، ١٣٦٣.
- مجموعه اشعار پابلو نرودا،ت: سیروس شاملو،تهران، انتشارات نگاه، ١٣٩١.

- پاسکال کازانووا،جمهور جهانی ادبیات،ت:شاپور اعتماد، نشر مرکز، تهران،١٣٩٣.
- پیتر فین، پترا کووی ادبیات علیه استبداد،پاسترناک و ژیواگواثر،ت:بیژن اشتری، چاپ٢،نشر ثالث،تهران ١٣٩٧.
- جمال میرصادقی،جهان داستان ایران،نسل اول و نویسنده ها از آغاز تا ١٣٣٢، انتشارات اشاره،تهران،١٣٩٢.
- جواهر لعل نهرو،نگاهی به تاریخ جهان،ت: محمود تفضلی،بخش دوم،مؤسسه انتشارات امیر کبیر،تهران،١٣٨٦.
- جورج موریسن و دیگران،تاریخ ادبیات ایران از آغاز تا امروز، ت:یعقوب آژند، نشر گستره،،تهران، ١٣٨٠.
- خورخه لوئیس بورخس،این هنر شعر،ت:میمنت میرصادقی و هما متین رزم، نشر نیلوفر،چ٢، تهران،١٣٨٨.
- دانته آلیگیری،زندگانی نو،ت:فریده مهدوی دامغانی،مؤسسه نشر تیر،چاپخانه رامین،اهواز، ١٣٧٦.
- دانته الگیری،کومدی الهی،ت:شجاع الدین شفا،٣جلد، نشر امیر کبیر، چ١٤، تهران،١٣٨٤.
- دیاکانۆڤ،ماد،ت:کریم کشاورز،بنگاه ترجمەو نشر کتاب، تهران ، ١٣٤٥.
- رنه ولک و اوستن وارن، نظریه ادبیات، ت:ضیاء موحد، پرویز مهاجر پور،چ٣، انتشارات نیلوفر،١٣٩٠، تهران.
- روبن داریو،آواز پلنگ لیمویی بر نردەهای غبارآگین و اندوهگساری ماه،ت:شاپور احمدی، www.ParsBook.org
- ژان بوکاچیو،دکامرون، ت:حبیب شنوقی،از انتشارات بنگاه مطبوعاتی گوتنبرگ،١٣٣٨.

- ژان پل سارتر،دستهای آلوده،ت جلال آل احمد انتشارات آسیا،تهران١٣٣١.
- ژان پل سارتر،شیطان و خدا،ت:ابو الحسن نجفی،چ٣ ، انتشارات نیل،تهران،١٣٥١.
- ژان پل سارتر،روسپی بزرگوار،ت:عبدالحسین نوشین، چ٢ ، انتشارات سحوری،تهران،١٣٥٧.
- ژان پل سارتر،دیوار،ت:صادق هدایت،چ٣، انتشارات جامه دران، تهران،١٣٨٥.
- ژان پل سارتر،مگس ها،ت:صدیق آذر،انتشارات جامی، تهران،١٣٩٣.
- ژان پل سارتر،تهوع،ت: امیر جلال الدین اعلم،انتشارات نیلوفر،تهران،١٣٨٣.
- ژان پل سارتر،هستی و نیستی،ت:مهستی بحرینی، انتشارات نیلوفر،تهران،چ٣،١٣٩٨.
- سرگئ یسنین، در مایەهای ایرانی، ت:حمیدرضا آتش‌برآب،نشر هرمس، تهران ١٣٨٨.
- سید مهدی زرقانی،تاریخ ادبیات ایران با رویکرد ژانری،(چهار جلدی)، نشر فاطمی،تهران،١٣٩٧.
- د.سیروس شمیسا انواع ادبی،چ٤،نشر میترا، تهران، ١٣٩٣.
- د.سیروس شمیسا مکتبهای ادبی،چ٨،نشر قطره،تهران، ١٣٩٤.
- سیمون دی بووار،ماندارین ها،ت:پرویز شهدی،انتشارات دنیای نو، تهران، ١٣٨٢.
- دکتر صادق رضازاده شفق،تاریخ ادبیات ایران،انتشارات دانشگاه پهلوی،شماره ٣٩،تهران،١٣٥٢.

- علیرضا انوشیروانی، روح الله روزبه کوهشاهی،تاثیرگذاری حافظ بر ملک الشعرای انگلیس آلفرد لرد تنیسن،پژوهشنامه ادب غنایی،دانشگاه سیستان و بلوچستان، دوره ۱۱،ش ۲۱، زمستان ۱۳۹۲.
- فرانتس کافکا،گروه محکومین،ت:حسن قائمیان،چ٥،انتشارات امیر کبیر،تهران،١٣٩٤.
- فرانتس کافکا،مسخ ،ت:فرزانه طاهری،چ۲، نشر نیلوفر، تهران،۱۳۹۷.
- فرانتس کافکا،محاکمه،ت:امیر جلال الدین اعلم، چاپ ۱۲،نشر نیلوفر، تهران،۱۳۹۷.
- فرانتس کافکا،قصر،ت:امیر جلال الدین اعلم،چ۸، نشر نیلوفر، تهران،۱۳۹۷.
- فرانتس کافکا،آمریکا،ت:علی‌اصغر حداد،چ٦، نشر ماهی،تهران،۱۳۹۸.
- د.قدرت قاسمی پور، درامدی بر نظریه گونه‌های ادبی، مجله ادب پژوهشی، ش ۱۹، ۱۳۹۱.
- کارلوس فوئنتس،اورا،ت:عبدالله کوثری،انتشارات نی،چ٤، تهران،۱۳۸۸.
- کارلوس فوئنتس،مرگ آرتیو کروز،ت:مهدی سحابی،مؤسسه اننشارات نگاه، تهران،۱۳۹۱.
- کریستوفر بیچ، درآمدی بر شعر معاصر امریکا،ترجمه و تالیف کامران احمد گلی و بهادر باقری،نشر خاموش،تهران، ١٣٩٦.
- گابریل گارسیا مارکز،صد سال تنهایی،ت:بهمن فرزانه، انتشارات امیر کبیر، تهران،١٣٥٣.

- گابریل گارسیا مارکز،سرگذشت یک غریق،ت:رضا قیصریه،چاپ کتاب‌های روزگار ما،تهران،۱۳۵۹.
- گابریل گارسیا مارکز،گزارش یک مرگ ،ت:لیلی گلستان، انتشارات فرهنگ نشر نو،تهران،۱۳٦۱.
- گابریل گارسیا مارکز،ساعت شوم،ت:احمد گلشیری، انتشارات نگاه، تهران، ۱۳٦۲.
- گابریل گارسیا مارکز،عشق در زمان وبا،ت:بهمن فرزانه، انتشارات ققنوس،تهران،۱۳٦٤.
- گابریل گارسیا مارکز،ژنرال در هزارتوی خود،ت:هوشنگ اسدی،چاپ میهن(کتاب مهناز)،چ۲،تهران، ۱۳۷۰.
- گابریل گارسیا مارکز،پاییز پدرسالار،ت:محمدرضا راهور، نشر روزگار، چ۵،تهران،۱۳۸۲.
- گابریل گارسیا مارکز، خاطرات روسپیان غمگین من، ت:کاوه میرعباسی، انتشارات ،تهران،۱۳۸٦.
- گابریل گارسیا مارکز،کسی به سرهنگ نامه نمی‌نویسد و چند داستان دیگر،ت:اسماعیل قهرمانی پور،نشر روزگار، تهران،۱۳۸۹.
- گابریل گارسیا مارکز،توفان برگ و چند داستان دیگر، ت:هرمز عبداللهی، چ۵،نشر چشمه،تهران،۱۳۹۰.
- لئو تولستوی،آناکارنینا، ت:سروش حبیبی،انتشارات نیلوفر،چ۱٤، تهران،۱۳۹۸.
- لئو تولستوی،حاجی مراد،ت:رشید ریاحی،انتشارات امیر کبیر،چ۳،تهران، ۱۳۹٤.
- لئون تالستوی،جنگ و صلح،ت:کاظم انصاری،انتشارات امیر کبیر،تهران،۱۳۸۷.

- لی یو تولستوی،رستاخیز،ت:سروش حبیبی،انتشارات نیلوفر، تهران،۱۳۹۸.
- لرمانتف،قهرمان عصر ما،ت:مهری آهی،انتشارات بنگاه ترجمه و نشر کتاب،تهران،چ۲، تهران،۲۵۳۷.
- مارسل پروست،در جستجوی زمان از دست رفته طرف خانه سوان،ترجمه مهدی سحابی،نشر مرکز،تهران، ۱۳۹۷.
- ماریو بارگاس یوسا،چ کسی پالومینو مولرو را کشت؟، ت: احمد گلشیری، انتشارات نگاه،تهران،۱۳۸۳.
- ماریو بارگاس یوسا، سالهای سگی،ت:احمد گلشیری، تهران،۱۳۸۳.
- ماریو بارگاس یوسا، سردسته ها،ت:آرش سرکوهی،چ ٤،نشر چشمه، تهران، ۱۳۹۳.
- ماریو وارگاس یوسا،جنگ آخر زمان،ت:عبدالله کوثری، انتشارات آگه،چ ۱۳،تهران،چ۱۲،۱۳۹۷.
- ماریو بارگاس یوسا،نامه هایی به یک نویسنده جوان،ت: رامین مولایی،نشر مروارید،تهران،۱۳۸۲.
- ماریو بارگاس یوسا،زندگی واقعی آلخاندرو مایتا، ت:حسن مرتضوی، نشر دیگر، چ ۲،تهران،۱۳۸۷.
- ماریو بارگاس یوسا،چرا ادبیات، ت:عبدالله کوثری،نشر لوح فکر،تهران،۱۳۹۷.
- ماشادو د آسیس،روانکاو و داستان‌های دیگر،ت:عبدالله کوثری، انتشارات لوح فکر،۱۳۸۲.
- ماشادو د آسیس،خاطرات پس از مرگ براس کوباس، ت:عبدالله کوثری، انتشارات مروارید،۱۳۸۲.

- ماشادو د آسیس،دن کاسمورو،ت:عبدالله کوثری، انتشارات نی،۱۳۸۹.
- ماشادو د آسیس،کینکاس بوربا، ت:عبدالله کوثری، انتشارات نی،۱۳۹۷.
- ماکسیم گورکی،در جستجوی نان،ت:احمد صادق، مؤسسه انتشارات نگاه،چاپ تهران، ۱۳۹۲.
- ماکسیم گورکی،مادر،ت:علی اصغر سروش،مؤسسه انتشارات نگاه،چ٤، تهران۱۳۹۸.
- ماکسیم گورکی،دوران کودکی،ت:کریم کشاورز، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، ۱۳۹۸.
- ماکسیم گورکی،مادر،ت:علی اصغر هلالیان، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، ۱۳۹۸
- محمد حسین حدادی،تأثیر حافظ و عشق عرفانی در خلق دیوان غربی- شرقی گوته،مجله پژوهش ادبیات معاصر جهان،دانشگاه تهران،دوره ۷،شماره ۱۲،بهار ۱۳۸۱.
- محمدرضا شفیع کدکنی،انواع ادبی و شعر فارسی،مجله خرد و کوشش، انتشارات دانشگاه شیراز،به بازنویسی تازه در انترنیت،۱۳۵۰.
- مصطفی اسلامیه،زندگی نامهء نیما یوشیج به کجای این شب تیره،انتشارات نیلوفر،تهران،۱۳۹۱.
- مگیل،شاهکارهای ادبی جهان،ت:د.امیر اسماعیل آذر، انتشارات سخن،تهران،چ۲، ۱۳۹٤.
- میخائیل شولوخوف،زمین نوآباد،نرجمه م.ا.به آذین،چ۲، نشر فردوس،تهران، ۱۳۸۹.

- طمیخائیل شولوخوف،دن آرام،ت:م.ا.به آذین،انتشارات فردوس،تهران،١٣٩٢.
- نیکلا واسیلیوویچ گوگول،نفوس مرده،ت:کاظم انصاری،نشر اندیشه،چ٣،تهران،١٣٦٩.
- نیکوس کازانتزاکیس،زوربای یونانی، ت:تیمور صفری، تهران، انتشارات، امیرکبیر، ١٣٤٧.
- نیکوس کازانتزاکیس،مسیح باز مصلوب،ت:محمد قاضی، تهران، انتشارات خوارزمی، ١٣٤٩.
- نیکوس کازانتزاکیس،آزادی یا مرگ، ت:محمد قاضی، تهران، انتشارات خوارزمی،١٣٦٢.
- نیکوس کازانتزاکیس،آخرین وسوسه مسیح، ت:صالح حسینی، نشر نیلوفر،١٣٦٠.
- نیکوس کازانتزاکیس،گزارش به خاک یونان،ت:صالح حسینی، نشر نیلوفر، تهران١٣٦١.
- نیکوس کازانتزاکیس،سرگشته راه حق، ت:منیر جزنی، انتشارات امیر کبیر،١٣٨٧.
- نیکولو ماکیاولی،شهریار،ت:محمود محمود،انتشارات نگاه، تهران،١٣٩٨.
- ولادیمیر مایاکوفسکی،آمریکایی که من کشف کردم، ت:وازریک درساهاکیان، نشر نقره،تهران،١٣٦٣.
- ولادیمیر مایاکوفسکی،ساده چون صدای گاو،ت:بابک شهاب، نشر مینا،تهران،١٣٨٨.
- ولادیمیر مایاکوفسکی،ابر شلوارپوش،ت:مدیا کاشیگر، چ٧، انشارات مینا،تهران،١٣٩٢.

- ولادیمیر مایاکوفسکی،من عاشقم،ت:حمیدرضا آتش برآب، انتشارات علمی و فرهنگی،تهران،١٣٩٨.
- ولتر،کاندید ساده دل،ت:رضا مرادی اسپیلی،مؤسسه انتشارات نگاه،تهران،١٣٩٥.
- ویکتور هوگو،کارگران دریا،ت:اردشیر نیک پور،چ٥،انتشارات امیر کبیر،تهران،١٣٩٧.
- ویکتور ماری هوگو،بینوایان،ت:محمد مجلسی،انتشارات دنیای نو،تهران،١٣٨٠.
- ویل دورانت،تاریخ تمدن،ت:گروه مترجمین،ویرایش دوم،چ٦،١٣٦٥.
- هانتگتون و منتقداننش، نظریه برخورد تمدن ها،ت:مجتبی امیری وحید،مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه،تهران.
- هرمان هسه،گرگ بیابان،ت:دکتر قاسم کبیری،انتشارات فردوس، تهران، ١٣٦٨.
- هرمان هسه،آخرین تابستان کلینگزور،ت:دکتر قاسم کبیری،چ٢، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧١.
- هرمان هسه،سفر به شرق،ت:دکتر کیانوش هدایت،چ١، انتشارات مجید، تهران، ١٣٧٧.
- هرمان هسه، بازی مهره شیشه ای،ت: پرویز داریوش، چ٣،انتشارات فردوس،تهران، ١٣٧٦.
- هرمان هسه،دمیان،ت: خسرو رضایی، انتشارات جامی، تهران،١٣٩٨.
- هرمان هسه، سدارتها،ت:سروش حبیبی،چ٤، انتشارات ماهی، تهران ١٣٩٨.

- یاسوناری کاواباتا،رقصنده ایزو، ت: رؤیا طیبی،نشر همراز،تهران،۱۳۸۶
- یاسوناری کاواباتا، خانه خوبرویان خف ،ت:رضا دادویی، چاپ اول، انتشارات سبزان،تهران،۱۳۸۹
- یاسوناری کاواباتا، دهگده برفی،ت:رضا دادویی،چاپ اول، انتشارات آدورا،تهران،۱۳۸۹
- یاسوناری کاواباتا،زیبایی و افسردگی،ت:رضا دادویی، چاپ اول،انتشارات آدورا،تهران،۱۳۸۹
- یاسوناری کاواباتا، قلمرو رؤیایی سپید، ت:مجتبی اشرفی، چ۱، انتشارات ققنوس،تهران،۱۳۹۹
- یاسوناری کاواباتا،کیوتو پایتخت قدیم،ت:مهدیه عباس پور،نشر چشمه،تهران،۱۳۹۸.
- یاسوناری کاواباتا،آوای کوهستانی،ت:رضا دادویی،نشر سبزان، تهران، ۱۳۹۰.
- یان ریپکا و دیگران،تاریخ ادبیات ایران از دوران باستان تا قاجاریه،ت:د.عیسی شهابی، انتشارات علمی فرهنگی، تهران، ۱۳۸۱.
- یانیس ریتسوس،سونات مهتاب،ت:فرامرز الهی و سینا کمال آبادی،نشر شورآفرین،تهران،۱۳۹۶.
- یانیس ریتسوس،دهلیز و پلکان ت:محمدعلی سپانلو، چ۲، نشر ققنوس، تهران، ۱۳۸۰.